MUKIRYANI

ESTABLISHMENT FOR RESEARCH & PUBLICATION


دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی

بۆ خوێندنەوە و داگرتنی سەرجەم کتێبەکانی دەزگای
موکریانی سەردانی ماڵپەڕی دەزگای موکریانی بکە...

www.mukiryani.com

بۆ پەیوەندی..

info@mukiryani.com

# مێژووی کتێب

## لە کۆنترین سەردەمەکانەوە تا سەردەمی ئێستا

سوند دال

# مێژووی کتێب

## لە کۆنترین سەردەمەکانەوە تا سەردەمی ئێستا

وەرگێڕانی

د. ئەدهەم ئەمین عەبدولڕەحمان



**دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی**

- **مێژووی کتێب** (لە کۆنترین سەردەمەکانەوە تا سەردەمی ئێستا)
- **نووسینی:** سوند دال
- **وەرگێڕانی:** دکتۆر ئەدهەم عەبدولڕەحمان
- **نەخشەسازی ناوەوە:** گۆران جەمال رواندزی
- **بەرگ:** مراد بەهرامیان
- **پیتچنین:** نەرمین ئیبراهیم
- **ژمارەی سپاردن:** ٩٦٦
- **نرخ:** ٤٥٠٠
- **چاپی یەکەم** : ٢٠٠٨
- **تیراژ:** ١٠٠٠
- **چاپخانە:** چاپخانەی خانی (دهۆك)

زنجیرەی کتێب (٢٧٦)

هەموو مافێکی بۆ دەزگای موکریانی پارێزراوە

ماڵپەڕ: www.mukiryani.com

ئیمەیل: info@mukiryani.com

## ناوەرۆک


**بەشی یەکەم**

**مێژووی کتێب لەسەردەمە کەوناراکان** ........ ٣

نووسین و کتێبە سەرەتاییەکان ........ ٥

هەندێ ماددەی تر کە لەسەردەمە کۆنەکاندا بۆ نووسین بەکارهێنراوە ........ ١٦

کتێب لە سەردەمی یۆنان و رۆماندا ........ ١٧

کتێبە یۆنانییەکان لەسەدەی سێیەم و چوارەمی پ. ز دا ........ ١٨

پڕگاموس و کتێبە لە پێست دروستکراوەکان ........ ٢٥

کتێبخانەکانی رۆما ........ ٣٧

**بەشی دووەم**

**سەدەکانی ناوەڕاست** ........ ٤٣

سەردەمی ناوەندی یەکەمی مەسیحی ........ ٤٥

شارستانیەتی ئیسلام و کاریگەری لەسەر رۆژئاوا ........ ٤٩

ئەورووپای کاسولیکی لەسەردەمی وێرانکاریی بەربەرەکاندا ........ ٥١

چالاکیی قەشەکان لە بواری کتێبدا ........ ٥٣

میناتۆرەکان ........ ٦١

سەردەمی چارلیمان ........ ٦٤

هونەری رۆمیی ناوەند لە نوسخە دەستنووسەکاندا ........ ٦٥

کاریگەرییەکانی کارۆلێنژی لە ئەڵمانیادا ........ ٦٦

هونەری بەرگ تێگرتن لە سەدەکانی ناوەڕاستدا ........ ٧٤

کتێبخانەکانی سەدەی دوانزەیەم تا سەدەی چواردەیەم ........ ٨١

کتێبخانەی کڵێساکان ........ ٨٢





پەیوەندیی نێوان کتێبخانەکان ........ ٨٧

کتێب دۆستی و کتێب رازاندنەوە لە فەڕەنسا لە سەدەکانی ........ ٩٣

کۆمەڵە کتێبەکانی تایبەت بەچینی مامناوەندی خەڵکی ........ ٩٧

فراوان بوونی کاغەز و بڵاوبوونەوەی کتێب لە سەدەی پانزەیەمدا ........ ٩٨

فراوان بوونی نوسخە دەستنووسەکان ........ ١٠١

چاکسازی ........ ١٠٤

کۆتایی سەردەمی نوسخە دەستنووسەکان و دەست پێکردنی سەردەمی رێنسانس ........ ١٠٦

**بەشی سێهەم**

**کۆتایی سەدەکانی ناوەڕاست** ........ ١١٧

چاپ لە سەدەی شانزەهەمدا پەیدابوونی چاپ و چاپکردنی بەپیتی جێگیر ........ ١١٩

چاپکردن بەپیتی جوڵاو لە چین و ئەورووپادا ........ ١٢١

بەرفراوانبوونی پیشەسازیی چاپ (هەڵکۆڵین لەسەر دار) ........ ١٢٥

پەیدابوونی هەڵکۆڵین لەسەر دار ........ ١٣١

یەکەمین چاپخانە لە دەرەوەی باشووری ئەڵمانیا ........ ١٣٥

چاپ لەسەر زەوییە نزمەکان (ئەسکەندەناڤیا) و ئینگلتەرا ........ ١٣٨

قۆناغی ئالدۆ لە ئیتاڵیا ........ ١٥٩

لایەنگران و خاوەن کتێبخانەکان لە سەردەمی ئالدۆ ........ ١٦٤

بەرگسازی بەشێوازی کامیو ........ ١٦٦

هونەری نووسین لە ئەڵمانیا و لە قۆناغی رێنسانسدا ........ ١٦٨

چاپخانە و کتێبخانەکان لە سەردەمی چاکسازیی ئایینیدا ........ ١٧٦

هونەری بەرگ تێگرتن لە سەدەی شانزەهەمدا لە ئەڵمانیا ........ ١٨٤

هونەری کتێب رازاندنەوەی فەڕەنسی لەسەردەمی رێنسانسدا ........ ١٨٩

هونەری بەرگسازی لە ئینگلتەرا لەسەدەی شانزەهەمدا ........ ٢٠١

**بەشی چوارەم**

**سەدەی هەڤدەهەم** ..... ٢٠٧
پێشکەوتنی هونەری وێنەسازیی کتێب ..... ٢٠٩
شێوازی بارۆك لە هونەری کتێب رازاندنەوەدا ..... ٢١٢
هونەری کتێب رازاندنەوەی فەڕەنسی لە سەدەی حەڤدەهەمدا ..... ٢١٤
کتێبخانەکان لەسەدەی حەڤدەهەمدا ..... ٢٢٦
یەکەمین کتێبخانە گشتییەکانی ئەڵمانیا ..... ٢٣١
بەرگسازی لە سەدەی حەڤدەهەمدا ..... ٢٣٦
تاڵانکردنی کتێبخانەکان ..... ٢٤٢
بازرگانیی کتێب لە ئەڵمانیا و فەڕەنسادا ..... ٢٤٧
پـشکنین ..... ٢٤٩

**بەشی پێنجەم**

**سەدەی هەژدەهەم** ..... ٢٥٥
هونەری کتێب رازاندنەوە لە سەردەمی لویسی پانزەهەمدا ..... ٢٥٧
پیتە بەکارهێنراوەکان ..... ٢٦٥
کتێب دۆستی لە سەدەی هەژدەهەمدا ..... ٢٧١
بڵاوبوونەوەی کتێب لە سەدەی هەژدەهەمدا ..... ٢٨٢
شێوازە کۆنەکان لە پیشەسازیی چاپدا ..... ٢٨٩
کاریگەریی شۆڕشی فەڕەنسا ..... ٢٩٥



**بەشی شەشەم**

**سەدەی نۆزدەهەم و بیستەم** ..... ٢٩٩
پەرەسەندنی هەڵکۆڵین ..... ٣٠٧
کتێب دۆستی و هونەری بەرگ تێگرتن لە فەڕەنسا و لە سەدەی نۆزدەهەمدا ..... ٣١٧
قۆناغی زێڕینی کتێب فرۆشییە بچووکەکانی کتێبە کۆنەکان ..... ٣٢١
بە پیشەسازی بوونی کتێب و کاردانەوەی هونەری ..... ٣٢٧
کتێب رازاندنەوەی هاوچەرخ لە ئەوروپادا ..... ٣٣٤
پەرەسەندنی کتێبخانەکان ..... ٣٥٦
گەشەسەندنی بازرگانیی کتێب ..... ٣٦٤

# بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان

**پێشەکی:**

کتێب کۆکراوەیەکی تابلۆیی داری یا قوڕی یان عاجییە یان کۆمەڵێکی کاغەز، پێست یان ماددەیەکی لەو شێوازانەیە، جا ئەگەر دەستنووس یان چاپکراو یان بەهەر شتێکی دی نووسرابێت.

ئەم کتێبەی لەبەردەستماندایە، لە نووسینی دکتۆر (سڤێند دال)ە[1] کە مامۆستای زانستی کتێب و سەرۆکی دەستەی ئەمینداریێتی زانکۆی کۆپنهاگنە لە دانیمارك، کتێبەکە چاپکراوە لە ژێر ناونیشانی.

Histore do Live de lartiquite a nos jours

بە زمانی فەرەنسی لە ساڵی ١٩٣٣دا چاپکراوە و پاشان بۆ زمانی ئینگلیزی و چەندین زمانی زیندووی جیهانی وەرگێڕاوە. شایەنی باسە، لە راستیدا ئەم کتێبە، کتێبناسییەکی مێژووییە (وەك بابەتێکی مێژوویی هونەر لە کتێبە دەکۆڵێتەوە. وەك مێژوویی نووسینی، زێرکاری و جوانکاری، بەرگ تێگرتن و بەرگسازی، رازاندنەوە، وێنە سازی کتێب، و هونەرە سەرەتاییەکانی چاپ و چەندینی دی لە بابەتی کتێبشناسیی مێژوویی.

کتێب وەك ئاوێتەیەکی تێڕوانین، هەست و سۆزەکان و پێشکەوتنی ئەو سەدەیە پێشان دەدات، لەبەر ئەوە نرخی مێژوویی و فەرهەنگی و شارستانی خۆی هەیە. لە کتێبناسی مێژووییدا، رۆڵی بەنرخی کتێب بەرامبەر ژیار و کۆمەڵگە و ژیانی مرۆڤ وەك هۆکارێکی گوازەرەوەی زانیاری و بیروبۆچوونەکان خۆی دەردەخات. گەرچی ئەم کتێبە لە روخساردا ناوەڕۆکێکی مێژوویی هەیە، بەڵام لە زۆر بواردا. بەتایبەت وێنەسازی کتێب و شێوەکاری و هونەری بەرگسازی و بەرگتێگرتن چەندەها خاڵی گرنگ و دژوار و قورس دەردەخات کە تێگەیشتنی پێویستی بەپسپۆڕیی هەیە لەو بوارەدا. بەڵام بەو پێیەی کە وەرگێڕ (وەرگێڕی

1- Svend Dahl



فارسی) خۆی کەسێکی شارەزای کتێبناسییە، و پەیوەندی بەتینی لەگەڵ کتێب دا هەیە، هەوڵی داوە کە رستەکان بەئاسانی بەیان بکات بۆ ئەوەی هەمووان لێی تێبگەن.

هونەری کتێب رازاندنەوە تەنها بەنیگارکێشان و وێنەسازی سنووردار نابێت، بەڵکو زێرکاری، زەخرەمە و پەراوێزسازی و خشتەکێشان، بەرگسازی چەندین شتی دی دەگرێتەوە کە هۆکاری تەواوکەری یەکدی بوون لە جوانکاری نوسخە دەستنووسەکاندا. هونەری کتێبئارایی پێویستی تەواوی بەم رەگەزانەی جوانکاری هەبووە، لەبەرئەوە شوێنەکانی کتێبسازی هاوکارییەکی نزیکی لە نێوان، خۆشنووسان و وێنەکێشان و شێوەکاران و زێرگەران و بەرگساز و بەرگ تێگراندا هەبوو.

لەم هونەرەدا بەشێوەیەك کتێبەکان دەرازایەوە کە هەماهەنگی و گونجاوییەك هەبوایە لەگەڵ ناوەڕۆك و بەرگ و جوانکارییەکاندا. دەربارەی پەرۆشی و خولیابوونی کتێب. نووسەر باسی هەندێك لایەنگران و دۆستانی کتێب دەکات لە هەموو سەردەمەکاندا و هەندێکیان لە فەرمانڕەوایان و خانەدانەکان بوون کتێبخانەکانیان وەك خانەیەکی رازاوە و قەشەنگ لێ کردبوو و هەندێکیان وەك مۆزەخانەی لێهاتبوو شایەنی باسە ئارەزووی ئەم کتێب دۆستانە هۆکارێکی گرنگ بووە بۆ مانەوەی هەندێك لە کتێبە گرانبەهاکان تاوەکو ئەم رۆژگارەی ئەمڕۆمان، و هەندێکیان بوون بەبەردی بناغەی هەندێك لە کتێبخانە بەناوبانگەکانی ئەم سەردەمە وەك کتێبخانەی میللی (نەتەوەیی) پاریس و میونیخ و مۆزەخانەی بەریتانیا لە لەندەن... و چەندین دیکە.

دەتوانین بە شێوەیەکی گشتی بڵێین کە ئەم کتێبە باس لە مێژووی کتێب دەکات لە کیشوەری ئەورووپادا، و لە هەندێك شوێنی کەمدا باس لە شوێنەکانی دی دەکات بەڵام ئەوە بە ئەندازەی پێویست نییە، چونکە هەموومان دەزانین، کە وڵاتەکانی دی بەتایبەت وڵاتانی رۆژهەڵات خاوەنی مێژووییەکی پرشنگدارن لە بواری کتێبدا.

هەروەها شتێکی دی کە لەم کتێبەدا دەردەکەوێت کە لایەنی ئایینی و رۆحی رۆڵێکی گەورەی هەبووە لە دانان و پاراستنی کتێبەکاندا، ئەگەرچی هەندێ جار ئەم لایەنە هۆکاری لەناوبردن و فەوتاندنی هەندێك لە کتێبەکان بووە.

هیوادارم بەم هەوڵە بچووکەم توانیبێتم خزمەتێك بە خوێنەر و کتێبخانەی کوردی بکەم، سوودبەخش بێت بۆ هەموو لایەك بەتایبەت ئەوانەی کە دەیانەوێت لە بواری مێژووی کتێبدا خۆیان شارەزاتر بکەن.

وەرگێڕ: د. ئەدهەم ئەمین عەبدولڕەحمان
Hawber123@yahoo.com

# بەشی یەکەم

## مێژووی کتێب

## لە سەردەمە کەوناراکان

مێژووی کتێب زیاد لە پێنج هەزار ساڵ زیاتر پێشینەی هەیە. لەگەڵ ئەوەشدا، سێیەکی سەرەتای ئەم سەردەمە دوورودرێژە، جگە لە هەندێ رووداوی کەم و پەرتەوازە نەبێت هیچی تر نابینین، بەجۆرێك کە بتوانین بەهۆیەوە وێنەیەکی رۆشن لە بارودۆخی کتێب لەو سەردەمەدا بە دەست بێنین، سەرەڕای هەموو ئەو هەوڵە شوێنەوارناسییانەی ئەم سەردەمە و ئەو هەموو دۆزینەوە پڕ بایەخانەی کە لەم بوارەدا بەدەست هاتوون، هێشتا کێشەی زۆر تەم و مژاوی لەبەردەمماندا هەیە. نووسەرە رۆمییەکان کە بۆ هەموو ئەو شتانەی پەیوەندییان بەمێژووی شارستانی کۆنەوە هەیە، سەرچاوەی سەرەکی ئێمەن، کە جگە لە چەندین زانیاری کەموکورت لەم بوارەدا نەبێت هیچی دی ناخەنە پێش چاو.

بەم جۆرە دەبێت ئەم بابەتە بەوپەڕی هۆشیاری و وردبییەوە لێکۆڵینەوەی لەسەربکرێت، چونکە ئەو هەوڵە شوێنەوارناسییانەی کە وەك هەنگاوی سەرەتا لەم بوارەدا هەڵگیراون بۆ گەیشتن بەم ئاکامە تیۆرییەکانی ئەم بوارە، پاش ماوەیەکی کورت لەناوچوون و هەوڵ و کۆششە نوێیەکان ئەوانیان لەناوبردە و زانیاری نوێ دەست کەوتووە.

## نووسین و کتێبە سەرەتاییەکان

### پەڕە(بەردی)[*]یەکانی میسری:

لە مێژووی خەت و کتێبدا، میسرییە کەوناراکان لە پێش گەلانی ترەوە بوون، هەروەکو چۆن لە زۆربەی بوارەکانی دیکەی شارستانی مرۆڤایەتیدا هەمیشە پێشڕەو بوون.

بۆ ئەوان پێشکەوتن لە بواری نووسین و کتێبدا، کارێکی سروشتی بووە، چونکە هەوڵە شوێنەوارناسییەکان شایەتی درەخشانی ئەدەبی میسری دەدەن لە سەردەمی ئیمپراتۆری فیرعەونەکاندا کە ئەمەش پەیوەندی بەشارستانی میسرەوە هەیە.

(*) بەردی ناوی گیایەکە.



### گژوگیای(بەردی) و ئامادەکردنی:

لە سەردەمە کۆنەکاندا لەئاوە مەنگ و زەلکاوەکانی دەلتای نیلدا گیایەك هەبوو کە بە یۆنانی پێی دەوترا (پاپیرۆس)[1] و واتای ئەم ناوە هێشتا دەست نەکەوتووە، ئەم گیایە لە پۆلی گیا گرێ دارەکان و ئێستا زۆر بەکەمی دەست دەکەوێت و میسرییەکان بۆ کاری جۆراوجۆر سوودیان لێ وەرگرتووە.

ئەوەی لێرەدا یارمەتی ئێمە دەدات، سوود وەرگرتنی ئەوانە لە لاسکی ئەو گیایەیە کە شێوەیەکی سێ گۆشەیی هەبوو بەرزییەکەی چەند مەترێك دەبوو.

میسرییەکان کرۆکی ئەم گیایەیان بۆ چەند پارچەیەکی زۆر تەنك دەبڕی و پاشان فشاریان دەخستە سەر و لە پاڵ یەکتریدا ریزیان دەکردن و پاشان لەسەرو لاکەی ترەوە پارچەی دیکەیان دادەنا، بەجۆرێك کە لەسەر یەك ئەستون بوون. ئینجا بەچەکوشێك لەو دوو لایەی کە لەسەر یەك بوون دەدرا تا بەتەواوی بنووسێن بەیەکترییەوە. دیارە شیلەیەکی چەسپێنەر لەم پارچانەدا هەبووە کە یارمەتی پێکەوە نووسانی ئەو دوو پارچەیەی داوە. هەروەها دەگونجێت کە سوودیان لە چەسپێکی تایبەت وەرگرتبێ. بەهەرحاڵ، ئەو چەسپە پتەو بووە، چونکە زۆرێك لە پەڕەکانی (پارچە)ەکانی پاپیرۆس کە چەندین سەدە بەسەریدا تێپەڕی کردووە، تا ئەمڕۆ بەهەمان شێوە ماوەتەوە.

ئەگەری ئەوەش هەیە کە پاش ئەوەی پارچەکانیان وەك پەڕەیەك لێکردووە، چەسپێکیان بەسەردا هێناوە، هەتاوەکو نووسینەکان بڵاو نەبێتەوە، پاشان خراوەتە بەر تیشکی خۆر بۆ وشك بوونەوە و درەخشانەوەی.

دوای ئەنجامدانی ئەم کارانە، ئەو پەڕەیە ئەگەر هێندەش مەرغوب نەبوایە، بەڵام ناسك و نەرم دەبوو، ئەم نەرمییەش تا کاتی ئێستا درێژەی کێشاوە، بەجۆرێك کە جێگای سەرسوڕمانە، دوای ئەم قۆناغە هەندێکی کەم لەم پەڕانەیان لەگەڵ هەندێکی تردا لە راست و لە چەپەوە و بەبەرزی بەیەکەوە نووساندووە. وا دەردەکەوێت کە ئامادەکردن و دروستکردنی پەڕەی پاپیرۆس لەسەردەمە سەرەتاکاندا وەك ئەو پیشەسازییەی کاغەزی لێهاتبێت لەسەردەمی ئێمەدا هەیە و

1- Papyros.

بەپێی پێویست و بەئەندازەی گونجاو لە شێوەی کۆمەڵی گەورە یان بەستەوە وەیان بەشێوەی تۆپدا بڕاوە و فرۆشراوە.

بە شێوەیەکی گشتی پارچەکانی پاپیرۆس بەدرێژی ١٥-١٧ سانتیمەتر سوودی لێوەرگیرا. ئەگەرچی هەندێ پارچە وەدەستکەوتن کە درێژییان سێ بەرابەری ئەم پێوانەیە دەبێت.

باشترین جۆری پاپیرۆس ئەو جۆرانەن کە ڕەنگیان کراوەی مەیلەو زەردە وەیان لە سپییەوە نزیکە. بەڵام ناباشەکانیان جیاوازە لەمە، و ئەم جیاوازییەش پەیوەندی بەبڕی ڕەشییەوە هەبووە. پیشەسازی پاپیرۆس لە هەزارەی سێیەمی پێش زاییندا گەشتە لوتکە و، دوای ئەمەش زیاتر لەوەی بەخۆوە نەدی. گەرچی دەگونجێت لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتدا، لە چۆنیەتی پاپیرۆس و جۆرەکانی تریدا چەند گۆڕانکارییەك بەدی هاتبێت چەند جیاوازییەك لە شێواز و جۆرەکانی دروستکردنیدا دەرکەوتبێت، بەڵام زانیارییەکانی ئێمە لەم بوارەدا کەمە و پێویستمان بەزانیاری وردتر هەیە، چونکە ئەو زانیارییەی کە پەیوەندی بە پیشەسازی پاپیرۆسەوە هەیە و بەو جۆرەش کە ئێستا دەیزانین، لەسەرچاوە میسرییەکانەوە دەرنەکەوتووە، بەڵکو لەلایەن نووسەری گەورەی ڕۆمی ((پلی نیوس))[٢] و هەروەها لە توێژینەوەکانی گرۆیەکی کەم لە زانا شوێنەوارناسە نوێیە میسرییەکانەوە دەستمان کەوتووە.

**کتێب لە میسری کۆندا:**

جۆرەکانی پاپیرۆس، چ جۆری هیراتیکی کە بۆ کۆنترین چاخەکانی دەگەڕێتەوە، وەیان ئەو جۆرانەی تر، کە لە زەمانە نزیکتر و نوێیەکاندا دروستکراوە، لەڕووی سیفاتەوە هاوبەشیان هەیە، بەڵام بە جیاوازییەك کە دوو ڕووی پەڕەکاندا هەیە، لە یەکتر جیادەکرێتەوە.

بەهۆی لەسەریەك نیشتنی دووچینی پەرەی دوابەدوای یەك بە شێوەی ئەستون، بەناچاری ئەم جیاوازییە پەیدا دەبێت.

ئەو ڕووەی کە بە شێوەی ئاسۆیی ریزکراوە پێی دەگوترێت ((ریکتو))[٣] و ئەمەش هەمان ئەو ڕوویە کە زۆرکات بۆ نووسین بەکاردەهێنرا، بەڵام ڕووەکەی دیکەی کە ڕووکاری پەڕەکەیە بە

2- Plinuis.
3- Rocto.



((ڤێرسۆ))[٤] ناوزەدکراوە، لەو جێیانەی کە پارچەکان بە شێوەی ئەستونی هەڵچنراون، زۆر بەکەمی بۆ نووسین بەکارهێنراوە، بەهەرحاڵ ماددەی پاپیرۆسی نەرم، بۆ تاشین گونجاوترە.

دابونەریت بەجۆرێك بووە کە هێڵەکان بە ئەندازەی درێژی پەڕەی پاپیرۆس نەبێت. پەڕەکانیش، بەچەند هێڵێکی ستونی زۆر کورت دابەش دەکران. هەروەها کتێبەکان بە چەند بەشێك کە لە پەڕە دەچوون دابەش دەکرا و بەکردنەوەی نەواری(*) نووسینەکان دەردەکەوتن.

لە نموونەی ئەو پەڕانەی پاپیرۆس کەناوبانگیان هەبووە ئەو پەڕە بەردیینەیە کە لە کتێبخانەی زانکۆی لاپیزیك[٥] دان و درێژییەکەی نزیکەی ٢م و خاوەنی ١١٠ پەڕەبوو. لەڕووی دەرەوە و لەلای ڕاستەوە لەسەری نووسرابوو، لاپەڕەکانی بەدوای یەکترا لە ڕاستەوە بۆ چەپ دەچن.

بەڵام ئەو خەتی نووسینەی کە لە پاپیرۆسدا بەکاردەهێنرا، نووسینی هیرۆگلیفی کۆن نەبوو کە پێکهاتبوو لە شێوە و وێنەی جۆراوجۆر، و ئەو جۆرە نووسینە لەسەر بەردە نووسراوە پیرۆزەکانی سەردەمی فیرعەونییەکاندا دەبینین، بەڵکو جۆرێك نووسین لار و ئاسانە کە لە چاخەکانی سەرەتادا بڵاوبۆتەوە و بەتایبەتی لەسەر پاپیرۆس نووسراوە. ئەم نووسینەش ناوی هیراتیکی لێنراوە واتە نووسینی کاهینانە، هەروەها باشترین جۆری پەڕەی پاپیرۆس بەپاپیرۆسی هیراتیکی ناسرابوو.

شێوازێکی دی بۆ نووسین هەبوو کە لە چاخێکی نوێتردا بەکاردەهێنرا و بەدیموتیکیە یان ((خەڵکانە)) ناودەبرا و زۆر سادە و ئاسان بوو. بەڵام کۆنترین نەواری پاپیرۆسی بەناوبانگ بەنزیکەیی دەگەڕێتەوە بۆ ٢٤٠ پ. ز، هەرچەندە ئەو بابەتەش سەلمێنراوە کە پاپیرۆس لەسەردەمی نووسینی هیرۆگلیفیدا بۆ لەسەر نووسین سوودی لێوەرگیراوە، بەو بەڵگەییەی کە یەکێك لە پیتەکانی نووسینی هیرۆگلیفی بە شێوەی پەڕەی پاپیرۆس بووە.

4- Verso

(*) نەوار: شریتەی نووسینەکان، ریزی نووسینەکان، پەڕەی نووسینەکان.

5- Lepzig.

## ئامرازەکانی نووسین:

میسرییەکان بۆ نووسین سوودیان لە داری زەل (نەی) وەردەگرت، ئەم دارە بەجۆرێك رووەو خوارەوە دادەتاشرا تا بتوانرێت بەپێی ئەو ئاراستەییەی کە پێی دەدرێت. بەوردی یان بەگەورەیی بنووسێت.

بەم پێیە لەسەدەی سێهەمی پێش زایینـدا، نووسین بەقەڵەمێکی تاشراو نوك تیژ کە بەکالاموسی(٦) (قەڵەم) ناودەبرا، دەستی پێدەکرد. لەم رووەوە ئەم پێنووسە لەڕووی وردەکاری نووسینەوە زۆر گونجاوبوو، لەو کاتەوە بەکارهێنانی رەواجی پەیداکردووە. راستەش بۆ کێشانی هێڵ و هێڵکاری پەڕەکان بەکاردەهێنراو هەروەك پێنووس هەموو نووسەرێك پێویستی پێی هەبووە.

ئەو مەرەکەبەی کە بەکاردەهێنرا لە بەرد و خەڵوز و دار و چەسپ دروستدەکرا، زۆر چاکتر بووە لەو مەرەکەبەی کە ئەمڕۆ بەکاری دەهێنن. نووسراوە بەجێ ماوەکانی سەردەمی فیرعەونەکان، پاش هەزاران ساڵ، هێشتا رەنگە رەش و جوان و رۆشنەکەی خۆی پاراستووە. رەنگی سووریش بۆ نووسینی ناونیشان و سەرباسەکان سوودی لێوەرگیراوە، نووسەر، قەڵەم و مەرەکەبەکەی لە قەڵەمدانێکدا دادەنا، قەڵمدان سندووقێکی بچووکی شێوە لاکێشە بوو کە لە دارێکی ناسك دروستدەکرا، کە جێیەك بۆ قەڵەم و کونێك یان دوانیش هەبوون بۆ تێکردنی مەرەکەب. میسرییەکان بۆ پاراستنی پاپیرۆس پارچەدار یان خۆڵیان بەکاردەهێنا. بەو پێیەی کە رووکاری دەرەکی پەڕەکان زیاتر ئەگەری لەناوچوونیان هەیە، بەجۆرێك دروستیان دەکرد کە بەهێزتر بێت، یان بۆ پاراستنی لە ناو رووپۆشێکدا دایان دەنا. هەروەها بۆ زیاتر بەرگە گرتنی چەند پارچەیەك دەنووسێنرا بەم لاولای پەڕەکانەوە.

## شێ و پەڕەکانی پاپیرۆس:

نابێت تێڕوانینمان وەهابێت کە مانەوەی برێکی زۆر لە پەڕەکانی پاپیرۆس تا ئەمڕۆ بەهۆی بەردەوامی ئەو ماددەیە بووە کە لێی دروستکراوە، چونکە بەپێی وتەی زۆرێك لە نووسەرەکانی پێشین پەڕەی پاپیرۆسی هەبوون کە پاش تێپەربوونی چەند ساڵێك پووکاونەتەوە.

6- Colamus.



نووسەرانێکی زۆر لە سستی و کەم هێزی و بەرگە نەگرتنی ئەو پەڕانە لە بەرامبەر تێپەڕبوونی کاتدا سکاڵایان کردووە، جگە لەمانە، پاپیرۆس هەمیشە رووبەڕووی هێرشی ئافات و مێرووەکان بووەتەوە. لەبەر ئەم هۆیە بۆ بەهێزبوون و بەرگەگرتنی هەرچی زۆرتری پاپیرۆس، دەیانخستە ناورۆنی دەرختی ((سدر))(*).

هەروەها شێش گەورەترین دوژمنی پاپیرۆسە بێگومان ناتوانرێت ژمارەی ئەو پاپیرۆسانەی کە بەهۆی شێوە لەناوچوون، مەزندە بکرێت.

ئەوەی کە لەم بوارەدا دەتوانرێت بوترێت ئەوەیە کە، لەم سەردەمەدا هەموو ئەوپەڕە پاپیرۆسانەی کە لە مۆزەخانە و کتێبخانەکاندا هەیە، بەشێکی کەمی هەموو ئەو پاپیرۆسە نووسراوانەیە کە هەبووە، ئەمە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە شێ هۆکاری سەرەکی لەناوچوونیان بووە.

زۆرترین پاپیرۆسە بەدەست هاتووەکان بەهۆی ئەو هەوڵە شوێنەوارناسییانەی کە لەمیسردا ئەنجام دراوە، بەدەست کەوتووە هەرچەندە لە رۆم و یۆنانی کۆندا ـ کە لە پاشاندا لێ دەدوێین - پاپیرۆس بۆ نزیکییەی دوو سەدە بەشێوەی فراوانتر لە میسر بەکارهێنراوە، بەڵام لەم وڵاتانەدا برێکی کەم لە پاپیرۆسەکان بەدەست کەوتوون، چونکە نالەباربوونی ئاوا هەوای ئەم ناوچانە هۆکار بووە بۆ ئەوەی لەناوبچن، لە حاڵێکدا ئاوهەوای وشکی میسر هۆکاری سەرەکی پارێزراوبوونی پاپیرۆسەکان بوون.

لەڕاستیدا پەڕەکانی پاپیرۆس لە شوێنەوارەکانی میسردا داپۆشراون هەموو ئەوانە بەجۆرێك پارێزگاری لێکراوە وەك بڵێت لەناو مۆزەخانەدا دانرابێت، تەنانەت دەتوانرێت بوترێت لە مۆزەخانەش باشتر پارێزراوە.

زۆرترینی ئەم پاپیرۆسانە لە گۆڕی میسرییە کۆنەکانەوە بەدەست هێنراون کە باشترین جێگایە بۆ پاراستنی ماددەیەکی تەمەن کورتی وەك پاپیرۆس.

لە کۆتایی سەدەکانی پێش دەرکەوتنی مەسیح، واباوبوو کە تابووتی لاشە مۆمیاکراوەکان لە کاغەزی پاپیرۆسی بەکارهێنراو کە بەیەکەوە دەلکێنران و بەگەرچ دادەپۆشران، دروست دەکرا.

ئەمڕۆ برێك لەناوەڕۆکی نووسراوەکانی سەر پاپیرۆسەکان لەم رێگەیەوە بەدەست ئێمە گەیشتووە.

(*) سدر: درەختی کەنار (شجر النبق) درەختێکی گەرمەسێرییە و بەرزییەکەی ٤٠م دەبێت و دەڵێن ٣٠٠٠ ساڵ دەژیت، بەرێکی شیرینی هەیە و گەڵاکەی وشك دەکەنەوە بۆ خۆشووشتن بەکاری دەهێنن.

## کتێبی مردووەکان:

زۆرترینی ئەو کاغەزە پاپیرۆسیانەی کە لە بەردەستماندایە پەیوەندی بەرێورەسمێکی ئایینییەوە هەیە کە هەندێك نووسراوی پیرۆز و نووسراوی دیکەیان لەگۆڕی مردووەکاندا دادەنا هەتاوەکو پشتوانێك بێت بۆ مردووەکان، لەکاتی رۆشتن رووەو شوێنی مردووەکان (ئاسمانەکان). گرنگترینی ئەم ناوەڕۆکانە ((کتێبی مردووەکان))ە کە سەردەمانێکی گرنگی بەڕێکردووە و مێژووەکەی بۆ نزیکەی ۱۸۰۰ پ. ز دەگەڕێتەوە و ناوەڕۆك و بابەتەکان هێدی هێدی گۆڕانیان بەسەردا هاتووە و بووە بەکارێکی تەقلیدی.

وادەردەکەوێت کە پێشتر کاهینەکان بڕێکی زۆر لە ناوەڕۆکیان ئامادەکردووە و شوێنیکی خاڵییان بۆ نووسینی ناوی کەسی مردوو بەجێ هێلاوە. بەم شێوازە وەك کلێسەی کاسۆلیکی بازرگانییان دەکرد و پاشان بەناوی بەڵگەکانی بەخشینەوە دەفرۆشرا.

فرۆشتنی کتێبی مردووەکان جۆرێك لە بازرگانیدا بێ هاوتا بوو،کە لە میسری کۆندا بەبازرگانی کتێب ناوی لێ دەنرا. چونکە لەم بازرگانییە پاشماوەیەکی دیکەمان چنگ نەکەوتووە.

بەڵام کتێبی مردووەکان لەڕووی دڵگیری و جوانی وێنەکانەوە جیاوازبوون. وادادەنرێت کە لە سەرەتاوە وێنەکان لەلایەن هونەرمەندێکەوە کێشرابن و پاشان خۆشنووسێك نووسینی پێویستی بۆ زیادکردووە. لە زۆربەی حاڵەتەکاندا ئەم وێنانە لە چوار دەوری نووسینەکان و بەدرێژایی پەڕەی پاپیرۆس وەیان لەسەروو نووسینەکانەوە دەکێشران.

ئەم وێنانە لەڕووی بەهای هونەرییەوە لەگەڵ یەکتریدا جیاوازی زۆریان هەبووە، گەرچی هەموویان لە پێوانەدا ئەو وێنانەن کە میسری کۆن بەکاری هێناون، لەم خاڵەدا هەموویان هاوبەشن. هەندێ لەکتێبەکان چەند وێنەیەکی رەنگاورەنگی تیابووە کە لەڕووی بەها و ئامادەسازییەوە لەوانی تر جیاوازبوون ئەگەری هەیە کە ئەم جۆرە کتێبانە تایبەت بووبن بەمردووە دەوڵەمەند وەیان ناودار و گەورەکان، لەکاتێکدا زۆربەی خەڵکی ئاسایی بەئامادەکردنی جۆرێك لە پێستی سادە قانیع بوون هەروەك دەزانین پاپیرۆس کاڵایەکی گرانبەهابووە، بەتایبەت ئەگەر بەتەواوی و بەپوختی دروستبکرایە. لەگەڵ ئەمەشدا پاپیرۆس تەنها ئامراز نەبووە کە میسرییەکان بۆ نووسین بەکاریان هێنابێت، بەڵکو پارچەداری بەگەچ



داپۆشراویان بەکارهێناوە بۆ نووسینی کورت؛ تەنانەت تابلۆی[*] چوارگۆشەیی دروستکراو لە بەردی قسڵ و خۆڵ و پێست سوودی لێ وەرگیراوە بۆ نووسین.

## کتێبخانەکانی میسری فیرعەونی:

لە بارەی کتێبخانەکانی میسری کۆن زانیاریمان لەبەردەستدا نییە. لە میسر یان لە شوێنەکانی تر ئەرشیف و کۆمەڵگای کتێبەکان لە یەکتر جودا نەبوون، جێی سەرسووڕمان نییە کە کتێب و بەڵگەنامەکان لە رووکاری دەرەوەدا لەیەك دەچوون و بەهەمان شێوە پارێزگاری دەکران.

کتێبخانەکانی سەردەمی کۆن لە میسردا وەك شوێنەکانی تر سەر بەناوەندێکی ئایینی واتە پەرستاگاکان بوون. لە چواردەوری تبس[۷] دا دوو گۆڕ هەیە کە بەگوێرەی نووسینەکانی سەر ئەو گۆڕانە خاوەنەکانی ئەو دوو گۆڕە نازناوی کتێبدا یا ((خاوەن))یان هەبووە و باوك و کوڕێکی تێدا نێژراوە. بێگومان ئەوانە دەگەڕێنەوە بۆ گەورەترین دەستەی زانایانی ئایینی و لەچینی کاهینەکان بوونە.

## کتێبەکانی وڵاتی چینی کۆن:

لە هەمان ئەو سەردەمەی کە پەڕەکانی پاپیرۆس کەرەستەیەك بووە بۆ نووسین، بەو ماددەیە شێوەی دەرەکی کتێبە میسرییەکان دەناسرایەوە. هەمان شێوەی پەڕەکانی پاپیرۆس لە شوێنێکی دووردەستی تردا واتە چین، شارستانێتییەکی تر گەشایەوە و گەیشتە لوتکەی تەواوی و پەرەسەندن و پاشماوەکانی لە پیشەسازی کتێبدا خۆی دەردەخست.

دەڵێن لە ماوەی هەزارەی سێهەمی پ. ز.دا، لەم سەرزەمینەدا ئەدەبیات بایەخێکی زۆری هەبووە و هەرچەندە ناتوانرێت دەربارەی کتێبەکانی ئەو ورۆژانە قسە بکرێت، بەڵام ئاشکرایە کە ئەم بایەخە ئەدەبییە لە هەزارەی دووەمی پ.ز.دا هەبووە، لەم وڵاتە بەرفراوانەدا چەندین ئیمپراتۆر ژیاون کە بەناوبانگترینیان لاتۆسییە[۸] و لە دەوروبەری ساڵانی ۵۰۰ پ.زدا ژیانی بەسەر بردووە.

---

(*) تابلۆ: لوحە. الواح.

(۷) تبس: شارێکی کۆنی میسرە. لە کەنار رووباری نیل. Thebes

8- Lootzu (Lootse).

**کتێبە دارییەکان:**

ئەو ماددەییەی کە ئەو زەمانە بۆ هەڵکۆڵین بەکاردەهێنرا. بەتایبەت چەند تابلۆیەکی دارینی دەگرتەخۆ کە بەئامرازێکی تیژ هەڵدەکۆڵران و پاشان بەهۆی قەڵەمی زەل و بەمەرەکەب ئەو هەڵکۆڵراوانە دەنووسران. لەم نووسینە دارییانە ئەوەی کە شایەنی باس بێت نەماوەتەوە و هۆکاری سەرەکی ئەوە دەرکردنی فەرمانی ئیمپراتۆری چینی تسن شی هوانگ تی[٩] لە ساڵی ٢١٣ی پ.ز. دا بووە و فەرمانیدا کە تەواوی ئەوکتێبانەی کە رەخنە لە چالاکی سیاسی ئەو دەگرن لەناو ببرێت ئەمەش وەك سزادانێك بۆ نووسەرەکانیان، و جگە لە چەند کتێبێك هیچی دی لەو سوتانە رزگاری نەبووە. بەڵام زۆربەی ئەو کتێبە دارییانەی کە لە دوای ئەوەوە نووسراون، لەژێر زەویدا لەناوچوون.

**کتێبە ئاوریشمییەکان:**

فەرمانەکەی ئیمپراتۆری پێشوو بۆیە هۆکاری دەرکەوتنی چالاکییەکی ئەدەبی گەورە، چونکە هەوڵ و کۆششێکی زۆر وەگەڕخرا بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەو زەرەرو و زیانەی کە لە کتێبە دارییەکان کەوت و بەهۆی ئەمەوە لێکۆڵینەوەیەکی وێژەیی کۆن ماوە و لەسەردەمی کۆنفۆشیوس[١٠]دا دووبارە نووسینەوە دەستی پێکرد. لەم کاتەدا خەڵکی بەپارچەدارینییەکان رازی نەبوون و ئاوریشمیان بەکاردەهێنا و بەهۆی قەڵەمە قامیشەکان و فڵچەیەك لە مووی وشتر دەیاننووسی. ئاوریشم بەهۆی هەبوونی چەند تایبەتمەندییەك لە پاپیرۆس باشتربوو، بەتایبەتی لەڕووی نەرمی و درخشانەوەی، گەرچی نرخەکەی لە پاپیرۆس گرانتربووە.

**تابلۆ قوڕییەکانی ئاشووری بابلی:**

لەو سەردەمانەدا ـ جگە لە میسر و چین - ناوەندێکی شارستانی گەورەی دی هەبووە، ئەوانیش ئاشووری و کلدانییەکان بوو کە مێژووی کتێب لێرەدا دەگەڕێتەوە بۆ هەزارەی سێهەمی پ. ز.

9- Tsin shihuang Ti.
10- Confucius.



**تابلۆکانی نیپۆر[١١] — نینەوا:[١٢]**

ئەو هەوڵانەی لە دەوروبەری شاری نیپۆری بابل لە نێوان ساڵەکانی ١٨٩٠ و ١٩٥٠ دا بەهۆی شوێنەوارناسە ئەمریکاییەکانەوە ئەنجامدرا، بۆیە هۆی دۆزینەوەی پەرستگایەك کە چەند ژوورێکی پڕ لە تابلۆی قوڕی هەبوو، ئەمەش بەڵگەی ئەوەبوو کە بەشێکە لە کتێبخانەیەکی دەوڵەمەند و بەڵگەنامەیی کە دەگەڕایەوە بۆ نیوەی دووەمی هەزارەی سێهەم (واتە لە نێوان ساڵەکانی ٢٠٠٠-٢٥٠٠ی پ.ز)، دوو زانای بەریتانی کە لایارد[١٣] و راسام[١٤] بوون لە نزیکەی ساڵانی ١٨٥٠ز، ئەرشیف و لەوحەکانی کتێبخانەی پاشا ئاشورپانیپال[١٥]، پاشای ئاشوور و نەینەوایان دۆزییەوە. ئەم بەڵگەنامانە دەگەڕایەوە بۆ سەدەی حەوتەمی پ.ز، ٢٢٠٠ تابلۆی دەگرتەخۆ.

**کتێبی ئاشووری بابلی:**

لەم نووسینانەدا وشەکان لەسەر تابلۆی قوڕی هەڵکەنراون، ئەم کارە لەکاتێکدا کە نەرم و تەڕ بووە ئەنجام دراوە بەهۆی ئامرازێکی شێوە سێگۆشەوە کە تیژ نەبووە و لەبەرد یان عاج وەیان لە دار دروستکراوە. نووسینی بابلی و ئاشوورییەکان گۆشەدار[١٦] پەیوەندی ئامراز و کەرەستەیەوە هەبوو کە لەم نووسینانەدا بەکارهێنراوە، پاش تەواوبوونی نووسین تابلۆکان وەك خشتی وشك دەخرایە نێو کورەیەکی (تەنوور) ئاگرین تاوەکو سوربێتەوە و بەهێز ببێت.

لەسەر رووی هەندێ لە تابلۆ گەورەکان کونی بچووك هەبوون، کە جگە لەوەی یارمەتی چاك سووربوونەوەی تابلۆکان دەدا، هەڵمی گونجاویشی لێوە دەردەچوو. پێوانەکانی ئەم تابلۆیانە جیاوازی زۆریان هەبوو، گەرچی زۆربەیان ئەندازەی نیوەپەڕەیەکی ٨/١ی ئاسایی بوو بەگشتی لەسەر ئەم لەوحانە کە چاڵ یان نوك تیژ بوو دەنووسرا.

11- Nippur.
12- Nineveh.
13- Loyard.
14- Rassam.
15- Ashurbanipal.

١٦- Cuneferme بۆ وشەی لاتینی Cunemus دەگەڕێتەوە واتە بزماری، لەبەرئەوەش ئەم نووسینە بەنووسینی بزماری یا سفینی ناونرا. شێوەکانی ئەم جۆرە بوون  .

## کتێبخانە گەورەکانی بابل و ئاشوور:

بابلییەکان نەتەوەیەك بوون حەزیان لە نووسین دەکرد. بێگومان لەبەر ئەم هۆیە بڕێکی زۆر تابلۆی هەڵکەنراویان هەبوو، ئەم کارەش تەنها تایبەت بەشاری نیپور نەبوو، بەڵکو شارەکانی تری بابل دەگرێتەوە وەك ئوروك[17]، بورسیپا[18]، کوتا[19] و چەندین شاری تر، ئەو شارانەی کە ناوەندی کتێبخانە گەورەکان بوون بەگوێرەی وتەکانی جوگرافی زان و مێژوونووسی یۆنانی سترابون (ئەمازی) هەردوو شاری ئوروك بورسیپا لەسەردەمی یۆنانییەکاندا بوونیان هەبووە. بەڵام لە ئاشووردا بەناوبانگترین کتێبخانەکانی ئەوێ کتێبخانەکانی پەرستگاکانی شارەکانی ئاشووری وەك کالخ[20] و ئەربیل[21] و نەینەوا بوون ماوەیەکی کەم بەر لە رووخانی ئیمپراتۆری ئاشووری، کتێبخانە گەورە و ئەرشیفە تایبەتەکەی پاشا ئاشوور پانیپاڵ - کە لە پێشدا باسمان کرد. خرایە سەر کۆمەڵە کتێبخانەکانی نەینەوا.

دەردەکەوێت ئەم کتێبخانەیە باپیرە گەورەی پاشا ئاشوور پانیپاڵ سارگنی[22] دووەم بونیادی نابێ، بەڵام لەسەردەمی فەرمانڕەوایی ئاشوور پانیپاڵ ناوبانگی دەرکرد، چونکە فەرمانی دابوو کە نووسخەیەکی گشتگیر دەربارەی نووسراوەکانی ئەرشیفی شارەکان و پەرستگاکان کە کۆکراوویەوە لەو کتێبخانەیەدا بپارێزرێت، لەبەر ئەم هۆیە پایتەختەکەی بویە ناوەندی زانستی ئاشووری.

زۆرێك لەم نووسینانە بەزمانی سۆمەری بوون، هەمان ئەو زمانەی کە گەلانی فورات پێش ئاشوورییەکان قسەیان پێدەکرد ناوی پاشا لەسەر ئەم تابلۆیانەوە نووسرابوو، زۆرێك لەسەری نووسرابوو کە پاشا خۆی ئەوانەی لە کۆشکەکەیدا ڕێکخستووە لێکۆڵیوەتەوە، زۆرجار ناوەڕۆکەکە لەسەر زنجیرەیەکی تەواوی تابلۆ دەنووسرا کە هەندێ جار دەگەشتە سەدان لەوحە، کۆتایی تابلۆ ژمارەی لەوحەکانی هەموو کتێبەکەی نیشان دەدا.

---

17- Uruk.
18- Borsippa.
19- Kuta.
20- Calah.
21- Arbela.
22- Sargon.



لە کۆتاییدا، ئەم کتێبخانە پاشایەتییە پاش ماوەیەکی کورت بەهۆی جەنگی ماد و[23] کلدانییەکان[24] لەگەڵ نەینەوادا سوتا و کتێبخانەکە ساڵی ٦٧٠ی پ.ز.دا. وێران کرا. خۆشبەختانە ئاگرەکە تابلۆ قوڕییەکانی لەناونەبرد، ئەگەرچی هەندێ لەوانە بەجۆرێك گۆڕاون کە خوێندنەوەی نووسینەکانی دژوارە. تابلۆ بەدەست گەشتووەکانی نەینەوا لەمۆزەخانەی بەریتانیا لە لەندەن پارێزراون و بەگرنگترین گەنجینە گرانبەهاکانی ئەو مۆزەخانەیە دێتە هەژمار، و بەهۆی بوونی ئەم لەوحانەوە لە شارستانی ئاشووری کۆن، بەتایبەت لە ژیانی ئایینییان ئاگادار دەبین.

## هەندێ ماددەی تر کە لەسەردەمە کۆنەکاندا بۆ نووسین بەکارهێنراوە

### - توێکڵی درەخت:

زانیمان کە ئامرازە سوود لێ وەرگیراوەکان بۆ نووسین جیاوازبوون بەدرێژایی سەدە سەرەتاییەکانی مێژوو و سەردەمە جۆراوجۆرەکان. لەگەڵ هەموو ئەمانەدا ئەگەرێکی بەهێز هەیە کە سەرەتاییترین ئامراز بۆ نووسین توێکڵی درەخت بووبێت. شایانی باسە لەم بابەتەدا وشەی یۆنانی بایبلۆس[25] و وشەی لاتینی لیبێر[26] هەردووکیان بەواتای کتێب دێن، بەتوێکڵی درەخت ناوبانگی دەرکردووە. کاتێك زانیمان کە لە لق و پۆپ و گەڵای درەختی خورما پاش وشکردنەوە و لێدانی ڕۆنی زەیتون لەسەردەمانی رابردوودا بۆ نووسین بەکارهێنراوە. نابێت تووشی سەرسوڕمان بین کە پێشینان ماددەیەکی لەم جۆرەیان بۆ ئەم مەبەستە هەڵبژاردووە، واتە هەڵبژاردنی توێکڵی درەختەکان بۆ نووسین.

### قوماش:

قوماشیش لە پیشەسازی کتێبدا سوودی لێوەرگیراوە. تیتوس لیڤوس[27] و نووسەرە کۆنەکانی دیکە باسیان لە پەڕەکانی قوماش کردووە.

---

23- Medes.
24- Chaldeans.
25- Byblos.
26- Liber.
27- Tituslivus

## کتێب لە سەردەمی یۆنان و ڕۆماندا

**پاپیرۆس لە یۆنان (پەرەسەندنی):**

دەتوانرێت بوترێت پەڕەکانی پاپیرۆس سەرەتا لە سەدەی حەوتەمی پ. ز. دا لە یۆنانەوە دەرکەوت، بەم حاڵەشەوە هەمیشە لە میسرەوە بڕێکی زۆر لە پاپیرۆس بۆ دەوڵەتی یۆنانی دەنێردرا. تاوەکو ئەوەی لە سەدەی پێنجەمی پ.ز.دا لەلایەن هەموانەوە بەکارهێنرا. هێرۆدوت، مێژوونووسی یۆنانی لە باسکردنی میسردا هیچ ئاماژەیەکی بە پاپیرۆس نەکردووە. ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە کە سوود وەرگرتن لە پاپیرۆس لەمیسردا کارێکی ئاسایی بووە.

یۆنانییەکان بەپاپیرۆسی خاویان دەگوت خارتیس کە هەمان وشەی (قرتاس)ی عەرەبییە و ئەمەش بۆ نووسین بەکاردەهێنرا. پاشان ڕۆمانییەکان ئەم وشەیان لەوان وەرگرت و پێیان دەوت چارتا[٢٨] و وشەی (کارت)[٢٩]ی فەڕەنسی کە بەواتای نەخشەدێت لەم وشە ڕۆمانییەوە وەرگیراوە.

بەڵام یۆنانییەکان بە پەڕەکانی پاپیرۆسیان دەوت کلیندرۆس[٣٠]، واتە لولەك و ڕۆمییەکان بە ڤۆلیومێن[٣١] ناویان دەبرد. بەڵام لەسەردەمی ئێستادا ئەم وشەیە واتای بەرگێکی کتێبی چەند بەرگییە. هەروەها یۆنانییەکان وشەیەکی تریان بەکارهێناوە کە بریتییە لە تۆموس[٣٣]. ڕۆمییەکان وشەی تۆمۆسیان بەو پەڕە پاپیرۆسانە دەگوت کە لە چەند پارچەیەکی پێکەوە نووساو دروست بووبێت.

---

28- Charta
29- Carte.
30- Kylindros.
31- Volumen.
32- Tomus.



## کتێبە یۆنانییەکان لەسەدەی سێیەم و چوارەمی پ. ز دا

کۆنترین ئەو پەڕە پاپیرۆسانەی کە دەیناسین دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی چوارەمی پ.ز هێشتا بەهەمان شێوە سەرەتاییەکانی ماونەتەوە هەروەك چۆن لەگەڕان بەدوای نووسراوە (بەردی ینەکان ئەوەمان زانی.

لە پەڕەکانی ئەو سەردەمانە جگە لە هەندێکی کەم نەبێ هیچی تر نەماوە، ئەمەش گەشتن بەئامانجێکی تەواوەتی دژوار دەکات.

لەم بارەیەوە جگە لەسەرەتای سەدەی سێهەمی پ.ز نەبێت هیچ زانیاری دیکەمان نییە و ئەمەش بەهۆی پشت بەستن بەو هەوڵە زۆرانەی کە دەربارەی پاپیرۆسە یۆنانییەکان کە لەمیسر و ئاسیایی بچووکدا ئەنجام دراوە و بەجیاکەرەوەی تایبەتی خۆیان لە ماوەی سەدەی نۆزدەدا بەدەست هاتوون.

**سەردەمی ئەسکەندەر و دەورەی هیلنی:**

بەو پێیەی کە زۆربەی پەڕە پاپیرۆسە دەستکەوتووەکان دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی سێهەمی پ.ز ئەگەرێکی زۆر هەیە کە هۆکاری سەرەکی ئەمە، دەرکەوتنی شارستانییەت و ژیانی ژیرانەی یۆنانییەکانی نیشتەجێی میسر بووە. ئەم شارستانییەت و ژیانە ژیرانەی یۆنانییەکان کاتێك ئاشکرابوو کە ئەسکەندەری گەورە سەرزەوییەکانی میسری خستە ژێر ڕکێفی ئیمپراتۆرییە فراوانەکەیەوە. لەو  کاتەوە پاپیرۆس زیاد لە جاران بووەتە نیشانەی ژیانی واتایی یۆنانییەکان. دوایی دابەشبوونی ئیمپڕاتۆرییەتی ئەسکەندەر و دامەزراندنی وڵاتێکی بەهێز بەدەستی ((بتیلیمۆس))ی یەکەم لەوادی نیلدا، پەیوەندی نێوان میسر و یۆنان و شارستانییەتی نێوانیان زیادی کرد.

بیتلیمۆس تەواوی تواناکانی خۆی خستەگەڕ بۆ ئەوەی کە ئەسکەندەرییەی پایتەختی نوێ نەك تەنها لەڕووی سیاسی و ئابوورییەوە، بەڵکو لەڕووی شارستانییەتیشەوە بگۆڕێت بۆ ناوەندێکی گەورە. پاشان کوڕەکەی بیتلیمۆسی دووەم زانا یۆنانییەکانی بانگهێشت کرد و ژیانێکی هێمن و ئاسایشی بۆ فەراهەم کردن تا هەروەك برادەرانی ئایینی یان ئەندامانی جۆرە ئەکادیمیایەك لە دەوری یەك کۆببنەوە. مەڵبەندی کۆبوونەوە بریتییە لە پەرستگای

خواوەندەکانی هونەرە نوێیەکان کە بەناوی مۆسییۆن(٣٣) بوو. ئەم قوتابخانەیە لەسەر شێوازی قوتابخانەی بەناوبانگی ڕێڕەوانی(*) ئەسینا دروستکرابوو. جگە لەمانە گرنگترین شت کە زاناکانی بەرەو خۆی ڕاکێشا، کتێبخانەیەکی گەورەبوو کە بیتلیمۆسی یەکەم لەبیری دروستکردنیدا بوو. و دواجار کوڕەکەی ئەم کتێبخانەیەی کردەوە.

## کتێبخانەی گەورەی ئەسکەندەرییە:

ئەم کتێبخانەیە یەکێکە لە گەورەترین و بەناوبانگترین کتێبخانەکانی سەردەمانی کۆن، لەڕاستیدا لە دووبەش پێکهاتبوو: بەشە گەورەکە لەناو کۆشکی پاشادا بوو دە بەشە بچووکەکەشی لەناو پەرستگای سیراپیس(٣٤) یان سیراپیۆن(٣٥) دا بوو.

ئامانج لە دروستکردنی ئەم کتێبخانەیە کۆکردنەوەی هەموو ئەدەبیاتی یۆنانی بوو لە چاکترین نوسخەدا و لەیەك کۆمەڵەداو، ڕێککردن و پەراوێز نووسین بوو، بۆ ئەو کتێبانە، بۆ گەیشتن بەم ئامانجە هەوڵێکی زۆردرابوو. بەم جۆرە یەکەمین هەوڵی لێکۆڵینەوەی زمانناسی بەئەنجام گەشت.

(کالیما خوس)(٣٦)ی شاعیر، لە نموونەی زانا چاودێرەکانی ئەم کتێبخانەیە بووە و بۆ کتێبەکان فەهرستێکی بابەتیانەی بەناوی پیناکیس(٣٧) دروست کردووە، سەرەڕای لەناوچوونی نووسخەی سەرەکی ئەو فەهرستە، چەند نوسخەیەکی هەڵبژێراو دەستکەوتووە کە بەڵگەیەکە لەسەر ئەوەی کە ئەم یۆنانییە هەڵکەوتووە بەو جۆرەی کە پێویستە سیفاتەکانی کتێبخانەدارێکی چالاکی تێدابووە. بۆ دەرکەوتنی گرنگی کتێبخانەی ئەسکەندەرییە، بەڵگەنامەیەکی زۆر دڵنیاکەر لەبەردەستدا نییە، و دەڵێن کتێبخانە سەرەکییەکە نزیکەی ٤٩٠٠٠٠ و کتێبخانە لاوەکییەکەی نزیکەی ٤٣٠٠٠ پەڕەی پاپیرۆسی تێدابووە.

---

33- Mouseion.

(*) ڕێڕەوان (مشاء): کەسێك زۆر بڕوات : پەندی مشاء – پەندی ئەرەستۆ، چونکە ئەرەستۆ بابەتەکانی لەگەشت و گەڕاندا باس دەکرد.(وەرگێڕ).

34- Serapis.
35- Seropeion.
36- Callimachus.
37- Pinakes.



ئەگەر ئەم ژمارانە ڕاست بێت، بێگومان چەند نوسخەیەك بۆ هەر کتێبێك هەبووە، ئەو نوسخەیان لەبەر دەگرتەوە کە ئەگەری لەناوچوون و ڕزینی هەبووە. هەوڵێکی زۆر خرابووە گەڕ بۆ ئەو بەرهەمانەی کە دەستکاری کرابوون و ڕەخنەیان لەسەر دەنووسی.

نووسینە گرنگ و درێژەکان دابەش دەکرا بۆ چەند تۆمارێك(*) کە ئەندازەیان هێندەی یەك بوو وە سەرەتا و کۆتایی بەشەکان ڕەچاوکرابوو، نووسینە کورتەکان لەیەك تۆماردا کۆدەکرایەوە. ئەم کارەش گرنگی خاوەن کتێبخانەکانی نیشان دەدا بۆ ڕەچاوکردنی پێوانێکی دیاریکراو بۆ ئەو تۆمارانەی کە لە کتێبخانەکاندا هەبوون.

## شێوەی کتێبی یۆنانی:

هەرچەندە یەك تۆماری تەواوی پاپیرۆسمان بەدەست نەگەیشتووە، بەڵام ئەگەری ئەوەهەیە کە بە شێوەیەکی گشتی درێژی ئەو تۆمارانەی کە بەکارهێنرابوون نزیکەی شەش تا حەوت مەتر بووبێت. کاتێك نووسراوەکە دەپێچرایەوە و وەك لولەکێکی لێ دەهات کە تیرەکەی ٥-٦ سم دەبوو و لە دەستگرتنی ئاسان بوو. درێژی تۆمارەکان زۆر بەکەمی لە ١٠م تێپەڕی دەکرد، پانییەکەشی جیاوازبوو، گەرچی بۆ جێگرکردنی پانی تۆمارەکان لەیەك ئەندازەی دیاریکراودا هەوڵ خرایەگەڕ. لەنێو ئەو تۆمارە پاپیرۆسیانەی کە لەبەردەستماندایە، تۆمارێك کە پانییەکەی زیاتر بێت لە ٣٠سم زۆر بەکەمی بەرچاو دەکەوێت. پانییەکەی بە شێوەیەکی گشتی لە نێوان ٢٠-٣٠سم و هەندێ جاریش لە نێوان ١٢-١٥سم دابووە. هەروەها لەو پەڕە پاپیرۆسییانەی کە لەسەری دەنووسرا لەڕووی ڕووبەرەوە زۆرجار جیاوازبوون. لە نووسینە بەنرخەکاندا، پەراوێزەکان زیاتربوو لە نووسینە ئاساییەکان، درێژی ستونی نووسینەکان ٣/٢یان ٦/٥ی درێژی پاپیرۆسەکان و بۆشایی نێوان ستونەکان ڕێژەییە و، نەك تەنها بۆشایی نێوان نووسینەکان ئەندازەیەکی تایبیەتی نەبووە، بەڵکو هەندێ جار لە هەمان نوسخەدا جیاوازبووە، تەنانەت هەندێ لە ستونەکان نووسراوی زیاتری هەبووە لە ستونەکەی دی بە شێوەیەکی گشتی درێژی ستونێك زیاتر بووە لە پانییەکەی.

---

(*) تۆمار: **طومار**: Rool\ scrool نووسینە کۆنەکان پەڕەی کاغەزەکەیان لە شێوەی لولەکێکی پێچ خوارد بووە.

## نووسین (خەت):

بەو پێیەی پیتی بچووکی یۆنانی لەسەدەکانی ناوەڕاستدا داهێنرا، بەڵام پیتی گەورە تەنها لە نووسینە ئەدەبییەکاندا بەکاردەهێنرا. لە نێوان پیتەکاندا بۆشایی نەبووە، ئەم بابەتەش بە شێوەیەکی گشتی خوێندنەوەی نووسینەکانی دژوار دەکرد. لەلایەکی ترەوە واباوبوو کە کۆتایی هەر رستەیەك بەنیشانەیەکی تایبەت کە بەپاراگرافۆس[٣٨] ناودەبرا، دیاری بکرێت، ئەم نیشانەیەش بریتی بوو لە خەتێکی تۆخ کە بەژێر رستەی کۆتاییدا دەکێشرا و هەمیشە ئەم نیشانە بۆ دیاریکردنی بەشەکانی ناوەڕۆك بەکاردەهێنرا.

نوسخە نوسراوەکان دەنووسرا بەخەتێکی جوان و دیاریکراو کە خۆشنووسێك یان نوسخە لە بەرگێك فێری دەبوو، و پێویستی ئەم جۆرە نووسینە بۆ هەر خۆشنووسێك سروشتێکی تایبەتی هەبووە و جیاواز بووە لە خۆشنووسەکانی تر. هەر پیتێك جیاواز لە پیتەکانی دی دەنووسرا. بەلام نووسینە ئاساییەکان کە رۆژانە لەنێو خەڵکیدا بەکاردەهێنرا، لە پیتی ئاسایی پێکهاتبوو کە بە شێوەیەکی خوارەوە بوو و نارێکوپێك دەنووسرا.

خۆشنووسەکان چینێکی بەرێز و رۆشنبیربوون و بەئەندازەی ژمارەی ئەو هێڵانەی کە دەیاننووسی گوڵیان پێدەدرا و بە جوانترنووسین نرخی کارەکانیان زیادی دەکرد. کاتێك خۆشنووسەکە کارەکەی تەواوکرد، جارێکی دیکە نووسینەکە لەلایەن کەسێکی دییەوە بۆ راستکردنەوەی دەخوێنرایەوە، یان نووسراوەکان دەدرا بەراستکەرەوەیەك تا وەکو هەڵە خۆشنووسییەکان راست بکاتەوە.

هەندێ جار لە پەراوێزەکاندا بۆ راڤەکردنی ناوەڕۆك هەندێك تێبینی و ئامۆژگاری و رەخنەی دەنووسی لەلای یۆنانییەکان بەسکۆلایا[٣٩] دەناسرا، و هێمای تایبەتی وەك (ئەستێرە و شتی دی) بۆ راکێشانی سەرنج بۆ بابەتەکە بەکاردەهێنرا.

38- Parogrophos.
39- Scholia.



## ناونیشان:

زۆرجار و لەکاتی پێویستدا، ناونیشانی کتێبەکە لە کۆتایی نووسینەکەدا بەیان دەکرا. لەوانەیە هۆی ئەمە پارێزگاری کردنی ئەو ناویشنانە بێت، چونکە کاتێك تۆمارەکە دەپێچرایەوە، ناونیشانەکە دەکەوتە ناوەڕاستییەوە.

تۆمارە سەرەتاییەکانی پاپیرۆسی یۆنانی ناونیشانی نەبوو، هەرچەندە ناسینەوەی کتێبەکە دەگونجا بەهۆی ناوی نووسەرەکە و وشە سەرەتاییەکانی نووسراوەکەوە دیاریبکرێت، هەروەك چۆن کالیماخوس لە فەهرستەکەیدا ئەم شێوازەی بەکارهێناوە.

لە نوسخە دەستنووسەکاندا دوای پێچانەوە، لە پاڵ یەکدا یان لە جێگەی خۆیدا دادەنران و بەمەش کێشە هەبوو لە ناسینەوەی هەندێك لەگەڵ هەندێکی تردا، بەهۆی نەبوونی ناونیشانێکی جێگیر لەسەر کتێبەکە، خاوەن کتێبەکان ناچاربوون دەربارەی ئەمە بیر بکەنەوە و هێدی هێدی لەزگەیەکیان لەرووی کتێبەکە دەدا. رۆمییەکان بەم لەزگەیان دەگووت تێتولوس[٤٠] یان ئیندێکس[٤١]، و بەیۆنانی ناوی سیلیوسیان[٤٢] لێنابوو.

ئەو سندووقانەی کە ئەم تۆمارانەی تیادا دەپارێزن، لەدار یان لەبەرد دروست دەکرا کە یۆنانییەکان بە بیلبیۆتیك[٤٣] ناویان دەبرد و ئەم وشەیە پاش ماوەیەکی کەم واتایەکی فراوانتری پەیدا کرد، تا ئەو شوێنەی کە واتای کۆمەڵە کتێبێکی لە خۆدەگرت، بەلام لەلاتینیدا بەم سندووقەیان دەگووت کاپس[٤٤] و وشەی کەیس[٤٥]ی ئینگلیزی کازیێ[٤٦]ی فەرەنسی یان سکرینیۆم[٤٧] کە واتای سندووق دەگەیەنن لەو رەچەڵەکەوە هاتووە.

40- Titulus.
41- Inclex.
42- Sillybus.
43- Bibliothekee.
44- Capsa.
45- Case.
46- Casier.
47- Scrinium.

**شێوە روونکەرەوەکان:**

وادەردەکەوێت کە لەکتێبە پاپیرۆسییەکاندا شێوە روونکەرەوەکان کەم نەبووە گەرچی تەنها بڕێکی کەم نەبێت کە ئەوانیش دەربارەی ماتماتیکی دەیان هاوشێوەی ئەو بابەتانە دەدوێن، هیچی دیکەمان لەبەردەستدا نییە.

بێگومان لە زۆربەی کاتەکاندا وێنەی نووسەر دەکێشرا. هەروەها هەندێك وتوویانە نەخشە و وێنەی بەرجەستەکانی ستونی تراژان[٤٩] و ستونی مارکوس ئوریلیۆس[٥٠] بەئەندازەیەك زیاتر لە وێنەکانی ناو پاپیرۆسەکانەوە وەرگیراون.

**بایەخی پاپیرۆس لە یۆنانی دێریندا:**

یۆنانییەکان زۆرتر سوودیان لە پاپیرۆس وەردەگرت و رۆمییەکان لە بەکارهێنانی دا پلەی دووەمیان هەبووە. بێگومان رۆمییەکان بەکارهێنانی پاپیرۆسیان وەك زۆربەی بوارەکانی تر لە شارستانی یۆنانییەوە وەرگرت. کەم کەم بڕێکی زۆر لە پاپیرۆس کەوتە بازاڕەوە، کە هەندێك لەوانە بە رۆمی ناوبانگی دەرکردبوو و هەندێکی دیکە بە تۆمارەکانی ئوگناویوس[٥١] و تۆماری کلۆدیۆس[٥٢] ناودەبران.

لە کۆتایی سەردەمی ئیمپراتۆریدا، لە رۆما کارخانەیەك دروستکرا کە لە میسرەوە گیای خاوی پاپیرۆس هاوردە دەکرا و بەستەی کاغەزی لێ دروست دەکرا.

ئەگەری هەیە پیتۆلیمیس[٥٣] پارەیان بۆ هاوردە کردنی تەرخان کردبێت و پاشان بازرگانی کردنی سنووردارکراوە. بەستە سەرەتاییەکانی پاپیرۆس بەناوی پرۆتۆکۆڵەوە[٥٤] ناوی دەرکرد و بەجۆرێك بەمۆری رەسمی مۆرکرابوون. تایبەت بوونی پاپیرۆس بۆ میسرییەکان تاوەکو فەتحکردنی لەلایەن موسڵمانانەوە درێژەی کێشا.

49- Trajan,
50- Marcus Aure Lius.
51- chart a Augusta.
52- Chalta Cloudia.
53- Ptolemies.
54- Protocol.



لەکۆنترین زنجیرە پاپیرۆسییەکان کە شێوەی زنجیرەی هەبوو دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٧٥٢ پ.ز کە بەهۆی هەوڵەکانی شاری هیرکۆلانیۆمەوە[٥٥] بەدەست هاتووە. لەم هەوڵانەدا ١٨٠٠ تۆماری پاپیرۆس کە هەندێکیان داڕزابوون دۆزرایەوە و تائێستاش لە کتێبخانەی نێودەوڵەتی ناپۆلیدا پارێزراوە لێرەدا هەندێك زنجیرەی دیکەی بەناوبانگی تۆماری پاپیرۆسی هەبووە و ئێستا لەکتێبخانەی بەناوبانگی نێودەوڵەتی ڤییەن (بەشی زنجیرەی دۆك رەینەر[٥٦] نزیکەی ٨٠٠٠٠ تۆماری پاپیرۆسی لەخۆگرتووە) پارێزگاری لێدەکرێت هەندێکی دی لە پاپیرۆسەکان لە مۆزەخانە نێودەوڵەتییەکانی بەرلین و مۆزەخانەی بەریتانیا لە لەندەن لەکتێبخانەی بۆدلیەن[٥٧] لە ئۆکسفۆرد و مۆزەخانەی میسری لە قاهیرەدا هەیە.

**پێشکەوتنی کتێبخانەی ئەسکەندەرییە:**

جارێکی دی دەگەڕێینەوە بۆ کتێبخانەی ئەسکەندەرییە، بەڵگە نەویستە ئەم ناوەندە ئەدەبییە گەورەیە رۆڵێکی گرنگی هەبووە لە پێشکەوتنی بازرگانی کتێبدا، لێرەدا دەبێت ئاماژە بکەین بەوەی کە لەسەدەی پێنجەمی پ.ز. دا لە ئەسینا چەند گەنجینەیەك بۆ بازرگانی کردنی کتێب هەبوومە بەوەی گەزنەفون[٥٨] لە کتێبی ئاناباس[٥٩]دا باسی کردووە بۆمان دەردەکەوێت کە لە نێوان ئەسینا و موستەعمەرە یۆنانییەکاندا بازرگانی کردنی کتێب هەبووە.

لەگەڵ هەموو ئەمانەدا کتێبخانەی ئەسکەندەرییە لە بەربڵاوکردنی بازرگانی کتێبدا لە پلەی یەکەمدا بووە، چونکە بۆ ئەم کتبێخانەیە بڕێکی زۆر کتێب کراوە و خاوەنی چەند نوسخەی نووسراوی هەڵبژێراو و نایاب بووە کە لەسەر ئەو نوسخانە چەندین نوسخەی تری لەسەر نووسراوە و پاشان فرۆشراوە.

تەنانەت دەڵێن هەندێك لە کتێبەکانی کتێبخانە تایبەتەکەی ئەرەستۆ لەنێو کتێبەکانی کتێبخانەی ئەسکەندەرییەدا هەبووە.

55- Herculanium.
56- Rainer.
57- Bodleian.
58- Xenophoo.
59- Anabas

ئەرەستۆ کتێبخانەیەکی سپاردبوو بە یەکێك لە قوتابییەکانی، بەڵام هێدی هێدی کتێبەکان پەرتەوازەبوون و لەناوچوون. هەروەها دەڵێن دوای ئەوەی زۆربەی کتێبەکان لەناوچوون، هەندێك لەوانە لەلایەن ((سولا))ی[٦٠] رابەری رۆمییەکانەوە بۆ رۆما گوازرایەوە. لە ژمارە و چۆنیەتی کتێبخانە تایبەتییەکانی یۆنان زانیاری تەواومان نییە. بەڵام بێگومان کتێبخانەکەی ئەرەستۆ لە هەموو کتێبخانە تایبەتییەکانی تری یۆنانی گرنگتربووە. لەکاتێکدا کە جۆلیۆس قەیسەر لە ساڵی ٤٧ی پ. ز.دا شاری ئەسکەندەرییەی داگیرکرد. بەشێکی گرنگ لەکتێبخانەکەی ئەسکەندەرییە سوتا هەرچەندە لەجێی ئەم زیانەدا، دیارییە گرنگەکەی ئانتۆنی بۆ کلیۆپاترا کە نیزیکەی ٢٠٠٠٠٠ پاپیرۆس بوو لە کتێبخانەی شاری پرگاموسەوە هێنرابوو، بابەخێکی زۆری هەبوو، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەدا کتێبخانەی ئەسکەندەرییە و پایە گرنگەکەی جارانی بۆ نەگەڕایەوە، بەڵکو وا دەردەکەوێت کتێبخانەی ئەسکەندەرییە لە ساڵی ٣٩١ی زایینی وێران بووە. واتە هەمان ئەو ساڵەی کە مەسیحییە سەرەتاییەکان لەسەردەمی گەورەترین رابەری ئایینییاندا (تیۆفیل) قەشەی گەورەی پەرستگای ئەنتاکییە[٦١] سیراپیسیان وێران کرد.

## پرگاموس و کتێبە لە پێست دروستکراوەکان

### کتێبخانەی پاشاکانی پرگاموس:[٦٢]

ئەو کتێبخانەی کە باسی لێدەکەین، دامەزرێنەرەکەی پاشا ئاتالوس[٦٣]ی یەکەم بووە. گەرچی لە راستیدا تەنها لەسەردەمی پاشا ئومی ینس[٦٤]ی دووەم دا گرنگی پەیداکرد. دەڵێن ئومی نیس هەوڵیدا کە بەڕێوەبەری کێتبخانەی بەتلیمۆسی پاشای میسر بفرێنێت، بەڵام سەرکەوتوو نەبوو، ئەگەر ئەم بەسەرهاتە راستیش نەبێت بەلایەنی کەمەوە ئەفسانەیە کە دەیسەلمێنێت کە درەخشانەوە و بایەخی ئەم کتێبخانە نوێیە کاریگەری نەرێی هەبووە لەسەر

60- Sulla.
61- Theophilus of Antioch.
62- Pergamus. Pergamon.
63- Attalus.
64- Eunmenes.



گرنگی کتێبخانەی شاری ئەسکەندەرییە، و هەروەها بەسەرهاتێکی بەناوبانگی دیکە کە دەبێت بەوریاییەوە وەری بگرین ئەم بابەتە دەسەلمێنێت. بەسەرهاتەکەش ئەوەیە کە لەسەرەتای سەدەی دووەمی پ. زدا، پاشای میسر بۆ رێگرتن لە گەشەکردنی کتێبخانەی پرگامۆس، هەناردەکردنی پاپیرۆسی حەرام کرد، تاوەکو ئەم کتێبخانەیە نەتوانێت کێبڕکێ لەگەڵ کتێبخانەی ئەسکەندەرییەدا بکات.

ئەو هەوڵانەی کە شوێنەوارناسانی ئەڵمانی لە ساڵانی ١٨٧٨-١٨٨٦دا بەئەنجامیان گەیاند. زانیارییەکان دەربارەی رێکخستنی کتێبخانەی پرگامۆس زیاد دەکات.

لە کاتی کارە شوێنەوارناسییەکان لە پەرستگای خواوەندە ئاتینا لە پرگامۆس چوار ژوور دۆزرایەوە، کە ژوورە گەورەکەیان پەیکەرێکی گەورەی ئاتینای تێدابوو. ئەگەری ئەوە هەیە کە هۆڵی خوێندنەوە یان کۆبوونەوە بووبێت. بەڵام سێ ژوورە بچووکەکەی نزیك ئەو ژوورە، گەنجینەی کتێب بووە. ئەم بابەتە پشتگیری ئەو باسانە دەکات کە لە پێشتر لێ دواین دەربارەی کتێبخانەکانی سەردەمانی کۆن، تەلارە گەورەکان هەمیشە کتێبخانەیەکی هاوسێ بووە، پرگاموس ناوەندێکی زانیاری بووە، بەڵام نەگەیشتە ئاستی کتێبخانەی ئەسکەندەرییەی - هەروەك باسکرا - ئەنتۆنی تەواوی کتێبەکانی پرگامۆسی بەدیاری بەخشییە کیلۆپاترا، تاوەکو زیانی کتێبخانە گەورەکەی میسر قەرەبوو بکاتەوە لەگەڵ هەموو ئەمانەدا، کتێبخانەی پرگامۆس کاریگەری ئاشکرای کردە سەر مێژووی کتێب. ئەگەر ئەوەی دەربارەی ئەم کتێبخانەیە وترا دروست بێت و ئەوا لە بڵاوکردنەوەی پێستدا بۆ نووسین پێشڕەو بووە.

### پەیدابوونی پێست:

لە سەردەمە کۆنەکاندا و لە زۆربەی شوێنەکانی ئەم سەرزەمینەدا پێستیان بۆ نووسین بەکارهێناوە.

میسرییە کۆنەکان، بەنی ئیسرائیل، ئاشووری و ئێرانییەکان سوودیان لێوەرگرتووە، ئەمانە سوودیان لە پێستی ئاژەڵانیان بینیوە. ئەم کارە لەنێو یۆنانییەکاندا نەزانراو بووە و بەزمانی

يۆنانى پێيان وتووە ديفترا[٦٥]. پاش ماوەيەكى كەم ئەم ناوە بۆ ئەو مادانەى دى بەكاردەهێنرا كە بۆ نووسين سوودى لێوەرگيراوە.

تەنانەت لە سەدەى سێيەمى پ.ز.وە پێستيان بەجۆرێك ئامادەكردووە كە گونجاوبێت بۆ نووسين، بووە كارێكى ئاسايى و لەم بوارەشدا پێشەنگى بۆ شارى پرگامۆس بوو. لەوێ ئەم پيشەسازييە زۆر رەواجى هەبوو بەجۆرێك لەناو شارى پرگامۆسەوە وشەى پرگامينيۆم[٦٦] يان پارشيمين[٦٧] هەڵهێنجرا كە وشەى پێستەى دەگرتەوە.

## ئامادەكردنى پێست و جياكەرەوەكانى:

بەگشتى پێستى مەڕ و گوێرەكە و بزنيان بەكاردەهێنا. هەموو ئەو پێستانە دواى پاككردنەوە لەئاوى قوڕاويدا دادەنرا، تاوەكو ماددە چەورييەكان بێتە دەرەوە دواى وشك بوونەوە بەبێ دووبارەكردنەوەى دەباغى نوێ، بەسەريدا گەچى نەرم دەرژێنرا، و بە بەردى ئالتۆنى يان هاوشێوەكانى هەسان دەدرا، دواى ئەم قۆناغە پێستەكە بۆ نووسين ئامادە دەبوو، بەڵام چونكە رووەكەى ساف و بەهێز نەبوو، بۆيە نووسين لەسەر ئەم ديوو ئەوديوى نەگونجاوبوو. جگە لەوەى پاپيرۆس تەمەن درێژتربوو و پێويستى بەئامرازێك بۆ رێگرتن لە بەڵا و ئافات نەبوو.

لەو شتانەى كە بەتايبەتى يارمەتى رەواج بوونى پێستى دەدا، تواناى تاشينى بوو، چونكە ئەم تايبەتمەندييە لە پاپيرۆسدا نەبوو.

لەم رووەوە چەند نوسخەيەكى دەستنووسى تاشراو دەستكەوتووە كە زۆرتر ناسرابوو بە پاليم پێستس[٦٨]، ئەمانە دەستنووسێك بوون كە نووسينە سەرەتاييەكان تاشراوە و پاك كراوەتەوە و پاشان ناوەرۆكى ديكەى بۆ زيادكراوە، چونكە واتاى پاليم پێست ماناى دووبارە نووسينەوەيە (راست كردنەوەى نووسين). ئەم كارە بەتايبەت لە سەدەكانى ناوەڕاستدا كاتێك كە نرخى پێستەكان زيادى كردووە، بڵاوبووتەوە، جگە لەمە پيشەسازى پێست وەك پاپيرۆس پەيوەندى

٦٥- Dispbtera كە هەمان وشەى دەفتەر دەكات.

66- Pergamineum.
67- Parchemin.
68- Palim Pests.



نەبووە بەوڵاتێكى تايبەتەوە، لەوانەيە هۆكارى ئەم بڵاوبوونەوەيە هەرزانى نرخى پێست بووبێت، گەرچى لە سەرەتادا لە بەرامبەر پاپيرۆسدا نرخەكەى هێدى هێدى زيادى كردووە.

## دانانى پێست لە جێگەى پاپيرۆس:

لە سەرەتادا بەكارهێنانى پێست تايبەت بوو بەنامە و بەڵگەنامە و يادداشتە كورتەكان و هەندێ شتى ديكە. لەگەڵ تێپەڕبوونى كاتدا بەسوود وەرگرتن لە پێست لەلاى رۆمييەكان كە پێيان دەگووت مێمبرانا[٦٩] هەنگاوێكى تازەى هەڵهێنا و لە پيشەسازى كتێبدا بەكارهێنرا. بەڵام بەكارهێنانەكەى بەهێواشى گشتگيربوو هەموو لايەك بەكارى دەهێنا.

پێش ئەوەى پێستەكە بەتەواوى پێش لە پاپيرۆس بگرێت بۆ ماوەى سێ سەدە لەم رێيەدا هەوڵيدا.

دواى سەدەى چوارەمى زايينى بەرە بەرە بەكارهێنانى پاپيرۆس وەلانرا بێگومان ئەوەش دەزانين، كە لە سەدەى يانزەهەمدا لە تۆمار و نامە تايبەتييەكانى ديوانى پاپادا لە پاپيرۆس سوود وەرگيرابوو، بەڵام ئەم بەكارهێنانە گشتگير و هەموانى نەبوو، چونكە بەهۆى گرانى زيادييەوە زۆر ناياب بوو بوو.

## كتێبە پێستييە سەرەتاييەكان و دروستكردنى لە شێوەى تۆماردا:

ئاشكرايە كە هەڵدانەوەى كاغەزى پێستى هەروەك پاپيرۆس ئاسانە، هەرچەندە پێست نەرمييەكەى كەمترە، بێگومان كتێبە سەرەتاييەكان بەشێوەى تۆمار، وەك كتێبە پاپيرۆسەكان دەپارێزرا.

ئەگەرى ئەوە هەيە كە هۆكارى ئەمە لاسايى كردنەوەيان وەها باوبووبێت، سەرەڕاى دەستگيرنەبوونى تۆمارێكى پێستى يۆنانى يان رۆمى، بەڵگەى پێويستمان هەيە كە ئێستاش تۆمارە پێستييەكان بوونى هەيە.

هەروەها بەنى ئيسرائيلەكان كتێبى پێستيان لە شێوەى تۆماردا هەبووە. تا ئەمڕۆكەش لە كتێبە پيرۆزەكەياندا (تەورات) بەكارى دەهێنن بێگومان درێژى تۆمارى پێستى بەئەندازەى

69- Membrana.

پێستی ئاژەڵەکە بووە، هەرچەندە دەتوانرا چەند پارچە پێستێك پێکەوە بدورێت بۆ دەستکەوتنی تۆمارێکی پێستی درێژتر.

له بەرگ تێگرتنی (جەڵدکردنی) تۆمارە پاپیرۆسییەکانیشدا، سوود لە پێست وەردەگیرا و ئەمەش پەیدابوونی یەکەمین بەرگ تێگرتنی کتێبە لە جیهاندا.

## پەیدابوونی کتێبە هەڵنەدراوەکان:

سەرەڕای نەریتی پێشینەکان بۆ سوود وەرگرتن لە کتێبە هەڵدراوەکان، هیچ گومانێك لەکەموکورتی ئەم کتێبانەدا نییە، بەتایبەتی ئەگەر ڕۆژانە بە شێوەیەکی ئاسایی بەکارهێنرابێ. یەکێك لە کەموکوڕییە سەرەکییەکانی ئەوەبوو کە پاش یەکجار خوێندنەوە بۆ دووبارە خوێندنەوەی کتێبەکە دەبوایە نووسراوەکە بە ئاراستەی پێچەوانە بپێچرایەتەوە، ئەمەش کارێکی دژوار بوو، تەنانەت بەبەکارهێنانی دارێك بەناوی ئەمبلیکوس[٧٠]، کە بۆ یارمەتی هەڵدانەوە یان کردنەوەی کتێبەکە دەبەسترا بەسەرەتای تۆمارەکەوە.

لەهەر جارێکدا ئەم کارە دەبووە هۆی سوان و لەناوبردنی ئەو تۆمارانەی کە زۆر دەخوێنرایەوە.کاتێك پاپیرۆس زیاتر سوودی لێ وەردەگیرا شێوەی تۆمارەکانیش گۆڕانی بەسەرداهات، بەڵام سەبارەت بەپێستەکان بابەتەکە پێچەوانەبوو.

## گواستنەوەی لە تۆمارە هەڵدراوەکان بۆ نامیلکەکان:

زانراوە کە لای یۆنانییەکان لە کۆنترین سەردەمەکانەوە تابلۆی بچووکی دارین کە هەندێکیان بەمۆم داپۆشرابوو، بەکاردەهێنرا و بۆ نووسینە کورتەکان و لە پێنووسێکی بەردین بەناوی ستیلوس[٧١] سوود وەردەگیرا، یاخود قوتابییەکان بۆ فێربوونی نووسین بەکاریان دەهێنا.

زۆرجار دوو تابلۆ یان زیاتر لە یەك کۆمەڵدا کۆدەکرایەوە و نامیلکەی بچووکی لێ دروست دەکرا بەناوی دیپتیکا[٧٢]. ئەم نامیلکانە بەگشتی بۆ نووسین و یادداشتەکاتییەکان بەکاردەهێنرا لەلایەن بازرگان و نووسەرەکانەوە.

70- Umbilicus.
71- Stylus.
72- Diptycha.



دوای بڵاوبوونەوەی بەکارهێنانی پێست لە دروستکردنی کتێبدا بێگومان کەوتنە بیری ئەوەی کە پێستیش لە شێوەی لەوحەدا دروست بکەن، ئەم کارە لە سەرەتای ئیمپراتۆری ڕۆمانیدا دەستی پێکرد، پاشان بەم شێوە تازەیان دەوت کتێبی پێستی رووتەخت و بە لاتینی ناوی کۆدێکیس[٧٣] (کوراسە - نامیلکە) بوو. پاش ئەوە بەشێوەیەکی گشتی ئەم ناوە بۆ شێوەکانی دیکەی کتێب بەکاردەهێنرا و بەبێ گۆڕان تاوەکو سەردەمی ئێمە ئەم ناوە مایەوە.

## پێشکەوتنی دروستکردنی کتێب لە شێوەی نامیلکەدا:

چەند پەڕەیەك لەم نامیلکانەمان لە بەردەستدایە کە دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی سەدەی یەکەم و سەرەتای سەدەی دووەمی زایینی. گومانی تێدا نییە لەم سەردەمانەدا نووسراوە پێستییەکان باوبووە، گەرچی بڕەکەی لەوکاتەدا لە تۆمارە پاپیرۆسییەکان کەمتر بووە و هۆکەشی ئەوەبووە کە پاپیرۆس لە دروستکردنی کتێبدا و نووسراوە پێستییەکان لە دروستکردنی کتێبە بچووکە هەرزان بابیەکاندا بەکارهێنراوە، چونکە دەتوانرا لە هەردوو دیوی پێست بنووسرێت و دەکرا کە نووسراوێکی تاڕادەیەك بچووکی پێستی وەرگیراوی ناوەڕۆکێك بێت کە بۆ نووسینی پێویستی بەتۆمارێکی درێژ یان چەند تۆمارێك هەبوو.

لەم ساڵانەی دواییدا، لە میسر بەهۆی هەوڵە بەردەوامە شوێنەوارناسییەکانەوە چەند نوسخەیەکی دەستنووسیان دۆزیوەتەوە کە دەگەڕێتەوە بۆ سەدەکانی دووەم و سێیەمی زایینی.

ئەوە نیشان دەدات کە تەنانەت شێوەی نامیلکەکان بۆ تۆمارە پاپیرۆسییەکانیش ئاسایی بووە. لە میسردا هەوڵێکی زۆر خرایەگەڕ تاوەکو کتێبە پاپیرۆسییەکان لە شێوەی نامیلکەدا دابنێن. بڕێکی زۆر لە نوسخە پاپیرۆسییەکان کە لە نێوان سەدەی سێهەم و پێنجەمی پ. ز.دا نووسراوە بەم شێوەیە دروستکراون، بەڵام لە راستیدا ئەم شێوە نوێیە شێوەیەکی بەربڵاوی پاپیرۆس نەبوو، لەم ڕووەوە بەکارهێنانی تۆماری پاپیرۆس شانبەشان لەگەڵ شێوەی نامیلکەکاندا پێش دەکەوت، تا ئەوەی کە شێوە ماددەی هەردووکیان لەناوچوون. ئەو ڕۆژگارانەی کە دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی چوارەمی زایینی، دەبینین کە زۆربەی نووسراوەکان پێستی بوون، بەڵام ئەوانەی سەرەتای سەدەی پێنجەمی زایینی تەنها نووسراوی پێستی بوون.

شایەنی باسە کە زۆرینەی کۆنترین نووسینە تایبەتییەکانی کڵێسای مەسیحی لە شێوەی نامیلکەدان و تەنها بڕێکی کەمیان لە شێوەی تۆماردان.

73- Codex.

ئەم دیاردەیە بەم جۆرە راڤە دەکرێت کە مەسیحییە سەرەتاییەکان توانای کڕینی پاپیرۆسیان نەبووە. چونکە گران بووە، لەم رووەوە رازی بوون بەو کتێبانەی کە نرخەکەیان کەم و هەرزان بووە و لە پێست دروست کراون.

ئەو تۆمارە پاپیرۆسییانەی تا هەنووکە ماونەتەوە، تۆمارە پێستییەکان بەو شێوە سەرەتاییەی کە لەکۆندا سوودی لێ وەردەگیرا، ئەمڕۆ لە ئەندازەی تایبەت بۆ هەندێ شوێنی دیاریکراو بەکاردەهێنرێت، لەو بەڵگانەی کە ئەم بابەتە دەسەلمێنن بەکارهێنانی شێوازی تۆمارە لە بەڵگەنامە نارەسمییەکەی وەکو بانگهێشت نامەکانی بەبۆنەی ئیلیۆبیلات[٧٤] و بەڵێننامە و چەندینی تر. هەروەها هەندێ دەستەواژەی بەکارهێنراو لە دەستەواژە ئەوروپییەکاندا وەکو رول[٧٥] و رولت[٧٦] و چەندینی تر ئەو سەردەمانە وەبیر دەهێننەوە کە ئەم وشانە ناوی تۆمارەکان بوون. هەر لێرەوە وشەی کۆنترۆڵ[٧٧] لە دووبەشی کۆنترا[٧٨] و رۆڵ (Roll) پێکهاتووە بەواتای ئەو تۆمارانە دێت کە بەڕێوەبەرایەتی باج و خەراج و ماڵیات بەکاری دەهێنا.

## شێوەی نامیلکەکان:

زۆربەی ئەم نامیلکانە لە چەند بەشێك پێکهاتووە کە هەریەکیان لە بڕێك پەڕەی دیاریکراو پێکهاتووە. بە شێوەیەکی گشتی دوو یا سێ پەڕەی لەخۆ گرتبوو. هەرچۆن بێت ژمارەیەك نامیلکە بەدەست هاتووە کە لە نێوان دوو بەرگەکەیدا هەموو پەڕەکانی تێدابوو. واتە زنجیرەیەك بوو لە یەك نامیلکەدا، بێگومان ئەم رێکخستنە هۆکاری ناشرینی شێوەی دەرەوەی کتێبەکە بوو. دروستکەرانی کتێب ناچاربوون کە پانی پەڕەکانی ناوەوە لە پەڕەکانی دەرەوە کەمتر بکەنەوە.

ئەندازەی ئەم نامیلکانە لە سەدەی یەکەمدا بچووك بوو، چونکە پانی کتێبە زۆر کات ٣/٢ی درێژییەکەی بوو. بەدڵنیاییەوە ئەو سەردەمانە هەروەك سەردەمی ئێمە پێوان و ئەندازەی کتێبەکان رەچاوکراوە.

٧٤- jubilees : ئیوبیل. چەژنێکی گەروەیە کە ئیسرائیلەکان هەر ٥٠ ساڵ جارێك دەیگێڕن. لە مەزهەبی کاسولیکشدا کە هەر ٢٥ ساڵ جارێك رێك دەخرێت و بەو ساڵە دەڵێن ساڵی پیرۆز.

75- Roll.
76- Rolet.
77- Control.
78- Contra.



پاش ئەمە پێوانە گەورەکان هاتەکایەوە و سەرەتا لە سەدەی پێنجەمی زایینییەوە بڵاوبوویەوە هەروەك لە تۆمارە پاپیرۆسییەکان و کتێبە نوێیەکان، دەبینین کە نوسخە سەرەکییە گرانبەهاکان پەراوێزی(*) گەورەیان هەیە، پەڕەی نووسینە ئاساییەکان ئاساییە و نووسراوەکە تا کۆتایی پەڕەکەیە. لەگەڵ هەموو ئەمانەدا زۆرکات بۆ ئەوەی ئەگەری زیانکەوتن لە نوسخە دەستنووسییەکان دووربێت لە هەردوو لای پەڕەکانەوە پەراوێزێکی گەورە کە لەپەراوێزەکانی سەرەوە و خوارەوەدا دادەنرا.

## ناونیشان و ژمارە لێدانی پەڕەکان:

ڕێکخستنی نامیلکەکان وەك تۆمارەکان بوو، تەنانەت نووسینی ناونیشان لە کۆتایی ناوەڕۆکدا، لەسەردەمە سەرەتاییەکاندا، لە تۆمارەکانەوە گوازرایەوە بۆ نامیلکەکان، بەوەی کە ئەم کارە هیچ ئاراستەیەکی نەبووە، بەکارهێنانی ناونیشان لە سەرەتای کتێبدا لە سەدەی پێنجەمدا بڵاوبوویەوە.

ژمارە لێدانی پەڕەکان دیاردەیەکی نوێ بوو، کە کتێبە شێوە نامیلکەکان ئەمەیان داهێنابوو، چونکە ستونە نووسراوەکان لە تۆمارەکاندا لەسەر بنەمای شوێنەکەیان رێکخرابوون، ژمارەدانان سوودی نەبوو! بەڵام لەنامیلکەدا ژمارە لێدان سنووردارببوو بۆ چەند پەڕەیەك لە کتێبەکە یان کەمتر لەوەبوو، و بەژمارە لێدانی ئەم بڕن پەڕەیە ئیکتفایان دەکرد، بەجۆرێك ناتوانرێت ناوی ژمارە لێنانی پەڕەکانی[٧٩] لێبنرێت، باشترە ناوی بێنین ژمارە لێنانی پارچە کاغەزە Foliation لە رەگی Pogina‌ی لاتینی بەمانای Page(پەڕە) و (folism)ی لاتینی بەواتای ( Sheet(پارچە کاغەز) دێت..

## نووسین و ئامرازەکان:

نووسەران لە نووسینی کۆنترین کتێبی نامیلکەییدا، هەمان ئەو نووسینەیان پەیڕەو دەکرد کە بۆ تۆمارەکان بەکاردەهێنرا کە نووسینێکی تایبەت و جوان بوو شێوەکەی هێدی هێدی خۆی دەسەپاند.

کۆمەڵێك لە نوسخەکانی نووسینی یۆنانی و **قبطي** هەیە کە دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی چوارەم و پێنجەم. ئەم نوسخانە سەرەڕای جیاوازی بابەتەکانیان بەنووسینێکی جوانی تارادەیەك یەکسان و هەروەها بە وشەی گەورە نووسرابوون.

(*) پەراوێز: مەبەست لە پەراوێز لێرەدا ئەو بۆشاییانەیە کە لە چواردەوری نووسیندا بەبێ نووسین بەجێدەهێڵرا. وەرگێڕ

79- Paginafion

ئەم بابەتەش پەیڕەوی نووسەران دەردەخات بۆ شوێنکەوتن و پەیڕەوی کردنی هەندێ یاسای جێگیری نووسین.

بۆ نووسین لە سەر پێست، پەڕی باڵندە گەورەکان وەك هەڵۆ و قەڵەڕەش و کوندە پەپوو بەکاردەهێنرا، لەنێو ئەوپەڕی باڵندانەی کە پێشینان بەکاریان هێناوە، لە سەردەمی نوێدا لە قەڵەمی پەڕی کوندەپەپوو و لە پێنووسی کانزایی سوود وەرگیراوە. بەڵام مەرەکە بە پێکهاتەکەی لەگەڵ ئەو مەرەکەبەی کەلە پاپیرۆسدا بەکاردەهێنرا جیاوازی نەبووە، لەسەدەی چوارەمی زایینیدا، لە پاڵ ئەم جۆرە مەرەکەبەدا، جۆرە مەرەکەبێکی تری کانزایی سوور کە مەیلەو قاوەیی بوو، بەکاردەهێنرا.

مەرەکەبی ئێستا لە دوای سەدەی دوانزەهەمی زایینییەوە هاتەکایەوە. ئەم مەرەکەبە لە ئۆکسیدی تانیك و زاغی (زاج)ی[*] سەوز دروستکراوە.

**وێنەسازی نامیلکەکان:**

هەرچەندە لە تۆمارە وێنە کێشراوەکاندا - هەروەك پێشتر باسمان کرد. جگە لە بڕێکی کەم هیچی دی ناناسین، بەڵام بڕێکی بەرچاو کتێبی نامیلکەی کۆن هەیە کە لەڕووی شێوەوە جیاوازن و چەندین وێنەی سروشتی راستەقینەی تێدایە ئەو شوێنانە نیشان دەدات کە لە ناوەڕۆکدا باسی دەکات، جگە لەمانەش جوانکاری تیاکراوە.

ئەم وێنانە بەبێ سێبەرن، ئەم وێنانە لەو جۆرە وێنەی کەسایەتی و شوێن و شتانە دەچن کە لەسەر پارە کانزایی و وێنەکانی سەر دیوار و بیناکاندان لە نوسخە نووسراوە یۆنانی و **قبطي یەکاندا**، کە دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی چوارەم. پیتی یەکەم لەهەر رستەیەکی کتێبەکە بەگەورەیی و بەرەنگێکی دی کە زۆرجار سووربووە نووسراوە و بەکەوانەی ئاسۆیی رازێنراوەتەوە.

وا دەردەکەوێت ئەم دەست پێکردنە دەروازەی جێگیربوونی وشەی گەورەی دەستپێکە (ئینیشیەڵ)[٨٠] کە ئەوە لە وشەی ئینیتینیۆم-ەوە[٨١] وەرگیراوە کە واتاکەی دەست پێکردنە.

(*) زاج: خوێیەکی کانزایی سروشتییە، چەندین رەنگی هەیە، بێ تام و بێ بۆنە و لە ئاودا دەتوێتەوە و لە پزیشکی و پیشەسازیدا بەکاردەهێنرێت. وەرگێڕ

80- intial.
81- Inituim.



**بەرگ تێکردن (جەڵدکردن):**

لە بارەی بەرگ تێگرتن کتێبە نامیلکەییەکانەوە هیچ شتێك نازانین، بەڵام بێگومان ئەوان بەرووپۆش کردنی کتێبەکان بەپێستێکی تەنك رازی بوون. لەگەڵ ئەمانەشدا لەگۆڕستانە کۆنە میسرییەکاندا چەند کتێبی **قبطي** بەدەست هاتووە کە پێستی تیا بەکارهێنراوە بۆ جەڵدکردن، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی شەشەمی زایینی، کە لە دەرەوە بەچەند وێنەیەکی جوان رازێنرابوویەوە.

**کتێب لە رۆمادا:**

پاش ئەوەی رۆمییەکان پێشەوایەتی خۆیان بەسەر جیهاندا سەپاند. بەهرەیان لە ژیاری یۆنانی وەرگرت و لە بواری کتێبیشدا لاسایی یۆنانییەکانیان کردەوە، رابەرە رۆمییەکان لە دەستکەوتە جەنگییەکاندا چەندین زنجیرەی تەواویان لە کتێبە یۆنانییەکان بۆ رۆما گواستەوە، ئەم کارەش ئەوە نیشان دەدات کە ئەو سەردەمە زۆر رێزیان بۆ ئەم کتێبە بەنرخانە هەبووە.

**بازرگانان و بڵاوکەرەوانی کتێب لە رۆمادا:**

پاش ماوەیەکی کەم، بەهۆی دەستکەوتنی کتێبە یۆنانییەکان و لاساییکردنەوەیان لەرۆمادا بازرگانییەکی چالاك لە جیهانی کتێبدا بەدی هات و بەناچاری ئەم بارە قورسە بەسەرشانی کۆچگەرە یۆنانییەکانەوە بوو. هەروەها لەبەر گرتنەوەی (کۆپی کردن) کتێبەکانی نووسەرە یۆنانییەکان بڵاوبوویەوە.

فرۆشیارانی کتێب کە بە بیبلیۆپۆلا[٨٢] ناو دەبران، بۆ دووبارە نووسینەوەی کتێبەکان سوودیان لەو کۆیلانە[٨٣] (بەندە) وەردەگرت کە بەتایبەتی فێرکرابوون بنووسنەوە. دەبێ بوترێت لێرەدا، هەوڵدان بۆ بڵاوکردنەوەی کتێب دەستی پێکرد، دانەر و نووسەرانی کتێب توانای ئەوەیان نەبوو لەکاتی پێویستدا و بە شێوەیەکی راستەوخۆ پەیوەندی بەخەڵکییەوە بکەن، ئەو خەڵکانەی کە ژمارەیان زۆربوون تەنانەت هۆراسی شاعیری رۆمی ناهەقی، نەبوو کەوا شانازی بکات بەو هۆنراوانەوە کە لەسەر کەناری دەریای رەش و هەروەها لەسەر کەناری رووباری رن و ئیبرۆ[٨٤] دەیخوێندەوە.

82- Biblopola.
83- Servi Litterati.
84- Ebro.

پومپونیوس ئاتیکۆس[٨٥] هاوڕێی سیسیرۆن[٨٦] یەکەمین بڵاوکەرەوەی کتێب، پارەی بڵاوکردنەوەی نووسینەکانی سیسرۆنی لە ئەستۆ گرت، بەڵام هیچ کرێیەکی نەدا بەنووسەر، چونکە ئەو مافی نووسینی (چاپ)ی نەکڕیبوو. تەنها نووسینی چەند نوسخەیەکی لە ئەستۆ گرتبوو.

نووسەر بۆ بەرهەم هێنان و بڵاوکردنەوەی نوسخەکانی دیکە لەکتێبەکەیدا، ئازادبوو لە بەستنی هەر گرێبەستێکدا. جگە لەمانە خەڵکی ئازادبوون کە نوسخەیەك بکڕن و لەسەری بنووسن، چونکە هیچ یاسایەك نەبوو کە بەرگری لە خاوەندارێتی ئەدەبی بکات.

نووسەرەکان بەهۆی کارەکانیانەوە هیچ سوودێکی ماددییان دەست نەدەکەوت مەگەر ئەوەی کتێبەکەی بەدیاری ببخشایە بەیەکێك لە دەوڵەمەندە ئەدەب دۆستەکان.

## خوێندنەوەی ئاشکرای کتێب:

لەو کاتانەدا نووسەر کۆمەڵێك لە هاوڕێیانی خۆی کۆدەکردەوە و چەند بەشێك لە کتێبە نوێکەی بۆ دەخوێندنەوە، تاوەکو گرنگییەکەی ئاشکرا بێت، ئەگەر ئێمەش بمانەوێت ئەوەی کە پلی نی بچوك[٨٧]هۆراس و مارشاڵ[٨٨] وتویانە دووبارەی بکەینەوە دەبێت بڵێین ئەم نەریتە هێدی هێدی دەبێتە خویەکی ناپەسەند و کارەساتی لێ دەکەوێتەوە بەتایبەتی دوای ئەوەی کە نووسەرە هەژارەکانیش بۆ سوود وەرگرتن لەهەر هەڵێك بۆ خوێندنەوەی کتێبەکانیان زیادەڕۆیان دەکرد.

ئەگەری هەیە بڵاوکەرەوانی کتێبیش چەند بانگهێشت نامەیەکیان دەنارد بۆ نووسەران بەمەبەستی خوێندنەوەی ئاشکرای کتێبە نوێیەکان و راگەیاندنی بەدەوروبەر و ئەمە شێوازێکە کە هێشتا تا ئەمڕۆ سەرکەوتووبووە و سەرمەشق و ئەزموونی کەسانی تر بووە.

## بڵاوکەرەوان:

بڵاوکەرەوانیش لەو سەردەمەدا دەبوو بۆ سەرکەوتنی کارەکانیان، ئاشنای فەرهەنگ و ئەدەبی ئەوکاتە بن. بەم شێوەیە دەبینین ئیتکوس - جگە لە کتێبەکانی سیسرون - کتێبەکانی ئەفلاتوون و دیموستنی[٨٩] بڵاودەکردەوە. بەدڵنیاییەوە، ئەم جۆرە کارانە فەرهەنگ و رۆشنبیرییەکی فراوانی

85- Pomponius Attiaus.
86- Cicero. Marcus Tulluis.
87- Pliny. (Plinius the younger).
88- Maitial.
89- Demosthenes.



دەویست بەجۆرێك کە ئاستی خوێندەواری و فەرهەنگی کویلە فێرکراوەکان بۆ ئەنجامدانی ئەم کارانە هێندە نەبوو، بەڵکو خودی بڵاوکەرەوە دەبوو هێندە ئاشنای ئەدەب و فەرهەنگ بێت کە توانای پێویستی بۆ چاودێری کردنی کارەکانی نووسەرە راستکەرەوەکان هەبێت، ئەمە دڵنیاکەرەوەیەك بوو بۆ ئامادە و دروستکردنی نوسخەیەکی شایستە لە کتێب، چونکە بە لەبەر نووسینەوەی کتێبەکە، دەکەوتە بەردەم دەستکاری کردن و بەتایبەت لەبەر نووسینەوەکان، بۆ خێراکردنی کارەکان دەدرا بەکۆمەڵێك لە کۆیلەکان، کۆیلەکانیش کتێبەکانیان وەك ئیملا دەنووسییەوە بەبێ ئاگابوونی تەواو لە واتاکانی. سەرەڕای ئەوەی کە ناوی گرووپەکی لە بڵاوکەرەوانی ئەدەبیاتی لاتین لەو سەردەمانەدا دەزانین، وەك برایانی سوسیوس[٩٠] کە کتێبەکانی هوراس[٩١]ی شاعری لاتینیان بڵاودەکردەوە، هەروەها بڵاوکەرەوەی یۆنانی تریفۆن[٩٢] کە کتێبەکانی کوین تی لیان[٩٣] و مارشاڵ یان بڵاودەکردەوە، بەڵام لە هەمان کاتدا ئاگاداری ئەندازەی چالاکی ئەم بڵاوکەرەوانەوە و گرنگی ئەوەی کە بڵاویان دەکردەوە، نین.

## نرخی کتێبەکان:

زانیاری تەواومان لەسەر نرخی کتێبەکان نییە. هەرچەندە کە زانراوە کە نرخی کتێبێك بەشێوەیەکی ئاسایی هاوڕێك بووە لەگەڵ قەبارە رووکاری دەرەوەیدا.

دەوڵەمەندە رۆمییەکان، ئەوانەی گرنگییان بەوێژە دەدا، چەند کۆیلەیەکیان هەبووە کە لەبەر نووسینەوەی ئەو کتێبانەیان کردووە کە ویستوویانە. ئەم کارەشیان نرخەکەی هەرزانتر دەکەوت تاوەکو ئەوەی راستەوخۆ لە بازاڕدا بیکڕن. لەم سەردەمانەدا چەندین نوسخەی گرانبەها و تۆماری بەنرخ دەستکەوتووە، بەتایبەتی لە نێویاندا چەند نوسخەیەك هەن کە دەستنووسی بەناوبانگترین نووسەرەکانن. ئەو نوسخانەی کە کتێب دۆستانی رۆمی دەبوو بکەونە کێبڕکێ بۆ دەستگیربوونی.

90- Sosius.
91- Horace.
92- Tryphan.
93- Quintilion.

# کتێبخانەکانی ڕۆما

**کتێبخانە تایبەتییەکان:**

ژمارەی ئارەزوومەندانی کتێبخانە تایبەتییەکان لە ساڵەکانی دواییدا، لەسەردەمی کۆماری و هەروەها لە دەورانی ئیمپراتۆریدا رووی لە زیادبوون کرد، تا ئەو شوێنەی کتێب دۆستی لە ڕۆمادا بووە خواستێکی هەموان.

لە نێوان ئەم ئارەزوومەندانەی کتێبدا، دەتوانین ناوی لوکولوس[٩٤] بهێنین کە بەجوانکاری لە ژیاندا ناوبانگی دەرکردبوو. هەرچەندە لەسەردەمی ئیمپراتۆرییەوە بەرەو پێشتر بڕۆین، بەربڵاوی جوانی پەرستی لە بواری کتێبدا زیادی کردووە، هەروەك چۆن لە بوارەکانی دیکەی ژیاندا ئەم دیاردەیە دەبینرا. ئەمە زۆر سەرسوڕهێنەر نییە، چونکە هەبوونی کتێبخانەیەکی گەورەبووبوو بەبەشێك لە پێداویستییەکانی چین و توێژی پێشکەوتوویەکی کۆمەڵگای ڕۆمی کە کتێبخانەکان هۆکاری بەناوبانگ بوونی خاوەنەکانیان بوون. تەنانەت دەڵێن کە کتێبخانەی تایبەت هەبووە کە لە هەزاران تۆمار پێکهاتووە و تۆمارەکان زۆر کات کراون بەدوو بەشی یۆنانی و لاتینییەوە.

دەوڵەمەندە ڕۆمییەکان لە خانووە لاوەکییەکاندا ((گوندی)) لە دەرەوەی شار،کتێبخانەی تایبەتیان هەبووە، لەم میانەدا دەتوانین ناوی کتێبخانەیەك بهێنین کە لەکاتی دەرهێنانی خەڵوزی بەردین لە شاری هێرکولانیوم[٩٥] دۆزرایەوە و - پێشتر باسمان کرد -، کتێبخانەیەك لەکاتی کۆبوونەوەی خوڵە سووتاوەکانی ئەم شارە لەژێر خۆڵەمێشەکاندا شارابوویەوە دەستکەوت. هەروەها لە خانووی گوندی تایبەتی نەوەکانی نیوس[٩٦] لەڕۆمادا، کتێبخانەیەك دۆزرایەوە کە تەنها کتێبەکانی فەیلەسووفەکانی ئیپکۆریانی لەخۆگرتبوو، ئەمەش بێگومان ئەوە دەردەخات کە خاوەنی کتێبخانە بیروبۆچوونێکی فەلسەفی هەبووە.

94- Lucullus.

٩٥- Herculanom . شارێکی کۆنە لە ئیتاڵیا.

96- psonius.



لە هەمانکاتدا خاوەن کتێبخانەکان کەمتر ئاگاداری کتێبەکان بوون و لەبەر ئەم هۆیە فەیلەسووفی ڕۆمی سێنکا [٩٧] گایی دەکات و دەڵێن ئاستی ڕووناکبیری و فەرهەنگی هەندێ لەو کەسانەی کە کتێبخانەیان هەیە ناگاتە ئاستی کۆیلەکان.

بەم وەسفانەی خوارەوە دەتوانین وێنەیەکی ڕوونی کتێبخانەی دەوڵەمەندەکانمان بۆ دروست بێت:

کتێبخانەکان لە هۆڵێکی بچووکی داڕێژراو بە بەردی مەڕمەڕی سەوز دروست کرابوو تۆمارەکان لەسەر ڕەفەکان و لەناو تاقەکان یاخود لەسەر جێیەکی ڕووکراوەدا بەدرێژایی هۆڵەکە دادەنراو بەجۆرێك کە تۆمار و کتێبەکان لە پاڵ یەکدابوون و هەریەك لە کتێبەکان بەرگێکی ناونیشانی هەبوو، ئەم بەرگە ناونیشانیانە ڕۆپۆشێکی ئەرخەوانیی هەبوو کە لەنێو سندووقێکی پارێزەر و سەرسوڕهێنەردا- هەروەك باسمان کرد- دانرابوون.

لە دەوروبەری کتێبخانەکەشدا چەند پەیکەرێکی نیوە جەستە دانرابوون و چەندەها چەندین وێنەی نووسەرە بەناوبانگەکان هەڵواسرابوون - هەروەك کە پلی نوس[٩٨] دەڵێت ئەم نەریتە ئاسی نیوس پولیون[٩٩]، کە یەکەمین کتێبخانەی گشتی لە ڕۆمادا ڕێکخستووە دایناوە و هێناویێتی.

**کتێبخانە گشتییەکانی ڕۆما:**

لە ئیمپراتۆری ڕۆمای کۆندا، کتێبخانەی گشتی هەبوون کە گومانی تێدا نییە، جولیوس قەیسەر بەپەیڕەوی کردن لە ئەسکەندەر دامەزراندنی ئەم جۆرە کتێبخانەی لە پایتەختی ئیمپراتۆرییەکەیدا دانابوو، گەرچی خۆی پێش ئەوەی پرۆژەکە تەواو بێت، گیانی لە دەستدا. بەڵام یەکەمین کتێبخانەی ڕۆمی لەسەر ئەو بنەمایە دروستکرا. هەروەك باسمان کرد، لە ساڵی ٣٩ پ.ز.دا یەکەمین کتێبخانە لەلایەن ئاسی نیوس پولیون لە پەرستگاکانی ئازادیدا دروستکرا. لە سەردەمی ئیمپراتۆر ئۆگۆستوس لە ڕۆمادا دوو کتێبخانەی گەورەی دی بونیادنرا.

کتێبخانەی پالاتین[١٠٠] کە بۆ یادەوەری جەنگی ئاکتیۆم[١٠١] لە پاڵ پەرستگای ئاپۆلۆن[١٠٢] لەسەر تەپۆلکەی پالاتین لە ساڵی ٢٨ پ.ز دا دروستکرا و کتێبخانەی ئوکتاڤین کە دەگەڕێتەوە بۆ ناوی ئۆکتاڤین[١٠٣] خوشکی ئیمپراتۆر کە لەگۆڕەپانی خواوەند مارس[١٠٤]دا دروستکرا.

97- Seneca.
98- Plinuis.
99- Asinius pollion.
100- Palatin.
101- Actium.
102- Apollon.

بۆ هەر کتێبخانەیەك فەرمانبەرێك دانرا (کتێب دار) کە چەند جێگرێکی هەبووە بەلاتینی بەلیبراری(١٠٥) (لیبرا - یوس)(١٠٦) ناوبراون. بەڕێوەبەری کتێبخانە(١٠٧) دەگەڕێتەوە بۆ چینە ئازاو سوارچاکەکان و هەندێ جاریش لەو چینە کۆیلانەبووە کە ئیمپراتۆر ئازادی کردبوون هەندێك لە وتەی وەرگێڕاوی ناوەڕۆکە نووسراوەکانی سەدەی یەکەمی زایینیمان لە بەردەستدایە کە تێدا موچەی ساڵانەی ئەم پیشەیە دیاری دەکات و نزیکەی ٦٠,٠٠٠ فرانك بووە بەپارەی ئێستا. ئەو دووکتێبخانەی کە ئۆگۆستۆس بونیادی نا، بەهۆی ئاگر و گڕگرتنەوە لەناو چوو، کتێبخانەی پالاتین لە نزیکەی ١٩٠ ساڵ دوای زاین و کتێبخانەی ئۆکتاڤی لە نزیکەی ساڵی ٨٠ زاییندا کۆتاییان بەکاری خۆیان هێنا. ئیمپراتۆر دۆمیسین(١٠٨) بینای کتێبخانەی پالاتینی نوێ کردەوە و کتێبخانەیەکی دیکەی بۆ پەرستگای کاپیتۆل(١٠٩) زیاد کرد.

دوای چەند ماوەیەك، ئەو کتێبخانەیەی کە ئیمپراتۆر تراجان(١١٠) (ترایانوس) نزیکەی ساڵی ١٠٠ی زاییندا بەناوی کتێبخانەی ئولپیا(١١١) دروستیکرد، جگە لە کۆمەڵە کتێبەکانی خۆی، ئەرشیفی ئیمپراتۆریشی لەخۆگرتبوو، و لە هەموو کۆمەڵە کتێبەکانی دی پایە بڵندتربوو.

دەڵێن ژمارەی کتێبخانە گشتییەکان لەڕۆمادا لە ساڵانی ٣٧٠ی زاییندا کەمتر لە ٢٨ کتێبخانە نەبووە. و بەرەبەرە ژمارەی کتێبخانە هاوشێوەکان لە شوێنەکانی تردا زیادی کردووە. لە نێوان ئەو کتێبخانانەی کە لە ڕێگەی نووسراوە ئەدەبی و هەوڵە شوێنەوارناسییەکانەوە ناسیومانە، کتێبخانەیەکی گەورەیە کە ئیمپراتۆر هادریان(١١٢) (هادریانوس) لە ئەسینادا دروستی کرد.

بەشێوەیەکی گشتی ئەگەری هەیە کە کتێبخانە گشتییەکان بۆ خوێندنەوە لەناو کتێبخانەدا سوودی لێ وەرگیراوبێت، چەندین هۆڵی درێژی تێدا بووە کە پێداویستی سەرەکی هەر کتێبخانەیەکی گشتی بووە، لەگەڵ ئەمەشدا چەند جێگایەکی زیادە هەبوو بۆ ئەو خوێندکارانەی کە خوازیار بوون کاتەکانیان بۆ خوێندنەوە و لێکۆڵینەوە، بابەتە زانستییەکان لەوێدا بەسەربەرن. و هەروەها دەزانین کە

103- Octavian.
104- Mars.
105- libraril.
106- librarius.
107- Procurator bibliothecae.
108- Domilian.
109- Capitol.
110- Trajan.
111- Ulpia.
112- Hadrian.



بەئەمانەت دانی کتێبەکان بۆ دەرەوەی کتێبخانە هەبووە پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە هەندێك لە کتێبخانە گشتییەکان بەستراون بەچەند کۆمەڵە بینایەکی ترەوە، کە جگە لە شوێنی تایبەت بۆ خوێندنەوە گەرماوی فراوانی تێدا هەبووە. و هەروەها بینای ئەم کتێبخانە بەشکۆیانە چەندین جێگەی زیادەی بۆ کۆبوونەوە و دیدارەکانی چینە باڵا و خۆشگوزەرانەکانی ڕۆمی تێدا هەبووە.

## گۆڕانکاریی نووسین:

ئەدەبیاتی لاتینی لەسەدەی دووەمدا گەشایەوە جۆرێك نووسینی نوێ پەیدابوو کە تایبەت بوو بەنوسخە دەستنووسەکان. ئەم نووسینە لەگەڵ نووسینە ئاساییەکەدا جیاوازی هەبووە - وەك پێشتر باسمان کرد- ئەمە دیاردەیەك بووە لە یۆناندا دەرکەوت.

نووسینی لاتینی لەسەرەتادا بەنەبوونی توانای راهێنان باس کراوە و پێش ئەوە ئەم جۆرە نووسینە لە یۆناندا هەبووە خاوەنی پیتی گەورە (Capital) بووە. کۆنترین شێوەی ئەم نووسینە، هەمان ئەو نووسینە گەورەیەیە(١١٣) کە پیتەکانی لەو پاپیرۆسەدا کە لە شاری هیۆکۆلانیومدا دۆزرایەوە، بینراوە، بەکۆنترین نمونەی ئەم جۆرە نووسینە لە قەڵەم دەدرێت. ئەم نووسینە گۆشەی وەستا و گۆشەی تیژی هەبووە، لەکاتێکدا نووسینەکانی پاش ئەو بەپیتی بازنەیی(١١٤) ناسراوبوون و تایبەتمەندی پانای زیاتر و بازنەیی بووە.

نووسینی لاتینی لە سەرەتای سەدەی چوارەمی زاییندا بەکۆتا قۆناغی پێشکەوتنی خۆی گەشت، چونکە بەهەمان شێوە. هەروەك نووسینێکی تایبەت بۆ نوسخە نووسراوەکان تا کۆتایی سەدەی هەشتەم وەك خۆی مایەوە. لەم دوو نووسینەدا، هەروەك نووسینی یۆنانی، هەندێ نیشانەی کورت کردنەوەی هەبووە.

## داهێنانی کاغەز لە چین:

لەو کاتانەی کە تۆمارە پاپیرۆسییەکان و نامیلکە پێستییەکان پێکەوە لە کتێبخانەکانی ئیمپراتۆری ڕۆمانیدا بە شێوەیەکی فراوان سوودی لێ وەردەگیرا، لە چیندا دۆزینەوەیەکی نوێ ئەنجام درا، کە لە دوایی ئەوە. لە مێژووی کتێبی ڕۆژئاوادا گرنگییەکی بەرچاوی هەبوو.

113- Capital.
114- Uncial.

### کاغەزی ئاوریشم:

پێشتر وتمان کە چینییەکان دوای دەرچوونی فەرمانی ئیمپراتۆر لە ساڵی ٢١٣، پ.ز.دا، ئاوریشمایان بۆ دروسکردنی کتێبەکان بەکاردەهێنا. بەڵام لەو لایەنەی کە ئاوریشم ماوەیەکی گرانبەهابوو، سوودیان وەرگرت لە مادەیەکی نویٚ کە لە پارچە کۆن و بێ سوودەکانی قوماشی ئاوریشمی دروستکرا، بەو جۆرەی کە پارچە قوماشە ئاوریشمییەکانیان لە ئاودا تەڕ دەکرد و پاش وردکردنی بۆ پارچەی بچووکتر، دەیانکولاٚند تاوەکو جۆرێك لە ماددەی چەسپێنەر و هەویرێك بۆ دروستکردنی کاغەزێکی نەرم فەراهەم بهێنن.

### کاغەزی راستەقینە:

بەڵام ئەم شێوازەش وەك بەکارهێنانە سەرەتاییەکانی ئاوریشم بۆ دروست کردنی کاغەز زۆرگران دەکەوت، بەجۆرێك کە هەموان نەیاندەتوانی سوودی لیٚ وەربگرن، تا ئەوەی لە ساڵی ١٠٥ی زایینیدا تسلی لون(١١٥) توانی کاغەز بهێنێت، بەم شێوەیە ماددەی هەرزانتر لە ئاوریشم بەکاردەهێنرا، وەك توێکڵی گیا و لۆکە و تۆڕی ماسی رزاوو چەندینی دیکە.

پاش ماوەیەکی کەم کشفش سەرکەوتنێکی گەورەی دیکەی بەدەست هێنا بەجۆرێك نووسینی ژمارەیەکی زۆر لە نوسخە دەستنووسەکان لەسەر کاغەز بەدرێژایی سەدەکانی دوایی دەستەبەر کرا.

دەبێت ئەوە بوترێت کە لە راستیدا لەو نوسخە نووسراوانەی کە پەیوەندی بە سەدە سەرەتاییەکانی کاغەزەوە هەیە، هیچ نەماوەتەوە. بەڵام زانای دانیمارکی سڤێن هێدین(١١٦)، لە بیابانێکی بچووك نزیك دەریاچەی لۆب نۆر(١١٧) لە بیابانی تبتدا(١١٨) برێکی کەمی لە کاغەز دۆزییەوە. ئەم کاغەزانە کۆنترین کاغەزن کە تاوەکو ئێستا دۆزراونەتەوە. و هەروەها لە یەکێك لە سەکۆکانی پەرستگای تون هوانگ(١١٩) لە تورکەمەنستان برێك نوسخەی نووسراوی سەر کاغەز دەستکەوت و ئێستاش هەندێکی لەمۆزەخانەی بەریتانیایە لە لەندەن وە هەندێکی دیکە لە کتێبخانەی نێودەوڵەتی لە پاریس پارێزگاری لێدەکرێن و لە شێوەی تۆماردایە وەك نووسراوە پاپیرۆسییەکان.

---

115- Tsailun.
116- Sven. Hedin
117- Lobnor.
118- Tibet.
119- Tun Huang.



دوای تێپەڕبوونی کاتێکی دوورودرێژ لە داهێنانی کاغەز لە چین، کاغەز گەشتە ئەورووپا پێش دەرکەوتنی کاغەز لە ئەورووپادا، ئەم ناوچەیە دووچاری قەیرانێکی زۆری سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری بوویەوە. بەم جۆرە سەردەمێکی گرنگ لە مێژووی کتێب بەڕێکرا.

# بەشی دووەم

# سەدەکانی ناوەڕاست

## سەردەمی ناوەندی یەکەمی مەسیحی

### سەرەتاترین کتێبخانەی پەرستگا و کڵێساکان:

ڕۆژگاری شومی کتێبخانە ڕۆمییەکان لەوکاتەوە دەستی پێکرد کە پایەکانی ئیمپراتۆری لەرزا و هۆزەکانی جێرمەن، ئیتاڵیان وێران کرد. لە کاتێکدا کە ئیمپراتۆر بۆ مانەوەی خۆی هەوڵی دەدا، بێگومان کێتبخانەکانی ڕۆمانی لە سەدەی پێنجەم و سەرەتای سەدەی شەشەمی زایینیدا بەشێکی گرنگ لە گەنجینەکانی خۆی لە دەستدا.

### کۆمەڵە کتێبەکانی مەسیحیی پێش جەنگەکانی جێرمەن:

کاریگەری ئایینی مەسیحی لە پێش جەنگەکانی جێرمەنەوە ئاشکرابووبوو، چونکە دەرکەوتنی ئەدەبیاتی مەسیحی و یۆنانی و لاتینی لە پاڵ یەکدا دەستی پێکرد. لەپاڵ کڵێساکاندا چەندین کتێبخانە دروست بوون کە بەکتێبخانەی پیرۆز[1] یان بەکتێبخانەی مەسیحی[2] ناودەبران. ئەم کتێبخانانە لە ناوەڕۆکەکانی کتێبی پیرۆزەوە دامەزرابوون پاشان کتێبەکانی پیاوانی ئایینی کڵێسا و کتێبەکانی یاسا و بۆنەکانی کڵێسا زیادی کرد.

لە فەلەستیندا کتێبخانەیەکی مەسیحی بەناوبانگ پەیدابوو کە دەگەڕایەوە بۆ یەکێك لە پیاوانی ئایینی بەناوی پامفیلوس[3]، کە لە ساڵی ٣٠٩ز.دا کۆچی دوایی کردووە و لە قوتابییەکانی ((ئوری هن))ە[4]، و پاش سەدەیەك هیرونیموس[5] ستایشی کردووە. هەروەها چەندین کۆمەڵە کتێبی پیاوانی کڵێسامان ناسیوە. و هەروەها لە شوێنەوارەکانی میسردا لەو شوێنەی کە چەندین گرووپە ڕاهیبە یەکەمینەکان لە سەرەتای سەدەی دووەمی زایینیدا کۆبوونەوە، چەند کتێبێك دۆزرایەوە. ئینگلس لەم پەرستگایانەدا، بەتایبەتی لە بیابانی نوبە،

1- Bibilio the cae sacre.
2- Bibilo thecae christianae.
3- Pamphilus.
4- Origen.
5- Hieronymus.



بڕێکی زۆر لە نوسخەی دەستنووسی **قبطي** و یۆنانی یان دەستکەوت کە ڕاهیبەکان زۆر بەگرنگی ئەو کتێبانەیان نەزانیبوو.

دوای لێکۆڵینەوەی نوسخە دەستنووسەکان، زانیاری دەربارەی نوسخە مەسیحییەکان و شتەکانی دی کە دەگەڕایەوە بۆ سەدەی پێنجەمی زایینیدا پەیداکرا.

ئەگەری هەیە کەوا دیواری بینای کێتبخانە کۆنەکان ژمارەیەکی دیاریکراو تاقی تێدا بووبێت کە بەدار و تەختە داپۆشراوە، جگە لەوەی کە ڕەفە و دەرگاکانیشی لە دار دروستکرابوون. پاشان کتێبەکان لە شوێنێکدا کە بە ئارمایا ناودەبرا[6]، دادەنران.

بەڵام ئەو کتێبخانەی کە لە بۆنە و چەژنەکاندا سوودیان لێ وەردەگیرا، و هەروەها کتێبی پاڕانەوە و چەندینی تر، بەشێکی گەورەی کتێبخانەکانی کڵێسایان داگیر دەکرد. زۆرجار ئەم کتێبانە بەجیا لەگەڵ چەند شتێکی تری پیرۆز و گرانبەهادا لە شوێنێکدا بەناو گەنجینەی پیرۆز[7] پارێزگارییان لێ دەکرا.

دوای ئەو پشێویانەی کە بەهۆی هێرشە دڕندانەییەکانی جێرمانییەکانەوە ڕووی دا، کاریگەری کڵێسا مەسیحییەکان، بەتایبەت کڵێسای ڕۆما، لەسەر جیهانی کتێب ڕووی لە فراوانی و زیادبوون کرد، تا ئەو جێگەیەی کە کڵێسا هەروەك کە لەدوای لێی دەدوێین، جگە لە ڕۆڵی سەرەکی خۆی، گرنگییەکی زۆری هەبوو لە پاراستنی بەشێکی زۆر لە ئەدەبیاتی کۆن، کە لە فەوتان بەهۆی شەڕ و ئاژاوە سیاسییەکانەوە ڕزگاری بووبوو و کڵێسا بەدرێژایی سەدەکانی ناوەڕاست فەرمانڕەوایی دونیای کتێبی دەکرد.

### کتێبخانەکانی بیزانس:

ژیاری یۆنانی کۆن کە بەهۆی جەنگەوە لە بەربەرەکانێ و لێواری لە ناوچووندا بوو، ئیمپراتۆری بیزانسی کردە پەناگا و پشتیوانێك بۆ خۆی. تاوەکو بەهۆیەوە لە وێرانی و لەناوچوون بپارێزرێت.

6- Armaria.
7- Scaristia.

### کتێبخانەکانی ئیمپراتۆری:

ئیمپراتۆر کۆستانتینی[٨] گەورە لە سەدەی چوارەمدا، هەروەك بتالیسەی پێش خۆی لە ئەسکەندەرییە، هەولێدا کە بیزانس پایتەختی رۆمی رۆژهەلات بکاتە سەنتەری شارستانی لەسەردەمی خۆیدا، تەنانەت بۆیە هۆی ئەوەی کە بەیارمەتی زانا یۆنانییەکان - پێش ئەوەی کە مەسیحییەکان دوای چەند ماوەیەك کتێبخانەی ئەسکەندەرییە بسوتێنن - کتێبخانەیەك دابمەزرێنن کە ئەدەبیاتی مەسیحی بە شێوەیەکی رێکوپێك لەوێدا کۆکرابوویەوە، هەرچەندە ئەم کارە نەبوویە رێگر بۆ ئەوەی برێکی زۆر لە کتێبە نائایینییەکان لەو کتێبخانەیەدا بوونی هەبێت.

دوای ئەوە، ماوەیەکی زۆری نەخایاند کە کتێبخانەکەیان بۆ ئەدەبیاتی غەیری مەسیحی لە رۆژگاری جولیانوسی هەڵگەڕاوەدا[٩] دروستکرد، کتێبخانەی ئیمپراتۆر کۆستانتین لە ساڵی **٤٧٦**ی زایینیدا سوتا، بەڵام پاش ماوەیەکی کەم دووبارە کتێبخانەکە نۆژەن کرایەوە. لە دوای ئەمەوە زانیاری تەواومان لەبەر دەست دا نییە لەسەر چارەنووسی ئەم کتێبخانەیە. لەگەڵ ئەمانەدا وا دەردەکەوێت کە تاوەکو جەنگەکانی خاچ پەرستی بەردەوام بووبێت، و بەشێکی هەتا کاتی دەست بەسەرداگرتنی موسڵمانە تورکەکان بەسەر قوستەنتیەدا لە ساڵی **١٤٥٣** مابوویەوە و دەگونجێت بووبێتە بەشێك لە کتێبخانەی پاشای یەکەمی عوسمانییەکان.

### کتێبخانەکانی کڵێساکان:

ئەو ئەکادیمیایەی کە قوستانتین لە بیزانس بونیادی نا، زانایان سەرگەرمی لێکۆڵینەوەو توێژینەوە بوون، هەروەك هەستان بەلەبەرگرتنەوەی ئەدەبیاتی کۆنی یۆنانی قەشەکانی بیزانسیش هەمان کاریان دەکرد و بەدرێژایی سەدەکانی ناوەڕاست کڵێساکان گۆڕابوو بۆ قەڵایەك بۆ فەرهەنگی یۆنانی. لە بەناوبانگترین ئەم کڵێسایانە. کڵێسای ستودیۆوم[١٠] بوو لە بیزانس کە لەوێدا قەشەی گەورە تیۆدۆر[١١] لەسەدەی نۆیەمدا یاسایەکی بۆ ژوورەکانی لەبەرگرتنەوەی کتێبخانەکان دانا. لە هەمانکاتدا نزیکەی بیست پەرستگا هەبوون لەنیمچە

8- Constantine, the Great.
9- Julian.. The Apostate
10- Studuim.
11- Theodore.



دوورگەی بچووکی ئاتۆس[١٢] لە کەناری رووباری ئیجەدا کە سەدەکانی (١٠ تا ١٥) زایینی سەردەمی گەشە و پێشکەوتنیان بوو. کڵێسای سانت کاترین لە دامێنی چیای سینادا هەروەك کڵێسا جۆراوجۆرەکانی تر خاوەنی کۆمەڵێکی گرانبەهای نوسخەی دەستنووس بوو.

کتێبخانەکانی ئەم کڵێسایانەی بیزانس و هەروەها کتێبخانەکانی خودی بیزانس، لەو هەوڵە شوێنەوارناسیانەی کە دۆستانی کتێبخانەکانی لەسەدەی راپەڕینی نوێی ئەورووپادا ئەنجامیاندا، بابەتێك بوو کەوا چەندین رازی خستە روو و چەندین نهێنی ئاشکرا کرد. سەرەڕای ئەوەی کە بەتێپەڕبوونی کات قەیران و دەرد و بەڵا بۆ کڵێساکان پێش دەهات و سەرەڕای ئەوەی کە هەتا رادەیەك هیچ شتێك لە کۆمەڵە کتێبخانە ئەسڵییەکاندا نەماوە، ئەمڕۆ بەهای ئەو پاشماوە کەمانەی کە ماونەتەوە لە ئاست ئەو گەنجینە گرانبەهایانەدان کە لە پاشماوەکانی سەدەکانی سەرەتادا (دەگەڕێنەوە بۆ سەدەکانی ناوەڕاست) ماوەتەوە. هەرچەندە بێگومان دەستکەوتنی ئەم پاشماوانە بۆ ئەو کەسانەی کە لە دەرەوەی کڵێسادا بوون دژواربووە[١٣].

لەنێو ئەو دۆزراوانەدا ئەو کارەی کە زانای زمانناسی ئەڵمانی تیشیندرۆف[١٤] پێی هەستا لەکڵێسای سانت کاترین لە ساڵی ١٨٤٤دا زۆر سەرنج راکێشە. ئەو توانی ٤٣ پەڕە لە نوسخەیەك کە دەگەڕایەوە بۆ سەردەمی کۆنی یۆنانی لە قەشەکانی کڵێسا بسەنێت پاش ئەوەی کە بڕیاری سوتاندنییان دابوو. و ئەمڕۆ ئەم پەڕانە لە زانکۆی لایپزیك دا پارێزراوە. هەروەها چەند ساڵ دواتر ئەم زانایە بەشێکی دیکەی ئەم نووسراوەی دەستکەوت. و هەروەها نوسخەیەکی تەواوی سەردەمانی نوێی دەستکەوت و بەدیاری ناردی بۆ قەیسەری روسی لە شاری سان پیترۆس بۆرگ[١٥] (لینیگرادی ئێستا). و ئەوەش نوسخەیەکی بەناوبانگی ئینجیلی ناسراو بە نوسراوی سینایە و[١٦] و هەروەها کۆنترین دەستنووسی یۆنانی سەدەی چوارەمی زایینییە. هەروەها لەبەر ئەوەی هەموو سەردەمی نوێ دەگرێتەخۆ نوسخەیەکی گرانبەها و نایابە.

12- Athos.

١٣- ئەم بابەتە نووسراوە. لەبەر ئەوەی لەوا دەستەی ئەمەریکای بەهاوکای زانکۆی ئەسکەندەرییە هەستن بەوێنەگرتنی ئەو نوسخە دەستنووسانەی کە لە پەرستگای سینادا هەن.

14- Tischendrof.
15- Saint- peterosbourg.
16-  (Codey) Sinaiticus.

**کتێبخانەی تاکەکەسییەکان (تایبەتییەکان):**

لەنێو زانایانی بیزانس کە دەیناسین، زانایەکە بەناوی فۆتیۆس[١٧] و لەسەدەی نۆیەمی زایینیدا دەژیا، لەفەهرستی کتێبەکانیدا بەناوی میریۆ بابیلون[١٨]، ناوەڕۆکی کۆمەڵەك کە (٢٨٠) کتێبی کۆن بوو لە هەمانکاتدا هی خۆی بوو باس کردووە بەم ڕێگەیەوە کورتەیەکی بەنرخی ئەدەبیاتی کۆنی بۆ ئێمە بەجێهێشتووە.

## شارستانیەتی ئیسلام کاریگەری لەسەر ڕۆژئاوا

**زیندووکردنەوەی ئەدەبیاتی یۆنانی:**

پەرۆشی و حەزکردن لە ئەدەبیاتی یۆنانی لەنێو نەتەوەیەکدا دەرکەوت کە بەتەواوی دووربوون لە جیهانی مەسیحییەت. دوای ئەوەی موسڵمانەکان ئیمپراتۆرییە گەورەکەیان دامەزراندا و دەستەڵاتیان گەیشتە ئیسپانیا، لە نێوان زانستی یۆنانی و زانستی ئیسلامیدا پەیوەندییەك دروست بوو کە چەندین بەرهەمی سوودبەخشی بەجێ هێشت.

**کتێبخانە ئیسلامییەکان لە ڕۆژهەڵاتی ئیسپانیادا:**

لەو کتێبخانە بەناوبانگانەی کە هارون ڕەشید و کوڕەکەی مەئمون دروستیان کرد لە بەغدا و هەروەها کتێبخانەی فاتمییەکان لە قاهیرە و، کتێبە یۆنانییەکانی تێدا کۆببوو. دەڵێن کتێبخانەی فاتمییەکان پێش ئەوەی تورکەکان لە ساڵی (١٠٦٨)دا وێرانی بکەن، سەد هەزار بەرگ کتێبی هەبووە. هەروەها بڕێکی زۆر نوسخە دەستنووسە یۆنانییەکان لە کتێبخانەیەك کە ئەمەوییەکان لە قورتوبە دروستیان کردبوو کۆکرابوویەوە، پێش ئەوەی کە مەنسور لە ساڵی ٩٧٨دا برووخێنێت، ژمارەیان دەگەیشتە شەش سەد هەزار بەرگ کتێب. لەم کتێبخانەدا بۆ وەرگێڕانی کتێبە یۆنانییەکان بۆ عەرەبی و هەروەها بۆ وەرگێڕان لە عەرەبییەوە بۆ لاتینی هەوڵێکی زۆر خرایەگەڕ. تەنها لەم ڕێگەیەوە بوو کە زاناکانی سەدەکانی ناوەڕاست زۆرێك لە

17- Photius.
18- Myriobiblon.



نووسەرە بەناوبانگەکانی سەردەمانی کۆنیان ناسی وەك ئەرەستۆ و سوقرات و جالینۆس و هەروەها تولیتە (تلیتلە) ناوەندی ئەم وەرگێڕانە بوو.

**موسڵمانەکان کاغەزیان هێنایە ڕۆژئاوا:**

لەبەرئەوەی جیهانی ئیسلام خاڵی دەستپێکردنی تەواوی ئەم چالاکییە فەرهەنگی و ئەدەبیاتە بوو لە بەرانبەر ڕۆژئاوادا پێشەنگ و پایە بڵندتر بوو، چونکە توانی لەسەر ماددەیەك بنووسن کە تا ئەوکاتە ئەورووپا ئەو ماددەیەی نەدەناسی، هۆکارەکانی ئەوەبوو کە لە ناوەڕاستی سەدەی حەوتەمی زایینیدا موسڵمانەکان لەگەڵ فارسەکان بەجەنگ هاتن و تاوەکو تورکەمەنستان پێشکەوتن، تا ئەوەی لەسەمەرقەند کاغەزیان پەیداکرد کە تا ئەوکاتە لێی بێئاگابوون.

سەمەرقەند ڕێگایەکی بازرگانی کۆن بوو و بەچینەوە بەسترابوو لەم ڕێگایەوە داهێنانی کاغەزی چینی گەیشتە ئێران، و لە ماوەیەکی کەمدا پیشەسازی کاغەز بەهەموو ئیمپراتۆرییەتی ئیسلامی دا بڵاوبوویەوە، ئەوەی لە سەردەمی هەشتەمی زایینی دا لە سەردەمی هارون الرشیددا کارخانەی دروستکردنی کاغەز لە بەغدا و شوێنەوارەکانی تر کرایەوە. لە سەدەی دەیەمدا پیشەسازی کاغەز گەیشتە وڵاتی میسر و دەڵێن عەرەبەکان کفنە مۆمیاکراوەکانی فیرعەونەکانیان بۆدروستکردنی کاغەزدا بەکارهێناوە. دوای ئەوەی کە موسڵمانەکان پیشەسازی کاغەز دروستکردنیان لەگەڵ خۆ بردە ئەندەلوس، لەسەدەی دوانزەیەمدا کاغەزسازی گەیشتە ئەورووپا و تلیتلەی گەورەترین ناوەندی ئەدەبی ئەورووپا، بەیەکەمین شارە ئەورووپاییەکان بوو کە کاغەزی دروستکرد.

# ئەورووپای کاسولیکی لەسەردەمی وێرانکاری بەربەرەکاندا

**کتێبخانەکانی کڵێساکانی کاسولیکی:**

دوای رووخانی ئیمپراتۆری رۆمانی و سەرکەوتنی مەسیحییەکان، کڵێسای کاسولیکی لەگەڵ گرۆ ئایینییەکان و رێکخراوە کڵێساییەکان درێژەیاندا بەکارە پەیوەندیدارەکان بەکتێبەوە.

**ئیتاڵیا:**

لەگرنگترین کەسە کتێب دۆستە ئیتاڵیاییەکان لەو سەردەمەدا (کاسیۆ دۆر)[19] بوو و بەکەسایەتییەکی هەڵکەوتووی ئەم سەردەمە دادەنرێت. ئەندامی یەکێکە لە بنەماڵە خانەدان و گەورەکانی رۆمی و لە کۆتایی سەدەی پێنجەم و سەرەتای سەدەی شەشەمدا دەژیا و لە دەزگای تیۆدۆریك[20] پاشای گۆتای[21] رۆژهەڵاتدا خزمەتی دەکرد و لەکاتی پیریدا لەکار دوورکەوتەوە.

لە باشووری ئیتاڵیا کڵێسایەکی بەناوی ڤیڤاریۆم[22] دروستکرد و وەك ئەکادیمیایەکی مەسیحی بوو. قەشەکان لەوێدا خواپەرستیان دەکرد، و ناوەرۆکە ئایینییەکانیان بۆ لێکۆڵینەوە دەخوێندنەوە، و یاخود ئەوانەیان دەنووسییەوە. بێگومان نووسراوە ئایینییەکان تەنها بەکتێبە پیرۆزەکان سنووردار نەکرابوو، بەڵکو کتێبە گشتییەکانی دیکەی یۆنانی و لاتینی دەگرتە خۆ و لەوێدا دەخوێنرایەوە.

19- Cassiodere.
20- Theodaric.
21- Gotha.
22- Vivaruum.



هەروەها لە سەدەی پێنجەمی زایینیدا لەکتێبخانەی پاپادا لە رۆما چەندین کتێبی تایبەتی ئەرشیفی پاپا کە لە کۆشکی لاتران[23] دابوو، کۆکرایەوە. هەرچەندە زانیاری تەواومان لەسەر ئەم کتێبخانە نییە.

**ناوچەی گاول:**[24]

چالاکییەکانی کتێبخانەکان لە سەدەکانی ناوەڕاستدا تەنها لە ئیتاڵیادا نەبوو، بەڵکو لە دەرەوەی ئەمشیدا هەبووە. بەڵگە دەستکەوتووەکە ئەوە نیشان دەدات کە خەڵکانی ئەو سەردەمە تەنانەت لەو قۆناغی ئاڵۆز و ناهەمواردا گرنگییان بەئەدەبیات دەدا بەتایبەت پیاوانی گەورەی کڵێسا و دەستەڵاتدارە و نائایینییەکان. سیروان ئاپۆلێنێر[25] زانیاری گشتیگیری دەربارەی چەند کتێبخانەیەك لەسەردەمی هێرشی ئاتیلاد[26] لە باشووری گاول هەبووە، و لە نامەکانی خۆیدا بۆ ئێمەی بەجێهێشتووە بەتایبەتی لە کتێبەکەیدا ئاماژە بە زنجیرەیەك کتێبی جوان دەکات، کە فەرمانڕەوای رۆمی تونانیتۆس فریولوس[27] خاوەنی بووە. لە خێوەتگا گونمییەکەی خۆیدا بەناوی ڤیلاپرۆسینا[28] لە دەوروبەری شاری نیم[29]دا هەڵیگرتبوو.

بەبۆچوونی ئەم مێژوونووسە لەنێو کتێبخانە رۆمییەکاندا کتێبخانەیەکی باشتر لەو کتێبخانەیە نەبووە. لەگەڵ هەموو ئەمانەدا بەهۆی داگیرکردنی وڵاتی گاول لەلایەن فرانکەکانەوە رووخانی شارستانییەتەکەیان دەستی پێکرد ئەم رووخانە تا کۆتایی سەدەی شەشەم درێژەی کێشا، واتە بەنزیکەی لە هەمان ئەوکاتەدا کە ئیسی دۆر[30] قەشەی زانای ئیشبیلییە کتێبخانە بەنرخەکەی لەوێدا کۆکردەوە.

23- Latran.
24- Gaul.
25- Sidione Apollinaire.
26- Ahila.
27- Tonuntius Ferreolus.
28- Villa prusiona.
29- Nimes
30- Isidore.

# چالاكیی قەشەكان لە بواری كتێبدا

## زیندووكردنەوەی كەلتوورە كلاسیكییەكان لەلایەن قەشەكانی بێندیكتیانەوە:[31]

چالاكی قەشەكانی بێندیكتی لە زەمینەی كتێبدا زیاتر بوو لە چالاكی قەشەكانی دەزگاكانی تر، تا ئەو جێیەی كە قەشە سان بێندیكت لە ساڵی ٥٢٨ی زایینیدا لە ئیتاڵیا كڵێسای مۆنت كاسنیۆی[32] دامەزراند. بۆ قەشەكان، لەو جێگایەدا یاسایەكی دانا كە زۆر جەخت دەكات لەسەر خوێندنەوەی كتێب و ناوەڕۆكە ئایینییەكان و دەبوو هەمووكاتی دەست بەتاڵییان بەخوێندنەوە و بەسەر بەرن و تەنانەت هەندێ لە قەشە پیرەكانی كردە بەرپرسی جێبەجێكردنی ئەم یاسایانە.

سان بێندیكت گرنگییەكی تایبەتی بە ئەدەبیاتی ئایینی دەدا، كاتێك ماورۆس[33] قوتابی - سان بێندیكت[34] كڵێسایەكی لە شاری سان ماورۆسۆرلوار[35] لە وڵاتی گاولدا بیناكرد، بێندیكت ئەدەبیاتی كلاسیكی فێربوو، هاوكات لەگەڵ ئەمەدا، ئەو كتێبە ئایینییانەی لە كڵێسا جۆربەجۆرەكانی بێندیكیتیدا هەبوو هەستا بە لەبەرگرتنەوەی ئەو كتێبانە و لە نیوەی دووەمی سەدەی شەشەمدا هێدی هێدی ژمارەیان لە ئەورووپادا زیادی كرد.

پەرۆشی قەشەكان بۆ ئەدەبیاتی كۆن و لەبەرگرتنەوەی ئەو ناوەڕۆكانە. بەڵگەی حەزلێكردنی ئەدەبیات نەبووە، بەڵكو پەیوەندی بەپێویستی فێربوونی زمانی لاتینییەوە هەبووە، چونكە ئەوان بۆ ئەوەی ئەدەبیاتی كلاسیك بخوێنن ژیاری لاتینی فێربن روویان كردە ئەدەبیاتە كۆنەكان كە تەنها فاكتەری گشتی بوو بۆ ئامانجە تایبەتییەكانیان. بەم جۆرە فەرهەنگ و رووناكبیری دەوڵەت گەشەی كرد. جگە لەلایەنە ئایینییە بەهێزەكانی خۆیان، پەیوەندییان بەژیانی رۆحی سەدە كۆنەكانەوە پاراست. ئەگەر كاریگەری ئەو شارستانییە كۆنە تاوەكو ئەمرۆ ماوەتەوە، بەپلەی یەكەم دەگەڕێتەوە بۆ كڵێسای كاسۆلیكی.

31- Bendictines.
32- Monte Cassino.
33- Maurus.
34- Benedict.
35- Saint- Maur Surloire.



## بڵاوبوونەوەی دەستە بانگەوازەكەرە سڵتیكییەكان:

سەرەڕای بوونی ناوەندی جۆربەجۆری شارستانی كۆن چالاكی قەشە ئێرلەندییەكان دیار و ئاشكرابوو. بەو پێیەی كە ئێرلەندا لە سەرەتای سەدەكانی ناوەڕاستدا زیاد لەهەر شوێنێكی دی پەناگەیەكی گونجاوبوو بۆ ژیاری كلاسیكی، لەبەرئەوە ئەم ناوچەیە گەشەیەكی تایبەتی بەخۆوەدی.

لە سەدەی پێنجەمدا ئێرلەندا بەهۆی قەشە ((سان پاتریك[36]))ەوە بەرەو مەسیحی گۆڕان و هێندەی نەخایاند كە قەشەكانی ئێرلەندای باشوور بە پەرۆش و حەزێكی زۆرەوە هەستان بەلێكۆڵینەوەی نوسخە دەستنووسە كۆنەكان بەتایبەت ئەدەبیاتی یۆنانی كۆن. شێوازێكی دیاری كراویان بۆ نووسین بەكارهێنا كە تایبەت بووبەخۆیان و دوایی باس لێ دەكەین.

لەمەش زیاتر قەشە ئێرلەندییەكان ناسرابوون بەحەز و پەرۆشی بانگەوازكەران و مژدەدەرەكانیان.

ئەوان لە ماوەیەكی كورتدا (ساڵی ٥٨٠ز) قەشەی بەناوبانگی ئێرلەندی سان كۆلۆمبان[37]یان نارد بۆ ئینگلتەرا و كیشوەری ئەوروپا. ئەم پیاوە و دوانزە قەشەی دی لە دروستكردنی یەكەمین كڵێسای لە ناوچەی گاولدا بەناوی كڵێسای لۆكسوی[38] بەشدارییان كرد. چەندین نوسخەی دەستنووسیان كە تۆوی یەكەمی كتێبخانەی كڵێسا بوو، كۆكردەوە. بەجۆرێك كە ئەم شارە بۆ ماوەی زیاتر لە سەدەیەك گرنگترین رۆحی ژیانی فەڕەنسابوو.

پاشان هەر سان كۆلۆمبان كڵێسایەكی دیكەی بەناوی بۆبیۆ[39] لە ئیتاڵیا دروست كرد كە ناوبانگی لەوەی پێشووتر كەمتر نەبوو. هەروەها شێوازی نووسینی تایبەتی ئێرلەندی لە ناوەندەكانی دەرەوەی كڵێساوە گواستەوە بۆ ناو كڵێساكان.

هەروەها قەشەكانی دیكەی بێندیكتی وەك گالوس[40]، لە سویسرا كڵێسای سان گال[41]ی دروستكرد كە تاوەكو ئەمرۆش هەر ماوە و پاش ماوەیەكی كەم ناوبانگی ئەم كتێبخانەیە بەهەموو شوێنێك گەشت.

36- Sain – Patrick.
37- Sain – Colomban.
38- Luxeuil.
39- Bobbio.
40- Gallus.
41- Saint – Gall.

## بانگەوازکەرە گەورەکانی ئینگلیز:

قەشە ئێرلەندییەکان، هاوکات لەگەڵ چالاکی یەکەمین نێردراوەکانی پاپا بۆ ئینگلتەرا، کاریگەرییەکی گەورەی لەو ناوچەدا بەجێهێشت. بەڵام بەهۆی کاریگەری پشێویی و ناهەمواری هێرشی ڤاکینگەکان[٤٢]، تەنها چەند کتێبخانەیەکی کڵێسای نەبێت هیچی دیکە نەماوەتەوە.

بەناوبانگترین کەسانی کڵێسای ئینگلیزی لەو سەردەمەدا ((بێد [٤٣]))ە کە مێژووی کڵێساکانی نووسییەوە و هەروەها قەشە بێندیکت چەندەها جار بۆ کۆکردنەوەی کتێب، سەفەری کرد بۆ دوماست. هەروەها قەشە بونیفاس[٤٤] رۆیشتە ئەڵمانیا و دەستی کرد بەبانگەواز بۆ مەسیحییەت.

دوای ماوەیەك، لەنێو ئەو کڵێسایانەی لەم سەرزەوییانەدا دروستکرا. کتێبخانەیەکی بەناوبانگ زیادکرا بۆ کڵێسای فولدا[٤٥]. یەکێك لە قوتابییەکانی بێر بەناوی ئیجبێرت[٤٦] بوو بەقەشەی کڵێسای یۆرك[٤٧] و لەوێدا کتێبخانەیەکی دروستکرد کە لە دوایدا ئالکوین[٤٨] پێش ئەوەی کۆچ بکات بۆ ئەورووپا. بوو بەبەڕێوەبەری ئەو کتێبخانەیە. ئەم بابەتە لە دواییدا کەوتە ژێر لێکۆڵینەوە.

## فراوانبوونی کێتبخانە و کڵێساکان:

پەیدابوونی کڵێسای لوکسوی بوو بەهۆی دروستبوونی کڵێسایەکی دیکە، لە شاری کۆرپی[٤٩] لە پارێزگای بیکاردی. هەروەها دامەزراندنی کڵێسای سکسۆنی لە شاری کۆرڤێی[٥٠]، کە کتێبخانەیەکی تایبەتی هەبوو. مێژوونووسی ئەڵمانی وێدۆکانید[٥١] ئەم مێژووەی بەسەدەی دەیەمی زایینی لە قەڵەمدا.

42- Vikings.
43- Bede.
44- Sait – Boniface.
45- Fulda.
46- Egbert.
47- York.
48- Alcuin.
49- Coibie.
50- Korvey.
51- Widukind.



بەهەمان شێوە دەتوانین چەندین نموونەی تر بهێنینەوە کە زیادبوونی کڵێساکان یەك لە دوای یەك لەم سەردەمەدا نیشان دەدات، بەجۆرێك دەتوانرێت بەدانە پاڵی کڵێساکان بەهۆزە جۆراوجۆرەکانی قەشەکان، چەندین نەخشە بکێشین. هەریەك لە کڵێسا لاوەکییەکان لەکڵێسای دایکەوە (سەرەکی) کۆمەڵە نوسخەیەکی دەستنووسی وەك نەمامی یەکەم بۆ کتێبخانەکانی ئایندە وەردەگرت.

## نوسخە دەستنووسەکانی پێش سەردەمی چارلمان – پێشکەوتنی نووسین

پلە بەپلە بەهۆی پێشکەوتنی فەرهەنگی زانستی لە کڵێساکان، نووسینی (لاتین)یش گۆڕانکاری بەسەرداهات، ئەم فەرهەنگە لەبەرئەوەی لاتینی یەك ئامرازێکی بەنرخ و ئەدەبیاتی لاتینی وەك زەمینەیەکی تایبەت بۆ لێکۆڵینەوە هەڵبژاردبوو، گەشەیەکی بەرچاوی بەخۆیەوە دی.

## نووسینی ئیتالیك یان لاری لاتینی و جۆرەکانی:

سەرەتا نووسینێکی خوارەوەبوو (مایل) دەبینین لە سەدەکانی سەرەتای زایینیدا، کە شان بەشانی ئەو نووسینانەی کە پیتی گەورە و پیتی شێوە بازنەییان هەبوو وەك پێشتر باسمان کرد کاری پێدەکرا.

سوود وەرگرتن لەم نووسینە مایلە لە رۆمانی کۆندا باوبوو، و دەتوانرێت بوترێت کە پیتی بچووکی لەخۆ دەگرت و ئەمەش پێچەوانەی ئەو جۆرە نووسینانەی دیکە بوو. کە لە پێشەوە لێی دواین کە تەنها لە پیتی گەورە پێك هاتبوو.

چەند نوسخەیەکی دەستنووس لە کۆنترین قوتابخانە خۆشنووسەکانی فەرەنسامان لەبەر دەستدایە. ئەم قوتابخانەیە لەبەرگرتنەوەی تیا ئەنجامدراوە پەیڕەوی کڵێسای کاتدرال لیون[٥٢] بووە. نوسخە نووسراوەکان دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمێکی دووردرێژ لە سەدەی پێنجەم تا سەدەی هەشتەمی زایینی و زۆربەیان لە شێوازی نووسینی بازنەیی دایە.

لە سەرەتای سەدەی شەشەمەوە نووسینی ئیتالیك بەپیتە بچووکەکانییەوە، لەکات و شوێنی جیاوازدا و بەشێوەی پەرتەوازە بەرچاو دەکەون. هەندێ کات دوو یان سێ شێوەی نووسین لەیەك

52- lyon.

نووسراودا لە پاڵ یەکتریدا دەبینین. زۆری نەخایاند ئەم جۆرە نووسینە هێدی هێدی کەوتە ناو کتێبەکانی سەرەتای سەدەکانی ناوەڕاست، تا ئەو جێیەی لە کڵێسا جۆربەجۆرەکاندا، بەشێوە و شێوازێك بەکاردەهێنرا کە پێناسی گەل و نەتەوە جۆربەجۆرەکان بوو.

لەوانە نووسینی ئیتالیایی، چونکە نووسراوەکان بە شێوەیەکی فراوان لە کڵێسای بۆبیۆوە[٥٣] دەردەکرا، بەرزتر و گرنگتر بوو لە نووسینەکانی دی.

لە سەدەی دەیەم و یانزەهەمدا، بەنووسینی بێنیڤانتان[٥٤] ناسرا. هەروەها نووسینی گۆتێی رۆژئاوایی کە تا سەدەی دوانزەیەم لە ئیسپانیادا کاری پێدەکرا، هەروەها نووسینی مێرۆڤینژیان[٥٥] کە بەهۆی سوود لێ وەرگرتن لە نامەی پاشاکانی مێرۆڤێنژیدا بەم ناوە ناسرا.

ئەم نووسینە بەتایبەت لە نوسخە نووسراوەکانی لوکسوی و کوربی دا بەرچاو دەکەوت.

**نووسینی ئیرلەندی:**

جۆرێکی دیکەی نووسین زیادی کردە سەر ئەو سێ جۆرەی دیکەی نووسین، کە زیاتر لایەنی نەتەوەیی هەبوو. هەروەك پێشتر باسی لێکرا. ئەم نووسینە نووسینی ئیرلەندی، سکسونی یان دورگەی بوو، چونکە لە دورگەکانی ئیرلەنداوە بۆ ئینگلتەرا هاتووە و بەم ناوە ناوبانگ دەرکردووە.

نووسینی ئیرلەندی بەپێچەوانەی نووسینەکانی ترەوە لە نووسینی خێرایی لاتینییەوە هەڵنەهێنجراو، بەڵکو لە نووسینێکی دیکەی لاتینییەوە هەڵهێنجراوە، مەبەستمان نووسینی نیمچە بازنەییە کە لە وشەی پان و شێوە بازنی پێکهاتووەو زۆری نەخایاند کە قەشە ئیرلەندییەکان گۆڕییان بۆ نووسینێك کە پیتی بچووك و نزیکی لە یەك و گۆشەداری لە خۆگرتووە و لەوکاتەدا هەندێ لەرەگەزەکانی ((پیتی رۆنی))[٥٦] یان کە تا ئەوساتەی بەربڵاوبوو، بەکارهێنرا. ئەم جۆرە نووسینانە یان لەکاتی گەشتەکانی بانگەواز کردندا دەیانگواستە لەگەڵ

53- Bobbio.
54- Beneventan.
55- Merovingian.

(٥٦) پیتی رۆنی (Rhone) ناوی ئەلف و بێ یەکە نەتەوەکانی جێرمەن لە جۆرێك لە نووسینی یۆنانییەوە دەریان هێنابوو. بۆ هەڵکۆڵین لەسەر دار بەکاردەهێنرا.



خۆیاندا. تا ئەوەی کە هەموو ئەو کڵێسایانەی کە قەشە ئیرلەندییەکان بەناوی بوو بویۆ و لۆکسوی سانت گاول بونیادیان نابوو. ئەم جۆرە نووسینە بەکارهێنرا و بڵاوبوویەوە.

**وشە کورتکراوەکان لە نووسیندا:**

بەکارهێنانی وشە کورتکراوەکان لە هەموو شێوازێکی نووسیندا لەو تایبەتمەندییانە بوو، کە بە شێوەیەکی گشتی رەواجی پەیداکردبوو. سوود لێ وەرگرتنی لەسەردەمانی کۆندا بۆ ئەو وشانەبوو کە زۆر دووبارە دەبوویەوە و بەزەقی ئەم دیاردەیە دەبینرا. بەڵام لەنووسینەکانی سەدەی ناوەڕاستدا، بەکارهێنانی وشە کورتکراوەکان سەرەتا لە کتێبە پیرۆزەکانەوە و سەرچاوەی گرت و پاشان لە کتێبە نائاینییەکاندا سوودی لێوەرگیرا. لە ماوەی سەدەکانی دوانزەیەم تا چواردەیەمی زایینی، بەکارهێنانی وشە کورتکراوەکان لایەنی گشتی لەخۆگرتبوو پاشان بەکارهێنانی وشە کورتکراوەکان بووە نەریتێکی باو.

لە سەرەتای کاردا شێوەکانی وشە کورتکراوەکان جیاوازبوو بۆ نموونە ئەم وشە کورتکراوانە وەردەگیرا لە نووسینی ئیرلەندی دورگەییەوە، کە کورتکراوەی نووسینی تایبەتی تیا بەکاردەهێنرا - بەڵام لە دوای دا شێوازی کورتکراوەیی نووسینی جێگر و یەکسان بوو. لە سەرەتادا ناسینەوەی زاراوەکان و جیاکردنەوەی هەندێکیان لە هەندێکی تریان پێویستی بەفێربوونی دووردرێژ هەبوو، و نووسەرەکان چەندین فەرهەنگی تەواویان بۆ ناساندنی ئەم کورتکراوانە و واتاکانی دانا. کورتکراوەی نووسین لە سەرەتادا بەلابردنی هەندێ پیتی دەستی پێکرد، و تەنها هەندێك پیتی وشەکە لە جێی تەواوی وشەکە دەنووسرا و ئەمانەش چەندین نموونەیەکن لەسەر ئەمە:

خوا ds –deus

پیاو dns – dominus

قەشە epc - eiscopus

هەروەها لە نووسراوەکانی کڵێسادا هەندێك شێوازی کورتکردنەوە بەکاردەهێنرا کە وشەیەکی دیاریکراوی دەنواند. تەنها بۆ کورتکردنەوە و لابردنی وشە یان پیتی زیادە نەبوو، هەرچەندە لە دوایدا بۆ ئەم مەبەستە سوودی لێ وەرگیرا.

هەروەها هاوشان لەگەڵ پیتە لابراوەکەدا چەند هێمایەکی دیاریکراو دادەنرا، بۆ ناسینەوەی ئەو وشانەی کە زۆر دووبارە دەبوویەوە. ئەو هێمایانە بەو هێما کورتکراوانە دەچێت کە ئێستاش بوونیان هەیە. سەرچاوەی ئەم نووسینە. نووسراوە کۆنەکانە لە یاسای ڕۆمیدا داو لە نموونەی ئەمانە:

لە ئەو یان لەموڵکی ئەو    ∋ = ejvs

وە    7= et

بۆ    P = pro

بەدرێژایی بەهۆی F = per

جگە لەمانە جۆرێکی کورتکردنەوەی دیکە هەیە کە بەناوی (نووسینی فوقانی)یەوە بەناوبانگە، بەو مانایەی کە کۆتایی وشە لابراوەکە و پیتێکی سەرو بەشی یەکەمی وشەکە دەنووسرا.

**کاری قەشە لەبەرگرەوەکان:**

قەشە بۆ لەبەرگرتنەوەی یەکێك لە نووسراوەکان، سەرەتا کاغەزەکەی بەهۆی چەقۆو ڕاستەوە دەبڕی. لە لاتینیدا بەم کارەیان دەگوت کوادراتیو(٥٧) بەواتای چوارگۆشە کردن. پاشان کاغەزەکەی ئاوەڵا دەکرد و لە دواییدا لە کەناری کاغەزەکەوە چەند کونێکی بچووك بەهۆی پڕگارەوە دروست دەکرد و ئەندازەی نێوان هێڵەکانی پێ دیاری دەکرد و پاشان کاغەزەکەی هێڵکاری دەکرد.

هێڵکاری یان بەهۆی قەڵەمی فەرەنسی یان بەهۆی مەرەکەبی سورەوە دەکرا، بەڵام دوای چەند ماوەیەك پێنووسی مسی زەرد جێگەی گرتەوە. کاتی نووسین، نووسەر لە شوێنێکدا دادەنیشت و دوو جێی مەرەکەبی بەکاردەهێنا، یەکێکیان بۆ مەرەکەبی سور و ئەوی دی بۆ مەرەکەبی ڕەش، پاشان بەهۆی پەڕی مراوی یان بەردێکی تایبەت دەستی بە نووسینی دەکرد.

57- Quadratio.



**ناونیشان و سەرباسەکان:**

دوای تەواوبوونی کاری لەبەرگرتنەوە، نووسەر لەکۆتاییدا چەند هێڵێکی بەجێ دەهێشت. کە ناونیشانی کتێبەکە یان پێناسی کتێبەکەی لەخۆ دەگرت(٥٨). ئەم نووسینە زۆرجار بەدەستەواژەی ئێکسپلیسیتۆس(٥٩) یان ئیکسیلیسیت(٦٠) کە ماناکەی (کۆتایی)ە، دەستی پێکرد. ئەمکارە، بیری ئەو ڕۆژگارانەمان دەکاتەوە کە نووسراوەکان هەمیشە لە شێوەی تۆماردا بوون. هەروەها لە سەرەتای نووسینەکەشدا ، بەدەستەواژەی هیك ئینسیپیت(٦١) کە واتای (لێرەوە دەست پێدەکات)ە. دەست پێدەکات. پاشان بەدوای ئەم دەستەواژەدا، ناوەڕۆکی باسەکە دێت، زۆرکات لە کۆتایی نووسینەکەدا جگە لەناوی ئەو کەسە کە نووسینەکەی بۆ نووسەر لەبەرگرتووەتەوە، کات و ناوی ئەو شوێنەشی کە نووسینەکانی تیادا کۆتایی پێهاتووە دەنووسێ.

لەگەڵ هەموو ئەمانەدا نەیدەتوانی ناوی خۆی لەکۆتاییدا بهێنێت کە خۆی بەنەوەکانی داهاتووی بناسێنێت. پاش ئەوە کە کتێب کاری نووسینی تەواو دەبوو، خۆشنووس، ناونیشان و سەرباسەکانی دەنووسی. ناونیشانی بەشەکان بەسوری تۆخ دەنووسرا و پیتی یەکەمی هەر ڕستەیەك بەڕەنگی سوری کاڵ دەنووسرا.

**ڕازاندنەوەی نوسخە دەستنووسەکان:**

زانیمان کە لە نوسخە دەستنووسە کۆنەکاندا لە سەرەتای(٦٢) وشەکاندا، پیتی گەورە(٦٣) (capital) بەکاردەهێنرا، لە نووسینەکانی کڵێسادا ئەم پیتانە ڕۆڵێکی گرنگیان گێڕاوە.

58- Colophon.
59- Explicitus.
60- Explicit.
61- Hic incipit.
62- Initials.
63- Capitals.

## میناتۆرەکان[٦٤]

ئەم وشانە لەناونیشانی رستەکان یان بەشەکاندا، بەرەنگێکی سور کە لەماددەی مینیۆم ((ئۆکسیدی جیوە)) دروستکرابوو دەنووسرا، پاشان هێدی هێدی پێشکەوت و تا ئەوەی کە بەچەند کەوانەیەکی ستونی دەرازێنراوە. دواجار بەچەندین جوانکاری هونەری تایبەت دەرازێنرانەوە. لەبەر بەکارهێنانی بەربلاوی ناوی لێنرا میناتۆر. ئەم وشەیە لە وشەی مینیۆم[٦٥]ی لاتینییەوە وەرگیراوە و واتاکەشی بریتییە لە بەکارهێنانی رەنگی سور.

لە پاڵ رەنگی سووردا، بەکارهێنانی رەنگی مۆری کاڵیش زیادی کرد. لەبەرئەوە لە نووسینە بەنرخەکاندا، پیتی ئالتونی و زیوی بەکاردەهێنرا. لەم رووە ئەو کەسانەی کە نووسینەکانیان کۆپی دەکرد بەئالتونی و زیوین بەوە سەرقاڵی ئەم کارەبوون بە (زێڕگەر کریسۆگراف[٦٦]- ناودەبران. بەکارهێنانی ئالتۆن لە جیاکەرەوەکانی هونەری کتێب و رازاندنەوەی (کتێبی ئارایی) بیزانسی بوو. سەرەڕای ئەوەی کە بە شێوەیەکی گشتی نیشانێکی رۆژهەڵاتی هەبوو، چونکە هەندێ رەنگی تری وەك ئەرخەوانی و رەنگی لێڵ و تۆخی هەبوو.

لەو نموونە بەناوبانگانەی کە رەنگی ئەرخەوانی هەیە و بەپیتی ئالتونی و زیوی نووسراوە، نوسخەیەکی دەستنووسە بەناوەی نووسینی زیوین (کۆدکس ئارجێنتۆس)[٦٧] و هێشتا لەکتێبخانەی زانکۆی ئۆپسالی[٦٨] سوید پارێزگاری لێدەکرێت. ئەم نوسخەیە وەرگێڕانی تەوراتە و لەسەدەی چوارەمی زاییندا قەشە ئالفیلا[٦٩] نووسیویێتی و لە دوای دا و لە سەدەی شەشەمدا لە ئیتالیا کاری لەبەرگرتنەوەی (کۆپی کردن) بۆ ئەنجام دراوە.

بەتێڕامان لەو بابەتەی سەرەوە، کتێب رازاندنەوەی (کتێبەی ئارایی) بیزانسی لە سەدەی نۆیەم و دەیەمدا کاریگەری هەبووە، لەسەر (کتێبی) ئارایی ئەورووپی. ئەم کاریگەرییەی لە تەوراتی چارکی کەچەڵدا[٧٠] کە تائێستاش لەکتێبخانەی (میللی) نێودەوڵەتی پاریسدا بەئاشکرا دیارە. بەڵام زۆری نەخایاند کە ئەم کاریگەرییە بەدرێژایی سەدەی یازدەهەم بەرەو نەمان چوو.

64- Miniatures.
65- Minium.
66- Chrysographs.
67- Codex Argenteus.
68- Upsal.
69- Alfila.
70- Charls Bolt.



## رەنگرێژکردنی میناتۆرەکان:[٧١]

ئاساییە کە نوسخە کۆنەکانی سەدەکانی ناوەڕاست لەڕووی گرنگی هونەری و پسپۆری لەدروستکردندا یەکسان نین. چونکە ژمارەیەکی زۆریان لە رازاندنەوەدا گرنگیان پێ نەدراوە، جگە لەمانە، بەئاشکرا دیارە کەوا لە دروستکردنیشیدا کەمتەرخەمییان کردووە. بەڵام هەرچەندە لە سەدەکانی ناوەڕاستەوە بەرەو پێش دەچین. جوانکارییەکان پێشکەوتنی زیاتری بەخۆوە دیوە و پاش ماوەیەکی کورت ژمارەی رەنگەکانی زیادی کردووە و رەنگی خۆڵەمێشی و زەرد، لە پاڵ رەنگی سوردا بەکارهێنراون. لە سەدەی دوازەیەمشیدا رەنگی سەوزیش بەکارهاتووە. رازاندنەوە و جوانکارییەکان تەنها تایبەت نەبووە بەپیتە گەورەکان.

ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە تەنها وێنەی تەواوی ناوەوەی ئەم وشانە نەکێشراوە، بەڵکو هەموو پەرەکان رازاندنەوەیان وێنەی دیمەنە میناتۆرەکانی[٧٢] گرتووەتەخۆ. لەگەڵ ئەمانەشدا نووسینەکان بەجوانی رازێنراوەتەوە. دواجار لە پاڵ رەنگەکاندا گەڵای تەنکی ئالتونی هەبوو کە بۆ جۆرێك لە رازاندنەوە بەکاردەهێنرا. ئەگەر ناوەڕۆکەکە بەدووستون نووسرابانە هەروەك لە زۆربەی نووسینەکاندا بڵاوبوو، بواری رازاندنەوە زیاتر لە شێوە چوارگۆشەییەکاندا بوو.

## هونەرکارە رازێنەرەوەکان:

بەکورتی دەتوانرێت بوترێت ئەو قەشەی کە ناوەڕۆکەکەی دەنووسی، خۆی پیت یان وێنە و شێوەکانی نەدەکێشا، بەڵکو زۆر کات هەندێ جێگەی پێویستی بۆ نووسینی ئەو پیتە جوانکارییانە بەجێ دەهێشت، لە پەراوێزەکاندا بەنووسینێکی درێژ کە کوژاندەوەی ئاسان بوو، هەندێ رستە کە دەربارەی ناوەڕۆکی وێنەکە دەدوا، دەنووسی.

دوای ئەو، وێنەکێش کارەکەی بەهۆی تابلۆ و فڵچەوە دەست پێدەکرد، وێنەکێش سەرەتا بەهۆی پەڕی باڵندەوە دەستی دەکرد بەهێڵکاری بۆ دروستکردنی نەخشەیەکی دڵخواز هێڵی بەرز و درێژی دەکێشا و ئەم کارەش پێش ئەوەی کە شێوەکە بەئالتۆن و رەنگەکانی دیکە بڕازێنرێتەوە، ئەنجام دەدرا.

71- illuminate
72-.illumination.

دەتوانرێت بوترێت هەموو جوانکاری سەردەمە سەرەتاییەکانی سەدەکانی ناوەڕاست لەهونەری رازاندنەوە نزیکتربوو تاەکو وێنەکێشان، چونکە لە نێو ئەواندا چەندین چوارچێوە دەبینین کە بەدەوری ناوەڕۆك و وێنە گەورەکاندا دانراون کە هەندێ جار لە شێوەی بازنەی خەیاڵی و تێکەڵدان. بەجۆرێك کە شوێنە بۆشاییەکانی ئەم لاولای کاغەزەکە داگیردەکات، زۆرکات لەگەڵ ناوەڕۆکدا چەند شێوەیەك هەبوون کە کاریگەری جوانکاری زۆری هەبووە. ئەمەش لەکاتێکدا دەکرا کە وێنەی ئاژەڵی کێوی و گەشتە خەیالاوییەکان[٧٣] بکێشرایە، هەموو ئەم وێنانەش لەسەر بنەمای خەیاڵ دەکێشران.

ئەوەی کە باسمان کرد دەچەسپێت بەسەر نووسراوەکانی قەشە ئیرلەندییەکاندا، کە نەك تەنها بەهۆی نووسینەکانیان، بەڵکو لەبەر ماهییەتی سەرنج راکێشی ئەو نووسراوانە ناوبانگی تایبەتیان هەبوو، هەروەها بەهۆی شێوازی سیلتێکی[٧٤] کە لە وشە رازێنراوە گەورە[٧٥] و شێوە چوارگۆشە و پەراوێزە خاڵدارەکاندا وێنەی ئاژەڵانی خەیاڵییان تێدا دەکێشا، هونەرەکەیان زۆر نایاب بووە. بەڵام لە باشووری ئینگلتەرا لەسەدەی دەیەم و یازدەیەمی زایینیدا هونەری کتێبئارایی بە چەند جیاکەرەوەیەکی وەك شێوە چوارگۆشە هونەرییەکان کە وێنەی گەڵای درەختیان تێداکێشاوە، ناوبانگی دەرکردووە.

هونەری جوانکاری و رازاندنەوە لەنێو نەتەوەکانی دیکەدا، بەشێواز و ماهییەتی تایبەتی خۆیان بەرێوەچووە.

لە کتێبی دەستوورە ئایینی و پاڕانەوە و سروودەکاندا، هونەری وێنەکێشان لەو نوسخە دەستنووسە زۆر پیرۆزانەدا لەوپەڕی جوانیدا دەردەکەوێت، ئەوەی سەرنج رادەکێشێت، مانەوەی رەنگەکانە بەجوانی تاوەکو رۆژگاری ئەمڕۆمان. ئەم رەنگانە بەجۆرێك پاراو و جوان و گەشاوەیە دەڵێی تازە وێنەکێشراون.

---

73- Apocalypse.
74- Celtic.
75- initials.



# سەردەمی چارلیمان[٧٦]

**کۆششی چارلیمان بۆ پڕکردنەوەی ژیانی عەقڵی:**

ئەو گۆڕانکارییەی کە چارلیمان لەسەدەی هەشتەمدا بەدی هێنا، بەبەراورد لەگەڵ هەموو لایەنەکانی ژیانی ئەدەبیدا کارێکی گرنگ بوو. زاناکانی دەرەوەی وڵاتی خۆی لەکۆشکەکەدا کۆکردەوە. تا نوری زانست و فەرهەنگ لەنێو نەتەوەکەیدا بڵاوبکاتەوە. لە نموونەی ئەو زانایانە پول دیاکر[٧٧] لە ئیتاڵیا و ئالکوین قوتابی ئەجبێرت لە پارێزگای یۆرك کە دەکەوێتە نۆرسەمبرلاند[٧٨]. چارلیمان چەندین بینا و یادگاری زیندوو و کڵێسای سان مارتن[٧٩] لە شاری تۆرس[٨٠]ی لە دوای خۆی بەجێهێشت. بۆ نموونە ئەو قوتابخانەیەی کە لەوێ دروستی کرد بویە سەرمەشقێك بۆ زۆرێك لە کڵێسا و پەرستگاکان. لەنێو قوتابییەکانی ئالکویندا کەسێك بەناوی رۆبان ماور[٨١] کتێبخانەی کڵێسای فولدای[٨٢] بونیاد نا. هەروەها چارلیمان لەکۆشکەکەیدا لە ئێکس لاشا پێل[٨٣] دەستەیەکی گەورەی لە کتێب لەبەرگرەوەکانی دامەزراند و لەوێ را کتێبخانەیەکی دروست کرد، ئەرکی ئەو زانایانەی کە لە کۆشکەکەی دابوون. بڵاوکردنەوەی ئەدەبیاتی کلاسیکی بوو، هەروەها لێکۆڵینەوە و توێژینەوە لەڕووی زمانەوانییەوە. هەروەها لە کتێبخانەی ئەسکەندەرییە پڕاوپڕ ئەم کارە بەئەنجام گەیەنرا.

---

76- Charlemagne.
77- Paul Diacre.
78- Northumerland.
79- Saint – Martin.
80- Tours.
81- Roban Maur.
82- Fulda.
83- Aix Lachapelle.

## هونەری رۆمیی ناوەند لە نوسخە دەستنووسەکاندا

### نووسینی: کارۆلێنژی:

دیوانی چارلیمان بەرپرسیارێتی چاکسازی نووسینی بەگوێرەی ئەو خواستانەی کە لەگەڵ ژیانی عەقڵیدا بگونجێت، گرتە ئەستۆ. ئەوان خوازیاربوون کە ئەم نووسینە یەکگرتوو بێت لە شێوەدا و جێگەی هەموو نووسینە نەتەوەییەکانی دیکە بگرێتەوە. پاشان گەیشتە شێوەیەکی نموونەیی کە هەمان نووسینی کارۆلێنژییە.

ئەم نووسینە پیتی بچووکی هەبوو، گومان دەبرێت کەنووسینی مێروفنیژییەوە بەکاریگەری هەردوو نووسینی لاتینی بازنەیی و نیمچە بازنییەوە وەرگیرابێت.

ئەم نووسینە لە ماوەیەکی تاڕادەیەك کەمدا، جێی هەموو نووسینەکانی تری ناوچەکەی گرتەوە، و بەدڵنیاییەوە لەلای نووسەرانی هەموو کڵێساکان چەندێتییەکی تایبەتی بۆ دروست بوو. لەگەڵ ئەوەشدا ئەمە رێگر نەبوو لەوەی کەوا ئەم نووسینە بە شێوەیەکی گشتی خاوەنی تایبەتمەندی دیاریکراو و یەکسان بێت. لەبەر ئەوەی کە شێوازی رۆمی ناوەند فەرمانڕەوایی ئەم هونەرەی دەکرد. ئەم تایبەتمەندییە پێویستی ئەو نووسینەبوو. بەجۆرێك هەمیشە پەیوەندییەکی بەهێز دەبینین لە نێوان پیتی بچووکی کارولێنژی و شێوازی رۆمی ناوەندا، تا ئەو جێیەی کە نووسینی کارولێنژیان بەناوی نووسینی رۆمی ناوەندەوە ناوەزەد دەکرد.

ئەو تایبەتمەندییانەی کە یەکەمین سەردەمی ئەم نووسینەیان دیاری دەکات هێڵی بڵندیی شێوە ماسییە، کە بەرزییەکەی لەسەر دێڕدا زیاترە لە پیتەکانی دیکە و بەها و جوانکارییەکەی لە هەموو پیتە درێژ و جۆراوجۆرەکان زیاترە.

پاشان لە کۆتایی سەدەی یازدەهەمدا و بەدرێژایی سەدەی دوانزەیەم پیتەکانی کارولێنژی بەرز و نزیکتر و باریکتر و گۆشەدارتر دەبوو. ئەم نووسینە بەپایەداری مایەوە تا ئەوەی لە کۆتاییدا بە شێوەیەکی بەرچاو گۆڕانکاری بەسەردا هات و بەناوی نووسینی گوتیك ناسرا.



### پێشکەوتن لە رازاندنەوەی رەنگەکاندا:

کاریگەری نووسینی کارولێنژی لە بواری جوانکاری رەنگیدا ئاشکرابوو، جگە لەمانە، جوانکارەکان (هونەرمەندەکان) دەیانویست رەگەزی جۆراوجۆری نەتەوەیی لەو دەستنووسانەدا کۆبکەنەوە، کە بە چەند لایەنی جیاواز دەرکەوتبوو، لە هەمانکاتدا، رەچاوکردنی ئەدەبیاتی کلاسیك بوو بەهۆی گەڕانەوە بۆ رازاندنەوەکانی سەردەمانی کۆن.

دەتوانرێت سەردەمی کارولێنژی لە مێژووی کتێب و کتێب ئاراییدا و هەروەها لە مێژووی هونەردا باسی لێ بکرێت.

لە پاڵ بازنە تێکەڵەکان و ئاژەڵە خەیاڵییەکاندا، کە لە هونەری جوانکاری ئێرلەندییەوە وەرگیرابوو، هەندێ بابەت دەبینین کە لە جیهانی گژوگیاوە وەرگیراوە وەك گوڵ و خونچە و گەڵای درەخت. هەروەها ئەو وێنانەی کە لە جوانییە و یۆنانییەکان و گژوگیای دڕکاوی و شتانی دیکە وەرگیرابوون، لەم نووسینەدا رەنگی داوەتەوە کەسانی زۆری وەك داگۆلف[٨٤] و ئینگۆبێرت[٨٥]و و گۆدسکال و[٨٦] لونرارد[٨٧] و چەندانی تر لە کارخانەی خۆشنووسان و جوانکاراندا بەسەرۆکایەتی ئالکوین سەرقاڵی کارکردن بوون، و لەژێر چاودێری ئەودا هەوڵێکی لە ئاسا بەدەریان دەستپێکرد.

## کاریگەرییەکانی کارۆلێنژی لە ئەڵمانیادا

### کتێبخانەکانی کڵێساکان:

بزووتنەوەی کارۆلێنژی تەنها لە فەرەنسادا کاریگەریی بەجێ نەهێشت، بەڵکو زۆری نەخایاند ئەم کاریگەرییە ئەورووپای گرتەوە، بەجۆرێك کەوا شێوازی رۆمی ناوەند لە هەموو وڵاتەکانی ئەورووپادا بڵاوبوویەوە، هەروەها لە دوایدا شێوازی گوتیك لە ئەورووپادا پەرەی سەند.

---

84- Dagulf.
85- Ingobert.
86- Godescale.
87- Luithard.

هەوڵە ئەدەبی و هونەرییەکان لە ئەڵمانیادا تەنها بە چەند کڵێسایەکی دیاریکراو کە لە هەموو شارەکاندا بەرچاو دەکەوت سنووردار نەکرابوو، بەڵکو سەرکەوتنی هەوڵە ئەدەبییەکان لە ئاستێکدا بووکە بەداهێنانی تیوفانۆی[88] هاوسەری ئۆتۆی دووەمی پاشای یۆنانی، بەدرێژایی سەدەی دەیەم و یازدەهەم لەکۆشکی پاشا خانەوانەکانی ئۆتۆ[89]دا دەستەیەك لە هونەرمەندانی کارۆلێنژی هەڵبژێردران کە بەقورسی لایەنگری فەرهەنگ و هونەریان دەکرد.

تا ئەو جێیەی ئەم بابەتە کاریگەری نووسینی بیزانسی بەسەر نووسینی ئەڵمانیا داسەپاند، گرنگترین ناوەندەکانی ئەم هونەرە دەتوانین ناوی ئەم کڵێسایانەی خوارەوە بهێنین.

**کڵێسای کۆرڤێی:**

لە نێو ئەو کڵێسایانەی کە ئاماژەمان بۆ کرد کڵێسای کرۆڤێیە، کە کتێبخانەیەکیشی هەبوو، زانیاری تەواومان لەسەر ئەو کتێبخانەیە لەبەردەستدا نییە. مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای سەدەکانی ناوەڕاست وا دەردەکەوێت کە چاخی زێڕینی ئەم کتێبخانەیە لە نیوەی سەدەی دووەمدا بووە، نوسخەیەکی دەستنووسی گەورەمان لەگەڵ کۆمەڵە کتێبێکی دیکە لە نوسخەی نووسراوی ئەو کاتەمان بۆ بەجێ ماوە کە پێکهاتوون لە چەند نووسراوی سیسرۆن، ئێستا لە کتێبخانەی دەوڵەتی ئەڵمانیا لە بەرلین پارێزگاری لێدەکرێت، لەو پەرستگایەدا نوسخەیەکی بەناوبانگی دیکەی دروست کراو لە پێست هەبووە کە بەرهەمی مێژوونووسی رۆمی تاسیتوس[90] بووە. ئەم کتێبە بە تاکە بەرهەمی مێژووی بەجێ ماوی ئەم مێژوونوسەیە، لەکۆی شەش کتێبە مێژووییەکەی.

**کڵێسای فولدا:**

ئەم پەرستگایە ناوەندێکی پڕ بایەخ بووە و لەناویدا چل قەشە لەژێر چاودێری قەشەی گەورەدا سەرقاڵی لەبەرگرتنەوە بوون. ئەگەر لەم ژمارەیەشدا زیادەڕۆیی کرابێت، بەلایەنی کەمەوە دەردەکەوێت کە شوێنی لەبەرگرتنەوەی کڵێسای فولدا بەیەکێك لە چالاکترین کڵێساکانی سەردەمی کارۆلێنژی دێتە هەژمار شێوازی نووسینەکەی بووە بەنموونەیەك کە

88- Theophano.
89- Otto.
90- Tacitus



بەشێك لە کڵێسا ئەڵمانییەکان پەیڕەویان کردووە بەم پەیڕەوی کردنە لە نووسینی (ریشەیی) یەکەمەوە گۆڕانکاری بەسەردا هات بۆ پیتە بچووکەکانی نووسینی کارۆلێنژی.

قوتابخانەی وێنەکێشانی فولداش گرنگییەکی زۆری بەدەست هێنا. ئەم قوتابخانەیە چالاکییەکی دەست پێکرد، کە نەك تەنها رەواجی زیاتری دایە نووسینە جوانکارییەکان، بەڵکو زیاتر لەمە هەنگاوی هەڵهێنا و نووسخە دەستنووسەکانی دیکەی دەنارد بۆ کڵێسا جیاوازەکان کە ژمارەیەکی لە کتێبە پیرۆز و ئینجیل و کتێبی سروودەکان و جوانکارییە سەرسوڕهێنەرەکان لە نموونەی ئەوانەن.

زۆرێك لە نوسخە دەستنووسەکانی فولدا نیشانەی هونەری سەردەمی ئۆتۆییە. جیاکەرەوەی ئەم وێنانە بەتایبەتی کاریگەری سەرنج راکێشان و بزاوتنی روو لە زیادبوون دایە بەرەو سوود وەرگرتنی تەواو لە شوێنە خاڵییەکان و ئامادەکردنی بۆ رازاندنەوە.

باشترین نموونەی ئەمانە کتێبی پیرۆزی گرانبەها و تایبەتی شاری گۆتینگینە[91] کە دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی سەدەی یازدەهەم ئێستاش لە فاتیکاندا بوونی هەیە.

**کڵێسای رایشیناو:[92]**

لە پاڵ کڵێسای فولدادا پەرستگایەکی دیکە بەناوی رایشیناو لە پارێزگای سوابیە[93]دا هەبوو ئەم کڵێسایە، بەکۆششی قەشەی ئیرلەندی پیرمین[94] دروستکرا و بەهۆی شارەزایی هونەرییەوە کە کتێبە رازێنراوەکانی جیاکردبوویەوە، ناوبانگێکی تایبەتی بەدەستهێنا. ئەم پەرستگایە لە سەردەمی شارلیماندا گەشتە ئەوپەڕی پێشکەوتن و رێگینبێرت[95] بە هەوڵ و ماندووبوونێکی زۆر چەندین کتێبی کۆکردەوە بۆ دروستکردنی کتێبخانەی ئەم کڵێسایە، بەڵام کتێبخانەی وێنەکێشانی رایشیناو لە سەدەی دەیەمدا دەدرەوشایەوە، چونکە هەندێك نووسخەی دەستنووسی رازێنراوە و سەرنج راکێشی لەم سەدەیەدا بۆ ئێمە بەجێ هێشت. بەهۆی ئەم دەستنووسانەوەیە کە ئەم کڵێسایە لە مێژووی هونەری نووسینی رۆمی ناوەند لە ئەڵمانیادا بایەخی زۆری هەیە.

91- Gottingen.
92- Reichenau.
93- Suabia.
94- Pirmin.
95- Reginbert.

## کڵێسای راتیسبۆن: [٩٦]

لە سەدەی دواتردا کڵێسای سان ئیمراو[٩٧] لە شاری راتیسبۆن، یەکەمین ناوەندی هونەری جوانکاری کتێب بوو. ئەم پەرستگایە لە دەوروبەری ساڵی ٧٤٠ی زایینیدا کە لەسەر گۆڕی قەشە پیرمین بوو بونیادنرا. قەشە باتوریش[٩٨] قوتابی رابان مور و دامەزرێنەری کڵێسای فودا، کە هەروەك مامۆستاکەی لە گەورەترین لایەنگرانی کتێب بوو، بوو بەیەکەمین سەرۆکی ئەم کڵێسایە. لەناو ئەو دیارییانەی کە بەردەوام دەگەیشتە کڵێسای سان ئیمراو، ئینجیلێکی بەناوبانگی تێدابوو بەناوی نوسخەی ئالتونی[٩٩]، چونکە بەپیتی ئالتونی نوسرابوو ئەگەری هەیە کە ئەم ئینجیلە لە شاری کوربی و بۆ چارلی کەچەڵ و پاشای فەرەنسا، دروست کرابێت و ئێستاش لە کتێبخانەی دەوڵەتی شاری مونیخدا دانراوە.

ئەم کڵێسایە لە کۆتایی سەدەی دەیەمدا بەسەرپەرشتی قەشەی گەورە رامۆڵد[١٠٠] گەیشتە لوتکەی ناوبانگ. هەروەها لە سەرەتاکانی سەدەی یازدەهەمدا بەهۆی کتێبخانەی کڵێساکەی خۆیەوە ناوبانگی دەرکرد، تا ئەو جێگەیەی کە بەئەسینای دووەم دەژمێرا. چالاکییە هونەرییەکانی ئەم پەرستگایە لە بواری کتێبدا لەنێو قەشەکاندا درەوشایەوە، و لە سەرو هەموویانەوە قەشەی بەناوبانگ ئۆتولۆ[١٠١]، کە لەم بوارەدا دەستی هەبوو، لە هەمان کاتدا کاریگەری هونەری بیزانسی بەسەر ئەم قوتابخانەیەوە بەئاشکرا دیاربوو.

## کتێبخانەی کڵێساکانی دیکە:

لە کڵێساکانی دیکەی بێندیکتی ئەڵمانیدا، چەندین کتێبخانەی گەورە هەبووە. کە لە بواری کتێبدا خاوەنی چالاکییەکی بەرچاوبوون. دەربارەی شاری لۆرشی[١٠٢] ئەڵمانی، لە ڤاتیکاندا فەهرستێك هەیە کە دەگەڕێتەوە بۆ ناوەڕاستی سەدەکانی نۆیەمی زایینی، ئەم فەهرستە سەرەڕای دارِزانی ، ٥٩٠ ژمارەی کتێب دەست نیشان دەکات. ئەم ژمارەیە بۆ ئەو

96- Ratisbon.
97- Saint – Emmerau.
98- Baturich.
99- Codex Aureus.
100- Romwold.
101- Othloh.
102- Lorsch.



سەردەمە بەڕاستی ژمارەیەکی زۆر گەورەیە، چونکە تەنها کەمێك لە کتێبخانەکانی کڵێساکان دووسەد تا سێ سەد کتێبیان هەبووە. لەکاتێکدا کە تێکڕای ژمارەی کتێبەکانی زۆرینەی ئەم کتێبخانانە بەلایەنی زۆرەوە لە دە کتێب تێپەڕی نەدەکرد.

بەتێبینی کردنی ئەمەی کە ئەم کتێبخانانە جگە لە کتێبەکانی ئایینی کڵێسا کتێبێکی ئەوتۆی دیکەی تێدا نەبووە. لێرەدا جگە لە کتێبخانەکانی کڵێسا ئەڵمانییەکان کە ناومان هێنا، زۆرێك کڵێسای بەناوبانگی دیکە هەبوو لە ناو ئەوانەدا دەتوانین ناوی ئەم کڵێسانەی خوارەوە بهێنین کە هەڵکەوتبوو لە پارێزگاری ترێڤێن [١٠٣] لە ئەڵمانیا: هێرسفێڵد[١٠٤]، تیگرنسی[١٠٥]، بێندێکت بوێرن[١٠٦] یان ماکسمین[١٠٧]، مایکلسبێرگ[١٠٨]، بامبێرگ[١٠٩]، مورباخ[١١٠]، لە نەمساشدا (ئوتریش) کڵێساکانی وینگار تێن[١١١]، میلك[١١٢]، زوایفالتن[١١٣] و چەندینی تر.

## نوسخە دەستنووسە ئەسکەندەناڤییەکان:

کۆنترین جۆرەکانی نووسین لە سەرزەوییەکانی ئەسکەندەناڤیادا بەنۆرۆن[١١٤] یان نووسینی باکووری کۆن یان ئایسلەندی ناسرابوو.

ئەم نووسینە کاریگەری نووسینی کارۆلێنژی بەسەرەوە بوو، هەروەك چۆن کاریگەری نووسینی ریشەیی ئیرلەندی بەسەرەوە بوو.

کاریگەری نووسینی ریشەیی ئیرلەندی لە نووسراوە نەرویجییەکاندا دەبینرێت، کە هەنگاو بەهەنگاو دوای شێوازی نووسینی دوورگەیی ئیرلەندی کەوتووە. بەڵام نووسینی سویدی لە سەدەکانی ناوەڕاستدا بە نووسینی ساکسۆنی ئینگلیزی لە رێگەی نووسراوە نەرویجییەکانەوە

103- Treves.
104- Hers feld.
105- Tigrnsi.
106- Bendikt beuren.
107- Saint – Maximin.
108- Mickelesburg.
109- Bamberg.
110- Morbach.
111- Weingarten.
112- Melk.
113- Zwiefahen.
114- Norrone.

کاریگەری تێکرابوو. ئەمەش لەکاتێکدا بووە کە نووسینی دانیمارکی نیشانەی نووسینی کارۆلینژی لەگەڵ بووە.

کۆنترین دەستنووس کە لەبەر دەستماندایە دەتوانین و بەئەسکەندەناڤی ناوی بنێین، دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی یازدەهەم.

**کتێبخانەکانی وڵاتانی ئەسکەندەناڤیا:**

لە وڵاتی ئەسکەندەناڤیاشدا کڵێساکان ناوەندی بڵاوکردنەوەی فەرهەنگ و فراوان بوونی کتێبخانەکان بووە. لەناو کڵێسا دانیمارکییەکاندا کە ئەم ئەرکەی لەسەر شان بووە، کڵێسای سۆرۆ(١١٥) بووە کە خاوەنی کۆمەڵێك دەستنووسی جوستینیان(١١٦) بووە و ناوی قەشەی گەورەی ئابسالۆنی(١١٧) لەگەڵدا بووە. ئەم کۆمەڵە دەستنووسە هەنووکە لە کتێبخانەی پادشایی کۆپنهاگندا دانراوە. هەروەها دەتوانرێت ناوی کڵێسای مۆنکێلیڤ(١١٨) لە شاری بێرگس(١١٩) لە نەرویج و کڵێسای ڤادستێنا(١٢٠) لە سوید ببرێت. کتێبخانەی ڤادستێنا نزیکەی ١٥٠٠ بەرگ کتێبی هەبووە و لە سەدەکانی ناوەڕاستدا بەگەورەترین کتێبخانەی ئەسکەندەناڤی دەژمێردرێت.

**جیاکەرەوەکانی نوسخە دەستنووسەکانی ئەسکەندەناڤی:**

ئەگەر بەراوردێك لە نێوان نوسخە دەستنووسەکانی ئەسکەندەناڤی و نوسخە دەستنووسە هاوچەرخەکانی لە وڵاتانی دیکە لەو سەردەمەدا بکەین، تێبینی ناهاوئاهەنگ بوون دەکەین لە نێوان یەکەمین پیتەکان و شێوەکانی لە بەرامبەر هاوشێوەکانی لە سەردەمەکانی دیکەدا، بەجۆرێك کە دووچاری سەرسوڕمان دەبین. لەو دەستنووسانە، بەتایبەت نووسینی ئایسلەندی کە بەدەستمان گەیشتووە، تاڕادەیەك نەخوازراوە و ئەو پێستەی کە لە سەری نووسراوە، زەبرە و

115- Soroe.
116- Justinian.
117- Absalon.
118- Munkeliv.
119- Bergen.
120- Vadstena.



ڕەنگێکی تێری هەیە و بەهۆی دوکەڵەوە ڕەش بووەتەوە وەیان بەهۆی پەڵەی چەوری پێستییەوە ئالودە بووە بەجۆرێك هەندێك لە بەشی نووسینەکان سڕاوەتەوە. ئەگەر بۆ نموونە لێکۆڵینەوە لەسەر دوو دەستنووسی بەناوبانگی ئیدا(١٢١) بکەین کە تائێستاش لە کتێبخانەکانی پادشایی کۆپنهاگندا پارێزراون، ئەوا بڕیار دەدەین کە ئەم نوسخانە لەناو کەسانێکدا دروست بووە و پارێزگاری لێکراوە کە تێڕوانینیان بۆ جوانی لە ئاستێکی سەرەتاییدا بووە.

**ژیان لە کتێبخانەکانی کڵێسادا:**

ژیان لەگەڵ کتێبدا لەم سەردەمانەدا وەك دیاردەیەکی گشتی و باو دەستی پێکرد و وەهاوبەشی هەبووە لە نێو وڵاتە پێشکەوتووەکانی وەك، فەڕەنسا، ئەڵمانیا و وڵاتە دواکەوتووەکانی وەك وڵاتی ئەسکەندەناڤییەکان.

**لەبەرگرەوەکان:**(*)

ژن و پیاوە ڕاهیبەکان، لە ژوورێکی هێمندا کەتایبەت بووە بەلەبەرگرەوەکان و بەشوێنی لەبەرگرتنەوە(١٢٢) (کۆپی کردن) ناوبراوە، دادەنیشتن. شوێنێك کە دووربێت لە ژاوەژاوی دەرەوە، ژیان لەوێ دا لەسەر یاسای قەشەکان بوو. ئەوان تەواوی چالاکییان لە پێناو بەرزڕاگرتنی ناوی خودا بووە. زۆرێك لە نووسینە کۆنەکان بەرهەمی ماندووبوونی چەندین ساڵەی ئەم ڕاهیبانە بوو. بەجۆرێك دروستکردنی ئەم کتێبانە تەنها لەناو کڵێسا و ئەو شوێنانەدا دەکرا کە ڕاهیبەکان بۆ هەمیشە تیا دەژیان.

دەڵێن یەکێك لە ڕاهیبەکانی کڵێسای سان ئیمراو، بیست و سێ کتێبی پیرۆز و یەك کتێبی سروتەکان و سێ ئینجیل و دوو کتێبی ئیدوارد و دوو کتێبی قەشە ئۆگۆستین و حەوت کتێبی ڕێکخەرە ڕۆحییەکانی کۆپی کردووە.

121- Edda.

(*) ئەوانەی کتێبێکیان دەهێنا و چەندینی دیکەیان لەسەر نووسیوەتەوە.(وەرگێڕ).

122- Scariptorium.

واباوبووە کە راهیبە لاوەکان کاری لەبەرگرتنەوە بکەن، گەرچی زۆرێك لە قەشە گەورەکانی کڵێسا حەزیان لە کۆپیکردن بووە. زۆرکات گرووپەك لە راهیبان لـە تـەواوکردنی نووسـراوێکدا بەشدارییان دەکردو بەشەکانیان لە نێوان خۆیاندا دابەش دەکرد.

**سەرچاوەی کتێبخانەکان:**

سەرچاوەی یەکەمی کتێبخانەکانی کڵێسا هەر ئەو کتێبانە بوو کە راهیبـەکان خۆیـان لـە بەریان دەگرتەوە. لەگـەڵ ئـەو کتێبانـەی لەلایـەن زانـا و دەوڵەمـەنـد و ئیمپراتـۆر و پاشـا و قەشەکان وەك دیاری دەگەیشتە کتێبخانەی کڵێساکان. لەبەر ئەوە شایەنی ئەوەبووە کە ناویـان لە دەفتەری دیاری بەخشەکاندا بەزیندوویی بمێنێتەوە هەروەها لەڕێورەسمی پارانـەوەدا قەشـە و راهیبەکان بۆیان دەپاڕانەوە. جگە لەمانە ئەوە دەزانین کـە ئـاڵوگۆڕ و کـڕین و فرۆشـتنی ئـەم کتێبانە لە نێـوان کڵێسـا و پەرستگاکاندا هـەبووە. لـەم بـوارەدا نووسـراوی رێگنبێـرت لـە فەهرستەکەیدا بۆ کتێبخانەی رایشیناوی ئەڵمانی ناوی ئەو کەسایەتییانەی کڵێسـای هێنـاوە، کە چەندین کتێبی پیرۆزیان بۆ کڕیوە و هەروەها باسی ئەوە دەکات کە کڵێسای مایکلسبێرگ و بامبێرگ لە سەدەی دوانزەهەمدا هەسـتان بـەدووبارە نووسـینەوەی نوسـخە دەستنووسـەکان. ئەگەری هەیە ئەم کارە بۆ ئاڵوگۆڕکردنەوە، یان بۆ فرۆشتن ئەنجام درابێت.

**کتێب دار (بەڕێوەبەری کتێبخانە):**

ئـەو قەشـەی کـە بەرپرسـی بەشـی لەبەرگرتنـەوەی[١٢٣] کتێـب بـوو. چـاودێری هـۆڵی لەبەرگرتنەوەی دەکرد. هاوکات بەڕێوەبەری کتێبخانە[١٢٤] یان کتێبداریش[١٢٥] بوو، بێگومـان هەندێ جاریش ئەم ئیشەیان بەقەشەیەکی دیکە دەسپارد لەبەر هۆی گرنگییە زۆرەکەی.

زۆرکات کتێبدار، سرود خوێن و پاسەوان و خزمەتکار و پاسەوانی خشڵەکانی کڵێساش بـوو. کاری تەنها پارێزگاری کردنی کتێبەکان نەبوو، بەڵکو پاراستنی کاڵا بەنرخـەکان و بەرپرسـیارێتی دەفتـەری مردووەکانیشـی لـە ئەسـتۆ دابـووەو نـاوی مردوانـی کڵێسـا و هاوسـێکانی تێـدا تۆمـارکردووە، جگـە لـەم کارانـە چـاودێری کردنـی رێکـوپێکی کتێبـەکان پـاك و خـاوێنی و

123- Scriptuarius.
124- Armarius.
125- Librarius.



دروستکردنی فەهرست بۆ کتێبەکان کە بەشێك بـوو لـە ئەرکـەکانی کتێبـدارێك، لـە ئەسـتۆی ئەودابووە.

زۆرێك لەم فەهرستانەمان لەبەردەستدایە، هەندێکیان زۆر بەوردی رێکخراوە و هەنـدێکیان بەناڕێکی و هەندێکیان بەپێی بابەتەکان لە چەند زنجیرەیەکدا رێکخراون. بەڵام هەندێکی تریـان هیچ جۆرە رێکخستنێکی نییە، تەنها هاتنی کتێبەکان بۆ کتێبخانە پێشان دەدات.

گەرچی زۆرینەی فەهرستەکان تەنها مەبەستی سوود وەرگرتن بووە لە کتێبخانە و هەروەها بۆ دیاریکردنی سەرچاوەکانی کتێبخانەکان تەرخانکراوە. هەر کتێبێك مۆرێکی پێوە بـوو کـە نیشانەی ئەو کتێبخانەیە بووە. زۆرجار لەسەر ئەم مۆرانە رستەیەك زیاد دەکرا کە نەفرینی لەو کەسانە کردووە کە هەڵدەستن بەدزینی ئەم کتێبانە.

بەرپرسـی کتێبخانـە دەبـوو چـاودێری بـە ئەمانەتـدانی کتێبـەکان بکـات. راهیبـەکان بەرپرسیاربوون لە گەڕانەوەی کتێبە بەئەمانەت دراوەکان لەکاتی دیاریکراوی خۆیـدا و لـەجێی ئەوانەدا کتێبی دیکە بە ئەمانەت وەربگرن هەروەها بەئەمانەت دانی کتێب بۆ دەرەوەی کڵێسا کارێکی ئاسایی بوو. بەجۆرێك بەسپاردە دەدرایە کڵێساکانی دیکـە، هـەروەها هەنـدێك لـە زانایانی ئایینیش سوودیان لەم کارە وەردەگرت.

لـەم شـێوازی بەئەمانەتدانـەدا، بـۆ هـەر کتێبێـك کـە بەئەمانـەت دەدرا، بارمتەیـەك[١٢٦] وەردەگیرا، کە زۆرکات ئـەم بارمتـە کتـێبی دی بـوو. هەنـدێك وێنـەی کتێـب بەئەمانـەت دان لەبەردەستدایە کە دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی نۆیەم. لەکڵێسای وایزینبێرگەوە[١٢٧] بەدەست هاتووە.

## هونەری بەرگ تێگرتن لە سەدەکانی ناوەڕاستدا

**بەرگ تێگرتنە سەرەتاییەکان:**

یەکێك لە قەشەکان کە بە پەڕەوان یان بەرگتێگیر[١٢٨](اصخاف) نـاودەبرا ئەرکەکـەی بـریتی بوو لە بەرگ تێگرتنی کتێبەکان. کۆنترین جۆری بەرگ تێگرتن زۆر جیـاوازی هەیـە لەگـەڵ ئـەو وشەیەی کە ئەمڕۆ بەکاری دەهێنین، چونکە چەمکی بەرگ تێگرتن لەکاری زەرنگەری و تاشـینی عاجەوە نزیکتربوو تاوەکو بەرگ تێگرتنی ئاسایی. تـابلۆ مۆمییـەکان[١٠٩]، وەك پێشـتر ناومـان

126- Memorial.
127- Wainssenberg.
128- Ligator.
129- Diptycha.

هێنا، ڕۆمییەکان لە نووسینی یادداشتە بچووکەکاندا سوودیان لێ وەردەگرت. لەسەردەمی ئیمپراتۆری ڕۆمیدا لە عاج دروستکراو لە دەرەوە بەنەخشیی هونەری ڕازێنرابوویەوە. ئەم جۆرە بەرگ تێگرتنە تایبەت بوو بەهەندێك بۆنەی ڕەسمی وەك سپاردنی حوکمەت بە یەکێك لە قونسوڵەکان. لە هەندێك لە نموونەکانەوە ئەوە تێدەگەیی کە هاوشێوەی ئەم تابلۆیانە بۆ بەرگ تێگرتن لە هەندێك لە نوسخەکانی کڵێسا و سەدەکانی ناوەڕاستدا بەکارهاتووە.





**بەرگسازی بە شێوازی زەرەنگەری:**

ئەم جۆرە بەرگانە لە جۆرەکانی پارچەی دار دروست کراو بەنەخشی بەردەست و تەنکی عاج یان ئالتون و زیو و هەندێ جار بەبەردی گرانبەها خشڵ نیشانە دەکرا و دەڕازێنرایەوە ئەم بەرگانە تایبەت بوو بەکتێبە ئایینییەکان و لەکاتی پاڕانەوەدا بۆ دانانی لەسەر خوانی پەیکەر سوودی لێوەردەگیرا. لەم ڕووەوە بەم بەرگانەیان دەگوت بەرگەکانی پەیکەر زۆر کات بەشی سەرەوەی بەرگەکەی چونکە زۆر دەکەوتە بەرچاو نەخش و نیگاری زۆرتری هەبوو وەك لە بەشی خوارەوە، بەڵام نەخشە بەرجەستەکان زۆرکات وێنەکێشراوەکان بوون و لەناو خۆدا نووسراوێکیان هەڵگرتبوو جگە لەمانە ئەو وێنانە بە شێوەیەکی تایبەت داستانەکانی تەورات و ئینجیلی دەخستەڕوو بۆ نموونە پەیکەری مەسیح کە لەحاڵێکدا لە خاچ درابوو لە ناوەڕاستدا دروست دەکراو چوار دەوری بەگەڵاو گوڵ و لق و پۆپ دەڕازێنرایەوە.

**شێوە جۆراوجۆرەکانی بەرگەکان:**

بەرگسازی بەشێوەی زەڕەنگەری و وێنەکێشان بەگوێرەی ئەوکات و شوێنەی کە تیایدا دروست دەکرا، خاوەن چەندین شێوەی جۆراوجۆربوو بەم جۆرە دەتوانین بەرگە بیزانسییەکان کە لە مینا یان لە عاج دروستکراوە لە بەرگە زیوی و برۆنزییە ئیرلەندییەکان کە وێنەی ئاژەڵانی خەیاڵی تێدا کێشرابوو جیابکەینەوە. لەبەرئەوە بەئەسانی دەناسرێنەوە. چەند بەرگمان لەعاج هەیە کە نیشانەی هونەری کارولێنژی بەسەرەوە دیارە، چونکە جوانکاری پڕ لە شێوەی جۆراوجۆر و گەڵای درەختانی لەسەرە هەروەها چەند بەرگێکی تر هەیە کە بەشێوازی لاتینی دروستکراوە. هەروەها چەندین بەرگی دیکە بەبەردی بەنرخەوە دەستکەوتووە و بەرگی تریش هەیە کە وێنەی تەواو بەرجەستەی هەیە لە ناوەڕاستدا و خەیاڵێکی هونەری تەواو و ڕەنگاوڕەنگ و زیند و پیشان دەدات. ئەم بەرگانە لە کتێبخانە جۆراوجۆرەکان و تەنانەت لە مۆزەخانەکانیشدا پارێزگارییان لێدەکرێت. گەرچی بەتێپەڕبوونی کات دەستی کەسە چاوچنۆکەکانی پێگەیشتووە، جوانکارییە گرانبەهاکەیان کە لە بەردی بەنرخ دروستکراوە دزیوە و شێوەکانیان تێکداوە.

باشترین نموونەی ئەم بەرگە گرانبەهایانە کە بەشێوازی زێڕگەریی درووست کراوە نوسخەی ئالتونی کڵێسای سان ئیمراوە وەك پێشتر باسمان کرد. ئەم دەستنووسە چەندین جوانکاری

هونەری بەخشڵ و زێڕ و مرواری و هاوشێوەکانی تێدایە. هەروەها ئەم نوسخەیە نوێنـەری ئـەو نەخشە بەرجەستانەیە کە لە ئالتۆن دروستکراوە و گومان دەبرێـت بگەڕێتـەوە بـۆ قوتابخانـەی ڕێنـسی[١٣٠] کارۆلێنـژی لەگـەڵ هـەموو ئەمانـەدا هـیچ کتێبخانەیـەك نەیـدەتوانی لەگـەڵ کتێبخانەی نیودەولەتی پاریسدا کە خاوەنی چەندەها کۆمەڵەی تایبەت لەم جۆرە بەرگە عاج و ئالتونیانەیە، کێبڕکێ بکات. گـرنگترین جیاکـەرەوەی ئـەم بەرگانـە ئەوەیـە پێویـست ناکـات بەرگێکی گرانبەها پەیوەندی بەهەمان ئەو کاتەوە هەبێت کە کتێبەکەی تیا نووسـراوە چـونکە کاتی دروست کردنی هەندێك لە بەرگەکان جیاوازە لەگەڵ کاتی لەبەر گرتنەوەی کتێبەکەدا.

### بەرگە لە پێست دروست کراوەکان:

لە بەرگ تێگرتنی نوسخە ئاساییەکانی کڵێسا لەپێست سوود وەردەگیرا، هەرچەندە هەنـدێ کاتیش تەنها بە رووپۆشێکی کاغەزیش رازی بوون. بە درێژایی سەدەی چواردەیەم بەکارهێنانی ئەوبەرگانەی کە زێرکاری تیادەکرا ، کەم بوویەوە. تـا ئـەو رادەیـەی کـە زۆربـەی بەرگـەکانی کتێبەکانی کڵێسا لە ئاوریشم یـان لەپێـست دروسـت دەکـرا. ئـەم جـۆرە لەشـێوەی هـەمان ئەوبەرجەستەیی یە دا بوو کە لە کۆتایی قۆنـاغی شـێوازی گۆتێکـدا بـەدی هـات. مەبەسـت لەدانانی ئەم گۆشە بەرجەستانە، پارێزگاری لە کتێبەکەبوو لە لەناوچوون لەکاتی کردنەوەی دا. ئەم گۆشە و بزمارانە رێگـری بەرکـەوتنی بـەرگی کتێبـەکانیان دەکـرد لەگـەڵ تەنەرەقـەکانی جێکتێب و قەفەس و چەندین شتی دیکەدا.

130- Reins.





**بەرگە لە پێستی سادە دروستکراوەکان:**

دەربارەی ئەو بەرگە کۆنانەی کە لە پێست دروستکراوە هەندێك بابەت باسکرا. بەڵام دروستکردنی ئەم جۆرە بەرگانە لە ئەورووپادا تەنها لە سەدەکانی ناوەڕاستدا بەلوتکەی خۆی گەیشت.

بەرگ کە زۆرجار لە دوو پارچەداری (ڕاش) یان داری هەنجیر دروست دەکرا و بەپێستی گوێرەکە یان مانگا دادەپۆشرا. زۆرجار ڕەنگەی ڕەش بوو دەرازێنرایەوە بەشێوەی جۆراوجۆر. هەروەها هەندێ جار پێستی بزنی کێوی و هەندێ لە ئاژەڵە دڕندەکانی دی بەکاردەهێنرا.

**بەرگە لە پێستی هەڵکۆڵراو دروستکراوەکان:**

هەندێك لەو بەرگانەمان ناسی کە دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای سەدەکانی ناوەڕاست، شێوەی هەڵکۆڵراوی لەسەر پێستی تێدابوو. ڕێگەی دروستکردنیان بەو جۆرە بوو، کە پێستەکەیان بەهۆی ئاوەوە تەڕ دەکرد، پاشان وێنەی نموونەکەیان لەسەر دەکێشا، پاشان بەهۆی چەقۆوە هەڵدەکۆڵرا و فراوان دەکرا و پاشان بەهۆی ئامێری نوك تیژەوە دەرازێنرایەوە. پاشان پاشماوەی بەرگەکە کە چوار دەوری پڕ لە شێوەی جۆراوجۆربوو بە بۆشی دەماوەیە تاوەکو جوانکارییەکان بەشێوەیەکی بەرجەستە ببینرێن. وا دەردەکەوێت هونەری هەڵکۆڵین لەسەر پێست بەشێوەیەکی تایبەت لە ئەڵمانیا پێشکەوتوو بێت چونکە زۆرترین وێنە هەڵکۆڵراوەکان لەسەر پێست دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی چواردەیەم و پانزەیەمی زایینی. ئەم جوانکارییە بە شێوەیەکی تایبەت بریتی بوو لە شێوە جوانە باوەکان، وێنەی ئاژەڵانی سەیر کە لە شێوازی کۆتایی سەردەمی گوتیك دەچێت. هەروەها چەندین وێنەی فریشتە و کەسە پیرۆزەکان و وێنەی ئەو سوارچاکانەی کە ڕاو دەکەن و دەبینین لە دیمەنێکی عاشقانەدا.

**چاپی بەرگ بە شێوازێکی سادە:**

لەگەڵ هەموو ئەمانەدا، بەرگە چاپکراوەکان بە شێوازێکی سادە، زیاتر بۆ ئەو بەرگانە بوو کە لە پێستی هەڵکۆڵراو دروستکرابوون.

ئەم جۆرە بەرگە پێویستی بەشارەزایی هەڵکۆڵین لەسەر پێست نەبوو. ئەو ئامرازانەی کە نموونەکانیان لەسەر هەڵکۆڵرابوو، گەرم دەکرا و دەخرایە سەرپێستەکە. بەمەش وێنەکە بە



شێوەیەکی بەرجەستە دەردەکەوت، لەبەرئەوەی ئەم جۆرە کارە هیچ زێڕکارییەکی تێدا نەدەکرا و و بەناوی چاپی سادە، بەبێ (نەخش و نیگار)ەوە ناوبانگی دەردەکرد ئەگەری هەیە کە ئەم شێوازە لە ئینگلتەرا دۆزرابێتەوە ئەم بەرگە لە زنجیرەی ڕێکخراو لە شێوەی بچووکی چوارگۆشە یان سێ گۆشە و یان بازنەیی وەیان لە شێوەی دڵ پێکهاتبوو.

بە شێوەیەکی گشتی چوارچێوە ناوەکییەکان جیاوازبوون لەگەڵ چوارچێوە دەرەکییەکان. چوارچێوە ناوەکییەکان لە شێوەی لەبزینەی بچووك دایە کە هێڵی تێدایە و هێڵەکان یەکتری دەبڕن وەیان لە شێوەی لەبزینەی دایە بەجۆرێکی نارێك لە پاڵ یەکتریدا کۆبوونەتەوە. دادەنران، بەڵام گۆشەکان هەروەك بینیومانە، چەند بەرجەستەییەکی مسی هەبوو، کە بەبزمار داکوترابوون بەرگی کتێبەکە بەهۆی قفڵی کانزایی تایبەتییەوە دادەخرا. بێگومان پێویست ناکات وەها بیربکەینەوە کە هەموو ئەو بەرگانەی لەکڵێساکاندا دروستدەکران، بەم ئاستە هونەرییەی کە باسمان کرد ڕازێنرابێتنەوە زۆرێك لەوانە لەسەرەتاوە تا کۆتایی سادە بوون و ئەو ڕاهیبانەی کە بەرپرسی بەرگ تێگرتن بوون، لە ئاستێکی باڵادا فێر نەدەکران. لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ کات ئەمە نەدەبوویە ڕێگر لە دەسکەوتنی هونەری جوانی و سەرنج ڕاکێش و هێز و توانای ئیشی دەستی لە دروست کردنی بەرگە چاپییەکاندا.

**جۆرەکانی دیکەی بەرگەکان:**

لە سەدەکانی ناوەڕاستدا. جگە لەو ڕوپۆشە بەرگانەی کە ناومان هێنان، چەندین بەرگی دیکەی ناسراو هەبوو کە لە دروستکردنیدا ماددەی تر بەکاردەهێنرا.

لەو کتێبخانەیەی کە دەگەڕایەوە بۆ شازادە جان دوبێری[١٣١]، بەرگی زۆربەی کتێبەکان لە قوماشی بەگوڵ جنراوی دووراو و ڕازێنراو بەبەرگی جۆراوجۆر، دروستکرابوو.

131- Jean de Bery.

## کتێبخانەکانی سەدەی دوانزەیەم تا سەدەی چواردەیەم

### ئامێر و کەلوپەلەکانی کتێبخانەکان:

کتێبی کتێبخانەی کڵێساکان- هەروەك وتمان - تا نزیکەی سەدەی سیانزەیەم زۆرکات لە قەفەسی جولاودا، کەناوی ئارماریۆم[١٣٢] بوو، دادەنرا و دەرگاکانی دادەخرا، لەسەدەی چواردەهەمدا جۆرێکی دیکە لە کەلوپەلی کتێبخانە دەرکەوت بەناوی دۆڵابچە (قمطر)[١٣٣]. کە پێکهاتبوو لە جۆرێك مێزی خوێندنەوە، کە ڕووی سەرەوەی مایل بوو، کتێبەکانی لەسەردادەنرا، بەڵام لەکتێبخانەکاندا، بۆ جوانی کتێبەکانیان لە ژوورێکی تایبەتدا هەڵدەچنی کە ژمارەیەك ڕەفە و قەفەس و تاقی یەکسانی هەبوو، کە لە نزیك پەنجەرەکاندا و خرابوویە پاڵ دیوارەکان. ئەم قەفەسانە کورسی بۆ دانیشتن و بۆ خوێندنەوەشی هەبوو.

لە هەندێ لەکتێبخانەکدا، کتێبەکان بەزنجیری ئاسنی بەهێز و بەدرێژییەکی گونجاو بەسترابوویەوە، لە هەمانکاتدا دەتوانرا بەئاسانی بخوێنرێتەوە، زنجیرەکە لەلایەك بەبەشی سەرەوە یان خوارەوەی کتێبەکەوە بەسترابوو، بەلاکەی دیکەشی بەپارچەیەك ئاسنەوە بە ڕەفەکەوە بەسترابوو. ئەو کتێبانەی کە بەم جۆرە دەبەسترانەوە ناودەبران بەلیبری کاتیناتی[١٣٤]، هەندێ کاتیش ئەم کتێبانە بەکلیلێکی تایبەت دەکرانەوە.

جگە لەمانە، لەکتێبخانەدا کارێکی دیکە دەکرا ئەویش ئەوەبوو کە بۆ سوود وەرگرتن لەکتێبەکان، دەخرانە سەر عەرەبانە، بەجۆرێك کە بتوانرێت بەئەمانەت بدرێتە ڕاهیبەکان و بتوانن لە کڵێسادا بیخوێننەوە. تاوەکو سەدەی شانزەیەم و حەڤدەیەم دانانی کتێب لە قەفەسدا باوبوو. زۆرکات سوود لەو قەفەسانە وەردەگیرا کە لەسەر ڕووەکەی ڕەفە هەبوو، تاوەکو بتوانرێت کتێبی زیاتری لەسەر هەڵبچنرێت کتێبەکان لەسەر ئەم ڕەفانەدا دادەنران بەجۆرێك کە پشتی کتێبەکە ڕووەو ناوەوەبوو، چونکە خوێنەران گرنگییان بەرازاندنەوەی بەشی پشتەوەی بەرگەکە نەدەدا. بەڵام ئەو نەریتەی کە ئێستا باوە کە لای کتێب ڕووەو دەرەوەبێت، لەسەدەی

132- Amarium.
133- Lecrinum.
134- Libri catenati.



هەڤدەهەمەوە دەستی پێکرد. ناونیشانی کتێبەکە بەمەرەکەبێك لەسەر پەڕەیەکی کاغەزی بچووك دەنووسرا و دەدرا لە روکاری دەرەوەی بەرگەوە یان دەدرا لە کەناری سەرەوەی کتێبەکە، بەجۆرێك ئەگەر کتێبەکە بەپێوە وەستابوو لەناو قەفەسەکەدا، خوێندنەوەی ناوی کتێبەکە ئاسان بێ. هەروەها هەندێ جار ناوی کتێبەکە لای خوارەوە دەنووسرا تاوەکو ناوی کتێبەکە بەئاسانی بخوێنرێتەوە.

مێزی تایبەتی خوێندنەوەش هەبوو، لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتدا بەشێوازی جۆراوجۆر دروستدەکران. هەندێکیان بازنەیی بوون چەندین کتێب بەکراوەیی لەسەری دادەنرا، و خوێندنەوەی یەك بەیەکیان لە ڕێگەی سوڕاندنەوە بوو بەدەوری مێزەکەدا. ئەم شێوازە هاوشێوەی کڵێسا نوێیەکان و کڵێساکانی ئەمریکایی بوو.

## کتێبخانەی کڵێساکان

### کتێبخانەی پەرستگاکان:

بێدنێکتیان[١٣٥] بەتایبەتی کەسانێك بوون کە دەستیان دابووە چالاکی لەم بوارەوەدا کۆنترین کتێبخانەی کڵێساکانیان - کتێبخانەی مۆنتێ کاسینۆ[١٣٦] بوو لەسەدەی دوانزەهەمدا. بە دەوڵەمەندترین کتێبخانەی سەردەمی خۆی دێتە هەژمار.

### کتێبخانەی فلوری:[١٣٧]

لە گرنگترین کڵێساکانی هۆزی ڕاهیبانی بێندیکتییەکانی فەڕەنسا، کە فەرمانڕەوایی هۆزی کلونی[١٣٨] لە کەنار ڕووباری بواردا دەکرد، کڵێسای قەشە بێندیکتە، کە دروست کردنەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی حەوتەم، ناوبانگە تایبەتییەکەشی بەهۆی ئەو دیاری و گرنگی دانەوەبوو کە لەلایەن کەسایەتییە نائایینی و هەروەها لەلایەن کڵێساکانی دیکەوە بەو پەرستگایە دەدرا.

135- Benedictines.
136- Monte Cassino.
137- Fleury.
138- Cluny.

ئەم کڵێسایە چەندین جار بەهۆی جەنگی نۆرمانەکانەوە وێرانکرا، بەڵام پاش ئەوە درێژەی بەکارەکەی دا و ژمارەیەکی زۆری قوتابی نەك تەنها لە فەرەنسا بەڵکو لەتەواوی وڵاتانی دیکەوە لە قوتابخانەکەی ئەم کڵێسایەدا سەرقاڵی خوێندن بوون. ئەم قوتابخانەیە لە سەدەی دەیەمدا، ئەوکاتەی کە سەرۆکایەتییەکەی لەلایەن ئان ئابون[١٣٩]دا بوو زیاتر لە ٥٠٠٠ خوێندکاری هەبووە.

لەم سەردەمەدا کتێبخانەی فلێری درەخشانێکی تایبەتی هەبوو. ئێستا بەڵگەیەکی دەستنووسمان لەبەردەستدایە کە تیادا هاتووە سەرۆکی کڵێسای ماسکاریۆس[١٤٠] لە ساڵی ١١٤٦دا باجێکی ساڵانەی دانا کە بڕەکەی ((سەدو هەشتا ((سولدی)) زێڕ بوو و ئەندامەکانی کڵێسا و بەشە پەیوەندییدارەکانی دەبوو ئەم بڕەیان بدایە. ئەم باجە بۆ پارێزگاری کردنی کتێبخانە و فراوانکردنی دانرابوو. وە تا ساڵی ١٥٦٢ ئەم یاسایە بەبەهێزی مایەوە. لەوێدا هەندێ کاروبار بەڕێکرا، کە وەرگیرابوو لە هەندێ لەکتێبخانەکانی کڵێساکانی دیکەی ئەو سەردەمانە. وەك کڵێسای سان پێری[١٤١] لە شاری چارترێ[١٤٢] و پەرستگای سان ترێ نتی[١٤٣] لە شاری ڤێندۆم[١٤٤].

کتێبخانەی فلوری و شوێنی لەبەرگرتنەوەکەی لە سەدەی دوانزەهەم و سیانزەهەمی زایینیدا گەشتە لوتکەی گەورەیی خۆی هەرچەندە ئێستا تەنها چەند بەشێکی کەم لە پاشماوە دەستنووسەکانی کە لە هێرشەکانی پەیڕەوانی مەزهەبی کالڤین[١٤٥] رزگاریبوو، بەجێ ماوە.

**کلۆنی:**

کڵێسای سەرەکی هۆزی کلۆنی هەر هەمان کڵێسای کلۆنییە، کە کتێبخانەکەی لەڕووی ناوبانگەوە هیچی کەمتر نەبووە لە کڵێسای پێشوو.

139- Abbon.
140- Mascarius.
141-.Saintpere.
142- Charters.
143- Sarit Trinite.
144- Vendome.
145- Calvin.



لەکاتی یەکەمین سەرۆکییەوە ((برنون))[١٤٦] لە سەرەتای سەدەکانی دەیەمدا کتێبخانەیەك زیادی کرد بۆ ئەم کڵێسایە. وەك دەڵێن لە پاشاندا ئۆدون[١٤٧] بەڕێوەبەری قوتابخانە و بەرپرسی کڵێسا، نزیکەی سەد نوسخەی بۆ پەیداکرد، یەکێك لە جێنشینەکانی بەناوی ماژۆلوس[١٤٨] چالاکی بەشی لەبەرگرتنەوەی فراوان کرد، بەتایبەتی ئەو نووسراوانەی کە تایبەت بووە بەپیاوانی ئایینی و هەمیشە گرنگترین بابەت بووە بۆ فێربوونی کلۆنییەکان.

لە سەدەی دوانزەهەمدا، لەسەردەمی قەشەی زانا پترۆسی گەورە[١٤٩] هەموو بەڵگەکان شایەتی لەسەر چالاکی بەرچاوی قوتابخانەی نووسینی کلۆنی دەدەن. ئەم راهیبە هەستا بەوەرگێڕانی قورئانی پیرۆز هەروەها ئاڵوگۆڕی نوسخە دەستنووسەکان لە نێوان کڵێسا جۆربەجۆرەکاندا زیادی کرد. نابێت لە یادمان بچێت کە کۆمەڵێك لە رۆشنبیرانی ئەو سەردەمە لە نێوانیاندا راهیبی فەیلەسووف ئابیلارد[١٥٠] پەیوەندییەکی پتەویان بەکلۆنییەوە هەبووە.

لەو گۆڕانکارییانەی کە دواتر لەم کتێبخانەیە روویدا، زانیاری ئەوتۆمان لەبەر دەستدا نییە، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی دەبێت بزانین کە تاکاتی وێران کردنی لەلایەن پەیڕەوانی کالۆنەوە لە ساڵی ١٥٦٢زدا، زۆر دەوڵەمەندبوو و بۆ کتێبخانەی فلۆرنیش هەمان بەسەرهات روویدا.

**کتێبخانەکانی دیکەی کلۆنی:**

لە بەناوبانگترین کتێبخانەکانی دیکەی کلۆنی، کتێبخانەی سان مارتین دیشامپ[١٥١] لە پاریس و کتێبخانەکانی سان مارشیال[١٥٢] لە شاری لیمۆژ[١٥٣]ە.

بەڵام لە ئینگلتەرا چەند کتێبخانەیەکی گرنگیان لە کاونتربێری[١٥٤] و کڵێسای سان ئالبانس دا[١٥٥] هەبوو.

146- Bernon
147- Odon.
148- Majolus.
149- Pierre le Vénérable.
150- Abélord.
151- Saint Martin des champs.
152- Saint – Martial.
153- Limoges.

**کتێبخانەی کوربی:**

لەو کتێبخانە جۆربەجۆرانەی فەڕەنسا کە گرنگییەکی بەرچاویان هەبووە لەکاتێك لەکاتەکاندا. کتێبخانەی سان مارتن دیَ توره[١٥٦] کە دەکەوێتە ناو کڵێسای ئالکوینەوە[١٥٧]. هەروەك باسمان کرد.

هەروەها کتێبخانەی کڵێسای کوربی کە لەلایەن کڵێسای لوکسوی[١٥٨]یەوە دروست کرا.

ئەم کتێبخانەیە شوێنێکی بۆ لە بەرگرتنەوە هەبووە و لەڕووی بەرهەم هێنانەوە، لە گەورەترین شوێنەکانی لەبەرگرتنەوە لە قەڵەم دەدرێت لەسەردەمی کارۆلێنژیدا.

لەسەدەی دوانزەهەمدا، پاپا بودجەیەکی بۆ ئەم شوێنە دیاریکرد کە هەندێکی بۆ کتێب دار و هەندێکی دیکەی بۆ بەرگ تێگرەکان دانرابوو.

پێرستێکی ئەم قۆناغەمان هەیە کە چۆنیەتی دەوڵەمەندبوونی ئەم کتێبخانەیە نیشان دەدات بەجۆرێك کە بۆ نموونە تەنها کتێبەکانی قەشە ئۆگۆستین سی و نۆ ژمارەی لە سەرجەمی ژمارەکانی ئەم کتێبخانەیە داگیر دەکرد.

**کتێبخانەکانی کڵێسای سان جێرمان دیپریَ:[١٥٩]**

ماوەیەکی کەم پاش بڵاوبوونەوەی گەنجینەکانی کوربی لە ڕۆژگاری جەنگە ئاینییەکان دا، بەشێکی لە سەدەی حەڤدەیەمدا بوو بەمولّکی کتێبخانەی کڵێسای سانجێرمیان دیپریَ کە لە بەناوبانگترین کتێبخانەکانی پاریسە، و پاشان بەبەڕێوەبەرایەتی قەشەی بێندێکتی مان ماور[١٦٠] گەشەی سەند. کۆمەڵە کتێبەکانی سان جێرمییان، ئێستاش لە کتێبخانەی نێودەوڵەتی پاریسدا بوونی هەیە.

154- Canterbury.
155- Saint – Albans.
156- Saint. Martin de Tours.
157- Alcuin
156- Saint Mortinde Teurs.
157- Alcuin.
158- Luxeuil.
159- Saint Germion despres.
160- Benedictines de Saint – Maur.



هەروەها نوسخەی دەستنووسی دیکە هەیە کە لەکوربییەوە بۆ شاری ئامین[١٦١] وەیان بۆ کتێبخانەی ئیمپراتۆری، کە ئێستا بەکتێبخانەی گشتی ناودەبرێت، واتە بۆ شاری لینیگراد گواستراوەتەوە.

**کتێبخانە لاوەکییەکان:**

لەناودارترین کتێبخانە ئاگۆستینییەکان دەتوانین ئاماژە بەکتێبخانەی سان جینیڤێڤ[١٦٢] بکەین، کە کتێبخانەی ئێستای شاری پاریس لەم ناوەوە هەڵجێنراوە. هەروەها کتێبخانەی سان ڤێکتۆر[١٦٣] کە ناوبانگی لەسەردەمی پاشای یەکەمی فەڕەنسادا ئاشکرابوو، ئەم کتێبخانەیە بەهۆی هەڵبژاردنی گرانبەهاترین کتێبەکانەوە، لەگرنگترین کتێبخانەکانی شاری پاریس بوو لە سەدەی سیانزەهەم و چواردەهەمدا.

ئەو هۆزە ئاینییانەی کە پاشتر دروستبوون، بەتایبەتی هۆزی راهیبانی فرانسیسکن و دومینیکن، چەندین کتێبخانەی گرنگیان لە پاریس و جێگەکانی تردا بونیادنا. بەڵام لە ئیتاڵیادا دەتوانین ئاماژە بەکتێبخانەکانی کڵێسای سان پاوڵ[١٦٤] و سان جان[١٦٥] لە ڤینسیا بکەین لە ئەڵمانیاش دا ئەم جۆرە کتێبخانانە هەبوون و دەتوانین ناوی کتێبخانەی ئانابێرگ[١٦٦] لە ساکسونی بهێنین. بەڵام لە ئینگلتەرا ئەو قەشە توێژەرەوانەی کە چوونە ئەو شوێنە چەندین کتێبخانەیان لە لەندەن و ئۆکسفۆرد دروست کرد.

161- Amiens.
162- Saint. Geneviéve.

163- Saint. Victor.
164- Saint – Paul.
165- Saint – Jean.
166- Annaberg.

# پەیوەندیی نێوان کتێبخانەکان

## دانانی یەکەمین فەهرستی گشتی بۆ کتێبخانەکان:

پێویستە ئاماژە بەو بیروبۆچوونە نوێیەی قەشەکانی فرانسیسکن بکەین، دەربارەی ئامادەکردنی فەهرستێکی گشتی بۆ قۆناغەکانی سەدەکانی ناوەڕاست.

لە کۆتایی سەدەی چواردەهەمدا، بۆ شەست کڵێسای ئینگلیزی داوانامە نێردرا کە داوای فەهرستی کتێبەکانیان کردبوو. بەهۆی وەرگرتنەوەی وەڵامی ئەو داواکارییە، دانانی فەهرستێك بۆ کتێبە ئینگلیزییەکان[١٦٧] ئامادەکرا. ئێستاش لەکتێبخانەی بۆدلیانە[١٦٨] لە ئۆکسفۆرد. ئەم کارە کۆنترین گۆڕانکاری زانراوە لە بواری دروستکردنی فەهرستێکی گشتی بۆ چەندین کتێبخانە. لەم فەهرستەدا زانیاری تایبەت هەبوو کە شوێنی پارێزگاری کردنی هەر کتێبێکی دیاری دەکرد، لە ئەڵمانیاشدا هەندێ لە کڵێسا دەبینین کە فەهرستی کتێبخانەکانیان لەگەڵ یەکدا ئاڵوگۆڕ کردووە.

## کتێبخانەکانی هۆڵەکانی کۆبوونەوەی کڵێسایی:

تاوەکو ئێستا وتەکانمان دەربارەی کتێبخانەکانی خودی پەرستگاکان بووە، لەبەرئەوە لە سەدەی نۆزدەیەمدا هۆڵەکانی کۆبوونەوە لەکڵێساکانی (کاتدرال)دا هەبوو، هەر شوێن کۆبوونەوەیەك قوتابخانەیەکی هەبوو. لە دوایدا کۆمەڵە کتێبێکی بەنرخ خرایەسەر کاتدراڵی شارتر. کتێبخانەی شارتر تا ئەمڕۆ ماوەتەوە. هەروەها باسی کڵێسای کاتدراڵی لیۆنیش دەکەین وەك پێشتر لە شوێنی لەبەرگرتنەوەی دوایین. هەروەها کتێبخانەکانی کامبرێ[١٦٩] و روێن[١٧٠] و کلیرمۆنت[١٧١]یش هەبوون. تەنانەت هەندێك لەم کتێبخانانە لەڕووی یاسای ناوخۆ و بەهای پێکهاتووە گرانبەهاکانی لە کۆمەڵە کتێبەکانی پەرستگاکانی دیکە باڵاتر بوون.

167- Registrum Librorum Angliae.
168- Bodleian.
169- Combrai.
170- Rouen.
171- Clermont.



## کتێبخانەکانی پاپا لە ئاڤینۆن:[١٧٢]

لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، کۆمەڵێك کڵێسای گرنگی دیکە هەبوون کە پاپاکان لەوکاتەی ئاڤینۆیان کردە پەناگای خۆیان دروستیان کردووە، بەڵام پشتیوانی سەرەکی ئەم کتێبخانانە ئەو دیارییانە بوون کە پێشکەش دەکران. وەیان دەستگیربوونی کتێبخانەی پیاوە گەورەکانی کڵێسا بوو دوای مردنیان هەروەها چالاکییە ئەدەبییەکانی ناو کۆشکی پاپاش، لە دەوڵەمەندکردنیانی یارمەتیدەربوو. ئێستاش فەهرستی ئەو کتێبخانەیەمان لەبەر دەستدایە. ئەم فەهرستە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵەکانی **١٣٧٥-١٣٦٩**ی زایینی. لەم فەهرستەوە تێدەگەین کە ئەم کتێبخانەیە زیاد لە دوو هەزار بەرگ کتێبی هەبووە و سەرەڕای کۆمەڵە کتێبە سەرەکییەکانی تایبەت بەیاسا و رەوشتە ئایینییەکان، ژمارەیەکی زۆر لە دەست نووسە کۆنە کلاسیکی و یۆنانییەکانی دەگرتە خۆ کە بۆ زمانی لاتینیش وەرگێڕابوو.

شایەنی باسە پاپاکان لەکاتی بەجێهێشتنی شاری ئاڤینۆن و گەڕانەوە بۆ بارەگای سەرەکی خۆیان لە شاری رۆمادا تەنها ژمارەیەکی کەمیان لەم کتێبانە لەگەڵ خۆیاندا بردەوە و پاشماوەکەی هەندێکی خرایە سەر کتێبخانەی نێونەتەوەیی پاریس و هەندێکی دیکەش بوویە موڵکی خانەوادەی بۆرگێس[١٧٣] و پاشان لە ساڵی **١٨٩٩**دا ڤاتیکان لەوانی کڕییەوە.

## کتێبخانەی زانکۆکان:

قەشەکانی فراسیسکن و دوینیکن کە پێشتر ناومان هێنان، رۆڵێکی گرنگ و تایبەتیان دی لە دروستکردنی زانکۆکان لە سەدەی سیازەهەمدا. ئەم زانکۆیانە پەیوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ کڵێسادا هەبووە، لە ناودارترین زانکۆ کۆنەکان، زانکۆی پاریسە کە کۆلیژە سەرەتاکانی راهیبێك بەناوی رۆبێرت دۆسۆربۆن[١٧٤] دروستی کرد. هەروەها ناوی زانکۆی سۆربۆن لەم ناوەوە وەرگیراوە. هەروەها زانکۆکانی پادۆڤا[١٧٥] و بۆلۆنا و[١٧٦] زانکۆی دووەمیان ناوەندێکی بەناوبانگ بوو بۆ فێربوونی یاسای رۆمی کە ئەوکاتە رەواجی هەبوو. هەریەك لەم زانکۆیانە

172- Avignon.
173- Berghese.
174- Robbert desorbon.
175- Podova.
176- Bologna.

کتێبخانەیەکیان هەبوو کە لەڕووی گرنگی لەیەکتر جیاوازبوون، لەوانەیە گەورەترینیان سەر بەکۆلیژە جۆربەجۆرەکانی پاریس بووبێت. جگە لەمە هەر کۆلیژێك کتێبخانەیەکی تایبەت بەخۆی هەبوو. ڕۆبێرت دوسۆربۆن کتێبەکانی خۆی کردە دیاری بۆ ئەو کۆلیژەی کە بونیادی نابوو. لەوێدا کتێبخانەیەکی گرنگی دیکە هەبوو و سەر بەکۆلیژی ناڤاری بوو(١٧٧). هەر خوێندکارێك(١٧٨) کە خوێندنی تەواو دەکرد، دەگەشتە پلەیەکی بەرزی ئایینی و یان بەپلەیەکی کڵێسایی دەگەشت بەبەخشینی بڕێك پارە وەیان بەکۆمەڵێك کتێب بەشداری لە فراوانکردنی ئەو کتێبخانەیەدا دەکرد. کتێبخانەی سۆربۆن لە دوو بەش پێکهاتبوو. کتێبخانەی گەورە ئەو کتێبانەی تێدابوو کە زۆر دەخوێنرانەوە و ئەو کتێبانە بەزنجیر بەسترابوونەوە. بەڵام کتێبخانەی بچووك ئەو کتێبانەی تێدابوو کە چەندین نوسخەی هەبوو، وەیان ئەو کتێبانەی کە کەمتر سوودی لێوەردەگیرا ئەم کتێبانەش بە ئەمانەت دەدران نرخی ئەو بارمتەیەی کە دەدرا بەئەندازەی نرخی کتێبەکە بوو، نرخی ئەم کتێبانە لە فەهرستەکدا نووسراوە.

بینای کتێبخانەی کۆنی ناڤاریژ تا ساڵی ١٨٦٨ ز بەپێوە مابوو. کتێبخانەیەکی دیکە هەبوو کە بەنزیکەی بەدرێژایی ئەم ماوەیە پایەدار و بەهێزبوو مەبەستمان کتێبخانەی هۆڵی کۆبوونەوەی کاتدراڵی نوویۆنە(١٧٩)، بینایەکی سەرسوڕهێنەری هەیە کە هەمووی لە دار دروستکراوە.

ئەم کتێبخانە تەنها بینای سەدەکانی ناوەڕاستە کە لە فەرەنسادا بەپێوە ماوە لڤێکیشی هەیە. لەگەڵ ئەمەشدا بەشی ناوەوەی بەشێوازی بیناسازی نوێ دروستکراوە. زۆری نەخایاند کە هێدی هێدی چەندین زانکۆی نوێ بەدرێژایی سەدەی چواردەهەم لە ڤیەنا و پراگ کرانەوە، پاشان کامبێرج و ئۆکسفۆرد و چەندینی تر. ژمارەیەك زانکۆ کرایەوە کە هەمان توانا و لێهاتوویی ئەو زانکۆیانەی دیکەی هەبوو کە باسمان کرد. لەوانەش هەبوونی کتێبخانەی تایبەتی.

177- Navarre.
178- Alma Matter.
179- Nogon.



**پێشکەوتنی بازرگانیی کتێب:**

دروستبوونی زانکۆکان هەلێکی گونجاوبوو بۆ چالاکی و جموجۆڵی بازرگانی کتێب کە لەسەدەکانی ناوەڕاست و پێش دروستبوونی زانکۆکان ئەم کارە پێشینەی نەبووە و بەکەمی ئەنجام دراوە.

لەڕاستیدا تەواوی یەکێتییەکان و خاوەن ئیمتیازەکان و کاربەدەستانی پیشەسازی کتێب، لەگەڵ زانکۆکاندا پەیوەندییان هەبوو. لە ناویشیاندا دەتوانین ناوی چینی کتێب ناسان(١٨٠) و جوانکاران (١٨١) و دەباغەکان(١٨٢) و بەرگ سازان(١٨٣) پاشان ناوی خودی کتێب فرۆشان(١٨٤) بهێنین. تا ئەمڕۆش وشەی ستەیشنەر(١٨٥) کە لە زمانی ئینگلیزیدا بەکاردەهێنرێت و ئاماژە بەکتێب فرۆش و کتێبدار دەکات.

تەواوی ئەم پیشەوەر و کتێب فرۆشانە ئەو یاسا وردەی کە بۆ چاودێری کردنی زانکۆکان دانرابوو، قەبووڵ کردبوو. بۆ نموونە فرۆشیارانی کتێب بەڵێنیان دابوو کتێبی فێرکردنی دوور لە هەڵەی چاپ بهێنن. بەپێی بەڵێن نامەکان بەئەمانەت بەخوێندکارانی بدەن تاوەکو لەسەری بگرنەوە و کۆپی بکەن.

هەروەها جگە لە حەق دەست نەیاندەتوانی بەزیاتر کتێبەکان بفرۆشن و قازانجەکەشی نەدەبوو لە بڕێکی دیاریکراو زۆرتر بێت. بەڵام هەرچەندە لەم سەردەمەدا چالاکی و جموجۆڵی ئەم بازرگانییە سنووردرابوو، بەڵام سوود و قازانجێکی گونجاویشی هەبوو. چونکە ژمارەیەکی زۆر فرۆشگای کتێب لە پاڵ زانکۆ نوێیەکان، بەتایبەت لە دەوروبەری زانکۆی پاریسدا دانرابوون.

لەگەڵ هەموو ئەمانەدا کەسی فرۆشیار بۆ ئەوەی داهاتەکەی زیاد بکات، لە هەمانکاتدا خۆشنووسی و کتێب فرۆشیی دەکرد وەیان بەرگ تێگرتن و کتێب فرۆشیی دەکرد.

180- Bibliopharii.
181- Rubricators.
182- Pergolami.
183- Bibliopeges.
184- Stationarii.
185- Stationer.

چەندین یاسای تایبەتی بازرگانی کردنی کتێبمان لەبەردەستدایە کە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٢٥٩ زایینی لە شاری بۆلۆنا. هەروەها هەندێکی دی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵەکانی ١٢٧٥-١٣٢٣ لە پاریس و لە پاش ئەوە یاسایەکی پێ پەردە و ئاشکرا ساڵی ١٣٤٢دا بۆ جێبەجێکردنی دانرا، بەگوێرەی ڕێ و شوێنی کتێب فرۆشان لە پاریس، وەها دانرا کە بەئاگاداری سان ڤان پۆرت - لاتن[١٨٦] هەموویان بەکۆمەڵ لەگەڵ گرووپ و دەستەکانی زانکۆدا هاوبەشییان دەبێت.

یاسای زانکۆکانی ئەڵمانیاش چەندین بڕیاری تایبەت بەکتێب فرۆشانی دەگرتەخۆ. هەرچەندە ئەم یاسایانە بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ نەمایەوە ئیتاڵیا و فەڕەنساش بەهەمان شێوە ئەم قۆناغەیان تێپەڕاند. یاساکان تا ئەندازەیەك پەیوەندیی بەوەوە هەبوو کە خوێندکاران دەبێت زۆر کات کتێبی وانەکانیان بەدەستی خۆیان لەسەر دەستنووسی مامۆستاکان بنووسنەوە و کارەکەیان لەم بوارەدا وەك زانکۆکانی ڤییەنا و پراگ بوو.

**شێوازی گوتیك لە هونەری کتێب ڕازاندنەوەدا (کتێب ئارایی):**

لە نزیکەی ناوەڕاستی سەدەی دوانزەیەمدا، شێوازی گوتیك لە فەڕەنسادا دەرکەوت پاشان لە شوێنەکانی دیکەدا بەتایبەت لە ئەڵمانیادا رەواجی پەیداکرد. لە دواییدا کاریگەرییەکەی لەسەر هونەری کتێب ڕازاندنەوە ئاشکرابوو.

**نووسینی گوتیك:**

زانیمان کە چۆن پیتە بچووکەکانی کارۆلینژی تا ئەندازەیەك شێوە بازنەییەکەی خۆی لەدەستدا، گۆڕا بۆ پیتی باریك تر و نزیکتر لە یەك. هەروەها گۆشەی تەسك تر، ئەم نووسینەش بەنووسینی گوتیك ناوی دەرکرد. لە شێوازی کەوانەی ڕۆمی ناوەندەوە کە شێوەی نیوە بازنەی هەبوو گۆڕا بۆ شێوەی کەوانەی نوك تیژی گوتکی و پیتەکان لە یەکتر نزیك بوویەوە. تاڕادەیەك ئەگەر دوو پیت بەیەکترەوە بنووسانایە ئەو دوو پیتە دەگۆڕا بۆ یەك پیت. بەڵام لە نووسینە پیتە گەورەکانی بنەما ئایینییەکاندا، نووسینی گوتیك بەبەراورد لەگەڵ

186- Saint Jean – portelalih..



نووسینی گەورەی گوتیکیدا کە جوانکاریشی تێدا دەکرا زۆر کات گەورەتربوو، ئەوە هەمان ئەو نووسینەیە کە بەشێوازی کتێبە پیرۆزەکان لێك دەدرێتەوە.

**جوانکاریی گوتیك:**

ئەم شێوازە تازەیە لە هونەری میناتۆریشدا پەیدابوو، بەجۆرێك کە دەبینین پیتە گەورە وێنە کێشراوەکان کە بەتەواوەتی گۆڕابوون بۆ جوانکاری و تاڕادەیەك شێوە بنچینەییەکەی خۆی لەدەست دابوو، دووبارە گەڕایەوە بۆ شێوەی پیت لە هەمانکاتدا شێوەی پیتی یەکەم درێژ کراوەتەوە. ئەم گۆڕانکارییە بریتییە لە وێنەی هێڵی بەرز و لەناویەك وەیان هێڵی لیك ئاڵا و یان لق و پۆپی ڕازێنراو کە هەموو لاکانی داپۆشیبوو لە شێوەی گیای وشکی گەنمی ئاڵتونیدا ڕازێنراوەتەوە. شێوازی گوتیك لە خودی میناتۆرەکانیشدا نەك تەنها بە وێنەی چوارچێوە وەك مارپێچەکاندا دەرکەوت کە ئەمەش جوانکاری تەلارسازی گولێکی نیشان دەدات، بەڵکو ئەم شێوازە لەلاواز نیشاندانی کەسەکان دەرکەوت، لەرێگەی کێشانی وێنەکانیانەوە بەشێوەی دەست و قاچی درێژ و پانی کەمی شانەکانیشدا، خۆی دەخستەڕوو، بەڵام لە بنەڕەتدا ئەو شێوانەی کە لە جوانکاری ئاڵتونی وەیان چوارگۆشەی داپۆشرابوون، لەم ڕازاندنەوەدا دەبینرا، بەواتایەکی تر چیدی حەزیان لە دەرخستنی ئەندازەی شێوەکان نەبوو. تایبەتمەندییەکی تری هەیە کە پێویستە خوێندنەوەیەکمان هەبێت بۆ ئەو سەردەمەی کە پەیوەندی بەوێنە ڕەنگکراوەکانەوە هەیە. ئەو تایبەتمەندییەش بریتییە لە وێنەی دیمەنی سروشتی لە کۆتایی دیمەنە وێنە کێشراوەکاندا. ئەم ڕووداوە گەورەی مێژووی وێنەسازی نوسخە دەستنووسەکان، لە سەدەی دواتردا دەرکەوت. لە میناتۆرەکاندا جوڵانەوەو شێوازی هونەرمەندە پێشینەکان. کە لەسەردەمە کۆنەکاندا هەبوون بەرچاو نەدەکەوت و جێگەی بەشێوازەکانی ئەو قۆناغە پڕبوویەوە. ئەو دیمەنانەی کە لە کتێبە پیرۆزەکاندا هەبوو لەسەدەی چواردەهەم و پانزەهەمدا لە سەرزەوییە پیرۆزەکانەوە گوازرایەوە بۆ ئەورووپا بەجۆرێك کە زۆرێك لەم وێنانە زانیاری تایبەتی ئێمەی لەسەر خو و نەریت و بۆنەکانی سەدەکانی ناوەڕاست زیاد دەکات.

لەناوەڕاستەکانی سەدەی پانزەهەمدا دیاردەیەکی گشتی دەرکەوت ئەویش ئەوەبوو کە جوانکاری لاکان لە پیتە گەورە سەرەکییەکان جیانەدەبوویەوە و جگە لەوەی کە ئەم جوانکارییانە سەربەخۆبوون و لە شێوەی گەڵای درەختان و ئەو گوڵانەی کە بەتەواوی لەگەڵا و

گوڵی سروشتی دەچوون. وێنە کێشرابوون و لە نێوان ئەمانەشدا وێنای باڵندەکان لە حاڵەتی فڕیندا وێنە کرابوون. مێرووەکانیش لەسەر رووی خوارەوەی پیتە ئالتونییە تۆخەکاندا دانرابوون و تاڕادەیەك جێگەی ئەو ئالتونە درەخشانەی گرتەوە کە بۆ رازاندنەوەی نوسخە دەستنووسەکان لە رابردوودا بەکاردەهێنرا.

## کتێب دۆستی و کتێب رازاندنەوە لە فەڕەنسا لە سەدەکانی چواردەهەم و پانزەیەمدا

### هاوڕێیانی کتێب لەنێو پاشایان و فەرمانڕەوایاندا:

بەنزیکەیی لە سەردەمی ئاگۆستونەوە تاوەکو چارلی پێنجەم. ناوی پاشاکانی فەڕەنسا لە نوسخە دەستنووسەکاندا کە نەخش و نیگار و وێنەی نایابییان هەبوو، جێگرکرابوو. لە نموونەی ئەوانە کتێبە پیرۆزەکان و کتێبی سروود و پارانەوەکان و چەندینی دیکەیە. نموونەی ئەوانە ئەو نووسراوانەیە کە سان لویس[187] (لویسی نۆیەم) فلپی سێیەم هەڵیان بژاردووە لەناو کتێبە هونەرییە جۆراوجۆرەکاندا. ئەوەی کە جان لی بۆن[188] بەدرێژایی فەرمانڕەواییەکەی بەهۆی زۆر حەز لێبوونی ئەدەبیات بەدی هێنا، بۆ کوڕەکەی چارلی پێنجەم (چارلی زانا) شازادەکانی ئانجۆو[189] برگاندی بەجێ ما لەم رووەوە دەتوانین چارلی پێنجەم بەدامەزرێنەری راستەقینەی کتێبخانەی پاشایەتی دابنێین. ئەو کتێبخانەیەی کە لەکاتی مردنیدا زیاد لە هەزار نوسخەی دەستنووسی هەبوو، زۆربەی بە قەیسەر لوفێری سپاردبوو، لە ساڵی **١٣٧٣**دا بەڕێوەبەری ئەو کتێبخانەیە بەناوی جیل مالێت[190] فەهرستێکی بۆ دروست کرد کە تا ئەمڕۆ هەرماوە و زانیارییەکی زۆرمان لێوەرگرت، لەوانە گرنگیدانی پاشا بەزانستە نەزانراو و نەناسراوەکان.

بەڵام جان دوبێری لە خۆشەویستی کتێبدا و پەرۆشی رازاندنەوەیدا توانی پێشی هاوڕێیەکەی چارلی پێنجەم بکەوێت. ئەو تەنانەت بۆ دروستکردنی کتێبخانەیەك بڕێکی زۆر پارەی سەرف کرد کە بوویە هۆی سەرسوڕمانی خەڵکانی ئەو سەردەمە بەجۆرێك کە بەجوانترین

187- Saint Louis.
188- Jean lo Bon.
189- Anjou.
190- Gilles Malet.



کتێبخانەی ئەو سەردەمەیان دەزانی. پلە بەرزی ئەم کتێبخانەیە تەنها لەڕووی گرنگی دانی فەرمانڕەوا بۆ کتێب نەبوو، بەڵکو لە تەواوکاری هونەری شاراوەی ئەو شوێنەدابوو کە داهێنانکاری وێنەکێشان لەم سەردەمەدا رەهەندەکانی ئەم تەواوکارییەی فەراهەم کردبوو.

### وێنەکێشە نائایینییەکان:

هێشتا هونەری میناتۆرەکان لەسەردەمی کڵێساکان نەڕۆشتبوویە دەرەوە. هێدی هێدی پەیوەندی ئەم هونەرە بەکەسانی نائایینییەوە زیادی کرد بەجۆرێك ژمارەی نوسخە وێنەکێشە نائایینییەکان بەدرێژای سەدەی سیانزەهەم لەوپەڕی دەستەڵاتی رژێمی فوئدالیتە لەنێو پیاوانی کۆشك و بەندە و دیلەکان و پیاوماقوڵاندا زیادی کرد و تەنها تایبەت نەبوو بەکتێبی ئایینییەوە، بەڵکو کتێبە نائایینییەکانیشی دەگرتەوە وەك: مێژوو، رۆمان و داستانە درامایییەکان.

### جان پۆسێل:[191]

بەناوبانگترین وێنەکێشە نائایینییەکان لە سەدەی چواردەیەمدا جان پۆسێلە گرنگترین ئەو کتێبەی کە وێنەسازیی بۆ کرد دوعای بێلڤێل[192]ە کە ئێستاش لە کتێبخانەی نێونەتەوەی پاریسدا دانراوە ئەم کتێبە کتێبێکی دڵگیرە. چونکە هاوئاهەنگی و پێکەوەبوونی هەیە لە نێوان نووسین و وێنەدا و هەروەها کۆکردنەوەیەکی جوان دەردەکەوێت لە نێوان شێوەی ئاژەڵان و گۆڵەکاندا و چەندین وێنە کە بەراستی نیشاندەری سروشتێکی رەهایە. جگە لەمانە چەندین چوارچێوەی دڵگیری تێدا بەدی دەکرێت. ئەو کتێبانەی کە لەگەڵەری ژان پۆسێلدا دەهاتنە دەرەوە لە هونەری فەڕەنسادا کاریگەرییەکەی زۆری هەیە لە رەنگرێژکردنی نوسخە دەستنووسەکاندا. تا ئەو جێیەی کە زۆرینەی قوتابییەکانی لە کۆشکی پاشایەتی و دەرباریدا سەرقاڵی خزمەتکردنی ئەم هونەرەبوون.

191- Jean Pucelle.
192- Belluille.

## قوتابخانەی فلامینکی فەڕەنسایی:

گرووپەك لە هونەرمەندانی فلامینکی لەسەردەمی ژان پۆسێلدا بەدرێژایی نیوەی یەکەمی سەدەی چواردەیەم بۆ نیشتەجێ بوون هاتنە پاریسەوە، لەراستیدا هونەری ڕەنگکردنی نوسخە دەستنووسەکان لە سەرزەوییە نزمەکاندا (ئەسکەندەناڤیا)، هاوڕێ و لایەنگرانێکی پەیداکرد کە لەڕووی پەرۆشی و حەز لێبوونەوە کەمتر نەبوو لەهاوشێوەکانی لە فەڕەنسادا، هۆی ئەمەش ئەوەبوو کە ئەو شارانە زۆر بچوکتربوون لەوەی کە بتوانن هەموو بەرهەمەکانیان ساغ بکەنەوە. ئەم بابەتە، زۆرێك لە هونەرمەندانی ناچار بەکۆچکردن کرد. هونەرمەندانی فلامینکی نیشتەجێی پاریس کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر هونەری فەڕەنسی بەجێ هێشت و هەروەها لە جیهانی هونەردا، قوتابخانەی فەڕەنسی فلامینکی دروست بوو. لە ڕاستیدا ئەو هونەرمەندانەی لە قوتابخانەی ژان دوبێری دا کاریان کردبوو، تایبەت بەم قوتابخانەیە بوون. چونکە ئەوانی راسپاردبوو کە زیاد لە ٣٠٠ نوسخەی دەستنووس جوانکاری بۆ بکرێت و بەدیمەنە دڵڕفێنەکانی خەڵکی فلاندەرز برازێنرێتەوە و لەو رووەوەی لە بواری مێژوودا زانیاری یەکیان هەبووە، دەبینین هەمیشە لەکەس و دیمەنەکانی ناو تەوراتدا جۆرە جلوبەرگ و رازاندنەوەیەکییان پێدەدا کە تایبەت بوو بەباروذۆخ و ماڵ و بژێوی خۆیان. لەم ڕێگەوە ئێمە ئاشنا دەکەن بەو خاڵانەی کە بە ژیان و خونەریتی باوی فلاندەرز لە سەدەکانی چواردەهەم و پانزەیەمدا. لەنێو ئەو هونەرمەندانەی کە ژان دوبێری دایمەزراندبوون دەبێت ناوی ژاکمار دو هێسدن(١٩٣) پۆل دولیمور(١٩٤) بهێنن، کە یەکەمیان لە جوانی وێنەکێشان و شارەزایی ڕەنگ کردندا لە ژان پوسێل دەچوو، بەڵام دووەمیان یەکەم کەس بوو کە ڕەگەزی دیمەنی سروشتی لە ڕەنگرێژکردنی نوسخە دەستنووسەکاندا دروست کرد. ئەو لەگەڵ براکەیدا بەشداری کرد لە وێنەکێشانی کتێبی ناوداری ساتەکانی پاڕانەوە(١٩٥) لە داناوی شازادە جان دوبێری. ئەم کتێبە ئێستا لە مۆزەخانەی کۆندی(١٩٦) لە شانتیلی(١٩٧) پارێزراوە. شێوە و وێنەکانی بەسەرسوڕهێنەرەکانی هونەری ڕاستەقینە دادەنرێن.

193- Jacquemart de Hesdin.
194- Polde Limourg.
195- Tres Riches heures.
196- Conde.
197- Chantilly.



لەکۆتایی شێوەکانی ئەم کتێبەدا نەخشەی زۆرێك لە کۆشکەکانی پاشایەتی و کۆشکی فەرمانڕەوایی دەبینین: وەك کۆشکی لوفیز و کۆشکی ڤین سین(١٩٨) و چەندین کۆشکی دیکە کە هاوشێوەی ئەمانەیە. کتێبی ساتەکانی پارانەوە بریتییە لە چەند کۆمەڵێکی بچووك لە دوعا کە لە چەند ساتێکی دیاریکراوی شەوورۆژدا دەخوێنرایەوە. ئەم کتێبانە لە سەدەکانی چواردە و پانزەدا زۆر ڕێزی لێ دەگیرا.

دوای مردنی جان دوبێری لە ساڵی ١٤١٦ قوتابخانەی فەڕەنسی فلامینکی بویە پەناگایەك بۆ فلیپی پزیشکی شازادەی برگاندی کە کۆشکەکەی لەڕووی جوانییەوە زۆر زیاتربوو لەکۆشکی پاشایەتی فەڕەنسا. ئەو بۆ بونیادنانی کتێبخانەیەکی بەشکۆ هەوڵێکی زۆری خستەگەڕ. تا ئەوەی ناوبانگێکی فراوانی پەیداکرد و بەگەورەترین ئارەزوومەندانی کتێب دانرا، بەجۆرێك کە خۆشنووسان و وێنەکێشان لەسەر دەستی ئەو هونەرە فێربوون.

هەرچەندە هەندێك لە کتێبەکانی بەپەلە نووسراوە، و بەهێزی و توندییەکی بەرچاوی نەبوو، بەڵام هەندێکی دیکە لە کتێبەکانی کێبڕکێ لەگەڵ کتێبەکانی جان دوبێریدا دەکات.

بەکورتی لە کتێبخانەکانی شازادەکانی برگاندی نۆ فەهرستمان لەبەر دەستدایە کە هەموویان پشتگیری پلەوپایەی ئەم کۆمەڵە کتێبە دەکات کە بەدەستی هێناوە لە بەرامبەر فەهرستی کتێبەکانی سەدەکانی ناوەڕاستدا.

## جان فوکێت:(١٩٩)

ئەو کاتەی کە قوتابخانەی سروشتی فەڕەنسی فلامینکی چالاکیی هەبوو. لە شاری تور(٢٠٠) هونەرمەندی گەورە ژان فوکێت، گەورەترین وێنەکێشی نوسخە دەستنووسەکانی فەڕەنسا کە کارتێکراوبوو بەهونەری فلامینکی و هونەری ئیتاڵی، سەرقاڵی کاربوو، بۆ ڕژاندنی ئەم کاریگەرییانە بۆ ناو قاڵبێکی ڕەسەن و داهێنانکارییانە، بەجۆرێك لێهاتوویی لەخۆ نیشاندا، بۆ بە دامەزرێنەری قوتابخانەیەکی تایبەت لە فەڕەنسا. تەنانەت توانی لە زۆرێك لە هونەرمەندە

198- Vincenne.
199- Jean Foucquet.
200- Tours.

گەورەکانی پێش خۆی پێش بکەوێت. نەك تەنها لەڕووی جوانی ڕەنگ و پاکی شێوەکانەوە بەڵکو لە واتای قوڵ و سروشتی شێوەکانیشەوە لەوان پایە بڵندتر بێت.

لەبۆچوونی ئەودا وێنە روونکەرەوەیەکی راستەقینەی ناوەڕۆکی نووسینەکە بوو نەك وەك هونەرمەندەکانی پێش خۆی کە تەنها بۆ رازاندنەوە دادەنرا. هەروەها دیمەنە سروشتییەکانی، جادوی راستەقینەی هونەری فەڕەنسی بوو.

ژان فوکێت لەسەردەمی چارلی حەوتەم و لویسی پانزەهەمدا، لە کۆشکەکانیاندا خزمەتێکی زۆری کرد. هەروەها بۆ زۆرێك لە لایەنگرانی کتێب و ناودارانی ئەو سەردەمەی خۆی وەك جان دارما گناك(٢٠١) و دۆك تیمۆر(٢٠٢) ئیتن شافالێری(٢٠٣) وەزیری دارایی فەڕەنسا، کاری کردووە، ئەو وێنانەی کە ئەو لە کتێبی ساتەکانی پاڕانەوەدا بۆ ئیتن شاڤا لێری کێشاوە لە سەرنج راکێشترین وێنەکانە و ئێستا لەمۆزەخانەی کۆندیە پارێزگاری لێ دەکرێت.

## کۆمەڵە کتێبەکانی تایبەت بەچینی مامناوەندی خەڵکی

جگە لە دیوانی فەرمانڕەوایان و خانەدان و پیاوماقوڵان و کڵێسا و پەرستگا و زانکۆکان بڵاوبوونەوەی کتێب لە سەدەی ناوەڕاستدا لەناو خەڵکیدا زۆر کەم بوو.

**گرانیی کتێب:**

کتێب خوێندنەوە لەرۆمانی کۆندا بەزۆری بۆ چینە باڵاکانی کۆمەڵگا سنووردار کرابوو و گرانی کتێب لەم سەردەمەدا یارمەتی کتێب خوێندنەوەی نەدەدا، چونکە نرخی پێست هەمیشە لە بەرزبوونەوەدا بوو و لە نێوان ئەو بەڵگانەی کە ئەم بابەتە دەسەلمێنن، پڕکردنەوەی پەڕەی نووسراوەکان بوو هەتاوەکو کۆتایی و ئەگەر ناوەڕۆکی نووسینەکە بەس نەبوو بۆ پڕکردنەوەی پەڕەکان و واباوبوو کە نوسخە دەستنووسەکانیان بەنووسراوێکی دیکە پڕ دەکردەوە. هەروەها ئەو کەسانەی کە بەکرێیەکی کەم کاریان دەکرد وەك چینی کۆیلە و بەندە رۆمییەکان، هێدی

201- Jean d'Armagnac.
202- Nemours.
203- Etienne chevalier.



هێدی بەرەو نەمان دەچوو. دەڵێن کۆنت نانجۆ لە سەدەی دەیەمدا بۆ لەبەر نووسینەوەی نوسخەیەك لە کتێبی ئامۆژگاری، دوو سەد سەر بەرخ و سێ پێوانە گەنم ژمارەیەك پێستی چەقەڵی داوە وەك کرێی نووسین. هەروەها کتێبێکی پاڕانەوەش هەبوو لەدوو بەرگدا کە لە کۆتایی سەدەی چواردەهەمدا بەنزیکەی دوو سەد فرانکی زێر فرۆشراوە. بێگومان ئەم نموونانە مشتێکی خەروارێکە، بەڵگەیە لەسەر گرانی کتێب لەم سەردەمەدا.

**کاریگەریی چینی مامناوەند:**

گەیشتنی چینی مامناوەندی خەڵکی بەو پلە فەرهەنگی ئابوورییەی کە پێویستە بۆ کۆکردنەوەی کتێب. تەنها لەسەدەی چواردە و پانزەدا ئاسانکاری بۆکراوە. بەدڵنیاییەوە کتێبخانە تایبەتییەکانی چینی مامناوەند گرنگیی بە فەرهەنگی لاتینی نەدەدا. هەروەك ئەوەی کە کتێبخانەی کڵێسا و پەرستگا و زانکۆکان جەختیان لەسەر دەکردەوە.

بێگومان ئەم کتێبخانانە ئەو نووسراوانەی دەناساند کە بەزمانی میللی و نەتەوەیی هەبوو. هەروەك چۆن کتێبەکانی یاسا و پزیشکی و گیاناسی و شیعر و ئەدەبیاتی میلليی دەناساند کە لەوکاتەدا پەیدابوو بوو. بێگومان کتێبخانەکانی چینی مامناوەند زیاتر رەچاوی ئەم بابەتانەیان دەکرد. جوڵانەوەی چینی مامناوەند هاوڕێ بوو لەگەڵ گۆڕانکاری لە پیشەی بەرگ دروستکردن و سەربەخۆیی و پەیڕەوی نەکردنی کڵێسا. لە پیشەسازی پێستیشدا ئەم جۆرە گۆڕانکارییە روویدا. پیشەوەرانی پێست لەگەڵ دەباغەکاندا یەکێتییەك وە یان سەندیکایەکیان بۆ خۆیان دروست کرد و لە دواییشدا سەندیکایەکی تایبەتیان دروست کرد.

## فراوان بوونی کاغەز و بڵاوبوونەوەی کتێب لە سەدەی پانزەیەمدا

**بەرهەم هێنانی کاغەز لە ئەوروپادا:**

بەکارهێنانی کاغەز بەرە بەرە جێی پێستی گرتەوە و ئەوەش گەورەترین هۆکار بوو کە یارمەتی بڵاوبوونەوەی کتێبیدا لەنێو چینی مامناوەندا. وەك پێشتر باسمان کرد موسڵمانەکان. پیشەسازی کاغەزیان لە سەدەی دوانزەیەم هێنایە ئیسپانیا و لە ساڵی ١٢٧٦دا لە ئیتاڵیادا، یەکەمین ئاشی کاغەز دروست بوو.

**پیشەسازیی کاغەز:**

ئاشەکانی بەهێزی ئاو ئیشیان دەکرد و دەکەوتنە جوڵە، ئەو چەرخەی کە بەهێزی ئاو بەخێرایی دەسوڕایەوە. چەند دارێکی هەلاجی قورسی دەخستە جوڵە و ماددە خاوەکانی وەك قوماشی کۆن و پارچەکانی لۆکە و شتی دیکەی ورد دەکرد و تێکەڵەیەکی نەرم و ناسکی دروست دەکرد کە ئەمەش هەویری کاغەزبوو. لە پاشان ئەم هەویرەیان دەکردە ناو تەشتێکەوە، پاشان تۆڕێك کە لە شێوەی چوارچێوەیەکی دارینـدابوو، و بەنەلی مسی زەرد بەپتەوی دەبەسترایەوە دەیانبرد بەناو هەویرەکەدا پاشان تۆڕەکەیان دەردەهێنا لەکاتێکدا کە برێك هەویری لەگەڵ خۆی هەڵدەگرت و پێوەی دەبەسترا هەڵیان دەگرت و دوای وشك بوونەوە دەگۆڕا بۆ پەڕەیەك و پاشان ئەو پەڕەیەش وشك دەکرایەوە. پاشان ئەم پەڕانە لە نێوان چەند چینێکی قوماشدا فشاری دەخرایە سەر و لە دوایدا بە تێکەڵەکی چەسپی ناسك تەڕ دەکرا تاوەکو کاغەزەکە بەئەندازەی پێویست پتەو ببێت و بەجۆرێك کەبتوانرێت لە سەری بنووسرێت.

**هێمای ئاوی:**[٢٠٤]

ئەو تەلە زەردانەی کە بەتۆڕ ناودەبرا و بەسترابوو بەسەر رووی کاغەزەکەوە. چەند هێڵێکی دروست دەکرد کە هەر کاتێك دەخرایە بەر تیشکی خۆر بەجوانی دەبینرا، زۆری نەخایاند کە بیریان لە خوارکردنەوەی تەلەکان کردەوە، بەجۆرێك کە شێوەیەك دروست بوو کە هەمان هێمای ئاوی بوو کە هەندێك جار بریتی بوو لە پیتی یەکەم یان ناوی دروستکەری کاغەزەکە، کۆنترین نیشانەی ئاوی ناسراوی لەم جۆرە، دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٢٨٣ز بەڵام ئەم هێمایە تاوەکو سەدەی دواتریش هەر بەنەخوازراوەی مایەوە و زۆر بڵاونەبوویەوە. پاشان بەشێوەیەکی باش ئاراستەکرا. لەم شێوانەدا وێنەی گوڵ و ئاژەڵانی وەك باڵندە و ماسییەکان سوودی لێ وەردەگیرا و زیاتر شێوەی سەری مانگا دەبینین کە رەمزی کاغەز دروستکەران بووە. بەڵام لە هۆڵەندا چەند نیشانەیەك بەکارهێنراوە وەك کورەی هەنگ و ئینگلتەرا کڵاوی شێت وەك دروشمێك بۆ نیشانەکەیان و زاراوەی ناسراوی ئێستا فولسکاپ[٢٠٥] لەوەوە وەرگیراوە زۆرێك لەم نیشانانە تاکاتی ئەمڕۆمان ماوەتەوە. ئەم نیشانانە بۆ دیاریکردنی ئەندازە دیاریکراوەکانی

204- Filigree.
205- Fool's cap.



کاغەز، وەك فولسکاپ دا بەکاردەهێنرا. سوود وەرگرتن لە هێمای ئاوی لە ئەورووپاوە بۆ رۆژهەڵات گوازرایەوە. لەکاتێکدا ئەورووپا پیشەسازی کاغەز دروستکردنی لە خۆرهەڵاتەوە وەرگرتبوو.

**زیادبوونی ئاشەکانی کاغەز دروستکردن:**

لە سەدەی چواردەیەم و پانزەیەمدا ئیتاڵیا ناوەندی سەرەکی پیشەسازی کاغەز بوو. لە هەمان کاتدا لە سەدەی دوانزەیەمدا ئیسپانییەکان پێشەنگی هێنانی ئەم پیشەسازییە بوون بۆ فەرەنسا. ئەم پیشەسازییە لە فەرەنساوە بۆ ئینگلتەرا گوازرایەوە و لەکۆتاییدا گەیشتە هۆڵەندا و گرنگییەکی زۆری پەیداکرد.

لە سەدەی چواردەیەمدا ئاشە کاغەزییەکان لە فەرەنسادا ناوبانگێکی زۆری هەبوو. ئەم ئاشانە لە شاری ئیسۆن[٢٠٦] و ترپێدا[٢٠٧] بوو. لە سەدەی سیانزەیەمدا نموونەی ئەم ئاشانە لە شاری ئەڵمانیاشدا بوونی هەبووە لەنێو کاغەزسازانی بەناوبانگی سەدەی دواتری ئەم وڵاتانە. خانەوادەی هولباین[٢٠٨] لە شاری راڤینسبۆرگ[٢٠٩] بوون کە داهێنانی تۆڕە تەلەکانی مسی زەرد بۆ ئەوان دەگەڕێتەوە. بەم پێیە، دوای ئەو ئەڵمانیا تاماوەیەکی زۆر کاغەزی لە ئیتاڵیاوە دەهێنا. لە سەدەی شانزەهەمدا ئەم پیشەسازییە بۆ وڵاتانی ئەسکەندەناڤیا گواسترایەوە و یەکەمین کارخانە لە شاری ستۆکهۆڵمدا دامەزرا، لێرەدا ئەوە باس دەکەین کە ئەستێرەناسی ناوداری دانیمارکی تێکۆبراهی[٢١٠] ئاشێکی کاغەز دروستکردنی لە دورگەی ڤێندا[٢١١] دروستکرد و لە هەمان کاتدا درێژەی بەکاری فەلەکناسی خۆیدا لە شوێنگە تایبەتییە ئەستێرەناسییەکەیدا.

206- Essone.
207- Trpyes.
208- Holbein.
209- Ravensbourg.
210- Tycho Brahe.
211- Heven (ven).

**نوسخە دەستنووسە کاغەزییەکان:**

بڵاوبوونەوەی نوسخە دەستنووسراوەکان لەسەر کاغەز، بەدرێژایی سەدەی چواردەهەم دەستی پێکرد و پلە بەپلە بەکارهێنانی کاغەز لە سەدەی پانزەهەم بویە دیاردەیەکی گشتی. گومانی تێدا نییە کە کاغەز لە پێست هەرزانتر بووە جگە لەمانە ئەو کاغەزەی کە لەم کاتەدا بەدەست دروست دەکرا دروستکردنەکەی باشترە و بەکاغەزی زەرف ناودەبرا، چونکە لەناو قاپ و قاچاخی تایبەتدا دروست دەکرا. سەرەڕای ئەوەی کە سپی و رووکە نەبوو و تا ئەندازەیەکیش رووەکەی زبر بووە بەجۆرێکی باش ماوەتەوە لە کتێبە کۆنەکاندا. هەڵبەتە لە جێگەیەکدا کە دوور بووە لە مێرەوەکان.

## فراوان بوونی نوسخە دەستنووسەکان

**کتێبەکانی خواپەرستی (عیبادەت):**

کتێبە ناسراوەکان بەکتێبی بچووکی دوعا - وەك باسمان کرد، لە سەدەکانی ناوەڕاستدا لەنێو کتێبەکانی ئەدەبیاتی ئایینیدا، رێژێکی زیاتری هەبووە لەبەر ئەم هۆیە لە زەوییە نزمەکاندا(ئەسکەندەناڤیا) بەژمارەیەکی زۆر بەرهەم دەهێنرا، بەجۆرێك کە کارخانەی راستەقینە بۆ دروستکردنی کتێبەکانی دوعا بەدیهێنرا و لەڕووی هونەرییەوە دەبینین کە ئاستێکی نزمی هەبووە.

هەرچەندە ئەم بابەتە نەدەبوویە هۆی رێگری لەوەی هەندێ شاکاری هونەری بچووکیش لەوێدا دروست بێت.

ئاشکرایە کە نرخی ئەم کتێبە بچووکانە بەگوێرەی ئەو گرۆ جیاوازانەی کە کتێبیان بۆ دروست دەکرا، جیاوازیی هەبوو. کتێبە ئاساییەکان بەهۆی راهیبە نوسەرەکانەوە بەخەڵکی دەفرۆشرا.

**بازرگانی نوسخە دەستنووسەکان:**

لە سەدەی یانزەهەمدا پیشەسازی و بازرگانی نوسخە دەستنووسەکان لە شارە گەورەکانی وەك پاریس، بروژ، گاند[212]، ئونڤێرس، ئوکسبۆرگ، کۆلۆنیا سراسبۆرگ، ڤیەن و شوێنەکانی

212- Gand.



تر بەئەندازەیەکی زۆر زیادی کرد، نوسخە لەبەر گرەوەکانی بەکرێ گرتە، کارەکانی خۆیان لە بازاڕە ناوخۆیی و گشتییەکاندا نمایش دەکرد.

زۆرکات فرۆشگاکانی خۆیان لە نزیك کڵێساکاندا دروست دەکرد. گەرچی ئەو کارە ئێستا جێگەی سەرسوڕمانە. کتێبەکانی نوێژ و پاڕانەوەیان دەفرۆشت تەنانەت کەسێك بەناوی دی بۆڵد لوبێر[213] توانی دەست بەبازرگانی گەورەی کتێبە ئایینی و نائایینییەکان لە شارێکی وەك هاگونان[214]دا بکات.

**ئەو شتانەی کتێبەکانیان دەپاراست:**

زۆرجار کتێبەکانی پاڕانەوە- بەتایبەت لە ئەڵمانیا بەبەرگێك دادەپۆشرا و ئەم بەرگە بەجۆرێك دروستدەکرا کە لە ئاستی خوارەوەی کتێبەکە درێژتر بێ و گرێیەکی هەبوو کە هەڵگرتنی کتێبەکەی لە شێوەی هەڵواسیندا ئاسان دەکرد. بێگومان سوودوەرگرتن لەم پارێزگاری لێکرانە زۆر بەربڵاوبوو، هەرچەندە جگە لە ژمارەیەکی کەمی نەبێت هیچی دیکەمان لەبەر دەستدا نییە.

هەرچەندە زۆرینەی ئەو شتانەی کە لەم جۆرە بوون هەمان چارەنوسیان هەبووە.

**داڕووخانی فەرهەنگی کڵێساکان:**

دەتوانین پەیدابوونی پارێزەرەکانی (کیف) کتێب بەم جۆرە راڤە بکەین کە راهیبەکان خوازیار بوون تا ئەو جێیەی کە دەتوانن ئاسانکاری لە شێوازی کارەکەیاندا بەدی بهێنن، هەروەك چۆن پاڵگەیەکی بچووکیان بەناوی رەحمەت لە بەشی خوارەوەی کورسییەکانی کڵێسادا دانا، تا لەکاتی وەستانی دووردرێژی نوێژدا پاڵی پێوە بدەن، ئەمەش بەهۆی ئاسودە خوازی قەشەکانەوە دروستکرا. هەروەها دەگونجێت ئەم بەرگانە لە ئەنجامی خواستی ئەو قەشانەوە بێ کە زۆرماندووبوون و هەوڵیان دەدا ئامرازی ئاسانکاری و ئاسودەیی خۆیان زیاد بکەن.

هەروەها بەکارهێنانی ئەم بەرگانە بەهۆی داڕووخانی رەهبانیەتەوەبوو لە هەموو جێگەیەك دا دوورکەوێنەوە راهیبەکان لەو سەرمەشقە بەرزەی جارانیان کە لەکۆتایی سەدەکانی ناوەڕاستدا هەبوو.

213- Diebold Lauber.
214- Haguenan.

**کەمتەرخەمیی کتێبخانەی کڵێساکان:**

ڕەوشی پەرتەوازەبوونی چالاکی کڵێساکان لە بواری کتێبدا بەردەوام بوو تا ئەو جێیەی کە توێژینەوەی قەشەکانیشی گرتەوە. تەنانەت کڵێسای سان ئیمرۆ لە شاری ڕاتیسبۆن کە هەمیشە شوێنگەی بەرچاوی دروستکردنی کتێب بووە، لە نیوەی سەدەی چواردەهەمدا ژمارەی کتێبەکانی بەبەراورد لەگەڵ سەدەی دەیەمدا کەمبوویەوە بۆ نیوەی ئەو ژمارەیە.

کڵێسای موورباخیش[215] هەروەك ئەو لە سەدەی سیانزەدا بەتەواوی هەرەسی هێنا تا ئەوەی ڕاهیبەکان ئەو نووسینەی جارانیان نەدەزانی. لەو سەردەمەدا زۆرێك جێگەی دیکە هەبوو کە بەتەواوی داڕمانی فەرهەنگی قەشەکان و کەمتەرخەمی و گرنگی نەدانی ئەوانی نیشان دەدا، بەرامبەر کۆمەڵە کتێبخانەکانی کڵێساکان.

تۆز و خۆڵ بەسەر کتێبەکانەوە نیشتبوونەوە و فڕێ درابوونە گۆشەیەکی دووردەست. جەی ئەی دوتۆ[216] سیاسەتمەدار و کتێب دۆستی فەڕەنسا کڵێسای شاری کۆربی بەم حاڵەوە دیووە کە نیشانەی کەمتەرخەمی ئاشکرای بەرپرسانی ئەو پەرستگایە بوو لە سەدەی شانزەهەمدا. کۆمەڵێکی دیکەی کۆکەرەوانی کتێب لە چەرخی ڕاپەڕینی نوێی ئەورووپا دەبینین کە سکاڵای ڕەنج و خەمی خۆیان دەکەن بەرامبەر گوێنەدانی پیاوانی ئایینی لە بەرامبەر ئەو کتێبە دەستنووسە گرانبەهایانەی کە لەلایان هەبوو و لەکتێبخانەکانیشاندا هەبووە. لە نموونەی ئەم زمان حاڵانە، فەیلەسووفی ئیتاڵی بۆ کاچۆ[217] کە نەك تەنها بەهرەمەند و ئاسوودە بووە لە ژیاندا، بەڵکو نووسەر و کتێب دۆستێکی گەورەش بووە. لەسەدەی چواردەهەمدا کاتێك ڕۆیشتبوو بۆ بینینی کتێبخانەی کڵێسای مۆنتی کاسینۆ، بەدووچاوی پڕ لە فرمێسکەوە دیمەنی پڕ ئازادی ئەو کتێبخانەیەی دیبوو.

215- Murbach.
216- J.A.de Thou.
217- Boccaceio.



# چاکسازی

**ڕیچارد دی بێری:**[218]

گۆڕانکارییەك کە قەشەی ئینگلیزی، ڕیچارد دی بێری، لە بواری بەرەنگاربوونەوە دژی گرنگی نەدان و بێ ڕێز سەیرکردنی کتێبدا بەدیهێنا لە ئاستی شۆڕشێکی گەورەدابوو. ئەم قەشەیە لە ساڵی ١٢٨٧ بۆ ساڵی ١٣٤٥ز ژیا و لە لایەن پاشا ئیدواردی سێهەمەوە گرنگی زۆری پێدەدرا. تا ئەوەی بوویە مامۆستای تایبەتی ئەو و گەیشتە گەورەترین پلەکانی کڵێسا و لە دەوڵەتیشدا گەیشتبووە سەرۆکی دیوان و قەشەی شاری دورهام[219] ئەم قەشەیە هەر لەکاتی لاوییەوە حەز و ئارەزوویەکی تایبەتی هەبووە. گەشتە دیبلۆماسییەکانی بۆ ئەورووپا هەلێکی باش بوو بۆ بەراوردەکردنی حەز و ئارەزووەکانی لەکۆکردنەوەی کتێبدا. بەڵام بۆ ئەو پاریس لەڕووی زۆری و فراوانی کتێبەوە، بەهەشتی سەرزەمین بوو، ئەو وەك سەرۆکی دیوانی کڵێسا ئینگلیزییەکان، چەندین کتێبی کۆکردەوە و کتێبخانەکەی فراوان کرد، بەڵکو لە بارەی عەشقی بۆ کتێب بۆمان دەدوێت، عەشقێك کە گەیشتبووە ڕادەیەکەی زۆر بەرز. بڕوای وابوو کە نرخی نوسخە دەستنووسە کۆنە گرنگەکان، لەهەر بڕە پارەیەك زیاترە. ئەو دەڵێت: لەبەرئەوەی نوسخە دەستنووسەکانی ئەندازەی ٢/١ بەدەست دەهێنم، کە بەهۆی کۆنییەکەیەوە پێکەوە نانووسێت، بەڵام نوسخە دەستنووسەکانی تر بەئەندازەی ٤/١دا کە وەك خشت یان دیاری سەری ساڵ، هەندێکیان بەسەر هەندێکی دیکەیانەوە نووساون.

**کتێب دۆست[220] (هاوڕێی کتێب):**

ڕیچاردی قەشە، کاتێك گەیشتە تەمەنی کامڵ بوون، ناوی خۆی بەنووسینی کتێبێك بەناوی ((ڤیلۆبیبلۆن)) یان کتێب دۆست بەزیندووی هێشتەوە ئەم کتێبە بۆ یەکەمجار لە ساڵی ١٣٤٧ چاپکرا و چەندین جار بڵاوبوویەوە و لە ساڵی ١٩١٢ بۆ زمانی ئەڵمانی وەرگێڕا، چالاکی و ماندوونەناسی ئەم نووسەرە دەسەلمێنێت. ئەم قەشەیە کتێب دۆستی بەپێنووسێکی بەهێز و بە بەرشت شی دەکاتەوە. لەم ڕووەوە، کتێبەکەی پێش هەموو شتێ سرووودی ستایش کردنی کتێبە هەروەها ئەم نووسەرە چۆنیەتی کۆکردنەوەی کتێبەکانی بەیان دەکات و بەئاوازێك سوکایەتی دەکات

218- Richard de Bury.
219- Durham.
220- Philobiblon.

بەرامبەر ئەو کەسانەی ڕێزی کتێب ناگرن و دیدگایەکی کتێب دۆستی بەئێمە دەبەخشێت. و لە هەندێك لە بەشەکانی کتێبەکەدا چەند نموونەیەك بۆ ڕێزلێنانی کۆمەڵە هەڵوەشاوەکانی ڕاهیبەیەکان دەهێنێتەوە. هەر چەندە قوتابیانی خوێندگاکانی کڵێساکان سەرزەنشت دەکات و دەڵێت: ((هەندێ جار پێش دێت لاوێك کە بەزۆر متمانەی بەخۆی هەیە دەبینم بەسەر ئەو کتێبەدا کە دەیخوێنێتەوە چەماوەتەوە سەرمای سەختی زستانیش ئاوی لوتی (هەڵامەت) بۆ دروستکردووە، بەبێ ئەوەی لە پێش تەڕبوونی کتێبەکەی بەردەمی بیر لە چارەسەرکردنی ئاوی لووتی بکاتەوە. باشتر بوو مێزێکی پینەچییەکان بۆ ئەم کارە لەبەردەمیدا دابنێت. نینۆکەکانیان ڕەش بووەتەوە وەك قیر. پڕە لە پیسی و تەنییەوە. بەم نینۆکانەوە ڕاهیبی قوتابی ئاماژەی بۆ ئەو ڕستانە دەکرد لەکتێبەکەدا. تەنانەت دەبینین لەکتێبەکەدا هەندێ وشکە داری خورما دەنێژن. بۆ ئەوەی ئەگەر بابەتێکیان بیرچوو یادیان بهێنێتەوە، بە تێبینی کردنی ئەوەی ئەگەر کتێبەکە گەدەیەکی نەبووە بۆ ئەوەی هەرەسیان بکات، و هیچ کەسێکیش نەبووە کە ئەمانە لەناو ببات، کتێبە کە دومەڵی دروست دەکرد. بەجۆرێك کە بەبوونی ئەوانە داخستنی مەحاڵ بوو. تا ئەوەی کە لە دواجاردا کتێبەکە دەگەنی و فەرامۆش دەکرا.

بۆیان گرنگ نەبوو کە لەسەر کتێبی کراوە، پەنیر یان سێو بخۆن، یان لەسەری پەرداخێ ئاو بخۆنەوە چونکە لەژێر دەستیاندا سفرەیەك نەبووە، هەموو پاشماوەکیان دەرژاندە سەر کتێبەکە.

ئەگەری هەیە کە دەمارگیری ئەو قەشەیە لەکتێب دۆستیدا، لەم بوارەدا ئەوی خستبێتە بواری زیادەڕۆیی. بێگومان کڵێساکان لە سەدەی پانزەهەمدا هەوڵیانداوە بەهۆی کۆمەڵگای باسیلەوە بەشێك لە ژیانی ئەدەبی ڕابردوو زیندوو بکەنەوە، بەڵام هەرگیز کڵێساکان ڕەونەقی ڕابردووی خۆیان نەگەڕاندەوە، سەرەڕای هەندێ حاڵەتی کەم نەبێت، بەشێوەیەکی گشتی دەزانین کە پاشەکشێ لەکۆتایی سەدەکانی ناوەڕاستدا مسۆگەر بوو.



## کۆتایی سەردەمی نوسخە دەستنووسەکان و دەست پێکردنی سەردەمی ڕێنسانس

### ڕێنسانس لە ئیتاڵیا:

گیانی گرنگیدان بەکێتب لەسەردەمی ڕاپەڕیندا لە ئیتاڵیا لەسەر شێوازێکی نوێ و ڕاوەستاو ئاشکرابوو. ئێمە خۆمان لەم سەردەمەدا دەبینینەوە: سەردەمێك لە مێژووی شارستانی کە بەقۆناغی ڕاپەڕین، واتە بەرزبوونەوەی ئەدەبیاتی کلاسیك بەشێوەیەکی نوێ، ناوی لێنراوە.

### گەڕانەوە بۆ کتێبەکانی دەورانە کۆنەکان:

ئەم بزاوتنە هەموو لایەنەکانی ژیانی عەقڵی گرتەوە، لە بوارەکانی هونەر یان ئەدەبیات وەیا زانست و لەکاتێکدا کە لێکۆڵینەوەی نووسەرانی کۆنی پەرستگاکان تەنها ناسرابوو بۆ فێربوون، واتە هۆکارێکی دووەمی یارمەتی فێربوونیانی دەدا، بەڵام زانایانی مرۆگەرایی ئیتاڵی و جێنشینەکانیان و نووسراوە کلاسیکییەکان وەك ئامانجێکی سەربەخۆ فێردەبوون تاوەکو لە هونەر و فەلسەفە گرنگەکانی بۆ ژیان سوودی لێوەربگرن، ئاشکرابوو کە ئەم جوڵانەوەیە، جۆرە گرنگی و بایەخێك یان دەمارگیرییەکیان ئەگەر ئەم دەستەواژەیە دروست بێت بەرامبەر بەنووسەرانی پێشین لا دروست بوو، هەروەها بوو بەهۆی ئەوەی کە حەز و ئارەزووی ئاگابوون و لێکۆڵینەوە دەربارەی ئەو شتانەی کە لەو سەردەمانەدا بەجێ مابوون، دروست بێت. جگە لە گەڕانەوە بەپێی توانا بۆ دوورترین و کۆنترین سەرچاوەکان و ئەمەش هۆی دان پیانانی ئێمەیە لەسەر زانایانی مرۆگەرای ئیتاڵیایی و جێنشینەکانی لە کۆتایی سەدەکانی ناوەڕاستدا. هەر لەبەر ئەم هۆیە پارێزگارییان لە ئەدەبیاتی یۆنانی و لاتینی کردووە هەروەك چۆن پێشتر دانمان نا بەپایە بڵندی کڵێسا لە سەرەتای سەدەکانی ناوەڕاستدا.

### هونەری ڕازاندنەوەی نوسخە دەستنووسەکان:

لەو ساتانەدا کاربەدەستانی ڕازاندنەوەی نوسخە دەستنووسەکان هەموو گرنگییان بۆ خودی ناوەڕۆکی کتێبەکە بوو، گەرچی ئەمکارە بەو واتایە نییە کە کەمتەرخەمییان کردووە لە ڕووکاری دەرەوەی کتێبەکاندا، چونکە ژمارەیەکی زۆر لە دەوڵەمەنترین نوسخە دەستنووسە

رازێنراوەکان لەسەردەمی ڕێنساس هەیە کە مێژووی پەیدابوونی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی پانزەیەم، و یادی بەرگە گرانبەهاکانی سەردەمانی ڕێنساسمان دەخاتەوە. بەم جۆرە شێوەی نوسخە دەستنووسەکانی سەردەمی ڕاپەڕینی ئەورووپا بەهۆی ئەو جوانکارییانەی کە لە دەورانی کۆنەوە هەیەتی، جیادەکرێتەوە وەك دیمەنی خوداکانی عەشق و ستونی مسی زەرد و بەردە بەنرخەکان و هاوشێوەکانی کە بۆ ڕازاندنەوەی نەخشەی لاکان و پیتە گەورەکاندا بەکاردەهێنرا. بەڵام نووسینەکە لاساییکردنەوەیەکی نووسینی کارۆلێنژی بوو و لە پیتی بچووك پێکهاتبوو.

### کاریگەریی پیترارك:(٢٢١)

شاعیری ئیتاڵی فرانسوا پیترارك، بەباوکی ڕاپەڕینی مرۆگەرایی یان یەکەمین پیاوی نوێ ناونرا، و هەروەها لەبەر چەند هۆیەك بەباوکی کتێب دۆستی نوێ ناوبانگی دەرکرد. هەر لە تەمەنی لاوییەوە شەیدا و پەرۆشی کتێب بووە بەجۆرێك لەگەشت و گەڕانەوەکانیدا هەر کتێبێکی بەدەست بگەشتایە دەیکڕی و نوسخەیەکی لەبەر دەگرتەوە ئامانجی لە گەشتەکانی بەلجیکا و زەوییە نزمەکان لە ساڵی ١٣٢٩دا، لێکۆڵینەوەی نوسخە دەستنووسەکان بوو تاوەکو ئەوەی چەند جار ئەو نووسراوانەی دەستکەوت کە تا ئەو کاتە نەناسراوبوو. لە نموونەی ئەو نووسراوانە نامەکانی سیسرۆنی ڕۆمی بۆ ئاتیکۆس(٢٢٢) بوو، هاوڕێکانیشی لە فەرەنسا و ئەڵمانیا و ئینگلتەراوە کتێبی زۆریان بۆ نارد. پیترارك مەشقی بۆ کتێبەکانی چاخی زێڕینی ڕۆمی هەبوو، تەنانەت بەپەرۆشییەکی تەواوەوە هەستا بەراستکردنەوەی ئەو هەڵە و دەستکارییانەی کە بەتێپەڕبوونی کات و بەهۆی لەبەرگرتنەوەی زۆری ئەو نوسخانە بەسەریدا هاتبوو. بەڵام بەهۆی شارەزا نەبوونی لە زمانی یۆنانی نەیدەتوانی ئەدەبیاتی یۆنانی بخوێنێتەوە، تەنها ئەوانەی دەخوێندەوە کە وەرگێڕاوبوون لەبەر ئەوە فەرمانیدا کتێبی ((هۆمیروس)) وەربگێڕێت. لە کتێبخانەی نەتەوەی پاریسدا هێشتا نوسخەکانی ئلیادە و ئۆدیسا هەیە کە بۆ ئەو دەگەڕێتەوە کە لە پەراوێزەکانیدا چەند یادداشتێك دەبینین کە بەدەستی خۆی نووسیوێتی.

221- Petrarch.
222- Atticus.



نابێت وەها گومان ببەین. کە پیترارك ڕەچاوی ئەدەبیاتی ئایینیی نەکردووە. چونکە ڕاپەڕینی مرۆگەرایی، سەرەڕای گرنگیی زۆری بۆ ئەدەبیاتی کۆن بەشێوەیەکی ڕەها جولانەوەیەکی دژ بەمەسیحی نەبووە، چونکە زۆرێك لە پیاوانی گەورەی ئایینی لەلایەنگرانی ئەم جولانەوە نوێیە بوون. شایەنی باسە لەو نووسەرە ئایینییانەی کە لەگەڵ پیتراركدا بوون، دەتوانین ناوی قەشە ئۆگۆستین(٢٢٣) بهێنین کە لە گرنگیدا پیتراركی بەهاوشانی سیسرۆن داناوە.

ئامانجی پیترارك ئەمەیە کە کتێبخانەکەی بخاتە خزمەتی شاری ڤینسیاوە بەمەرجێك کە هەموو خەڵکی سوودی لێوەربگرن. ئەم کارەش بوو بە هۆی ئەوەی کە ئەو بەباوکی کتێبخانە گشتییەکانی بزانین و ئەگەرچی بیر و خەونەکەی بەراورد نەبوو و کتێبەکانی پەرتەوازە بوون، بەڵام ئەو بەرپرسیار نییە لەم کارە.

### بنەماڵەی مێدیسیس(٢٢٤) و دیوەخانەکەی:

ژیانی ئەدەبی لە سەدەی ڕێنساسدا، لەهەر دوو شاری ڤینسیا و فلۆرێنسدا چڕبوویەوە، بەتایبەت شاری فلۆرێنس لە سەرکەوتنی بزووتنەوە و ڕاپەڕینی نوێدا ڕۆڵێکی گەورەی بینی. چونکە دیوانی کۆسیمۆدی. مێدیسیس(٢٢٥) و جێنشینەکانی و ڕۆحی ئەم بزووتنەوەیە نیکۆدی نیکۆلی(٢٢٦) لەم شارەدا بوون. نیکۆلۆدی نیکۆلی مرۆڤێکی ماندوو نەناس بوو، حەزکردنی لەکۆکردنەوەی کتێب گەیشتە ڕادەیەك کە قەرزاری کۆسیمۆدی میدیسیس بوو و لە پاشدا کتێبەکانی کەوتە دەست ئەو، و هەروەها دارایی ئەم خانەوادە گەورەیە یارمەتی دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی گەورەی نوسخە دەستنووسەکانی دا.

### ئاشکراکردنی گەنجینەی کڵێساکان:

ئەو ئەنجوومەنە پیرۆزانەی کە لە شاری کۆنستانس و بازێکدا هەبوو، هەلی دیداری کتێبخانە کڵێسایەکانی بۆ بەشداربوان فەراهەم کرد. لە نێوانیاندا و پەرۆشتر لە هەموان کاتبی

223- Saint Augstin.
224- Medicis.
225- Cosimo Demedicis.
226- Niccolo de Niccli.

پاپا بۆجێو برا چولینی[٢٢٧] بوو، کە تا ئەو جێیەی کە بۆی لوا کتێبەکانی مێژوونووسانی ئاشکراکرد، بەتایبەت کلێسای سان گال[٢٢٨] و لە کلێساکانی باشووری ئەڵمانیادا چەند کتێبێکی دەستکەوت کە تا ئەو کاتە بە نەناسراوی مابوونەوە.

کاردینالّ ئینا سیلفیۆ پیکۆ لۆمینی[٢٢٩]یش کە دواتر بەپاپا پیوسی دووەم [٢٣٠] ناسرا بەهۆی نوسخە دەستنووسەکان ناوبانگێکی زۆری پەیداکرد تینوێتی تەنها بەلێکۆڵینەوەکانی نووسەرە پێشینەکان نەئەشکا، بەڵکو دەستی کرد بەگەڕان بەناو سەرچاوە مێژووییەکانی ئەڵمانیادا و لە ئاکامدا کتێبی مێژووی گۆسەکان[٢٣١]ی دەستگیر بوو لە نووسینی جۆرنانەدێز[٢٣٢] هەروەها مێژووی مێژوونووسی ئەڵمانی ئۆسۆن دی فرایسینگیش[٢٣٣]ی دەستکەوت. باشترە کە یوهانس تریت هیمخنوس[٢٣٤]یش کە لە کلێسای سپانهایم[٢٣٥] کاری دەکرد، پلەوپایەی ئەم کلێسایەی بەرزکردەوە. هەرچەندە بۆ ماوەیەکی کەم بەردەوام بوو. ((مێژووی ساکسونی)) لە دانانی ویدوکیند[٢٣٦] لە نموونەی ئەوانەیە، ئەم ئەنجوومەنانە نوێنەری تایبەتیان نارد بۆ وڵاتانی یۆنان و قوستنیە و ئاسیای بچووک، چونکە کلێسای بیزانسی بڕێکی زۆری لە نوسخە دەستنووسە یۆنانییەکانی پێشکەش بەو وڵاتانە کردبوو. ئامانجیان لەو کارە دوورخستنەوەی کتێبەکان بوو لە کەوتنە بەردەست تورکەکان کە لە پێشکەوتندا بوون رووەو قوستەنتنییە هەروەها جەنگی تورکەکان بوویە هۆی راکردنی زاناکانی بیزانس لە فێرکردنی یۆنانی و گەڕان بەدوای کتێبەکاندا.

یوهانس لاسکاریس لە سەفەرەکانیدا لە ساڵی ١٤٩٠ بە دووسەد نوسخەی دەستنووسی یۆنانییەوە گەڕایەوە و زۆربەیان ئەو نووسراوانە بوون کە تا ئەو کاتە بە نەناسراوی مابوونەوە. هەروەها نوێنەرەکانی مێدیسیس لە گەشتە زۆرەکانیاندا چەندین کتێبیان کڕی. لە فلۆرانسدا،

227- Poggio Bra ccilini.
228- Saint Gall.
229- Enea Sylvio piccolomini.
230- PiusII
231- Gothties.
232- Jornande's.
233- Othonade Freising.
234- Trithtemius.
235- Spanheim.
236- Widukind.



ژمارەیەکی زۆر لە وێنەکێش و لەبەرگرەوەکان لە خزمەتی فەرمانڕەوایان دا دەژیان و بازرگانی گەورەی نوسخە دەستنووسەکان لەو شارەدا بوون، گەورەترینیان ڤێسپاسیانۆدا بیستیسی[٢٣٧] بوو کە ئەویش لە بڵاوکردنەوەی ناوەڕۆکی ناسراوە راستکراوەکاندا چالاکیی هەبوو، هەروەها رەچاوی جوانی بەرگەکانی دەکرد، بەجۆرێك تەنها لە ماوەی دوو ساڵدا کۆمەڵێك کتێبی کە لە دوو سەد بەرگ پێکهاتبوو وە چل و پێنج لەبەرگرەوە ئامادەیان کردبوو، نارد بۆ کۆسیمۆدی میدیسیس.

**کتێبخانە گشتییەکان:**

بنەماڵەی مێدیسیش بەهەمان شێوەی پیتراك بیری کردنەوەی کتێبخانەی گشتییان هەبوو، بەڵام لەوکاتەدا وا دەردەکەوێت کە ئەندێشەی دروستکردنی کتێبخانەی گشتی لە خەیاڵی خەڵکیدا بەهەند وەرنەدەگیرا. تەنانەت فلۆرانسییەکی دیکە بەناوی پیلادێلی سترۆزی[٢٣٨] پەیڕەوی ئەم ئەندێشەی دەکرد هەرچەندە لە دواییدا بەهۆی فشاری کۆسیمۆد و مێدیسیسەوە ناچاربوو وڵات بەجێ بهێڵێت.

لەبەرئەوە کۆسیمۆدو مێدیسیس لە ساڵی ١٤٤١ دا کتێبخانەی مەرقەسیەی[٢٣٩] سەر بەکلێسای سان مارك دروستکرد و کتێبەکانی لەو کۆمەڵە کتێبانەی کە نیکۆلۆدی نیکولی بەجێی هێشتبوو، فەراهەم کرد. لەوێدا کتێبخانەیەکی دیکەی میدیسیسی هەبوو کە پێشکەوتنی بۆ سەردەمێکی گەورە و [٢٤٠] بەناوبگ ناوزەد دەکرێت و بەکتێبخانەی لۆران — زیانا [٢٤١] ناودەبرێت. مایکڵ ئەنجیلۆ[٢٤٢] هۆڵێکی بەشکۆی بۆ ئەم کتێبخانەیە دروستکرد و تا ئەمڕۆش هەر ماوەتەوە.

ئەم کتێبخانەیە لە ساڵی ١٨٠٨دا خرایە سەر کتێبخانەی مارسیانا هەروەك پێشتر باسمان کرد. دوای ئەمە ناوی گۆڕا بۆ میدی سیس لۆرانسی و بەشوێنەوارە گرنگەکانی فلۆرانس لە قەڵەم دەدرێت.

237- vespasianoda Bisticci.
238- Paila Deglistrozzi
239- Biblio teca Marciana.
240- Laurent Le Magnifuique.
241- Biblioteca Laurenziana.
242- Michel angelo

**کتێبخانەی پاپاکان:**

کۆسیمۆ دۆمێدیسیس لەکارە تایبەتییەکانی کتێبخانەی مارسیانادا یارمەتی لە گەورەترین زانای ئەوکاتە وەرگرت بەناوی تۆماسۆ پارینتۆ شیلی[٢٤٣] لە بەرئەوە نموونەی فەهرستێکی ئامادەکرد کە پێویستە هەموو کتێبخانەیەك هەی بێت. لە دوایدا بەناوی پاپا نیکۆلای پێنجەم ناسرا و کتێبخانەی پاپای نوێی لەرۆمادا دامەزراند چونکە پاپای کۆن، لە شاری ئاڤینۆنگ پشتگوێ خرابوو. ئەم پاپایە سەرکەوتبوو لەکۆکردنەوەی کۆمەڵە کتێبکدا کە لە ١١٠٠ نوسخەی دەستنووس پێکهاتبوو. هەرچەندە ئەم ژمارەیە ئێستا ئێمە بەکەمی دەزانین بەڵام دەگونجێت گەورەترین ژمارە بێت کە کتێبخانەیەك لەو کاتەدا بەدەستی هێنابێت.

بەڵام نیکۆلای پێنجەم ئەو پارە زۆرەی کە بەبۆنەی ئەنجومەنی بالیوبیل لە ساڵی ١٤٥٠دا بۆ کورسی پیرۆز کۆکرابوویەوە، تەرخانی کرد بۆ کڕینی کتێبە گرنگەکان.

بەڵام نیکۆلا هێندە لە ژیاندا، نەبوو کە جێبەجێکردنی تەواوی نەخشە فراوانەکانی کە بۆ کتێبخانەکەی دانابوو، ببینێت و لەسەردەمی یەکێك لە جێنشینەکاندا بەناوی پاپا سکستۆسی[٢٤٤] چوارەم ژمارەی کتێبەکان گەیشتە ٣٥٠٠ بەرگ، و زانیاری دەربارەی هەندێ لە کتێبەکان بۆ هەموان ئاوەڵا بوو. ئەم کتێبخانەیە لە ڤاتیکان و ژوورە بەشکۆ و سەرنج ڕاکێشەکاندا بوو.

**هاوڕێیانی کتێب لە نێو پیاوە گەورەکانی کڵێسا:**

لەنێو کاردینالەکاندا، کەسانێکی زۆربە بەشداری لە کۆکردنەوەی کتێب ناسرابوون. هەرچەندە کاردینال بیساریون هەموو ئەوانەی بەهاوڕێیانی کتێب دەزانی. ئەو سێ هەزار فلۆری لەکتێبخانە تایبەتییەکەیدا خەرج کرد و لەسەر بنەمای وەسیەتەکەی بەخشرا بەشاری ڤێنیسیا و نموونەی بەرزی مرۆڤایەتی سەلماند. ئەم کتێبخانەیە بە تۆوی سەرەکی کتێبخانەی گەورەو بەناوبانگیش ناودەبرێت.

لە نێو زانا مرۆگەرا ئیتاڵییەکاندا، تەنها بیساریون نەبوو، ئەوەی کە هەیبوو لە مەیدانی کتێب دۆستیدا کردی بەقوربانی، بەڵکو کەسانێکی زۆری دیکەی وەك پۆجیۆ [٢٤٥]وەك پێشتر

243- Tommaso Parentucelli.
244- Sixtus.
245- Poggio.



ناومان هێنا و نیکۆلای پێنجەم ئەو کەسەی کە بەهۆی کڕینی کتێبی زۆرەوە پێش ئەوەی ببێتە پاپا، کەوتە ژێر باری قورسی قەرزەوە. ئێستا نموونەی زۆر لە نوسخە دەستنووسەکانی ئەم سەردەمە هەیە کە بەهای هەریەکەیان بەتەنهایی بەسەروەت و سامانێکی زۆر دادەنرێت.

**هونەری بەرگسازی لە سەرەتای قۆناغی ڕێنسانسدا:**

هەروەك باسمان کرد لەکاتی ڕێنسانسدا. بڕە پارەیەکی زۆر بۆ بەرگ تێگرتنی کتێبەکان تەرخانکرا. یەکێك لە ئاکامەکانی ئەم جولانەوەیە ئەوەیە کە نزیکەیی تەواوی کتێبەکانی پاپا نیکۆلای پێنجەم لە ڤاتیکان بەرگیان بۆ دروست کراوە و بەئاوریشیمی سورو زیپو ڕازێنراوەتەوە ئەمەش ئێمە بۆ بەرگە تایبەتییەکانی سەردەمی ڕێنسانس دەگەڕێنێتەوە. لەم ڕووەوە لێرەدا تەنها ئەو بابەتە باس دەکەین کە لە بەرگە زۆرەکانی سەدەی یانزەهەمدا جگە لە بەرگەکانی کۆتایی سەردەمی شێوازی گوتیك نەبێت کە بەرێگەی جوانکاری چاپکرابوو وەك لە پێشدا باس کرا. هیچی دیکەمان دەست نەکەوتووە. لەم بەرگانەدا پێستی گوێرەکە و بزنی کێوی و بەراز بەکارهێنراوە. بەڵام ئەو ئارەزوومەندانەی گرنگییان دەدا بەجوانکاری ئەو پێستی بزنەی کە لە شاری قورتوبەوە هاوەردە کرا بەکاریان دەهێنا.

بەڵام ئەو کەرەستانەی کە لە چاپکردنی ئەم جوانکارییانەدا بەکاردەهێنرا. گۆڕانکاری زۆر لە شێوەی ڕازاندنەوەیدا پیشان دەدات و بڵاوبوونەوەی هەندێکیان ڕەواجی پەیداکرد. نەخشی گوڵی گوتیك و گوڵی سەوسەن و شێر و هەڵۆ و بزنی کێویش هەمان حاڵیان هەبوو.

بەڵام ئەو جوانکارییە گەورانەی کە لە مسی هەڵکۆڵراو ئامادەکرابوو لە گۆشە و ناوەڕاستی بەرگەکاندا و لەگەڵ قوفڵە جێگیرەکاندا دەبینرا. هەموان شایەتی لێهاتوویی سەرنج ڕاکێشی ئەو هونەرمەندانەن. بەڵام زۆر کات لاکانی کتێبەکان بەڕەنگی سەوز یان زەرد ڕەنگ ڕێژ دەکراو زۆر بەکەمی ڕەنگی سور بەکاردەهێنرا. زۆرێك لەجۆرە بەرگانە هێشتا لە کتێبخانە جۆراوجۆرەکاندا هەیە. ئەو بەرگانەی کە بەجوانکارییە جێگیر و روکەشە داریین و قورسەکانی کە کەوتوونەتە بەر هێرشی مۆریانە و مێرووەکان شایەتی شارەزایی پێشەوەرانی ئەو قۆناغە دەدەن و هەروەك بەرگەکانی دیکەی سەدەکانی ناوەڕاست و خاوەنی قورسی و تونـدوتۆڵی خۆیانن، و ئەمانە سیفەتی ئەو کاغەزە پێستییە قورسانەن کە تێدا بەکارهاتووە و بەشێوەیەکی گشتی لە هەموو بەرگسازییەکانی سەدەکانی ناوەڕاستدا بەربڵاوبووە. لە ڕاستیدا ئەمەش لە

تایبەتمەندی ئەو پەڕە پێستییانەیە کە بارستایی و قەبارەی کتێبەکان زیاد دەکات و بێگومان ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی ئەم کتێبانە بەرگی بەهێز و توندوتۆڵی بۆ دروست بکرێت. شایەنی باسە ئەم جۆرە بەرگسازییە بەدرێژایی سەدەکانی پانزەهەم لە فەرەنسا و ئینگلتەرا و وڵاتانی باکووردا ئاسایی بووە.

**رێنسانسی کتێب لە فەرەنسا:**

کاریگەری رێنسانس لەم وڵاتەدا بەهێواشی ئاشکرابوو، هۆکەشی ئەوەبوو رۆشنبیران لەسەردەمی پیترارك لەژێر کاریگەری فەلسەفەی سکۆلاستیك (قوتابخانەیەك)دا بوون وکتێبخانەکانیش بەم گیانەوە دروستکرابوون بێگومان مەحاڵە پیاوێکی وەك ریچارد دیبێری کە سەر بەمرۆگەرایانی ئیتاڵیابوو. بەتەواوی بەمرۆگەرا ناوببرێت و هۆکەشی ئەوەبوو جگە لە نووسراوە مێژووی تایبەتییەکان بەنووسینی دیکە نەناسرابوو.

**لویسی دوانزەهەم و هاوسەرەکەی:**

لەنێو فەرەنسییەکاندا کە لایەنگری کۆکردنەوەی کتێب بوون لەژێر کاریگەری قۆناغی رێنسانسدا بوون تەنها پەیڕەویان لە فەرمانەکانی لویسی دوانزەهەم دەکرد. لە ساڵی ١٥٠٠دا لە شاری پادۆڤای[٢٤٦] ئیتاڵیدا دوای داگیرکردنی کتێبخانەی بنەماڵەی سفۆرزا[٢٤٧] و کتێبخانەی بنەماڵەی ڤسکۆنتی[٢٤٨] یان دەستکەوت لەبەرئەوە کتێبخانەکەی لە شاری بلوا[٢٤٩] نزیکەی ٣٠٠٠ نوسخەی دەستنووسی تێدابوو و هەندێکی لەکتێبخانەی پیترارك لە ئەنجامی هێرشەکانییەوە بەدەستی هێنابوو.

هەروەها کاردینال جۆرج جامبۆز[٢٥٠]، وەزیری دووربین و هاوڕێی نزیکی پاشا لویسی شانزەهەم بەلاسایی کردنەوەی قۆناغی رێنسانسی نوێ شوێنگەیەکی لەبەرگرتنەوەی بۆ وێنەکێشان و لەبەرگرەوەکان دروستکرد. بەڵام دەڵێن هاوسەری لویسی دوانزەیەم ئان

246- Podova.
247- Sforza.
248- Visconti.
249- Blois.
250- George d 'Amboise.



دوبریتانی[٢٥١] توانی کتێبخانەیەك دابمەزرێنێت کە زیاتر لە ١٥٠٠ بەرگ کتێبی تێدابێت. لە نێو ئەو وێنەکێشانەی کە دایمەزراندبوو وێنەکێشێکی ناودار هەبوو بەناوی جان بۆردی شۆن[٢٥٢] بەهاوکاری هاوڕێکەی جان فۆکێ توانی هەنگاوەکانی کاریگەری رێنسانس لەسەر هونەری کتێب ئارایی فەرەنسی فەراهەم بکات و کارە بەناوبانگەکانی باس لە هەستێکی نەرم و نیان و لێهاتنێکی بەهێز دەکات و بریتی بوو لەو دیمەنانەی کە پەیوەندی بەژیانی رۆژانەیەوە هەبوو، لەگەڵ هەموو ئەمانەدا لێهاتووییەکەی لە جان فۆك کەمتر بوو.

**فرانسوای یەکەم:**

رێنیسانس تەنها لەسەردەمی حکوومەتی فرانسوای یەکەمدا گەشتە لوتکەی شەکاوەیی. فرانسوا نزیکەی ساڵی ١٥٢٠ز کتێبخانەی دەوڵەتی لە شاری فۆنتێن بلوی[٢٥٣] دامەزراند. پاشان بەڕێوەبردنی لە ساڵی ١٥٢٢ خستە ئەستۆی زانای بەناوبانگی یۆنانی گیلیۆمبودێ[٢٥٤] و نازناوی سەرۆکی کتێبخانەی دەوڵەتی پێ بەخشی.

فرانسوای یەکەم لە ساڵی ١٥١٨دا بەرهەمەکانی زانای یۆنانی لاسکاریسی[٢٥٥] بڵاوکردەوە و پاش ماوەیەك نیشتەجێبوون لە دیوانی لۆران دو مێدیسیس[٢٥٦]دا رۆیشتە پاریس بۆ فێربوونی زمانی یۆنانی. بەشێوەیەکی گشتی دەردەکەوێت کە فرانسوای یەکەم لە کتێب دۆستیدا لاسایی بنەماڵەی مێدیسیسی کردووەتەوە.

**کتێبخانەی پاشایەتی ماتیاس کۆرڤین:[٢٥٧]**

بەدڵنیاییەوە لۆرانس دو مێدیسیس پاشا ماتیاس کۆرڤین. پاشای مەجەڕی راسپارد بۆ بیرکردنەوە لە دروستکردنی کتێبخانەیەك. ئەم پاشایە لە ساڵی ١٤٥٨ تا ساڵی ١٤٩٠ فەرمانڕەوایی کرد، لەکاتێکی پڕ لە دژواری و ئاشوبدا. کتێبخانەیەکی ئامادەکرد کە گومان

251- Anne de Bretagne.
252- Jean Bourdichon.
253- Fontainbleau.
254- Guilaume Bude.
255- Lascaris.
256- Laurent de  Medicis.
257- Mathias Corvin.

دەبرێت. پەنجا هەزار بەرگ کتێبی تێدابوویێت. لەوانەیە ئەم ژمارەیە زیادەڕەویی تێدا کرابێت. ئەم پاشا پایە بەرزە تەنها بەهۆی یارمەتی لەبەرگرەوەکان وەك بنەماڵەی مێدیسیس تەنها بەکۆشکەکەی لە شاری ئوندا رازی نەبوو، بەڵکو لە شاری فلۆرانسیش ئەوانی بۆ ئەم کارە هاندا، نوێنەری بۆ کڕین لە وڵاتەکانی رۆژهەڵاتی نزیکدا هەبوو وە نوسخە دەستنووسەکانی لە پیستیچی[٢٥٨] کە گەورەترین هاوردەکەری کتێب بوو کڕی، جێی سەرسوڕمانە لە وڵاتی مەجەڕدا سەرەڕای ناجێگیربوون و کەوتنە بەر هەڕەشە لەلایەن دوژمنانەوە، کەسایەتی هەڵکەوتوومان دەست دەکەوێت لەو کەسانەی کە لەسەردەمی رێنسانسدا رۆڵیان گێڕاوە.

گەورەترین کتێبخانەی کۆرڤین ئەم کتێبخانەبوو، بەداخەوە کاتێك کە تورکەکان دەستیان گەیشتە شاری ئون، ئەم کتێبخانەیە وێران بوو، بەجۆرێك تەنها ١٢٥ نوسخەی دەستنووسمان بەردەست کەوتووە ئەم نوسخانە وەکو پاشماوەیەکی نایاب و گرانبەها لەزۆرێك لە کتێبخانە گشتییەکاندا پارێزگاری لێدەکرێت. نرخی ئەم نوسخە دەستنووسانە تەنها لە گرنگی شێوەکەی دانییە، بەڵکو لە شێوازی بەرگ تێگرتن و بەرگەکانی دایە کە جێگای تایبەتی بەخشیوە بەکتێبخانەی پاشا کۆرڤین لە مێژووی هونەردا، هەروەك چۆن لە دوای دا لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکەین.

## پارێزەرانی کتێب لە ئیتاڵیا

ئیتاڵیا لانکەی بنەماڵەی دومێدیسیس، یەکەم وڵات بوو کە لەم بوارەدا گەشتە لوتکەی پەرەسەندن و تەنانەت فەرمانڕەواکانی لە شوێنە جیاوازەکانی دیکەدا و لە پلە جۆراوجۆرەکاندا لاسایی فەرمانڕەوای ئیتاڵیایان کردبووەوە. زاناترین و دیارترینیان لەڕووی پیشە و پلە و پایەوە شازادە فدریگۆ دامۆنتی فێڵ ترۆ[٢٥٩] و شازادە ئوربین[٢٦٠] بوو.

شازادە ئوربین ژوورێکی بەشکۆی لەکۆشکەکەیدا تەرخان کرد بۆ کۆمەڵە کتێبە تایبەتییەکانی، بیست لەبەرگرەوە و فەرمانبەری بۆ کتێبەکانی دامەزراند، فەهرستی ئەو

258- Bisticci.
259- federige da nentefeltero.
261- Urbin



کتێبخانەیەش ئێستا لە ڤاتیکان دایە و باس لە گەورەیی ئەم کتێبخانەیە دەکات لەسەردەمی رێنسانسدا.

بەڵام ئەو وتەیەی کە دەڵێن پارێزەرانی کتێب لەسەردەمی رێنسانسدا تەنها پەیڕەوێکی هۆکارە خەیاڵییەکان بوون بەتەواوی راست نییە، چونکە پارێزگارییان بۆ کتێب، وەك پارێزگارییان بوو بۆ هونەرە جوانەکانی دیکە. ئەمەش تاڕادەیەکی زۆر کاریگەریی هەبوو لەسەر بیروبۆچوونیان بۆ بەدەستهێنانی گەورەیی و شانازی لەم روانگەیەوە جگە لە گرنگیدان بەهونەر و ئەدەبیات، لە بیروبۆچوونی سیاسیش بەدوور نەبوون. لەبەر ئەوە ئەم بیروبۆچوونانە هەر چۆنێك بن پێویستە تاڕادەیەك ئامادەیی ئیتاڵیایان بۆ پەسەند کردنی کتێبە نوێیەکان دوای هێنانی چاپ، بەزیاتر بزانین لە شوێنەکانی دیکە، هەرچەندە ناوەندی داهێنانی چاپی نوێ ئیتاڵیا بوو، و هەر لەوێدا قۆناغەکانی سەرەتای گۆڕانکاری کتێب دەبینین.

# بەشی سێهەم

# کۆتایی سەدەکانی ناوەڕاست

## چاپ لە سەدەی شانزەهەمدا
## پەیدابوونی چاپ و چاپکردنی بەپیتی جێگیر

### چاپکردن بەهۆی تابلۆی دارینی هەڵکۆڵراو[1] لە چین:

پیشەسازی دروستکردنی چەند نوسخە کتێبێك بـەهۆی چـاپەوە بـۆ یەکـەم جـار هـەروەك دروستکردنی کاغەز لە وڵاتی چینەوە دەرکەوت. باوەڕ وایە کە لە سەدەی دووەمی زایینییـەوە چەند کتێبێك چاپکراوە، بەو ڕێگەیەی کە نـاوەڕۆکی نووسـینەکەیان لەسـەر بـەردێکی سـاف بەشێوەی پیتی بەرجەستە هەڵدەکۆڵێ ، بێگومـان پیتەکان چـاڵ بـوون، بـەڵام دواتـر پـەڕەکان لەسەر دار بەپیتی بەرجەستە هەڵدەکۆڵران، بەمەش دەتوانرا لەهەر تابلۆیەك چەندین نوسـخەی جۆراوجۆر دروست بکرێت. بەم جۆرە ئەو ئەستوونەی کە هێمای بەرجەسـتەی تێـدابوو ڕەنـگ دەکرا، پاشان ئەو کاغەزە بەربڵاوەی کە بۆ چاپکردن گونجاوبوو دەخرایە سـەر ئـەو ئەسـتوونەو بەهێزێ فشاریان لەسەر دادەنا، تاوەکو ئەو بەشەی کە بەرجەستە و ڕەنگـداربوو، کاغـەزەکـەی بەرەنگەکانی خۆی ڕەنگاوی دەکرد.

کۆنترین پەرەی چاپکراو لەسەر دار لە چیندا کە بەدەسـتی ئێمـە گەیـشتووە دەگەڕێتـەوە بـۆ ساڵی٩٣٢ زایینی. ئەگەرچی دڵنیاین کـە ئـەم شـێوازەی چـاپکردن زۆر پێـشتر لەمـە لەچـیندا هەبووە. چونکە لە ژاپۆندا کە هەموو شێوازە هونەرییـەکانی دروسـتکردنی کتـێبی لـە چـینەوە وەرگرتووە، بەرهەمێکی چاپکراو لەسەر داری دەستکەوتووە کە دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی هەشتەم.

### چاپکردن لەسەر تابلۆکان لە ئەورووپادا:

ئەورووپاش هەروەك چین، تابلۆی دارین یان بـەردینی بـۆ پیـشەسازی چـاپ بـەکارهێناوە. هەرچەندە ئەم بابەتە ناتوانێت کەمترین بەڵگە بێت بۆ پەیوەندی نێوان چاپ لەسەر دار لە چـین و هاوشێوەکەی لە ئەورووپادا.

1- Xylograph.



### چاپی تاکە پەڕەکان:

کۆنترین چاپ لە ئەورووپادا کە تاوەکو ئێستا ناسراوە و لەسەر پارچەی هـەڵکۆڵراوی سـەر دار سوود وەرگیراوە، لەسەر رووتەختی قوماشـێکە و بـەهیچ شـێوەیەك پەیوەنـدی بەکتێبـەوە نییە. بەڵام کاتێك بەکارهێنانی کاغەز پەرەی سەند، چاپکردنی کاغەزیش لەسەر تابلۆی دارین ئەنجام درا و زۆرێك لە وێنەی قەشەکان و کاغەزەکانی یاریکردن و ساڵنامە و ڕۆژمێرەکـان لـە سەدەی چواردەهەم و پانزەهەمـدا بەشـێوەیەکی فـراوان بڵاوبوویـەوە و بەسـوود وەرگـرتن لـەم شێوازە چاپکران و لەم کاتەدا مەرەکەبی چاپکردن لە گەچ و ڕۆن دروست دەکرا. هەموو ئەمانە چاپکردنی تاکە پەڕەکان بوو. ئێستا زیاتر لە سێ هەزار دانەمان لەوانە هەیە کـە دەگەڕێتـەوە بۆ سەدەی پانزەهەم. کۆنترینیان دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٤١٨ زایینی و بیریتییە لـە وێنەیـەکی حەزرەتی مریەم(ع) لە بارێکدا کە وەستاوە و حەزرەتی عیسا (ع) لە باوەشی گرتووە.

### چاپە هەویرییەکان:

لە ئەورووپادا جۆرێکی تایبەت لەم تاکە پەڕانـە چـاپکراوانە پەیـدابوو کـە بـەهۆی سـوود وەرگرتن بوو لـە هـەویر. ئـەم ڕێگـەی چـاپکردنە لـە ئـەڵمانیادا داهێنـرا. بریتیـی بـوو لـە فشارهێنانی تابلۆیەکی چاپ یەك پەڕەی بچووك کە هەڵکۆڵرابوو لەسـەر بـەرد و بەمەرەکـەب داپۆشرا بوو، دەخرایە سەر کاغەزێك کە بەهەویر داپۆشرابوو و بەزوویی وشك دەبوویەوە، ڕەنگ ڕێژی هەویرەکە لە کاریگەری ئەو وێنانەی زیاد دەکرد، کە زۆرجار دیمەنی ئایینی نیـشان دەدا. لەم جۆرە تاکە پەڕە چاپکراوانە نزیکەی ٥٥٠ وێنە ماوەتەوە کە زۆر کۆن بوون و سواون.

### یەکەمین کتێبە تابلۆییەکان:

لە چاپی ((تاکە پەڕەکانەوە)) تاوەکو چاپی کتێب هەنگاوێك زیاتر نەمابوو. لە نیوەی سـەدەی پانزەهەم لە ئەورووپادا یەکەم کتێبی چاپکراو بەڕێگەی تابلۆی داری یان بەردییەکان دروست کـرا و بە ((کتێبە تابلۆییەکان)) ناوبانگی دەرکرد. ئەگەری هەیە کە ئەم پیشەسازییە سەرەتا لە هۆڵەنداوە پەیدا بوویێت، چونکە بڵاوکردنەوەی کتێبە تابلۆییەکان لەوێدا زیاتر لە هـەموو جێگەیـەکی دیکـە ڕەواجی هەبوو. لەکتێبە تابلۆیەکان تەنها هەندێکی کەم ماوەتەوە و هەموو ئەوانەی کە بەردەستمان کەوتووە، تەنها سی و سێ، (٣٣) کتێبە. بێگومان، ژمارەیەکی زۆر لە کتێبە تابلۆییـەکان لـەنێو چینەکانی خەڵکدا هەبووە، چونکە ئەم پیشەسازییە هەموو ئەدەبیاتی نەتەوەیی گرتۆتەخۆ. راسـتە

که ناوەڕۆکی نووسراوەکان لاتینی بووە، بەڵام وێنەکانی ئەو کتێبانە تایبەتمەندییەکی گرنگ بوو کە تیایدا بەرچاو دەکەوێت و ئەم وێنانە بایەخێکی زۆری هەبوو بۆ قەشەکان بەتایبەتی لە کتێبەکانی خوێندندا. لە نموونەی ئەوانە (تەوراتی هەژران)[٢] کە لە ئازارەکانی مەسیحەوە وەرگیراوە و کتێبی (ئاوێنەی رزگاربوونی مرۆیی)[٣] و (کتێبی هونەری مردن[٤])، و (مێژووی قەشە یۆحەنای ئینجیلییە.) بەهەمان شێوە زۆر کتێبی تابلۆی دیکە وەك نوسراوە ئایینییەکان و رۆژ ژمێر و ساڵنامە و کتێبی چیرۆك و چەندینی تر چاپ دەکرا.

لەو جۆرە کتێبانە تەنها بڕێکی کەممان بەدەست گەیشتووە و ئەم بابەتە پشتگیری ئەوە دەکات کە لەو کاتانەدا ئەو کتێبانە هەرزان و فراوان بوون، ئەم هەرزانی و فراوانییە لە گرنگی ئەم کتێبانەی کەم کردوەتەوەو وەهای کردووە بەو جۆرەی کە پێویست بێت پارێزگاری لێنەکرێت. کتێبەکانی خوێندگە سەرەتاییەکانی سەدەکانی ناوەڕاست هەمان بارودۆخیان هەبووە. لەچەند پەڕەیەکی ناسکی پێستی پێکهاتبوون و پیتەکانی ئەلف و بێ و دوعا سەرەکییەکانی مەسیحی دەگرتە خۆ. ئەگەرچی هەزاران دانە لەو کتێبانە چاپ دەکرا، بەڵام ژمارەیەکی بەرچاو بەجێ نەماوە. لەو کتێبە تابلۆییانەی کە شایەنی ئاماژە بۆ کردنە جۆرێکی دیکەیە لە کتێبەکانی خوێندگا ((بنەماکانی رێزمانی لاتینی)) کە بەناوی دۆنت[٥] ناسرابوو بۆ زمانەوانی رۆمی ئەیلیۆس دۆنتۆس[٦] دەگەڕێتەوە.

## چاپکردن بەپیتی جوڵاو لە چین و ئەورووپادا

### پیتە جوڵاوەکان لە چین:

سەرەڕای ئەمەی کە چینییەکان لە سەدەی یانزەهەمدا دروستکردنی پیتی جوڵاویان سەرەتا لە قوری سورەکراو و پاشان لە مس و زەرد دەست پێ کرد، بەڵام هێشتا تا ئەمڕۆش شێوازی چاپکردن بە هۆی تابلۆی دارینەوە لە هیندا کاری پێدەکرێت.

2- Bibilia pauperum.
3- Speeulum Humanue Salvationis.
4- Ars Moriendi.
5- Donet.
6- Aelius Donatus.



لە بەرانبەر هەر پیتێکی نووسراودا سەربەخۆ لە پیتی چاپ. هەڵدەکۆڵرا، پاشان هەر پەڕەیەك لە پەرەکانی کتێبەکە لەکۆی گشتی ئەم پیتانە پێك دەهات. دوای لە چاپدانی هەموو نوسخە دیاریکراوەکە، پیتە چاپییەکان بۆ ئامادەکردن و لە چاپدانی پەڕەیەکی دیکە ئامادەکراو لە یەکتری جیادەکرانەوە.

ئەم شێوازەی چاپ لە چیندا هێندە رەواجی پێنەدرا و هۆکەشی ئەوە بوو کە چینییەکان ژمارەیەکی زۆر هێمایان بەکاردەهێنا، تەنانەت بۆ چاپکردنی کتێبێکی ئاسایی نزیکەی چوار تا پێنج هەزار پیت پێویست بوو. بەڵام لە ئەورووپادا بابەتەکە بەتەواوی پێچەوانەبوو، چونکە ژمارەی ئەو پیتە ئەلف و بێیانەی بەکاردەهێنرا زۆر کەم بوون. بەم جۆرە هونەری چاپ کردن بەهۆی پیتە جوڵاوەکان داهێنانێك بوو کە بەرهەم هێنانی کتێبی بەتەواوی هەڵاوێرکرد.

### داهێنانی پیتی جوڵاو لە ئەورووپادا:

ئاشکرایە کە کتێبە تابلۆییەکان نەیتوانی رۆڵێکی گرنگ بگێڕێت، چونکە ئەم کتێبانە لە قەبارە و بەرگی بچووکدا چاپ دەکران کە هەریەکەیان لە بیست پەڕە یان بەلایەنی زۆرەوە لە سی پەڕە پێکدەهات، و بەرێگەی تابلۆدارییەکان دەتوانرا تەنها هەر ئەوەندە چاپ بکرێت جگە لەمانە، چاپکردن تەنها لە یەك دیوی پەڕەکە و دەگونجا، چونکە بەهۆی فشاری زۆرەوە جێ شوێنە پیتەکان لەسەر پەڕەکە بەجێ دەما بەجۆرێك کە سوود وەرگرتن لە دیوەکەی تری پەڕەکە دژواربوو. بەڵام سەبارەت بە کتێبە گرنگەکانی چاپکردن بەهۆی تابلۆدارییەکانەوە زۆر سەختتر بوو. لەبەرئەوە داهێنانی پیتی جوڵاو یان بەواتایەکی دیکە ئامادەکاری تایبەتی پیت چنین، بوو بەهۆی ئاوەڵاکردنی رێگای پێشکەوتنێك کە بایەخێکی زۆری هەبوو و شۆڕشێکی نوێی لە پیشەی کتێب سازیدا دروستکرد. هەرچەندە پیتە جوڵاوەکان نەیتوانی وەك کاغەز لە چینەوە بۆ ئەورووپا بگوازرێتەوە. تەنانەت ئەم پیشەیە نەگوازرابووشەوە بۆ ئەو شوێنەی کە خاوەنی یەکەمین کتێبی چاپکراوبوو بەهۆی پیتە جوڵاوەکانەوە لەسەرەتای سەدەی پانزەهەمدا. لە راستیدا داهێنانی گۆتەنبێرگی ئەڵمانی بەتەواوی سەربەخۆ بوو و دوورە لە هەر جۆرە پەیڕەویکردن یاخود لاساییکردنەوەی هیچ نموونەیەکی رۆژهەڵاتی ((چین)).

## یوهان گۆتەنبێرگ:[٧]

زانیارییەکی کەم دەربارەی ژیانی گۆتەنبێرگ هەیە. دەگەڕێتەوە سەر بنەماڵەی ناسراوی گینسفلایش[٨] و خەڵکی شاری ماینز[٩] بوو. لە نزیکەی ساڵی ١٤٠٠دا لە دایك بوو، دایك و باوکی لە یەکێك لە موڵکەکانی خانەوادەدا بەناوی زوم گوتەنبێرگ[١٠] ژیانیان دەبردە سەر و لە ساڵی ١٤٣٠دا لە شاری ستراسبۆرگ نیشتەجێ بوون. لە نزیکەی ساڵی ١٤٤٠ یان دەڵێن لە ساڵی ١٤٤٨دا دووبارە گەڕایەوە شاری ماینز و هەر لەو شوێنە کتێبەکانی چاپ کرد.

دەڵێن کتێبە یەکەمینەکانی لە دەوروبەری ساڵی ١٤٤٥ و ساڵەکانی دواتردا کەوتە بازاڕەوە، لە نموونەی ئەوانە وەك کتێبی ((سبیلەکان))[١١] ژنانی کاهینی پێشبینی کەر، کتێبی ((دوناتوس)) (بنەمای ڕێزمانی لاتینی) لە سێ چاپدا و ڕۆژمێری ساڵی ١٤٤٨ بوو. ڕاستە ناوی گوتەنبێرگ لە هیچ یەك لەم کتێبانە و کتێبە بڵاوبووەکانی دیکەدا نەنووسراوە، بەڵام بەوەی کە دەردەکەوێت دەتوانرێت ئەم کتێبانە بدرێنە پاڵ ئەو و هەروەها کتێبی ((وتاری لێخۆشبوون)) ی پاپا نیکۆلای پێنجەمی لە ساڵی ١٤٥١دا چاپکرد.

## لۆرێنس کۆستەر:

دەربارەی ئەم داهێنانە، هەروەك داهێنانەکانی دیکە بەئازایەتییەوە دەتوانین بڵێین هەندێکیش لەو باوەڕەدان کە باشترە بیدەینە پاڵ کەسێکی تر. پیاوێکی هۆڵەندی بەناوی جانسون کۆستەر[١٢] لە شاری هارلم گومانی تێدا نییە کە کۆستەر توانای چاپی کتێبی هەبووە لە مێژووی کۆلۆنیادا لە ساڵی ١٤٩٩ باسی چەند کتێبێکی بنەمای زمانی لاتینی دەکات کە لە هۆڵەندا چاپکراون. بەڵام لەوانەیە ئەو کتێبە تابلۆیەکانی چاپ کردبێت. بەهەرحاڵ ئەوەی کە کۆستەر چاپی کردووە بێ مێژووە و نازانین کە پێشی گۆتەنبەرگ کەوتووە - یان نا. ئەو شێوازەی کە لە پیت چنیندا بەکاری هێناوە لەوانەیە دژوار و نەکردەنی بنوێنێت. لەم ڕووەوە، تەنانەت ئەگەر ئەو بانگەشەیەش قەبووڵ بکەین کە گۆتەنبەرگ لە جەژنی گەنجینە ئایینییەکاندا لە شاری ئەلیکس[١٣] لە ساڵی ١٤٤٠دا کتێبە

7- Johan Gutenbery. . .
8- Gensfleisch
9- Mainz
10- Zum Gutenberg.
١١- Sibylles: ناوێکە لە یۆنانی و ڕۆمییە کۆنەکان بەو ژنە کاهین و پێشبینی کەرانەیان دەگوت، کە (بڕوای ئەوان) توانایان هەبوو. ڕێ کە ڕووداو پێشهاتە ناهەموارەکان خوداکان بگرن.
12- Laurens Janzoon Coster.
13- Aix.



چاپکراوەکانی کۆستەری دیوە، هەر ئەم بابەتەش بووەتە هۆی ئەوەی کەوا دەست بکات بەچاپکردنی کتێب، دەبێت بێ پەردە بڵێم، کە ئەم هۆڵەندییەی هیچ شتێکی فێری گۆتەنبەرگ نەکردووە، بەڵام ناتوانرێت ئەمە قبووڵ بکرێت کە بیری دروستکردنی پیتی جوڵاوەکان لە ڕێگەی پیتی جوانکارییەکانەوە کە بۆ جوانکردن لەسەر بەرگی کتێب بەکار دەهێنرا بەمێشکی گوتەنبێرگدا هاتبێت. چونکە ئەم پیتانە جۆرێك پیتی جودا لە یەکتری بوون، کە دەتوانرا پیت چنین بکرێت و پاش بەکارهێنان لە یەکتری جیابکرێنەوە، ئەو بەرگانەی کە جوانکارییان بۆ کراوە بەپیتی بەردی جیابووە لەیەك و دەگەڕێنەوە بۆ ساڵە سەرەتاکانی سەدەی پانزەهەم و، دەیانتوانی ئیلهام بەخش بن بۆ گۆتەنبەرگ.

## داهێنانی کەرستەیەك بۆ قاڵب ڕێژی پیتەکان:

بەهەرحاڵ گۆتەنبێرگ بەداهێنەری چاپ دادەنرێت، چونکە بیری لە ئامرازێك کردەوە بۆ قاڵب ڕێژی پیتەکان و سادە و ئاسان کردنی چاپکردن. بەڵام ئەوەی کە دەڵێن کەسانی دی یارمەتییان داوە، لەوانەیە ڕاست بێت، لەگەڵ ئەمەشدا ئاشکرا نییە چ ڕۆڵێکیان دیوە لە داهێنانی چاپدا، لەبەرئەوە تەنها گۆتەنبێرگ دەناسین.

## یەکەمین چاپخانەکان:

گۆتەنبێرگیش ڕووبەڕووی هەمان ئەو کێشانە بوویەوە کەزۆرێك لە داهێنەرانی تر ڕووبەڕووی بوونەتەوە، دژوارییەکان لەسەرتاسەری ژیانیدا بەردەوام بوو جگە لەوەی کە کەسانی دی زیاتر لە خۆی سوودیان لە داهێنانەکانی بینی، یەکێك لە کێشەکانی ژیانی گۆتەنبێرگ ئەوەبوو، بۆ دابینکردنی پارەی چاپ لە یەکێك لە سەرمایەداران بەناوی یۆهان فۆست[١٤] بڕێك پارەی بەقەرز وەرگرت، گۆتەنبێرگ هەر لەو کاتانەدا، تەوراتی گەورەی لاتینی لە ساڵی ١٤٤٥دا چاپ کرد کە لە دواییدا لێ دەدوێین. بەڵام پاش ماوەیەك بەهۆی کێشەی ئابووری و دارایییەوە لەگەڵ فۆستدا جیاوازی دروست بوو و بۆ دانەوەی پارەکان بەفۆست، کەرەستەکانی چاپخانەکەی بەودا. وا دەردەکەوێت دوای ئەم ڕووداوە چاپخانەیەکی دیکەی دامەزراندووە. لە ساڵی ١٤٦٥دا بەشادوومانی ڕووی کردە دیوانی گەورەترین قەشەی شاری ماینز، دوای جیابوونەوەی لە فۆست زانیاری زیاتر دەربارەی ژیانی لەبەر دەستدا نییە، دواجار لە ساڵی ١٤٦٧ یان سەرەتای ١٤٦٨ کۆچی دوایی کرد.

14- Johan Fust.

## بەرفراوانبوونی پیشەسازیی چاپ
## هەڵکۆڵین لەسەر دار

### قۆناغی یەکەمی چاپ لە ئەڵمانیادا
### یەکەمین جێنشینەکانی گۆتەنبێرگ:

هەر کە فۆست کەرەستەکانی گۆتەنبێرگی دەستکەوت، بەبەشداری کردنی کەسێکی ئەڵمانی دی بەناوی پیتەر شۆفەر[١٥] کە لە سەرەتادا وێنەکێشی نوسخە دەستنووسەکان بوو لە پاریس، چاپخانەیەکی نوێی دامەزراند. توانی لە ساڵی ١٤٥٧ کتێبی سروتە گەورەکان[١٦]،کە لە دوای باسی لێ دەکەین، بڵاوبکاتەوە.

لە هەمان ئەو کاتانەدا زنجیرەیەك کتێبی دیکە هەبوون کە لە دوایدا چاپکران. لە نموونەی ئەوانە تەوراتێکی گرانبەهابوو، کە هەر پەرەیەکی چل و هەشت دێڕی هەبوو لە ساڵی ١٤٦٢دا بەچاپ گەیشت. هەموو ئەو چاپانە نەك تەنها خاڵی شارەزاییی لە ئاسا بەدەری پیتەر شۆفەر بوون، بەڵکو شایەتی دەست رەنگینی رابردووشی لە هونەری جوانکاری وێنەکێشاندا دەدات، تەنانەت بە داینەمۆی پرۆژەکانی فۆست لە بواری کتێبدا دادەنرێت.

لە دوای مردنی فۆست، شۆفەر چەند ساڵێك کتێبخانەکەی بەڕێوەبرد، تا ئەوەی لە ساڵی ١٠٥٢دا کۆچی دوایی کرد.

شۆفەر خۆی پیتەکانی لە قاڵبەکاندا دارشت، ئەم پیتانە لەڕووی پتەوی و وردییەوە لە پیتەکانی گۆتەنبێرگ باشتربوو، تا ئەو رادەیەی کە بەهەندێك لە پیتەکانی گۆتەنبێرگ رازی نەبوو کە، تا ساڵی ١٤٦٠ لەلای ئابێرشت فیستەر[١٧]ی خاوەن چاپخانەی شاری بامبێرگ[١٨] پارێزگاری لێدەکرا.

### چاپخانەکانی باشووری ئەڵمانیا:

بەرپرسیارانی پیشەسازی چاپ لە شارە جیاوازەکانی باشووری ئەڵمانیا لە ساڵی ١٤٦٠دا پەیدابوون و هۆکاری ئەمەش ئەو هێرشانەبوو کە کرایە سەر شاری ماینز. ئادۆلف روناسۆ[١٩]

15- Peter Schoffer.
16- Psalterium.
17- Albecht pfister.
18- Bamberg.
19- Adolph de Nassau.



دەستی بەو شارە گەشت و لە ساڵی ١٤٦٢ دا هەموو شوێنێکی وێران کرد و زۆرینەی دانیشتوانی ئاوارەبوون و بەناچاریش خاوەن چاپخانەکانیش کۆچیان کرد. شۆفەریش یەکێك بوو لەوانە و لە شاری فرانك فۆرت دا نیشتەجێ بوو، دەوترێت وێران بوونی شاری ماینز یارمەتیدەری خێرا بڵاوبوونەوەی ئەم پیشەسازییە نوێیە بوو.

لەسەرەتادا ئەم پیشەسازییە هەمان رێگای بازرگانی کۆنی رووباری راینی گرتەبەر و بڵاوبوویەوە هەتاوەکو ئەوەی شاری ستراسبۆرگ بوو بەیەکێك لە ناوەندە سەرەکییەکان و پاشماوەیەکی کورت لە شارەکانی دیکەی وەك کۆلن و ئوگبێرك و ئولم و نورەمبێرگدا چاپخانەی زۆرگەورە بنیادنرا و بەهۆی ئەو چالاکییە بەرچاوانەی کە لەلایەن ئانتۆن کۆبەرگیز[٢٠] خرابوویە گەڕ لە نورەمبێرگدا، ئەم شارە لەم رووەوە پایەبەرزتر بوو لە شارەکانی دیکە. دەڵێن نزیکەی سەد کرێکاری لە چاپخانەکەیدا دامەزراند لە ساڵی ١٤٧٠دا بیست چاپخانەی بەڕێوە دەبرد.

بە درێژایی نیوسەدە دوای ئەوەی کە گۆتەنبێرگ چاپی داهێنا، بیست شار لە شارەکانی ئەڵمانیا چاپخانەی تیادابوو، بەڵام هۆی ئەوەی کە ئەم شارانە لە باشووری ئەڵمانیادا بوون، ئەوەبوو کە لە نزیك شاری ماینزەوە بوون کەلانکەی پیشەسازی چاپکردن بوو.

هەروەها پەیوەندیشی بەبوونی شارە بازرگانییە گەورەکانەوە هەبووە لە باشووری ئەڵمانیادا. ئەم شارانە لە سەرە رێگای گەورەترین مامەڵە و کڕین و فرۆشتەکان دابوون کە لەگەڵ دەریای ناوەڕاست و رۆژهەلاتدا ئەنجام دەدرا. جگە لە ناوەندی گەورەی بازرگانی، چاپخانەکانیان بەهەموو پێداویستییەکەوە بۆ کاری بەردەوام بەرەو لای خۆیان رادەکێشا، لەکاتێکدا کە شارە کەم بایەخەکان جگە لە قۆناغێکی کورت نەبێت هێندە کاریان بەچاپخانەکانەوە نەبوو.

### ئەو شێوازانەی کە خاوەن چاپخانە یەکەمینەکان بەکاریان هێنا:

کارخانە سەرەتاییەکانی چاپ - پێش بەکارهێنانی ئامێرە کارەباییەکان لەم پیشەسازییەدا - لەرووکاری دەرەوەدا هەمان بارودۆخی ئەو کارخانەیان هەبووە کە دواتر دروست کران، ئەوەی کە پێش هەر شتێك بەرچاو دەکەوت. ئەو پرێسە گەورانە بوو کە لە داری بەروو دروستکرابوو لە هۆڵی چاپخانەدا بەسەقف و زەوییەوە بەسترابوو، دوای ئەوەی کە کاغەزەکە لەسەر پیتە چنراوەکان دادەنرا، بەپرێسەکە فشاری دەخرایە سەر و بۆ ئەوەی بەتەواوی ئەم فشارە دروست بێت

20- Anton Koberger.

پرێسەکە بەهێزی دەست کۆنترۆڵ دەکرا، پرێس هەڵواسراوێکی داری و قورس بوو، بەناچاری بۆ ئەوەی کە فشارێکی گونجاو بخرێتە سەر کاغەکان دەبوو هێزێکی زۆر بەکاربهێنرێت.

بەڵام پرێس لەڕووی قەبارەوە زۆر بچووکتر بوو لە تابلۆی پیت چنین، لەبەرئەوە بەشێوەیەکی گشتی لە یەك جاردا چاپکردنی کاغەزێکی تەواو نەدەگونجا و کرێکارانی چاپخانە ناچاربوون کە کاغەزەکە دابەش بکەن بۆ چەند بەشێك. بەجۆرێك هەر بەشێك بەجیا چاپ دەکرا و پاشان لەیەك بەرگدا کۆدەکرانەوە. بەڵام پیت چنین لەوکاتانەدا، هەروەك چۆن ئەمڕۆ لە چاپخانە دەستییەکاندا دەکرێت بەبۆرد و تابلۆی ((بالشێك وەك چەرمێك)) کە چەند گیرەیەکی هەبووە ئەنجام دەدرا، پاشان پیتە چنراوەکان مەرەکەبیان لێ دەدرا. ماوەیەکی زۆری دەویست بۆ شارەزابوون و ئاگایی لە بلاکردنەوەی مەرەکەبەکە بەشێوەیەکی یەکسان بەسەر هەموو بۆردەکەدا وە دەبوو ڕێگری پێکەوەنووسانی پیتە چنراوەکان بکەن بەمەبەستی خراپ نەبوونی دێڕەکانی نووسینەکە، کاری هەڵکۆڵینی پیتە چاپییەکان بەتایبەتی کاری دروستکردنی پیتەکان بۆ پیشەوەرانی چاپ لە سەرەتادا وردترین کاربوو. بەڵام بەشی سەرەکی ئەو کەرەستانەی کە لە دروستکردنی پیتی کانزای بەکاردەهێنرا، لەمس یان لە برۆنز دروست دەکرا و ئەم ماددەیە بەجۆرێك بوو ئەگەر زۆر بەکاربهێنرایە لەناو دەچوو، لەبەرئەوەی بەهۆی زۆری بەکارهێنانییەوە ئەندازەی لاکار و لێوارە ناسکەکانی پیتەکان کە زۆر کاریگەربوو لە هاوئاهەنگ بوونی پیتەکان لەکاتی چاپدا بەیەك شێوە نەدەمایەوە.

## کۆنترین کتێبە چاپییەکان:

سەرەڕای ئەم کێشە هونەرییانە، کۆنترین کتێبە چاپییەکان جوانییەکی لە رادەبەدەریان هەبوو، هۆکەشی، بریتی بوو لە پەیڕەوی لە شێوازی کۆنی نوسخە دەستنووسەکانی سەدەکانی ناوەڕاست کە سەرمەشق بوو لەم کارەدا. ئاساییە کە کۆنترین خاوەن چاپخانەکان و نوسخە دەستنووسەکانیان دەکردە سەرمەشقی چاپەکانیان و پیتە چاپییەکانیان بەشێوازی نوسراوەکانی نوسخە دەستنووسەکان دروست دەکرد و بەگشتی شێوەی پەڕەکە لەڕووی نووسین و لایەنەکانی دی لاسایی نوسخە دەستنووسەکانیان دەکردەوە، تەنانەت لەو بوارانەی کە پیشەسازی چاپکردن توانای ئەنجامدانی نەبوو ئەم لاساییکردنەوە، جێبەجێ دەکرا، بەتایبەت کاتێك کە بڕیاریان دەدا پیتی گەورەی یەکەم هاوشێوەی ئەم جوانکارییارنە بەکاربهێنن، تا ئەو جیگەی هەندێ کات ناچاردەبوون کە بەشێوازە کۆنەکاندا بچنەوە، وەك ئەوەی بەدەست ڕەنگیان بەکاردەهێنا، دواجار



شێوەی دەرەکی یەکەمین کتێبی چاپیان بەشێوەی نوسخە دەستنووسەکانی سەدەکانی ناوەڕاست کە لەسەر پێست دەنووسرا، دروستکرد و جوانییەکی سەرەنج ڕاکێشیان دەخوڵقاند کە لەڕووی پتەوی و توندوتۆڵییەوە لە نوسخە دەستنووسە رزێنراوە پێستییەکان کەمتر نەبوو.

## تەوراتی گۆتەنبێرگ (١٤٥٥) زایینی:

بۆ پشتگیری راستی وتەکانمان ئاماژە بە تەوراتی گۆتەنبێرگ دەکەین کە لە دوو بەرگی ئەندازەی ٢/١ دا لە ساڵی ١٤٥٥دا چاپکرا، و ئێستاش هەندێکی دیکەی لێ دەدوێن. چونکە ئەم کتێبە چاپکراوەمان لە نزیکەوە نەدیوە وا دەزانین کە دەستنووسە. ئەم کتێبە بەزۆری بە تەوراتی چل و دوو دێڕی بەناوبانگە، چونکە لە ستونێکی چل و دوو دێڕیدا نووسراوە و هەروەها بە((تەوراتی مازارانی))یش ناودەبرێت، چونکە یەکەمین نوسخە کە سەرەنجی شارەزایانی کتێبی ڕاکێشا، نوسخەیەك بوو، کە کاردینال مازاران لە کتێبخانە تایبەتییەکەی خۆی دا پارێزگاریی لێ دەکرد. ئەم تەوراتە هەزار و دوو سەد پەڕەیە و هەر پەڕەیەك بۆ دوو ستون دابەش کراوە و جۆری نووسینەکە وەکو قۆناغی کۆتایی نووسینی گوتیکە ئێمە ئەم نوسخە نووسراوە بەگرنگ و پڕ بایەخی دەزانین و خاوەنی پیتی دروست و پڕ گۆشەیە و پیتە گەورەکان بەپایەی دوایی[21] و پایەی گەورە[22] ناسراون. بەڵام بۆ نووسینی یەکەمین رستە و پیتی یەکەم ناونیشانی بەشەکان و نەخشەکانی پەراوێز و لاکان بەبۆشایی لەلایەن کەسی چاپکەرەوە بەجێ هێڵراوە، گەرچی لە هەندێك نوسخەکاندا بەرەنگی سور چاپکراون. تا ئێستا چل و یەك دانە لەتەوراتی گۆتەنبەرگ بەدەست کەوتوون و دوانزە دانەیان لەسەر پێست چاپکراوە.

لەوانەیە ئەم چاپە لەسەد دانە زیاتری تێپەڕی نەکردبێت. ئەگەر لەم ڕۆژگارەدا ئەم ئینجیلە بۆ فرۆشتن دابنرێت، بەهۆی نایابییەوە، نرخەکەی لەوانەیە زۆر زۆرگران بێت. تەنانەت لە یەکێك لە زیادکردنەکانی لەندەن لە ساڵی ١٨٩٧دا بۆ فرۆشتن ئامادەکرا و بۆ کڕینی ٤٠٠٠ لیرەی ئەستەرلینی (پاوەند) درا، لە ساڵی ١٩٢٧ لە ئەمریکادا دانەیەك لەم تەوراتە بەبڕی ١٥٠٠٠٠ دۆلار، لە کڵێسای نەمساویی بەناوی میلك[23] کڕا، تاوەکو بەدیاری ببەخشرێت بەزانکۆی مەیل[24] بەشی نیو هاڤین[25].

21- Double Canon.
22- Gros Canon.
23- Melk.
24- Yale.
25- New Haven.

تەوراتێکی بەناوبانگی دیکە هەیە کە بەتەوراتی شێلهۆرن[٢٦] ناسراوە و هەر ستونێکی ئەم تەوراتە سی و شەش دێرە و بۆ گوتەنبێرگ دەگەڕێتەوە و گەرچی ئەگەری ئەوە هەیە کە لە شاری سامبێرگ دا بەهەمان ئەو پیتانەی کە گۆتەنبێرگ بەکاری هێنابێ چاپ کرابێت.

**کتێبی سروتەکانی ماینز (١٤٥٧) زایینی:**

لەم شارەدا کتێبی جوانتر لە تەورات هەیە، ئەویش کتێبی سروتەکانە، کە لە ساڵی ١٤٥٧دا لەلایەن فۆست و شۆفەرەوە چاپکراوە و.. پێشتر ناومان هێنا.. بەو پێیەی کە ئەم کتێبە لەسەر پێست چاپکراوە، بەرزترین خاڵ نیشان دەدات کە چاپ پێی گەیشتووە. هەروەها بۆچوون و وەهایە کە یەکەمین کتێب بێت کە ئاماژە بۆ کاتی چاپکردن دەکات. ئەو زانیارییانەی کە چاپکەر لە کۆتایی کتێبەکەدا دایناوە بریتییە لە: ((کتێبی سروتەکان و هۆکاری چاپ و شێوازی پیتەکان، و بەبێ ئەوەی لە نووسیندا پێنووس بەکاربهێنرێت بۆ بەرزراگرتنی ناوی خودا و بەچاودێری جان فۆست لە شاری ماینزدا و بەبەشداری پیتەر شۆفەر و لە شاری گیرشایم لەو شەوی کە(بە گوتەی ئەوان) مەریەمی پاك داوێن بۆ ئاسمان بەرزبوویەوە (واتە ١٥ی ئاب) کاری ئەو کتێبە تەواو بوو.



شێوەی ١ هێمای چاپخانەی فۆست شیفەر — شێوەی ٢ هێمای چاپخانەی پلاتن — شێوەی ٣ هێمای چاپخانەی ئالدو مانومنشی

لەم نووسراوە ئەو ئەنجامە وەردەگرین کە هەموو ئەو کتێبانە بەئامێری چاپ بەوپەڕی جوانی چاپکراوە وەیەکەمین پیتەکانی بەرەنگی سور یان شین نووسراوە. وا دەردەکەوێت پیتەکان لەسەر بەرد هەڵکۆڵرابێت نەك دار. تا ئەو شوێنەی کە زانیاریمان هەیە سروتەکان یەکەمین نیشانەی چاپکەرانیان لەخۆگرتبوو، هەروەك دەبینین (شێوەی) نیشانەی خاوەن چاپخانەکان بەلقە

26- Schellhorn.



دارێکەوە هەڵواسراوە. زۆری نەخایاند ئەم نەریتە لەلایەن خاوەن چاپخانەکانەوە پەیڕەوی کرا و چاپکراوەکانی خۆیان بەواژۆ یان نیشانەیەکی تایبەت و جیاکەرەوە، یان بەوێنەیەکی بچووك کە جوانکاری زۆری تیادا بوو دیاری دەکرد (شێوەی ٢و٣) لەو سەردەمەدا نزیکەی بیست نوسخە لە شاری ماینزدا هەبوو، جوانترین دانەیان ئەوەیە کە ئێستا لەکتێبخانەی نەتەوەیی ڤییەنادا هەڵگیراوە.

**پیتە سەرەتاییەکانی کتێبە چاپییەکان:**[٢٧]

کورتەی ئەوەی کە باسمان کرد ئەوەیە، کتێبە چاپییەکان سەرەتا بەتایبەتمەندی لاسایی کردنەوەی نوسخە دەستنووس و هاوشێوەکانی جیادەکرێتەوە، بەڵام زۆری نەخایاند ئەم لاساییکردنەوەیە هەندێ لایەنی دیکەی چاپکردنی گرتەخۆ وەك نیشانە کورتکراوەکان کە لەنوسخە دەستنووسەکاندا بەکارهێنانی ئاسایی بوو، چونکە ناویشانی نەبوو و بەمەش جیانەکرایەوە.

مەبەستمان لەناونیشان لێرەدا وشەی مەبەستە، لەبەر ئەوەی لە یەکەمین لاپەڕەدا، ناوەڕۆکەکە بەوشە پێشەکییەکانی و وشەی لاتینی (ئین سپیت)[٢٨] دەستی پێ دەکرد، و یان بەدوو وشەی هیك ئین سپیت[٢٩] (لێرەوە دەست پێ دەکات) دەستی پێ دەکرد، تەنها کتێبێك لەم بنەمایە لادەدات کە ئەویش کتێبێکی بچووکە بەزمانی ئەڵمانی، ناوی ((هاواری مەسیحییەت لە دژی تورکەکان)) و بەپیتی گۆتەنبێرگ لە ساڵی ١٤٥٤ چاپکراوە. لەو کتێبە تەنها یەك دانەی ماوە کە ئەویش لەکتێبخانەی دەوڵەتییە لە میونیخ، بەڵام جیاوازی ئەم کتێبە ئەوەیە کە ناونیشانی کتێبەکە لە بەشی سەرەوەی پەرەکاندا چاپکراوە. ئەم حاڵەتە نزیکەی ١٥٠٠ جار لەم کتێبەدا دەبینرێت. ئەم کتێبە لە شێوەی ڕۆژ ژمێردایە هاوارێکە بۆ وڵاتە مەسیحییەکان بۆ جەنگکردن لەگەڵ ئەو تورکانەی کە لە ساڵی پێشتر دەستیان بەقوستەنتنییە گەشتووە، لە تیراژێکی زۆردا بۆ خەڵکی ئامادەی بڵاوبوونەوە بوو. لەم ڕووەوە هەڵومەرجی وەك کتێبە جۆراوجۆرەکانی دیکەیە لە ئەڵمانیادا و بۆ قۆناغە سەرەتاییەکانی چاپ دەگەڕێتەوە.

27- In Cunables.
28- Incipit.
29- Hicincipit.

## پەیدابوونی هەڵکۆڵین لەسەر دار

### کۆنترین کتێبە وێنەدارەکان:

دوای ماوەیەك وەرگرتن لە نوسخە دەستنووسەکان، وەلانرا و خاوەن چاپخانەکان بەجێی ئەوەی کە دوای کۆتایی هاتنی چاپکردن، هونەرمەندان راسپێرن بۆ وێنەکێشانی وێنەی ناو کێتبەکان بەدەست، خۆیان وێنەکانیان لەگەڵ نووسراوی ناوەڕۆکدا چاپ دەکرد. ئەم کارە لە کتێبە تابلۆییە یەکەمینەکانی قۆناغی دەرکەوتنی چاپدا ئەنجام دراوە تێدا وێنەی چاپی هەڵکۆڵراو ئامادە دەکرا.

چاپکردنی وێنەکان لەگەڵ نووسراوەکاندا لەسەر بۆردێکی دارین دەردەچوو ئەم وێنە چاپییە هەڵکۆڵراوانەی سەردار لە دواییدا گۆڕا بۆ کتێبە چاپییەکان بەپیتە جولاوەکان، بەجۆرێك ئەو کلێشە دارییانەی کە شێوەی هەڵکۆڵراوەکانی تێدابوو، بەشێکی تەواوکەر بوو بۆ ستونی نووسراوەکە کە هاوکات لەگەڵ پیتە چنراوەکاندا چاپ دەکرا. کاتێ کە چاپی پیتە چنراوەکان تەواو دەبوو، کلێشەکان لەسەر ئەم بەشانە دادەنرا، تاوەکو لە جاری دووەمدا چاپ بکرێت. گەرچی سەلماوە کە ئەم وێنە چاپییانە لەسەرەتادا بەتەواوی شێوەی دەستنووسی و سەرەکییە کە وێنەکێش لە رەنگکردنی ئەم شێوە چاپییانەدا سوودی لێ وەردەگرن.

### وێنەکانی ئالبرشت فیستەر کە هەڵکۆڵراوە لەسەر دار:

هەندێك بەرهەمی متمانە پێکراو هەبوو کە بەدڵنیاییەوە نرخی ئالبرست فیستەری لە بامێرگ بەرزکردەوە. وەك باسمان کرد ئەو یەکەم چاپکەربوو کە وێنەی هەڵکۆڵراوی سەرداری لەچاپکردنی کتێبەکانی دا بەکارهێنا.

لەوانەیە کارەکەی بەوێنەکێشان دەستپێکردبێت و وێنەی قەشەکانی لە کتێبەکانی پاڕانەوە و کاغەزی یاری و هاوشێوەی ئەمانەدا لە چاپکراوی تابلۆی دیکەدا رەنگ رێژیی دەکرد لەبەرئەوە لە وێنەکانی هەڵکۆڵراو لەسەردار، شارەزاییەکی باشی هەبوو.

لە ساڵی ١٤١٦ کتێبێکی پەسەند کراوی بچووکی چاپکرد کە پڕ بوو لە وێنەی جۆراوجۆری هەڵکۆڵراو لەسەر دار، کە ئەویش کتێبی بەردی بەنرخە و [٣٠] لە نووسراوی ئولریك بۆنەر[٣١]، کە

30- Edelstein.
31- Ulrich Boner.



بریتی بوو لە کۆمەڵێك چیرۆکی رەوشتی. هەروەها ئەم کتێبە یەکەمین کتێبی ئەڵمانی چاپکراوە کە تا ئەمڕۆ جگە لە یەك دانە نەبێت کە لە کتێبخانەی شاری ۆلفین بوتێل[٣٢]دا هەڵگیراوە، هیچی دیکەی نەماوە، ئەم کتێبەش پێکهاتووە لە نووسینی تۆکمە کە لەسەردار هەڵکۆڵراوەو بۆ چاپکردن زۆر گونجاوە و لایەنی جوانکاری بەڕادەیەکە کە ناتوانرێت باس بکرێت.

لە هەمانکاتدا فیستەر و هاوەڵەکانی لەو سەردەمەدا هیچ جۆرە کاریگەرییەکی جوانکارییان لە کتێبەکانیاندا نەکردبوو بەئامانج.

لەم رووەوە وێنەکان بەجۆرێك دەبینین کە تەنها ئامانجی روونکردنەوەی بابەتی ناوەڕۆکی نووسینەکەیە بۆ ئەو خوێنەرە ئاساییەی کە کتێبەکەی بۆ ئامادەکراوە.

### هەڵکۆڵەرانی دیکەی ئەڵمانی:

کتێبە ئەڵمانییەکان و ئەو کتێبانەی پەسەند کراوی خەڵکی بوون و کتێبە ئایینییەکان کە لەلایەن خاوەن چاپخانەیەکەوە لە شاری ئۆگسێبۆرگ[٣٣]، بەناوی گوتنەر زاینەر[٣٤] بەو شێوە رازێنراوە بڵاوی دەکردەوە و پێشوازییەکی باشی لێکرا.

گومانی تێدا نییە کە زاینەر یەکەمین کەس بووە کە بەکارهێنانی پیتی یەکەمی رازێنراوەی لەسەردار بەپێوانێکی فراوان بڵاوکردووەتەوە. هەروەها پێویستە ئانتۆن سۆرگ[٣٥] بەیەکێك لە چالاکترین بڵاوکەرەوەکان بزانین کە کتێبە وێنەدارەکانی ئەڵمانی بڵاوکردەوە هەروەها سەرەڕای بڵاوکراوەکانی کتێبێکی بڵاوکردووەتەوە کە پێکهاتبوو لە ١١٠٠ شیعر بۆ زانایان، بەجۆرێك کە بەیەکەمین کتێبی شیعری چاپکراو دادەنرێت.

هەروەها ناوی یۆهان باملەر[٣٦] دەهێنین کە کتێبە گشتییەکانی زۆر کات بە وێنەی هەڵکۆڕاو لەسەر دار دەرازاندەوە و لە ئاست پێشەکی کتێبدابوو. دەتوانین باملەر بەیەکێك لە یەکەمین پێشەوایانیێ دابنێین کە وێنەی بەکارهێناوە وەك ناونیشان.

32- Wolfen buttel.
33- Augs bourg.
34- Gunther Zainer.
35- Anton sorg.
36- Johan Bammler.

## تایبەتمەندییەکانی کۆنترین جۆرەکانی هەڵکۆڵراوە دارییەکان:

لە کتێبە جۆراوجۆرەکانی قۆناغە سەرەتاییەکاندا دەبینین کەوا یەك هەڵکۆڵینی سەردار بۆ روونکردنەوەی چەندین شتی جیاواز بەکارهێنراوە.

بۆ نموونە دەبینین یەك وێنە زۆرجار بۆ پیشاندانی گرووپەك لە کەسایەتییە جیاوازەکان بەکارهێنراوە. لەوانەیە ئەم کارە بۆ رەچاوکردنی باری ئابووری بووبێت. هەندێ جاریش بۆ ئەوە بووە کە هونەرمەندی بەتوانا بۆ هەڵکۆڵینی وێنەکە لەسەر کلێشەی دارێك کاتێکی زۆری ویستووە تاوەکو بتوانێت لەسەر کلێشەی داری بەڕوو یان داری هەرمێ وێنەیەك دابتاشێت، هەروەها ئەم کارەش پەیوەندی بەلاوازی توانای بیرکردنەوەی وێنەکێشەکەشەوە هەبووە.

جگە لەمانە. ئەو وێنانەی کە لە کتێبەکانی فیستەر و ئەوانی دیکەدا، واتە کتێبەکانی قۆناغی سەرەتا، کە بۆ وێنەسازی چاپکراون هەموویان لەڕووی بەهاو نرخی هونەرییەوە، سەرەڕای ئەو کەموکورییانەی کە تیادا دەبینرێت، ناتوانرێت بەکەم بزانرێت و بەبچووك تەماشا بکرێت. جگە لەوەی بەهۆی سروشتی سەرەتایی و سادەیی کە ئەم کتێبانە هەیەتی، هێشتا ئەمڕۆ بۆ ئێمە سەرنج راکێشن.

لەم رووەوە هەروەها باسمان کرد ناتوانرێت نکۆڵی بکرێت لە پەیوەندییان بەو وێنەی قەشانەوە کە لەسەردار هەڵکۆڵراون، و هەروەها پەیوەندییان بەو شێوانەی کە لە کتێبە تابلۆییەکان دەبینرێت لە هەمانکاتدا ئەم وێنە هەڵکۆڵراوانە تۆوی دەستپێکی هونەری هەڵکۆڵین لەسەر دار نیشان دەدات. ئەو هونەرەی لە پاش تێپەڕبوونی دەیان ساڵ، بەدەستی دوو هونەرمەند بەناوی دورێر[٣٧] و هولباین[٣٨] گەشە و پێشکەوتنی بەرچاوی بەخۆوە دی بەجۆرێك لە ئیتاڵیا رێژەیەکی نوێی بەدەست هێنا.

## تەوراتی هەڵکۆڵراوی کلۆنی(١٤٨٠) زاینی:

ئەم تەوراتە پێشکەوتنی هەڵکۆڵینی سەردار نیشان دەدات لە قۆناغە کۆنەکانەوە تاوەکو دەرکەوتنی دورێر. چونکە بێگومان بەناوبانگترین کتێبی تەورات لەنێو کتێبە جۆراوجۆرەکانی تەوراتدا، ئەو نووسراوە وێنەدارەیە کە بەتێپەڕبوونی کات قۆناغێکی تایبەتی مێژووی کتێب دەخاتەوە یاد. وێنەکانی لەلایەن هونەرمەندێکی وێنەکێشی گەورەوە ئەنجام دراوە کە ناوی ئەو و ناوی ئەو هەڵکۆڵەرەی کە کلێشەی دارەکانی بەگوێرەی شێوەکان داتاشیوە، نازانین.

---

37- Durer.
38- Hul bien.



بەپێچەوانەوەی زۆرینەی ئەو کتێبانەی کە ناومان هێنان. ئەم تەوراتە وێنە هەڵکۆڵراوەکانمان لەسەر دار نیشان دەدات، کە تەنها نیشانەی وێنە نانوێنێت، بەڵکو بەهۆی ئەو هێڵە تۆخانەی کە هەیەتی توانیوێتی دیمەنێکی بەرجەستەی کەسایەتییەکان بدات بەدەستەوە.

## پێشکەوتنی خێرای هونەری سەرەتایی هەڵکۆڵین:

چەندین کتێبی دیکە هەیە کە لە ساتەکانی کۆتایی سەدەی پانزەهەمدا بەرهەم هێنراوە، چەرخی زێڕینی هونەری هەڵکۆڵین لەسەر دار نیشان دەدات. لە نموونەی ئەوانە دەبێت بەتایبەتی ناوی کتێبی سەفەر بۆ سەرزەوی پیرۆز[٣٩] بهێنین. ئەم کتێبە یەکێك لە قەشەکانی شاری ماینز بە ناوی یوهان یوبان برایدل بلغ[٤٠] لە ساڵی ١٤٨٤دا دایناوە. لەم کتێبەدا نەك تەنها بۆ یەکەم جار ناوی ئەو هونەرمەندەی هێناوە کە شێوەی وێنەکانی کێشاوە، بەڵکو بۆ یەکەم جار چەند وێنەیەکی سروشتی لە کتێبەکەدا هاتووە. ئەو هونەرمەندە ناوی ئێرهارد رووێش[٤١]ە. لە وێنەکانیدا ژمارەیەك شار و دیمەنی جۆراوجۆر بەرچاو دەکەوێ.

هەروەها ناوی کتێبێکی دیکەی بەناوبانگ بەناوی ((مێژووی جیهانی))[٤٢] دەهێنین لە هارتمان شێدێل[٤٣] لە ساڵی ١٤٩٣دا دایناوە و ٢٠٠٠ وێنەی چاپکراو لەسەر دار لەخۆ گرتووە. ئەم کتێبە لە گەورەترین کتێبە وێنە دارەکانە کە تاوەکو ئێستا بەجێ ماوە. وێنەکاری هونەرمەند مایکل ۆلگ موت[٤٤] و کوڕی هاوسەرەکەی (زڕ کوڕەکەی) ویلهێلم پلایدنورف[٤٥]ە و چاپکردنی لەلایەن ئانتوان کوبەرگیری خەڵکی شاری مبێرگ- هەروەك باسمان کرد ئەنجام دراوە. لەم کتێبانەدا وێنە هەڵکۆڵراوەکان لەسەر دار بۆ رەنگکردن ئامادابووە. چەند نوسخەیەك هەیە کە رەنگ کردنی تەواوبووە. بەڵام دەبێت بوترێت کە ئەم رەنگ کردنەی وێنەکان لەسەردەمی دورێردا لە نێو دیاردە هاوشێوەکانی نوسخە رەنگاوڕەنگەکانی ئەوکاتەدا نەناسرابوو. بەجۆرێك کە وێنە چاپکراوەکان تەنها رەش و سپی بوون. بەڵام سەدەی هەژدەهەم کاتی دەرکەوتن و ئاشکرابوونی چاپی رەنگاوڕەنگە.

---

39- Voyage en Terre sainte.
40- Johnn Beryden bach.
41- Ernhard Reuwich.
42- Welt chronik.
43- Hertmann schedel.
44- Durer Michel wohlgemuth.
45- wilhelm pleydenworff.

# یەکەمین چاپخانە لە دەرەوەی باشووری ئەڵمانیا

ماوەیەکی کەم پاش رووخانی شارمانیز. کاربەدەستانی چاپکردن، لە ولاتانی دیکە پەیدا بوون:

## چاپ لە ئیتاڵیا:

بە دڵنیاییەوە ئیتاڵیا ولاتێك بوو کە بەهۆی دەوڵەمەندی ئەدەبییەوە خاوەن چاپخانەکانی بۆ خۆی راکێشا. لەوانە بەتایبەتی ناوی دوو قوتابی شۆفەر دەهێنین کە بریتین لە کونراد سوین هایم[٤٦] و ئارنۆڵد پانارتز[٤٧] ئەو دوانە لە ساڵی ١٤٦٤ لە یەکێك لە کڵێساکانی شاری سوبیاکۆ[٤٨] نزیك شاری رۆما چاپخانەیەکیان دروست کرد، دوای دوو ساڵ پانگهێشتنامەیەکیان بۆ رۆیشتن بۆ رۆما پێ گەشت. لەوێ لە ماوەی حەوت ساڵدا چەند کتێبیان بلاوکردەوە و بەوتەی خۆیان سی و شەش کتێب بووە لە ١٢٤٧٥ نوسخەدا. بنەمای ئەم کۆمەڵە کتێبە سەرچاوە نووسراوە لاتینییە کۆنەکان بوو.

## پیتی چاپی رۆمی:

قوتابییەکانی شۆفەر پیتی چاپی نوێیان بەکارهێنا کە ئەویش هەمان پیتی رۆمییە. ئەم پیتانە بەپێچەوانەی نووسین گۆتکەوەیە، وەك پیتی تێکەڵ بوون کە لەکتێبەکانی مرۆگەرایانەدا بەکارهاتووە و لە پیتە بچووکەکانی کارۆلێنژییەوە وەك پێشتر باسمان کرد هەڵهێنجرابوو. ئەمەش هەمان ئەو پیتانەیە کە گومان دەبرێت لە نووسینی رۆمییەوە وەرگیرابێت.

لەبەرئەوە پیتی چاپی رۆمی، نووسینی لاتینییە و کە لە زۆر لایەنەوە ئێمە یادی شێوە رۆمییە کۆنەکان دەخاتەوە. بەو پێیەی کە ئەم پیتانە شێوەی بازنەیی و بێ گۆشە و لە هێڵی رێکدان و رێکخستنیان لەسەر قاڵبەکان ئاسانە، جگە لەوەی خوێندنەوەی لە نووسینی گۆتیك ئاسانترە. شێوازی کۆنی ئەم نووسینە زۆر روونتر و جوانترە، بەڵکو مامناوەندانەتر دروست کراون. بەڵام پیتەکانی گۆتیك ئەو برە تۆکمەیی و نرخەی نییە کە بەتوندوتۆڵی لە هەڵکۆڵینی سەرداردا دەکەوێت.

46- cornnrad Sweynheim.
47- Arnold pannartz.
48- Subiaco.



## خاوەن چاپخانە ئەڵمانییەکان لە ڤینیسیا:

دوا بەدوای سون هایم و پانارتز، ژمارەیەکی زۆری ئەڵمانی کۆچیان کرد بۆ ئیتاڵیا هەندێکیان لە رۆمادا نیشتەجێ بوون. وەك ئولریش هان[٤٩] کە لە ساڵی ١٤٧٦دا یەکەمین کتێبی، کەوێنەی هەڵکۆڵراوی لەسەر دار لە خۆ گرتبوو، بەچاپ گەیاند. هەروەها ئەوانی دی لە شارە گەورەکانی دیکەی ئیتاڵیادا گیرسانەوە.

بەڵام شاری گەورە و بازرگانی ڤینیسیا زیاتر لە جێگەکانی دیکە چالاکی دەکرد لە بواری چاپدا. لەم رووەوە، لە ساڵی ١٤٩٦دا گرووپەکی زۆر لە خاوەن چاپخانەکان چالاکییان لەو شارەدا دەست پێکرد و زۆرێکیان بەناوبانگ بوون وەك برایانی یۆهان و وندلین دو سپایر[٥٠] کە یەکەمین کتێبیان بەزمانی ئیتاڵی چاپ کرد کە بریتی بوو لە هۆنراوەکانی پیترارك سوناتا، پاشان نیکولا جێنسۆن[٥١] زانای فەرەنسی کە قاڵبی چەکی پارەی کارمەندانی دیوانی چارلی حەوتەمی هەڵدەکۆلی، لەو کارەدا بەردەوام بوو. بەگوێرەی ئەوەی کە دەڵێن، لە ساڵی ١٤٥٨دا رۆشتە شاری ماینز تاوەکو ئەو هونەرە نوێیە فێر بێت. جێنسۆن جۆرێك پیتی رۆمی داهێنا کە تاوەکو رۆژگاری ئەمرۆ ماوەتەوە و زۆرکەس کردوویانە بەنموونە و سەرمەشق و لاسایییان کردووەتەوە، دواتر ئەڵمانییەك بەناوی ئیرهارد راتدۆلت[٥٢] خەڵکی شاری ئۆگسبێرگ، لەو کتێبانەی کە لە ساڵی ١٤٧٠دا بلاوی کردەوە هونەری تایبەتی ڤینیسیای لە هەڵکۆڵینی لەسەردار بەکارهێنا، دواتر ئەم هونەرە بۆ شێوەیەکی بەرفراوان و بەربلاو گۆڕا.



شێوەی ٤- پیتی یەکەمی گەورەی راتدولت
جوانکاری راتدۆلت و کاریگەری لە رازاندنەوەی پیتەکاندا

49- Ulrich Han.
50- Johann. Wendelin de Spire.
51- Nicola jenson.
52- Erhard Ratdolt.

بێگومان پیتی گەورەی یەکەم (شێوەی ٤)و چوارچێوە هەڵکۆڵراوەکان لەسەر دار لەلایەن راتدۆلتەوە دروستکراوە، یەکەمین جۆرە کە نیشانەکانی قۆناغی رێنسانسی پێوە دیاریێت. چونکە ئەو جوانکارییە کۆنە بەناوبانگە لە نوسخە دەستنووسەکانی سەردەمی رێنسانسیدا دەبینین، هەرچەندە ئەم هاوشێوە دروستکردنە بەبێ لاسایکردنەوەیەکی رەها ئەنجام دراوە. ئەم جوانکارییە بەرزاندنەوەیەکی هونەری بەشکۆ بەشێوەی رەش و سپی دروستکراوە، بەهۆی هەڵکۆڵینی سەردارەوە دەستکەوتووە و ئەم رازاندنەوەیە هەمان ئەو دیمەنەی هەیە کە لە رابردوودا رەنگە درەخشاوەکان لە نوسخە دەستنووسەکاندا هەیانبوو.

تەنانەت دوای ئەوەی لە راتدولت لە ساڵی ١٤٨٦دا ئیتالیای بەجێ هێشت، ئەم کاریگەرییە هەر بەردەوام بوو، چونکە لە ساڵەکانی دواتردا پەڕەکانی یەکەمی کتێبەکان بەهەمان شێوازی کتێبەکانی راتدۆلت دەرازێنرانەوە. ئەو شێوازەی کە رشتە پانەکانی بەشێوازی قۆناغی رێنسانسی دەگرتەخۆ، جوانکاری جۆراوجۆری وەك ستون و گوڵدان و گەڵا لق و پۆپی داری مێوو گەڵای چنار و ئاژەڵی سەرسوڕهێنەرو ئەفسوناوی سەری مرۆڤ و ماسکە جۆراوجۆرەکان چەندینی دیکەی لەخۆ دەگرت و لەتەواوی ئەم بوارانەدا بەخەیاڵێکی رەها جیادەکرایەوە.

دەبێت یەکەمین پیتە سەرنج راکێشەکانیش کە بەشێوە چوارگۆشەیی رازێنرابوونەوە، بۆ ئەمانە زیاد بکەین. سەرەڕای دەوڵەمەندی زۆری ئەم جوانکارییانە، دەبینین کە بەهیچ شێوەیەك رووکاری گشتی نووسراوەکەی نەگرتووەتەوە، بەڵکو بەپێچەوانەوە هەموو ناوەڕۆکی نووسراوەکە هاوئاهەنگ لەگەڵ یەکدیدایە.

هەروەها هونەری ئەڵمانییە پێشەنگە شارەزاکان، هەڵکۆڵین بوو لەسەر دار. ئەوە لە ئیتالیای مرۆگەردا، بەتایبەتی لە ڤیسینا و لەگەڵ جوانییەکانی قۆناغی رێنسانسدا. ئاکامێکی بەبەرهەمی هەبوو. تا ئەوەی لە ماوەیەکی زۆر کەمدا، هونەری کتێب رازاندنەوە (کتێب ئارایی) بەها و نرخێکی دەستکەوت، کە پێش ئەمە لە بواری چاپدا بەدەستی نەهێنابوو. سەرەڕای ئەزموونی سەدەکانی دواتر و بەڵکو سەرەڕای ئەو چاکسازییە گرنگانەی کە لە کەرەستە بەکارهێنراوەکانی ئەم سەردەمەدا دروست بووە، لە ئامادەکردنی کتێبێك وەك کتێبە چاپکراوەکانی ساڵانی ١٥٠٠دا لە ڤیسنیادا، دەستەوسان رادەوستین.



**وێنەسازیی رەنگاورەنگ:**

گرنگی کتێبەکانی راتدولت تەنها لە جوانکاری و رازاندنەوەی کتێبدایە، هونەری وێنەکێشان لە دوای ماوەیەکی کەم لە کتێبە چاپکراوەکانی ئیتالیادا گەشتە کۆتا پلەی کەماڵ. خودی راتدۆلت ژمارەیەك کتێبی وێنەداری چاپکرد. جگە لەوەی کە یەکەمین کەسیشە کە چاپی رەنگە جۆراوجۆرەکانی چارەسەرکرد بەو مەرجەی کە پیتی دەستپێکتی دوو رەنگی کە لە کتێبی سروتەکانی ماینز و هەندێك لەو وێنانەی کە چوار رەنگ و بەچەند کلێشەیەکی نوێ بۆ هەر رەنگێك چاپکراوە، جیابکەینەوە.

لە بەناوبانگترین کتێبە وێنەدارە سەرەتاییەکان لەسەردەمی رێنسانسی ئیتالیادا وەرگێرانی تەوراتێکە کە نیکۆلودی مالێرمی[٥٣]، چاپی کردووە لە ساڵی ١٤٩٠دا بڵاوبووەتەوە. بێگومان وێنە بچووك و زۆرەکانی بەوردەکارییەکی زۆرەوە لەسەر دار هەڵکۆڵراوە، کاریگەری وێنەکانی تەوراتی کولونی لەسەرە. لەڕاستیدا کتێبەکانی راتدۆلت بەدەروازەیەکی کراوە بۆ قۆناغێکی فراوانی کتێبی ئیتاڵی (سەردەمی بنەماڵەی ئالیۆ) لە قەڵەم دەدرێت.

## چاپ لەسەر زەوییە نزمەکان (ئەسکەندەناڤیا) و ئینگلتەڕا

بەڵام لە دەرەوەی ئەڵمانیا و ئیتالیا چاپ لە ساڵەکانی دوای ١٤٧٠ بڵاوبوویەوە:

**یوترێکت:**[٥٤]

یەکەمین کتێبەکانی سەر زەوییە نزمەکان لە شاری یوترێکتدا چاپکرا. گەرچی لەو کاتەدا بەروار و ناوی چاپکەرەکە لەسەر کتێبەکە دانەدەنرا. پیتە چاپییە بەربڵاوەکان لەو شارەدا، هەروەك ئەڵمانیا، پیتەکانی گۆتیك بوو. جگە لەمە هونەری هۆڵەندی تایبەت بە وێنەسازی لەسەر بنەمای هەڵکۆڵینی دار کە پێشکەوتنی لە وڵاتاندا بەهۆی خێرا بەرهەم هێنانی کتێبەوە بوو، گەرم و گوڕی درەخشانێکی کورت خایەنی هەبوو. لەناودارترین چاپکراوەکانی ئەم شارە، کتێبێکە بەناوی شڤالییێی ئازاد[٥٥]. ئەم کتێبە بەجوانی بەناوبانگ بوو و لە ساڵی ١٤٨٦دا لە

53- Niccolo de Mulermis.
54- Urecht.
55- Le chevalier Delibéré.

شاری گودا[٥٦] لەلایەن گوتفریێد ڤان ئوس[٥٧] ەوە چاپکرا. ئەو هەمان ئەوکەسەیە کەدواتر چەندین کتێبی لە شاری کوپنهاگندا لەژێر ناوی گوتفریێد ڤان گمێن[٥٨]دا بەچاپ گەیاند.

### ئانڤیرس:[٥٩]

لە ساڵی ١٤٨٠دا پیشەسازی چاپ گەیشتە ئانڤیرس، ئەم ناوچەیە پاش ماوەیەکی کەم بوویە ناوەندێکی سەرەکی بۆ سەرزەوییە نزمەکان و ئەمەش یارمەتیدا تاوەکو پلەیەکی بەرز لە بواری بەرهەم هێنانی کتێبدا پەیدا بکات. لە کۆنترین خاوەن چاپخانەکانی ئەم شارە جیراردلی[٦٠] بوو، کە یەکەمین کەسە کە کتێبە ئینگلیزییەکانی چاپ کردووە و ناردنی بۆ ئینگلتەرا، و یارمەتی ئەم پیشەسازییەدا کە دواتر لەم وڵاتە برەوشێتەوە.

### بروجێس:[٦١]

بەو پێیەی کە یەکەمین کتێبی ئینگلیزی لە شاری ئانڤێرسدا چاپ نەکرا، بەڵکو لە شاری بروجێسدا بەچاپ گەیشت، ئەو شوێنەی کە ویلیام کاکستۆن[٦٢] بازرگانی قوماشی ئینگلیزی لەم شارەدا و هاوڕێ لەگەڵ هونەرمەندێکی فەڕەنسی بەناوی کۆلار مانسیۆن[٦٣] چاپخانەیەکی دامەزراند لە ساڵی ١٤٧٤دا کتێبێکی بەناونیشانی زنجیرەی مێژووی شار ترۆیا[٦٤] چاپکرد.

### وێست مینستەر:[٦٥]

کاکستۆن دوای چەندین ساڵ گەڕایەوە بۆ بەریتانیا و یەکەمین چاپخانەی لە ساڵی ١٤١٧دا لە وێست فیستەر دروستکرد، کۆمەڵێك لە کتێبە گەورەکانی بڵاوکردەوە وەك کتێبی

56- Gouda.
57- Gotfried Van Os.
58- Gotfried Van Ghemen.
59- Anvers.
60- Gerard Lee.
61- Bruges.
62- Willam Canton.
63- Co lard Mansion.
64- Rocviel des Histoires de Troyes..
65- West Miaster.



((داستانەانی کانتەر بری))[٦٦] لە دانانی چوسیر[٦٧] وە لە چاپکردنی نووسراوەکاندا وردەکاری تەواوی ڕەچاوکرد، گەرچی زۆر بایەخی بەجوانکاری کتێب نەدەدا. کارەکەی لەم ڕووەوە وەك هەموو خاوەن چاپخانەکانی پێشووە و لە بواری هونەری ڕازاندنەوەدا، کارێکی وەها نەکردووە کە شایەنی باس بێت.

### چاپخانە لە فەڕەنسادا:

کۆنترین کتێب کە لە فەڕەنسادا چاپکرابێت دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٤٧٠ ئەم کتێبە کاری سێ کەسی ئەڵمانی بەناوی مایکل فرایبۆرگ[٦٨]، ئولریك گرینگ[٦٩] و مارتین کرانتز[٧٠]، ئەم سێ کەسە لەلایەن دوو مامۆستای زانکۆی سۆربۆنەوە بەناوی گیلیۆم فیشێت[٧١] و جان دولا پێیێر[٧٢]، بانگگران. ئەو کتێبەی کە چاپیان کرد ((کۆمەڵە نامەکانی لاتین)) بوو، کە گارسپارین دوبێرگام[٧٣] نووسیبووی. پاشان ئەم خاوەن چاپخانەش لە ساڵەکانی ١٤٧٠-١٤٧٣دا، ٢٢ کتێبیان چاپکرد کە هەموویان زمانی لاتینی بوو.

### خاوەن چاپخانەکان لە پاریس و لیۆن:

یەکەمین کتێب بە زمانی فەڕەنسی لە ساڵی ١٤٧٦دا لەلایەن پاسکی دوبۆنۆم[٧٤]ەوە چاپکرا. ئە کتێبە لە سێ بەرگدا و کتێبەکانی مێژووی بەناوبانگی فەڕەنسا یان مێژووی کڵێسای سان دێنس[٧٥]ی دەگرتەخۆ. هەروەها کتێبێکی دیکە بەزمانی فەڕەنسی لە شاری کۆڵن لەساڵی ١٤٦٦دا چاپکرا کە بریتی بوو لە مێژووی شاری ترۆیا کە لە دانانی ڕاوول لوفێڤرێ بوو[٧٦].

66- Canter bury.
67- Chavcer.
68- Michel friburger.
69- Ulrich Gring.
70- Martin Krantz.
71- Guillaume fichet.
72- Jean de la perre.
73- Gasparin de Ber game.
74- Pasquie de Bonhomme.
75- Sain – Denis.
76- Raoulle Feure.

دوای ماوەیەکی کەم ئەم پیشەسازییە لەلایەن لویسی یانزەهەمەوە گۆڕانکارییەکی خێرای بەخۆوە دی، بەجۆرێك لە ماوەی سێ ساڵی دواتردا، نزیکەی حەفتا چاپخانە تەنها لەناو شاری پاریسدا دامەزرا.

لە ساڵی ١٤٧٣دا پیشەسازی چاپ گەیشتە شاری لیۆن، کە تا کۆتایی سەدەی شانزەهەم، گرنگترین شاری بازرگانی ئەورووپا بوو، و بە جێگەیەکی گرنگ و ستراتیجی بۆ ژیانی فەرهەنگی دەهاتە هەژمار. ئەم شارە تا کۆتایی سەدەی پانزەهەم ناوەندی بەرهەم هێنانی کتێب بوو. هەروەك دەبینین ناوە لاتینەکەی وەك ناوەندی چاپ، بەسەر زۆرێك لە کتێبەکانی ئەم قۆناغەوە نووسراوە. دەتوانین لەنێو خاوەن چاپخانەکانی شاری لیۆندا ناوی مارتین هوس[٧٧] بهێنین کە لە ساڵی ١٤٧٨دا یەکەم کتێبی وێنەداری بەناوی ئاوێنەی رزگاری مرۆڤایەتی[٧٨] بڵاوکردەوە. هەروەها ئیتین دولێت[٧٩] یش لەو زانا بەرجەستانەیە و لە ساڵی ١٥٤٦دا بەهۆی بوێری دەربڕی بیروباوەڕەکانی بە زیندوویی سوتێنرا.

**هەڵکۆڵین لەسەر دار لە فەڕەنسادا:**

یەکەمین کتێب کە لە پاریس چاپکرا و بەوێنەی هەڵکۆڵراو لەسە درەخت رازێنرایەوە دەگەڕێتەوە بۆ هونەرمەندی بەڕێز و خاوەن چاپخانەیەکی کڵێسا بەناوی جان دوپرێ[٨٠]. لە ساڵی ١٤١٨دا ((کتێبی پاڕانەوەکان))ی بۆ کڵێسای پاریس چاپکرد کە ئاراستەکرابوو بەدوو وێنە. هەروەك حەوت ساڵ دواتر، کتێبی ئایینی لە کتێبە ساتەکانی کە چەندین وێنەی سەرنج راکێشی تێدابوو. هەروەها ئاماژە بەکتێبی ((شاری خودایی))[٨١] بکەین کە قەشە ئوگوستین[٨٢] دانابوو، لە کتێبە چاپکراوەکانی جان دوپرێیە. وا دەردەکەوێت گەورەیی بیرکردنەوە لە وێنەکێشان دا و وردەکاری لە ئامادەکردنی شێوەکاندا، جێگەیەکی درەوشاوەی بەدەست هێنابێ لە یەکەمین قۆناغەکانی چاپی فەڕەنسیدا. هەروەها جان دوپرێ ئەو کەسەیە کە پیتی گەورەی یەکەمی هەڵکۆڵراوی لەسەردار هێنایە نێو کتێبە فەڕەنسییەکان لە ساڵی ١٤٨٦دا.

77- Martin Husz
78- Miroirde Redemption.
79- Etienne Dolet.
80- Jean de ple.
81- cite de Dieu.
82- Saint – Augustin.



هەروەها لەنێو خاوەن چاپخانەکانی دیکەی فەڕەنسیدا کە ئەو کتێبە بەنرخانەی بە وێنە هەڵکۆڵراوەکان لەسەر دار رازێنراوەتەوە و چاپ کردووە. دەبێت ناوی پییر لوکارون[٨٣] بهێنین، لە ساڵی ١٤٩٨دا کتێبی ((شەقام و کڵێساکانی پاریس))[٨٤]ی چاپ کرد. ئەم کتێبە جۆرێکی سەرەتایی رێبەری گەشت و گەڕانە کە تاوەکو ئێستا دەیناسین. هەروەها ناوی جان بونۆم[٨٥] دەهێنین کە لە ساڵی ١٤٨٤دا چەند کتێبی چاپ کرد کە لە نێوانیاندا کتێبی مێژووی وێرانی ترۆپای گەورە[٨٦] لە دانراوی جەی. میلێتە[٨٧]، کە چەندین شێوەی سەرسوڕهێنەری تێدایە. بێگومان زانایان حەزیان کردووە کە مێژووی شاری ترۆیا بزانن.

**کتێبی ساتەکانی ئەرکەکان:**

هونەری رازاندنەوەی فەڕەنسی سەرکەوتووبوو لە کاریگەری دروستکردن لەسەر کتێبە چاپییەکان. ئەم هونەرە یەکەمین جێگای لە کتێب رازاندنەوەی ئەم سەردەمەدا لە زەمینیەیەکی تایبەتدا لە بواری کتێبەکانی ساتەکانی ئەرکاندا، بەدەست هێنا. ئەم کتێبانە هەروەك پێشتر باسمان کرد، زۆرترینی ئەو کتێبە ئایینییانە بوون، کە بڵاوبوونەوە. هەروەها لە سەدەکانی ناوەڕاستدا لەڕووی جوانی چاپ و جوانکارییە سەرسوڕهێنەرەکانەوە، زۆرترین کتێبی چاپییەکان، کتێبە ئایینییەکان بوون.

**ئانتوان فێرارد:[٨٨]**

یەکێك لە سەرکەوتووترین بڵاوکەرەوانی فەڕەنسی کە لەم بوارەدا چالاکیی هەبوو، وێنەکێشی نوسخە دەستنووسەکان بوو بەناوی ئانتوان ڤێرارد. هەرچەندە خۆی کتێبەکانی چاپ نەدەکرد، بەڵام ژمارەیەکی دیاریکراوی خاوەن چاپخانەکانی دیکەی دامەزراند و بەم جۆرە چالاکییەکانی بۆ ماوەی سی ساڵ درێژەی کێشاو بەشێوەی بازرگانییەکی گەورە لە مێژووی داستانەکانی سوارچاکی و کتێبە ئایینییەکاندا خۆی دەنواند. بەنزیکەی هەموو ئەم کتێبانە بەزمانی فەڕەنسی بوون بە شێوەیەك کە بازرگانی کتێبە دەستنووسە ئایینییەکان لەم قۆناغەدا

83- Pierre le coron.
84- Le Rues et Eglises.
85- Jean Bonhomme.
86- Histoire de destruction. De Troyes la Grande.
87- J. Mi llet.
88- Antoine Verard.

بایەخی کەم بوویەوە و کتێبە چاپییەکان زۆر بەخێرایی پێش کتێبە دەستنووسەکان کەوت.
لەم رووەوە ڤێرارد توانی دامەزراوەیەکی گەورە بونیاد بنێ و کتێبە ئایینییە چاپکراوە بەنرخەکان بکرِی بێت، بێگومان ئەوانە قازانجێکی زۆریان بۆ هەبوو. جگە لەم دامەزراوە کە لەسەر بەردی نوتەردام[٨٩] دروست کرابوو. لقێکی دیکەی ئەم دامەزراوەی نزیک کۆشکی دادپەروەری لە پاریس دامەزراند. ئەم دامەزراوەیە لایەنگرانی زۆری هەبوو. پاشا چارلی هەشتەم کە ڤێرارد هەندێك نوسخەی گرانبەهای بەتایبەت لە کتێبەکانی ساتی ئەرکانی بۆ چاپ کرد، لەو کەسە لایەنگرانە بوو.
ڤێرارد لە ساڵی ١٤٨٥دا دەستی کردە چاپکردنی ئەم جۆرە کتێبانە ساڵەکانی دواتر دوو زنجیرەی کتێبەکانی کاتژمێری بچووك[٩٠] و ((کتێبەکانی کاتژمێری گەورە))[٩١] یان ((کاتژمێری پاشایەتی))[٩٢] بەچاپ گەیاند. لە بەراورد کردنی ئەم چاپانەدا تا ئەو شوێنەی دەگونجێت. لەگەڵ نوسخە دەستنووسە هاوچەرخەکان کە سەرمەشقی چاپ بووە. بۆمان دەردەکەوێت کە نوسخە بەنرخەکان زۆرجار بەشێوەی رازێنراوەی هەڵکۆڵراو لەسەر دار چاپکراوە و بەدەست وێنەی بۆ کێشراوە و بەرِەنگە درەوشاوەکان رەنگی بۆ کراوەوە هەروەها جوانکاری زیاد لە پێویست زاڵ بوون بەسەر ناوەرِۆکی نووسراوەکەدا. پاریس، گەورەترین ناوەندی بەرهەم هێنانی ئەم جۆرە کتێبانەبوو و زۆر رەچاوی وێنەسازی دەکرا. لەبەرئەوە ئەم کتێبانە نەك تەنها بۆ ناوخۆ، بەڵکو بۆ دەرەوەش دەنێردرا. پلەی بەرزی چاپخانەکانی پاریس لە چاپخانەکانی دیکە لەم جۆرە چاپکراوانەدا، تا نزیکەی ناوەرِاستی سەدەی شانزەهەم درێژەی کێشا.
لەنێو کتێبە وێنەدارەکانی دیکەی ڤێراردا کە لەرووی هونەرییەوە جیاکارییەکی زۆری هەیە. دەبێت ئامادە بەکتێبەکانی شوالیێی ئازاد لە ساڵی ١٤٨٨دا ((ئەفسانەی ئالتونی))[٩٣] لە دانراوی جاك دو فۆراگێن[٩٤] لە ساڵی ١٤٩٦دا و مێژووی شوالیێی ترستان لە ساڵی ١٤٩٩دا و ((کۆمیدیای ترافس))[٩٥] لە ساڵی ١٥٠٠دا بکەین.

89- Noter Dame.
90- Petites Hueres.
91- Grand Hveres.
92- Hveres Royales.
93- Legende Doree.
94- Jacques de Foragine.
95- Terence.



بەکورتی ڤێرارد بەو هەستە هونەری و بەرِێوەبردنە بەهێزەییە کارەکانی توانی پلەی یەکەم لە نێو بڵاوکەرەوانی فەرِەنسی لە چەرخی یەکەمی چاپ دا بەدەست بهێنێت.

## چاپکەرانی دیکەی کتێبەکانی ساتی ئەرکەکان:

ڤێرارد تەنها چاپکەر نەبوو کە هەستا بەچاپکردنی کتێبەکانی ساتەکانی ئەرکەکان. لەو سەردەمەدا جان دوپرێ یش - هەروەك باسمان کرد. ژمارەیەك لە کتێبەکانی ساتەکانی ئەرکەکانی بەو وێنانەی کە هەڵکۆڵرابوون لەسەر دار وەرگیرابوو، چاپکرد. ئەم کتێبانە کلێشەی هەڵکۆڵراوی بەرجەستەی سەرمس بەهێمایەکی زۆر ورد و جوانەوە چاپکرابوو.
ئەگەری هەیە کە توانیوێتی بەسوود وەرگرتن لە قاڵبی بەردین، وێنەکانی پراوپرِ لەگەڵ جوانکاری و چوارچێوەکانی چاپدا بکات، هەروەها توانی جۆرێك چاپی رەنگاورِەنگ لە کتێبی ساتەکانی ئەرکەکاندا بۆ بەکارهێنانی کاتژمێرە، رۆمییەکان بەناونیشانی ((کتێبی کاتژمێرە رۆمییەکان))[٩٦] لە ساڵی ١٤٩٠دا بڵاوکردەوە.
لەو سەردەمەدا خاوەن چاپخانەیەکی دیکە بەناوی فلیپ بیگوشێت[٩٧] کتێبەکانی ساتەکانی ئەرکەکانی چاپکرد. ئەو تەنها بۆ بڵاوکەرەوەی ناودار سیمول ڤوستەر[٩٨] کاری دەکرد کە لە رووی جوانکاری هونەری و چالاکی بازرگانییەوە هیچی لە ڤێرارد کەمتر نەبوو. لەنێو کتێبەکانی ساتەکانی ئەرکەکاندا ڤۆستەر بڵاوی کردەوە، چەند نموونەیەك لە جوانترین ئەو چاپانە کە لە فەرِەنسادا بڵاوکرایەوە، دەبینرێت.
گەرچی ئەمە نەبوو بەرِێگر لە چاپکردنی کتێبەکانی دیکەدا کە کارتێکرابوو بەجوانکاری ئەڵمانی. ڤۆستر لە دوو ساڵی یەکەمی سەدەی شانزەهەمدا جۆرێکی تایبەتی لە هەڵکۆڵین لەسەر بەردی داهێنا. پەرِەیەکی وێنە دەکێشا چەندین خاڵی سپی لەسەر وێنەکە دەبینرا کە جوانییەکی زیاتری پێ دەبەخشی. بەڵام رازاندنەوەی کتێبە فەرِەنسییەکانی ساتەکانی ئەرکەکان تارادەیەکی زۆر شێوازی گوتیکی هەبوو، گەرچی لەرِووی شێوەو بازنەوە لە کارە ئەڵمانییەکان جوانتربوو. زۆر بەکەمی دەتوانین کاریگەری شێوازی ئیتالی لە قۆناغی رێنسانسدا لەم کتێبانەدا ببینین. هەروەها یەکێك لەو کتێبانەی ساتەکانی ئەرکەکان کە بیگوشێت بۆ سیمۆن

96- liure d'heures al'usage de Rome.
97- philppe pigouchet.
98- Simon Vostre.

ڤۆستر بەناوی بەکارهێنانی کاتژمێری بچووك لە ڤێردوندا[٩٩] چاپ کرد شێوە و وێنەکانی بەشێك لە سادەیی و جوانی بەرهەمەکانی سەدەی رێنسانسی نیشان دەدا، چونکە زۆربەی کتێبەکانی ساتەکانی ئەرکەکان کە لە سەرەتای سەدەی شانزەدا چاپکران. هێمای گوتێکیان لەگەڵدایە. هەروەها بەشێوەیەکی سروشتی کتێبەکانی دوو خاوەن چاپخانەی ئەڵمانی بەناوی تیلمان گیرڤەر[١٠٠] و کوڕەکەی، پاش کۆچ کردنیان بۆ پاریس بڵاویان کردەوە هەمان حاڵەتی هەبوو، هەروەها لەنێو بڵاوکەرەوە ناودارەکانی نیشتەجێی شاری پاریس، بڵاوکەرەوەیەکی کتێب بەناوی گویوت ماربهانت[١٠١] کتێبێکی ئامۆژگاری بەناوی سەمای ((مردووەکان))[١٠٢] بڵاوکردەوە. ئەمەش یەکەمین کتێبێك بوو لەو جۆرە کە لە فەرەنسادا چاپ کرابوو. ئەم کتێبە لەنێو هۆزە بچووك و چینە مامناوەندەکاندا، سەرکەوتنێکی گەورەی بەدەست هێنا. پیرلورۆژای[١٠٣] وێنەکێش، هەڵکۆڵەری کتێبەکانی مارشاڵی بڵاوکەرەوە و بڵاوکەرەوەکانی دیکە وەك ڤێرارد و جان دوبرێ بوو. لورۆژ کارخانەیەکی بۆ هەڵکۆڵینی شێوەکان[١٠٤] خستە سەر چاپخانەکەی و ژمارەیەك شێوەی هەڵکۆڵراوی لە ئاستی هونەری بەرزدا چاپکرد.

گەورەترین کتێبی، کتێبی ((دەریای مێژووە))[١٠٥] لە ئەندازەی ٢/١دا بوو لە ساڵی ١٤٨٨دا چاپکرا و شایەتی شارەزایی تەواوی ئەوە لە جوانکاری و لێهاتوویی و سەرنج راکێشی لە وێنەکردن دا، دەسەلماند.

**ئەڵمانیای باکوور و سەرزەوییەکانی ئەسکەندەناڤیا:**

پیشەسازی لە ئەڵمانیایی با شووریشدا هاوکات بوو لەگەڵ سەرزەوییە نزمەکان و فەرەنسادا، ئەوەش کاتێك بوو کە ژمارەیەکی زۆر لە خاوەن چاپخانە بەتواناکان هاتنە مەیدانی کارکردن، چالاکی ئەم پیشەسازییە لە شاری لوتیکدا چڕبوویەوە. یەکەمین خاوەن چاپخانەی ناودار کە لەم شارەدا نیشتەجێ بوو لوکاس بیراندیس[١٠٦] بوو. لە چاپکراوەکانی کتێبی پڕ

99- Petites heures a lusage de Verdun.
100- Thielmann Kever.
101- Guyot Maihant.
102- Donce al Denth.
103- Pierre le Rouge.
104- Tuilleurs de yaiges.
105- La Mer des Histoires.
106- Lucas Brandis.



بایەخی هەبوو لە مێژووی گشتیدا بەناوی کورتەی هەواڵەکان[١٠٧] ئەم کتێبە چەندین وێنەی تێدابوو کە بەهۆی هەڵکۆڵینی دارەوە چاپکرابوو.

هەروەها لە لوبێکدا خاوەن چاپخانەیەکی دیکە بەناوی یوهان ستیلێ[١٠٨] دەژیا کە هەندێ کات لە ساڵی ١٤٨٢دا بۆ چاپکردنی ((کتێبی پاڕانەوەکان)) لە دانراوی قەشە ئودانسی[١٠٩] بۆ دانیمارك دەکرا.

هەروەها پیشەسازی چاپی هێنایە ئەم وڵاتانە و لە ساڵەکانی دواتردا هێنایە شارەکانی سوید. پاش ماوەیەکی کەم چاپخانەیەکی دیکەی لە لوبێکدا دانا بەناوی بارتولوموس گوتان[١١٠]، بەڵام گەورەترین چاپخانەبوو نە تەنها لە لوبێکدا، بەڵکو لە هەموو ئەڵمانیای باکووردا بێ هاوتا بووە کە دەگەڕایەوە بۆ خاوەن چاپخانەیەك بەناوی ستیڤان ئارنی پێس[١١١] کە سەرەتا کارەکانی لە شاریماینزەوە دەست پێکرد، پاشان لە شاری پیرۆسێ[١١٢] لە ئیتاڵیا، سەرقاڵی ئەم کارەبوو. ئەو لەم پیشەسازییەدا زۆر شارەزا بوو. لە گرنگترین کتێبەکانی تەوراتێکی وێنەداری گەورەیە کە بەزمانی ساکسۆنی نوێ لە ساڵی ١٤٩٤دا چاپکراوە.

**بارودۆخی ئابووری لە قۆناغەکانی سەرەتای چاپدا:**

باسی هەندێك نموونەی ژیانی خاوەن چاپخانە سەرەتاکانی کرا کە بەناچاری گەریدە بوون و هۆکەشی ئەوەبوو کە هەندێ لە کڵێسا تایبەتییەکان و دامەزراوەکانی کڵێسا توانایان نەبوو چاپخانەی تایبەتیان هەبێت و ناچار بوون یەکێك لە خاوەن چاپخانەکان بۆ ماوەیەکی دیاریکراو بانگهێشت بکەن بۆ لە چاپدانی کتێبە ئایینییەکانی خۆیان بۆ نموونە وەك ستێل و ئارندڵێس.

خێرا لەئاکامی گەشتە زۆرانەدا، لە قۆناغی یەکەمدا کێبڕکێیەکی گەورە لە نێو خاوەن چاپخانە و وێنەکێشە نوسخە دەستنووسەکاندا پەیدابوو، و لە ماوەیەکی کورتدا لە نێو خودی خاوەن چاپخانەکاندا ئەم کێبڕکێیە دروست بوو.

107- Rudimentum Novitiorum.
108- Johann Snell.
109- Odensee
110- Batholomaus Gholon.
111- Stephan Arendes.
112- Perowse.

## کێبڕکێی نوسخە دەستنووسەکان لەگەڵ کتێبە چاپکراوەکاندا:

زۆری نەخایاند کێبڕکێیەکی قورس لە نێوان فرۆشیارانی نوسخە دەستنووسەکان و خاوەن چاپخانەکاندا دروست بوو. نوسخە لەبەرگرەوەکان و وێنەکێشە بەرگ تێگرەکان ئامادە نەبوو بەئاسانی خۆیان بەدەستەوە بدەن و بە هاوکاری زانکۆکان توانییان تارادەیەک ئاستی ئەو سەرکەوتنی بەرامبەرە نوێیەکەیان کەم بکەنەوە. بەڵام دواجار هەوڵ وکۆششیان لە بەرامبەر خاوەن چاپخانەکاندا رووەو کزی و نەمان چوو. بۆ نموونە لە قۆناغە سەرەتاییەکانی نوسخە دەستنووسەکان لە پاریس هەمان حاڵەتمان بینی و سەرەڕای ئەوە لەم کاتەدا، نوسخە دەستنووسەکان بەهەمان پایە بەرزی تەواوییەوە پارێزگاری لێدەکرا و، هەمیشە بەبایەخ درێژدا بووە. هەروەک چۆن لەسەردەمە کۆنەکاندا تۆمارە پاپیرۆسییەکان کاتێک کتێبە پێستییە سەرەتاییەکان لەگەڵێدا کەوتە کێبڕکێ، هەمان ئەم حاڵەتەی هەبوو. یان وەکو لە چاخە نوێیەکاندا کە کتێبە چاپییەکان بەڕێگەی پیت چنین بەدەست و لە بەرامبەر ئەو کتێبانەی کە بەئامێرە کارەباییەکان پیتچنینی بۆ دەکرا کەوتە هەمان کێبڕکێوە. بێگومان کتێبە چاپییەکان چەندین نوسخەیان لێ ئامادە دەکرا.

بەڵام نوسخە دەستنووسەکان تەنها یەک دانە زیاتر دەست نەدەکەوت، هەرچەندە دەتوانرا چەندین دانەی لەبەر بگرێتەوە. لەڕاستیدا زۆرێک لەلایەنگرانی کتێب و خاوەن کتێبخانەکانی ئەم سەردەمە، لەگەڵ کتێبە چاپییەکاندا دوژمنایەتی ئاشکرایان هەبوو، تا ئەو رادەیەی کە هیچ کاتێک بۆ کتێبخانە تایبەتییەکانیان کتێبی چاپکراویان هەڵنەدەبژارد. هەروەک چۆن شازادە فریدریک دوربین(١١٣) وەک پێشتر باسمان کرد هەر بەم جۆرەی کردووە. هەوڵدانی کۆنترین خاوەن چاپخانەکان بۆ لێکچوانی ئەو کتێبانەی کە خۆیان هەڵیان دەبژارد. لەو شتانەیە کە بەهای نوسخە دەستنووسەکان ئاشکرا دەکات. لەگەڵ هەموو ئەمانەدا، شایەنی باسە لەدەوروبەری کۆتایی سەدەی پانزەهەم و سەرەتای سەدەی شانزەهەمدا، هونەری وێنەکێشان رووی لەدابەزین کرد. گەرچی هێشتا ژمارەیەکی بەرچاو لە شارەزایانی وێنەکێشان لەم سەردەمانەدا هەبوو، بەڵام لایەنی هونەری وێنەکێشان ئەو ئاستەی نەبوو کە لە سەدەی جان فوکێدا بەدی دەکرا، و تەنها چەند بەشێک لەوێنە سەرنجراکێشەکانی قۆناغی زێڕینی وێنەکێشانی تێدا رەچاوکرابوو. بەهەرحاڵ، کتێبی چاپکراو لە ماوەیەکی کورتدا جێ پێی خۆی بەهێزکرد، بەجۆرێک زۆرێک لە خۆشنووس و وێنەکێشانی پێشووی کردە خاوەن چاپخانە و

113- Frederic d'urbin.



پیشەیان گۆڕی هەڵکۆڵینی سەردار.. کتێبە چاپییەکان هێدی هێدی جێی خۆی لە کتێبخانەدا کردەوە. بەڵام لە راستیدا لە هەندێ لە کتێبخانەکاندا نوسخە دەستنووسەکان بەپلەی یەکەم گرنگی پێدەدرا، وەک کتێبخانەی کۆرڤین(١١٤) لە وڵاتی مەجەڕ، و ئەم بابەتە نەدەبوویە رێگر لەبەردەم کتێبە چاپییەکان لە پاڵ ئەواندا.

هەروەک باسکرا، کڵێساکان خاوەن چاپخانەکانیان بۆ خزمەتکردن بانگ دەکردو زۆری نەخایاند کڵێساکانیش بوونە خاوەنی چاپخانە و چاپخانە جێگای ژووری لەبەرگرتنەوەی گرتەوە. هەروەها زانایانی مرۆگەرایی ئیتاڵی، سەرەڕای گرنگی دانیان بەنوسخە دەستنووسەکان، بەزوویی سوودەکانی پیشەسازی چاپی نوێ و جیاکەرەوەی بۆ بێ شماری ئەم کارەیان بۆ دەرکەوت.

## کێبڕکێ لە نێوان خاوەن چاپخانەکاندا:

ئاساییە کە گۆڕانکاری خێرایی چاپ، کێبڕکێیەکی بەرفراوانی لەگەڵ دابوو، چونکە هەرزانی نرخ فاکتەرێك بوو کە یارمەتی بڵاوبوونەوەی بازاڕی کتێبیدا، دەرکەوتنی نووسراوەکان بۆ خەڵکی ئاسایی کە بەرهەمی سەردەمە سەرەتاییەکانی چاپکردن بوو، شتێك نەبوو کە رێکەوت بوو بێت. نموونەی ئەو جۆرە کتێبانەش کتێبەکانی مێژوو، ئەفسانە و کتێبەکانی ئامۆژگاری و داستانەکان بوو.

کتێبەکانی تر، چونکە بەزمانی خەڵکی بوو، شێوەی سەرنج راکێشی هەبوو لە نێوان چینە ئاساییەکانی خەڵکیدا، واتە ئەو کەسانەی کە تا ئەو سەردەمە دوور بوون لە بازنەی کڕیارانی کتێب بڵاوکردنەوە و پێشوازییەکی گەرمی لێکرا. لەگەڵ ئەمانەدا، ئەوان گروویەکی کەم بوون. بەشێوەیەکی گشتی توانای ئەو بەرەنگاری بوونەوەی ئەو لافاوە بەهێزەی کتێبیان نەبوو.

راستە لە ئیتاڵیادا بارودۆخەکە باشتر بوو، بەڵام لە شوێنەکانی دیکەدا خاوەن چاپخانەکان قازانجێکی زۆریان نەکرد هەندێکیان گەڕیدەبوون لە شارێکەوە بۆ شارێکی دی بەکەرەستەکانەوە بانگهێشت دەکران. لەو کەرەستانەی کە لەگەڵ خۆیان دەیانبرد. ئامرازی داڕشتنی پیتەکان بوو تا ئەو جێیەی کە خاوەن چاپخانە سەرەتاییەکان ناچاربوون خۆیان پیتەکان دابڕێژن و بەکاریبهێنن بەجۆرێك لەکاتی پێویستدا نەیاندەتوانی پیتەکانی ئەو هاوکارانەیان بکڕن کە مردبوو یان بەر شکست بووبوون. ئاشکرایە کە تا ساڵی ١٥٠٠ ژمارەی کتێبە چاپییەکان گەیشتە ٣٠٠٠ دانە و سێ یەکی ئەم کتێبانە تەنها لە ئەڵمانیادا کرابوون. لەگەڵ ئەوەدا

114- Corvin.

ژمارەی نوسخە چاپکراوەکان بۆ هەر کتێبێك نزیکەی ١٠٠ تا ١٠٠٠ دانە زیاتر نەبوو. دواجار خۆمان لە بەرامبەر بەرهەم هێنانێکی زۆری کتێبدا دەبینین.

**کتێب فرۆشە گەڕیدەکان:**

لەسەردەمە سەرەتاییەکاندا زۆرکات خاوەن چاپخانەکان لە هەمان کاتدا کتێب فرۆش بوون و خۆیان هەڵدەستان بەفرۆشتنی ئەو کتێبانەی کە چاپیان دەکرد. دوای ماوەیەکی کەم کتێب فرۆشە کۆچەرییەکان پەیدابوون.

ئەمانە چەند نوێنەرێك بوون کە بۆ فرۆشتنی ئەو کتێبانە کە لە خاوەن چاپخانەکانیان کڕیبوو لە شارێکەوە بۆ شارێکی تر دەچوون.

ئەو بانگەوازانەی کە لە ساڵی ١٤٦٩ بەدەستی ئێمە گەیشتووە هی ئەم فرۆشیارە گەڕیدانەیە، کە بۆ ئاگادارکردنەوەی هاتنیان بۆ ئەو شارانە دابەشیان کردووە بەسەر خەڵکیدا. هەروەها ئەو کتێبانەی کە لەسەر عەرەبانەکانیان دەفرۆشران.

دەبویە هۆی ئەوەی کە خەڵکان هاتووچۆی میوانخانەکان وە شوێنی نیشتەجێبوونیان بکەن وە چاویان بەوان بکەوێت.

**بڵاوکەرەوە گەورەکان:**

لەنێو خاوەن چاپخانەکاندا تەنها چەند کەسێکیان سەرمایەی زۆریان هەبوو دەیانتوانی بەبودجەی خۆیان فرۆشگا لە شارە گەورە بازرگانییەکان بکەنەوە وەك شۆڤەر لە پاریس، بەڵام ئەوانەی کە ئەم توانایەیان نەبوو، قازانجی زۆریان نەدەکرد، چونکە بازاڕی ئەدەبیاتی لاتینی تەنها لە سنووری شارێکدا نەبوو، بەڵکو هەموو شوێنێکی دەگرتەوە.

فرانکفۆرت و کۆلن و سراسیۆگ گۆڕان بۆ ناوەندێکی چالاکی بازرگانی کتێب لەو کەسانەی کە لە شاری سراسیۆرگ دا زۆر بەقورسی بەم کارەوە خەریك بوو، یۆهان مێنیلین[115] بوو کە یەکەمین تەوراتی ئەڵمانی چاپکرد و کچەکەی کردە هاوسەری ئادۆلف راش[116] کە چەندین کتێبی دیکەی چاپکردبوو. راش جگە لەو کتێبانەی کە لە چاپخانەکەی دا چاپی دەکرد داوای لە خاوەن چاپخانەکانی دیکە دەکرد کە کتێبی بۆ چاپ بکەن. لە بەرامبەر ئەو کاغەزە چاپکراوانەی کە دەیانگەڕاندەوە، راش دوو بەرامبەر کاغەزی سپی وەك کرێ پێی دەدات.

115- Johann Mentelin.
116- Adolphe Rusch.



گەورەترینی ئەم خاوەن چاپخانانە ئانتۆن کوبەرگێر بوو کە دامەزراوەکەی لە شاری نورەمبێرگ[117] بوو لە گەورەترین دامەزراوەی ئەڵمانییە. لەوکاتەدا تا ئەو رادەیەی ژمارەی ئەو کتێبانەی کە بڵاویکردبوویەوە، نزیکەی ٢٢٠ کتێب بوو وە زۆربەیان کتێبی یاسایی و دەستووری ئایینی بوون و دوویەکی کتێبەکانی لەخۆ دەگرت. ئەم کتێبخانەیە چەندین لقی لە فرانکفۆرت و پاریس و لیۆن هەبوو و لەگەڵ بازرگانانی کتێب لە ئیتاڵیا و هۆڵەندا و پۆڵەندا و نەمسا و مەرجەردا پەیوەندی بازرگانیی هەبوو. نوێنەرە گەریدەکان چالاکییەکانی کتێبەکانیان نەك تەنها لە ئەڵمانیا، بەڵکو لە تەواوی وڵاتە هاوسێکانیش دا بڵاودەکردەوە. بەڵام لە ئیتاڵیا نیکۆلا - جانسۆن گەیشتە جێی فیسیابوو، لە دەوروبەری کۆتایی سەدەدا پلەی یەکەمی بەدەست هێنا.

**کارە بازرگانییەکان:**

زۆرجار خاوەن چاپخانەکان و هەڵکۆڵەران (پەیکەرتاشان) و سەرمایەداران پێکەوە لە بەرهەم هێنانی کتێب و قەبارە گەورەکاندا بەشدارییان دەکرد. کۆمەڵی یەکەم و دووەم کاریان دەکرد و کۆمەڵی سێهەمیش سەرمایەی بۆ کارەکە دادەنا. ئەم کارە ئانتوان کوپرگێر لە ساڵی ١٤٩٢ ئەنجامی داوە. گرێبەستێکی لەگەڵ هەندێك لە خاوەن چاپخانە و سەرمایەداراندا بەستووە و بەمەبەستی بڵاوکردنەوەی کتێبی (مێژووی جیهان) لە دانراوی شێدیل[118] بەهەردوو زمانی ئەڵمانی و لاتینی. گرێبەستەکە بەو جۆرە بوو کە کتێبەکە لە دوو چاپدا بڵاوببێتەوە.

یەکێکیان بەشێوەی رەنگاوڕەنگی هەڵکۆڵراو لەسەر دار و ئەوی دیکە بەشێوەی بێ رەنگی بەپێی گرێبەستەکە هەموو بەشداربوان لەم کارەدا، هەروەها نووسەر و وەرگێڕەکەش قازانجیان کردووە هەندێك لە کاربەدەستانی بواری چاپ لە قۆناغە سەرەتاییەکاندا زانست و فەرهەنگێکی زۆریان هەبوو.

زۆر کات زاناکانیش هەروەك بڵاوکەرەوەکان لە خزمەتی چاپخانە گرنگەکاندا بوون. ژمارەیەك لەم زانایانە لە درێژەی ئەم باسەدا ناویان دەهێنن.

117- Noremberg.
118- Schdel.

## کتێب فرۆشییەکان:

لە ساڵەکانی کۆتایی سەدەی پانزەهەمدا لەگەڵ کتێب فرۆشە گەڕیدەکاندا فرۆشتنی کتێبە جۆراوجۆرەکان کە بڵاوکەرەوە گەورەکان سەرقاڵی بوون دەستی پێکرد، چونکە بەم هۆکارە نەك تەنها دەیانتوانی کتێبە بڵاوکراوەکانی خۆیان بفرۆشن، بەڵکو دەشتوانرا کتێبەکانی بڵاوکەرەوەکانی دیکە ساغ بکەنەوە، هەروەها لە پاڵ ئەوانەدا چەندین شوێنگەی جێگیر بۆ فرۆشتنی کتێبی جۆراوجۆر پەیدابوو و ئاسانکاریش بۆ بازرگانی کردنی فەراهەم بوو، بەتایبەتی لەو شارە بازرگانییانەی کە خاوەنی زانکۆی گەورەبوون. بڵاوکەرەوەی کتێب نرخی کتێبەکانی دادەشکاند بۆ کتێب فرۆش. هەرچەندە تائێستا زانیاری تەواومان لەبەردەست دا نییە سەبارەت بە جۆری ئەو پەیوەندییە و چۆنیەتی نرخەکان.

## لاسایی کردنەوە (تقلید):

بۆچوونەکان وەهابوو کە ژمارەیەکی زۆری نوسخە لاسایکراوەکان لە قۆناغە سەرەتاییەکانی چاپدا زۆر بڵاودەبوویەوە و هۆکارەکەشی لەوانەیە بەهۆی دابەزینی پلە بەپلەی کتێبەوە بوو بێت. لەم سەردەمەدا هیچ ڕێگەیەك لەبەردەم خاوەن چاپخانە و بڵاوکەرەوەکاندا نەبوو کە مافی خاوەنداریێتی بپارێزێت و زۆرێك لە کتێبەکان لاسایی دەکرانەوە و دووبارە لەسەر چاپ دەکرایەوە. هەرچەندە پێشکەوتنی خێرای هێمای خاوەن چاپخانەکان وەك باسکرا بەهۆی لاسایکردنەوەی خاوەن چاپخانەکان بۆ سەلماندنی خاوەنداریێتی ئەو کتێبانە یەکەمین خاوەنداریێتی فەرەنسای بۆ خاوەن چاپخانەی پاریسی ئانتوان کایۆ[119] دەگەڕێتەوە کە کتێبەکانی ساتی ئەرکەکانی لاسایی کردووەتەوە دوای ئەوەی جان دو برێ بڵاوی کردبوویەوە. لەگەڵ هەموو ئەمانەدا ئەم بابەتە نابێتە ڕێگر لەبەردەم پەیدابوونی لاسایی کردنەوەی هێمای خاوەن چاپخانەکان ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە هێماکانی خاوەنداریێتی بەس نەبوو بۆ پشتگیری کردنی مافەکانی خاوەنداریێتی ئەدەبی.

---

119- Antonie Caillaut.



## لێکۆڵینەوە لە کۆنترین کتێبە چاپییەکاندا:[120]

بەکۆنترین کتێبە چاپییەکان دەوترێت In cunable کە لەوشەی لاتینی Cuna bulomەوە وەرگیراوە و بەواتای لانکە دێت، چونکە دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای دەست پێکردنی پیشەسازی چاپکردن و ئێمە بەدەستەواژەی ((چاپی کۆن))[121] دەری دەبڕین.

کاتێك بۆ هەموو چاپکراوەکان ئەم وشەیە بەکاردەهێنرێت، مەبەست لە وشەی incunable تەنها ئەو کتێبانەیە کە تا ساڵی ١٥٠٠ چاپکراون. بەڵام لە وڵاتەکانی باکووردا. پێشکەوتنی پیشەسازی چاپ تەنها لە چارەکی کۆتایی سەدەی پانزەهەمدا پەرەی سەند قۆناغی کتێبەکانی in conables دەگاتە ساڵی ١٥٥٠ی زایینی.

## پێرستی کتێبە چاپییە کۆنەکان لە سەدەکانی ١٨-١٩دا:

لە سەدەی هەژدەهەمدا، هەوڵی ناساندنی یەکەمین کتێبە چاپییەکان و چۆنیەتی دەستپێکردنی درا. جیۆر مالفانگ پانزێر[122] لە نێوان ساڵەکانی ١٧٩٣و ١٨٠٣دا کتێبی لەم بارەیەوە چاپکرد کە هێشتا سەرچاوەیەکی گەورە بۆ لێکۆڵەرەوان لە قەڵەم دەدرێت.

لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەدا، کاتێك کەتوانەوەی کڵێساکان بوو بەهۆی ئەوەی زۆرێك لەم کتێبانە بخرێتە سەر کتێبخانە گشتییەکان، لودیك هان[123] فەهرستێکی نوێی بۆ ئەم کتێبانە ئامادەکرد کە سەرەڕای ئەو زیانانەی کە پێی گەیشتووە هێشتا بەسەرچاوەیەکی سەرەکی دادەنرێت. لێکۆڵینەوە دەربارەی ئەم جۆرە کتێبانە تەنها لەوسەردەمانەی دواییدا ئەنجام درا.

هەلترۆپ[124]ی هۆڵەندی ڕۆبەرە پرۆکتور[125]ی ئینگلیزی و کۆنار هاپلێری[126] ئەڵمانی یەکەمین ئەو کەسانەن کە لەم بوارەدا کاریان کردووە، هاپلتر بەنووسینی کتێبێك بەناوی فەهرستی پیتەکانی چاپخانەی[127] کە لەکۆنترین کتێبە چاپخانەییەکاندا بەکارهاتووە. یارمەتی لێکۆڵینەوەی لەسەر چاپخانە کۆنەکان و ناساندنیان داوە.

---

120- incunalles.
121- Poleatype.
122- Georg Walfgany Panzer.
123- Ludwig Hain.
124- Holtrop.
125- Robert Proctor.
126- Conard Haebler.
127- Typenre pertoruim.

## شێوازەکانی ناساندنی کۆنترین کتێبە چاپییەکان:

بەبەراوردی پیتە چاپییە جیاوازەکان، بەپێی ئەندازەی درێژی و شێوەکەی، دەتوانرێت شوێنی بەرهەم هێنانی زۆرێك لە کتێبەکانی دیاری بکرێت، هەرچەندە شوێنی چاپکردنی دەیان بەرواری بلاوکردنەوەکەی لە کتێبەکەشدا باس نەکرابێت.

کاتێك دەکەوینە لێکۆڵینەوە لەسەر کۆنترین پیتە چاپییەکانی کتێبەکان زۆرجار رووبەڕووی چەند جیاوازییەکی کەم دەبینەوە و بەهۆی ئەم شێوازەوە نوسخە دەستنووسەکانی تایبەت بە قوتابخانە لەبەرگرەوە جۆربەجۆرەکان جیادەکرێتەوە. ئەگەرچی خۆشیان شێوازی نووسینیان بەکارهێنابێت، چونکە پیتی چاپخانەکان چەند لادانێکی بچووکی تێدایە کە دەتوانرێت لە نێوان هەندێکی و هەندێکی دیکە دا جیاوازی بکرێت. تەنانەت ئەگەر هەموو ئەم پیتانە لە جۆری گۆتیك یان رۆمی بێت. بەدڵنیاییەوە ناسینەوەی چاپکراوەکان، لەم رووەوە کێشەیەکی تایبەتی دروست دەکات، چونکە چاپکەر دەتوانێت کەرەستە و قالبییەکانی لە چاپکەرێکی دەستکەوتبێت. وەك پێشتر لێی دواین بۆ نموونە ئەوەی بەکەرەستەکانی چاپخانەی گوتەنبێرگ چاپکراوە مەرج نییە هەمووی هی گوتەنبێرگ بێت. ئەم جۆرە وریایی لە زۆرێك لە حاڵەتەکاندا پێویستە، لێکۆڵینەوەی نوێ دەربارەی کۆنترین چاپکراوەکان دەگەڕێتەوە بۆ نووسراوێکی بەناوی فەهرستی گشتی کۆنترین چاپکراوەکان(١٢٨) و حکومەتی پروس هەندێکی ئامادە کردووە و بەرهەم هێنانی لەلایەن ئەنجومەنێکی زانایانەوە بووە بۆ ماوەی بیست ساڵ پێکەوە بەهاوبەشی کاریان تێداکردووە. بەشە یەکەمینەکانی ئەم فەهرستە دەستکەوتووە و ئەم فەهرستە تەواوی کۆنترین کتێبە چاپکراوەکانی نێو کتێبخانە گشتییەکان دەگرێتەخۆ و بوونی ئەڵمانیا لەم مەیدانە زانستییەدا دەسەلمێنێت.

## پێشکەوتن لە هونەری بەرگ تێگرتندا

بەرفراوانبوونی پیشەسازیی چاپ، هەروەك باسمان کرد چاخێکی نوێ لە بازرگانی کتێبدا دەستی پێکرد و هەروەها قۆناغێکی نوێ لە مێژووی بەرگتێگرتن (بەرگ سازی)دا دەرکەوت. چونکە بەرگ تێگرتن تەنها لەم سەردەمەدا وەك پیشەسازییەك کە خاوەنی یاسای تایبەتی خۆیەتی ناسرا.

128- Gasmtkatalogder wiegen drucke.



بەدرێژایی سەدە سەرەتاییەکان لە چاپ تیایدا داهێنرا و خاوەنی چاپخانەکان لە پاڵ کارەکانی چاپکردندا هەڵدەستان بەبەرگ تێگرتنی کتێبەکانیش، بەتایبەت لەو چاپخانانەدا کە کتێبەکان بە بەرگ تێگراوی دەفرۆشران.

بەڵام بەشێوەیەکی گشتی بۆ بەرگسازی دەبوو چەند کرێکارێکی شارەزا لەم بوارە هەبێت و ئاشکرایە کە دامەزراوەکانی راندۆلت. کاکستون، کوبرگێر، ڤێرارد، چەندینی دیکە ژمارەیەك بەرگ تێگریان لە چاپخانەکاندا یان لە بینایەکی دیکەی سەر بەچاپخانەدا دامەزراندبوو.

## بەرگە چاپکراوەکان بەهۆی تابلۆ هەڵکەنراوەکان

هەروەك چۆن کە پیشەسازی چاپ یارمەتی فراوانبوون و هەرزانبوونی کتێبەکانیدا شێوازەکانی بەرگسازیش بەپێی پێداویستییە نوێیەکان خۆی نواند، چونکە خاوەن چاپخانەکان ناچاربوون کە بە جۆرێك بەرگی هەرزانتر لە بەرگە چاپکراوە کۆنەکان و هەروەها سادەتر لەوان رازی بن، هەروەك دەزانین ئامادەکردنی بەرگە کۆنەکان پێویستی بەژمارەیەکی زۆر لە ئامێری بچووك هەبوو کە بەکارهێنانی دژواربووە و کاتێکی زۆری دەویست.

## بەرگسازیی هۆڵەندی:

لە سێیەکی کۆتایی سەدەی پانزەهەمدا، لە هۆڵەندا شێوازێك بۆ بەرگ دروستکردن هاتەکایەوە. لەو جوانکارییەدا هەموو بەرگەکە لەسەر تابلۆیەکی کانزایی دادەتاشاو هەڵدەکۆڵرا و بەهۆی پریسێکەوە فشار دەخرایە سەر کتێبەکە و چاپ دەبوو.

ئەم جوانکارییانە سادە و بێ نەخش و نیگاربوون ئەو وێنە و شێوانەی کە لەسەر تابلۆی کانزایی بۆ چاپ ئامادە دەکرا بەشێوەی روچاڵ، هەڵدەکۆڵرا هەروەك هەموو کەرەستە بچووکەکان کە کۆن بوون هەمان حاڵەتیان هەیە بەجۆرێك کە لەسەر رووتەختی بەرگەکە جوانکارییەکە بەشێوەی بەرجەستە خۆی بنوێنێت.

بەڵام شێوەی ئەم جوانکاری نوێیانە، لە وێنەی قەشە و فریشتە و باڵندە و هێڵی پێکداچووەکان و گوڵ و دروشمی زانایان و چەندینی دیکە پێکهاتبوو ئەگەر رووتەختی بەرگەکە گەورەتر بوایە لەوەی کە برسکەکە بتوانێت بەیەك جار فشار بخاتە سەر هەموو بەرگەکە، بۆ نەهێشتنی ئەم کێشەیە.

فشارهێنان دوو یان چوار جار دووباره دەکرایەوە تاوەکو ئەو جێگا خاڵییانەی کە ماوەتەوە بەجوانکاری گونجاو پڕبکرێتەوە.

ئاساییە کە کاری ئەم جۆرە بەرگە بەرجەستانە خێراتر و هەرزانتر بوو لەو شێوازەی کە بەهۆی کەرەستەی بچووکەوە ئەنجام دەدرا، لەبەر ئەوە ئەم شێوازە بەخێرایی لە هۆڵەندا و شارەکانی رایندا رەواجی پەیداکرد.

## بەرگسازیی ئەڵمانی:

جێی سەرسوڕمانە کە ئەم شێوازە نوێیە تا ماوەیەکی زۆر لە ئەڵمانیادا گشتگیر نەبوو، نەریتی بەرگ تێگرەکان وەهابوو کە ناوەڕاستی بەرگەکە بەشێوەی لەبزینەیی کە بەجوانکاری پڕ دەکرایەوە بڕازێنینەوە لە زۆر حاڵەتدا لە لابەلا و دەوروبەری ئەم بەشەدا نەخشەیەکی ناوەندی چاپدەکرا کە وتەیەکی بەنرخ یان ناوی بەرگسازەکەی لە خۆ دەگرت.

نموونەی ئەم جۆرە بەرگە بەزۆر کات و لە کڵێساکاندا دروست دەکرا و بەشێك لەم بەرگە کڵێساییانە جگە لە جوانکارییەکانی چەند مۆرێکی هەبوو کە ناوی دروشمی ئەو کڵێسایەی تێدابوو کە بەرگەکەی دروستکردبوو و شوێنی بەرهەم هێنانەکەی دیاری دەکرد. دوای داهێنانی چاپ چی دی بەرگ تێگرتن پیشەیەك نەبوو کە تەنها راهیبەکان یان بەرگ سازانی سەر بەزانکۆکان بیزانن، چونکە لەم قۆناغانەدا بەرگسازی بوویە پیشەسازییەکی گشتی بڵاوبوویەوە لەناو ناخی خەڵکیدا.

لە کۆتایی سەدەی پانزەهەمدا، ژمارەیەك لە بەرگ تێگرانی ئەڵمانی بەهۆی ئەو شێوانەی کە بەشێك بووە لە جوانکاری بەرگەکانیان دەناسێنن. وەك یۆهان هاگمایر[١٢٩] لە شاری ئولم[١٣٠] کە بەرگ دروستکەری شاری لوبێك[١٣١] بووە هەروەها کۆسفەر[١٣٢] کە بەرگەکانی ئەم دەستەواژەی تێدایە: ((ئەم بەرگە لە دروستکردنی (هاینرش کۆستەرە) هەروەها یۆهان نوگێل[١٣٣] بەرگ ساغ شاری ئێرفۆرت[١٣٤] کە لەناو بەرگەکانیدا دوو نوسخەی چل دێری هەیە.

---

129- Johann Hagmaye.
130- Ulm.
131- Lubeck.
132- Heinrich Coster.
133- Johann Fogel.
134- Eirfurt.



## بەرگسازانی ئینگلیزی و فەڕەنسی:

ئەو بەرگانەی کە جوانکاری بەرجەستەی هەبوو لەڕێی ئەندامەکانی یەکێتی بەرگ سازانی کۆچەرییەوە لە هۆڵەنداوە بۆ فەڕەنسا و ئینگلتەرا گوازرایەوە، چونکە زۆرینەیان هەروەك خاوەن چاپخانەکان بەشێوەی گەریدەی کاریان دەکرد. ئەو کتێبانەی کە لە چاپخانەی کاکستۆن چاپ کرابوون هێشتا بەنەخشەی وردی رازێنراوە بوون، بەڵام جێنشینەکانی کاکستۆن بەتایبەت خاوەن چاپخانەکانی کامبێرج لە دروستکردنی بەرگدا تارادەیەکی زۆر نەخشی چوارچێوەداری هەڵکۆڵراویان بەکاردەهێنا کە لەلایەنەکانی هونەریشەوە پێشکەوتنی زۆری بەخۆوە دیبوو.

لە نێو بەرگسازانی فەڕەنسی ئەم سەردەمەدا، ناوەکانیان بەهۆی واژۆ نووسراوەکانەوە دەزانین کە لەسەر بەرگەکان دانراوە. ئاندرێ بول[١٣٥] خاوەنی کارخانەیەك بوو کە کۆمەڵە کتێبێکی لە بەرگی لەوپەڕی پتەوی و توندوتۆڵیدا بەرگ تێگرت و هەروەها ئیدمۆند بابیۆ[١٣٦] و جان کۆمیدین[١٣٧] و روبێرت ماسێ[١٣٨] چەندینی دی کە زۆربەیان لە پاریس و لیۆدان سەرقاڵی کاربوون.

## بەرگسازی لە ئیتاڵیا – کاریگەریی رۆژهەڵات:

گۆڕانکاری لە ئیتاڵیادا بەتەواوی جیاوازبوو و گرنگی زیاتری لەخۆ گرتبوو و چونکە ئیتاڵیا لە رێگەی فینسینا و شارە بازرگانییەکانی دیکەوە، پەیوەندییەکی بەردەوامی بەرۆژهەڵاتەوە هەبوو لە کۆتایی سەدەی پانزەهەمدا کاتێك کە پیشەسازی چاپ لە ژێر کاریگەری رێنسانسدا پێشکەوتنی زۆری بەخۆوە دی، بەرگسازانی خۆرهەڵاتی هاتنە ئیتاڵیا هەروەك پێشتر تا ئەندازەیەك لێی دواین.

## بەرگسازیی لە خۆرهەڵاتی ئیسلامیدا:

بەرگسازە رۆژهەڵاتییەکان نەك تەنها تایبەتمەندییە هونەرییەکانیان بۆ هاوکارەکانیان لە ئیتاڵیا گواستەوە، بەڵکو زیاد لەمە، شێوەی جوانکاری نوێشیان فێرکردن.

---

135- Ander Baule.
136- Edmond Bayeux.
137- Jean Compains.
138- Robert Mace.

لێرەدا مەبەستمان لە ڕۆژهەڵات مەبەستمان لە وڵاتە ئیسلامییەکانە. بەڵام وەك نموونە لە چین و هیند و وڵاتەکانی دیکە لە پەیوەندییان بەم دوو وڵاتەوە هەبوو، هەرگیز هونەری بەرگ سازییان نەبووە، چونکە کتێبە چینییەکان هەروەك ئەمڕۆ - تەنها پێستی ڕەنگاوڕەنگ یان بەئاوریشم بەرگ دەگیرا و گەڵا باریکەکانی درەختی خورما کە لە هیندا بۆ نووسین بەکاردەهێنرا، بەشێوەی کتێب کۆدەکرایەوە و لە نێو دوو تابلۆی دارینی رازاوەدا دادەنرا.

بەپێچەوانەی ئەمەوە، لە وڵاتە ئیسلامییەکان هەروەك ئەورووپا، بەرگەکان لە پێست دروست دەکران و ئێرانییەکانیش زیاد لەوانی دیکە شارەزایی خۆیان لە بەرگسازی و رازاندنەوەی دا پیشان دابوو.

## هونەری خۆشنووسی لە ئێراندا:

دەڵێی فارسەکان لە ڕۆژهەڵاتدا پێشەنگیان لە بواری خۆشنووسیدا لەوانی دیکە سەند بێت. لە سەدەی چواردەهەمدا لەسەردەمی تەیمورلەنگ و جێنشینەکاندا، راهێنانیان لەسەر خۆشنووسی دەکرد وەك هونەرێکی زۆر گەورە، وێنەکێشانی میناتۆری ئێرانی لە سەدەی پانزەهەمدا گەیشتە لوتکەی درەوشانەوە بەدرێژایی دوو سەدەی دواتر بەردەوام بوو و لە ئاکامدا جوانتر و نەرم و نیانتربوو، بەجۆرێك کە هونەرمەندان تەنها بە وێنەکێشانی شێوەکان رازی نەبوون، پەرەی سەرەتا کتێبەکانیان بەدیمەنی جوان کە بەرەنگی درەوشاوە رەنگ کرابوون، رازێنراوەیەوە و ئەم دیمانانە بریتی بوون لەگوڵ و گەڵای درەخت یان شێوەی هەندەسی عەرەبی بوون کە بەجیاکەرەوەکانی هونەری ئیسلامی دادەنرێت.

هونەری بەرگ دروستکردن لە نێو ئێرانییەکاندا پەیوەندییەکی پتەوی هەبوو لەگەڵ گۆڕانکارییە گەورەیەی کە لە هونەری ڕەنگ کردنی نوسخە دەستنووسەکاندا روویدابوو. لە بەرگسازی ئێرانیدا بەرگی ژێری کتێبەکە لە خودی کتێبەکە گەورەتر بوو. بەجۆرێك کە دەتوانی لێوەی بەشی سەرەوەی بەرگەکە داپۆشێت، ئەمەش بەجوانکاری کتێبەکە لە قەڵەم دەدرا.

بەڵام جوانکاری بەرگەکە لە بنەڕەتدا و لە بەشەکانی ناوەندا بەشێوەی لەبزنەیی بوو چوار دەوری چوارچێوەی رازاوەی هەبوو کە لەگۆشەکاندا دانرابوون. بەکورتی دەتوانین بڵێین ئەم سەرچاوە جوانکارییانە بەجوانی لە فەرشە ئێرانییەکاندا رەنگی داوەتەوە، بەڵام ناوەڕاستی گۆشەکان، پڕە لە گوڵی بچووك و گەڵای رازاوە یان شێوەی هەندەسی عەرەبی وەیان هێڵی لێك



ئاڵابوون. هەموو ئەمانە لەسەر بەرگەکە ئەنجامدەدرا بەهۆی ئاڵتون یان ئاوی ئاڵتون وەیان خۆڵی ئاڵتون زێرکاری دەکرا. باشترین بەرگەکانی هونەری ئیسلامی لە سەدەی چواردەهەم و پانزەهەمدا هەستێکی بەرزیان لە جوانکاری بەرگەکان هەبوو. و پەردەی لادەدا لەسەر هونەرێکی سەرنج راکێش، لە پایە بڵندتر بووە و لە ئاستی بەرگسازی ئەورووپی لەو سەردەمەدا ئەم جۆرە بەرگسازییە لەسەر زەوییەکانی ئێرانەوە بەتایبەت رووەو تورکیا بەڕێکەوت، هەروەك چۆن لە سەدەی پانزەشدا کاری کردە سەر بەرگ تێگرانی ئیتاڵی ، وەئاسۆییەکی روونی لەبەردەم بەرگ تێگرانی ڕۆژئاواییدا پەیداکرد.

## زێڕکاری (رازاندنەوە):

هونەری زێڕکاری سەرەتا هونەرێك بوو، کە پێش هەموو شتێ ئیتاڵییەکان لە مامۆستا موسڵمانەکانیانەوە وەریان گرتبوو. ئەوان تا ئەو کاتە جوانکاری بەرگسازی ئەورووپییان بەشێوەیەکی سادە و بێ نەخش و نیگار ئەنجام دەدا، بەڵام پاش ئەوە ئیتاڵییەکان جوانکارییەکانیان بەبەکارهێنانی زێڕکاری رازاوەتر دەکرد، بەو جۆرەی کە ئاوی ئاڵتونیان بەهۆی کەرەستەیەکی نوك تیژە بەکاردەهێنا. لێرەدا مەبەستمان ئەوە نییە کە بەکارهێنانی بەرگ سازی بەڕێگایەکی سادە بەتەواوی بەهۆی رازاندنەوەی بەرگان، چی دی نرخی نەما، چونکە لە سەرەتادا شێوازی بەکارهێنانی زێرکاری بەرگسازی بەشێوازێکی سادە لە پاڵ یەکتردا ئەنجام دەدرا. هەروەك چۆن چەند کتێبێك بەناوی کورڤین کە دەگەڕایەوە بۆ شاری کۆرڤین پاشای مەچەڕ، هەمان ئەم حاڵەیان هەبوو، بێگومان بەرگەکان لە ئیتاڵیا دروست دەکرا، یان بەدەستی پیشەوەرانێك دروست دەکران کە کاریگەری خۆرهەڵاتیان لەسەر بوو. چونکە لە جوانکاریدا چەندین نیشانە هەیە کە ناتوانرێت نکۆڵی لە کاریگەری ڕۆژهەڵات لەسەر ئەوان بکرێت. هەروەها ئەگەری هەیە کە ئەم بەرگانە یەکەمین بەرگی ئەورووپی بن کە هەموو بەو شێوازە دروست کرابن.

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا تەنها بەشەکانی ناوەڕاست و گۆشەکان کراوە و دەبینن کە بازنەکانی لای دەرەوە بەشێوەیەکی سادە رازاوەتەوە و لە کتێبەکانی کۆرڤیندا دیمەنەکانی بەرگسازی ئیتاڵیایی دەبینن کە بەهۆی کاریگەری هونەری ڕۆژهەڵاتییەوە دروستکرابوو، و خاوەن چاپخانەو بڵاوکەرەوەی گەورە ئالدۆ زۆرترین بەشی لەم بەرهەمەدا هەبووە. ئەم کەسە بەناوبانگترین خاوەن چاپخانەکانی ڤینیسیا بووە.

## قۆناغی ئاڵدۆ لە ئیتاڵیا

### کارە نوێیەکانی ئاڵدۆ:

ئاڵدۆ مانچی[١٣٩] یان ئاڵدۆبیوس مۆتۆنیوس[١٤٠] هەروەك بەلاتینی نازناوی لەخۆی نابوو، زمانی یۆنانی وەك زمانی لاتینی فێربوو، بەم دوو زمانە چەند کتێبێکی بچووکی بۆ فێربوونی دەستووری زمان دانا و شارەزاییەکی زۆری هەبوو لە فەرهەنگی مرۆییدا لە نزیکەی ساڵانی ١٤٩٤دا چاپخانەیەك و ناوەندێکی بڵاوکەرەوەی دامەزراند لە ڤینیا، بە مەبەستی چاپکردنی کتێبەکانی رەخنە لەسەر نووسەرە کۆنەکان بەتایبەت لەسەردەمی کۆندا.

### پیتی ئیتالیك یان پیتی خوارەوە بوو (مایل) (الار):

ئاڵدۆ، سەرەتا چینی ئیتاڵی کە نیکۆلا جۆستۆن پێشتر هێنابووی و کتێبەکانی بەئەندازەی ٢/١ و ٤/١ کە ئەندازە بەربڵاوەکان بوون لە ئیتاڵیادا کتێبەکانی بەچاپ دەگەیاند. دوای ماوەیەکی کەم لە ساڵی ١٥٠١دا ئەم نەریتەی واز لێهێنا و کتێبی ڤیرجیلی[١٤١] بەئەندازەی ٨/١ چاپکرد، چاپی کتێبە کلاسیکییە کۆنەکانی لە ئەندازەی ٨/١ی بچووکدا دەست پێکرد و ئەوانەش هەمان ئەو کتێبانەن کە دەتوانین ناوی ئەندازەی گیرفانی بەسەردا بسەپێنین.

بۆ چاپکردنی ئەم جۆرە کتێبانە هەندێ پیتی نوێی بەکارهێنرا کە بەتەواوی لەگەڵ ئەندازەی پەڕە نوێیە بچووکەکاندا هاوئاهەنگ بوو.

لە گێڕانەوەیەکدا کە گومان هەیە لە راستییەکەیدا، هاتووەکە ئەم پیتانە لە نووسینی خودی پیتارکەوە وەرگیراوە، و پێش هەر شتێك شێوەی خوارەوەبوو رووەو لای راست لە پیتە رۆمییەکاندا بووە. کە نووسینێکە بەناوی نووسینی ئیتالیك[١٤٢] یان خوارەوە بوو (مایل) ئەم ناوە وەك دەبینین لە دونیای چاپدا، واتایەکی دیکەی هەیە کە لەگەڵ واتاکەی لە مێژووی نووسینە دەستنووسەکاندا بەتەواوی جیاوازە، چاخی زێڕینی پیتە لارەکانی رۆمی لە سەدەی

139- Aldo Manucci.
140- Aldo Pius Menutius.
141- Virgil.
142- Cursive.



دواتردا دەستی پێکرد و شێوازێك کە ناوی شێوازی بارۆك[١٤٣] بوو بڵاوبوویەوە بەکارهێنرا. زۆرجار لەم شێوازەدا لە پاڵ یەکدا بەکاردەهێنران. بەکارهێنانی چەندین شێوازی نووسین و چەندین پیت لە یەك کاتدا و بەئەندازەی جیاواز، یەکێك بوو لە تایبەتمەندییەکانی هونەری کتێب رازاندنەوە کە لە سەردەمی شێوازی بارۆکدا دەرکەوت.

پیتە شکاوەکانی رۆمی یان ئیتالیك هەمان ئەو پیتە لارانەی ئیتالییە کە[١٤٤] تاوەکو ئەم رۆژگارەی ئێستا ماوەتەوە و بەتایبەت بۆ نیشاندانی هەندێك لە وشەکانیان هەندێك دێڕ لە ناوەڕۆکی نووسراوی چاپیدا سوودی لێ وەردەگیرێت.

### کتێبە کلاسیکییەکانی چاپی ئاڵدۆ:

هەرکات ناوی کتێبەکانی چاپی ئالدۆ دەهێنین، دەبێت بەتایبەت یادی ئەو کتێبە چاپییە بچووکە کلاسیکییانە بکەینەوە، کە ئالدۆ بەپیتی ئیتالیك بە درێژایی ساڵەکانی ژیانی بەژمارەیەکی زۆر بڵاوی کردووتەوە لە نێوانیاندا بیست و هەشت کتێبیان دەگەڕێتەوە بۆ چاپی یەکەم کە لەسەر بنەمای نوسخە دەستنووسەکان کە بڵاوکراونەتەوە، چاپکراون.

لە سەرەتای کاردا ئالدۆ، هەست بەلێکۆڵینەوەی زمانەوانی پێویست دەکات، بەڵام کاتێك ناوەندەکەی فراوان بوو. بەناچاری چەند کەسێکی دامەزراند لە دەوروبەری ناوەندەکەیدا، کە ناوی ئەکادیمیای نوێی ئالدۆ[١٤٥] بوو، کۆمەڵێك لە زماناسەکان کۆبوونەوە. تا ئەو کاتە پەیوەندی بازرگانی کە دواتر لە نێوان بڵاوکەرەوان و کتێبدا دروست بوو، بەنەناسراوی مایەوە. لەبەر ئەو هۆیە کتێبە بچووکەکانی ئالدۆ لەلایەن هەمووانەوە پەسەندکرا و هەرزان بوون و بڵاوبوونەوەی کتێبە کلاسیکییەکان کە بابەتەکانی لە فەرهەنگی مرۆییەوە هەڵدەقوڵا زیاد لە جاران ئاسان کرا.

پاش ماوەیەکی کەم کتێبەکانی چاپی ئالدۆ بەهێمایەکی جوان لە پەڕەی یەکەمدا کە پێکهاتبوو لە مانگێکی یونسی کە بەدەوری لەنگەرێکی کەشتیدا بوو، بوویە چاپی میللی. بەرادەیەك لاسایی کەرەوانی بەتایبەت لە شاری لیۆندا پەیدابوو. ژمارەیەك کتێب کە

143- Baroque Style
144- Italics.
145- Aldo Neacadlemia.

دەستكەوتوون لاسایی ئالدوی تیاكراوە، هەندێ لە نوسخەكان پڕاوپڕ لاسایی كراونەتەوە و تەنانەت هێمای چاپەكەشی تەزویر كراوە و لەكتێبەكان دراوە.

خوێندكاران لەو كەسانە بوون كە سوودیان لە چاپكراوانی ئالدۆ وەردەگرت. لەبەر ئەو هۆیە بڕێكی زۆر لەو چاپانە بەهۆی زۆری بەكارهێنانی لە ناوچوون بەجۆرێك ئەمڕۆ ناتوانین دەستمان بكەوێت.



شێوەی -٥- پیتە یەكەم گەورەكانی فینسی كارتێكراو بەشێوازی ئالدۆ



شێوەی ٦ جوانكارییەك لە چاپی كتێبەكان ئەرستۆدا (ئالدۆ - ساڵی ١٤٩٧)

ناوبانگی ئەم چاپكراوانە تەنها بەهۆی ئەندازە و نوێگەری پیتی لارو چاپێكی پاك و تەمیز و چاكی كاغەزەكانەوە نەبوو، بەڵكو پەیوەندیشی هەبووە بەرەچاوكردنی ناوەڕۆكی نووسین و ئەو هەوڵە زانستی و هونەرییانەی كە لەم چاپكراوانەدا بەكارهێنرابوو.

بەرهەمە زۆر گرنگە زمانەوانییەكان كە بەشێك بوو لەم چاپكراوانە، بڵاوكردنەوەی كتێبەكانی ئەرستۆ بوو كە ئالدۆ لە پێنج بەرگدا و بەئەندازەی ٢/١دا لە نێوان ساڵەكانی ١٤٩٥و١٤٩٨دا چاپی كرد و، بەیەكەمین چاپی تەواوی زمانی یۆنانی دێتە هەژمار.

**شێوازی ئاڵدۆ لە رازاندنەوەدا:**

پیتەكانی ئیتالیك تەنها رووداو نەبوو كە ئالدۆ لە پیشەسازی كتێبدا بەدیهێنا ئەگەر لە مێژووی كتێبدا سەردەمی ئەو بەچاخی ئالدویی ناونرا، لەبەرئەوەیە كە سەركەوتووبوو لە خولڤاندنی وێنەیەكی كلاسیكی بۆ پیتە گەورە یەكەمییەكان و پەراوێزەكان و شێوازێكی



بەكارهێنا كە جیاوازی هەبوو لەگەڵ شێوازی راندۆلتدا و توانی ئەم شێوازە بەتێڕوانینێكی وردەوە لە خشتە جوانكارییەكان (شێوە -٥- پیتە گەورە رازێنراوەكان (شێوەی -٦-) ئەو بازنانەی كە بەهۆیەوە كتێبەكانی بەبێ زیادەڕۆیی دەرازاندنەوە.

جوانكارییەكانی راندۆلت بەگشتی سپی بوون بە باكگراوندێكی رەش خۆی دەنواند. لە جوانكارییەكانی ئالدۆدا بازنەكان تەنها دەكێشران، دوور بوون لەهەر جۆرە زیادكردنێك بەبۆشایی ماوەتەوە و هیچی بۆ زیاد نەكراوە و ئەمەش شێوازێكی نەرم و نیان و ئاشكرا و روونە، بەڵكو لەڕاستیدا زیاتر دەچێتە پاڵ پیتە رۆمی و یۆنانییەكانەوە نەك شێوازی راندۆلت، كە لە سێبەرەكانی قورسترە و تاریكییەكەی زیاترە، گەرچی بابەتی بە بەزرتر دانانی ئەم جوانكارییە لە بۆچوونی یەكێك لەو دوانەدا تەنها بیروبۆچوونێكی ئەو كەسە خۆیەتی، بەڵام لە راستیدا هەر لق و پۆپێك لەگەڵا و لقوپۆپەكانی خشتەكانی ئالدۆ و پیتە گەورە رازاوەكان لە خودی خۆیدا بەجوانكارییە بچووكەكان دادەنرێت. ئەگەرچی بازنە گیاییە تۆرییەكان ئێكتیفای كردبێت یان شێوەی سەرسوڕهێنەری وەك وێنە كلاسیكییە كۆنەكانی بۆ زیاد كردبێت وەیان لە پەڕە قوماشییەكان و ئەو پەڕانەی كە لە جوانكارییەكانی رۆژهەڵاتین.

ئالدۆ بەبڵاوكردنەوەی رۆمانی شۆرش لە خەون دا[146] لە ساڵی ١٤٩٩دا كە ئەفسانەیەك بوو لەلایەن قەشە دومینیكن فرانسیسكۆ كولۆنا[147] گەیشتە لوتكەی كارەكانی ئەم كتێبە ئەفسانەیەكی بەناوبانگە كە لە وەرگێراوە فەرەنسییەكەیدا بەناوی خەونەكانی پۆلی فیل[148] هاتووە و نووسەر لە جیهانی خەون و خەیاڵدا پێشڕەوی هونەری كلاسیك هەست پێدەكات.

ئەم كتێبە نزیكەی ٧٠ وێنەی تێدایە كە زۆركات وێنەكێشراوە و شێوازی راستەقینەی كلاسیك نیشان دەدات ئەم شێوانە یادی هەندێك لە وێنەكانی دانتینا[149] مان دەخاتەوە گەرچی شێوەكەی بەتەواوی لێهاتووییەوە بریتییە لە داهێنانێك. بەهەرحاڵ، لەهەر شێوەیەكی گەورە و خشتەیەك هەر شێوەیەكی رازاوەی بچووك لەم كتێبەدا، شیعر و ئەفسون ئاشكرا دەبێت، بەڵام ئەوەی نرخی ئەم كتێبە زیاد دەكات تەنها پەیوەندییە لە نێوان شێوەكاندا، جگە لە هاوئاهەنگی لە نێوان پیتەكانی ناوەڕۆكی نووسراوەكەدا، بەڕادەیەك كە زۆرێك لە شارەزایان، ئەم كتێبەیان بەچاكترین كتێب داناوە كە تا ئێستا چاپخانەكان بەرهەمیان هێناوە.

146- Hypnero to Machia.
147- Fruncisco Calonna.
148- Songe poliphile.
149- Mantegna.

**بەرگەکانی ئاڵدویی:**

بۆ بەرگسازیش کارخانەیەك دروستکرابوو کە سەر بەچاپخانەی ئالدۆ بوو، بەجۆرێك دەکرا ئەو کتێبانەی کە ئالدۆ بڵاوی دەکردەوە، بەبەرگەر بکرێت. زۆربەی بەرگەکانی ئالدۆ لە پێستی بزن بوو. لەیەکەمین ئەو بەرگانەیە کە لە هونەری بەرگسازی ئیسلامییە وەك باسکرا - کاری تێکراوە.

لەم رووەوە بڵاوبوونەوەی بەرفراوانی گەورەترین یارمەتیدەری بڵاوبوونەوەی هونەری بوو.

ئالدۆ لە سەرەتای کارەکەیدا بەشێوەی سادەی جوانکارییەکان رازی بوو. پاش ماوەیەك، هەندێ لە بەرگەکانی لە پاڵ بازنە و جوانکاری بەچاپکراوەکاندا بەشێوەیەکی سادە ئاوڕی دایەوە بۆ جوانکارییەکانی دیکەی هونەری ڕێزکاری ناونیشانی کتێبە زۆرجار لە ناوەڕاستی بەرگەکەدا، کە بەشێکی بەپیتی ڕۆمی زێڕکاری بۆ کراو دەنووسرا، ڕازاندنەوەی بەرگ هەمیشە مامناوەند بوو هەروەك نامەی کتێبەکە و شێوە و خشتە جوانکارییە بچووکەکان بەکاردەهێنرا.

**بەکارهێنانی مقەبا (کارتۆن):**

لە بەرگەکانی ئالدۆدا ئاشکرا کاریگەری هونەری ڕۆژهەڵاتی دیاربوو لەجێی تابلۆدارییەکان کە زۆرکات بۆ توندوتۆڵی بەرگەکان بەکاردەهێنرا، تێڕوانین بۆ شێوازی ڕۆژهەڵاتییەکان لە بەکارهێنانی مقەبادا دەستی پێکرد.

ڕاستە هەرچەندە پتەوی مقەبا لە تابلۆدارینەکان کەمتر بوو، بەڵام سوکترە و بۆ بەکارهێنان لە ئەندازە بچووکەکاندا کە بەتایبەت ئالدۆ سوودی لێوەردەگرت، گونجاوتر بوو. بەرگە دارییەکان بەتەواوی لە سەدەی هەژدەهەمدا وەلاخرا، تەنانەت زۆرێك لە بەرگەکانی سەدەکانی پانزەهەم و شانزەهەم هەبوو کە بۆ ڕەچاوکردنی بواری دارایی، تابلۆدارییەکان بەکەمێك پێست دادەپۆشران هێدی هێدی بەکارهێنانی مقەبا زیادی کرد، چونکە لەڕووی بەکارهێنانەوە سادەتر بوو. جگە لەوە لە بەرگە مقەباییەکاندا زۆرجار پاشماوەکانی چاپخانەکە پێکەوە نوسابوون، سوودی لێ وەردەگیرا وەك پەڕە دڕاوەکانی کتێب و زیادەکان و دەستنووسەکان. تاکە پەڕە چاپییەکان و زیادەکانی نوسخە دەستنووسەکان و چەندینی دیکە، تا ئەو ڕادەیەی لە نێو ئەم بەرگانەی کە پڕبوو لەم جۆرە ماددانە ئەگەری ئەوە هەبوو کە پاشماوەی هەندێك کتێب دەست بکەوێت کە ئەگەر ئەم شێواز و ڕووداوە نەبوایە، بەنەناسراوی دەمایەوە.



# لایەنگران و خاوەن کتێبخانەکان لە سەردەمی ئاڵدۆ

**گرولێی هاوچەرخەکان:**

ئالدۆ وەك بڵاوکەرەوەیەك جگە لەوەی ناوبانگی هەبوو لە دروستکردنی بەرگە سادەکاندا، هەندێ کات بەدروستکردنی بڕێك بەرگی بەنرخ بۆ لایەنگرە دەوڵەمەندەکانی کتێب، ناوبانگێکی زۆری بەدەست هێنا. چونکە ئەو دەوڵەمەندانە بەنوسخە ئاساییەکان ڕازی نەدەبوون، بەڵکو خوازیاری نوسخەی تایبەت بەخۆیان بوون وەك لایەنگرانی کتێبە چاپکراوەکان لەسەر پێست، یان کاغەزی گەورەی داپۆشراو بەو بەرگانەی کە بەئاگاییەکی تایبەتەوە دروستکراوە.

پاشان لە ساڵی ١٥١٢دا پەیوەندی ئالدۆ لەگەڵ جان گرۆلێی بەناوبانگترین خاوەن کتێبخانەکان دەستی پێکرد. ئەگەری ئەوە هەیە کە ئالدۆ کاریگەرییەکی بەرچاوی هەبووبێت لەسەر دروستکردنی بەرگەکانی گرۆلێی کە ئەمڕۆ لایەنگرێکی زۆری هەیە، هەروەها کاریگەری هەبووبێت لەسەر هونەری بەرگ تێگرتنی و شکۆمەندی. لە ماوەیەکی کورتدا ئەو بەرگانەی کە ئالدۆ وەك بڵاوکەرێك دروستی دەکرد، پێشکەوتنی بەرچاوی بەخۆوە دی و بەشێوازی تایبەتی خۆی پەرەی سەند لەم بەرگانەدا هەندێك کاریگەری هەیە کە لە هونەر و شێوازی زێڕکاری ڤینیا لە ناوەڕاستی سەدەکانەوە ئیلهامی وەرگرتووە.

**بەرگەکانی گرۆلێی:**

لەو کاتانەدا تەنها زێڕکاری بەربڵاوبوو. لەسەر هەموو رووتەختی بەرگی کتێبە کە بەشریتێکی دوانی بەرز و تەریب کێشرابوو کە ڕازابوویەوە بەگوڵی ئالتونی، و لە شێوەی هەندەسی یان بازنەی چوون بەناویەکدا ئەم شریتانە وەك بازنە، بەشی ناوەڕاستی بەرگەکەی داگیردەکرد. لەسەر بەرگەکە ناونیشانی کتێبەکە بەپیتی گەورەی ئالتۆنی دەنووسرا. لە پشتی بەرگەکەدا وتەیەکی گرۆلێی لەسەر بوو کە بریتی بوو لەم دەستەواژەیە: خوایە زەوییە زیندووەکانم بە نسیب بکە. بەڵام لە بەشی خوارەوەی بەرگەکەدا ئەم دەستەواژیە هەبوو: ئەم کتێبە لەلایەن گرۆلیێ و هاوڕێکانییەتی.

بەڵام بازنەکانی ئەملاو ئەولا لە دوای ماوەیەکی کەم لە بەرگی کتێبەکاندا بەکاردەهێنرا. لەبەر ئەوەی کە جوانکاری زیاتری هەبوو، زۆرکات بەرەنگی جۆراوجۆر، دەڕازێنرایەوە تاوەکو ئەوەی کە هێڵەکان بەجوانکاری عەرەبی ئاڕاستە دەکرا. لە نێوان بازنە پێکەوە نووساوەکاندا جوانکاری پێچاوپێچ و گەڵای درەختان هەبوو. بەڵام لە پشتی بەرگەکەدا لە رابردوودا هونەرمەندان گرنگییان پێ نەدەدا لە زۆربەی بەرگەکانی گرۆلێدا جوانکاری بۆ دەکرا. بەشی ناوەوەی بەرگەکە بەپێست داپۆشرابوو و لە سەری چەند پەڕەیەکی کاغەز و پێست دادەنرا و جوانکارییەکانی بەشێوەی شریتی درێژبوو بەجۆرێك کە ناتوانرێت وەسف بکرێت. هەروەها جۆراوجۆر هەتا بڵێی سەرنج راکێش بوو، چ ئەم بەرگانە و چ ئەو بەرگانەی کە بەم شێوازە دروستکران. بەرگەکانی تۆماس مایۆنی (ماییۆ)[۱۵۰]ش کە هاوچەرخێکی گرۆلێیی بوو، بەهەمان شێوە بوو.

### گرۆلێی و کتێبخانەکەی:

تاڕادەیەك هیچ زانیارییەکمان دەربارەی مایولی نییە، بەڵام بەپێچەوانەوە هەموو ژیانی گرۆلێی بۆمان ئاشکرایە لە ساڵی ۱٤۷۹دا لە شاری لیۆن لە بنەماڵەیەکی ئیتاڵی هەتا دونیاوە. لە نێوان ساڵەکانی ۱۵۱۰و۱۵۲۹ دا تەنها لە ئیتاڵیادا ژیانی دەبردە سەر پلەی ئەمینداری گەنجینەکانی جەنگ و ئەمینداری خەزێنەکانی دۆك میلانی هەبوو. پاشان لە پاریسدا بوویە وەزیری دارایی فەڕەنسا و تاوەکو مردنی لە ساڵی ۱۵٦۵ هەر لەوێ دا ژیا.

گرولێی وەك کۆکەرەوەیەکی کتێب یەکەمین کتێب دۆستە بەواتای تەواوی ئەم وشەیە. ئەو عەوداڵی کتێبە جوانەکان بەبەرگە دڵگیرەکانییەوە بوو، ئەمەش سیفاتی کتێب دۆستێکە لە رۆژگاری ئێمەدا. ئەگەری نییە کە هەموو کتێبەکانی لە ئیتاڵیادا بەرگ تێگرتبێت، دەگونجێت بەشێکی هەرە گرنگی ئەو کتێبانە کە بەشێکی پڕ بایەخە لەڕووی هونەرییەوە لە فەڕەنسادا بەرگی بۆ کردبێت. هەروەها دەگونجێت ئەم کتێبانە لە لایەن ئەو بەرگ تێگرە ئیتاڵییانەی کە هاتبوونە فەڕەنساوە وەیان ئەو بەرگ تێگرانەی لەلای پیشەرەوە ئیتاڵییەکان ئەم هونەرە فێربووبن و بەرگیان بۆ دروستکرابێت، هەرچەندە ناوەکانیان نازانیت.

کتێبخانەکەی گرۆلیێ کە زیاد لە سێ هەزار بەرگ کتێبی هەبوو لە ماوەی سەد ساڵی دواتردا لە کۆشکەیدا نەوەکانی فەرامۆشیان کرد و لە زیاد کردنێکدا لە شاری لیۆن ئەم کتێبە

150- Thomas Mahieui.



بێ نازانە پەرتەوازەبوون، بەجۆرێك ئێستا جگە لە چوار سەد بەرگ کتێب، بەبەرگەکانی گرۆلێی هیچی دیکە ناناسین و هەندێك لەمانە لەگەڵ ئەو بەرگانەی کە لە پێستی مەڕ و گوێرەکە بەرگ گیراون، هێمایەکی تایبەتیان هەیە و ئەمەش خۆی لەخۆیدا نرخ و بەهایەکی تایبەتیان پێ دەبەخشێت. لەم رووەوە کارەکانیان نرخ و بەهایەکی تایبەتی هەیە. تەنانەت ئەمڕۆ بەهای بەرگە ئاساییەکانی گرۆلێی، بەبێ خودی کتێبەکە دەگاتە چەندین هەزار فرانکی ئاڵتونی.

توێژەرەوەکان، بۆ ماوەی شەست ساڵ بەقوڵی کەوتنە لێکۆڵینەوەی بەرگەکانی گرۆلێی بەجۆرێك بەپێی کات و شێوازی رازاندنەوە، دابەشکران بۆ شەش کۆمەڵە. کۆنترین کۆمەڵە سەرەڕای ئەوەی کە ناوی ئەوی لەسەر نییە ، دەگەڕێتەوە بۆ بەشی ناوەڕاستی کە بەشێوەیەکی رەنگین چاپکراوە. پاشان هەموو ئەو بەرگانەی کە ناوی ئەویان لەسەرە لە ساڵی ۱۵۳۰ی یەوە دەستی پێکردووە شوێنی شریتە رەنگاوڕەنگەکان لەڕووی کەمی و زۆرییەوە لە یەك جیاوازبوون، هەروەها شێوە هەندسییەکان دوای ماوەیەکی کەم لە ساڵی ۱۵٤۰ دا و شێوە ئیسلامییە سێبەردارەکان و نەخشە جیاوازەکانی دیکەی بۆ زیادکراوە.

## بەرگسازی بەشێوازی کامیو[۱۵۱]

### (بەردی وێنەکراو):

کتێب دۆستێکی سێهەمیشی هەیە کە زۆرکات لە ریزی گرۆلێی مایونیدا دادەنرێت. ئەویش کانیڤاری[۱۵۲] پزیشکی تایبەتی پاپا نوربانی حەوتەم بوو.[۱۵۳]، چەند بەرگێکی چەرمی (چەرمی مەغریبی) لە جۆری ئالدۆیی کە لە رۆماندا لە ساڵی ۱۹٤۰دا دروستکراوە بەهەڵە دراوەتە پاڵ کانیڤاری روتەختی بەرگی ئەم کتێبانە بەجوانکاری بەرجەستەی سپی رازاوەتەوە و ئەسپێك بەدوو باڵەوە لەسەر کێوی پارناس[۱۵٤] یان خواوەند ئاپۆلۆ کە عەرەبانەی هەتاوی رێموی دەکات، پیشان دەدات. ئەم شێوەیە یادی کامیوکانی کۆتمان دەخاتەوە. دەڵێن یەکەمین

151- Cameo bindings.
152- Demetrio Canevari.
153- Urban VII.
154- Parnasse.

خاوەنی ئەم کتێبە بەرگ تێگیراوانە پیرلویی فارنیسازر[١٥٥] کوڕی ئەلیکساندەر فەڕەنسایە[١٥٦]، لە دواتردا پاپا پاولی سێهەم[١٥٧] یەکەمین شازادەی پارما[١٥٨] و پیاچینزایە[١٥٩]، هەروەها لە زۆرێك لە بەرگەکانی دیکەدا کە کۆکەرەوەکانی کتێب دەستیان کەوتووە دەبینن کە زۆرکات لاسایی کەرەوەکان هاوشێوەکانیان بەجۆرێك دروست کردووە کە جیاکردنەوەیان دژوارە و ئەم کۆمەڵە کتێبە لەگەڵ کتێبە بەرگییە چاپکراوەکانی دیکەدا، بەکۆمەڵێکی تایبەت لە نێوان بەرگە ئیتالییەکانی لەسەردەمی ڕێنسانسدا لە قەڵەم دەدرێت.

### جێنشینەکانی ئالدۆ – بنەماڵەی جونتا:[١٦٠]

ئالدۆ لە ساڵی ١٥١٥دا کۆچی دوایی کرد و چاپخانەکەی بۆ ماوەیەك هەر بەچالاکی مایەوە، بەڵام دوای مردنی ماوەیەکی زۆر بەپایەداری نەمایەوە. لە هەمانکاتدا نموونەیەك بوو کە دواتر کۆمەڵێك لە خاوەن چاپخانەکان لە زۆر لایەنەوە بەوردەکارییەوە لاساییان کردەوە، مەبەستمان لەو کۆمەڵە بنەماڵەی جونتا یان ژۆنتە[١٦١]. کە لە دواییدا لە ئیتاڵیا و ئیسپانیا و فەڕەنسادا (بەتایبەت لە شاری لیۆن) لەم بوارەدا ئەندامانی چالاکیان هەبوو.

تەنها لە کارخانەیەکی فلیپ جونتادا[١٦٢] ژمارەیەکی زۆری چاپکراوە کلاسیکییە بچووکەکان بەپیتی ئیتالیك چاپ و بڵاوکرانەوە. ئەو هەروەها لاسایی بەرگەکانی ئالدۆی کردەوە و ئەم کارەش لەلایەن هەمان ئەو هونەرمەندانەوە ئەنجامدرا کە بۆ ئالدۆ کاریان دەکرد، ئەمڕۆ زۆرێك لە بەرگەکانی جۆنتا لە زۆربەی کتێبخانەکانی ئەورووپادا دەبینین کە شایەتی سەرکەوتنێکی گەورەیە کە ئەم کتێبانە لەو سەردەمەدا بەدەستیان هێناوە.

155- Pierre _ Louis Farnese.
156- Alexandre Famese.
157- PaulIII.
158- Parma.
159- Piacenza.
160- Giunta.
161- Junte.
162- Philippo Giunta.



## هونەری نووسین لە ئەڵمانیا و لە قۆناغی ڕێنسانسدا

### لوتکەی هەڵکۆڵین لەسەر دار:

### سەردەمی دورێز

لە ئەڵمانیادا و لە سەدەی شانزەهەمدا (چەرخی زێڕین) هەڵکۆڵین لەسەر دار دەستی پێکرد. لە هەمان ئەو کاتانەی کە هونەری ئیتاڵی سەرکەوتنێکی زۆری لە هونەری کتێب ڕازاندنەوەی ڤسیایی و فلۆرانسیدا بەدەست هێنابوو لە شارەکانی ئەڵمانیایی باشووردا پیشەسازی چاپکردن سەرکەوتنە سەرەتاییەکانی خۆی جێگیرکرد. هەڵکۆڵین لەسەردار بۆ یەکەم جار لە شێوە روونکەرەوەکاندا بەکارهێنرا.



لە ساتەکانی دوای سەرەتای سەردەمی چاپکردن هەڵکۆڵین سەرکەوتنێکی یەك لە دوای یەکی هەبوو بە جۆرێك کە هەندێك لە کتێبەکانی وەك کتێبی چاپیان[١٦٣] لە نووسینی بریدینباخ[١٦٤] و کتێبی مێژوی جیهانی[١٦٥] لە دانانی سیدیل[١٦٦] دەرکەوتنی دەستی پێکرد.

وێنەی هەڵکۆڵراوی سەردار
لەکاری ئەلبێرت دورێر سەدەی شانزەهەم

163- Livre du pelerine.
164- Breydenbach.
165- Universal Chronicle.
166- Schedel.



وێنەی هەڵکۆڵراوی سەردار، وێنەی گەورەکانی نەمسا لەکارەکانی دورێر

**دورێر و هەڵکۆڵین بەرەش و سپی:**

لە شاری نورم بێرگ لە ساڵی ١٤٩٨دا خەونەکانی یۆحەنا لەلایەن دوو هونەرمەند دروستکرا. تابلۆ گەورە پانزە لاکان کە لەسەر دار هەڵکۆڵرابوو یەکێکە لەو کارە هونەرییانەی کە قۆناغێکی دیاریکراو لە پیشەسازی چاپ پیشان دەدات و لەوکاتەدا وێنە چاپییە رەش و سپییەکان بەبێ ئەوەی کەوا رەنگ بکرێن بەتەواوەتی پەرەی سەند. بەجۆرێك کە بەهۆی ئەو سێبەر و تیشکانەی کە تەنها لە ئاکامی کێشانی هێلی رەش لەسەر کاغەزی سپی دەستکەوت، کاریگەرییەکی تەواو سەرنج راکێشی لەسەر بینەران بەجێ هێشت.

لێرەدا درێر هەستە قوڵە ئایینییەکانی خۆی لەم شێوەیەدا هەڵکۆڵێرانەدا دەخاتەڕوو. هەروەك لە هەندێك شوێنی دیکەی کۆمەڵەی وێنەکانیدا ئازارەکانی مەسیح دەخاتەڕوو (بەتایبەت دوانزە پەڕە کە لە ساڵی ١٥١١دا دروستکرا) یان چەندین وێنە لە ژیانی مەریەمی پاك داوێن کە هەڵکۆڵینی ئەم وێنانە لەسەر دار توانا و لێهاتووی بێ هاوتای ئەم هونەرمەندە پیشان دەدات.

زانراوە کە دورێر، هەندێ وێنەشی لەسەر مس هەڵکۆڵیوە کە بەناوبانگترینیان شێوەی ئازارەکانە کە لە ساڵی ١٥٠٩دا لە شانزە وێنەی هەڵکۆڵراوی سەر مسدا دروستی کردووە.



**بەرفراوان بوونی هەڵکۆڵینی سەر دار لە ئەڵمانیادا:**

ئەوەی لە ئیتاڵیادا روویدا، ئەڵمانیا بەسەری داهات ، لە ماوەیەکی کەمدا بوونە هۆی سەرسوڕمان و، هونەری هەڵکۆڵین لەسەر دار گەیشتە بەرزترین ئاستی پێشکەوتن.

پاشان ئەم هونەرە بەشێوە جولانەوەیەکی بەربلاو لە نێوان خەڵکیدا پەرەی سەند. پاش ئەوە دورێر بەهۆی نەخۆشی گیانی دەرچوو. بەڵام هەروەك کە چاوەڕوان دەکرا، ناوەندی گەورەی ئەم هونەرە کە بەرهەمەکەی لە هەزاران کتێبی ئەڵمانیدا بەجێ ماوە، شوێنی نیشتەجێی دورێر واتە شاری نورمبێرگ نەبوو بەڵکو شاری ستراسبۆرگ بوو. لە نموونەی ئەو کتێبانەی کە لەوێدا بڵاوکردبووەیەوە هەندێ لە بەشەکانی کتێبەکانی گژوگیا و رووەکەکان بوو[١٦٧]. هەروەها هەردوو شاری گزبۆرگ بەتایبەتی شاری بال لە ناوەندە گرنگەکانی ئەم پیشەسازییە بوو.



شێوەی -٧- تابلۆی دەستپێك تەهولباین بۆ بەشێك

167- Krauterbucher.

## بال ناوەندی لێکۆڵینەوە مرۆییەکان:

باڵ وەکو شاری کتێب و ناوەندی ئەدەبی سویسرای ئەڵمانی ناوبانگێکی نوێی دەرکرد و لە ساڵی ١٤٩٤ لەو شارەدا یەکێك لە ناسراوترین کتێبەکانی بڵاوکرایەوە کە نووسراوێکی داشۆرین (هجو) بوو کە سباستیان برانت[١٦٨] بەناونیشانی کەشتی دێوانەکان[١٦٩] نووسیبووی. زۆرێك لەو باوەڕە دابوون کە وێنەکان لەسەردار هەڵکۆڵراوە وەك وێنەی عاشقی بەناوبانگی کتێب کە گومانی تێدا نییە کە بەرهەم هێنانی کتێبە لە بالدا نزیکەی ئەندازەی هەمان بەرهەم بوو لە ئەڵمانیای باشووردا.

بێگومان لەو کاتەدا بال بەهۆی چەند ئەنجومەنێکی گەورە لە نێوان ساڵەکانی ١٤٣١-١٤٤٩دا رێکخرابوو. یەکێك لەو شارانە دەهاتە ژمار کە وەك بازنەی بەیەکگەیاندنە لە نێوان جیهانی جێرمەن رێنسانسی ئیتاڵیدا. ئەم شارە لەسەردەمی گەشەسەندنی هونەری هەڵکۆڵین لەسەر دار بە شورایەك دادەنرا کە پشتگیری لە جولانەوەی مرۆگەرایی ئەڵمانی دەکرد. ئیرا سام[١٧٠] خەڵکی شاری رۆتەردام[١٧١] لەوێدا نیشتەجێ بوو، و چاپکراوە بەناوبانگەکانی لە کتێبە کلاسیکی و کتێبەکانی پیاوانی کلێسا لەم شارەدا بەئەنجام گەیشتووە و لە جیهاندا بڵاوبوویەوە. ئەم چاپانە لەڕووی زمانناسییەوە لە چاپەکانی ئالدوی پایەبەرزتربوون.

## هۆلباین و لوتزیک بورگێر:[١٧٢]

لە شاری بالدا هەلومەرجێك هاتە پێشەوە کە بزاوتنی ئەم لەو سەردەمەی کە تایبەت بەکتێب، بەهێزتربووە. چونکە لەو شارە یەکێك لە نوێنەرە گەورەکانی ئەم هونەرە دەبینین. مەبەستمان هولباینی بچووکە، کە لەگەڵ هەڵکۆڵەری بەناوبانگی داردا هانز لوتزیل بورگێر و خاوەن چاپخانەیەکە کە ناوبانگی لەو کەمتر نەبوو بەناوی یۆهان فرۆبین یان فرۆبینۆس بوو بەشەریك فرۆبین ساڵانێکی دوورودرێژ ئیراسەی لە ماڵەکەیدا وەك هاوکارێکی چالاك لە بەشە زانستییەکاندا نیشتەجێ کردبوو. لەبەر ئەوەی هەریەکەیان بەچاکترین کەسانی سەردەمی خۆیان

168- Sebastien.
169- Narrenschiff.
170- Erame.
171- Rotterdam.
172- Holbien, Lutzelburger.



لە قەڵەم دەدران، پێکەوە سەرکەوتووبوون لە چاپکردنی ئەو کتێبانەی کە لە هەموو ئەورووپادا



شێوەی -٨- پیتە شکاوەکانی کۆن

ناوبانگی دەرکردو هاوکاری هولباین و لوتیزیل بورکیز لەم کتێبانەدا بریتی بوو لە رازاندنەوەی ناونیشانە جوانەکان و پیتە گەورە یەکەمینەکان. لەم جوانکارییانەدا کۆمەڵێك منداڵی بچووك و چالاك کە لە دیمەنێکی جواندا لەنێو کوڵە کرد کەوانە کۆنەکان و جوانکارییەکانی دیکەی رێنسانسدا سەرقاڵی سەما و هەڵبەز و دابەزن شێوەی -٧- جوانترین وێنەکانی هولباین چەند وێنەیەکی (تەوراتی) سەردەمی کۆنە کە بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٥٤٧دا بۆ کتێبێك لە شاری لیۆندا چاپکرا.

لەو هێڵە پان و روونانەی کە وێنەکانی هولباین پێك دەهێنن، وەها دەردەکەوێت کە بەتایبەت دروستکراوە، چونکە لەگەڵ پیتی ناسك و ئیتالیکی رۆمیدا بەتەواوی دەگونجێت و ئەم گونجانەش لە نێوان پەڕەی ناوەڕۆکی نووسین و وێنەکانیشدا رێکخرایەوە، هەروەها لە وێنەکانی کتێبی خەونەکانی پولی فیل هەرچەندە شێواز و جۆری ئەم کتێبانە جیاوازترە، بەڵام ئەم حاڵەتە بەدی دەکرێت.

## هونەری کتێب رازاندنەوە لە ئۆگسبێرگدا:



شێوەی -٩- پیتەکانی شواباجی کۆن

ئۆگسبێرگ دووەمین ناوەندی سەرەکی بوو بۆ پیشەسازی کتێب لەسەردەمی رێنسانس لە ئەڵمانیادا و جێی سەرسوڕمان نییە کە شەپۆڵەکانی رێنسانس بەهۆی پەیوەندی بازرگانی بەردەوام لەگەڵ ئیتاڵیا و ڤینسیادا بەئۆگسبێرگدا گەشتبوو. وەیەکێك لە خاوەن چاپخانەکان لە ساڵی ١٥٣٢ لە ئۆگسبێرگدا کتێبێکی پیترارك بەناوی خۆشبەختی لە پزیشکیدا[١٧٣] بڵاوکردەوە،

173- Vonder Arznei beiden gluckes.

ئەم کتێبە کە ٢٥٠ وێنەی هەڵکۆڵراو لەسەر دار لەلایەن هانس مابرنس[١٧٤] رازێنرابوویەوە وەشایەتی دەدا لەشەر شارەزایی دەرکی هونەری قوڵیان.

**کتێبەکانی ئیمپراتۆڕ ماکسی ملیان:**[١٧٥]

هەوڵەکانی ئیمپراتۆر ماکسی ملیان یەکەم، گرنگییەکی زۆری لەسەر نووسینی گوتیك هەبوو، ئەو نووسینەی کە تا ئەوکاتەی فەرمانڕەوایی کتێبی دەکرد. لەوەتەی کە دەیویست لەخۆیدا گەورەیی دەستەڵاتەکەی ئاشکرا بکات و یادگاری نەتەوەی لەنێو خەڵکەکەیدا بەهێز بکات. بڵاوکردنەوەی هەندێك لە کتێبە مێژووییەکانی لە ئەستۆ گرت کە بەناوبانگترینیان کتێبی سوپاسی فراوان[١٧٦] ئەو لەم کتێبەدا رووداوە سەرکێشییەکانی خۆی لەکاتی ژنهێنانەدا لە بیرگاندی فەڕەنسی بەشێوەی قارەمانێتی باسی دەکات.

**پیتە نوێیەکانی ئەڵمانی – پیتی شکاوە و پیتی شواباخ:**[١٧٧]

پێس هەموو شتێ، ناوبانگی کتێبێکی تیۆردانك[١٧٨] کە بە ئەندازەی ٢/١ بڵاوکرایەوە، دەگەڕێتەوە بۆ پیتە جوانە قورسەکانی کە هەموو هێڵە راست و کەوانییەکانی نووسینی بەربڵاوی زیادکردووەتە سەر نووسینی گوتیك. پاشان پیتەکانی تویردانك کە شێوەی زۆر نوێ و ئاسانی هەیە، بەجۆرێك کە بەشکاو ناودەبرێت و ئەم ناوە وەرگیراوە لە وشەی لاتینی فراکتوم[١٧٩] کە بەواتای شکان دێت (شێوەی -٨-)

ئەم پیتانە تا ئەمڕۆ وەك پیتی سەرەکی چاپ دادەنرێت لە ئەڵمانیادا وڵاتە کارتێکراوەکان بەهونەری ئەڵمانی. هەروەها پیتی گوتیکی شکاو، لە پیتی گوتیکەوە هاتبوو، لە سەرەتاکانی چاپدا بەکاردەهێنرا.

پاشان بەتێپەڕبوونی کات هێدی هێدی جێگەی گرتەوە و بوونە نموونەیەکی جیاکەرەوەی جۆرێك نووسین، کە بەشێوازی باروك ناسرابوو.

ماوەیەکی کەم پێش ئەمە بەشێوەیەکی دیکەی پیتەکان بەناوی پیتی شواباخ دەرکەوت. گەرچی ئەم ناوە لە بنەڕەتدا نەناسراوە، بەڵام دەگەڕێتەوە بۆ شاری شوایاخ نزیك شاری

174- Hans Weiditz.
175- Maxmilein.
176- Teuerdank.
177- Schwabach.
178- Teuerdank.
179- Fractum.



نورەمبێرگ. بەتێڕوانینی ئەو پیتانەی کە لە چاپی کتێبی رێزماندا بەناوی کالۆ کیلون[١٨٠] بەکارهێناوە، دەگونجێت پیتەکانی شواباخ لەم کاتەدا گەیشتووەتە ئەوپەڕی پێشکەوتنی خۆی، گوتەنبرگ ئەو کتێبەی لە ساڵی ١٤٦٠ دا لە شاری ماینز چاپکرد. ئەم کتێبە بەتەواوی لاوانی نموونەی گوتیکی بۆ نموونەی رۆمی دەخاتەڕوو، و ئەم کارە بەدانانی هەندێ شێوەی پانتر و بازنەیی تر لە جێی شێوە شێوەی گۆشەدارە چوارگۆشەییەکاندا دروستبێت.

شێوازی گوتیك بەوە دەناسرایەوە و دیاردەیەکی ئاشکرا لەسەردەمی رێنسانس وێنادەکات.

جگە لە بەرفراوانبوونی بڵاوبوونەوەی پیتی شواباخ (شێوە -٩-).

وەکو پیتە شکاوەکان نەبوو، چونکە لە هێڵی شێوە مانگی لە هەندێ لە وشەکاندا، لە دەرەوەی ناوەڕۆکی نووسراوەکە پیشان دەدرا، لەبەر ئەم هۆیە لەم رۆژگارەی ئێمەدا بەشێوەیەکی تایبەت بەکاردەهێنرێت.

**وێنە دروستکردن و جوانکاری:**

کتێبی تویردانك بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٥١٧دا بڵاوکرایەوە و هانس شوپێنسپرگۆ[١٨١] خاوەن چاپخانەی تایبەتی ئیمپراتۆر ماسکی میلیان چاپی کرد و ناوبانگێکی زۆری پەیداکرد، ئەم کتێبە وەك کتێبەکانی دیکەی ئیمپراتۆر تاڕادەیەك تەواو کرا بەهۆی وێنە گەورەکان، زۆری نوسخەکانی ناوبانگی زۆری هەیە و لەم کتێبەدا زۆرترین ناوەڕۆکی نوسخەکان بەوێنەی راستەقینەکان، وێنەسازی بۆ کراوە.

لە نێو ئەو هونەرمەندانەی کە بۆ ماکسی ملیان کاریان دەکرد، دوریرو لوکاس کراناخ[١٨٢] هانس بورك مابەر[١٨٣] و چەندین هونەرمەندانی دیکە هەبوون، بۆ نموونە دوریر لە وێنەسازی کتێبی پاڕانەوەدا بۆ کۆمەڵەی قەشە، جۆرج بەشداریکرد، ئەو کەسە بوو کە چەند کەرەستەیەکی بۆ شەڕ لەگەڵ تورکەکان دروستکرد و بەکاری هێنا، گەرچی بەهۆی مردنی ئیمپراتۆرەوە، ئەم کارە بەنیوە ناچڵی مایەوە. دانیال هاپفەر[١٨٤]یش توانی کۆمەڵی تابلۆی

180- Catholicon.
181- Hans schonsperger.
182- Lucas Chrana ch.
183- Hans Burg Kmair.
184- Daniel Hopfer.

سەرەتای کتێبەکان بەخەیاڵێکی سەرنجراکێش و کاریگەرییەکی گەورە دروست بکات و ناوبانگێکی گەورەی بەدەست هێنا.

**کتێبەکانی دوعا و نزا (عیبادەت):**

بەبوونی ئەمانە نابێت کە ئەم کتێبە بەنرخانە، ئەو کتێبانەی دیکە کە لەم سەردەمەدا بەرهەم هێنران، چاپە ئاساییەکانمان لە بیر نەبەرنەوە، چونکە هەروەك چۆن کە بەرگەکانی گرولێی و هاوکاری لە مێژووی هونەردا بەکارێکی پڕ بایەخ لە قەڵەم دەدرێت، سەرەڕای ئەوەی کە بەکارهێنانی سنووردارکرابوو بۆ چینە دەوڵەمەندەکان، کاری ئەو هەڵکۆڵەرەوانەی لەسەر دارەکان کە ناومان هێنان، گرنگی خۆیان هەیە ئەگەرچی دیاردەیەکی نایاب نییە، بەڵام پێویستە ئەوان وەك ئەو درەختانەی بەرو لە قەڵەمیان بدەین کە بەشە وشك بەرزەکانی لە درەختەکانی دیکەی دارستان بڵندترە.

بێگومان پێویستە لەو کۆمەڵە زۆرە کتێبانەدا هەندێ لە کتێبەکانی دوعا و سروودو کتێبەکانی ئەرکە ئایینی و سروتەکان چەندینی دیکە بناسین کە تایبەت بوون بەبنەماکانی بەندایەتی کردن. پێشتر هەندێك نموونەمان بۆ هێناوە کە کڵێسا فەرمانی بڵاوکردنەوەی ژمارەیەکی زۆری دابوو، دەڵێن ئەڵمانیا بەتەنها لە نێوان ٥٥٠-٦٥٠ دانەی لەم جۆرە کتێبانە لە ماوەی نێوان ساڵەکانی ١٤٥٧ تا ١٥٢٥دا بەرهەم هێناوە، ئەم کتێبە بەرفراوانانە لە ئەندازەی ٢/١دا چاپکراون، بەهۆی پیتە گەورە بچووکەکانەوە بەشە جۆربەجۆرەکانی کتێبەکان دیاری کراون، هەروەها بەهۆی چاپی یەك لە دوای یەکی رەنگی سور و رەش کاریگەرییەکی جوانکاری زۆری لە دوای خۆی بەجێهێشتووە و زۆرێك لە چاپخانەکان شارەزاییان لەم جۆرە چاپەدا پەیدا کرد، بەجۆرێك لەم بوارەدا چالاکی زۆری لە زۆربەی شارەکاندا وەك لایپزیك[١٨٥]، سپایریس[١٨٦]، کوان ماگدیۆرك[١٨٧] ، بال[١٨٨]، جێنەوا، پاریس، لیون، دەستی پێکردووە

185- Johan Sensenschmidt.
186- Leipzig.
187- Spirles.
188- Magdebury.



چەندین هونەرمەندی دیار و بەرجەستە بەشدارییان تێداکرد وەك ئەو کتێبانەی پاڕانەوە کە یوهان سینسین شمێت[١٨٩] بۆ قەشەی شاری راتیسنون چاپی کرد.

کتێبە بچووکە فەڕەنسییەکانی ساتەکانی ئەرکەکان - وەك پێشتر باسی لێکرا و کتێبەکانی بەندایەتی کردنی ئەڵمانی و هاوشێوەکانی وەك بێستانی رۆمی بچووك[١٩٠] کە بڵاوکەرێکی بەناوبانگ بەناوی ئالتۆن کۆبەرگەر لە شاری نورەمبێرگ بڵاوی کردبوویەوە لە وێنەسازیدا هانس سپرینگ ئینکلی[١٩١] کە یەکێکە لە قوتابییەکانی دورێر بەشداری کردووە و تاڕادەیەك هەمان حاڵەتی ئەو کتێبانەی دیکەیان هەیە.

کتێبەکانی مەزارە ئایینییەکان جۆرێك کتێبی بەکارهێنرابوو وەك رێبەری حاجییەکان، ئەو کتێبانەی کەدیمەنەکانی مەزارە ئایینی و کڵێسا و شوێنە ئایینییەکانی دیکەی باس دەکرد. لە باشترینی ئەم کتێبانە ((رێبەری دیتنبێرگ))[١٩٢] بوو کە کارخانەی لوکاس کراناخ وێنەکانی بۆ زیاد کردووە. بەبوونی زۆرێك لەم کتێبە بچووکە ئایینییانە سەرەتای دەرکەوتنی چەند کارێکە کە لە نیوەی دووەمی سەدەی پانزەدا کە بوویە هۆی داڕووخانی هونەری هەڵکۆڵین لەسەر دار لە ئەڵمانیا و ئیتاڵیا و فەڕەنسادا.

## چاپخانە و کتێبخانەکان لە سەردەمی چاکسازیی ئاییندا

### کاریگەریی چاکسازیی ئایینی لەسەر کتێب:

### داڕووخانی لایەنی هونەری

ئەو بابەتانەی کە زۆرترین بەشی ئەدەبیاتی سەر بەچاکسازی ئایینی بوو پەیوەندی بەرووداوەکانەوە هەبووە هیچ گومانێکی تێدا نییە، لەم رووەوە ئەو بزاوتنەی کە ((لوتەر)) لە ساڵی ١٥١٧دا دژی کڵێسای کاسۆلیك دەستی پێکرد، ئاگادارکردنەوەیەك بوو بۆ شۆڕشێکی گەورە کە کاریگەری خۆی لە مێژوودا بەجێ دەهێنێ لەم نوێیەدا، بەناوی چاپکراوەکانی رووەو ئەڵمانیا و وڵاتە هاوسێکانی دیکە برد، بەهۆی ئەم بزووتنەوە لافاوە ئاساییە، لە جووڵانەوەی

189- Bale.
190- Hortulus Animae.
191- Hans Springinklee.
192- Wittenberg.

ئایینی نوێدا چەکێکی کاریگەرتری لە چەکەکانی دیکە بەکارهێنرا، تەنانەت شایەنی باسە کە سەرکەوتنی خێرای چاکسازانی ئایینی بەهۆی داهێنانی چاپەوە بوو.

بەدڵنیاییەوە جوانکاری پێویست نەبوو بۆ ئەم بڵاوکراوە ئەڵمانییە بێ شومارانە کە زۆرجار ناونیشانی وروژێنەری هەبوو، چونکە چاپکراوی بەربڵاوی تایبەت بەم بۆنەیەوە بۆ جێگیرکردنی پەیامەکانی شۆڕش، دەبوو بەنرخێکی کەم بفرۆشرێ، لەبەرئەوە جۆری کاغەزەکان دابەزی و پیتەکانی شواباخ و پیتە شکاوەکان کە گەیشتووە ئایینییەکانەوە پەیدابوو زیانی گەیاند بەپیتە کۆتیکی کۆن. هەروەها دواجار کلێشەی خراپ کە جوانکاری زۆر کەمی هەڵکۆڵراو لەسەر داری هەبوو، بەکارهێنرا، بەرەبەرە چاپی ئامێری (مەکینەی) کارێکی نەخوازراوی دروست کرد.

**داڕووخانی ئاستی کتێب و بڵاوبوونەوەی لە نێو خەڵکیدا:**

بارودۆخی گشتی چاپ لە زۆربەی چاپکراوەکانی سەدەی چاکسازی ئایینیدا هەر بەو جۆرەبوو، تەنها لە هەندێ بواری کەمدا نەبێت، لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت ئەوە لە یاد نەکەین کە چاکسازی ئایینی هۆکاری بڵاوبوونەوەی کتێب بوو لە نێوان جەماوەردا کە تا ئەوکاتە نەناسراوبوو لایان و کاریگەرییەکەی تاڕادەیەك هەبوو کە دەتوانرێ بەبەرهەمی گرنگی پێدانی تایبەتی لوتەر دابنرێ لەسەر عەقڵی نەوەکانی میللەت.

**بڵاوبوونەوەی کتێبە ئایینییەکانی پرۆتستانت:**

دابەزینی پیشەسازی چاپ لەسەردەمی چاکسازی ئایینی، کتێبەکانی ئایینی پرۆتستانتی و کتێبە ڕێنەدارەکانی تەوراتیشی دەگرتەوە هەرچەندە ئەم کتێبانە سەر بەکتێبە کاسۆلیکەکان نەبوون، تاڕادەیەك کە ناتوانرێت چوارەمین کتێبی وەك قەشەکانی لۆگزبێرگ کە لە ساڵی ١٥٥٥دا بڵاوکراوەتەوە و دانەیەکی لە کتێبخانەی نەتەوەی میونیخدا هەیە، بەراورد بکرێت لەگەڵ جوانترین کتێبە پیرۆزەکانی کاسۆلیکیدا. لە نزیکەی کۆتایی سەدەی پانزەدا چەرخی زێڕینی کتێبە ئایینییە گەورەکان تەنانەت لە وڵاتە کاسۆلیکییەکان کۆتایی پێهات، هەروەك چۆن ئەو چاپکراوە تایبەت و جۆراوجۆرانەی کە قەشەکان بڵاویان دەکردەوە کەم بوونەوە و



جێگەی سپارد بەو کتێبە پیرۆزانەی کە ئەنجوومەنی ترانت[١٩٣] بڵاوی دەکردەوە و جگە لە ڕۆما تەنها ناوەندی دیکەی چاپ شاری ئانڤیرس[١٩٤] بوو.

**خاوەن چاپخانەکانی شاری ڤێتەنبێرگ:**

هەرچەندە هاوکاری نێوان چاپخانەکان و هەڵکۆڵەرانی سەر دار لە باشووری ئەڵمانیادا تێکچوو، بەڵام زۆری نەخایاند کە ئەڵمانیای باکوور دووبارە جێگەی جارانی خۆی دەست کەوتەوە و، وەك ئەڵمانیای باشوور هەر لەو بارودۆخە نەمایەوە. لە ناکاو شاری ڤێتێنبێرگ گۆڕا بۆ زانکۆیەکی نوێ و ناوەندێکی گرنگ لە جیهانی کتێبدا. بەرهەمەکانی لۆتەر دەربارەی ئامۆژگاری و نووسراوە جەدەلی و ئەخلاقییەکان لەلایەن خاوەن چاپخانەکانەوە چاپکرا و سەرەڕای نارەزایی بوونی خۆی بەرهەمەکانی بەهۆی خاوەن چاپخانە بەرێزەکانەوە ژمارەیەکی زۆر لەشارەکاندا بەشێوەیەکی بەرفراوان چاپکرا، وەك شارەکانی بال، ئۆگسبێرگ، نورەمبێرگ، سیراسیۆرگ، و سەرەڕای نارەزایی قورسی لۆتەر، بازرگانە گەریدەکان لەگەڵ زیادبوونی بڵاوکردنەوەی تەورات و سروتەکان بەزمانی ئەڵمانی، بۆ فرۆشتنی ئەم کتێبانە چالاکی خۆیان زیاد کرد.

لە ماوەی سێ مانگدا، چاپی یەکەمی وەرگێڕاوی چەرخی نوێی (ئینجیل)، چاپی لۆتەر ئەو چاپەی کە لە ساڵی ١٥٢٢دا لە ٥٠٠٠دانەدا لەلایەن میلکیور لۆتەر[١٩٥] لە شاری ڤێتێبێرگ ئەنجامدرا، زۆر نایاب بوو بەقورسی دەست دەکەوت، ئەم کارەش بەهۆی گرانی نرخەکەیەوە بوو. نرخەکەی فلورینێك و نیو بوو کە دەکاتە ١٢٠ فرانك. بەدوای ئەمەدا، وەك دەگێڕنەوە هانس لوفت[١٩٦] چاپکەری رەسمی ئینجیلی لۆتەر بوو. سەد هەزار دانە لەم کتێبە چاپکرا. هەروەها چاپکردنی ئەو کتێبانەی لۆتەر کە تایبەت بوو بەزانیاری و ئامۆژگاری ئایینی سەرکەوتوو بوو.

193- Cancile de Trent e.
194- Anvers.
195- Melchior Lotter.
196- Hans Lufft.

## بازاڕەکانی کتێب:

وەها باوبوو کە هەموو بازرگانان و بڵاوکەرەوانی کتێب هەموو ساڵێك دووجار لە بەهار و پاییزدا لە بازاڕی شاری فرانکفۆرت دا کۆبنەوە و تاوەکو بازرگانی کتێب لەرێی ئاڵوگۆڕی پەرە بەپەرەی کتێبەکانەوە بکەن. بەجۆرێك کە شوێنە بازرگانییەکان پڕ دەبوو لە جموجۆڵ و چالاکی لە ئاکامدا بەهۆی هەڵکەوتنی شوێنی جوگرافی ئەو فشارە کە یەکێك بوو لە ناوەندە گرنگە شارستانییەکانی ئەورووپا لەو سەردەمەدا. هەموو کتێب فرۆشەکان لە ئیتاڵیا و فەرەنسا و شوێنەکانی ترەوە بۆ بەشداری کردن لەم بازاڕەدا دەهاتن بۆ ئەم شارە.

بەڵام شوێنی نیشتەجێ بوونی کتێب فرۆشان لە بەشی باشووری ئەم شارەدا بوو. هەمیشە ژمارەیەکی زۆر سندووق لەو شوێنەدا دەبینرا کە لەو کاتەدا بۆ هەڵگرتنی کتێبەکان بەکاردەهێنرا.

دواتر لایپزیك لەڕووی گرنگییەوە، توانی سەربکەوێت بەسەر بازاڕی فرانکفۆرتدا، بەجۆرێك کە تا ئەم ساڵانەی دوایی وەك ناوەندی کتێبخانەکانی ئەڵمانیا مایەوە لە ساڵی ١٥٦٤دا چاپکردنی فەهرستی ئەو کتێبانەی کە لە بازاڕدا دەفرۆشرا، دەستی پێکرد. لە نموونەی فەهرستەکانی ئەم بازاڕە، ئەو فەهرستە سەرنج ڕاکێشەیە کە هەر شەش مانگ جارێك بۆ کتێبە ئەڵمانییەکان دەردەچوو. کتێب فرۆشەکانیش لە کاتێکدا لەناو مەیدانی جولانەوەی چاکسازی ئاییندا بوون، خۆیان لەنێو کێبڕکێکەرانی نێوان رای کۆن و رای نوێدا دەبینییەوە ئەمان بەناچاری دەبوو لایەنگری یەکێك لەم دوو کۆمەڵەیە بکەن، زۆرینەی چاپخانە ئەڵمانییەکان لە ژێر دەستی پرۆتستانتەکاندا بوو. لە حاڵێکدا کە پاشماوەی چاپخانەکان کۆلۆنی ماییز تەنها بۆ ماوەیەکی کەم لە ژێر دەستی کاسۆلیکەکان دابوو، بەجۆرێك کە بڵاوکەران و خاوەن چاپخانەکانی ئەڵمانیای باشوور جگە لە کاتی بزاوتنی چاکسازی کاسۆلیکی و دوای ئەوە هیچ چالاکییەکان لەخۆ پیشان نەداوە.

## چاکسازیی ئاینی و کتێبخانەی کڵێساکان:

بەم جۆرە، چاکسازی ئایینی بوویە هۆی چالاکییەکی ئەدەبی زۆر، لە هەمانکاتدا وەك چاودێرێك فەرمانڕەوایی دەکرد بەسەر زۆرێك لە کتێبەکاندا، چونکە کێشمەکێشی لەگەڵ کڵێسای کاسۆلیکیدا هەبوو. ناچاربوو چاپکراوەکانی پاپاکان بخاتە بەرهێرش.. شتێك کە پێویستە جەختی لەسەر بکەین، ئەوەیە زۆرێك لە نوسخە دەست نەکەوتووەکانی پەرستگاکان و چاپکراوە سەرەتاییەکان لەم سەردەمە ئاڵۆزەدا، بەبێ سوودمانەوە و دووچاری چارەنووسێکی خەمناك بوونەوە.



## هێرش و وێرانی لە ئەڵمانیادا:

بە هۆی شەڕی جووتیارانەوە کە لە ساڵی ١٢٥٢دا بەرپابوو، ژمارەیەك لە کتێبخانەکانی کڵێساکانی ئەڵمانیا لەناوچوون. تەنانەت ژمارەی ئەو پەرستگایانەی کە کتێبخانەکانیان وێران بوو تەنها لە شاری تورنجیای دا دەگەشتە حەفتا کتێبخانە.

ئەو بەڵگەنامانە دان بەچارەنووسی پڕ ئازاری کتێبخانەکان دەنێن لە شارە پڕ شەڕ و شۆڕەکاندا، ئێستا بەڵگەمان لەبەر دەست دایە، کە ئەو سەردەمەی کە کتێبەکان سوتان یان دڕان و خرانە نێو ئاوەوە یان بەکیلۆ فرۆشران و دواتر زۆرێك لە کتێبخانەکانی فەرەنسادا وەك کتێبخانەی ملوری - سو - لوا[197] و کلونی[198] لەسەردەمی جەنگە ئایینییەکاندا دووچاری هەمان حاڵەت بوونەوە.

ئەمە ڕاست نییە کە رابەرانی چاکسازی ئایینی بەبەرپرسی کەمبوونی ئەوکتێبانە بزانین کە لە کتێبخانە دەوڵەمەندەکانی سەدەکانی ناوەڕاستەوە بەدەستمان گەیشتووە، چونکە یەکەم زۆرێك لە کتێبەکان لە پێش ئەم جولانەوەیەدا بەهۆی ئاگر کەوتنەوە کە کڵێسا و پەرستگاکانی وێران کرا و سوتان وەیان بەهۆی کەمتەرخەمی خودی راهیبەکانەوە بوبێت لە کۆتایی سەدەکانی ناوەڕاستدا. هەروەها زۆریشیان لەدوای چاکسازی ئایینییەوە بە هۆی ئاگرکەوتنەوە و جەنگەکانی ئەو سەردەمە لەناوچوون.

دووەم دەبێت لە یادی نەکەین کە کڵێسای لوتەر لە نرخی نوسخە دەستنووسەکانی سەدەکانی ناوەڕاست دوای زیادبوونی کێبڕکێ بۆ دەستکەوتنی ئەو نوسخانە، بێ ئاگانە بوو. کە نموونەی ئەو بەڵگانەی کە هەمانە فەرمانێکە لە کۆمەڵگەی ئۆرۆنیسێ لە دانیمارك لە ساڵی ١٥٧٧دا دەری دەکرد، تیادا هاتووە کە کتێبە کۆنەکانی کڵێسا وەك پیرۆزەکان و سروت و تەورات نووسراوەکان لەسەر پێست یان کاغەز دەبێت لە کڵێساکان بهێنرێتە دەرەوە و وەیان بۆ بەرگ تێگرتن سوودی لێ وەربگیرێت.

لە کۆتاییدا دەبێت بوترێت کە لوتەر لە ساڵی ١٥٢٤دا لە نامەیەکدا هەموو شارەکانی ئەڵمانیا ئاگادار دەکات کە کەمترین هەوڵ یان سەرمایە بۆ دامەزراندنی فرۆشگای کتێب یان کتێبخانە گرنگەکان بەتایبەت لە شارە گەورەکاندا نابێت بەکاربهێنرێت.

197- Fleury- Sur – loir.
198- Cluny.

**کتێبخانەکانی فەرمانڕەواکان:**

فەرمانڕەوایانی وڵاتە جیاوازەکان لە دامەزراندن و فراوانکردنی کتێبخانەی وڵات و زانکۆکانیان تا توانییان لە پاشماوەی کتێبی پەرستگا و کڵێساکان سوودیان وەرگرت، بۆ نموونە ئۆتون هێنری[١٩٩] نوێنەری لە ویلایەتی پالاتینان[٢٠٠] هەستا بەگواستنەوەی کتێبخانەی پەرستگای لورش[٢٠١] بۆ کۆشکەکەی لە شاری هایدلیبێرگ کە دواتر بوویە بەشێك لە کتێبخانەی زانکۆی ئەم شارە.

هەروەها کتێبخانەی پاشایەتی لە شاری شتوتگارت سوودی وەرگرت لە کتێبەکانی کڵێساکانی ڤۆرتەمبێرگ، هەروەها لە گەشەکردنی کتێبخانەی زانکۆی تونبێگن[٢٠٢]یشدا دەستی هەبوو. بەشێکی زۆر لە کتێبخانەکانی پەرستگاکانی ساکسی خوارو گواسترایەوە بۆ کتێبخانەی شازادەو لفێنبوتیل[٢٠٣]، دوای ئەو دوو کتێبخانەی دی خرایە سەر زانکۆی هێلمستان[٢٠٤] و لە ساڵی ١٥٤٣دا کتێبخانەیەك لە کتێبخانەکانی ساکسۆنی لە دامەزراندنی زانکۆی لاپیزیکدا بەشداریی کرد.

لەوڵاتەکانی باکووریشدا بارودۆخ هەر بەم شێوەیە بوو، بۆ نموونە کریشیانی سێهەم پاشای دانیمارك داوای لە یەکێك لە زاناکانی کرد بۆ گەڕان بەشارەکاندا بەمەبەستی لێکۆڵینەوە دەربارەی کتێبەکانی کڵێسا و پەرستگاکان تاوەکو بەو هۆیەوە کتێبخانەی زانکۆی کۆپنهاگن دەوڵەمەندتر بکات.

**دووبارە دامەزراندنەوەی کتێبخانە گشتییەکان:**

ئەم بارودۆخە بوویە هۆی پەیدابوونی ژمارەیەکی زۆری کتێبخانەی شارە نوێیەکان. دامەزراندنی لەسەر بنەمای ئەو کتێبخانە بوو کە لەسەردەمی کاسۆلیکەوە بەجێ مابوو و بەم شێوە کتێبخانەی شارەکانی ئۆگسبێرگ، فرانکفۆرت لوبێك، هامبۆرگ، مێجد بۆرگ. نورەمبێرگ و چەندینی دیکە بەهۆی لەناوچوونی کتێبخانەی پەرستگا و کڵێساکانەوە دروستکران.

199- Otton Henri.
200- Palatinate.
201- Lorsch.
202- Tubingen.
203- Wolfen buttel.
204- Helmstadt.



لە هەندێ شوێنی دیکەدا، نوسخە دەستنووسەکان لە کتێبخانە نوێکاندا کە سەر بەکڵێسا و پەرستگاکان بوو، دانران، بەڵام لە سەرەتای کاردا ڕۆڵی ئەم دامەزراندنە کەم بوو بە هیچ جۆرێك نەدەتوانرا بەراورد بکرێت لەگەڵ ئەو کتێبخانەی کڵێساییانەی کە ڕۆژگارێك لە ترۆپکی گەشەدا بوو.

**لەناوبردنی کتێبەکانی بۆ بەکارهێنانی لە کارەکانی دیکەدا:**

بەم جۆرە دواتر زۆرێك لە نوسخە دەستنووسەکانی سەدەکانی ناوەڕاست لەناوچوون، چونکە بەڵێنەرانی باکوور بۆ بەرگتێگرتنی دەفتەری حسابەکانیان بەکاریان دەهێنا.

لە ساڵی ١٦٣٤ ژمارەیەکی زۆر لە نوسخە دەستنووسە پێستییەکانی بەکارهێنرا بۆ دروستکردنی قەباغی فیشەکی یارییە ئاگرینەگان کە بۆ شادومانی لە کۆبوونەوەکانی ژنهێنانی فەرمانڕەوایانی کوپنهاگندا سوودی لێوەرگیرا. پاشان هەروەك شوێنەکانی دی بەرگگرەکان بۆ کاری ڕەنگ تێگرتنی نوسخە دەستنووسەکانی پەرستگاکانیان بەکاردەهێنا، لەبەر ئەوە لە کتێبخانە گشتییەکانی ئەمڕۆدا، چەندین کتێب دەبینین کە بە نوسخە دەستنووسە ئایینی و نائایینییەکان بەرگ تێگراون، بۆ توندوتۆڵی پێستی بەرگی کتێبی بەرگ تێگیراو وەیان بۆ داپۆشینی نوسخە دەستنووسە کۆنەکانیان بەکارهێناوە.

**دەستگرتن بەسەر کتێبدا لەلایەن نائایینەکانەوە لە ئینگلتەرا:**

لە بەریتانیا، بارودۆخەکە لەوە خراپتر بوو، چونکە ماوەیەکی کورت دوای سەرکەوتنی بزاوتنی چاکسازی ئایینی دەستی حکوومەت گەیشتە ماڵ و موڵکی کڵێسا، پەرستگاکان و دەستی بەسەردا گرت. لەو ساتەوەختەی کە شۆڕش گەیشتووتە لوتکەی کاولکاری و نوێنەرەکانی ئەم هێزە بەدەست بەکاربوون و کتێبخانە گەورە کڵێسایی و ئایینییەکان لە ساڵە سەرەتاکانی پێش رووخانی کڵێسای کاسۆلیکی گوازرایەوە بۆ کتێبخانە نائایینییەکان و بەم جۆرە تا ئەندازەیەك لەو زیانە زۆرەی کە بەسەر کتێبخانەکاندا رووی دەدا ڕێگیری کرا.

وەها گومان دەبرا کە لە بەریتانیادا چەند گۆڕانکارییەك بۆ پارێزگاری کردنی کتێبەکان لە چاو بگیرێت، چونکە ڕێزی شتومەکە دێرینەکانیان یەکێك بوو لە خوو نەریتەکانیان، بەڵام لەراستیدا ئەم بابەتە تەنها لە هەندێ کاتدا پەیڕەوی دەکرا، بێگومان جولیلاند[٢٠٥] بەڕێوەبەری

205- John Leland.

کتێبخانە پادشایی هونەری هەشتەم لەکاتی گەشتەکەیدا بۆ سەرتاسەری بەریتانیا لە نێوان ساڵەکانی ١٥٣٦ بۆ ١٥٤٢ سەرکەوتبوو لە رزگارکردنی هەندێ لە کۆمەڵە کتێبە گرانبەهاکان وە بیخاتە سەر کتێبخانەی شایەتی. بەپێچەوانەوە، کتێبخانەی بەناوبانگی زانکۆی ئۆکسفۆرد دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی چوارەم و لە ساڵی ١٥٥٠دا بەهۆی دەستەیەك نێردراوی ئێدواردی شەشەم یاخود کتێبەکان سوتان و یاخود فرۆشران. تا ساڵی ١٦٠٢دا بەهۆی هەوڵەکانی تۆماس بادلییەو کە یەکێك بوو لە کەسایەتییە حکومییەکان لە سەردەمی شاژنە ئیلیزابێسدا دووبارە ئەم کتێبخانەیە کەوتەوە گەڕ. ئەم کتێبخانەیە تاوەکو ئەمڕۆ بەناوی باولیانەوە بەپایەداری ماوەتەوە و بەدووەمین کتێبخانەی بەریتانیا دادەنرێت.

### کتێبخانەی ئەو وڵاتانەی کە کاریگەریی چاکسازیی پرۆتستاتیتان پێ نەگەیشتبوو:

بەڵام ئەو وڵاتانەی کە لەژێر فەرمانڕەوایی کڵێسای کاسۆلیکیدا بوون کتێبە کاسۆلیکە کۆنەکان لەگەڵ پێشوییەکانی سەرەتادا بەتایبەت لەو وڵاتانەی کە رابەرایەتی کردنیان بەدەست مەسیحییەتدا نەدەبوو، هەر بەم حاڵەیەی خۆی مایەوە، لەم وڵاتانەی وەك نەمسا و ئیتاڵیا و فەڕەنسا، زۆرێك لەم کتێبخانانە کاتێك گۆڕان بۆ کتێبخانە نائاییننییەکان لە کۆتایی سەدەی هەژدە و سەرەتای نۆزدەدا کە گەشە و پێشکەوتنێکی تەواویان هەبوو، بەڵام لە دواییدا ئەو گۆڕانە نائاییننییە دواتر سەری هەڵدا.

لە ساڵی ١٧٧٨ کتێبخانەی بەسوعی لە ئەڵمانیا داخرا پاشان لە ساڵی ١٨٠٣دا دەوڵەت ماڵ و موڵکی کڵێساکانی گرتە دەست.

لەم کاتانەدا گواستنەوەی کتێبەکانی کتێبخانەکانی کڵێسا ئەڵمانییەکان کە داخراوان دەستی پێکرد بۆ کتێبخانەکانی کۆشکی فەرمانڕەوایان و زانکۆ و خوێندگاکان گۆڕانی نائایینی بەبێ کۆنترۆڵ و تێبینیکردن و بەخێرایی روویدا بەجۆرێك کە ژمارەیەکی زۆر لە کتێبە گرانبەهاکان کەوتنە دەست کەسانی نەشیاو و بەنرخێکی هەرزان فرۆشران.

بەشێوەیەکی گشتی گۆرانی ئەم کتێبخانانە بۆ کتێبخانە نائاییننییەکان بوویە هۆی رووداوێك کە زاناکان توانییان بەئاسانی ئەو نوسخە دەستنووسە کۆنەیان دەست بکەوێت کە لەشەڕ و ئاشوب رزگاری بوو.



## هونەری بەرگ تێگرتن لە سەدەی شانزەهەمدا لە ئەڵمانیا

### بەرگە چاپکراوەکان بەهۆی چەرخەوە:

بەرگە بەرجەستەکان بەهۆی فشاری تابلۆ بەردییەکانەوە هێدی هێدی بەشێوەیەکی فراوان بەرهەم دەهێنرا. بەدرێژایی سەدەی شانزەهەم بەردەوام بوو، بەڵام جوانکارییەکان بەهۆی فشاری تابلۆ بەردییەکانەوە دروست نەدەکرا، چونکە لە پێش کۆتایی سەدەدا، لە کارخانەکانی بەرگ دروستکردنی ئەڵمانیدا ئامێرێکی بەناوی چەرخی بچووکەوە داهێنرا و جوانکارییەکان لەلای ئامێری فشارەکەوە کە بازنەیەکی هەڵکۆڵراو بوو بەهۆی فشاری زۆرەوە لەسەر بەرگەتەڕ کراوەکە دەسوڕایەوە.

### شێوازی نوێ و بەکارهێنانی لە چوارچێوەکاندا:

هەروەها بەهۆی ئەم ئامێرەوە، چوارچێوە یان لاکان بەهەمان نموونە هەڵکۆڵراوەکان هێڵکاری دەکران، ئەم کەرەستە نوێیە بەشێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو کاری دروستکردنی بەرگەکانی ئاسان دەکرد و کاتی زۆری نەدەبرد تەنانەت زیاد لەمەش، چەرخێك هەبوو لە هەموو کتێبەکاندا بەقەبارەی جیاواز بەکاردەهێنرا، بەپێچەوانەی تابلۆ بەردینەکانەوە ئامرازی فشارهێنان بۆ ئەندازەی ٤/١, ٢/١ی گەورە گونجاو نەبوو.

ئەم سوود و تایبەتمەندییانە هۆکاری مانەوەی ئەم چەرخەیە تاوەکو رۆژگاری ئەمڕۆمان، لەسەر چەرخەکان ئەم وێنانەی کە لایەنی ئایینی هەبوو، وەك وێنەی مەسیح و دیمەنەکانی تەورات و ئەو وێنانەی دیکەی پیشان دەدا کە رەمزی چاکەکانی مەسیحییەتیان هەبوو. وێنەی فەرمانڕەوایان و کەسایەتییەکانی دیکە بەبێ رەچاوکردنی شوێنی ئەم وێنانە لە بەشی سەرەوەی چوارچێوە یان پارێزگاریکردنی هاوسەنگییەکەی، دەکێشران و هەڵدەکۆڵران.

### بەردەوام بوونی چاپی جوانکاری بەهۆی تابلۆی بەردین لە ناوەڕاستی بەرگەکەدا:

بەکارهێنانی تابلۆی بەردین بۆ رازاندنەوەی بەشی ناوەڕاستی بەرگەکە و هاوڕێ لەگەڵ بابەتەکانی کە لە تەورات و شێوەی هێماکانی کە لە وێنەی کەسایەتییەکانەوە سەرچاوەی گرتبوو، بەردەوام بوو بەرگ تێگرەکان لەسەردەمی چاکخوازی پرۆتستانەکاندا، چاپی هەموو

یان نیوەی لوتەریان ملانکتون[٢٠٦] یان یەك لە دواییەك سەر بەرگی کتێبەکانی لە وێنەکانی تر بەباشتر دەزانرا، ئەو بەرگانەی کە وێنەی پێشەوایانی چاکسازی تێدایە لە کێشانی لوکاس کراناخ، بەدەست گەیشتووە. بەم پێیە وێنەی فەرمانڕەوا بەرجەستەکان و کەسایەتییە گەورەکان و نووسەرانی کلاسیك بەشێوەی فراوان دەبینن. هەروەها زۆربەی ئەو وێنانەی کە بەرگ سازەکان سوودیان لێ وەردەگرت شایەتی ئەوەن کە هونەری هەڵکۆڵین لەسەر دار مۆرە جوانکارییەکان لەم وڵاتانەدا لە ئاستێکی باڵادا بووە. لە نێوان ئەو بەرگانەی کە زۆرێك لە بەرگ تێگرانی وێتەنێرگ بۆ فەرمانڕەوایانی بنەماڵەی ئەنهالت[٢٠٧] یان دروست کردووە چەند نموونەیەکی دڵگیری ئەم جۆرە بەرگانەیە.

## گەورەیی چوارچێوە بەگوێرەی ناوەڕاست:

شێوازی نوێی بەرگسازی بەربڵاو لە ئەڵمانیا و وڵاتانی باکووردا لەسەردەمی چاکسازی ئایینیدا کە پاش ئەوەش بۆ ماوەیەکی زۆر هەر بەردەوام بوو بەکارهێنانی شێوازی بەرگسازی بوو بەپێستی گوێرەکەی بچووك یان بەراز وای سپی کردنەوەی و پێکهاتبوو لە دوو یان سێ چوارچێوە لە پاڵ یەکدیدا و بەهۆی چەرخەوە چاپکرابوو و تا ئەندازەیەکی و تاڕادەیەك بەشی ناوەڕاستی کە تەنگ بوو دەگرتەوە.

لە بەشی سەرەوەیدا شوێنێکی خاڵی بۆ دانانی پیتی یەکەمی ناوی خاوەنی کتێبەکە دانرابوو و لە خوارەوەی بەرگەکەشدا شوێنێکی خاڵی بۆ بەرواری بەرگ تێگرتنەکە دانرابوو. بەڵام هەرچی بەشی ناوەڕاستە، بەدروشمەکانی خاوەنی کتێبەکە پڕکرابوویەوە و هەموو بەشێوەیەکی بەبێ نەخش و نیگار چاپکرابوون.

بەڵام پشتی بەرگەکە پێکهاتبوو لە جوانکاری بەتاڵ و چەند لقێکی گەورە لەگەڵا یاخود گرێی بەرجەستەی لە خۆگرتبوو، بەجۆرێك لە خوارووی بەرگەکەدا چەندین بازنەی بەرجەستەی هەبوو. بەم ڕێگەیە بەشی پێشەوەی بەرگەکە دابەش دەکرا بۆ چەند بەشێك لەگەڵ ئەمەشدا لە هەندێ لە کتێبەکانی سەدەی شانزەهەمدا پشتی بەرگی کتێبەکان رووتەخت بوون و دوای ئەوە پشتی بەرگی رووتەختی کتێبەکان پتەوو توندوتۆڵ تر بووەو پشتی کاغەزەکان بەبێ ئەوەی بەرجەستە بێت کاری هەڵکۆڵینی بۆکراوە.

206- Melanchton.
207-Anhalt.



## بەرگە زێڕکاری کراوەکان:

لە نیوەی سەدەدا بەرەبەرە زێڕکاری لە بەرگسازیدا پەرەی سەند تاوەکو ئەوەی پلە بەپلە بەکارهێنانی شێوەی هەندەسی عەرەبی و بازنە بەبەناویەکدا چووەکان، کە پێشتر بەرگسازی ئیتاڵی بەم شێوازە ناوبانگی دەرکرد و رەواجی پەیداکرد.

جوانترین بەرگە زێڕکاری بۆکراوەکان ئەو بەرگانەیە لە شاری هابرلبێرگ لەلایەن کۆنت ئۆتوهێنرییەوە. وەك پێشتر ناومان هێنا دروستکرابوو. ئەم فەرمانڕەوایە فەرمانیدا کە بۆ کتێبخانەی کۆشکەکەی لە کتێبخانەی پالاتینی کە لەدواییدا ناوبانگی دەرکرد، کە لە ساڵی **١٥٥٣**دا کردی بەکتێبخانەی دەوڵەتی، چەندین بەرگ دروست بکەن. لەم بەرگانەدا جوانکاری بەرگسازی ئالتۆنی و بەتابلۆیەکی بەردین چاپکرابوو. هێمای کۆنتی پالاتینەکان لەسەری دانرابوو، چوارچێوەی ئەم جوانکارییانە ئالتون نەبووە و بەچەرخ چاپکراوە و پێکهاتبوو لە شێوەی رەمزی و یان ئەو شێوانەی کە تەوراتی نیشان دەدا.

هەروەها فریدریکی سێهەم جێنشینی ئوتوهینری، حەزی خۆی بۆ بەرگە جوانەکان دەرخست. بەرگێکی کتێبی پیرۆزیان بۆ دروستکرد کە تاڕادەیەك هاوشێوە بوو لەگەڵ جوانکاری سەرنج راکێشەکان و هێڵکاری رازاوەکانی شێوازی گرۆلیێ.

## بەرگەکانی جاکوب کراوس:[٢٠٨]

کاریگەری ئیتاڵی لە ئەڵمانیادا تەنها بەڕادەیەکی کەم دەرکەوت، ئەم کاریگەرییانە لەهەندێك لە بەرگەکانی کارخانەی ساکسۆنیدا ئاشکراتر دەردەکەوێت. ساکسۆن بوو بەناوەندێك لە ناوەندەکانی هونەری بەرگ تێگرتن لە ئەڵمانیاداو لەو کاتانەدا لە ڕیزی ورتەمبۆرگ و پالاتینەکان دابوو.

شازادەکانی ساکسۆنی شێوازی کۆنتی باڵاتینەکانیان بەکارهێنا لە بەرهەم هێنانی ژمارەیەکی زۆر بەرگی زێڕکاری بۆکراو هەندێکی دی لەو جۆرانەی کە ئێستا باسمان کرد.

لەسەردەمی شازادە ئۆگستدا کە عاشق و کۆکەرەوەی گەورەی کتێب بوو و لە ساڵی **١٥٥٣** تا **١٥٨٦** فەرمانڕەوایی کرد پێشکەوتنی هونەری ئیتاڵی و رۆژهەڵاتی بەتەواوی تێدا ئاشکرابوو. ئەو لەگەڵ هاوسەرە دانیمارکییەکەیدا ئانا.. بەشداری کۆکردنەوەی کتێبە فراوانەکانی کرد. ئەو کتێبانە جاکوب کراوس لە نێوان ساڵەکانی **١٥٦٦** و **١٥٨٩** دا کاری

208- Jacob Krause.

بەرگگرتنی بۆ کرد، پاشان کاسپا موزر[٢٠٩] لە ساڵی ١٥١٤دا لەگەڵیدا هاوکاری بەرگسازی کرد. ئەم دوو کەسە لە هونەرەکەیاندا زۆر بەناوبانگن.

لە بەرگەکانی ئەم شازادەدا رەگەزی دیاریکراوی بەرگسازی ڤینسیایی لەسەردەمی رێنسانسدا دەبینین، وەك بەکارهێنانی مقەبا و زێرکاری و جوانکاری ناسراو، شێوەی هەندەسی عەرەبی و شریتە رازاوە تۆڕییەکانی لەسەر شێوەی گرۆڵیی جوانکارییەکانی پشتی بەرگ و هەموو ئەم کارانە بەجۆراوجۆری سەرنج راکێش ئەنجام دەدرا و بێگومان ئەوانە بەڵگەی ئەوەن کە بەرکتێگر، لە نموونە ئیتاڵییەکانەوە ئیلهامی وەرگرتووە و هەروەها دەبینین کە بەگەڵاوگوڵی تێك ئاڵاو گوڵ باران کراوە هەرچی لاکانی کتێبەکەیە زێڕکاری کراوە و زۆرکات وێنەکێشراوە وەیان رەنگ کراوە. تاڕادەیەك کە تەنانەت ئەگەر لە بەرگەکانی کراوس رەخنەی ورد لەو بگیرێت کە لە بنەڕەتدا لاساییکردنەوە و نەگونجاوە، بەڵام بەڕاستی لەگەڵ هەموو ئەمانەدا جێگایەکی باڵای لە مێژووی هونەری کتێب رازاندنەوەدا بۆ خۆی دیاریکردووە. ئەو وردەکارییە هونەرییەی کە لە دروستکردنیدا بەکارهێناوە بەسە بۆ پتەوکردنی شوێن پێی خۆی سەرەڕای ئەمانە، کراوس تەنها پەیڕەوی لە نموونە پێکانەکان نەکردووە، بەڵکو رێزیشی بۆ دابونەریتی شارەکانی داناوە و چەند بەرگێکی پێستی بەرازی سپی دروستکردووە کە بەوێنە جوانکارییەکان رازاوەتەوە، بەهۆی چەرخ و تابلۆ فشار هێنە سادەو بێ نەخش و نیگارەکانەوە دروستکراون. لە کتێبخانەی کۆشکی شازادە ئۆگستدا، چاپخانەیەکەیشی بۆ دامەزراندبوو. ئەم کتێبخانەیە لە ساڵی ١٧١٧دا خرایە سەر کتێبخانەی نێونەتەوەیی ساکسۆنیا و تاوەکو ئەمڕۆش هەر بەپێوە ماوە.

**بەرگە زێڕکاری کراوەکان:**

لە سەدەی شانزەدا لە ئەڵمانیا بەرگە زێڕکاری کراوەکان لە سەدەی ناوەڕاست رەواجێکی نوێی بەخۆوە دی و هاوکات پیشەی زەرنگەری بلاوبوو بەتایبەت ٢٠ بەرگی زێڕکارکراو دەناسین کە لە کتێبخانەی شازادە ئەلبێرت دی پروس[٢١٠]وە بەدەستمان گەیشتووە دەستکردی زەرنگەرێکە لە شاری کونیکسبێرگ[٢١١] ئەم بەرگانە بەسەرنج راکێشترین کتێبە گرانبەهاکانی

209- Caspar Meuser.
210- Albert de Prusse.
211- Konigsberg.



کتێبخانەی زانکۆیی ئەم شارە دێتە هەژمار لەگەڵ ئەمەدا ، لە نێو ئەم بەرگانەدا لەڕووی جوانکارییەوە. هیچ پەیوەندییەك لەگەڵ بەرگە زێڕکارییکراوەکانی سەرەتای سەدەکانی ناوەڕاستدا نابینرێت. هەرچەندە هاوئاهەنگی هەیە لەگەڵ بنەمای بەرگە دروستکراوە پێستییەکان لەم سەدەیەدا. ئەو تابلۆ زێوییەی کە بۆ روپۆشی بەرگەکە بەکارهێنران، لە جوانکاری نووسینی بەدزو شێوەی هەندەسی ئیسلامی پێکهاتووەو زۆرکات لە بەشی ناوەڕاستدا وێنەیەك لە کەسایەتی یان شتەکان و هێما ئاڵتونییەکان بەشێوازێکی هونەری سەرنج راکێش دەبینرێت.



## هونەری کتێب ڕازاندنەوەی فەڕەنسی لەسەردەمی ڕێنسانسدا

### شێوازی گرۆلێی:

ئەگەرچی شێوازی گرۆلیێی، لەئەڵمانیادا بۆ ماوەیەکی دیاریکراو بەپایەداری مایەوە، بەڵام لەفەڕەنسادا بەرفراوانییەکی وروژێنەری دروستکردو هەر بەبەردەوامی بێ وەستان مایەوە.

### کتێبەکانی لویسی دوانزەیەم:

ئەو کتێبانەی کە بۆ لویسی دوانزەیەم چاپکران، گۆڕانکارییەك بوو لە نێوان هونەری گوتیك و هونەری ڕاپەڕینی نوێدا روویدا. لە سەرەتادا هەموو جوانکارییەکان لە شێوەی چاپکراوی سادە پێك هاتبوو، گەرچی دوای چاپکردن، زۆرکات زێڕکاری بۆ دەکرا. پاشان پاشا لە دوای هاوسەرگیری لەگەڵ ئان دووی بریتانی[٢١٢] هێماکانی چاپی سەر بەرگەکان بەوێنەی ژێرگ و لەگەڵ هێماکانی بەریتانیدا لە شێوەی سمۆرەدا چاپ کرد.

کۆنترین بەرگە زێڕکارییە فەڕەنسییەکان کە دەیناسین، لە ڕاستدا لە پێستی گوێرەکە دروستکراوە. تا ئەوکاتە هەمیشە ئەم بەرگانە چەند نیشانەیەکی لە کاریگەری بەرگە زۆر خایەن و وردەکاری و بێ نەخش و نیگارەکانی پێشووتری لەگەڵ بوو، لەگەڵ ئەمەدا و سەرەڕای ئەم وردەکارییە چەند نیشانەیەکی کەمی هونەری نوێ لەم کاتانەدا بەرچاو دەکەوێت.

پایەداری شێوازی ڕاپەڕینی نوێی ئیتالی لەو بەرگانەی کە پەیوەندی بە ساڵەکانی کۆتایی حکومەتی لویسی دوانزەیەم هەبوو یادی کرد و لەوکاتەندا بنەما هونەرییەکەی رووی لە زیادبوون کرد. زۆرکات دەبینن کە لاکانی کتێبەکەدا زێڕکاری یان وێنەکراوە. لەو بەرگە واتانەی گەلە خزمەت لویسی دوانزەیەمدا کاریان دەکرد گیولام ئوستاسی[٢١٣]ە کە بەرگتێکگری ڕەسمی زانکۆی پاریس بوو و هەروەها بۆ فرانسوای یەکەم کاری کردووە و سەرەڕای ئەوە کتێب فرۆش و چاپکەرێکی زۆر چالاکیش بوو.

212- Anne de Bretagne.
213- Gillaume Eustace.



### کتێبەکانی فرانسوای یەکەم:

لە ڕاستیدا سەرەڕای ئەوانەی کە دواتر، کاریگەری بەرگسازی ئیتالی تەنها دوای گەڕانەوەی گرۆلێی بۆ وڵاتەکەی، فەڕەنسا، دەستی پێکرد و نموونەی ئەم کاریگەرییە لە شاری بۆنیشدا کە وەك پاریس ناوەندی بازرگانی بوو دەبینن و هەروەها لە و بەرگانەی کە تایبەت بوو بەفرانسوای یەکەم ئەم دیاردەیە تێبینی دەکرێت. ئەو کەسەی کە حەز و کارتێکردنی بنەماڵەی مێتسی ئیتاڵیدا لێی دواین ئەو یەکەمین بوو کە یاسای سپاردنی زۆرەملێ لە تەوزعی بۆ کتێبەکان دانا. لە ساڵی **١٥٧٧**دا فەرمانێکی بۆ خاوەن چاپخانە فەڕەنسییەکان دەرکرد و ناچاری کردن کە بۆ هەر کتێبێك کە چاپ دەکەن دەبێت نوسخەیەك بدرێت بەکتێبخانەی پاشایەتی.

بەرگەکانی فرانسوای یەکەم دوو جۆر بوون، هۆی یەکەم تایبەت بوو بەکتێبە ئاساییەکان و هێما سادەکانی فرانسوا و وێنەی مارمێلکە هەبوو کە بڵێسە و کڵپەی ئاگر چواردەوری گرتبوو، هەروەها هێماکانی پاشایەتیش دەبینرا. لە بەرگەکانی دیکەدا ئەم نیشانە و هێمایانە، بەنووسینی بەرز، گوڵی ئاڵتونی لەگەڵ بوو. بەرگە جوانەکانی دیکە هەندێك چوارچێوە و وێنەی هەبوو کە بەتەواوی لە وێنە و بەرگەکانی گرۆلێی دەچوو. لەوانەیە بەو ئەنجامە بگەین کە پاشا هەروەك زۆرێك لە کتێب دۆستانی سەردەمی خۆی لە هونەرمەندانی گرۆلێی سوودی وەرگرتووە. بۆ دروستکردنی بەرگەکانی، وەك ڤاردنیاڵ چارل دورلورین، ناوی ژمارەیەك لە بەرگ سازەکانمان لەبەر دەستدایە کە بۆ پاشا کاریان دەکرد، وەك لویس بلوك لە شاری بروج کە کاری دەکرد بۆ کتێب دۆستانی ئەم سەردەمە، کلۆد گۆمێیە، بنەماڵەی ڕۆخێیەی باوك و کوڕ کە نازناوی بەرگسازانی پادشایان وەرگرت. نەگونجاوە هەر بەرگێك لە بەرگەکانی فرانسوای یەکەم بدەینە پاڵ هونەرمەندێکی دیاریکراو لە کاتێکدا کە ناوی ئەو هونەرمەندانەی کە هەستاون بەدروستکردنی ئەم بەرگانەی گرولێی، نازانین.

### چاپی هونەریی جێوفرۆی تۆری:[٢١٤]

هونەرمەندی گەورە جێوفرۆی تۆری هاو قۆناغی فرانسوای یەکەم و گرۆلێی بوو. بەکارهێنانی پیتەکانی گوتیك لە کتێبە فەڕەنسییەکان تا ئەوکاتەش باوی هەبوو. هەرچەندە کاریگەری شێوازی ئیتاڵیاش لەم بوارەدا بەرچاو دەکەوت بەجۆرێك کە پیتەکانی ڕۆمی لە

214- Geofroy Tory.

ساڵی ١٥٠٣دا لەلایەن جۆس باد بلجیکی[٢١٥] یەوە بەلاتینی (جادوکوس بادیوس ئاسپۆس)[٢١٦] هاتووەتە نێو پاریس. لە زۆرێك لە کتێبە فەرەنسییەکاندا بەکاردەهێنرا. پێشکەوتنی پیتی رۆمی لە شێوەیەکی گشتی رێکخستنی پیتەکان لە فەرەنسادا کاتێك دەستی پێکرد کە جیۆفرۆی تۆری لە ساڵی ١٥٢٠ز بۆ پەیوەندی کردن بەدونیای هونەرەوە بەجێ هێشت لە کاتێکدا بەهرەیەکی بەرجەستەی هەبوو، کە وەکو وێنەکێش و هەڵکۆڵەرێك (کلێشەکانی) رازاوە چاپییەکان دەستبەکاربوو، هەرچەندە ئەم دەرکەوتن و درەوشانەوەیە درەنگ بوو، بەڵام لە هەمانکاتدا کارێکی گەورەبوو.

**کاریگەریی هونەری ئیتاڵی لەهونەری تۆڕیدا:**

تۆری لە ساڵی ١٤٨٥دا چاوی بەدونیا هەڵهێناوە و زمان و ئەدەبیات فێربوو، پاشان بوو بەمامۆستای کۆلیژی بێرگاندی لە پاریس. دووجار نیشتەجێبوون لە ئیتاڵیا لە ساڵەکانی ١٥٠٣و ١٥١٦دا هەستی هونەری و پەرۆشی لەودا هەڵقولاندو تاوەکو ساڵی 1518 نەگەڕایەوە بۆ شاری پاریس. تا ئەوەی کە هاتە نێوکارکردن لە بواری کتێبدا و لەکاتێکدا کە لە نموونەی هونەری ئیتاڵییەوە ئیلهامی وەرگرت، دەستی کرد بەبازرگانی کتێب. زۆری نەخایاند بەهۆی ئەو بەهرە زۆرانەی کە هەیبوو لە وێنەکێشان و هەڵکۆڵین و دروستکردنی پیتەکان و شارەزایی لە چاپدا، بەخێرایی جێگای خۆی لەم زەمینەدا کردەوە. ئاشکرایەکە لەوانەیە لە کێشانی وێنەی بەرگەکاندا پەیڕەوی شێوازی گرۆلیی کردبێت. تۆری لە یەکەمین کتێبی وێنەداری دا کە خۆی چاپیکرد و بڵاوکردەوە، وادیارە کە لە ژێر کاریگەری رۆمی رێنسانسی ئیتالیدا بووبێت. ئەم لە کتێبەکانی ساتەکانی ئەرکە ئایینییەکاندابوو کە سیمون دوکولین[٢١٧] لە ساڵی ١٥٢٥دا چاپی کرد لایە جوانەکانی ئەم کتێبە بەشێوەی چوارگۆشە دەورە دراوە و بەلقی درەخت یان شێوەی تەلارسازی و هەڵکۆڵین رازێنراوەتەوە و مێرو و گوڵ و میوە و چەندین شتی دیکە نیشان دەدات. ئەم بەرهەمانە دەگونجێت لە هونەری فلامینکییەوە کاری تێکرابێت، رۆمی رێنسانس بەتایبەت لەناودارترین کتێبی تۆریدا کە لە ساڵی ١٥٢٩دا لە ژێر ناونیشانی چامپ فلۆری[٢١٨] دایناوە کە ئاشکرا دەردەکەوێت کە لە کتێبەکەیدا هێڵی

215- Joss Bade.
216- Jadocus Baduis Ascensius.
217- Simon de Colines.
218- Champ Fleury.



جوان و سەرنج راکێش هەیە و پیتەکان لەناو چوارگۆشەیەکدا وێنەکراوە، ئەم چوارگۆشەیە دابەش بووە بۆ چەندین چوارگۆشەی بچووکترە پیتە رۆمییەکان لە سیانزە پیت کەمتر نییە. تۆری لەم کتێبانەدا تارادەیەك زۆر سوودی لە شێوازی کتێبی سگمۆند فانتی[٢١٩] وەرگرتووە، کە لە جوانکارییە ماتماتیکەکانەوە بۆ پیتەکانی داناوە. چەند روویەکی چوونییەکی لە نێوان شێوەکانی کتێبی جان فلوری کتێبی خەونەکانی پولی فیلدا دەبینین، هەرچەندە پشکی تۆری خۆی بەتەواوی ئاشکرایە، بەجۆرێك لەکتێبی شان فلوری کارێکی داهێنەرانەیە و قۆناغێکی نوێی لە مێژووی هونەری کتێب رازاندنەوەی فەرەنسیدا، ئاوەڵلا دەکات.

**بنەماڵەی ئیستین و[٢٢٠] هاوڕێکانی:**

پیتە رۆمییەکان لەم کاتەوە، رێگایەکی فراوانی لە چاپکراوەکانی فەرەنسیدا بری، هەروەك چۆن لە پاریسدا بۆ نموونە لە سەردەمی رۆبەرت ئیتین ئەنجامدرا ناوی ئیستین بەلاتینی بریتییە لە رۆبێرتۆس ئیستیفانوس. ئەو یەکێك بوو لە ئەندامی بنەماڵەی خاوەن چاپخانە ناودارەکانی فەرەنسا، سەرۆکی ئەم بنەماڵەیە هێنری ئێستینە کە لە ساڵی ١٥٢٠ کۆچی دوایی کردووە.


Sur quoy vous me permettrés de vous demander en cette occasion, ce que, comme i'ay des-ia remarqué, *S. Augustin demande aux Donatistes en vne semblable occurrence : Quoy donc ? lors que nous lisons, oublions nous comment nous auons

شێوەی ١٠ پیتەکانی گارامۆیی رۆمی

**رۆبرت ئێستین:**

رۆبەرت یەکێکە لە ٣ کوڕەکەی هێنری کە هەروەك ئالۆدۆ فرۆبین[٢٢١] و خاوەن چاپخانەکانی دیکە، کەسێکی زانابوو. لە نێو ئەوانەی کە لە ساڵی ١٥٣٢دا بڵاوی کردۆتەوە

219- Sigismund Fonti.
220- Estienne.
221- Froben.

فەرهەنگێکی لاتینی گەورەیە بەناوی ((تێساروس زمانی لاتین))[٢٢٢] ((گەنجینەی زمانی لاتینیج)) کە لە نووسینی خۆیەتی. پاشان فرانسوای یەکەم لە ساڵی **١٥٣٩**دا ئەوی وەك خاوەن چاپخانەی پاشایی دامەزراند. لەگەڵ ئەمەدا هەمیشە ناچاربوو بەدزی زانا ئایینییەکان لەزانکۆی پاریس بەرگری لە خۆی بکات ئەوان بەهۆی ئەو پشتگیری کردنەی کە بەچاپەکانی تەوراتی کردبووی لە جوڵانەوەی چاکسازی ئایینی ڕۆبەرێ ئیستنینان دایە بەر هێرش، سەرەڕای لایەنگیری پاشا دواجار لە ساڵی **١٥٥٠**دا ناچاربوو کۆچ بکات بۆ شارەکانی دی، لە کۆتاییدا پەنای برد بۆ شاری جێنوا.

## گارامۆند:[٢٢٣]

هەروەها ڕۆبەرت ئیستین بەپیتی عیبری و یۆنانی چەند کتێبێکی چاپ کرد پیتی یۆنانییەکان، یەکێك لە قوتابییەکانی تۆری[٢٢٤] بەناوی کلۆد گارامۆندەوە هەڵکۆڵرابوو هەروەها هەڵکۆڵدری قاڵبەکان کە پیتە ڕۆمییەکانیشی بەشێوەیەك بەناوی شێوەی پاشایەتی[٢٢٥] ((شێوە - ١٠-)) هەڵکۆڵیبوو. ئەم پیتانە هاوشێوەی پیتەکانی جان سۆن بوو. بەتێپەڕبوونی کات بوو بەچاکترینی ئەو پیتانەی کە لە چەند بەشێکی گونجاو پێکهاتبوو کە تا ئەو ڕادەیەی کە پیتە وەرگیراوەکان لە پیتەکانی گامۆندەوە، ئەمڕۆ لە باشترینی ئەو پیتانەیە کە بەتەواوی لە ئامێری مۆنۆ تایپدا[٢٢٦] سوودی لێ وەردەگیرێت.

## هێنری ئێستین:

ڕۆبەرت ئیستین لەگەڵ کچەکەی ژۆس باددا هاوسەرگیری کرد، پاشان یەکێك لە کوڕەکانیان بەناوی هێنری چاپخانەیەکی لە شاری جێنوادا دامەزراند. ئەو یەکێك بوو لە بەناوبانگترین کەسانی بنەماڵەکەی، لەڕووی زانستەوە لە باوکی پایە بڵندتربوو، سەرەڕای ئەم چالاکییانە ئەو لە باوکی کەمتر نەبوو. بەدرێژایی سی ساڵ نزیکەی ١٧٠ کتێبی چاپی بڵاوکردەوە هەندێکیان

222- Thesauius Linguar Latinae.
223- Garamond.
224- Tory.
225- Type regii.
226- Monotype.



زۆر ئەستور بوون. زۆربەی کتێبەکان پەیوەندییان بەزانستی ئایینییەوە هەبوو، کتێبەکانی لەڕووی وردەکاری و چاپ و بەهای زانستییەوە زۆرباش بوون.

هێنری لە ساڵی **١٥٧٢**دا لە فەرهەنگێکیدا بەزمانی یۆنانی بەناونیشانی ینزاروسی زمانی یۆنانی[٢٢٧] ((گەنجینەی زمانی یۆنانی)) چاپ کرد و وەك هاوشانێکی فەرهەنگەکەی باوکی لە قەڵەم دەدرا.



وێنەی هەڵکۆڵراو لەسەردار (خەونەکانی پولی فیل)

227- Thesaurus graecae Linguae.



(Snge de pbly phile) چاپی کاك کێرڤەر Jaeque kerver، پاریس ساڵی ١٥٤٦ کە وێنەکانی دەگەڕێتەوە بۆ جان کۆسن Jean Cousin.



**بنەماڵەی فورگر[٢٢٨] لە ئەڵمانیا:**

لە نێو خاوەن چاپخانەکاندا، هێنری ئیستنی بچووك، بەپێچەوانەی ئەو گوزەرانەی کە چینی مامناوەند لەوکاتەدا لە ئەڵمانیادا هەیانبوو، لەگەڵ بنەماڵەی فوگردا پەیوەندی هەبوو کە بنەماڵەیەکی گەورەی بازرگانی بوون لە شاری ئۆگزبێرگ، ئەندامانی ئەم خانەوادەیە بەکۆکردنەوەی کتێبە هونەرییە گەورەکان بەناوبانگ بوون.

زۆری نەخایاند کتێبخانەی فورگر لە نیوەی سەدەدا فراوان بوو، چونکە ژمارەیەکی کتێبی کتێبخانەی هارتمان سیدڵ[٢٢٩] پزیشکی ناوداری شاری نۆرەمبێرگ خرایە سەر کتێبخانەی فورگر، کتێبە بەناوبانگەکەی ئەم پزیشکە بریتییە لە مێژووی جیهان - وەك باسکرا.. دوای ئەوە ئەلبێرتی پێنجەم شازادەی بافاریا کتێبخانەی راوێژکاری ئیمپراتۆر جاکوب فورگری کری کە ئێستا بەشێکە لە کتێبخانەی نەتەوەیی شاری مونیخ و لە ئاکامدا کتێبەکانی هارتمان رووبەڕووی پێشوازی و رێزێکی گەورە بوویەوە.

**کتێبە هونەرییەکان لەسەردەمی هێنری دووەم و سێیەمدا:**

ئەو جوانکارییانەی کە بەرگسازانی گرۆلیی بەکاریان هێنا، لە بەرگی کتێبەکانی ئێستنیشدا دەبینرێت هەروەها لە بەرگی کتێبەکانی پاشا هێنری دووەمدا سوودی لێوەرگیراوە ئەگەر بەڕاستی فرانسوای یەکەم بەکتێب دۆست بزانین، ئەوا جێگیرەکەی زیاد لەو ئارەزوومەندی کتێب بووە.

هێنری دووەم کاتێك فەرمانڕەوایی دەکرد کە پیشەسازی کتێب لە ئیتاڵیادا پوکایەوە و بواری کۆکردنەوەی کتێب و جوانی گەرایی لەناوچووبوو. ئەمە بەڵگەیەکی یەکتر کرەوەیە لەسەر لەناوچوونی زۆرینەی هونەری فەڕەنسی کە لەم سەردەمەدا دەستی پێکردبوو، کاریگەرییەکەی لە کتێبەکانی ساتەکانی ئەرکە ئایینییە بچووکە بەنرخەکاندا دەرکەوتبوو، بەڵام بەرگەسازی فەڕەنسی لەم کاتەدا بەدڵگیرترین شێوەکانی دەدرەوشایەوە.

228- Fugger.
229- Hartman Schedel.

**بەرگە پلە باڵاکان:**

ئەو بەرگانەی کە هێنری دووەم فەرمانی دابوو کە بۆ ئەو و هاوسەرەکەی، کاترین دومێسیت، و هاورێکەی دیانا دوپواتێر[٢٣٠] دروست بکەن. بەڕادەیەك جوانبوو کە پیاوانی خانەدان و هەموو کتێب دۆستەکان لاساییان دەکردەوە و ئەم بەرگانە بەبۆچوونی زۆرێك لە جوانترین ئەو بەرگانەیە کە لە فەڕەنسادا دروست کراوە. تاوەکو ئەم دواییەش لە زەمینەی بەرگە پلە بالاکان لە ئەورووپادا لە لوتکەدا بوو.

ئەم بەرگانە نووسینی طغرائي[*] باڵای لەخۆگرتبوو رووەك پیتی کاتێك ئالآو بەدوو پیتی D,Cو بەو جوانکارییانەی کە زۆرکات لە شێوەی مانگ و تیروکەوان و هێمای دیانا، خواوەندی راوکردن بوو، زمان حاڵی دەوڵەمەندی هونەری بەرگسازی بوو لە فەڕەنسادا. دەوڵەمەندییەکی تەواو کە خاوەنی رۆمی شێوازی گرۆلێی بوو بەڵگەیەك لەسەر بەهێزی ئەم هونەرە و سەرەڕای ئەوە لە زێڕکاری دا دەستێکی باڵای هەبوو.

لەوێدا جۆرێکی دیکەی بەرگ هەبوو کە کتێبی جوغرافیای[٢٣١]ی ف. بێرلینجیری[٢٣٢] لەخۆگرتبوو لە دەوروبەری ساڵی ١٤٨٠دا لە ئەندازەی ٢/١دا چاپ کراوە. جوانکارییەکانی لە چەند شریتێکی شێوە هەندەسی بەشێوازی رۆژهەڵاتدا دەردەکەوێت و بەرەنگی رەش لەسەر سیستەم و شێوازی کاشی، لەسەر پێستی تۆخ درەنگ کاریك رازابوویەوە و هەردوو دیوی بەرگەکەی گرتوویەوە.

ناونیشانی کتێب و هێماکانی خاوەندارێتی کە لە لاکێشەیەکی خاڵیدا و لە ناوەڕاستی چوارچێوەکە دابوو، نووسراوبوو بۆ پارێزگاری کردنی بەرگەکە چەند پانە بزمارێك لەسەریدا کوترابوو.

بەڵام ئەو کتێبخانە جوانەی کە خاوەنەکەی دیانا دو پواتێرو لە کۆشکی ئانتیدا[٢٣٣] بوو، لە زیادکردندا لە ساڵی ١٧٢٣دا فرۆشرا. لەبەرئەوە خاوەندارێتی کەوتە دەست ژمارەیەکی جیاواز لە کتێب دۆستان.

230- Diana de poitiers.

(*) گغزائی: نووسینێکی تێکەڵ و پێکداچوو و ناو کەسەکەی تێدایە و زۆر جار ئەم لە مۆرو کانزاکان دەنەخشێنرێت. لە کۆندا لە فەرمان و نامەکاندا دادەنراو واژ و و ناوی پاشای لەسەر بوو.

231- Geagrophia.
232- Berlinghieri.
233- Anet.



هەروەها کاترین دومیدیسیت بەرەبەرە سەرکەوتووبوو لە کۆبوونەوەی کتێبەکانی کتێبخانەکەی کە نزیکەی ٤٠٠٠ بەرگ کێتبی هەبوو سپێردرا بەکۆشکی شنونسو[٢٣٤]، بەڵام دوای مردنی خەریك بوو کتێبخانەکەی بکەوێتە دەست چاوچنۆکەکان، بەڵام رزگاری بوو و خرایە سەر کتێبخانەی پاشایەتی.

**بەرگسازی بەشێوازی فانفار:**

لەسەردەمی فەرمانڕەوایی کوڕی کاترین دومێدیست و چارلی نۆیەم و هێنری سێیەم، بەرگسازی قۆناغی گەشانەوەی تێپەڕ دەکات و هێنری سێیەم بەتایبەت عاشقی کتێب بوو نیکۆلائیڤی[٢٣٥] بەرگساز و وێنەکێشی کۆشك بوو. ئەو هەروەها سەرقاڵی فرۆشتنی کتێب و چاپی کتێب بوو لە پاریس. لەوێدا چەند بەرگێك هەیە کە بەدەستی خۆی دروست کراوە و هەموو بەگوڵی زەنبەقی فەڕەنسی داپۆشراوە. پاش ماوەیەکی کەم ئەم جۆرە نەخشە لە وێنەکردنی ئەو بەرگانەی کە بۆ پاشاکان دروست دەکرا، رەواجی پەیداکرد.

بەناوبانگییەکەی بەتایبەت بەهۆی ئەو جوانکارییانەوە بوو بەشێوازی فانفار کە خۆی داهێنەری بوو، هەرچەندە بۆ ئەم وتەیە بەڵگەیەك لەبەر دەست دا نییە. لەو بەرگانەی کە بەم شێوە رازێنراوەتەوە زیاتر رووتەختی بەرگەکە بەڕووەکی گوڵداری تێك ئالاّ و لقی درەختی خورما و درەختی بی پڕکراوەتەوە. لەم جۆرە جوانکارییانەدا هونەر گەشتووەتە ترۆپکی خۆی، چونکە ئەو ئاڵتونانەی کە فەرەنسییەکان تێدا شارەزابوون وەسوودیان لێ وەردەگرت بۆ داپۆشینی بەرگەکان و پێکهاتبوو لە ژمارەیەکی زۆر شێوەی بچووك کە شارەزاییەکی هونەری بێ هاوتای دەویست.

بەڵام ناوبردنی وشەی فانفار بەسەر ئەم شێوازە بەرگ گرتنەدا تەنها لە سەدەی نۆزدەهەمدا لەلایەن نۆدێیر[٢٣٦] کە کتێبخانەیەکی هەبوو، بلاوبوویەوە. یەکێك لە کتێبەکانی بەناو لی فانفار ئەت کۆریس[٢٣٧] کە کتێبێکی کۆمیدی بوو لە ساڵی ١٦١٣دا بلاوکردەوە، و بەم شێوازە بەرگ تێگیرابوو.

234- Chenonceaux.
235-Nicolas Eve.
236- Nodier.
237-Le Fanfares et Courvees.





**کتێب دۆستانی هاوچەرخی هێنری سێهەم:**

ئەم شێوازەی هونەری بەرگسازییە و پاش مردنی هێنری سێهەم و نیکولانوش هێشتا خوازیاری زۆری هەبوو، بەجۆرێك چەندین نموونەی فراوان لە نێوان کتێبەکانی گەورەترین کتێب دۆستە خانەوادەکاندا دەبینین. کتێب لەو نموونانە، کتێبەکانی جاك ئۆگۆست دوتو(٢٣٨) سیاسەتمەدار و مێژوونووسی بەناوبانگە کە باوکی هاوپەیمانی گرۆلێی بوو و لەکاتی مەرگیدا لە ساڵی ١٦١٧دا کتێبخانەکەی نزیکەی ٨٠٠٠ بەرگ کتێبی چاپکراووە ١٠٠٠ بەرگ نوسخەی دەستنووسی هەبوو.

بەئاسانی دەتوانین بەرگەکانی دوتو لە بەرگەکانی دیکە جودا بکەینەوە. چونکە هێمایەکی هەیە کە لەپیتی یەکەمی ناوەکەی پێکهاتووە، JADI کاتێك لە ساڵی ١٧٧٨دا ئەم بەرگانە فرۆشران و پەرتەوازە بوون، پاش ماوەیەکی کورت خایەن لە زۆرێك لە کتێبخانە گشتییەکاندا پەناگەیەکی بۆ خۆی دۆزییەوە و مارگرێت دوڤالوا(٢٣٩) شاژنی نافار، لەگەورەترین کێبڕکێ کەرانی دووتۆبوو لە پەرۆشی بۆ کتێبدا. ئەو نەك تەنها لەم بوارەدا زانست و زانیارییەکی فراوانی هەبوو، بەڵکو لەو حەزە زۆرەشی بۆ بەرگە جوانەکان، ناوبانگی هەبوو، لەبەر ئەو کلوویس ئیو هاوڕێ نیکولائێو لە نموونەی ئەو کەسانەبوو بەرگسازیی بۆ کتێبەکانی ئەو دەکرد.

**بەرگە ئاساییەکان:**

لێرەدا کەمترین لێکچوون نەبوو لە نێوان کتێبە ئاساییەکانی نێو بازاڕی فەڕەنسا لە سەدەی شانزەدا و کتێبەکانی ئەم کتێب دۆستەی کە ناومان برد. جوانکاری بە شێوەیەکی سادە یان بەشێوەی ئالتۆنی بەربڵاوبوو.

یاخود ئەوەی کە زۆربەی جوانکارییەکان لە شێوەی چاپکراوی سادە پێکهاتبوو بەهۆی چەرخەوە دروست دەکرا.

---

238- Jacques Auguste de Thou.
239- Morguerite de Vulois.

## هونەری بەرگسازی لە ئینگلتەڕا لەسەدەی شانزەهەمدا

### بەرگە چاپکراوەکان بەهۆی چەرخەوە:

گەرچی وا دەردەکەوێت کە بەکارهێنانی چەرخ لە فەرەنساوە دەستی پێکرد، بەڵام لە ئینگلتەردا بەکارهێنانی زیاتر بوو. بەتایبەت پیشەوەرانی کامبیرج کە لە بارەی شارەزاییان بەتایبەت لە چاپکردنی بەرگەکاندا بەهۆی پریسەوە دوایین، بەرەبەرە چەرخەکانیان زیاتر بەکارهێنا وەك لە پریس و زۆرینەی بەرگەکان بەهۆی چەرخەوە دروست دەکرا.

بەشی ناوەڕاستی بەرگەکە پڕ بوو لەو خشتانەی کە بەچەرخ چاپکرابوون و بەگوێرەی خشتەکانی دیکە بەئەستونی دانرابوون.

جوانکاری چەرخەکانی ئینگلیزی لەگەڵ هاوتا ئەڵمانییەکانیدا جیاوازییەکی هەست پێکراوی هەبوو، وێنەی کەسەکانی لە حاڵەتی سەمادا و ئاژەڵە ئەفسونییەکان و یان لق و پۆپە گوڵاوی و خونچەدارەکان، کۆمەڵێك لە گەڵای لێك ئاڵاوی پیشان دەدا.



شێوەی ١١ کریستۆڤ پلانتین



### کاریگەرییەکانی فەڕەنسی و ئیتاڵی:

لەدەوروبەری ناوەڕاستی سەدەکەدا. چەندین بەرگ بەشێوازی ئیتاڵی قۆناغی رێنسانسیدا هاتە نێو ئینگلتەراوە هاوکات شێوازەکانی زێڕکاریش گوێزرایەوە.

لە ئینگلتەرادا پیاوانی کوشك و خانەدانەکان، وەك فەڕەنسییەکان گرنگییان بەکتێب دەدا، ئەگەرچی لەڕووی فراوانی کتێبخانەکان و حەزکردنی لە رازاندنەوەی کتێبەکان نەدەگەیشتە پلەوپایەی فەڕەنسییەکان.

لە نموونەی ئەو کەسانەی کە گرنگییان بەکۆکردنەوەی کتێب دەدا بەتایبەت هێنری حەوتەم و هێنری هەشتەم و ئیدواردی شەشەم بوو دەبێت بەتایبەتی ناوی شاژنە ئیلیزابێت بهێنین کە ئارەزووی ئەو بەرگی کتێبە بەنرخانەی دەکرد کە بەشێوازی ئیتاڵی و فەڕەنسی بەرگسازییان بۆ کرابوو.

بەرگتێگری هێنری هەشتەم و ئیدواردی شەشەم خەڵکی فەڕەنسابوو و لە لاساییکردنەوەی شێوازی ئالدۆ و گرۆلێیدا شارەزایی هەبوو. تۆماس واتۆن یەکێك بوو لەو خانەوادە زۆرانەی کە پەرۆش و دۆستی کتێب بوو تا ئەو رادەیەی کە نازناوی گرۆلێی ئینگلیزییان پێ بەخشی، چونکە لە لاساییکردنەوەی ئەو عاشقە گەورە فەڕەنسییەی کتێب گەیشتە ئاستێك کە لەسەر بەرگەکانی دەستەواژەی لەلایەن تۆماس واتون و هاوڕێکانییەوە، بەکاردەهێنا.

### بەرگە گوڵ چنراوەکان:

شاژنە ئیلیزابێت بەجۆرێکی تایبەت ئارەزووی ئەو بەرگانەی دەکرد کە لە پارچەی ئاوریشم دروستکرابوون و رازاندنەوەکانی بەپەتی ئاڵتونی و زیوی یان ئاوریشمی رەنگاوڕەنگ هەندێ کات بەخشڵ (زێڕ) گوڵ چینی بۆکرابوو. ئەم شێوازە یەکێك بوو لە شێوازەکانی بەرگسازی کە بەدرێژایی سەدەی شانزەهەم و حەڤدەهەم لە بنەماڵەی پاشایەتی ئینگلیزیدا بەکاردەهێنرا. ئەم بەرگانە لەو چنراوانە (قوماش) دروستکراوانەی کە لە مێژووی بەرگە هونەرییەکان زۆر بەبایەخ و بەنرخە و لەو رووەوە لە ریزی بەرگە زێڕکاری کراوەکان دایە.

### کریستۆف پلانتین بەرگتێگر و بڵاوکەرەوە:

لە پێشدا ئاماژەمان بەوە کرد کە نیکۆلائیف، بەرگتێگری رەسمی پاشای فەڕەنسا بووە، هەروەها خاوەن چاپخانەش بووە. لەم لایەنەوە پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە لەو سەردەمەدا

دەگونجا کە کەسێك، هاوکات کارخانەی بەرگسازی و چاپخانەش پێکەوە بەڕێوە ببات و هەروەها هەردوو پیشە فێردەبوو، هەرچەندە سەرقاڵ بوونی بەیەکێك لە پیشەکانی بەباشتر دەزانی بۆ نموونە کریستۆڤ پلانتین وەك پیشەوەرێکی گەورەی کتێبی فلامنگی ئاوەها بارودۆخێکی هەبوو. ئەو فەڕەنسییە لە سەرەتای کاردا بەرگ تێگربوو، بەڵام وەك خاوەن چاپخانە و بڵاوکەرەوەیەك ناوبانگی دەرکرد.

**بڵاوکراوەکانی پلانتین:**

پلانتین لەکارخانەیەکەیدا لە شاری بازرگانی بەناوێکی نورس و بەدرێژایی چل ساڵ سەرقاڵی کارکردن بوو، زیاد لە ١٦٠٠ کتێبی بڵاوکردەوە کە هەندێکیان بەتەواوی کتێبی گەورەبوون.

لەو کاتەدا توانی چەندین کتێب بەهەموو زمانە ناسراوەکانی ئەورووپا چاپ بکات و لە شوێن کارەکەیدا پیتی زۆری لەبەردەست دابوو و توانی تەوراتێکی گەورەی هەشت بەرگی بەپێنج زمانی جیاواز لە نێوان ساڵەکانی ١٥٦٩ تا ١٥٧٣دا بڵاوبکاتەوە لە ساڵی ١٥٨٩دا کۆچی دوایی کرد.

کەم بڵاوکرەوە هەیە کە لە بازاڕی بەرفراوانی وەك بازاڕی پلانتین بووبێت. جێی سەرسوڕمان نییە کە کتێبەکانی بازاڕەکانی ئەڵمانیا و ئەسکەندەناڤیا و فەڕەنسا و ئیسپانیا و بەریتانیای گرتبوویەوە و چەند لقێکی لە لەندەن و پاریس هەبوو. ئەو کتێبی زانست و زمانەوانی و یاسایی و ماتماتیکییەکانی چاپ دەکرد.

سەرەڕای ئەمانە ژمارەیەکی زۆر کتێبی ئایینی هەبوو کە هێمای چاپخانەی پلاتینی بەشێوەیەکی تایبەت لەخۆگرتبوو. ئەم هێمایە بریتی بوو لە دەست و پرگارێك و دروشمێکی تایبەت بەخۆی کە ئەویش کارو بەردەوامی بوو.

**هاوکارەکانی پلانتین:**

پیتی رۆمی پلانتین کە لەلایەن پیشەرەوانی فەڕەنسی وەك هەڵکۆڵەری بەناوبانگ گیوم لوبلە[٢٤٠] بەتوند و تۆڵی هەڵکۆڵرابوون، بەهیچ جۆرێك لە پیتەکانی ئیستین کەمتر نەبوو، بەڵکو پیتە خوارەبووەکان (ئیتالیك) پایە بەرزتربوون لەپیتەکانی ئالدۆ.

چەندین زانا لەگەڵ پلانتیندا بوون، هەروەك چۆن پیاوە گەورەکانی پێش ئەویش هەمان بارودۆخیان هەبوو. یەکێك لە زاواکانی بەناوی فرانس رافلنگیواس[٢٤١] بوویە میراتگری

240- Guillaume Le ble.
241- Frans Raphelengius.



چاپخانەی ئنورس لە بەلجیکا و کەسێکی زانابوو. بەڵام دوو زاواکەی دیکەی بە شێوەیەکی یەکسان لە لقەکانی دیکەی دامەزراوەکەیدا کاریان دەکرد، پاشان کوڕی یەکێکیان بەناوی بالتازار مۆریتۆس[٢٤٢] ناوبانگی پەیداکرد، کە پاشان بوو بەجێگری هونەرمەندی ناودار روبنس[٢٤٣] کارخانەکانی پلانتین کۆمەڵگایەکی گەورەی پێکهێنابوو کە چاپکەران و دروستکەری پیتەکان و هەڵکۆڵەرانی قاڵبەکان و وێنەکێشە بەرگتێگرەکان سەرقاڵی کارکردن بوون تێدا.

ئەم کارخانانە تا ساڵی ١٨٧٦ مایەوە و چالاك بوون و پەیوەندییان پێکەوە هەبوو. تاوەکو ئەوەی کە حکوومەتی بەلجیکی ئەو خانووە گەورەی کڕی کە رێکخراوی پلانتینی تێدابوو لە شاری ئنورس. مۆزەخانەیەکی بەناوی مۆزەخانەی پلانتین - مورتوسی دامەزراندو ئەمڕۆ لە هەموو جیهاندا ناسراوە، پیشەسازییە کۆنەکان تاوەکو ئێستا تێدا پارێزراوە و لەڕووی ناوییەوە بارودۆخ و هەڵومەرج و شێوازەکانی چاپ دەخاتەڕوو.

**دووبارە درەوشانەوەی هەڵکۆڵین لەسەر دار لە ئەڵمانیادا:**

پلانتین زۆربەی کتێبەکانی بەوێنەو شێوەی هەڵکۆڵراو لەسەر دار دەرازاندەوە، بەوەی کە هەڵکۆڵین لەسەردار لەوکاتەدا وەك باسمان کرد، زۆرێك لە تایبەتمەندییەکانی خۆی لە هەموو شوێنێکدا لە دەست دابوو، جارێکی تر لە ناوەڕاستی سەدەی شانزەهەمدا دووبارە بایەخی پەیدا کردەوە.

**هەڵکۆڵەرانی سەردار لە فرانکفۆرت:**

کۆمەڵێك لە هونەرمەندان بەناوی ڤێرجیل سۆلیس[٢٤٤] و هانس سێبالد بێهام[٢٤٥] یوست ئامان[٢٤٦] و توبیاس ستیمەر[٢٤٧]، کە لە هەموویان بەتواناتر بوو لە دەوروبەری بڵاوکەرەوەی گەورە سێگسمۆند فرۆرابند[٢٤٨] کۆبوونەوە لە شاری فرانکفۆرت.

لەوێدا زۆرێك لە چاپەکانی تەورات و نووسراوە پێشینەکان لە ئەندازەی ٢/١دا ئەنجامدرا. لە نێو ئەم کتێبانەدا ئەوەی کە زۆر رەواجی هەبوو، کتێبێکی وێنەدارە کە وێنەکانی لەسەر دار

242-Balthasr Moretus.
243- Rubens.
244- Vrgil Solis
245- Hans Sobald Beham.
246- Jost Amman
247- Tobias stimmer.
248- Sigismund Fruerabend.

هەڵکۆڵراون و لە ساڵی ١٥٤٦دا یوست ئامان لە ژێر ناونیشانی ((باسی تەواوی پیشەکانی سەر زەوی))[٢٤٩] بڵاوی کردەوە. لە دواییدا ئەم کتێبە وەك کتێبێکی خاوەن کۆنترین و راستەقینەترین وێنەیە، کە چاپخانە کۆنەکان چاپیان کردووە، ناسراوە، لەم رووەوە سوودی لێ وەرگیراوە. بۆ نموونە لەم کتێبەدا کۆنترین وێنەکانی چاپخانە و کارخانەکانی بەرگ تێگرتن و کاغەزسازی دەبینین. هەروەها یوست ئامان وێنەیەکی زیندووی یەکێك لە دانیشتنەکانی دادگای کێشاوە بۆ رازاندنەوەی ژمارەیەکی لەو کتێبە یاساییانەی کە فوی ئیرابێند بڵاوی کردەوە. هێشتا برێك وێنەمان لە بەردەستدایە کە بەدەست و پەنجەی ڤیرجیل سولیس بۆ کتێبی ((تەوراتی لوتێری)) و ئەفسانەکانی ئیزۆپ[٢٥٠] ئامادەکراوە و لە ساڵی ١٥٦٤دا بڵاوبووەتەوە. توبیاس ستیمەر لەو کەسانە بوو کە لەبەردەم هێنانی هەندێك کتێبدا بەشداری کرد کە هەندێك وێنەی ئەو کەسانەی تێدابوو کە ئەو رۆژگارە زۆر بڵاودەبوویەوە. لە نموونەی ئەو کتێبانە، کتێبێکە کە قەشەی ئیتاڵی پاول چۆڤ یان پاولۆ جیوڤیۆ[٢٥١] دایناوە و پیکترۆپێرمۆی[٢٥٢] خەڵکی شاری بال بڵاوی کردووەتەوە و باسی گوزەران و وێنەی کەسایەتییە ئەدەبییە بەناوبانگەکان دەگرێتەخۆ.

کتێبێکی بەناوبانگی وێنەداری دیکەی ئەم سەردەمە هەیە کە دەگەڕێتەوە بۆ جاکوب سترادا[٢٥٣] و لە زوریخ چاپکراوە و کۆمەڵێك وێنەی قەشە مەسیحییەکان لەخۆ دەگرێت.

هەروەها دەتوانین ئاماژە بە کتێبە وێنەدارە گشتییەکانی بکەین وەك زنجیرەی ئیمبیل مانا[٢٥٤] واتە کتێبە وێنەدارەکان کە بریتییە لە کۆمەڵێکی بچووك لە پەند و وتەی فەلسەفی و وێنە و شێوە نەناسراوەکانی لە شێوەی هێما و مەتەڵ دایە، پیشەوەران و هونەرمەندان، ئەم شێوەیان وەك نموونەیەکە لە وێنە جوانکارییەکانی خۆیاندا بەکارهێناوە.

## لەناوچوونی هونەری هەڵکۆڵین لەسەردار:

هێندەی نەخایاند کە هونەری هەڵکۆڵین لەسەردار بەتەواوی لە نیوەی دووەمی سەدەی شانزەهەمدا لەناوچوو، لە کاتێکدا پێشر لە بەکارهێنانیدا زیادەڕۆی دەکرا و بەرهەم هێنانی

249- Description de Tous Metiers de la terre.
250- Fables d'esope.
251- Paul Jove, paolo Jiovio.
252- Pictro Perna.
253- Jacob Stradu.
254- Emblemata.



گشتگیر بووبوو. لەبەر ئەوەی لە کۆتایی قۆناغی رێنسانسدا تێڕوانینی بۆ وێنەکان لە چەندین شێوەی زۆردا، هۆکاری لەناوچوونی تەواوی هاوگونجاوییەکان و لە ئاکامدا هۆکاری دابەزینی هونەربوو.

لەم سەردەمەدا لەناوچوون بەرەبەرە ئاشکرا دەبوو، هەڵکۆڵین لەسەر مس کە تا ئەم کاتە لە کتێبەکاندا تەنها وەك ناونیشانێك دەرکەوتبوو بەکێشمەکێشێکی سەخت هاتە نێو مەیدانی کتێبەوە، سەرەتا وەك تابلۆی دەست پێکردنی کتێب دەستی پێکرد و پاشان تەنها بۆیە شێوازێکی وێنەکێشان و کریستۆف پلانتین هەڵکۆڵینی سەر مسی بەشێوەیەکی فراوان لە زۆرێك لە چاپەکانیدا بەکارهێناوە. لە ئاکامدا ئەم جۆرە هەڵکۆڵینەش لە فەڕەنسا بەشێوەیەکی تەواو هاتە کایەوە. هونەری هەڵکۆڵین لەسەردار کە جێگەی خۆی لە جوانکاری کتێبدا لەدەستدا بوو، جگە لە سەدەی نۆزدەیەم، لە قۆناغی زێڕکاری رۆمانتیکیدا هیچ درەوشانەوەیەکی بەخۆوە نەدی. سەدەی هەڤدەیەم و هەژدەیەم سەدەی هەڵکۆڵینی سەر مس بوو. بەکۆتا گەیشتنی هەڵکۆڵینی سەر مس، چاپی بەردی و شێوازە هاوچەرخەکانی کە بەزۆری هێمای پیشەسازی چاپی هەبوو، بڵاوبوونەوەی خۆی دەست پێکرد.

# بەشی چوارەم

# سەدەی هەڤدەهەم

# پێشکەوتنی هونەری وێنەسازیی کتێب

## گواستنەوەی هونەری هەڵکۆڵین لەسەر دار بۆ هەڵکۆڵینی سەر مس:

یەکەمین کتێبی وێنەدار بەوێنەی هەڵکۆڵراو لەسەر مس لە ساڵی ١٤٤٧ لە شاری فلۆرانس چاپکرا. پاشان دوو خاوەن چاپخانە لە شاری لیۆن لە چاپکردنی ((کتێبی سەفەرەکاندا))[1] لە نووسینی برایدینباخ[2] ئەم شێوازەیان لە ساڵی ١٤٤٨دا هێنایە ناو وڵاتی فەرەنساوە.

بەڵام لە سەدەی شانزەهەمدا، هەڵکۆڵینی سەرمس لە وێنەکێشاندا تەنها بۆ هێما و ئاگاداری بەکاردەهێنرا. زۆرکات وەها ڕێکدەکەوت کە کتێبەکە بەم شێوازە وێنەدەکرا و پاشان بەوێنەی هەڵکۆڵراوی سەردار، جوانکاریی بۆ دەکرا و لە دوایدا لە چاپ دەدرا. سەرەتا کاربەدەستانی چاپ بەرەنگاری ستایلی هەڵکۆڵینی سەرمس بوونەوە، چونکە لەیەک کاتدا نەدەتوانرا چاپی هەڵکۆڵراو لەسەر مس وەك چاپی هەڵکۆڵراوی سەردار لەگەڵ چاپی ناوەڕۆکی نووسینەکەدا پێکەوە بگونجێنێت.

## شێوازی هەڵکۆڵینی سەر مس:

لە هەڵکۆڵینی سەرداردا، وێنەکان لەسەر تابلۆیەکی دارین بەشێوەیەکی بەرجەستە هەڵدەکۆڵران و بەش و شێوە بەرجەستەکان مەرەکەبیان لەخۆ دەگرت و چاپ دەبوو و بریتی بوو لەچاپی بەرجەستە. بەڵام لە هەڵکۆڵینی سەر مسدا، بەپێچەوانەوە وێنەکان لەسەر تابلۆیەکی مسی لە شێوەی رووچاڵدا هەڵدەکۆڵرا، پاشان ئەم هەڵکۆڵراو و چاڵانە بەمەرەکەبی چاپ رەش دەکرانەوە، لە ئەنجامی فشاری بەهێزی کاغەزەکە لەسەر تابلۆ مسییەکە، شێوەی چاپکراوەکە دەست دەکەوت بەواتایەکی دی چاپکردنی وێنەکان بەهۆی ئەم هەڵکۆڵراوە چاڵانەوە ئەنجام دەدرا. لەبەرئەوە لەچاپی پیتەکاندا نەدەکرا و نەدەگونجا. بەبەکارهێنانی ئەم شێوازە بۆ چاپکردنی وێنەکان شوێن جێی پیتەکانی تابلۆکە لەسەر کاغەزەکە بەجێ دەما. بوونی ئەم شوێن جێیانەش هۆکارێکە بۆ ناسینەوەی وێنە چاپکراوەکانی ئەم قۆناغە و ئەوە یەکلایی

1- Peregrinations.

2- Breydenbach.



دەکاتەوە کە ئایا چاپەکان بەهۆی هەڵکۆڵین لەسەردار، یان بەهۆی هەڵکۆڵینی سەر مسەوە ئەنجام دراوە.

لەبەرئەمە کاتێك لە کتێبێکدا وێنەی هەڵکۆڵراو لەسەر مس بەکاردەهێنرا، پیتەکان لە جاری دووەمدا چاپدەکران، واتە سەرەتا وێنەکان و پاشان ناوەڕۆکی نووسین وەیان بەپێچەوانەوە. ئاشکرایە لە بنەڕەتدا هەڵکۆڵین لەسەر مس بۆ بەکارهێنان لە وێنەکردنی کتێبدا گونجاو نییە. لە راستیدا بەتەواوی نازانین بۆچی ئەم شێوازە بۆ ماوەی نزیکەی دوو سەدە لە جوانکاری کتێبدا زۆر بەربڵاوبووە.

## بەکارهێنانی هەڵکۆڵین لەسەر مس:

سوود وەرگرتنی بەجێ و گونجاو لە هەڵکۆڵینی سەر مس لەو تابلۆیانەدا بوو کە بەسەر بەخۆی چاپ دەکرا، نەك لە کتێبەکاندا. ئەمەش کاتێك وەك وێنەی جودا لە ناوەڕۆکی نووسین[3] چاپ بکرێت و لە راستیدا هەڵکۆڵین لەسەر مس بۆ یەکەم جار بەم شێوازە بەکاردەهێنرا. ئەم کارە بۆ وێنەکردنی پەرەی دەستێکی[4] بەکتێب کە وەك شێوە یان هێمای نواندنێك بوو لە بابەت کتێبەکە. یان دانانی وێنەی نووسەری کتێب، لەسەرو پەرەکە و پێش دانانی ناونیشانی کتێبەکە. دواتر تابلۆ هەڵکۆڕاوە مسییەکان هێدی هێدی بەربڵاوییەکی فراوانی پەیداکرد، وئاشکرابوو، لە کتێبە زانستییەکانیشدا کە رۆڵێکی تایبەتیان هەیە بەکارهێنرا. هەروەها لە کتێبی جوگرافی و مێژووی سروشتی و مێژووی هونەری و شوێنەوارناسی و لە کۆتایی سەدەی شانزەهەم. بەدرێژایی سەدەی هەڤدەهەم کە زۆرێك لە کتێب ناوچەییەکانی گرتەوە. وێنە و نموونەکانی هونەری تەلارسازی و هەڵکۆڵین دەیان ئەو شتانەی کە لە هەوڵە شوێنەوارناسییەکاندا بەدەست گەیشتبوو لە هەموو ئەمانەدا سوود لە تابلۆ مسییەکان وەرگیرابوو، هەروەها بەهەمان ئەم شێوازە ژمارەیەکی زۆر کتێبی گەیشتن نامە و ناوەڕۆکی نووسینە جوگرافییەکان بڵاوبوویەوە کە رازێنرابوویەوە بە نەخشەو دیمەنی سروشتی و دیمەنی شار و شوێنەوارە کۆنەکان.

3- Hors- Teyte

4- Frontispiece

لە ناودارترین نموونەی ئەم جۆرانە، کتێبی تیۆدۆر دوبری[٥] لە هیند (١٥٩٠-١٦٢٥) بوو کە لە چەندین بەرگدا بڵاوبوویەوە. کتێبی وەسفی شارەکان[٦] لە دانانی گیورگ برون[٧] (١٥٧٢)و کتێبی ((جوگرافیای گەورە)) لە نووسینی مارتین زیلەر[٨]یش هەر بەهەمان شێوەیە. کتێبی جوگرافیای گەورە زیاد لە دوو هەزار نەخشە و دیمەنی تێدا بووە. جگە لە کتێبی وێنەداری قۆناغی و کتێبێکی ناوچەی دیکە کە رووداوەکانی ئەو قۆناغە مێژوویەیان لەژێر ناونیشانی نەپاشنامەی ئەورووپیدا باس کردووە.

هەروەها لە کتێبە بەناوبانگەکانی ئەم قۆناغە. برێکی زۆر لە کتێبی هونەری تەلارسازی هەیە کە بێگومان کتێبە هەڵکۆڵراوەکانی سەرمەشقێك بووە بۆ هونەرمەندە دەست رەنگینەکان.

لێرەدا دەبێت لەنێو کتێبەکان و بەرهەمە بەنرخەکانی ئەم سەردەمە ناوی کتێبە وێنەییەکان و هەڵکۆڵراوەکانی پیترۆ سانتۆبارتۆلی[٩] ئیتاڵی بهێنین کە تەرخانکراوە بۆ شوێنەوارە رۆمییەکان. لە نێو کتێبە تایبەتییەکانی مێژووی هونەردا دەبێت یادی کتێبە وێنەدارەکانی پیترۆ ئاگیلا[١٠] بکەینەوە کە وەرگیراوە لە کتێبە بەناوبانگەکانی ئەو سەردەمە.

### بەهای هونەری هەڵکۆڵین لەسەر مس:

هەڵکۆڵین لەسەر مس بە شێوەیەکی تایبەت بۆ چاپکردنی تابلۆ هونەرییە وێنەدارەکان گونجاوبوو، چونکە هونەرمەند دەیتوانی بەجوانی جیاوازی نێوان رەنگەکان و کاریگەری هونەری دیمەنە سروشتییەکان لەکارەکەیدا رەنگ بداتەوە. لەبەرئەوە خێرایی بڵاوبوونەوەی هونەری هەڵکۆڵین لەسەر مس بەچەرخی زێڕینی وێنەکێشاندا بەهیچ جۆرێك رێکەوت نەبووە. بەڵام ئەو شتانەی کە پەیوەندی بەلایەنی هونەری و داهێنانەکارییانەی کەسی، هەڵکۆڵەرەوە هەبوو. دەبینن کە پشکی هەڵکۆڵەری سەر مس لەڕووی هونەرییەوە چەندین پلە کەمتر بووە لە

5- Theodore de bry

6- Theatrum urbium

7- Geory Braun

8- Martin Zeiller

9- Pieter stunto Bortoli

10- Pietro Aguila



هەڵکۆڵەری سەردار گرنگترین شتێك کە لە وێنە گەورەکانی هەڵکۆڵینی مسدا بەوردی بەرچاو دەکەوێت گواستنەوەی راستەقینەی دیمەنەکانە بەوردی، تا ئەو جێیەی کە دەگونجێت، جا ئەگەر ئەم کارە پەیوەندی هەبێت بەهێنانی رەنگی رەش و سپی لە جێی رەنگە جیاوازەکان یان هەڵکۆڵینی تابلۆیەك بۆ بینایەك یان تەلارێك یان پەیکەرێکی داتاشراویان پەیوەندی بەئاژەڵێك یان رووەکێکەوە هەبێت. بەڵام لە شوێنەوارە مێژووییەکان مێژووی هونەری و مێژووی سروشتیدا، هەڵکۆڵینی سەر مس هۆکارێکی یاریدەدەری زۆر گرنگ بووە، چونکە بەتەواوی وەك خۆی وێنەکانی گواستۆتەوە. ئەم کارە بەردەوام بوو تا ئەوەی کە شێوازی فۆتۆگرافی لەسەدەی نۆزدەیەم دەرکەوت و، بەهۆی ئەم وێنە چاك و جوانانەی کە ئەم شێوازە هەیبوو، پایە بەرزتر بوو لە شێوازە کۆنەکان. بێگومان مەبەستی ئێمە لێرەدا ئەوە نییە کە هەڵکۆڵەرانی سەر مس سەرەڕای شارەزایی زۆریان، بەهرەی هونەرییان نەبووە.

ماتائۆس ماریان[١١] سویسری کە کورەکان و کچەکەی ماریا سیبیلا[١٢] لە بەرهەم هێنانی هەندێك لەکتێبەکانیدا - کە پێشتر باسمان کرد هاوکارییان لەگەڵ دا کردووە و بەشایستەییەوە سەرکەوتووبوو لە بەدەست هێنانی ناوبانگێکی فراوان لە هونەری هەڵکۆڵینی سەر مس.

## شێوازی بارۆك[١٣] لە هونەری کتێب رازاندنەوەدا

### شێوەی هێمایەکانی تابلۆکانی دەستپێکی کتێب:

لەسەرەتای سەدەی هەڤدەهەمدا شێوازی بارۆك بۆ رازاندنەوەی کتێبەکان رەواجی پەیداکرد. جێی سەرسوڕمان نییە، کە پەرۆشی زۆری بۆیە خۆی دروستبوونی کاریگەری قوڵ و بەشکۆ و ئاشکرا لەو کتێبانەدا کە بەئەندازەی ٢/١ و لە شێوازی پیتی گەورەدا بوون دەرکەوت. هەرچەندە بەتایبەت روونترین دیمەنەکانی لە تابلۆکانی دەستپێکردنی کتێبە وێنەدارەکاندا دەرکەوت. ئەم تابلۆیانەی دەستپێکردنە چەندین دیمەنی سەرسوڕهێنەری پیشان دەدا کە هەموو جۆرە بوونەوەرێکی سەرسوڕهێنەر و ئاژەڵە جیاوازەکانی دەگرتەخۆ، لەگەڵ یەکدیدا

11- Matthaus Merion.

12- Mayia Sibylla.

13- Baroque style.

کۆکرابوونەوە و دانرابوون. لە کتێبەکانی شوێنەوارە مێژووییەکاندا، تابلۆکانی دەست پێکردن بریتی بوو لە وێنە کەسایەتییە (کلاسیکییە) کۆنەکان و لە ناوەڕاستی دیمەنەکان بوو لەناو وێنەی بینا رووخاوەکاندا وێنەی زانایەك وەیان وێنەیەکی دیکە دادەنرا لە هەموو کتێبەکاندا شێوەکان بەتەواوی نیشانەبوون و وێنەی کەسایەتییەکان نیشانە و هێمای حیکمەت و دۆستی و دادپەروەری و دەوڵەت و ئایین بووە.

زۆرێك لە شێوەکان یان بەواتایەکی تر گەورەترین شێوەکانی تابلۆکانی دەست پێکردنی کتێب کە زۆربەی جێگایەکی چۆڵی هەبووە بۆ ناونیشانی کتێبەکە و لەڕووی هونەری جوانکارییەوە لەگەڵ بەرهەمە باشەکانی سەدەی شانزەهەم لە بواری کتێب رازاندنەوەدا ناتوانرێت بەراورد بکرێت لەگەڵ ئەمەدا بڕێکی کەمیان لە ئاستێکی باڵادا بوون.

ئەو شێوانەی کە وێنەکێشی بەناوبانگ رۆبنس کە بۆ تابلۆکانی دەست پێکردنی کتێب ئامادەی کردبوو، هەمان حاڵەی هەبوو ئەو هەندێك لە کاتەکانی لەگەڵ بنەماڵەی گاولدا لەلای باڵتازار موراتوس[١٤] کە ئەندامی ناوەندی بلاوکردنەوەی پلانتن بوو، کاری دەکرد.

لە وێنە هەڵکۆڵراوەکانی روبیش و قوتابییەکانیدا دەرکەوت کە زۆرتر ئارەزووی هونەری لەم سەردەمەدا لە شێوە و وێنەی نیشانەدا بوون. لە هەمانکاتدا گەشەی وێنەکێش لەوانەدا رەنگی داوەتەوە و بەجۆرێك لەم پەڕانەدا سەرەڕای زیادەڕەوی و کەموکوڕییەکان شارەزاییەکی هونەری دەبینین کە زۆر بەکەمی لە جوانکاری کتێبەکانی ئەم قۆناغەدا بدۆزێتەوە. لە هەندێ کاتدا رۆبینس تەنها کلێشەی سەرەتای وێنە دەکرد (کە راڤە لاتینییەکەی ئەمە ئەوەیە کە رۆبینس ئەمەی داهێناوە)[١٥] و هونەرمەندێکی دیکە وێنەکەی تەواو دەکردو (وێنەکێشان)[١٦] و هونەرمەندی سێیەم وێنەکەیە سەر مس هەڵدەکۆڵی (ئەم وێنەیەی هەڵدەکۆڵی)[١٧].

---

14- Buthasar Moretus.

15- Rubens invenit.

16- delineavit.

17- Sculpsit.



## هونەری کتێب رازاندنەوەی فەڕەنسی لە سەدەی حەڤدەهەمدا

### هەڵکۆڵەران لە نیوەی یەکەمی سەدەی حەڤدەهەمدا:

بەناوبانگترین هەڵکۆڵەرانی سەر مس لە فەڕەنسادا لە نیوەی یەکەمی سەدەی حەڤدەهەمدا لیونارد گولتیێر[١٨] و تۆماس دولو[١٩]یە.

یەکەمیان وەك هەڵکۆڵەرێکی تایبەتی شێوەکان ناوبانگی دەرکرد. رۆبەرت نانتۆس[٢٠] و قوتابییەکەی جێرارد ئیلینك[٢١] لە هونەری هەڵکۆڵینی وێنەی کەسایەتییەکاندا ناوبانگی هەبوو کە بەرە بەرە لەڕووی بەرهەم هێنانەوە زۆرترین لایەنەکانی هونەری بۆ خۆیان تەرخان کردبوو. ئەم دوو هونەرمەندە لە وێنەی هەڵکۆڵراوی کەسایەتییەکاندا پسپۆڕ بوون، و ژمارەیەکی زۆر لەوێنە تابلۆەکانی دەست پێکردنی کتێبیان بەدیهێنا کە وێنەی نووسەران یان وێنەی کەسایەتییەکان و پیاوە گەورەکان پیشان دەدا و ئەمانە کەسانێك بوون کە کتێبەکەیان بەدیاری پێ درابوو. نانتوپل نزیکەی دوو سەد و پەنجا وێنەی لەم جۆرەی دروستکرد. بەڵام ناوی ئیدلینك بەتایبەتی بەهۆی کتێبێکی گەورەی چارلس پیرۆلتەوە[٢٢] بەناونیشانی پیاوە ناودارەکانی فەڕەنسا[٢٣] دەنگی دایەوە. ئیدلینك خەڵکی شاری ئانڤێرس بوو، پاشان لە فەڕەنسادا کاری کردو کەوتە ژێر کاریگەری قوتابخانەی رۆبینزەوە.

### جاك کالۆت:[٢٤]

بە شێوەیەکی گشتی وێنەسازی کتێب لە فەڕەنسادا لە نیوەی یەکەمی سەدەی حەڤدەهەمدا بەڕادەیەکی زۆر لە هونەری ڤلامێنکییەوە کاری تێکرابوو. هەروەها ئیتالیاش

---

18- Leonard Gaultier.

19- Thomas de leu.

20- Robert Nanteuil.

21- Géard Edelinck.

22- Cnorles Perrault.

23- Les hommes illustres quiont paru en France.

24- Jacqres Callot.

کاریگەریی لەسەر فەڕەنسا و بەتایبەت کاریگەریی لەسەر جاك کالۆت هەبوو کە ناودارترین هەڵکۆڵەری ئەم سەردەمە بوو. جاك کالۆت لە ساڵی ١٥٩٢ لە دایکێکی دانیمارکی لە شاری نانسی هاتە دنیاوە پاشان لەلادێدا ماڵی باوکی بەجێهێشت و کۆچی کرد بۆ وڵاتی ئیتاڵیا و لەگەڵ چەندین کەسانی تردا لە کۆشکی هەرنجی تێسکانیادا سەرقاڵی کارکردن بوو.

لە دواییدا کۆشکی لۆرین بانگهێشتی کرد بۆ شاری نانسی دواجار پاشا لویسی سیانزە بانگهێشتی کرد بۆ شاری پاریس لە نێو کارەکانی کالۆتدا چەند وێنەیەك دەبینرا کە لە ساڵی ١٦٤٦دا، بۆ کتێبی تیشکی پەرستگا[٢٥] وێنەی کێشا، هەڵکۆڵینی بۆکرد. کالۆت بەرێگەی تێزاب هەڵکۆڵینی دەکرد. بەپێچەوانەی تانتوێلەوە کە کاری هەڵکۆڵینی بەهۆی قەڵەمی بەرد تاشەوە ئەنجام دەدا. بەو واتایەی کە کالۆت لە جێی هەڵکۆڵین لەسەر مس. شێوەکەی لەسەر تابلۆیەك کە رووپۆش کرابوو بەماددەیەکی مۆمی و ئەو کارەش بەهۆی کانزایەکی نوك تیژەوە ئەنجام دەدرا لە هەڵکۆڵراوەکان بۆ کێشانی هێڵەکان لەسەر روپۆشە نوێیەکە بەکاریان دەهێنا. پاشان وێنە کێشراوەکان لەسەر مۆمەکە بەشێوەی چاڵ بوو بەتێزاب پڕ دەکرایەوە بەشەکانی دیکەی تابلۆکە بەجێ تێزاب و بەجێگۆران دەمایەوە.

---

25- Kux Claustri.





شێوەی - ١٢ - وێنەیەکی لورین کە بەتێزاب لەلایەن جاك کالۆتەوە لە سەدەی حەڤدەهەمدا لەسەر مس کاری وێنەکێشان و هەڵکۆڵینی بۆکراوە



شێوەی - ١٣- وێنەیەکی لورین کە بەتێزاب لەلایەن جاك کالوّتەوە لە سەدەی حەڤدەهەمدا لەسەر مس کاری هەڵکۆڵینی بۆکراوە



کالۆت تەنها وێنە کێشێکی شارەزا و وردەکار کە خاوەنی حەزێکی زۆر و تێکەڵ بەرۆحێکی خەندان بێت، نەبوو بەڵکو سەرەڕای ئەمە پیشەوەرێك بوو کە گەشتبوویە لوتکەی پیشەسازی لەو بوارەدا. شێوازێکی تایبەت بۆ رووپۆشی تابلۆی مسین داهێنا و چەندین جار بەردەوام و یەك لە دوای یەك بەهۆی تێزابەوە هەڵکۆڵینی دەکرد بەجۆرێك کە بەوێنە هەڵکۆڵراوەکە لەڕووی سێبەر و دوورییەکانەوە نیگایەکی داهێنان کاریانەیان دەبەخشی. شێوەی (١٢-١٣) گەشەسەندنی کالۆن لەسەر زۆرێك لە جێنشینان و هاوچەرخەکانیدا کاریگەرییەکی زۆری هەبوو. وەك ستیفانۆ دلابلای[٢٦] فلۆرانسی کە چەندین ساڵی لە پاریسدا بەسەر برد لە نێو وێنەکانیدا لە پاریس، شێوەیەکی گاڵتەجاڕی لەتابلۆی دەستپێکردنی کتێبی کۆمیدی سکارۆن[٢٧]دا دەبینرێت. لەگەڵ هەموو ئەمانەدا ئابراهام بۆس[٢٨] زیاد لەوانی دیکە لە کالۆت دەچێت. چونکە لە زۆرێك وێنە جۆربەجۆری کتێبەکاندا پەیڕەوی لە کالۆت کردووە توانای لەراستەقینە دەرخستنی سروشتدا بەقوڵی و بەجوانی نیشانداوە تا ئەو رادەیەی کە وێنەکانی ئابراهام بۆس بەڵگەیەکی گرنگە لەسەر ژیانی خەڵکی فەرەنسا لە سەردەمی ئەودا.

### هەڵکۆڵەران لە نیوەی دووەمی سەدەی حەڤدەهەمدا

دامەزراندنی چاپخانەی پاشایەتی لە کۆتایی ساڵی ١٩٦٠دا لەلایەن میشلیۆوە رووداوێکی گرنگ بوو لە هونەری پیشەسازی کتێب لە فەرەنسادا، چونکە زنجیرەیەکی تەواو لە کتێبە بەنرخەکان لەوێدا چاپکران لە نموونەی ئەوانە چاپکردنی تەورات لە ساڵی ١٦٤٢دا وێنەکانی کێشرا لەلایەن نیکۆلاس پوسین[٢٩] و هەڵکۆڵینەکەشی کلۆدمیلان[٣٠] ئامادەی کرد. لەم کاتەدا سباستیان کراموسی[٣١] یەکەمین بەڕێوەبەری چاپخانەی لوفەر بوو کە ئێستا بریتییە لە چاپخانەی نەتەوەی، و بەچاوێری کردنی زۆرێك لە کتێبە کلاسیکییەکاندا پلەی بڵندی زانستی و پلەوپایەکەی وەك خاوەن چاپخانەیەك سەلماند. هونەرمەندێکی دیکە لە فەرەنسادا بەچالاکی

---

26- Stefono Della Bella.

27- Scarron.

28- Abraham Bosse.

29- Nicolas Poussin.

30- Claude Melan.

31- Sebastien Cramoisy.

زۆر و بەهرەی بەتوانا ناسرابوو ئەمیش بریتییە لە فرانسوا شۆڤۆ[٣٢] کە بەوێنەی دیمەن و شێوە جیاوازەکان، لەلای بڵاوکەرەوانی پاریس بەیەکێك لە ناودارترین وێنەکێشانی ئەو سەردەمەی دەکاتە هەژمار.

**سپاستیان لێکلێرك:[٣٣]**

لەگەڵ ئەمەدا شۆڤۆ گەورەترین ناو نەبوو لە نیوەی دووەمی سەدەی حەڤدەهەمدا، بەڵکو سباستیان لێکلێرك بوو. لێکلێرك قوتابی کالۆت و شەیدای ماتماتیك بوو. لەبەرئەوە وێنەیەکی زنجیرەیەکی تەواوی کێشا لە شێوەی هێڵکاری ئەندازیاری لەگەڵ دیمەنە جوانە سروشتییەکاندا تێکەڵ بوو کرابوو.

پێویستە ئەوە بخەینە ریزی لۆلس و شۆڤۆ کە پێشەنگەکانی یەکەمین هونەری جوانکاری بچووك بوون، ئەو هونەرە لە دواییدا رووتەختێکی زۆری بەدەست هێنا.

لێچونێکی زۆر لە نێوان هونەری لێکلێرك و هونەری مامۆستاکەی ئالۆتدا بەدی دەکرێت، گەرچی کارەکانی لێکلێرك تونودتۆڵی و قوڵاییەکی کەمتری هەبوو، بەڵام سێبەرەکانی کەمتر و جوانییەکەی زیاتر بوو، تەنها برێکی کەم لە کارەکانی لێکلێرك لەسەردەمی ریشیلیودا بوونی هەبوو.

بەرەچاوکردنی ئەو هونەرەی لێکلێرك کە باسمان کرد قۆناغێکی گواستنەوەی نێوان ئەم سەردەمە و سەردەمی دواتری پیشان دەدا، سەرەڕای ئەوەی گرنگی ئەو شوێن و پلەوپایەی لە جوانکاری لە هونەرەکەی بەدیهێنا لە ئاستێك دایە پایە بەرزترە لەوەی کە لەسەدەی حەڤدەهەم بەربڵاوبوو.

---

32- Francois chauveau.

33- Sebostien Leclerc.



**خاوەن چاپخانە و بڵاوکەرەوە گەورەکانی هۆڵەندی:**

سەرەڕای ئەو چالاکییە زۆرەی لە زەمینەی هونەری کتێب، لەسەدەی حەڤدەهەم لە فەرەنسا ئەنجام دەدراو سەرەڕای ئەو جێگا بەرزەی کە بڵاوکەرەوەی زرنگی کلۆد باربین[٣٤] لەم سەدەیەدا لە پاریس بەدەستی هێنا بڵاوکەرەوەیەکی دیکە ناتوانرێت ببینرێت لەم سەدەیەدا وەك ئەوەی کە لە ئاست ئانتوان ڤێراد[٣٥] و سیمون ڤۆستەر[٣٦]دا بێت.

هەروەها رێکخراوەی پلانتن لە ئانڤێرس بەهۆی بەرفراوان بوونی هەڵکۆڵین لە هونەری وێنەسازی کتێبدا گرنگییەکی زۆری بەدەست هێنا. بەلجیکا بەشێوەیەکی گشتی لە هۆڵەندا بەشێوەیەکی تایبەتی ئاوەها بارودۆخێکیان هەبوو بەجۆرێك لەبواری پیشەسازی کتێبدا و لە سەدەی حەڤدەهەمدا پلەی یەکەمی لە ئەورووپا بەدەست هێنابوو. هۆکاری ئەم پایە بەرزەش لەلایەکەوە پەیوەندی بەرابەرایەتی کردنی سیاسی سەرزەوییە نزمەکانی ئەم سەردەمەدا و بەهۆی بوون بەناوەندێکی زانستی لە جیهاندا لەلاکەی دیکەوە. جێی سەرسوڕمان نییە کە خوێندکاران لە هەموو دەوروبەری جیهانەوە رووەو زانکۆی سیدن دەڕۆیشتن بۆ ئامادەبوون لەو وانەی کە لەلایەن ژمارەیەکی زۆر لە مامۆستا ناودارەکانەوە دوورخرایەوە دەچوونە ناو ئەو زانکۆیە.

**بنەماڵەی ئێلزڤیر:**

لەکۆتایی سەدەی شانزەدا کەسێك بەناوی لۆدویك ئێلزڤیر[٣٧] یان ئیلزڤی کرایە جێگری سەرۆکی زانکۆی لیدن. ئەو کەسێ بوو کە لە دوای گەیشتن بەو پلەیە مۆڵەتی فرۆشتنی کتێبی بەخوێندکاران وەرگرتبوو. هێدی هێدی بازرگانی یەکەمی بەرفراوان کرد، چونکە چالاکییەکان تەنها بەشار و وڵاتەکەی سنووردار نەکرد و لقێکی هەمیشەیی لەشاری فرانکفۆرت دا کردەوە بەجۆرێك کە ئەڵمانیای باشوور هەموو کتێبە دەرەکییە پێویستەکانی لەوێدا دەکڕی.

---

34- Claude Barbin.

35- Antoine Verard.

36- Simon Vostre.

37- Lodewijk Elzevir.

لۆدویك كۆمەڵێكی زۆری لە خاوەن چاپخانەكان و بڵاوكەرەوەكان كۆكردەوە، چالاكییەكانی بەدرێژایی سەدەی حەڤدەهەم گەیشتە زۆرێك لە شارەكانی هۆڵەندا بەجۆرێك ناوی ئێلزڤێر سەرتاسەری ئەورووپای گرتەوە. بەناوبانگترین كەسانی ئەم كۆمەڵەیە كوڕی لودیك بوناڤانتور[38] نەوەكەی ئابراهام بوو. سەردەمی چالاكییان لە ساتەكانی (١٦٢٥ تا ١٦٥٢) ترۆپكی گەورەی بنەماڵەی ئێلزڤێربوو.


V I T A
PER
IOANNEM MARIAM

شێوەی ١٤ پەڕەیەك لە
نامەكانی بلینوس چاپی ئێلزڤێر

**چاپەكانی ئێلزڤێر:**

هەروەك چۆن ئالدۆ لەكاتی خۆیدا بە شێوازی ڤینیسی لە سەرتاسەری ئەوروپادا چاپە بچووكەكانی لە نووسراوە كلاسیكییەكاندا بەپیتە خوارەوە بووەكان (ئیتالیك) چاپ و بڵاوكردەوە.

چاپەكانی ئیلزڤێریش ژمارەیەكی زۆر لە چاپكراوەكانی لە ئەندازەی دوازدەدا و تا ئەندازەیەك وەك چاپكراوەكانی ئالدۆ خستە نێو بازاڕەكانی جیهانەوە. لەم سەردەمەدا كتێبەكان لە ئەندازەی ٢/١ی گەورەدا ڕەواجی هەبوو ئەم چاپكراوانە وەك چاپكراوەكانی ئالدۆ، ڕەنگێكی نەتەوەی نوێی هەبوو كە بەهۆی ئەندازەی ئاسیای و گونجاوی نرخەكانی خوازیارانێكی زۆری بۆ پەیداكرد. بەناوبانگترین ئەم كتێبانەی چاپی قەیسەر و پلنیوس شێوەی (١٤)ی و تیرانس[39] و ڤێرجیلە[40] ئەم چاپانە لەڕووی وردەكاری زمانەوانی و ناوەڕۆكەوە ناتوانین بەراوردی بكەین بە چاپەكانی ئالدۆ. ئەم چاپە بەهۆی پاكی و جوانی پیتەكانی دیمەنێكی بەشۆكی هەبوو كە شێوازی كلاسیكی نیشان دەدا. پیتەكانی كریستۆفل ڤان دیك[41] بەگوێرەی نموونەی گارادون هەڵكۆڵینی بۆ كرد بوو، هەمان ئەو پیتانەی كە بۆ ماوەیەكی زۆر لە ئینگلتەرادا

38- Bonaventure.

39- Térence.

40- Virgil.

41- Christofel van Dyck.



بەكاردەهێنرا. ئەویش كاتێك بوو كە قەشە فێل[42] نزیكەی ساڵی ١٦٧٠ ئەوانەی هێنایە ئینگلتەرا و لە چاپخانەی زانكۆی ئۆكسفۆرددا بەكاری هێنا.

پاشان بنەماڵەی ئیلزڤێر جگە لە چاپی نووسراوە كلاسیكییەكان ژمارەیەكی زۆر نەنووسراوەكانی دیكەی بڵاوكردەوە. لە نموونەی ئەو كارانەی كە لە ساڵی ١٦٢٦دا دەستیان كەوت چاپكردنی زنجیرەیەك كتێبی بچووكە كە باسی ئامار و تۆپۆگرافی چەند شارێك دەكات و ئەم زنجیرانە ناوی زنجیرەی كۆمارییەكان[43] یان لێ ناوە كە زۆریش گونجاوبوو.

یەكێك لە پایەكانی دامەزرێنەری ئەم بنەماڵەیە كە هەمان ناوی هەبووە، بەلۆدویكی بچووك ناودەبرا لە ساڵی ١٦٣٧ لە شاری ئەمیستردام جێگیر بوو، كتێبی فەلسەفەی دیكارتی چاپكردو پەیوەندییەكی پتەوی لەگەڵ دادوەری گەورەی یاسای دەوڵەتی هۆگۆ گرۆبیوس[44] هەبوو لە نێو چاپكراوە بەناوبانگەكانی ئیلزڤێردا دەتوانین چاپی كتێبەكانی قەشە ئۆگستین لە ساڵی ١٦٧٥دا و چاپی وەرگێراوی كۆرۆنیل[45] لە ساڵی ١٦٥٢دا كتێبی پەیڕەوی مەسیح[46] لە نووسینی تۆماس ئەی كێمپس[47]، ناوی بهێنین. هەروەها چاپكردنی كتێبی ((یاسای رۆمانی)) لە ساڵی ١٦٦٣دا بەئەندازەی ٢/١و سەرەڕای چاپەكانی مویر و كۆرۆنیل و راسین و باسكال و چەندینی دیكە لەگەورەترین نووسەرانی فەڕەنسی تاوەكو ئەوەی كە چاپە راستەقینەكانی ئیلزڤێر لە ٢٠٠٠ تێپەڕی كرد. چونكە لەوێ چەندین چاپی جۆراوجۆر هەبوو كە ئیلزڤێرەوە هەڵهێنجرابوو، هەروەك چۆن لە چاپەكانی بنەماڵەی ئالدۆشدا بارودۆخەكە هەمان حاڵی هەبوو.

**سەروەت و سامانی بنەماڵەی ئێلزڤێر لە سەدەی هەژدەیەم و نۆزدەیەمدا:**

كتێبەكانی ئیلزڤێر بەتایبەت لە سەدەكانی هەژدەهەم و نۆزدەیەمدا پێشوازییەكی گەرمی لێكرا لەلایەن كتێب دۆستانەوە، تا ئەوەی كە بوو بەهۆی پەیدابوونی عەشقێكی راستەقینە لە جیهانی هاوڕێیانی و دۆستانی كتێب دا و بەعەشقی ئیلزڤێری[48] ناوزەدكرا، وە ئەم عەشقە

42- Fell.

43- The Republics.

44- Hugo Grotius.

45- Croneille

46- Imitatron of christ

47- Thomas A. Kempis.

48- Elzeviromania

بەتایبەت تا ئەمڕۆ لە نێو عاشقان و خاوەن کتێبخانە دەوڵەمەندە ئەمریکاییەکاندا بەپایەداری ماوەتەوە، بەجۆرێك کە پارێزگاریکردن لە هەندێ لە نوسخەکانی ئەم پاشماوانە بەکەمترین زڕین و داخوران و بەشانازییەکی گەورە لە قەڵەم دەدرێت، لە هۆی ئەمەش، پێوانی کتێبەکانی ئیلزڤیرە بەتایبەتی لە ئەندازەی دووریەکانی چوارچێوە پەراوێزەکاندا، لەبەرئەوە ئەو نوسخانەی کە بەچاکی ماونەتەوە و دەگەڕێتەوە بۆ قۆناغی زێڕینی ئەم بنەماڵەیە بەچەندین نرخی سەرسوڕهێنەر فرۆشراون، هەرچەندە هێندەش نایاب نەبوو، لە نموونە ناسراوەکانی کتێبەکانی ئیلزڤیر کە ڕۆژبەڕۆژ نرخەکەی لەزیادبووندایە، کتێبەکی بچووکەکە بەناونیشانی ((شیرنی فرۆشی فەڕەنسی))[٤٩] کە دامەزراوەی ئیلزڤیر لە ساڵی ١٦٥٥دا بەفەڕەنسی چاپی کردووە و نرخەکەی لەیەکێك لە فەهرستەکانی ناوەندی بڵاوکردنەوەیاندا کە کەمێك زیاتر لەنێو فلۆرین[٥٠] دیاری کرابوو، بەڵام، بەتێپەڕبوونی کات ئەم کتێبە نایاب بوو، تاڕادەیەك کە نرخی هەندێ لە نوسخە باشەکانی لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەم گەیشتە دە هەزار فرانك. لە گرنگترین و جوانترین زنجیرەکانی چاپی ئیلزڤیر ((زنجیرەی بێرگمان))ە[٥١] و لە کتێبخانەی ستۆکهۆڵم هەڵگیراوە.

**بنەماڵەی ئینشیدی:**

هەندێك لە گەنجینەی پیتەکانی ئیلزڤیر[٥٢] لە سەدەی هەژدەیەمدا کەوتە بەردەست بنەماڵەیەکی دیکەی خاوەن چاپخانەی هۆڵەندی. بنەماڵەی ئینشیری لە شار هارلم[٥٣]دا لەلایەن ئیرك ئینشیرنێ و لە ساڵی ١٧٠٢دا دامەزرا.

ئەم ڕێکخراوە تاوەکو ئەمڕۆ بەپێ ماوەو خاوەنی چەندین گەنجینەی جۆراوجۆر لە پێست و چاپی کۆن و نوێیە بەجۆرێك کە بەپایە بڵندترە لە هەموو چاپخانە ئەوروپییەکانی دیکە. ئەم دامەزراوەیە بۆ ماوەی بیست ٢٠ ساڵ کەرەستە چاپییەکانی چاپخانەی ناوداری بەرلینی ج. ف. ئون گێر[٥٤] لە دوایدا لێی دەدوێن. لەلابوو.

49- French Pastry- Cook

٥٠- .Florn پارەیەکی کانزایی زێڕ دەگەڕێتەوە بۆ فلۆرانس لە سەدەکانی ناوەڕاست (١٢٥٢).

51- Berghaman Collection.

52- Les Enchedes.

53- Harlem.

54- J.F. Unger.



**فراوان بوونی چوارچێوەی دامەزراوەی ئێڵزڤی:**

بنەماڵەی ئیلزڤیر لە چالاکییەکانیدا وەك بازرگانی کتێب لە هەموو هاوچەرخەکانی خۆی پایەبەرزتر بوو لەبەرئەوە لە بواری بازرگانی کتێبدا هیچ کەسێك وەك ئەوان نەبوو لەسەردەمی خۆیاندا لە بواری ئەدەبیاتی فەڕەنسیدا بەنوێ کردنەوەی چاپی کتێبە فەڕەنسییەکان بڵاوکراوەی زۆریان هەبوو کە جگە لەم ڕێگەیە نەدەتوانرا، بەڕێگەیەکی دی ئەنجام بدرێت، ئیلزڤیر لەم زەمینەدا لە پلەی یەکەمدا بوو.

دامەزراوەی ئیلزڤیر کتێبەکانی بەبەرگ گیراوی دەفرۆشێت و لەم بوارەدا جیاوازی لەگەڵ بڵاوکەرەوەکانی دیکە نەبوو لە نێو بەرگسازانی ئەم دامەزراوەدا بنەماڵەی ماگنوس[٥٥] هەبوو کە بنەماڵەیەکی ناوداری بەرگسازی ئەم قۆناغەیەو پەیڕەویی لە فەڕەنسییەکان دەکرد هەروەك چەندین کتێبی دیکە دامەزراوەی بلوش[٥٦] کە لە ساڵی ١٦١٨ تا ساڵی ١٦٧٢ بەپایەداری مایەوەو تایبەت بوو بەبڵاوکردنەوەی ئەتڵەسە جوگرافییە گەورەکان و لە بازنەی ئەم خاوەن چاپخانەدا دادەنرێت.

**بنەماڵەی بلو:**

زانستی ئەتڵەسەکان لە هۆڵەندا پێشکەوتنێکی بەرچاوی بەخۆیەوە دی و گەیشتە شارەکانی کەنار دەریا. لەناودارە گەورەکانی ئەم هونەرە ولیام یانسۆن بلۆ[٥٧]یە کە دامەزرێنەری ناوەندی بلویە و لە گەشتەکانیدا وڵاتی دانیمارك تیکۆ براهێی[٥٨] ناسی و چەندین زانیاری بەنرخی دەربارەی ئەستێرە ئەتڵەسییەکانی لێوە فێربوو. چەندین ئەتڵەس و نەخشەی دەریای بڵاوکردەوە لەڕووی جوان و وردەکاری و لە نەخشە بینییەکانی دیکە باشتربوو بۆ نموونە نەخشەکانی گۆی زەوی[٥٩] کە لە ئەمستەردام چاپکرا لە نموونەی ئەو بەرهەمانەن.

55- Magnus.

56- Blaeu.

57- Willem Jonszoon Blaeu.

58- Tycho Brahé.

59- Globen en Kaartemaker.

## ئەتڵەسی گەورە:

گەورەترین بەرهەم کە بۆتە هۆی ناوبانگی ئەم بنەماڵەیە، ئەتڵەسێکی گەورەبوو کە کوڕەکەی بلو کە بەناوی (جان)[٦٠] ەوە ئامادەی کردوو بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٦٠٢دا بەرگ داوە لە ئەندازەی ٢/١دا بڵاوی کردەوە.

هەڵکۆڵینی سەرمس فاکتەری سەرکەوتنی چاپەکانی بوو، ئەو تەنها لە وێنەکردنی نەخشە رەنگ کراوەکان بەهۆی دەست سەرکەوتوو نەبوو، بەڵکو لە وێنەکانی تابلۆی دەستپێکی کتێب و جوانکارییەکانیشدا سەرکەوتوو بوو. سەرەڕای گەورەیی ئەندازە و گرانی نرخی ئەم ئەتڵەسە، بەتەواوی خوازراو بوو تا ئەو رادەیەی کە دەڵێن شازادەی تیسکانیا بۆ کڕینی نوسخەیەکی گەورە سێ هەزار فلۆرینیدا. ئەم ئەتڵەسە زۆر گران بەهایە و تا ئەمڕۆش ماوەتەوە.

مرۆڤ بەسەرسوڕمانەوە بەرامبەر ئەم کارانەدا لە خۆی دەپرسێت کە چۆن ئەم ئەتڵەسە و چاپە کۆنەکانی دیکە دروست کراوە. دەگونجێت ئەم پرسیارە لەلایەکەوە راقە بکرێت یەکەم بوونی حەقدەستی کرێکاران لەو کاتانەدا. بەڵام لەگەڵ زۆرینەی ئەم ئەگەرانەدا دەبینێت دان بەوەدا بنرێت کە فەرمانڕەواکان بەگرنگییەوە پارەو بوونی زۆریان بۆ هاندانی بەدەست هێنانی زانست تەرخان کردووە. بڵاوکەرەوە بەدەستەواژەیەك لە سەرەتای کتێبەکەدا ستایش و سوپاس گوزاری دەکردن بەبێ بوونی ئەم پشتگیرییانە ئەم جۆرە کارە زانستییە گەورانە نەدەتوانرا ئەنجام بدرێت. بەتەواوی وەك ئەوەی کە ئەمڕۆ روودەدات کە بەبێ یارمەتی دەوڵەت و کەسایەتییەکان بڵاوکردنەوەی ئەم جۆرە بەرهەمانە مەحاڵە.

60- Jan.



## کتێبخانەکان لەسەدەی حەڤدەهەمدا

### دەست پێکردنی فرۆشتنی کتێب لەڕێی زیادکردنەوە:

لە سەرەتای ساڵەکانی سەدەی حەڤدەهەمدا شێوەیەکی نوێی بازرگانی کتێب دەرکەوت. کتێب برایە نێو مەیدانی هەراجییە گشتییەکانەوە تاوەکو بفرۆشرێت بەو کەسەی کە نرخێکی زیاتر دەدات.

لەو کاتەشدا هۆڵەندا دەستپێکەری ئەم بوارە بوو، لە لیدن ئاڵۆویرە سەرەتاییەکانی کتێب لەڕێی زیادکردنەوە ئەنجام دەدرا. گومان دەبرێت کە لۆدویك ئیلزڤیر یەکەمین کەس بوبێت کە کاری بەم شێوازە کردبێت.

بەخێرایی دەرکەوت کە ئەم شێوازی مامەڵەیە بۆ کڕیار و فرۆشیار لایەنێکی باشی هەبووە، مامەڵە لەڕێی زیادکردنەوە فرۆشیار سوودێکی زیاتری وەردەگرێت، کڕیار ئەو زنجیرە کتێبانەی دەست دەکەوت و نەدەبوویە هۆی پەرتەوازەبوون و جیابوونەوەی کتێبەکانی فرۆشیار بەو جۆرەی کە بەدڵنیاییەوە لە زنجیرە کتێبەکانی کتێبخانەکان، (کتێب فرۆش)ەکاندا روودەدات. لەگەڵ هەموو ئەمانەدا پاش ماوەیەکی کەم گلەیی و سکاڵا دەستی پێکرد لە کتێب فرۆشەکان کە بەم جۆرە فرۆشتنییە هەڵێکیان بۆ دروست دەبێت بۆ رەهابوون لە هەندێك لە کتێبە هەرزانەکان بەم رێگەیە لەم هەلومەرجە گونجاوەدا، ئەو کتێبانەیان لەگەڵ کتێبە هەراجەکاندا دەفرۆشت، هەروەك چۆن ئەمڕۆش ئەو دیاردەیە روودەدات فەهرستێکی ئەو کتێبانە کە بۆ فرۆشتن دادەنران لەنێو هەراج کەرەکاندا دابەش دەکرا، زۆرکات کتێبەکان بەپێی ئەندازە دابەش دەکران و وەك ئەندازەی ٨/١و ٤/١و ٢/١ پاش ماوەیەك، لە هۆڵەندا ئاڵوودێری کتێبەکان لەڕێی زیادکردنەوە سەرنجی وڵاتانی دیکەی بۆ لای خۆی راکێشاو بەم جۆرە بەرەبەرە گرنگییەکی نێودەوڵەتی پەیداکرد. پاشان یەکێك لە پیاوە ئایینییەکانی ئینگلیزی بەناوی جوسیف هیل[٦١] ماوەیەك لە هۆڵەندا نیشتەجێ بوون و ئەم نەریتەی لە ساڵی ١٦٧٦دا هێناوە شاری لەندەن بەم رێگەیە کتێبخانەی یەکێك لە هاوڕێ گەشتکەرەکانی کڕێ و زۆری نەخایاند ئەم شێوازی فرۆشتنە رەواجی پەیداکرد.

61- Joseph Hill.

هەراجییەکانی کتێب لەو بارودۆخ و چالاکییەی کە لە هەموو هەراجییەکانی دیکە هەبوو بێ بەش نەبوو. کاتێك کە کتێبە نایابەکان هەراج دەکران زۆرکات رووداوی سەرسوڕهێنەر رووی دەدا بەم پێیە، رەواجی هەراجییەکانی کتێبەکان تەنها لە سەدەی هەژدەهەمدا دەستی پێکرد.

ئەم شێوازە لە فەرەنسا و ئەڵمانیاش بڵاوبوویەوە، پاشان لە دەوروبەری ساڵی ١٦٧٠ گەیشتە ساکسۆن تاوەکو ئەوەی کە بەدەست بەکاربوونی کتێب فرۆشە ئەڵمانییەکان بازاڕی کێبڕکێی کتێب بێسوود قازانجی کرد.

**کتێب دۆستان و خاوەن کتێبخانە فەرەنسییەکان:**

بەم شێوەیە هۆڵەندا ڕێ و شوێنێکی گەورەی لە بازرگانی کتێبە ئەورووپییەکان لە سەدەی حەڤدەیەمدا بەدەست هێنا. تەنانەت فەرەنسا سەرەڕای گەورەیی ئەدەبیاتی درەوشاوەی ئەو وڵاتە. لەم بوارەدا پلەی دووەمی بەدەست هێنابوو، زۆرێك لە بڵاوکراوە ئەدەبییە فەرەنسییەکان هەروەك باسمان کرد. پەیڕەوی هۆڵەندایان دەکرد، بەڵام فەرەنسییەکان لە زەمینەی کۆکردنەوەی کتێبدا لە پلەی یەکەمدا بوو، چونکە فەرەنسییەکان خونەرینی گرۆلیی یان درێژە پێداو، گرنگی زۆریان دەدا. بەلایەنی جوانکاری کتێبەکان بەجۆرێك کە جوانی و شکۆی زۆرێك لە کتێبەکان پارێزگاری کراو مایەوە و ئەمەش جیاکەرەوەیەکە کە دەوڵەتە ئەورووپییەکان لە سەرەتادا بەرچاویان دەکرد.

**دۆستانی کتێب لە نێو گەورە پیاوان و خانەدانەکاندا:**

هەرچەندە لە هێزی پاشاو کۆشکی فەرەنسا زیادی دەکرد، ئەمەندە کتێبی جوانتر رووەو دیوانی پاشا دەهات و کێبڕکێی خانەدان و گەورە پیاوان بۆ کۆکردنەوەی کتێب زیاتر دەبوو، پاشا لۆردەکان و کۆشك و دۆستانی دیکەی کتێب بەکڕینی کتێبە نایابەکان و بەنرخەکان هەوڵیان دەدا گەنجینەکانی خۆیان دەوڵەمەندتر کەن ئەم پەرۆشییە لە سەردەمی حکومەتی لویسی پانزەیەم و شانزەهەمدا گەیشتە لوتکە. لەگەڵ ئەمانەدا ئەگەر گرنگیدانی راستەقینەی ئەدەبیات بدەینە پاڵ ئەم دوو پادشایە و دەربارەی کارەکانیان، بەتەواوی زیادەڕۆییمان کردووە. چونکە دەبێت بووترێت ئەو دوو پادشایە وەك لایەنگرانی کۆکردنەوەی کتێبە گران بەهاکان بوون، لە ئیمپراتۆری رۆمدا بەجۆرێك دەتوانین ئەو گلەیی و گازندانەی کە فەیلەسووفی



سینیکا[٦٢] لە پیاوانی ئیمپراتۆری رۆمی گرتبوو، بەهەمان شێوە لە زۆرێك لە فەرمانڕەوا فەرەنسییەکانی سەدەی حەڤدەیەم و هەژدەیەمیش بگرێت لەبەر ئەوە بە شێوەیەکی رێکەوت نەبوو کە لابروێرێ[٦٣] لە کتێبەکەی دا بەناوی کەسایەتییەکان[٦٤] سوکایەتی و گاڵتە بەهەندێك لە کتێب دۆستان بکات. گومانی تێدانییە لەم نێوانەدا کۆمەڵێك رۆشنبیر و خوێنەری کتێب هەبوو کە مەبەستێك لە کۆکردنەوەی کتێب و دروستکردنی کتێبخانە رازیکردنی هەستی خۆشەویستی و خوپەرستی نەبوو. کۆمەڵێکی زۆر لەکتێب دۆستان و هاوڕێیانی کتێب لەم سەدە گەورەیەدا کە بەسەدەی دیکارت و پاسکال و مولێر و راسین و پاشایی خۆر[٦٥] ناوبراوە شایەتی شێوازێك دەدەن کە فەلسەفە و هونەر لەم سەردەمەدا لەیەك جیادەکرایەوە تا ئەو رادەیەی کە زۆرێك لە کتێبخانەکانی سەدەی حەڤدەیەم هێمای زانستیان هەبوو.

**ریشیلیو و کتێبەکان:**

لە نێو ئەو سیاسەتمەدارە گەورانەی کە ئارەزووی راستەقینەیان بۆ کتێب هەبوو دەبێت لە پلەی یەکەمدا ناوی ریشلی و مازارین و کولبێر بهێنین.

یەکێك لەگەورەترین و گرنگترین هۆکارەکانی بایەخدانی ریشیلیۆ بۆ کتێب هەروەك باسمانکرد دروستبوونی چاپخانەی دەوڵەتی بوو لە لۆڤەر کە کاریگەرییەکی زۆری هەبووە لەسەر پێشکەوتنی پیشەسازی چاپ لە فەرەنسا.

دامەزرێنەری ئەکادیمیای فەرەنساش یەکێك بوو لە کۆکەرەوەکانی کتێب بە شێوازە سەرەتاییەکانی، نەك تەنها بودجەیەکی زۆری بۆ کتێبخانەکان تەرخان کردبوو، بەڵکو هەوڵ و کۆششێکی زۆری دەدا بۆ دەستگیربوونی کتێب یان نوسخە دەست نووسە پەسەندکراوەکان، بەجۆرێك کە ئەم ئەکادیمیایە لە ماوەیەکی کەمدا وەك دەوڵەمەندترین کتێبخانەی ئەورووپا ناوبانگی دەرکرد، دوای مردنی ریشیلیۆ یەکێك لە میراتگرەکانی کتێبخانە و کتێبەکانی سپارد بەزانکۆی سۆربۆن. بەڵام بەشێکی دیکە خرایە سەر کتێبخانەی دەوڵەتی (کتێبخانەی میللی ئێستا).

---

62- Seneca.

63- Le. Bruyére.

64- Les Caracterés.

٦٥- (ملك للشمس) یان پاشای خۆر، یەکێکە لە نازناوەکانی لویسی چواردەهەم.

## کتێبخانەی مازارین: [٦٦]

مازارین، جێنشینی ریشلیۆش حەز و خولیایەکی زۆری بۆ کتێب هەبوو، لە راستیدا ئەو کەسێکە کە هەر لە هەرەتی لاوییەوە حەزی بۆ کتێب جولاوە. ریشلیۆ و مازارین بۆ لێکۆڵینەوەکانیان هاوکارێکی گەورەیان پەیداکرد و سەرپەرشتی کێتبخانەکانی ئەوانی دەکرد. ئەویش گابرێل نوودی[٦٧] بوو ناوی لە مێژووی کتێبدا بەهۆی یادگاری نامەیەکەوە ناوبانگی دەرکرد و لە ساڵی ١٦٢٧دا بڵاوی کردەوە لە ژێر ناونیشانی: چەند ئامۆژگارییەك بۆ دروستکردنی کتێبخانەیەك[٦٨] ئەمەش یەکەمین هەوڵ بوو. لە بەدواداچون کە زانستی کتێب ناسی لەو ڕێڕەوەدا هەنگاوی بۆ نابوو. نودێ ماندوو نەناسان و بەوردەکارییەکی زۆرەوە دەستی دایە کارێك و لە هەموو کتێب فرۆشە ئەورووپییەکان فەهرستێکی ئامادەکرد. تاوەکو ئەوەی کتێبەکانی کتێبخانەی مازارین گەیشتە ٤٥٠٠٠ بەرگ کتێب و ئەمەش ژمارەیەکی کەم نەبوو.

کاردینال ئارەزووی ئەوەبوو کە ئاسینۆس پولیۆنی[٦٩] فەرەنسا بناسرێت، یان بەواتایەکی دی کتێبخانەکەی ببێتە کتێبخانەیەکی گشتی بەجۆرێك کە هاوکارەکانی بتوانن سوودی لێوەربگرن. ئەمە بڕیارێك بوو کە ریشلیۆ پێش ئەم بەبیری داهاتبوو ئەم بیرو بۆچوونە لە ساڵی ١٦٤٧دا بەراوەردە بوو کاتێك کە بڕیاردرا کتێبخانەکەی مازارین هەر هەفتە جارێك بەڕووی جەماوەردا ئاوەڵا بکرێت.

بەڵام ئەم پرۆژە پڕ شکۆیانە درێژەی نەکێشا، و زۆری نەخایاند (پاش دوو ساڵ) مازارین لە پۆستەکەی دوور خرایەوەو کتێبخانە بەشکۆکەی فرۆشرا بەدرێژایی فرۆند[٧٠] هەموو گەنجینەکانی پەرتەوازەبوو. نودێ بەهۆی ئەم کارەساتە گەورەوە لەکارەکەیدا شکستی هێناو لەسەر بانگهێشتی شاژنە کریستین[٧١]ی پادشای سوید، کە پێشتر چەند نوسخەیەکی

66- Mazarin.

67- Gabriel Naudé.

68- Avis pour dresser une Bibliotheque.

69- Asinius Pollion.

70- Fronde.

71- Christine.



دەستنووسی لە مازارین کڕیبوو، رووی کردە شاری ستۆکهۆڵم و لەوێ سەرپەرشتی کتێبخانەی شاژنی گرتە ئەستۆ.

بەڵام کاتێك کە مازارین هێز و دەسەڵاتی بۆ گەڕایەوە، دەستیکرد بەکۆکردنەوەی چەندین کۆمەڵە کتێبی نوێ، و داوای لە سەرپەرشتی پێشووی کتێبخانەکەی کرد کە دووبارە بۆ کارەکەی بگەڕێتەوە، بەڵام لە ڕێگای گەڕانەوەیدا مرد و نەیتوانی لە دامەزراندنی کتێبخانەی دووەمی مازاریندا بەشداری بکات کە لە ساڵی ١٦٩١دا بۆ خەڵکی گشتی کرایەوە، ئەم کتێبخانەیە ئەمڕۆ یەکێکە لە کتێبخانە گرنگەکانی شاری پاریس.

## کتێبخانەی کۆلبێرت:[٧٢]

کۆلبێرتیش لەلایەنگران و پەرۆشانی کۆکردنەوەی کتێب بوو. کاتێك کە کاردینال مازارین بەتەواوی کاروباری فراوانبوونی کتێبخانەکەی بەنودێ سپارد، خودی کۆلبێرت لە فراوانکردنی کتێبخانەکەی بەشداری کرد، لەم بوارەدا دەستەی نێردراوی دەرەوەی فەرەنسا کۆمەکیان کرد، جگە لەمە چەندین کتێبی بەبایەخ و نایاب پێشکەش بەم ناوەندە کرا و یارمەتی فراوانبوونی دا. کۆلبێرت چەندین کۆمەڵە کتێبی بۆ ئەو کتێبخانەیە کڕی و هەندێکیشیان زۆر گرنگ بوون.

یەکێك لە خزمانی بنەماڵەی کۆلبێرت کۆمەڵێك لە نوسخە دەستنووسەکانی کەزیاتر لە ١٥٠٠٠ دانەبوو بەسەد هەزار ئیکۆ بەلویسی یانزەهەمی فرۆشت.

بەڵام کتێبە چاپکراوەکان لە ڕێگەی هەراج و زیادکردنەوەی فرۆشران و لە ئاکامدا ئەو کتێبانەی کە بەپێستی بزن بەرگی بۆ دروست کرابوو و هێمای ماری لەسەر بوو، پەرتەوازە بوون، و بەهۆی ئەم بەرگانەوە چەندین کتێبخانەی ئەو سەردەمە رازێنرایەوە و دەوڵەمەند کرا.

## لایەنگر و دۆستانی کتێب لە سەدەری حەڤدەهەمدا:

لە نێوان ئەو کەسانەی دیکەدا کە ناویان لە دەفتەری دۆستانی کتێب لە سەدەی حەڤدەهەمدا هاتووە گاستۆن دۆرلیان[٧٣]ی برای لویسی سیانزەهەم و دوو کتێبخانەی گەورەی هەبوو، یەکێکیان لە پاریس و ئەوی دیکەیان لە کۆشکی بلوا.[٧٤]

72- Colbert.

73- Gaston d' Orleans.

74- Blois.

ئێستا هەردووکیان لە کتێبخانەی میللی (نەتەوەیی)دا پارێزراون. پێرسگییر[٧٥] وەزیری لویسی سیانزەهەمیش کۆکەرەوەیەکی گەورەی کتێب بوو، پەرۆشێکی هەست ناسکی بەرگی کتێبەکان بوو لە کتێبخانەکەیدا ئەندامانی ئەکادیمیای فەرەنسای لە دەوری یەك کۆکردەوە و لە پاڵ چاپکراوەکانیدا کۆمەڵە کتێبێکی کۆکردەوە کە زیاتر بوو لە ٢٠٠٠٠ بەرگ. لەم کتێبخانەیەدا نزیکەی چوار هەزار نوسخەی دەستنووسی رۆژهەڵاتی تێدابوو. سکرتێرە تایبەتەکەی جۆت بالێندن[٧٦] کتێبخانەیەکی هەبوو کە لەڕووی چەندێتییەوە لە کتێبخانەکەی کەمتر نەبوو، بەڵام لەڕووی چۆنیەتی و جوانکارییەوە، لەو کەمتر بوو.

## یەکەمین کتێبخانە گشتییەکانی ئەڵمانیا

**کتێبخانەی برۆنسویك:** [٧٧]

لایبنتس،[٧٨] یەکێك بوو لە قوتابییەکانی نۆدێ و لە رێکخستنی کتێبخانەدا شێوازی مامۆستاکەی بەکارهێنا، دوور لەوەی کە بە شێوەیەکی کوێرانە لاسایی دەکاتەوە لە ساڵی ١٦٧٦دا بوو بەبەڕێوەبەری کتێبخانەیەك لە شاری هانۆڤەر[٧٩] پاشان بۆ بەڕێوەبردنی کتێبخانەیەك کە شازادە ئۆگۆست دو برۆنسویك - لون بۆرگ[٨٠] دروستی کردبوو رۆیشتە شاری ولفن بۆتیل و لە ساڵی ١٦٦٤دا کۆمەڵە کتێبەکانی کۆشکی هیتزاکر[٨١]ی بۆ ئەو شوێنە گواستەوە. ئەم کتێبخانەیە بەهۆی زۆری کتێب و گرانی نرخەکانی هۆکاری سەرسوڕمانی هاوچەرخەکانی ئەم سەردەمەبوو. شازادە سەرەڕای زۆری کاروباری حکومەت، هەندێك لە کاتەکانی بۆ زیادکردنی کتێبەکان تەرخانکردبوو، تا ئەو رادەی کە لەکاتی سەرەمەرگیدا لە ساڵی ١٦٦٦ نزیکەی ١١٦٠٠٠ بەرگ

75- Pierre Seguier.

76- John Ballenden

77- Brunswick.

78- Leibnitz.

79- Hanover.

80- Auguste de Brunswick – Lunebourg.

81- Hitzacher



کتێبی هەبوو. ئەم ژمارەیە زیاترە لە ژمارەی کتێبەکانی کتێبخانەی پاشایەتی پاریس و خۆی فەهرستێکی بۆ ئەم کتێبخانەیە ئامادەکرد کە لە چوار هەزار پەڕە زیاتربوو.

لە دواییدا کتێبخانەی ولفن بۆتیل بوو بەنموونەیەك لە نێو کۆمەڵە کتێبخانەکانی ئەڵمانیادا، گۆڕا بۆ کتێبخانەی نەتەوەیی برۆنسویك، ئەم کتێبخانەیە نموونەیەکە لە خەرواری کتێبخانەکانی دیکە. ئەم نموونەیە ئەوە دەسەلمێنێت کە کتێبخانە نەتەوەییەکانی سەردەمی ئێمە لە کتێبخانەکانی فەرمانڕەوایانی سەدەی حەڤدەهەمەوە سەرچاوەی گرتووە، و لەم سەردەمەدا زۆر پەرەی سەندووە.

**کتێبخانەی پروسیا:**

لە ساڵی ١٦٥٩دا شازادەی هەڵبژێردراو، فریدریك ولیام لە ئوردوگاکەی دا، لە ڤیبۆرگ [٨٢] گرێبەستێکی واژۆکرد کە تێدا بڕیاری ئاوەڵاکردنی کتێبخانەی کۆشکی بەرلین دەدات بەڕووی جەماوەردا (گەرچی واتای ئەم دەستەواژەیە لەو رۆژگارەدا زۆر سنووردارترە لەو واتایەی کە لە رۆژگاری ئێمەدا هەیە). بەم جۆرە ئەم بوو بە بەردی بناغەی پەیدابوونی کتێبخانەی نەتەوەیی پروسیایی ئێستا. فریدریك ولیام[٨٣] بۆ فراوانکردنی کتێبخانەکە چالاکییەکی زۆری نواند و تەنها بەکۆکردنەوەی کۆمەڵە کتێبە زۆرگرنگەکان سنووردار نەکرابوو، بەڵکو بودجەی جێگیری ساڵانەشی بۆ تەرخان کرد.

دەتوانین لەم کتێبخانەیەوە کتێبخانەیەکی نەتەوەیی دیکە کە لە کتێبخانەکانی فەرمانڕەوایانەوە سەرچاوەی گرتبوو، زیاد بکەین لە نموونەی ئەوانە کتێبخانەی دەوڵەتی میونیخە ئەم کتێبخانەیە شازادە ئەلبێرتی پێنجەم[٨٤] لە ساڵی ١٥٥٨دا دایمەزراند و هەروەها کتێبخانەی نەتەوەیی ڤیەن کە لەم نموونانەیە، بنەچەکەی بۆ ئیمپراتۆر ماکسیمیلیان دەگەڕێتەوە. لێرەدا نابێت باسی کتێبخانەی پاریس وەك پێشتر باسکرا - لە یاد بکەین.

82- Viborg.

83- Fredrik William

84- Albert, V.

## چالاکی لە کتێبخانەی فەرمانڕەوا گەورەکاندا:

هەموو کتێبخانەی فەرمانڕەوایان لە سیفەتێکی گشتیدا هاوبەشن و ئەویش ئەوەیە کە مێژووی هەریەکەیان بەڕووداوە یەك لە دوای یەکە شوم و ناهەموارەکان کۆتایی پێهاتووە چەندین فەرمانڕەوا هەبوون کە گرنگییان بەکتێب دەدا و بڕە پارەیەکی بێ شوماریان بۆ تەرخان دەکرد. فەرمانڕەوایانی دیکە هەبوون کە بەرامبەر بەکتێب و کتێبخانە کەم تەرخەم بوون و کتێبخانەکانیان واز لێدەهێنا تاوەکو درێژە بەژیانی ئاسایی و دوور لە کاریگەری خۆیان بدەن.

کاتێك زانای مێژوونوس پیتەر لامبێچ[٨٥] لە شاری هامبۆرگ لە ساڵی ١٦٦٢دا بەسەرپەرشتی کتێبخانەی کۆشك کە بنچینە گرانبەهاکانی ئەو شوێنە بەتۆز و خۆڵ داپۆشرابوو، بەجۆرێك کە نارچاربوو کەسانێکی تەواو هەوڵ بدات بۆ دووبارە ڕێکخستن و خاوێن کردنەوەی.

ئاسانی مافی سوود لێوەرگرتن و بەسپاردە و ئەمانەت وەرگرتنی کتێب لە کتێبخانە فەرمانڕەوایاندا هەمیشە لە بارێکی گۆڕان و ناجێگیردا بووە. کاتێك ولیام فریدریك خوازیار بوو خزمەتێك بەفەرمانڕەوایان بکات و بەکارهێنانی کتێبخانەی کۆشك بۆ خەڵکانی ئاسایی ئازاد بکات، فەرمانێکی دیکە لە ساڵی ١٧١٠دا دەرکرا و تێدا مافی بەئامانەت وەرگرتنی کتێبەکانی تەنها بۆ راوێژکارە نهێنی و ئەندامانی ئەکادیمیایی زانستی سنووردار کردبوو.

ئەگەر سەرپەرشتیاری کتێبخانە لەتوانایدا بوایە خۆی لە فەرمانڕەوا نزیك بکاتەوە، لە فراوانبوونی کتێبخانەدا بایەخێکی گەورەی هەبوو. بە ئاشکرایە ئەم نزیك بوونە و بوون و نەبوونی دەست ڕۆشتنە، کاریگەری هەبووە لەسەر متمانەی فەرمانڕەوا و بڕیارە تایبەتەکانی بۆ کتێبخانە. پێشکەوتنی کتێبخانەی فەرمانڕەوایان بە شێوەیەکی گشتی و تاڕادەیەکی زۆر لەسەر ئەم هەڵومەرجە راوەستابوو.

## پێشکەوتنی هونەری تەلارسازی کتێبخانەی:

بەتێپەڕبوونی کات، بینای کتێبخانەکان لەڕووی دیمەنی دەرەوەیدا پێشکەوتنی بەرچاوی بەخۆوەدی. لەماڵێکدا کە هەڵجنینی کتێبەکان لە شوێنی کتێبەکاندا لە ماوەیەکی زۆری سەدەی شانزەهەمدا کاری پێدەکرا. دەبینین کە بەرەبەرە پەیڕەوی کردنی شێوازێکی تایبەت لە ژوورەکانی کتێبخانەکاندا گشتگیر بوو. ئەم شێوازەش بریتی بوو لە دانانی کتێبەکان بە شێوەی وەستاو لەسەر

85- Peter Lambech.



چەند بۆردێك لە شێوەی ڕەفە و لە پاڵ دیوارەکاندا و زۆرکات بەرزی ڕەفەکان دەگەیشتە سەقف و، لە ناوەڕاستی ژوورەکەدا ڕێڕەوێك دروست دەبوو.

ئەگەری هەیە ئەم شێوازە تەلارسازییە واتە شێوازی ژوورەکان بۆ یەکەم جار لەشاری مەدرید بەکارهێنرابێت لە بینایەکی بەشکۆدا و لە نیوەی دووەمی سەدەی شانزەهەمدا کە بۆ کتێبخانەی ئیسکوریال[٨٦] دروستکرا. لێرەدا تەنها پەیڕەوی ئەم شێوازە کرا و گۆڕانی بەسەردا نەهات هەتا وەکو نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەیەم، پاشان هەندێك شێوازی دیکەی تەلارسازی جێگەی گرتەوە کە لەڕووی زانستییەوە سادەیی زیاتری هەبوو.

## جوانکاری لە تەلارسازی کتێبخانەکاندا:

چونکە لە تەلارسازی کتێبخانەکاندا: لە ئاکامی شارەزایی هونەری تەلارسازان، بۆ کتێبخانەکان هۆڵی گەورە و کراوە دروستکرا و زۆربەیان لەگومەز و پایە و ستون و سەقفی ڕەنگکرا و نووسراو پێك دەهات و جوانییەکی زۆری دەردەخست.

هەرچەندە تەلارسازی کتێبخانەکان لەسەر شێوازی بارۆك بوو، بەڵام بەهای جوانکاری کتێبە هەڵچنراوەکانی ناو قەفەس و ڕەفەکان، و کاریگەری و جوانییەکەی لەبەرچاوی خەڵکیدا نەناسرا و، شاراوەبوو. بێگومان بەرزی و باڵای رازاندنەوە لە تەلاری کتێبخانەکاندا، هۆکاری وەلاخستن و گرنگی پێنەدانی کتێبەکان بوو. بەجۆرێك چوارچێوە رازاوەکانی قەفەسەکانی کتێبەکانی داپۆشیبوو و بە بەشێکی سەرەکی کتێبخانە لە قەڵەم دەدرا. لەگەڵ ئەمەشدا خەڵکی لەو ڕۆژگارەدا نوقمی جوانی پەرستی بوون و ئەمە بەکەموکورتی نەدەهاتە هەژمار. بەناچاری تەلاری کتێبخانەکان شێوەی مۆزەخانەی لەخۆگرتبوو. دانانی چەندین مۆدیلی گۆی زەوی و وێنەی ئاسمان و چەندین قەفەس و پێشانگای شووشەیی و پڕ گەنجینەی هونەری و هەموو جۆرە گەنجینەیەکی نایاب لە ناوەڕاستی ژوورەکەدا، جەخت کردنێك لەسەر ئەو جوانی پەرستییە.

ئەم بابەتە تاڕادەیەك بەو جۆرە راڤە دەکرێت لە زۆرێك لە عەوداڵانی کتێب لایەنگری کۆکردنەوەی گەنجینە هونەرییەکانی دیکە بوون لە نموونەی ئەوانە پیرسییکێرییە کە پێشتر لێی دواین. ئەو چەندین هۆڵی بۆ خوێندنەوە لە کۆشکەکەیدا دروستکرد و کۆمەڵێك لە جوانکاریی چینییەکانی تێدا دانا و ئەم گەنجینانە زۆر نایابتربوون لە خودی کتێبەکان.

86- Escurial.

### کتێبخانەی سان ژینڤیێک: (٨٧)

لە باشترین نموونەکانی تەلاری کتێبخانەکانی لەسەر شێوازی باروك، تەلاری کۆنی کتێبخانەی سان ژینیڤیڤە کە لە سەرەتای سەدەی حەڤدەهەمدا بیناکرا. لەم تەلارەدا شکۆ و باڵایی و پایە بڵندی جوانکاری هاوئاهەنگییەکی تایبەتی دروست کردووە و بەرزی گومەزەکان لە ئەندازەی ئاسایی زیاتر بەرز نەبووتەوە. لەبەر ئەوەی زۆرینەی تەلاری کتێبخانەکان زۆر بەرزن. تەنانەت هەندێ جار دەبوو بۆ دابەشکردنی بۆ دوو بەش و کەمکردنەوەی بەرزی قەوس و رەفەکان و چەند باڵکۆنێك لەسەر یەکتری دروست بکەن، و هێشتا بەم شێوازەش دەبوو پەیژە جولاوەکان بەکاربهێنرێت.

### کتێبخانەی ڤیەن:

لەنێو ئەو کتێبخانە جیاوازانەی کە چەندین باڵکۆنی بەرزی تێدا دروست کرابوو. تەلارێکە لە جوانترین تەلارە بەناوبانگەکان و گومەزێکی بڵندی هەیە و لە سەرەتای سەدەی هەژدەهەمدا بۆ کتێبخانەی کۆشك لە شاری ڤییەننا دروستکرا، لەلایەن ئەندازیارێکی نەمساوی شارەزایی شێوازی بارۆك(٨٨) بەناوی فیشەر ڤۆن ئیرلاج(٨٩) ئەم تەلارە هەنووکە بەهەمان شێوە و بەبێ گۆڕان ماوەتەوە و بەیەکێك لە بەشکۆترین و جوانترین پاشماوەکانی شاری ڤییەنا لە قەڵەم دەدرێت. درێژی ئەم بینایە زیاد لە ٧٨ مەترو بەرزییەکەی ١٥ مەترە و لە ناویدا پایە و ستونی چوارگۆشەیی دروستکراو لە بەردی مەڕمەڕ دەبینرێت و سەقفە رەنگرێژی کراوەکانی تالارەکە بەجۆرەها رەنگ و نەخش و نیگاری هەمەڕەنگ رازاوەتەوە و دیوارەکان بەوێنەی هەڵکۆڵراوی سەردار بەرەنگی ئاڵتونی نیگایەکی تایبەتی هەیە. لەم تەلارەدا جۆرێك لە هاوئاهەنگی و رێککەوتن بەرچاو دەکەوێت و ئەمەش هەمان کاریگەری هونەری سەرنج راکێشی بارۆکە و تەنها پێویست بوون پەیژە بڵندو جۆراوجۆرەکان ئەم هاوئاهەنگی و گونجاوییە لەکەدار دەکات.

---

87- Saint Genevieve.

٨٧- Baroque: شێوازێکی تەلارسازی و جوانکارییە، و بریتییە لە ئازادی لەکلێشەداو زۆری شێوە جۆراوجۆرەکان و تێکەڵبوونی پێکهاتەی رەگەزەکان و لە کۆتای سەدەی شانزەدا لە ئیتاڵیا پەیدابوو.

89- Fischervon Erlach.



### کتێبخانەی وایمار: (٩٠)

لەم کتێبخانەیەدا نموونەیەکی دیکە لە تەلاری کتێبخانەکان هەیە کە زۆر گەورە نییە، ئەم کتێبخانەیە سێ باڵکۆنی بەرزی لەسەر یەکی شێوە هێلکەیی لەخۆگرتووە و پلە بەپلە فراوان دەبێت و پایە و ستونە مەڕمەڕەکان و تاجەکانی بەئاڵتون رازاوەتەوە و لە شوێنە خاڵییەکانی دیوارەکاندا تابلۆ هونەرییەکان هەڵواسراون و ئەم تابلۆ و پەیکەرە نیو جستەییە جۆراوجۆرەکان و مۆدیلی گۆی زەوییە گەورەکان دیمەنێکی مۆزەخانەی بە کتێبخانەکە بەخشیوە و هەروەك وتمان لە کتێبخانەکانی دیکەشدا ئەم دیاردەیە زۆر کات هەستی پێدەکرا.

جگە لەو شوێنە چەندین نموونەی جۆراوجۆر لە تەلاری کتێبخانەکان هەیە لەسەر شێوازیی بارۆك بەتایبەت بەجوانکارییەکانی کتێبخانە کڵێساییەکان لە ئەڵمانیای باشوور و نەمسا کە لە بابەتی سەرەکی جوانکاریدا لاسایی کراوەتەوە هەمەڕەنگییەکی فراوان بەرچاو دەکەوێت.

## بەرگسازی لە سەدەی حەڤدەهەمدا

### بەرگە ئاساییەکان:

بەرگە باڵاکان هەنگاوبەهەنگاو لەگەڵ جوانکاری بینای کتێبخانەکاندا پێشدەکەوت، لەگەڵ ئەمەشدا، زۆرێك لە بەرگەکانی سەدەی حەڤدەهەم نەگەیشتە ئاستی ئەو بەرگە باڵایانەی کە پێشتر باسمان لێ کرد. لە کتێبخانەکاندا ژمارەیەکی زۆر بەرگی دروستکراو لە پێستی مەڕ و گوێرەکە دەبینین کە دەگەڕێتەوە بۆ ئەم قۆناغە، و بەوێنەی وەك شێوەی پشتی کیسەڵ رازاوەتەوە وەیا بەکاربۆنانی ئاسن رەنگ کراون. روخساری دەرەکی زۆر سادەیە و ئەم سادەییە دەگەڕێتەوە بۆ بەبەتاڵ هێشتنەوەی بەشەکانی ناوەوە یان دەرخستنی چەند ستونێك لە گەڵای سنەوبەر بەجۆرێك کە شوێنەکانی گەڵای گەورە پیشان دەدات.

بەرگە ئاساییەکانی هۆڵەندا و ئەڵمانیا لە پێستی بەرازی سپی پلەیەك کە دووبارە شووردرابوویەوە، دروست دەکرا. ئەم بەرگانە جوانکاری سادەی هەبوو و ناونیشانی کتێبەکە بەمەرەکەبی چینی لە بەشی سەرەوەدا دەنووسرا، بەڵام لە بەرگە ئیسپانی و ئیتاڵییەکاندا ناونیشانی کتێبەکە بەپێچەوانەوە لەسەر لای کتێبەکە دەنووسرا.

ئەم بەرگانە هیچ پشتیوانێکی توندوتۆڵی کاغەزی نەبوو، بەڵکو نەرم و قرت بوون، هەروەك ئەو بەرگە کتێبە بچووکەکان کە لە پێستی بزنی کێوی دروستکراون.

---

90- Weimar.

**بەرگەی هونەرییەکان:**

هەروەك باسمان کرد، زۆربەی عاشقانی کتێب و فەرمانڕەوا و خانەدانەکان رازی نەبوون بەبەرگە سادەکان، بەتایبەت کە لە فەڕەنسادا هونەری بەرگسازی لەسەردەمی فرانسوای یەکەم و هێنری دووەمدا نرخ و بەها و پلەیەکی بەدەست هێنابوو.

**شێوازی لوگاسکۆن:** (٩١)

شێوازی فانفار بەدابەشکردنی جوانکارییەکان و لق و پۆپە رازاوەکانی وەك لقی درەختی بی لە سەرەتای سەدەی حەڤدەهەمدا بەربڵاوبوو. لەلایەکی دیکەوە بەرگە رازێنراوەکان بەگوڵە پەرتەوازەکان (وەك گوڵی سەوسەن) و پیتە یەکەمینەکان بەچینێکی تر، تاوەکو سەردەمی هێنری دووەم بەهای خۆی پاراستبوو. بەڵام ئەو شێوازە جوانکارییە نوێیەی کە لە ساتەکانی دوای قۆناغی حکومەتی لویسی سیانزەهەم دا دەرکەوت، لەم شێوازە جوانکارییە بچووکە خاڵدارەکان بەشێوەی چوار گۆشەی تۆڕدار بەخاڵی بچووکی نزیك لەیەك، وەك تۆڕی جاڵجاڵۆکە، لەسەر هەموو رووتەختی بەرگەکەدا دەبینرا، یان بەشی ناوەڕاستی بەرگەکەی دادەپۆشی و هێمای خاوەنی کتێبەکەی لەخۆ دەگرت. لەم رووەوە مێژووی هونەری بەرگسازی شێوازی باروك لەم قۆناغەدا جیاوازی هەیە لەگەڵ ئەو شێوازە هونەرییە مێژووییەی کە پێشتر هەیبووە.

جوانکاری لە پشتی بەرگی کتێبدا ئاشکرابوو، تەنانەت لە بەشی ناوەوەی بەرگەکەشدا هەبوو و لە بەرگە گرانبەهاکاندا، ئەم بەشە زۆرکات بەپێست یان بەئاوریشم دادەپۆشرا، بەڵام رووی بەرامبەری بەرگەکە لە رابردوودا لە کاغەزی سپی ئاسایی دروستدەکرا، زۆرجار کاغەزەکە هێڵداربوو. هەروەها لاکانی کتێبەکە یان هێڵدار یان ئاڵتونی یان هەندێك جار رەنگین بوو.

داهێنانی جوانکاری خاڵدار بۆ لوگاسکۆنی بەرگساز دەگەڕێتەوە، بەڵام دەربارەی ئەو زانیارییەکی کەم لەبەردەستدایە، تەنانەت نازانین ئەم ناوە، ناوی راستەقینەی خۆیەتی یان نازناوێکە بۆ شوێنی لەدایکبوونی.

هەندێك وتوویانە لۆگاسکۆن بەرگسازێکی دیکەیە بەناوی فلۆریمۆند بادێتر(٩٢) چەندین بەرگی بە شێوازی تایبەتی خۆی دروستکرد، بەڵام ئێستا دەزانین ئەم دوو کەسە، دوو بەرگسازی جیاوازبوون.

---

91- Le Gascon.

92- Badier.





98- Mace Ruette.

99- Augustin du Seuil.

**بەرفراوانبوونی شێوازی لو گاسکۆن لە دەرەوەی فەڕەنسادا:**

شێوازی لوگاسکۆن لەو جۆرانەبوو، کە بنەماڵەیەکی بەرگسازی هۆڵەندی بەناوی بنەماڵەی ماگنۆس[100] لە پێشدا لێی دواین - لاساییان دەکردەوە، ئەم شێوازە بۆ جوانکارییە خاڵدارەکانی بۆ بەرگ گرتنی کتێبەکانی ئیلزڤیری کە بۆ فرۆشتن ئامادەبوو بەکاردەهێنرا. ئەم بەرگانە زۆرجار لە پێستی ڕەنگ سەوزی بزن دروست دەکرا، لە حاڵێکدا کە بەرگە سوورەکان لە فەڕەنسا و شارەکانی دیکەدا زۆرتر سوودی لێوەردەگیرا.



100- Magnus



لە ئینگلتەراش، کاتێك کە جێی خانەدان و کەسایەتییە ئایینییەکان ژمارەیەکی زۆری کتێب دۆستانیان پێك دەهێنا، شێوازی لوگاسکۆن، لەلایەن ساموێل مێرن[101] بەرگسازی شا چارلزی دووەم[102] گوازرایەوە بۆ ئەو وڵاتە. مێرن جوانکارییە خاڵدار و بێ خاڵەکانی لە شێوەی هیلالی مانگ و گوڵی مێخەك و گوڵەکانی دیکەدا دەڕازاندەوە.

**شێوازی بەگسازی جانیسینیستەکان:**[103]

لەگەڵ ئەوەی شێوازی لوکاسکۆن تەنها شێوازی ئەوکاتە نەبوو، بەڵام بۆ ماوەیەکی زۆر ڕەواجی هەبوو، ئانتوان رویتت[104]ی بەرگساز کوڕی ماسێ رویتت[105] بۆ پاشا لویسی چواردەهەم و کۆشکەکەی چەندین بەرگی دروستکرد کە جوانکارییەکی مامناوەندی بوو.

لەدوایدا سادەبوونی زیادی کرد و چەندین بەرگیان دروست کرد کە بێ جوانکاری بوون، تا ئەو ڕادەیەی کە لە دەرخستنی کاریگەری هونەری بەرگسازیدا تەنها بەپیتەکانی سەر بەرگەکان رازی بوون. ئەم بەرگانە بەڕوکارێکی هەبوو بەتەواوی پێچەوانەی جوانکاری ئەو ڕۆژگارە بوو واتە سەرەتای سەدەی هەژدەهەم لەبەر هۆی هاوئاهەنگی لەگەڵ بیروڕاکانی و ڕەوشتییە توندوتیژەکاندا کە هۆزی جانسنی پێی ناسرابوون، بەبەرگی جانسنی ناوزەد دەکرا.

لە بەرامبەر ئەم سادەگەراییەدا بۆ قەرەبووکردنەوەی زیانەکانی بەرگسازی لە چاکترین جۆری پێستی بزن سوود وەرئەگیرا و جوانی خودی ماددەی بەرگەکە کاردانەوەیەکی دژی زیادەڕۆیی لە زێڕکاریدا دروست کرد. گومانی تێدا نییە لە بواری زێڕکاریدا زیادەڕۆیی دەکرا، بەتایبەت لە سەردەمی پاشای لوردا، خەڵکانی ئەو ڕۆژگارە روویان کردە ئارامی و خۆشگوزەرانی.

101- Samuel Mern.

102- CharlesII.

١٠٣- Jansenists (پەیڕوانی جانیسیۆس) Janesens (1638-1585) کە دژی فەرمانە ئایینییەکانی سان ئوگوستین و نووسینگە مەسیحییەکان بوون پاسکال چەندینی دی لایەنگری بوو.

104- Antoine Ruette

105- Macé Ruette

**جوانکاری هەمەڕەنگەکان:**

زۆری نەخایاند جوانکارییە سەرەتاییەکانی لوگاسکۆن بەرەبەرە گۆڕانی بەسەردا هات و نەخش و جوانکاری نوێ بەهەمەڕەنگی لەخۆگرت، هاوکات هەڵکۆڵدران فرۆشتنی شێوەی ئەو نموونەیان دەستپێکرد کە بەرگسازی هونەرمەندەکان بەکاریان دەهێنا. لە ساڵی ١٦٢٥دا جوانکارییە دروستکراوەکان لە شێوەی هەڵی بچووك یان باوەشێندا بوو، و لە پاڵ ئەوانەدا هێمایەکی گەورە لەسەر بەرگەکان دانرا و بەتایبەتی ئەم شێوازە لە ئیتاڵیادا بڵاوبوونەوە. ئەم جوانکارییانە هاتە وڵاتی ئەڵمانیاشەوە، گەرچی لە نموونە فەرەنسییەکان نەدەچوو، بەڵام تەنها لەلایەن بەرگسازەکانی هایدلبێرگەوە[١٠٦] نەبێت کە میوانی کۆنی سەردەمانی ئوتوهێنری یان پاراستبوو.

لەوانەیە بتوانرێت لە کتێبخانەی فەرمانڕەوای شاری کاسێلدا[١٠٧] چەندین نموونەی جوان دەستکەوێت کە تیایدا شێوازی فەرەنسی لە جوانکاری بەخاڵدارەکان بەکارهێنراوە.

**جەنگی سی ساڵە و ئەنجامەکانی:**

لە راستیدا ساڵەکانی پاش١٦٢٠ بۆ ئەڵمانیا بەسەردەمی داڕووخان و دابەزین لە قەڵەم دەدرێت، چونکە کێشمەکێشی جەنگی سی ساڵەی سەربازی و سیاسی و ئابووری وڵاتی لەناوبرد و بووە هۆی پەیدابوونی هەژاری لە هەموو لایەنێکەوە. لە ئاکامدا فەرهەنگی گشتی خەڵك رووی لەلاوازی کرد. دە ساڵ پێش ئەمە و لەکاتی جەنگە ئایینییەکاندا (١٥٦٢-١٥٩٨) هەمان دیاردە لە فەرەنسادا روویدا.

کێشمەکێشی بەردەوام و شۆڕشەکان سەرتاسەی ژیانی جەماوەری داگیرکردبوو و گومانی تێدا نییە ئەم هۆکارانە زیانێکی گەورەی گەیاند بەفەرهەنگ و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی و کۆکردنەوەی کتێب.

**قەیرانی کتێب لە ئەڵمانیادا:**

بڵاوکەرە ئەڵمانییەکان لەبەرامبەر ١٣٥٨ کتێب کە لە ساڵی ١٦١٣دا خستیانە بازاڕەکانی فرانکفۆرت و لایباریك، لە ساڵی ١٦٣٥دا تەنها ٢٨٦ کتێبی نوێیان خستە بازاڕەوە و تا

106- Heidelberg.

107- Cassel.



نزیکەی نیو سەدە بڵاوکەرەوان نەگەیشتنە ئاستی ئەو ساڵە کۆنانە. ئەم ڕێژەیە بەتەواوی لە ئەنجامی ئەو گۆڕانکاییانەدا بوو کە ژمارەی دانیشتواندا روویدا، لە بەرامبەردا تێکشکانی ئەڵمانییەکان هەلێکی بۆ هۆڵەندییەکان رەخساند کە بەرهەم و فرۆشتنی کتێبەکانیان بۆ ئاستێکی زۆر بەرز بکەنەوە و تەنانەت ئەو وێنانەی لە ئەڵمانیا بە درێژایی سەدەی حەڤدەهەم دەرکەوت، جگە لە نەخشێکی سەرنج راکێش لە هونەری هۆڵەندی و فەرەنسی هیچی تر نەبوو.

بازرگانی کتێبیش لە نوێکردنەوەی بێ سنووری چاپی کتێبدا زیانێکی گەورەی لێکەوت و هۆکەشی ئەوەبوو کە مافی بڵاوکەرەوەکان نەدەپارێزرا و هەوڵدان بۆ رەچاوکردنیشی کاریگەری نەبوو، چونکە لە وڵاتێکی وەك ئەڵمانیا کە لەوکاتەدا دابەشکرابوو، پیادەکردنی دەستوورو فەرمانەکان کارێکی ئەستەم بوو. خاوەن چاپخانە دانیمارکییەکانیش لە ئەڵمانیادا ئەم زیانەیان بەرکەوت، چونکە بەرهەمەکانی خاوەن چاپخانە دانیمارکییەکان بوو بەقوربانی نەریتێك کە رووداوەکانی لە سنووری وڵاتدا کۆتایی پێنەدەهات، بەڵکو بەرەو دەرەوەی وڵاتیش رێچکەی گرتبوو، تا گەیشتە ئەو رادەی کە زۆرێك لە کتێبە بەرهەمهێنراوەکانی ئەو سەردەمە و ئەو کتێبانەی کە پێشتر لە کۆپنهاگن چاپ دەکران، لە ئەڵمانیادا چاپکران.

هەرچی ئەوەی پەیوەندی بەبەرگسازییەوە هەبوو، ئەڵمانیا پەیڕەوی شێوازی سەدەی شانزەهەمی دەکرد، کەچی ئەو جوانکارییەشی نەبوو کە ژمارەیەك لە بەرگە کۆنەکان ناوبانگیان پێ دەرکردبوو و هەروەها تەنها لە چەند حاڵەتێکی کەمدا پەیڕەوی کرانی بەرگسازانی هایدلبێرگ لە شێوازە نوێ بەفەرەنسییەکان بەرچاو دەکەوێت.

## تاڵانکردنی کتێبخانەکان

کاتێک پشێوی جەنگە ئایینییەکان چالاکی کتێب فرۆشەکانی ئیفلیج کردبوو، دەرهاویشتەکانی ئەم جەنگانە زۆرترین زیانی گەیاندە کتێبخانەکانی ئەڵمانیا.

**تاڵانکردنی کتێبخانەکان لەلایەن کاسۆلیکەکانەوە:**

کۆنترین کتێبخانەی زانکۆی ئەڵمانیا کتێبخانەی پارێزگاری پالاتیناتە کە ناسراوە بەکتێبخانەی هایدلبێرگ وەك پێشتر باسمان کرد و بەگەورەترین کتێبخانەی ئەو سەردەمە لە قەڵەم دەدرێت.

ئەم کتێبخانە لە ساڵی **١٦٢٣**دا بەهۆی دەست بەسەردا گرتنی شارەکە لەلایەن سوپای تیلییەوە، ئەم شارە کەوتە دەست کاسۆلیکەکانەوە و پاشان بەدیاری درایە ماکسی میلیان دو پاڤییێ[١٠٨]ی پاپای گەورە و رابەری کاسۆلیکەکان و دواتر بەدیاری خرایە سەر کتێبخانەکانی ڤاتیکان.

**سامانی کتێبخانە سویدییەکان:**

پرۆتیستانتەکان لەڕووی گاڵاکردنەوە لە کاسۆلیکەکان کەمتر نەبوون، کاتێك گۆستاڤ ئادۆلف پادشای سوید پرۆتیستانتەکانی بۆ بەرگری کردن لە دژی کاسۆلیکەکان بانگ کرد، رێگەی لە هاتنە پێشی کاسۆلیکەکان گرت، هەموو کتێبخانەکان بەتایبەتی کتێبخانەی زانکۆ مەسیحییەکانیان داگیرکرد.

لەو ناوچانەی کە بەرەی جەنگ بوو کتێبخانەکان یەك دوای یەك دەستی بەسەردا گیرا و پاشان وەك دەستکەوتی جەنگ بۆ سوید گوازرایەوە لە ساڵی ١٦٢٠ گۆستاڤ ئادۆلف کتێبخانەی پوپسالای[١٠٩] دامەزراند و پێکهاتبوو لەو کۆمەڵە کتێبانەی کە دەستکەوتی جەنگەکان بوون. لەم قۆناغەوە پەرەسەندن و گەشانەوە لە کتێبخانەکانی سویددا دەستی پێکرد و پاش مردنی گۆستاڤ ئادۆلڤیش هەر بەردەوام بوو و لە جەنگەکانی چارلس گۆستاڤدا لە پۆلۆنیا و دانیمارك، کتێبێکی زۆریان وەك دەستکەوتی جەنگی داگیرکرد، لەبەرئەوەی کە خانەدانە سویدییەکان وەك ئەفسەر لە سوپادا خزمەتیان دەکرد یان لەکاتی جەنگدا بەهۆی پلە و پایەوە دەیانتوانی فەرمانی جێبەجێکردنی کارەکان بدەن بەتایبەت ژن برا و راوێژکاری چارلس گۆستاڤ بەناوی گابرێل دەلاگاردی[١١٠] و هەروەها ئیریك ئوکسینیس ئێرنا[١١١] و شیرینگ روسین هان[١١٢] چەندینی دی سوودیان لە پلەوپایە وەرگرت و ژمارەیەکی زۆر کتێبیان بۆ کتێبخانە تایبەتەکانی خۆیان گواستەوە.

108- Maximilion de Buviere.

109- Uppsala.

110- Gabriel de la Gardie.

111- Eric Oxenstierna

112- Schering Rosenhane.



راستە هەر لە کۆنەوە تائێستا لە هەر جەنگێکی گەورەدا سوپای سەرکەوتوو دەستی گرتووە بەسەر کێتبخانەکانی دوژمندا، بەڵام نە لە پێش جەنگی سویدییەکان و نە لە پاش ئەو هەرگیز تالانییەکی هەمەلایەنەی وەك کاتی سەرکەوتنی سویدییەکان رووی نەداوە، چونکە هەر لەگەڵ دەست بەسەرداگرتنی کتێبخانەکان، کتێبەکانیان بۆ خۆیان قۆرخ کرد، ئەمەش بەپێچەوانەی رەسم و نەریتی جەنگە ئاسییەکان بوو، کە لەکاتی ئاشتبوونەوەدا، کتێبە داگیرکراوەکانیان دووبارە دەگەڕاندەوە بۆ خاوەنەکانیان.

**کتێبخانە تالان کراوەکان:**

لەنێو کتێبخانە ئەڵمانییەکاندا کەزۆرترین زیانی لەلایەن سویدییە سەرکەوتووەکانەوە پێ گەیشت، کتێبخانەی کۆلیژی یەسوعی لە شاری برونس بێرگ[١١٣] و کتێبخانەی دەستەی کڵێسای فروون بێرگ[١١٤] بوو. گۆستاڤ ئادۆلف کۆمەڵە کتێبەکانی ئەم دوو کتێبخانەی کردە دیاری بۆ کتێبخانەی ئۆپسالا و هەروەها بەشێکی زۆر لەو کۆمەڵە کێشانەی لە شاری ماینزو ورتز بێرگ[١١٥] بەدەستی هێنابوو لە ساڵی**١٦٣١**دا خرایە سەر ئەم کتێبخانەیە. هاوکات لەگەڵ ئەوەدا سویدییەکان کڵێسای ئێرفورت[١١٦]و کۆلێژی یەسوعییان لە شاری هیگلین هاوس[١١٧] بەتالان برد.

هەروەها هاوپەیمانەکانیان، کە فەرمانڕەوایانی هێسین[١١٨] بوون، بەشێك لە کتێبخانەی یەسوعی شاری پادر بۆرن[١١٩]یان تالان کرد.

هەر ئەوان دەستیان گرت بەسەر کۆمەڵە کتێبەکانی کتێبخانەی مەسیحییەکان لە کڵێسای فۆڵدا و هەروەها دەستیان گرت بەسەر بەشێکی زۆری کتێبخانەی کڵێسای ئیبێرباخ[١٢٠] و لە

113- Braunsberg.

114- Frauenberg.

115- Wurtzberg.

116- Erfurt.

117- Heiligenhaus.

118- Hessen.

119- Paderborn.

120- Eberbach.

هەمان کاتدا خەڵکی برۆنسویك بەرپرسیاری وێرانکردنی کتێبخانەی یەسوعی شاری هیلدیس هایم[١٢٢] بوون.

کتێبخانەی کۆنی کۆرڤیٚ چەندین ساڵی دوورودرێژ تەنها تارمایی رابردووی خۆی پیشان دەدا، چونکە جەنگاوەرانی سویدی ساڵی **١٦٣٢** بەلایەنی کەمەوە پێنج جار دەستیان پێگەیشت، سەرەڕای ئەوەی کە بەشێکی گرنگی بەهۆی ئاگرەوە سوتا و لەناوچوو. تەنها راهیبەکانی کلێسای زویغالتنی[١٢٢] گەورە توانییان لەکاتی نزیك بوونەوەی سویدییەکاندا خۆیان و کتێبەکانیان رزگار بکەن و لە دوایدا بەبیٚ زیان دووبارە بۆ شوێنی خۆی بگەڕێنەوە. بەڵام لە کۆتایی جەنگی سی ساڵەدا زیان گەیشت بەکلێساکانی بۆهیماو مورافیا. و ئەو زنجیرە کتێبە سەرنج راکێشەی کە موڵکی بوهیما و لە کۆشکی هیراشیندا[١٢٣] بوو، گوازرایەوە بۆ شاری ستۆکهۆڵم و پاشان خرایە سەر کتێبخانەی شاژنە کریستینا، ئەم شاژنە لەکاتی بەجهێشتنی سویددا بەشێکی گرنگی ئەم کتێبانەی لەگەڵ خۆیدا برد. بۆ نموونە برێکی زۆر لە نوسخە دەست نوسەکانی ئەو کتێبانە لە ڤاتیکان بەرچاو دەکەوێت و ئەو بەشەشی لە سویددا مابوویەوە بوو بەبەردی بناغەی کتێبخانەی پاشایەتی ستۆکهۆڵم. پاشان بەهۆی دەستکەوتەکانی چارلس گۆستاڤ لە جەنگەکانیدا دژی پۆڵەندا و دانیمارك ئەم کتێبخانەیە زۆر زیاتر دەوڵەمەندتربوو.

وەك پێشتر وتمان، سویدییە سەرکەوتووەکان کتێبی کۆدیکس[١٢٤] یان کتێبی زیوینی بەناوبانگیان لەم هەلومەرج و بارودۆخەدا بردە شاری ئۆپسالا و هێشتا ئەم کتێبە لە کتێبخانەی زانکۆی ئەم شارەدا پارێزراوە.

### قۆناغی نووسەرانی کتێبی چەند زمانی و چەند زانستی:

پێویست ناکات نموونەی دۆستانی کتێب لە سەدەی حەڤدەهەم و ئەو کەسانە بهێنینەوە کە گرنگییان بەچاپکراوە گشتییەکان دەدا لە ئەورووپادا. دەکرێت لە فەڕەنسا و لەنێو ئەوانەدا

121- Hildesheim.

122- Zwiefalten.

123- Hradshin.

124- Codex Argenteus.



ناوی ئەفسەرێکی پۆلیس بهێنین کە ئەویش سستێرنی دوفای[١٢٤]یە و گرنگی زۆری دەدا بەئەفسانەکانی سوارچاکی فەڕەنسی.

کۆمەڵە کتێبەکانی ئەم قۆناغە بە شێوەیەکی گشتی یەك سیفەتیان هەبوو، کتێبە زانستییەکان هەموویان بەزمانی لاتینی بوو. تەنانەت فەهرستی بازاڕی جەژنی هەستانەوەی مەسیح لەلایب زیك لە ساڵی ١٦٥٠دا لە ٪٧٠ کتێبەکانی بەزمانی لاتینی بوو. دەتوانرێت جەخت لەسەر ئەوە بکرێتەوە کە کتێبە زانستییەکان بەزمانی لاتینی بنچینەی بازاڕی کتێب بووە لەو سەردەمەدا.

لەگەڵ ئەوەشدا، دۆستانی کتێب توانییان بەرە بەرە کتێبە فەڕەنسی و ئیتاڵییەکان پەیدا بکەن، ئەدەبیاتی هۆڵەندی و ئیسپانی و ئینگلیزیش لە بازاڕەکانی ئەڵمانیادا کڕیاری هەبوو.

کاتێك زنجیرە کتێبەکانی لەڕووی زمانەوە بەرەسمی ناسران، لەڕووی بابەتیشەوە بازنەکەی بەرفراوانتر بوو سەرەڕای واتە ئایینییەکان کە هەمیشە کتێبی ئامۆژگارییە بەربڵاوەکانی لەخۆ دەگرت زۆرکات جێگەی کتێبەکانی دیکەی گرتبوویەوە. لەبەرئەمە لێرەدا خۆمان لەسەردەمی نووسەرانی کتێبە چەند زمانی چەند زانستییەکاندا دەبینینەوە ئەو جێیەی کە زانست رووەو هەموو لایەنەکان هەنگاوی نەبوو، بەڵام تا ئەوکاتە هێشتا پسپۆری لە بواری فیکر و زانستدا نەناسرابوو. کەسی زانا دەیتوانی لە هەموو بوارەکاندا ئەسپی خۆی تاوبدات، و دەگونجا مامۆستایەك هەندێك جار بابەتێك بڵێتەوە و هەندیٚ جاریش بە دوای ئەو بابەتەدا بابەتێکی جیاوازتر بڵێتەوە. وەها دەردەکەوێت کە ئەو زانایە توانا و هێزێکی هەبوو کە لە توانایی دابوو دوو بابەتی جیاواز راڤە دەکات. گیانی شارەزابوونی چەند زانستێك کە لە جیاکەرەوەکانی سەدەی هەژدەهەم بوو، لە (نێو کتێبخانە) زانایانی ئەو سەردەمەدا بەڵاچکەی گرتبوو، لە نموونە باڵاکانی نووسراوە چەند زانستییەکان لەوکاتەدا نموونەی زانای بەناوبانگی ئیتاڵی ئەنتۆنیۆ مالیابێکی[١٢٦]یە کە بەهۆی زیرەکی سەرنج راکێشییەوە چەندین داستانی هەمەڕەنگی بەیان کردووە و زۆربەیان راست و دروستە. چەند داستانێکی جۆراوجۆر دەربارەی فەرمانڕەوای ئەوکاتە دەگێڕێتەوە کە ناتوانرێت زۆر پشتگیری لیٚ بکرێت. دەڵێن لەناو ئەو کتێبانەدا ژیانی بردووەتە سەر کە کۆی کردوونەتەوە.

125- Cisternay du Fay.

126- Antonio Magliabecchi.

## بازرگانیی کتێب لە ئەڵمانیا و فەڕەنسادا

### ناوەندە بازرگانییە گەورەکانی کتێب لە ئەڵمانیا:

بازرگانی کتێبی ئەڵمانی بەدرێژایی سەدەی حەڤدەهەم ناوەندبوونێکی بەدەست هێناو پلە بەپلە لە باشووری رۆژئاواوە بۆ باکووری رۆژهەڵات گوازرایەوە و لە کۆتایی سەدەی شانزەهەمدا بازاڕەکانی کتێب لەلایب زیك جموجۆڵێکی زۆری بەخۆوەدی. فەهرەستەکانی ئەم بازاڕە لە ساڵی ١٥٩٤دا دروست کرا. کەچی جەنگی سی ساڵە جارێکی دی ئەم بازاڕانەی مزاندبوو. بەڵام بازاڕی کۆنی شاری فرانکفۆرت گەرمی و رەونەقی خۆی تا ساڵی ١٦٧٨ پاراست و لایب زیك لەو بوارەدا جارێکی دی پلەوپایە و پێشەنگ بوونی خۆی بەدەست هێنایەوە. هەروەها هاوکات شارەکانی دیکەی وەك ئینا و[127] درزین[128] بوون. ناوەندێکی گەورەی بازرگانی کتێب و لەوکاتەدا شارەکانی تری وەك کێڵسن و ستراسبۆرگ کە لە رابردوودا لەم بوارەدا رۆڵێکی درەخشانیان هەبوو لەم چالاکییانە بێبەش بوون هەموو ئەم گۆڕانکارییانە پەیوەندییەکی راستەوخۆی بەداڕووخانی چاپکراوە لاتینییەکانەوە هەبوو کە لەرابردوودا لە بەرامبەر چاپکراوە ئەڵمانییەکان، بازاڕەکانی پڕ کردبوو.

### چاپکەرە بڵاوکەرەکان:

کتێب فرۆشەکان. بڵاوکەر یان دەڵاڵ بوون. هەرچەندە هەندێ کات ئەم دووکارە پێکەوە ئەنجام دەدرا، بەڵام یەکێکیان بە شێوەیەکی گشتی بەسەر ئەوی دیکەدا زاڵ نەبوو.

چاپ و بازرگانی کتێب وەك رابردوو، هەمیشە لە دەستی یەك کەسدا نەبووە و لق و بەشەکانی ئەم پیشەسازییە یەکێکی لە یەکێکی دیکە جیادەکردەوە، لەگەڵ هەموو ئەمانەدا کۆمەڵێك لە خاوەن چاپخانەکان لە هەمانکاتیشدا، بڵاوکەوەرە بوون ئەمانە، چاپکەری حکومەت و زانکۆ و نووسینگە و کۆڕ و کۆبوونەوەکان بوون، بەم پێیە مۆڵەتی چاپکردنی بەڵگەنامەی رەسمی فەرمانڕەوایان و دامەزراوەکانیان هەبوو و زۆرکات مافی سنووورداری چاپکردنی کتێبەکانی خوێندن و فێربوونی بنەما ئایینییەکان و رۆژ ژمێر و رۆژنامەکانیان

127- Iéna.

128- Dresden.



هەبوو، دەبوو نوسخەیەك لەهەر چاپێك بۆ حکوومەت رەوانە بکەن، سەرەڕای ئەوە دەبوو نرخەکان دیاری بکات ماددە چاکەکان لە کارەکاندا بەکاربهێنێت. لە بەرامبەر ئەم مەرجانەدا هەندێك سوودیان دەستگیر دەبوو، وەك بەخشین لە پێدانی باج و خەراج و گومرگ و هەروەها شوێنی نیشتەجێ بەخۆڕایی بوو.

لەم رووەوە جێی سەرسوڕمان نییە کە ئەو کەسانەی کە ئەو سوودانەی سەرەوەیان پێ بڕاوە و سوودیان لێ وەرگرتووە کەوتوونەتە بەرهێرشی ئیرەیی و حەسوودی خاوەن چاپخانە و کتێب فرۆشەکانی دی.

### بەرگتێگرانی کتێب فرۆش و، فرۆشت و، فرۆشتنی کتێبی گیرفانی:

لەلایەکی دیکە لەمەیدانی بازرگانی کتێبدا چەندین تاوانکاری و گێرەشێوێنی دیکە بەرچاو دەکەوێت، لەوانەش کاری بەرگسازی شارە بچووکەکان بوو، کاتێك قازانجی تەواویان لە کارەکانیان چیگ نەدەکەوت زۆرجار هەڵدەستان بەفرۆشتنی کاغەز و ئەو کتێبە جۆراوجۆرانەی کە لەلایەن خەڵکییەوە پەسەند دەکران و هەروەها کتێبە بچووکەکانی وەك کتێبی ئامۆژگاری و خەونامە و مەتەڵ و زنجیرە پزیشکییە خۆماڵییەکان و رۆژ ژمێرەکان و چەندینی دیکە، هەرچەندە ئەمرۆ دژوارە بتوانین مێژووی بڵاوکردنەوەی ئەم چاپکراوانە دیاری بکەین، بەڵام بەدڵنیاییەوە ئەمانە لە نموونەی ئەو کاڵا بڵاوکراوە فراوانانەبوون کە ئەو سەردەمە فرۆشێکی باشی هەبوو، هەروەها چەندین دامەزراوەی گرنگ بۆ بەرگتێگرتن یان بەرگسازی هەبووە و ناچاربوون رووەو مەیدانی بازرگانی کتێب هەنگاو بنێن، چونکە هەندێ لە بڵاوکەرەوان ئەو کتێبە نوێیانەی کە بڵاوّیان دەکردەوە بەرگیان بۆ دروست دەکرد. لە جێی پێدانی نرخی بەرگەکان چەندین کتێبی نوێی دیکەی بەبەرگسازەکە دەدا و ئەویش بەفرۆشتنی ئەو کتێبانە، کرێی کارەکەی وەردەگرتەوە. ئاسایی بوو کە ئەم شێوازە ناڕەزایی لە نێوان بەرژەوەندی بەرگسازان و بەرژەوەندی دەڵاڵەکان بەجێهێڵێت. پاش بگرە و بەردەی زۆر دواجار دەگەیشتن رێکەوتنێك کە گوتەکەی ئەوەبوو کە، بەرگسازەکان تەنها مافی فرۆشتنی کتێبە بچووکەکانیان هەبووە.

# پشکنین

کاتێك کە بازاڕەکانی کتێب بەهۆی جیاوازییە زۆرەکانی نێوان بازرگانی و پیشەوەران زیانی زۆری بەخۆوەدی، دەگونجا رووبەڕووی جۆرێکی دیکە لە کێشە ببینەوە. لەبەرئەوە لە قۆناغی سەرەتای چاپدا، بەناچاری پشکنین بوو بەکارێکی ئاسایی.

## پشکنینی ئایینی:

قەشەی گەورەی ماینز لە ساڵی **١٤٨٦**دا پرۆژەیەکی لەم بارەیەوە خستەڕوو، پاشان بەهۆی ئەمە چەندین فەرمان لەلایەن پاپاوە دەرکراوە، کە بێ پەردە ئاشکرا چاودێری چاپخانەکانی بەپێویست دەزانی بۆ پارێزگاری کردن لە کڵێسا و مەترسی بڵاوبوونەوەی کتێبە ئیلحادییەکان. لە سالی **١٥٦٣** لە کڵێسای کاسۆلیك فەهرستی خۆی بڵاوکردەوە بۆ کتێبە حەرام کراوەکان و ناسراوە بەناوی فەهرستی کتێبە تەحریم کراوەکان[١٢٩] لە زانکۆی پاریس، کۆلێژی وانە ئایینییەکان لە ساڵی **١٥٢٦** بەدواوە تایبەت کرا بۆ پشکنینی تەواوی هەموو کتێبە ئایینییەکان. ئەم یاسا و مافە لە ساڵی **١٥٣٧**دا لەکاتی جەنگە ئایینییەکاندا بەتایبەت وەك ئامرازێك تەرخانکرا بۆ پیادەکردنی دادگاییەك لە دژی ئەو خاوەن چاپخانەی کە لە خزمەتی لایەنگرانی لۆتەردا بوون.

## پشکنینی سیاسی:

سەدەی حەڤدەهەم بەتایبەتی بەسەدەی پشکنینی ئایینی لە قەڵەم دەدرێت هەرچەندە پشکنینی سیاسیش لەو رۆژگارەدا هەبوو، بەڵام لەراستیدا لە سەدەی دواتردا گەشەی کرد.

پێش هەموو شتێك ئامانجی پشکنین و چاودێری ئایینی بەرگری کردن بوو لە ئایین و خورەوشتی ئایینی، گەرچی یەکێك لە پایەکانی لەو سەردەدا چاودێری کردنی بەرژەوەندییەکانی دەوڵەت بوو لەبەرئەوە فەرمانڕەوایان ناچاربوون ئەم هێزە لە سنوورەکەی خۆیدا بەکاربهێنێت لەبەرئەوە لە پارێزگا جیاوازەکانی ئەڵمانیا توندوتیژی فەرمانڕەوایەك لەگەڵ فەرمانڕەوایەکی دیکەدا جیاوازبوو.

---

129- Index Librorum Prohibitorum



ئەنجوومەنی کتێبی ئیمپراتۆری ئەرکی ئەوەبوو بەرگری بکات لە پایەکانی ئیمپراتۆری ئەگەر هاتوو بازرگانانی کتێب زیادەڕۆیی کرد. لە فەرەنسادا کار گەیشتە جێگایەك لە ساڵی **١٥٦٣**دا فەرمانێك دەرکرا، بەپێیان ئەم فەرمانە، بەگوێرەی ئەم فەرمانە قەدەغەبوو هەر کەسێك (لەهەر پلە و پایە و بارودۆخێك دابێت کتێب چاپ بکات و بڵاوی بکاتەوە یان کەسێك راسپێرێت بەچاپکردنی هەر جۆرە کتێب یان نامەوەیان شتێکی دیکە هەر کەس سەرپێچی ئەم یاسایە بکات سزاکەی لە سێدارەدان دەبێت ئەم یاسایە لە قۆناغی فەرمانڕەوای هێنریك چوارەمدا جێبەجێ نەکرا، چونکە لە راستیدا گیانێکی کەم تەرخەمی بەسەریدا زاڵ بوو).

بەڵام پاش ماوەیەك لەسەردەمی فەرمانڕەوای لویسی سیانزەهەم و ریشیلیۆدا ئەو یاسایە بە توندی جێبەجێکرا. تەنانەت لەکاتی جەنگی فروندا[١٣٠] چاپکردن و فرۆشتنی مازارینەکان[١٣١] لەگەڵ ئەوەی کە هەزاران جار چاپکرابوون، بەڵام بۆ خاوەن چاپخانەکان ترسناك بوو. سەرەڕای ئەو یاسا سەختانەی بەناونیشانی یاسای پشکنین پیادەکرا. چەندەها کتێب لە پشکنین دووربوون و لە دەست بەسەرداگرتن رزگاریان بوو، لە خاڵێکدا ئەگەر بیزانایە بەناچاری فەرمانی دەست بەسەردا گرتنیان بۆ دەردەکرا. لەم لایەنەوە چەندین نموونەمان لەبەر دەستدایە کە قەدەغەکردنی هەروەك لەم رۆژگارەشدا روودەدات وەك رێکلامێك بوو و تەنها دەبوویە هۆکاری زیادکردنی بەنهێنی فرۆشتنی ئەو جۆرە کتێبانە.

## تەزویرو مافی چاپ:

لەو کاتانەدا تەزویرکردن نەخۆشییەکی کوشندەبوو، رێ وشوێنە یاساییەکان نەیدەتوانی بەری لێبگرێت، لەبەرئەوە هەوڵیاندا بۆ پارێزگاری کردنی هەر کتێبێك مافی چاپ دابنرێت.کۆنترین مافی چاپ لە ئەڵمانیادا دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای سەدەی شانزەهەم. بەهۆی مافی چاپەوە، نوێکردنەوەی مافی چاپ قەدەغە بوو، بەڵام لەبارێکدا ئەگەر خاوەنی کتێبەکە مافی چاپی لەلایەن ئیمپراتۆرەوە پێ بدرایە، ئەمە واتای ئەوەبوو کە بڕیاری قەدەغەکردن

---

١٣٠- جەنگێك لەناوخۆی فەرەنسادا لەسەرەتای حکوومەتی لویسی چواردەهەمدا لە دژی سیاسەتی وەزیرەکەی (مازارین) روویدا. وشەی فرۆند لە زمانی فەرەنسیدا بەواتای بەکارهێنانی ئەم وشەی بۆسوکایەتی کردن بەم جەنگە ناوخۆییە.

١٣١- مازاریناد (Mazarinade) هەجونامە و ئەو نووسراوانەی لە دژی مازارین بەدرێژایی جەنگی فرۆند بڵاوکرایەوە.

هەموو هاوڵاتییەکی ئەڵمانی دەگرتەوە. ئەم ماوە بۆ ساڵێك یان چەندین ساڵ دەمایەوە و لەبەرئەو هۆیە فەرمانی مافی چاپی خاوەن کتێبەکە زۆرکات لە سەرەتای کتێبەکەدا چاپ دەکرا. سزای سەرپێچی کردنی ئەم یاسایە پێدانی پارە (غەرامە) بوو کە لەڕووی چەندێتییەوە جیاوازی هەبوو.

لەگەڵ هەموو ئەمانەدا تەزویرکردن بنەبڕ نەکرا، سەرەڕای هەموو ئەم یاسایانە کەسانی سەرپێچی کەر، شێوەی بنەڕەتی کتێبەکانیان دەگۆڕی و هەندێ کات چەند هاوپێچێکیان بۆ زیاددەکرد کە کەمترین پەیوەندی لەگەڵ چاپی سەرەکیدا هەبوو.

**بڕیارنامەی پاشایەتی کە لە فەڕەنسا لە ساڵی ١٦٨٦دا دەرکرا:**

ئەم بڕیارنامەیە بناغەیەك بوو بۆ گەڕانەوەی یاسای ڕێکخستنی بازرگانی کتێب لە فەڕەنسادا و سنوورێکی بۆ ئەو بارودۆخە ناهەموار و بەرز و نزمەی پێشوو دانا. ئەم یاسایە تایبەت بو بەشاری پاریس و ژمارەی بازرگانانی کتێبی دیاری دەکرد و ژمارەیان سی و شەش کەس بوو و دەبوو زمانی لاتینی و یۆنانی بزانن و لە بەشە ناوخۆییەکانی زانکۆدا نیشتەجێ بن، ژمارەی پشکێنەرە پاشاتییەکان کە ئەرکیان چاودێری کردنی ئەوان بوو لە ٧٠ کەس کەمتر نەبوو. بازرگانانی کتێب و خاوەن چاپخانەکان سەندیکایەکیان هەبوو کە سەرۆکێك و چوار کارگێڕی هەبوو و گرووپی بەرگسازان، بەرگتێگران و زێرکاری و چوار کەسی چاودێریان هەبوو بەم جۆرە چاپخانە و کتێب فرۆشییەکان بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ ئازادییەکی ڕێژەییان دەستکەوت بارودۆخ و هەلومەرجێکیان دەستگیر بوو کە پێویست بۆ گەشەکردنیان پارێزگاری کردنی مافی چاپ لە فەڕەنسادا ئاسانتر لە ئەڵمانیا چووە قاڵبی جێبەجێکردن بەئاسانکارییەکی زۆرتر لە چاودێریکردنی کتێب لە فەڕەنسادا زۆرینەی کتێبەکان لە پاریس و ژمارەیەکی کەمیشیان لە شارەکانی دیدا چاپکران.

**نرخ دانانی کتێبەکان:**

نرخی کتێب لە سەدەی حەڤدەهەمدا دیاری نەکراوو بوو. بڵاوکەرەوان نرخی کتێبیان لە بازاڕدا دیاری دەکرد وەك (نرخ دانانی فرانکفۆرت و لایب زیك)، بڵاوبوونەوەی فەهرستی بڵاوکەرەوان کەتیایدا نرخی کتێبەکان دیاری کرابوون، تەنها لە ساڵەکانی سەرەتای سەدەی



هەژدەهەم دا لە ئەڵمانیا دەستی پێکرد و لە ساڵی ١٧٤٢دا لە کاتێك گێورگی[١٣٢] کتێب فرۆش فەهرستە گەورە ئەورووپییەکەی بڵاوکردەوە کەتیایدا ژمارەی پەڕەکانی هەر کتێبێك و نرخەکانی دیاری کردبوو، لە دواییدا کەوتە بەر هێرش و خەشم و قینی هاوکارەکانی.

بەبەراورد کردنی ئەم نرخ دانانە و نرخ دانانەکانی ئێستا، دەبینین لەو سەردەمانەدا نرخەکان زۆربوون. لەو نموونانەی کە زۆر بەربڵاوە ئەوەیە کە کرێکارێك لە شاری لایب زیك لە ساڵی ١٧٠٠دا بری حەوت گروسی[١٣٣] بۆ کڕینی کتێبی سروودەکان داوە کە دەکاتە کرێی یەك ڕۆژی تەواوی جگە لەمانە ئەگەر بەرهەمی ناوخۆیی لەگەڵ نرخە ئاساییەکانی کتێبە دەرەکییەکاندا لەو سەردەمەدا بەراورد بکرێت، تاڕادەیەك نرخی کتێبەکان بەرزبوون و نرخی هەر بەرگی کتێبێك لە نێوان دوو تا پێنج پێنسی ئەڵمانیداو بووە، لەکاتێك نرخی کاغەزی چاپ و لە جۆری سیسرون لە لایب زیك لە ساڵی ١٦٦٤دا لە دوو پێنس زیاتر نەبووە. چاپەکانی ئلیزڤیر کە لە ساڵی ١٦٩٢دا بڵاوبوویەوە نرخەکەی گەیشتە دوانزە پێنس و ئەمەش نرخێك بوو کە یارمەتی زۆری بەرهەم هێنانی دەدا، هۆکەشی ئەوەیە کە بێگومان بەرهەم هێنانی کتێب لە سەدەی حەڤدەهەمدا لە ئەڵمانیا نەگەیشتوویە ئاستێکی باڵا، کەرەستەکانی وێنەکێشان کە تایبەت بوو بەهەڵکۆڵینی سەردار دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی شانزەهەم و لەگەڵ ئەوەی کە زۆر بەسوود نەبوو، بەڵام هەر بەکاردەهێنرا. هەروەها زۆرکات لە خودی کتێبەکەدا پێکهاتنێکی سەیر لە جوانکاری سەردەمی ڕێنسانس کە لەسەر دار هەڵکۆڵراوە و هەروەها چەند ناونیشانی هەڵکۆڵراو لەسەر مسیش لەسەر شێوازی بارۆك دەبینین.

**بنەماکانی سەندیکای کرێکاری و سستەمی کرێکاری لە ئەڵمانیا:**

لە قاڵب ڕشتنی پیتەکان. دوای ئەوەی لەسەرەتادا چاپکەر خۆی ئەم کارەی ئەنجام دەدا - بەرە بەرە بوو بەپیشەیەکی تایبەت و ئەمەش کاتێك بوو، کە پیشەی چاپکەرەکان سەرەڕای بەربەستەکانی دیکە، بڕیارو ڕێ و شوێنە پێداگرەکانی سەندیکای کرێکاریشی لەبەردەمدا بوو.

ماوەی فێربوونی کار لە نێوان چوار تا هەشت ساڵ دا بوو تەنانەت دوای تەواوکردنی ماوەی کار فێربوون، دەبوو پێش ئەوەی ببێتە هاوکارو ئەندامی سەندیکای چاپکەران، خولێکی بەناوی

132- Georgi.

١٣٣- یەکێکە لە پارە کانزاییەکان و ئێستاش هەیە لە وشەی عەرەبی قرش یان گرشەوە هاتووە و کۆکەی دەکاتە فروش یان گروش.

غورنوت[١٣٤] تەواو بکردایە. بۆ گەیشتن بەم قۆناغە پێویست بوو سەرەتا ناوی تۆمار بکات و پاشان وەربگیرێت. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە دەبوو زنجیرەیەك یاسا و گرێ و بەندی سەیر و دژوار قەبووڵ بکات کە بریتی بوو لە زنجیرەیەك کاری رەمزی زانکۆکانی سەدەکانی ناوەڕاست. قوتابییە منداڵەکانیان ناچار دەکرد کە پەسەندی بکەن و ناوێکی گشتی لێ دەنرا کە بەواتای بەراست دانانی بوو.[١٣٥]

جگە لەوە ئەو کەسەی کە ناوی دەنووسرا پێویست بوو بڕێك پارەی دیاریکراو بدات و بەهاوکارەکانیشی دەدا.

دوای ئەوەی کە ئەم کەسە دەبوویە ئەندامی سەندیکا زۆرکات چەند ساڵێکی بەگەڕۆکی لە ئەڵمانیا تێدەپەڕاند و ئەگەر ئاشنا بوایە بەرێگە و شێوازی سەندیکا، بۆ هەر شوێنێك کۆچی بکردایە هاوپیشەکانی باوەشیان بۆ دەکردەوە وەریان دەگرت. لە بەرامبەردا دەبوو بەهیچ جۆرێك هیچ کارێك وەرنەگرێت لە هیچ چاپخانەیەکی نهێنیدا کە بە مۆڵەتی پشکنین هەڵدەستان بەچاپکردنی کتێبی نووسەرە نادیارەکان یان ئاگاداری و بانگەوازەکان.

بەدڵنیاییەوە ئەو یاسا پێداگرەی کە دواتر سەندیکاکان پەسەندیان کرد، لە سەرەتای کاردا یاسایەك بوو بەرگریی لەخاوەن چاپخانەکان دەکرد و لە دژی چاپخانە نهێنییەکان بوو، بەڵام پاش ماوەیەکی کەم ئەم رێگری کردنەی سەندیکا گۆڕا بۆ ستەمێکی راستەقینە، بەجۆرێك ئەگەر یاساکانی سەندیکاکانی ئێستا بەراورد بکەین بەو بارودۆخەی ئەوانەوە، یاساکانی ئەم سەردەمەی خۆمان زۆر میهرەبان و بەخشندەترن. بەڵام لە وڵاتەکانی ئەسکەندەنافیا، کاتێك کە چاپخانەکان لە ئەڵمانیا بەزۆری لە ژێر دەستی ئەڵمانییەکاندا بوو، لە ئاکامدا ئەم وڵاتانەش ئەو خوونەریتەی ئەڵمانییەکانیان وەرگرت و بەکاریان هێنا. بەڵام خاوەن چاپخانە هۆڵەندی و فەرەنسی و ئینگلیزییەکان ئەم نەریتەیان رەت کردەوە، و ئەم هەڵسوکەوتەی سەندیکاکان تەنها لەسەرەتای سەدەی نۆزدەهەمدا ئاسایی بوویەوە.

---

134- Cornut.

135- Deposition.

# بەشی پێنجەم

# سەدەی هەژدەهەم

# هونەری کتێب رازاندنەوە لە سەردەمی لویسی پانزەهەمدا

## قۆناغی بەرگسازی بەشێوازی رۆکوکو:

شێواری بارۆك کە شێوازی قورس و زۆرخایەن بوو تا سەرەتای فەرمانڕەوایی لویسی پانزەهەم سەرەتا وەك هونەر پاشان لە هونەری کتێب رازاندنەوەدا بەکارهێنرا لەم کاتەدا ئەم شێوازە هاوئاهەنگ نەبوو لەگەڵ ئەندێشەی جوانی گەراییدا کە ژیانی چینە باڵاکان و خاوەنەکانی جیادەکردەوە. لەلایەکەوە ئەو هێزە کۆمەڵایەتییانەی کە لە قوڵایی چینەکانی خەڵکەوە گەشەی دەکرد و لە کۆتاییدا شۆڕشی فەرەنسای لێکەوتەوە، هێشتا بەتەواوەتی دەرنەکەوتبوو. لەڕاستیدا هەر شتێك کە جوان بوایە، هەمیشە خانەدانەکان و خاوەن کۆشکەکان بۆ لای خۆیان رایان دەکێشا. کۆشکەکان لەڕووی جوانییەوە لە دیدی حاڵەتی ئاساییدا لە ریزی گەورەترین نیشانەکانی پێکهاتن و سەرسوڕمان دابوون. تەنانەت چینە باڵا و دەوڵەمەندەکان وەها بیریان دەکردەوە کە بەردەوام بوونی ژیان مەحاڵە بەبێ تەواوبوون و کامڵ بوونی رووکاری ناز و نیعمەتەکان کە سەرچاوەی جوانی هەمیشەیی و خۆشحاڵی و ئاغایی و باڵادەستی ئەوان بوو کۆڕ و کۆبوونەوە و ئاهەنگدا ئەم تێڕوانینە ژیانی لە شێوازێکی دیکەوە دەرخست کە ئەویش بەشێوازی رۆکۆکۆ دادەنرا. شێوازێك کە بوو بە جێنشینی شێوازی بارۆك. حاڵەتی ناسکی و روونی و شادی بەخشی ئەم شێوازە جیاوازییەکی زۆری هەبوو لەگەڵ حاڵەتی قورس و پڕ گێرە و کێشەی بارۆکدا.

## بارودۆخی ئەو سەردەمە بەگوێرەی شیکردنەوەی شێوازەکەی:

لە هیچ سەردەمێکدا بەو جۆرەی لە سەردەمی لویسی پانزەهەمدا دەردەکەوت ناتوانین نموونەیەکی بەرچاوی تر بدۆزینەوە کە دووربێت لە خاڵێکی وەرگەرانی بێ کۆت و بەند. لەکاتێکدا کە خاوەندی بچووکی سەرکەوتن هاوڕێ لەگەڵ بەرزی خۆیدا، بوویە هێمایەك بۆ ئەم سەردەمە. هۆنراوەی شوانی یەکێك بوو لەوکارە ئەدەبییانەی کە زۆر لایەنگر و خوێنەری هەبوو لەناو خەڵکیدا. بەڵام لە هونەردا، دیمەنە عاشقانەکان زیاد لە هەر شتێکی دیکە بەرچاو دەکەوت. تەنانەت لەژیانی سیاسیدا لایەنگری و پشتگیری کردنی فەرمانڕەواییان لە رێگەی



هاندانی خانمەکانی کۆشکەوە کاریگەری خۆیی نیشاندا. هەروەها ئەم بیرۆکە هونەرییە وەك شێوازێکی داواکراو لە زۆرترین قۆناغی حوکمەتی لویسی پانزەهەمدا دەرکەوت.

بەڵام بواری کتێب لەم شێوازە نوێیەدا بەرەبەرە ئەندازەی بچووکی کتێب جێگای ئەو کتێبانەی گرتەوە کە ئەندازەی ١/٢ گەورەتربوون.

## شێوازی روکوکو[1] و جوانکاری بەشێوازی ڤین یت:[2]

هەڵکۆڵین لەسەر مس، پایەیەکی گەورەی لە جوانکاریدا بەدەست هێنا و رۆڵێکی گرنگی لەوەی کە پێشتر هەیبوو لە بواری جوانکاریدا گێڕا. تەنها بەرازاندنەوەی کتێبەکان بەوێنە و نەخشە راستەقینەکان رازی نەبوو، بەڵکو بەرازاندنەوەی پەرەکان بەگوڵ و خونچەی بچووك و وێنەی جوانکاری و گەڵای مێو لە سەرەتای هەر بەشێك لە بەشەکانی کتێبەکە، لە کۆتاییدا زیاد لەوەش رۆچوو. زۆرترین ئەو وێنانەی کە لە نێو وێنە بچووکەکاندا دەبینین وێنەی خوداکانی عەشقە کە دەورەدراوە بەدەستە گوڵێك لە (شێوەی ١٥) ( لە دەربڕینی مێوی بچووك[3] بۆ ئەم جۆرە جوانکارییانە دەگەڕێتەوە چونکە یەکەمین جوانکاری ئەم شێوازە لە شێوەی بۆڵی ترێ و لقوپۆپەکانی وابوو). لە چوارچێوەکانی ئەم وێنانەدا ئەو جوانکارییانە بەکارهێنراون کە بەهێڵی شێوە پیتی S,C دەورەدراون.



شێوەی پانزە (١٥) ناونیشانی کتێبێکی مۆرڤێی بچووك وێنەکردن و هەڵکۆڵینی بۆ ئەنجام داوە.

---

1- Rococo

٢- Vignettes. نەخش وێنەی بچووك ورد (گوڵ و خونچە، گەڵای مێو، ترێ و...) کە لە پەراوێزی سەروخواروی پەرەکان دادەنران.

3- Vignette.

## شێوازی لویسی پانزەهەم لە فەڕەنسا:

زۆری نەخایاند کە کۆمەڵێك لە وێنەکێش و وێنەسازە ناودارەکانی فەڕەنسا کتێبەکانی هێندییان بەسوود وەرگرتن لەم شێوازە نوێیەی جوانکاری گەیاندە ئەوپەڕی جوانی. وێنە دڵگیر و رێك و پێکەکان سەرەتا لەسەر تابلۆ مسییەکان هەڵدەکۆڵرا پاشان دەگوێزرایەوە بۆ پەرەی کتێبەکان، ئەوان ئەو کتێبانەیان خولَقاند کە ئەو ژنانەی رازی دەکرد کە لایەنگر و پەرۆشی شادی و شادومانی بوون. نموونەی ئەم کتێبانەش لە کتێبە وێنەدارەکانی رازێنراوە بە جوانکارییەکانی ڤێن یتدا دەبینین، بەڵام زۆرکات لەم کتێبانەدا وەك زۆرێك لە کتێبەکانی قۆناغی رێنسانس گونجاندن لە نێوان ناوەڕۆکی نووسین و وێنەکاندا نابینین و زیادکردنی وێنە و شێوەکان لەسەر حسابی ناوەڕۆکە نووسراوەکان دادەنرا و هەموو کۆشش و وردەکارییەکان رووەو رازاندنەوەی دیمەنی دەرەوەی کتێبەکە ئاراستە دەکرا.

## پێشەنگە یەکەمینەکان:

لەو کەسایەتییانەی کە جوانکاری سەردەمی رابردووی گواستەوە بۆ شێوازی هونەری نوێ و خستییەڕوو بێرنارپێکاردە[٤] کە قوتابی سباستیان لێکلێرکە بوو بەهۆی چالاکییە زۆرەکانی لە شاری ئەمیستەردام ناوبانگی دەرکرد لە نێو ئەو کتێبانەی کە وێنەی بۆ کێشا، تەورات و چاپکراوە کلاسیکییەکانە بەڵام یەکەمین نموونە کە دەتوانین ناوبهێنین لە شێوازی نوێی کتێب رازاندنەوەدا کتێبی داستانی شوانەکانە کە لە نووسینی نووسەری یۆنانی لۆنگوس[٥]ە لە ژێر ناونیشانی دافنی و کلۆیی[٦] و لە ساڵی ١٧١٨دا لە پاریس چاپکرا و بەهۆی وێنەی هەڵکۆڵراو لە سەر مس وێنەسازیی بۆ کراوە. نووسەر ئەم وێنانەی لەو تابلۆیانەی وەرگرتووە کە خۆی بۆ شازادە ڤلیب دۆرلیان[٧] وێنەی کێشابوو. ئەم شازادەیە بە منداڵی بۆ جێنشینی لویسی پانزەهەم دیاری کراوە.

هەروەها لە نێو یەکەمین نوێنەرانی هونەری نوێ کلۆدجیلۆتە[٨] کە مامۆستای هونەرمەندی بەناوبانگ واتۆیە[٩]. جیلۆت هونەرمەندێکی هەڵکەوتوو بوو، بەهۆی ئەو

4- Bernard Picard.
5- Longus.
6- Daphnis et chloe.
7- philipp d' Orleans.
8- Claude Gillot.
9- Watteau.



شارەزاییەی کە هەیبوو دەیتوانی لە بابەتە زۆر جیاوازەکاندا چەندین تابلۆ و وێنەی شاز و داهێنانکارییانە دروست بکات. ئەو وێنانەی کە زۆر بەکەمی لە هونەری کتێب رازاندنەوەدا دەبینرێت[١٠] لەو سەردەمەدا بەتایبەت لە دڵگیرترین و نایاب ترین ئەو وێنانەی کە ئەنجامی داوە ئەفسانەی لاموتە و دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٧١٩ی زایینی.

## بوشێر:[١١]

لەگەڵ هەموو ئەمانەدا چەندین کتێب لە فەڕەنسا لەسەر شێوازی ڤین ویت لەسەدەی هەژدەهەمدا. دروست کرا و تەنها بەچاپکردنی کتێبەکانی مۆلێر[١٢] گەشتە لوتکەی ناوبانگی خۆی.

ئەم کتێبانە زیاد لە ٢٠٠ وێنەی ڤێن هیتی لەگەڵ دابوو. کە وێنەکێشی ناودار فرانسوا بوشێر وێنەی کردبوو.

جگە لەم کارانە، ئەم وێنەکێشە بە لەخۆ بوردون و چاکەکاری بەناوبانگ بوو، چەندین تابلۆی وێنەکرد کە لەلایەن خەڵکانی ئاساییەوە گرنگی پێ دەدرا و لە بواری کتێب رازاندنەوەدا تەنها بەشێوازێکی لاوەکی کاری دەکرد.

گرنگترین کاری ئەنجام دراو لە نێو کتێبە فەڕەنسییەکاندا، چاپی کتێبی مولێرە. هەروەها چاپکردنی کتێبی گۆڕانکارییەکان[١٣] لە نووسینی ئۆڤید[١٤] (١٧٦٧-١٧٧١) و جوانی ئەم کتێبە دەگەڕێتەوە بۆ توانا و شارەزایی لۆران کاری[١٥] هەڵکۆڵەر، هەروەها بەبەهرەمەندی لە جوانکاریدا جیادەکرایەوە. لە بڵاوکردنەوەی ئەم کتێبە چەندین کەس لە گەورەترین شارەزایانی جوانکاری ئەم سەردەمە بەشدارییان کردووە، وەك گراڤ لوت، یسین[١٦] مۆرۆی[١٧] بچووك و شۆفارد[١٨] و چەندێکی دیکە.

10- Fables dela motte.
11- Boucher.
12- Moliere.
13- Metamorphoses.
14- Ovide.
15- Laurent Cars.
16- Garvelot, Eisen.
17- Moreau le Jeune.
18- Choffard.

لەم کاتەدا هونەرمەند توانی هاوئاهەنگییەك لە نێوان رووناکی و سێبەردا دروست بکات و توانی لەم رێگەیەوە بەشێوازێکی فراوان زیاد لەوەی کە دەکرا جوانی ببەخشێت بەو رووبەرە کەم و سنووردارەی کە بۆ وێنەکان دانرابوون.

## کۆشینی کوڕ:[١٩]

هاوشێوەی ئەم شارەزایە لە دەرخستنی سێبەرەکاندا لەلای هونەرمەندانی دیکەی وەك کۆشینی کوڕ و شین و شۆڤارد و ماریلیە و[٢٠] بەتایبەت گراڤ نوت و مورۆی بچووك دا دەبینین، کە هەموویان خۆیان بۆ خزمەتی کتێب رازاندنەوەدا تەرخان کردبوو.

بێگومان لە بەدیهێنانی تابلۆکانی دەست پێکردن و هەڵکۆڵین لەسەر مس دا پایەبەرزی و باڵادەستی بۆ کۆشینی کوڕ دەگەڕێتەوە. ئەم پایەبەرزییەش بەهۆی ئەو جوانکارییە ناسك و وردە جۆربەجۆرانەیە کە لە زۆرێك لە کتێبەکاندا، تەنانەت لە کتێبە زانستییەکانیشدا بەدی دەکرێت. ئەو کتێبانە کە لە سەر پەڕەکانەوە چەندین وێنەی جۆراوجۆری منداڵان لەکاتی یاری کردن بەکۆمەڵ بەشێوەی هێما بەرچاودەکەوێت هەموو ئەمانە ئەندازەی هونەر لەسەردەمی لویسی پانزەهەمدا دەخەنەڕوو. بەڵام کۆشین خۆی، پێش هەموو شتێك وێنەکێشێکی پڕ شت و وردەکار بووە و بێ گومان بەکارهێنانی قەڵەمی هەڵکۆڵینی لە کارخانەکەی باوکییەوە فێربوو، کە هەڵکۆڵەرێکی زۆر باش بووە، پاشان لە کارخانەی جاك ڤلیپ لوبا کاری[٢١] دەکرد، کە ئەمیش مامۆستایەکی دیکەی هونەری هەڵکۆڵینی سەر مس بوو کە کارخانەکەی مەنزڵگەی زۆرێك لە خوازیاران بووە.

## ئۆدری[٢٢]، شوفارد، ئیسین، ماریلیە:

لە نێوان جوانترین کتێبەکانی سەدەی هەژدەیەم دا پێویستە ئاماژەبکەین بە چاپی کتێبی ئەفسانەکانی لافونتین[٢٣] کە لە نێوان ساڵەکانی ١٧٥٥-١٧٥٩ دا لە چوار بەرگی ئەندازەی ١/٢دا چاپکرا و ئەم کتێبە چەندین تابلۆی گەورەی لەخۆ گرتبوو کە پێشتر لەسەر تابلۆ

19- Cochin Le Fils.
20- Marillier.
21- Jacques philippe Le Bas.
22- Oudry.
23- Fables de la Fontaine.



مسییەکان هەڵکۆڵرابوو. لە هەڵکۆڵینە تابلۆ مسییەکاندا، کۆمەڵێك لە باشترین هەڵکۆڵەرانی ئەو سەردەمە کاریان تێدا کردووە، وێنەی جوانی ئاژەڵانیان کە لە لایەن وێنەکێشە لێهاتووەکانەوە کێشرابوون دەگواستەوە بۆ سەر تابلۆ مسییەکان بەڵام پێر شۆفارد (مامۆستای جوانکاری وێنەکێشی گوڵەکان) وێنەکانی سەرو خواری پەڕەکانی داگیرکرد. ئەو لەم بوارەدا شارەزاییەکی بێ هاوتای هەبوو بەهۆی ئەو لێهاتووییەوە کە هەیبوو لە زەمینەی رێکخستن و پەرەسەندنی هونەری کتێب رازاندنەوەدا، بەچەندین سەرەکەوتنی گەورە گەیشت، بەتایبەت لە چاپکردنی کتێبی گەورەی ئۆڤیردا، هەروەها لە چاپکردنی کتێبی ئەفسانەکانی لاڤۆتیندا کە لە ساڵەکانی ١٧٦٢دا بەسامان و سەرمایەی گشتی[٢٤] بڵاوبوویەوە. ژمارەیەك لە وێنە جوانکارییەکانی سەرو خوارووی پەرەکانی بەدەستی شۆڤارد ئەنجام درا وێنەکانی دیکەی ئەم پەرتووکە لەلایەن شارل ئیسن ەوە وێنەکرا کە هونەرمەندێکی فلاینکی لە کێشانی نەخشونیگار و وێنەکان دا ناوبانگی هەبوو. هەروەها ئیسین لە وێنەکردنی ئەو کتێبانەی کە لە عەشق دەدوا وێنەکێشێکی سەرکەوتووبوو. وەك ئەو وێنانەی بۆ کتێبی مۆنتیسکۆ[٢٥]ی کردبوو بەناوی پەرستگای گنید[٢٦]، یان ئەو وێنانەی کە بۆ کتێبی هۆنراوەی سۆزداری شاعیری بەناوبانگ دۆراتی[٢٧] ئەنجام دابوو. وێنە جوان و ناسکەکانی ئیسین لەگەڵ هۆنراوە سۆزداری و هەستە ناسکەکانی دۆرات دا گونجانێکی تایبەتی هەبوو. ناونیشانی ئەم کتێبە بچووکەی هۆنراوەی ماچەکان بوو، کە لە ساڵی ١٧٧٠دا چاپکرا. لەم کتێبەدا وەك زۆرێك لە کتێبە وێنەدارەکانی سەدەی هەژدەهەم، دەبینین کە وێنە و شێوەکان بەپێی داواکاری دۆستان و لایەنگرانی کتێب، وێنەی بۆ کراوە.

پێر کلیمان ماریلیە هونەرمەندێکی دیکەیە کە زیاتر لە ٢٠٠ وێنەی بەشێوازی ڤین بیت بۆ کتێبی ئەفسانەکانی دۆرات وێنەکێشاوە کە یەکێك بووە لە باشترین وێنەکانی ئەم سەردەمە لە وێنەکانی دانەوە دەردەکەوێت. کە تەنها هۆنراوە عاشقەکانی راڤە نەکردووە، بەڵکو لایەنی ئایینی و کاریگەریی و جوانکارییەکانیشی رەچاو کردووە و باڵادەستی و چەکەی ئەو لە بەزیندوو هێشتنەری کتێبی دۆراتدا بەئاشکرا دەردەکەوێت. لەڕاستیدا ناوداری ئەم کتێبەی دۆرات قەرزاری هونەرمەند ماریلیە.

24- Fermiers Generaux.
25- Montesquieu.
26- Temple de Gnide.
27- Dorat.

## گراڤ لۆت:

وێنەکانی ئوبێرفرانسوا گراڤ لوت بەتەواوی جیاوازە لەگەڵ کارەکانی ئیسین و ماریلیەدا. لەوانەیە هۆکاری ئەمەش بگەڕێتەوە بۆ نیشتەجێبوونی چەند ساڵەی لە ئینگلتەرادا و تاڕادەیەك توندوتۆڵی بە هونەرەکەی بەخشیوە. لە نموونەی باشترین وێنەکانی ئەو وێنەیە کە بۆ چاپی کرۆنییێل[٢٨] کردوویێتی لە ساڵی ١٧٦٤ داوە ۆڵتەر بڵاوی کردووتەوە. وێنەکانی کتێبی وێنە رەوشتییەکانی مارمۆنتێل[٢٩] لە ساڵی ١٧٦٥دا، کە تێدا توانا و لێهاتن و ئەوپەڕی داهێنانکاری خۆی لە وێنەکردنی شێوەکاندا سەلماندووە. جگە لە زیندوو بوونی لە شێوازی وێنەکردنی جلوبەرگ و شوێن و ژیانی چینە باڵاکانی ئەوکاتە. شارەزایی خۆی وەك وێنەکێش و هەڵکۆڵەرێك نیشان داوە.

## مۆروی بچووك:

جان میشێل مۆرۆ، ناسراوە بەمۆروی بچووك لەو شێوەکارانەبوو کە لە بەرهەمەکاندا بارودۆخێکی جوانیپەرستی دەبینرێت بەپێچەوانەی کەسانی دیکەوە، گرنگی بەدیمەنی سروشتی دەدات. لەم رووەوە ئەو کتێبانەی کە وێنەکانی لە ئەستۆی ئەم دا بوو، لە زۆربەی کتێبەکانی ئەم سەردەمە کە وێنە و نەخش و نیگاری ڤین یتی لەخۆ گرتبوو. کە ئەوەش سەرنجراکێشترە، چونکە لە راستی زۆرێك لە وێنەکێشەکان بەو شارەزاییە فراوانەش کە بەکاریان دەهێنا، گەرچی شارەزایی و هەڵکەوتنێکی سەرزارەکی و پەشۆکاربوو، لە دەرخستنی رۆحی جوانی ئەم قۆناغەدا زیادەڕۆییان دەکرد. لەو کتێبانەدا بەکاریان دەهێنا کە پەیوەندی بەم رۆحەوە نەبوو. کتێبەکانی بۆ کاچیو و ئاراتینۆ[٣٠] دەیتوانی هەندێك لە وێنەکێشەکان لەم تێڕوانینەدا تاڕادەی زیاد رابکێشێت. تا ئەو جێیەی تەنانەت لە چاپی کتێبەکانی هۆراس و ئوڤیریش دا ئەم زیادەڕۆییە بەرچاو دەکەوێت.

بەڵام مۆرو لەم خاڵی لاوازییە بەدووربوو. لە وێنەکانیدا جوانی سروشت بەئاشکرا دەبینرا و دەردەکەوت کە دوورە پەرێزی کردووە لەکارتێکراوە درۆیی و دروستکراوەکان لە دروستکردنی دیمەنەکاندا ئەم هونەرمەندە سروشتی پەرستووە، بەجۆرێك لە وێنانەدا کە بۆ چاپکردنی

---

28- Corneille.
29- Marmontel.
30- Aretino.



کتێبەکانی رۆسۆ لە نێوان ساڵەکانی ١٧٧٤ بۆ ١٧٨٣دا بڵاوکرایەوە، توانی لێهاتن و گەورەیی ئەم فەیلەسووفە گەورەیە دەربخات، شاکارێك کە لە توانای هیچ هونەرمەندێکی دیکەدا نەبوو. سەرەڕای ئەمە لە کاری وێنەکێشانی ڤین یت یش دا مامۆستابوو، لەهەمان کاتدا، لە هەڵکۆڵیندا شارەزاییەکی زۆر باشی هەبوو.

باشترین کارەکانی کۆمەڵێك وێنەی ٢٤ دانەییە کە ژیانی رۆژانەی بنەماڵە خانەدانەکانی فەڕەنسا نیشان دەدات، کە بۆ وێنەکانی کتێبێك بەناونیشانی کۆشکی جلوبەرگی[٣١] وێنەی کێشابوو. لەو کتێبەدا هاتووە: چەندین شێوە بۆ روونکردنەوەی مێژووی دابونەریتی جل و بەرگەی فەڕەنسییەکان لە سەدەی هەژدەهەمدا[٣٢] ئەم کتێبە لە نێوان ساڵەکانی ١٧٧٤و ١٧٨٣دا لە سێ زنجیرەدا کە هەریەکیان دوانزە تابلۆی لەخۆ دەگرت بڵاوبوویەوە. زنجیرەی یەکەم فرۆید بێرگ[٣٣] و دوو زنجیرەی تر کاری مۆروی بچووك بوون. ئەم وێنانە بەهۆی ئەو بارە ئیمرسیونیستییەی کە هەیبوو بەهۆی دەرخستنی بوێرانەی سێبەر و رووناکییەکان کە سەرنج راکێشانێکی تایبەتی پێ دەبەخشێ، ناوبانگێکی زۆری دەرکرد. ئەوان وێنەی ئەو ژیانەیان کێشابوو کە بۆ هەمیشە لە گەردەلوولی شۆڕشی فەڕەنسادا لەناوچوو.

## چاپ لەسەردەمی لویسی پانزدەهەمدا:

هەندێك لە کتێبەکان لە سەردەمی لویسی پانزدەهەمدا بەرێگەی هەڵکۆڵین لەسەر مس لە سەرەتاوە تا کۆتایی وێنەکرابوو. بەجۆرێك کە وێنە و نووسینەکان بەبێ ئەوەی زیان بەناوەڕۆکی نووسینەکە بگەیەنن، بەشێوازێکی خوازراو ئەنجام دەدرا. گەرچی زۆربەی ناوەڕۆکی ئەم کتێبانە بەپیتەکانی چاپکرابوون، بەڵام پیتە بەکارهێنراوەکان، وەرگیرابوون لە پیتەکانی گارامۆنی رۆمی بەڵام بەشێوازی نوێ.

---

31- Monument de Costume..
32- Estarmpes pour Servir a l, histoire des moeurs et du Costume des Francais dons le XVIIIe Siecle.
33- Freudebery.

## پیته بەکارهێنراوەکان

فلیب گراندجان[٣٤] داهێنەری پیتەکانی شاهانەی رۆمی بوو ئەم پیتانە لە چاپخانەی لۆڤەر، شوێنی چاپکردنی چاکترین کتێبەکانی ئەو سەردەمە - وەك باسکرا- بەشێوەیەکی تایبەت بەکار دەهێنرا جیاکاری ئەم کۆمەڵە پیتە ئەوەبوو کە لای چەپی پیتەکان بەگوێرەی لاکەی دیکەی ئەستورتربوو. ئەم پیتانە دیار و بەرچاوبوون، بەڵام نەدەگەیشتە پیتەکانی گارامۆن.

لە نێو پیتەکانی رابردوودا پیتی دیکە هەبوون بەناوی پیتەکانی رۆمی کە نزیکتربوون لە پیتی گارامۆن. گەرچی لەگەڵیدا لەیەك ئاستدا نەبوون. ئەم پیتانە لە نزیکەی نیوەی سەدەی هەڤدەیەمدا- لەلایەن پیرسیمۆن فورنتێیری[٣٥] بچووکەوە وێنەکرابوو. ئەو کەسێ بوو کە لە ساڵی ١٧٦٦دا کتێبی وانە خوێندن و کلاسیکی لەهونەری چاپدا بڵاوکردەوە.

لە دوای سیهەمین کۆمەڵەی پیتەکان، دەردەکەوێت کە خاوەنی شێوەیەکی تێکەڵ و فشار لێکراوی هەبوو. هەرچەندە گونجاوبوو بەشێوەیەکی تایبەت، بەهۆی سروشتی تێکەڵی و پێکداچووی بوو بەناوی پیتی مووبییەوە ناسرا.

### هاوکاری لە بەرهەم هێنانی کتێب لەسەدەی هەڤدەیەم:

لە سیفەتە دیارەکانی بەرهەم هێنانی کتێب و کتێب رازاندنەوەدا لە سەدەی هەڤدەیەمدا، هاوکارییەکی بەهێز هەبوو لە نێوان بڵاوکەرەوە چاپکەر و وێنەکێشدا بەشێوەیەکی گشتی جوانی وێنەکان و وێنەکێشراوە بچووکەکانی کتێب و هاوئاهەنگی کاغەز و پیتەکانی چاپ و پیتە رازاوەکان و جوانکارییە بچووکەکان و چاپی لاپەرەکان. بێگومان هەموویان قەرزاری ئەو هاوکارییە سەرکەوتووەن. بەراستی زۆرێك لە بڵاوکەرەوان، وەك جەی - پی - کۆگنارد[٣٦]، کاڤالێر[٣٧] و دیلیالیەن[٣٨] لە نموونەی ئەو هونەرمەندە رەسەنانەن، چونکە بۆ بەرهەم هێنانی

34- Philippe Grandjean.
35- Pierre- Simon Fournier, le Jeune.
36- J.B. Coignard.
37- Cavalier.
38- Delailain.



کتێب، بوونی ئەم چەند سیفەتە لە تەواوبوون و کامڵ بوونی کتێبدا کاریگەرییان هەیە. هەبوونی هەستی خواناسی راستەقینە لە ئاستێکی باڵادا زۆر پێویستە.

بەڵام ئەوەی جێی داخە ئەوەیە کە جوانکاری بەم جوانییە لە کتێبە پلە دووەکاندا بەکارهێنرا و ئارەزووی وێنەسازی هەموو کتێبەکان وەك ئەوەی لە سەدەی شانزدەهەمدا لە هەموو کتێبەکانی ساتەکانی ئەرکەکاندا روویدا، بەرەبەرە هێندە دابەزی کە گۆڕا بۆ هەوا و هەوەس.

### بەرگ و جوانکاری و پرۆژە چنین کارییەکانی میشیل بادلۆپ:

کتێبخانەی پاشایەتی وەك زۆرێك لە لایەنگران و دۆستانی کتێب لەسەردەمی لویسی پانزدەهەمدا، بەرگسازێکیان بەناوی ئەنتوان میشیل بادلۆپەوە[٣٩] بۆ دروست کردنی بەرگی کتێبەکان دامەزراند. و ناوی لە مێژووی بەرگسازیدا هەمیشە هاوڕێیە لەگەڵ رێز و بەناوبانگیدا.

لەو کاتانەدا چەندین بەرگ هەبوون کە بۆ لویسی پانزدەهەم و هاوسەرەکەی ماری لێك زنسکا[٤٠]و هاوڕێکەی مادام دو پۆمپاردۆر[٤١] دروستکرابوون، ناوی بادلۆپی لەگەڵ دابوو. هەروەها بەرگی کۆمەڵە کتێبی کۆنت هۆیم[٤٢] کە لێی دەدوێین بەم ناوە رازێنرابوویەوە. بەڵام ئەو بەرگانەی کە بۆ پاشا دروستکرا، هەموو لە شێوەدا یەکگرتووبوون و لە پێستی مەراکیشی و بەرەنگی سووربوون و و لە نێوانیان دا چەندین دانە هەیە کە لە کۆبوونەوەکانی ناو کۆشکی باس دەکرد لەلایەن چاپخانەی پاشایەتییەوە بەچاپ گەیشتن.

لەم کاتەدا بەرگسازێکی دیکە بەناوی مونێر یان لومۆنێر[٤٣] دامەزرێنرا. ئەو شێوازەی بەکارهێنا کە لە سەردەمی هەژدەهەمدا بەربڵاوبوو. لەم شێوازەدا چەندین پارچەی پێستی رەنگاوڕەنگی جیاواز لەسەر بەرگەکە دادەنرا بەجۆرێك شێوەیەکی وەك بەرگ دروست دەبوو. ئەم هونەرە کەلە دواییدا زۆر گرنگیی پێ دەدرا. بەکاری مورائیك لەسەر چەرم ناوبانگی دەرکرد.

39- Antoine Michel Padeloup.
40- Marie Leczinska.
41- Madame de Pompadour.
42- Hoym.
43- Le Monnier.

## چنین کاری وەک رەگەزێک لە رەگەزەکانی جوانکاری:

پێش هەموو شتێك دەبێت چۆنیەتی پەیدابوونی جوانکاری بەشێوازی چنین کاری یان بەلایەنی کەمەوە پەرەسەندنی و جێگیربوونی بزانین.

بەشێوەیەکی گشتی ئەم بەرگانە بەهۆی چەند چوارچێوەیەکەوە بەپانی جیاواز و بەجوانکاری لە جۆری چنین کاری ئالتونی و بەکەڵێن و چون بەئاوەڵاکانیدا رازابوویەوە. ئەم جوانکارییانە، دەوروبەری ناوەڕاستی بەرگی دەگرتەوە و لە ناوەڕاستدا جێگایەکی بەتاڵیان بۆ هێمای خاوەنی کتێب بەجێ دەهێشت، کە یان بەشێوەی هێمابوو یان لە پیتی یەکەمی ناوی خاوەن کتێبەکە پێکهاتبوو. لەم نموونانە هەزاران بەرگ بەشێوەی جۆراوجۆری لەبن نەهاتوو بەرهەم هێنرا.

هەروەها دیوی پشتەوەی بەرگی کتێبەکەش دەڕازێنرایەوە زۆرجار جوانکارییەکان بریتی بوو لە گوڵ و خونچە[٤٤] کە هەموو بەشەکانی پشتەوەی بەرگەکەی داگیر دەکرد هەروەها گۆشەکان بەجوانکاری بچووك دەرازایەوە.

لاکان زێڕکاری بۆ دەکرا، بەڵام زۆر بەکەمی بەرگەکانی سەدەی هەڤدەیەم هەڵکۆڵینی بۆ ئەنجام دەدرا. جوانکارییەکانی چنین کاری بەشارەزاییەکی تایبەت و جوانییەکی بێ هاوتاوە لە بەرگەکانی بەرگسازانی وەك: جاك ئەنتوان دێرۆم[٤٥] و ناسراو بەبچووك و کوڕەکەی نیکۆلاس دێنسی دێرۆم[٤٦] بەکارهێنرا. هەروەها هەندێك لە بەرگسازانی وەك پیر پاول دوبیسۆن[٤٧] کە رنوکی[٤٨] دەزانی و وێنەکێش بوو لویس دوسێر[٤٩] بەرگسازی پاشا کە بادلۆپ و کەسانی دی ناوی خۆیانیان لەم سەردەمەدا بەزیندوویی هێشتەوە.

---

44- Fleuron.
45- Jacques- Antoine Derome.
46- Nicolas- Denis Derome.
47- Prerre- Paul Dubuisson.
٤٨- شێوازی رنوك لە شێوەکاریدا شێوازێکە شێوەکان وەك شائێسکی ماسی وێنە دەکرێت بەشێوەی مایل یان خوار.
49- Louis Douceur.





## دروستکردنی هێمای خاوەنداری کتێب:(٥٠)

هێماکانی خاوەنداری کتێبی کتێبخانە گشتییەکان بەشێوەی هێمای ڕەنگین لە دەستپێکی کتێبەکاندا لە ڕۆژگارەکانی سەدەی ناوەڕاستەوە زانرابوو. لە نیوەی دووەمی سەدەی پاشدا هێنانی چاپ، ژمارەیەکی زۆر لەم هێمایانە دەبینین، کە لەسەر دار هەڵکۆڵراون و لەسەر بەرگ یان پەڕەیەکی تایبەت چاپ دەکران کە بۆ نووساندن بەسەرەتای کتێبەکەوە ئامادەکرا.

کۆنترین هێماکانی مێژووی خاوەنداری کتێب لە ئەڵمانیادا، دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٥١٦،گەرچی چەندین هێمای بێ مێژوو دەستکەوتوون، کە بەنزیکەیی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٤٧٠، کۆنترین هێمای لەم جۆرە کە تائێستا ماوەتەوە، لە فەڕەنسادا دەیبینین، کە ئەگەری هەیە بگەڕێتەوە بۆ زانا جان بێرتۆد دولاتو بلانش[٥١] و بەنزیکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٥٢٥ز، ئەگەری زۆری هەیە چەندین هێمای دیکەمان دەستکەوێت کە خاوەنداری پێشوەی کتێب دیاری دەکات.

### هێماکانی خاوەنداریێتی لە سەدەی شانزدەهەم و حەڤدەیەم:

زۆرێك لە هونەرمەندە گەورە تەکنیکییەکانی سەردەمی هەڵکۆڵینی سەردار، هێماکانی خاوەنداری کتێبیان وێنە دەکرد، وەك دورێر[٥٢] وەك کارەکانی ویلی بالد پیرکە هایمەر[٥٣] لە شاری نۆرەمبێرگ) سپرینگینکلێك[٥٤]، لۆکاس کراناخ[٥٥] و ڤێرجیل سۆلیس[٥٦] جویۆست ئامام[٥٧] و چەندینی دیکە.

بەنزیکەی هەموو هێماکانی خاوەنداری کتێب لەم سەردەمەدا، جوانکارییەکانی ڕنوکی دەبینین کە شێوەکانی بەربڵاوبوو. هێماکانی خاوەنداری لەسەردەمی هەڤدەیەمدا بەزیادبوونی بڵاوبوونەوەی کتێب بڵاودەبوویەوە ئەم هێمایانە لەسەر مس کاری هەڵکۆڵینی بۆ دەکرا، بەڵام ئاستی هونەری نزم بوو. لەبەرئەوەی ئارەزووی وردەکاری زۆر لە تایبەتمەندییەکانی شێوازی

50- Ex- libris.
51- Jean Bertaud de la Tour Blanche.
52- Durer.
53- Willbibald Pirkheimer.
54- Spring inklec.
55- Lucas Cranach.
56- Virgil Solis.
57- Jost Ammam.



باروك بوو، لەم هێمایانەدا بەرچاو دەکەوێت، هەروەك چۆن ئەم کاریگەرییەمان دی لە تابلۆکانی دەستپێکی ئەو کتێبانەی کە لەسەر مس کاری هەڵکراوی بۆ کرابوو.

### نیشانەکانی خاوەنداریێتی لە شێوە هێماییەکاندا لە سەدەی هەژدەهەمدا:

لە سەدەی هەژدەهەمدا بوو کە دروستکردنی هێماکانی خاوەنداریێتی لەڕووی ژمارەوە لەڕووی پایەدارییەوە گەیشتە لوتکەی بەهای خۆی. لەو کاتانەشدا زۆربەیان جوانکاری نوکیان هەبوو، و دروشمەکان زۆرکات بەشێوەی هێلکە ئاسا و بەشێوازی ڕۆکوکو دەوردرابوون و بە زۆرێك لە ناودارترین وێنەکێشانی شێوە بچووکەکانی ئەم سەردەمە. هێماکانی خاوەنداری ڕنوکی جوانی لەم جۆرەیان دروست دەکرد وەك بۆشێر[٥٨] و مۆروی بچووك و کوشین و ئیتین و شۆڤارد. لە هەمان کاتدا نیشانەکانی خاوەنداری لە شێوە هێماییەکانیدا گرنگی پێ دەدرا. هەندێك لە هێماکانی دیکەی خاوەنداریێتی وێنەی بچووکی شێوازی ڤین بیتی لەخۆگرتبوو. ئەم وێنانە دیمەنی ناوەوەی کتێبخانە، یان دیمەنی خاوەن کتێبەکە، یان وێنەی دیمەنی سروشتی یان گۆشە ڕووخاوەکانی پاشماوە دێرینەکان و یان وێنەی ستون و پایە تێك شکاوەکانی پیشان دەدا.

لە وێنە جوانکارییە ئاساییی و بەربڵاوەکانی ئەم سەردەمە، وێنەی کتێبێکی کراوە یان کاتژمێری عین یان گۆی زەوی بووەوە زۆربەی هێمای کتێبەکان، هێمای بنەماڵە یان پیتییە، پیتی یەکەمی ناوەکەی یان ناوی تەواوی خاوەن کتێبەکەی لەخۆ دەگرت.

بەم شێوانەیان دەگوت هێمای خاوەنداریێتی، لەبەرئەوەی کە زۆرکات پێش ناوی خاوەنی کتێبەکە وشەیex- Libris ، کە دەری دەکات کە ئەم کتێبە بۆ کام جۆرە خانە دەگەڕێتەوە وەیان ex- bibliotheca، کە دیاری دەکات چ کتێبخانەیەك ئەو کتێبەی لەخۆگرتووە).

سەرەتای سەدەی نۆزدەیەم قۆناغی لەناوچوونی هونەری دروستکردنی هێماکانی خاوەنداریێتی بوو. کتێب دۆستی و ئارەزووی کۆکردنەوەی کتێبیش چارەنووسێکی لەوە باشتری نەبوو، بەجۆرێك کە تەنها لە ناوەڕاستی ئەو سەدەیەدا نەبێت هیچ بایەخێکی نەبوو. لەم دواییەشدا ئەم هێمایانە بووە بەدابونەریتێکی بەربڵاو لە نێوان دۆستان و لایەنگرانی کۆکردنەوەی کتێبدا.

58- Boucher.

## کتێب دۆستی لە سەدەی هەژدەهەمدا

### درەوشاوەی کتێب رازاندنەوە لە فەڕەنسادا:

لە سەردەمی شێوازی رۆکوکودا لە فەڕەنسا کتێب دۆستی و کۆکردنەوەی کتێب بەهۆی پێشکەوتنی کتێب رازاندنەوە گەشەیەکی تایبەتی بەخۆوە دی. زۆربەی چینە کۆمەڵایەتییە باڵاکانی کۆمەڵگا، لە رابردووشدا ئارەزووی کۆکردنەوە و دابینکردنی کۆمەڵە کتێبەکانیان دەکرد و رۆژ بەرۆژ ماوەی ئەم کەسانە زیادی دەکرد، بەڵام لەسەردەمی لویسی پانزدەهەم شانزدەهەمدا پەرۆشی و ئارەزووی کۆکردنەوە و دابینکردنی کتێبە جوان و گرانبەهاکان لە نێوان چینە باڵاکانی کۆمەڵگا و خانەدانکاندا رەواجێکی زیاتری پەیداکرد و بەنیشانەیەکی گەورەیی و جوانی لە قەڵەم دەدرا، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە ئەو کتێبانەی بەشێوازی ڤێن بت رازابوویەوە داواکارێکی زۆری هەبێت.

### بەرهەم هێنانی کتێبە رازێنراوەکان بە وێنە و شێوە بچووکەکان:

بێگومان ئەگەر کتێبە رازێنراوەکان بەشێوە بچووك ئاسانییە نە دەفرۆشران و زۆربەی هەڵکۆڵەر و وێنەکێشەکان نەیاندەتوانی بەئاسانی پەیدا بکەن تەنانەت ئەگەری هەبوو بکەوێتە ژێر باری هێرشی داواکارییەکان بۆ رازاندنەوەی کێشەکان.

ئاسایی هەروەك باسمان کرد، هونەری کتێب داواکارییەکی زۆری هەبوو، بەڵکو جۆرە نایابەکانی فراوانییەکی زۆری بەخۆوە دی. بۆ نموونە کازین[59]ی بلاوکەرەوە لەم رێگەیەوە قازانجێکی زۆری دەستکەوت، چونکە ئەو کتێبێکی بێشوماری پۆلیسی لە ئەندازەی گیرفانیدا بڵاوکردەوە کە پەیوەندی بە کێشە و بارە سێکسییەکانەوە هەبوو. هەرچەندە هەندێك لەم کتێبانە لایەنێکی هونەریی هەبوو، هەروەك چۆن نرخی ئەم کتێبانە لەو سەردەمانەشدا هەر زۆربوو.

چاپکردنی ئەم کتێبانەی سەفەرنامە هۆکاری پەیدا بوونی چەندین داهێنانی فراوان بووە و لە بواری کتێبدا، لە سەدەی هەژدەهەمدا پڕبووە لە وێنەی سەرنج راکێشی هەڵکۆڵراو بەسەر

59- Cazin.



مس، لە نموونەی ئەم کتێبانە: گەشتێکی سەرنج راکێش لە فەڕەنسا[٦٠] کە پێکهاتبوو لە دوانزدە بەرگ، هەروەها کتێبی گەشتێکی سەرنج راکێش بۆ ناپلێ و سێسیل،[٦١] لە کێشانی وێنە بچووك و زیندوو پڕ هەستەکانی دا، هۆنرێ فراگۆنارد[٦٢]ی وێنەکێش و هەندێکی دیکە لە گوڵبژێرەکانی وێنەکێشان بەشدارییان تێدا کردبوو.

### گەڕانەوە بۆ کتێبە کۆنەکان:

لەگەڵ هەموو ئەمانەدا، لایەنگر و دۆستانی کتێب، سامانەکانیان تەنها بۆ دابین کردنی کتێبە هاوچەرخەکان خەرج نەدەکرد، بەڵکو گرنگییان بەئەدەبیاتی سەدەکانی رابردووش دەدا، وەك گرنگی دان بەبەرهەمی نووسەرە گەورەکان، بەرهەمە گرانبەهاکان دەربارەی مێژووی هونەر، مێژووی سروشتی و گەشت و گەڕان و نەخشەکان و بەرهەمە کلاسیکییەکانی یۆنانی و لاتینی. بۆ نموونە یەکێك لەو بەرهەمانەی کە ژمارەیەکی زۆر لە گەڕاندا بوون بەدوایدا چاپی زنجیرەیەکی٦٤ بەرگی کتێب بوو کە بەفەرمانی لویسی چواردەهەم لە نێوان ساڵەکانی ١٦٧٤و ١٧٣٠دا بەچاپ گەیشت و بۆ سوود لێ وەرگرتنی کوڕی گەورەی پاشا و جێنشین[٦٣] ئامادەکرابوو و هەموو بابەتە نەخوازراوەکانی سڕابوویەوە.

### بازرگانیی کتێب لە پاریسدا:

ئەم کتێب دۆستە زۆرانە، یارمەتی درەوشانەوەی بازاڕی کتێبیاندا بۆ ئەو زیادکردنانەی لەو کاتانەدا لە پاریس رێك دەخرا، کڕیارێکی زۆر باش بوون بۆ کتێبە گرانبەهاکان. هەروەها ئەم قۆناغە بۆ کتێب فرۆشە گەڕییەکان کە لەسەر ((بردی نوێ))[٦٤] بەدرێژایی کەناری رووباری سان بەسندووقی کتێبەکانەوە کۆدەبوونەوە بارودۆخێك و جێگایەکی گونجاوبوو و ئەگەری هەبوو لە کۆڵەبارەکانیاندا و لە نێو کەلوپەلە نەکڕاوە زۆرەکاندا چەندین کتێبی گرانبەها و بێ هاوتای کۆن و هەندێ کتێبی نایاب و رازێنراوە بەجوانکارییە باڵاکان دەست بکەوێت حکومەت لەگەڵ ئەم دەستفرۆشانەی کتێبدا پەیوەندییەکی باشی نەبوو، چونکە وەها

60- Voyage pittoresque en France.
61- Voyage pittoresque a Naples et en Sicile.
62- Honre Fragonard.
63- ad usum Delphini.
64- Pont Neuf.

بیردەکرایەوە کە هەستاون بەفرۆشتنی ئەو کتێبانەی کە لەڕووی ئایینی و سیاسییەوە فرۆشتنیان قەدەغە کرابێت. سەرەڕای ئەوەی کە فرۆشیارانی کتێب کە شوێن پێی خۆیان لە بازاڕەکانی فەڕەنسادا پتەوکردبووە بۆ لەناوبردنی ئەو گێرە شێوێنانە هەوڵی زۆریان دەدا، بەڵام سەرەڕای هەموو ئەم یاسا و ڕێنمایانە، ئەم کەسانە کە بە (فرۆشیارانی کتێب) ناوزەد کرابوون، وەرگیراوە لە وشەی هۆڵەندی Boekin کەبە واتای کتێبی بچووک دێت، درێژەیان بەکار و کاسبی خۆیان دەدا.

## خاوەن کۆمەڵە کتێبخانە فەڕەنسییەکان ـ لاڤالییێروهوێم:

گومانی تێدا نییە کە شازادە لویس دولاڤالییێر[٦٥] لەڕووی ژمارەی ئەو کتێبانەی کە هەیبوو گرنگترین لایەنگر و خاوەنی کۆمەڵە کتێبێك بوو لە سەدەی هەژدەهەمدا و لە ساڵی ١٧٣٨دا چالاکییەکانی بۆ کۆکردنەوەی کتێب لە زیادکردنێکی گەورەدا دەستی پێکرد کە لە کتێبخانەی هێنری هوێم باڵوێزی ساکسۆنی لە پاریس ڕێکخرابوو. کۆنت هویم نرخی کۆمەڵە کتێبەکانی کە بەدرێژایی ٩ ساڵ لە پاریس کۆی کردبوویەوە. بە نزیکەی ١٢٠٠٠٠ فرانك دانا. کاتێك بەناچاری گەڕایەوە بۆ ئەڵمانیا، بەردەوام بوو لە زیادکردنی کتێبەکانی کتێبخانەکەی لە شاری پاریس، بەبێ ئەوەی کتێبەکان ببینێت. تاوەکو دواجار خۆکوژیی کرد، بەم جۆرە ژیانی پڕ لە ئاشوبی کۆتایی پێهات.

کتێبەکانی هوێم هەڵبژاردەی ئەو نوسخانە بوون کە بەرگێکی زۆر نایابی هەبوو. شازادە دولاڤالیێر لە سەرەتای کڕینی کتێبەکانیدا چاکتر لەم کتێبانەی دەست نەکەوت. پاش ئەوە لە زیادکردنە فراوانەکاندا دەستی بەکتێبە بەبایەخ و گرانبەهاکان گەشت و توانی کتێبخانەکەی بەرفراوان بکات بەجۆرێك کە ناچاربوو بۆ نەهێشتنی هەندێك لەو نوسخە دووبارانەی کە هەیبوو و هەندێك لە کتێبەکانی لە سێ جاردا بخاتە بەر دیدی کڕیاران و بیانفرۆشێت.

کتێبخانەکەی دولاڤالیێر لە ئەورووپادا هێندە ناوبانگی دەرکرد کە پاش مردنی لە ساڵی ١٧٨٤دا دۆستان و ئارەزوومەندانی کۆکردنەوەی کتێب لە گشت شارەکانی ئەورووپاوە هاتنە شاری پاریس. دوو زانا و پسپۆری کتێب بەناوی جی دو بوور[٦٦] و ڤان پرید[٦٧]

65- Louis de la Vallieve.
66- G. de bure.
67- Van Praed.



فەهرستێکیان بۆ ئەم کتێبخانەیە ئامادەکرد و زیادکردنەکەی هەشتا و یەك ڕۆژی خایاند و بڕی ٤٦٥٠٠٠ لیرەی دەستکەوت.

## خاوەن کتێبخانەکانی دیکەی فەڕەنسی:

بەشێك لە کتێبخانەکەی لاڤالیێر نەخرایە زیادکردنەوە و بەنهێنی فرۆشرایە ناوەندی دووپۆلمی[٦٨]. کتێبەکانی لەلایەن کۆنتدارتوا[٦٩] کە دواتر بوو بەچارلی دەیەم لە ساڵی ١٧٨١دا کڕرا. ئەو نوێنەری کتێبخانەیەکی گشتی بوو لە شاری پاریس بەناوی کتێبخانەی ئەرسناڵ.[٧٠]
لە شاری پاریس کتێبخانەیەکی دیکە هەبوو کە دروستکردنی دەگەڕایەوە بۆ سەردەمی کڵێسای سانت جیڤێڤ[٧١] و لە سەرەتادا کتێبخانەیەکی بچووککراوە بووە، بەڵام کاتێك کە کتێبە بەجێماوەکانی چارل موریس لوتیلێر[٧٢] قەشەی گەورەی ڕیمس، کە لە ساڵی ١٧١٠ کۆچی دوایی کرد و کتێبەکانی خرایە سەر کتێبخانەی ناوبراو، کەم و کورییەکانی ئەم کتێبخانەیە تاڕادەیەکی زۆر پڕکرایەوە و لەوکاتەوە گەشەی ئەم کتێبخانەیە بەدرێژایی سەدەی هەژدەهەم بەردەوام بوو.

ئەم کتێبخانەیە لە ساڵی ١٧٥٨دا بۆ خەڵکانی ئاسایی ئاوەڵا کرا. نرخ و بەهای سەرنج ڕاکێشی بەهۆی وێنە و پەیکەرە نیوە جەستە ڕاناوەکانەوە بوو، و ئەو شوێنانەی کە بینەران و سەردان کەرەکان بەسەرسوڕمانەوە تەماشایان دەکرد، تەلاری چوار دەوری کتێبخانەکە بوو.
هەژماردنی هەموو کتێب دۆستە فەڕەنسییەکان لەسەدەیەکدا بەهۆی زۆرییەوە ناتوانرێت ئەنجام بدرێت. لەبەر ئەوە جگە لەو ناوانەی کە پێشتر ناومان هێنا، چەند کەسێکی دیکەیان دەناسێنین. لویس گینات[٧٣] کە وێنەکانی دادپەروەر خوازەکانی کردە دیاری بۆ کۆشکی پاشایەتی و توانی کتێبخانەیەك لە جوانترین کتێبخانەکانی سەدەی هەژدەیەم دروست بکات. بەڵام کتێبەکانی ئەم کتێبخانەیە دوای ئەوەی لەجەینیف، دوبور هەستا بە ئامادەکردنی فەهرستێك بۆی، لە فرۆشتنێکی گشتی لە ساڵی ١٧٦٩دا پەرتەوازەبوو. کاردیناڵ دوروهان[٧٤]

68- De paulmy.
69- Conte d Artois.
70- Arsenal.
71- Sainte – Genevieve.
72- Charles - Maurice le Tellier.
73- Louis Gaignat.
74- Cardinal de Rohan.

بەشێك لە کتێبەکانی جاك ئۆگۆست دوتوی[٧٥] خستە سەر کتێبەکانی خۆی و دوای مردنی کاردینال کتێبەکانی میراتی درایە برازاکەی چارل دورو. هەروەها ئەمیر سوبییز[٧٦] بەدرێژایی ٢٠ ساڵ پەیوەندی لەگەڵ زیادکردنەکانی کتێب لە دەرەوە و ناوخۆی فەڕەنسادا نەپچڕاند.

هەروەها ناوی چارل دۆرلییان سەرۆکی پەرستگای رۆتیلین[٧٧] دەهێنن، لە رۆژگاری سەرپەرشتی ئەودا ژمارەیەك لە نوسخە دەستنووسە سەرەتاییەکانی چاپی رەنگاوڕەنگ هەبوو کە بەدەستی گەورەترین هونەرمەندانی ئەو سەردەمە بەچەندین بەرگی زۆر نایاب بەرگ گیرابوون.

باسی مادام دوپۆمپا دۆرت یش دەکەین کە پارێزەری هۆزی کتێب رازاندنەوە بوو. ئارەزوومەندی وێنەی بچووکی ڤین یت بوو کتێبخانەکەی پڕ بوو لە کتێب بەتایبەتی کتێبی شانۆنامەکان.

## کتێبخانەی پاشایەتی:

لە نموونەی بەشداربوانی کڕیاری کتێبەکانی لاڤالێیر و رۆتیلین کتێبخانەی پاشایەتی بوو. کە لە حەز و لایەنگران و ئارەزوومەندانی کۆکردنەوەی کتێب زۆر سوودی وەرگرت. ئەم سوود وەرگرتنە بەهۆی کڕینی بەشێك یان هەموو کۆمەڵە کتێبی کتێبخانە تایبەتییەکان بوو، یان بەهۆی ئەو دیارییانەی کە پێشکەش بەم کتێبخانەیە کرابوو.

هەروەها بالێوزان و نوێنەرانی فەڕەنسا لە دەرەوەی وڵات چەندان کتێبی گران بەهایان نارد بۆ ئەو کتێبخانەیە سەرەڕای ئەوانەی کە ناوبراو، دەبێت ناوی ئەو کۆمەڵە وێنە هەڵکۆڵراوانە بهێنین کە لەم کتێبخانەیەدا کۆکرابوویەوە. ئەم کتێبخانەیە لەڕووی بوونی کتێبە نایاب و گرانبەهاکان بەگەورەترین و دەوڵەمەندترین کتێبخانەی شارستانی ئەو سەردەمە دەهاتە هەژمار، کتێبەکانی کتێبخانەی پاشایەتی لە ساڵی ١٧٢١ گوازرایەوە بۆ کۆشکی ینڤێرس[٧٨] کە ئێستا دەکەوێتە سەر شەقامی ریشیلۆ، لەو کاتەدا، قەشە جان بینۆن[٧٩]، بەڕێوەبەری بوو کە نازناوی بەڕێوەبەری ئەو کتێبخانەیەی پێ بەخشرا، لەساڵی ١٧٢٠ی زاینیدا.

---

75- Jacques Auguste de Thou.
76- Soubise.
77- Rothelin.
78- Hotel de Nevers/
79- Jean Bignon



## کتێب دۆستی لە ئینگلتەرا:

کتێت دۆستی لە فەڕەنسادا، هەروەك زۆرێك لەو شتانەی دیکە کە لە فەڕەنساوە وەرگیرابوو، کاری کردە سەر فەرمانڕەوا و خانەدانەکانی وڵاتەکانی دیکەی ئەوروپایی. ئەگەر هیچ دەوڵەتێك نەیتوانیوە لە گەورەیی و گرنگیدان لەگەڵ فەڕەنسادا کێبڕکێ بکات. ئەم بابەتە رێگر لەلاسایکردنەوەی چۆنیەتی ژیانی لە کۆشکی لویسی چواردەهەم و جێنشینەکان و لە چینە خانەدانەکای ئینگلیزی لە کۆشکی جۆرجی یەکەمدا کۆبوونەوە.. هەموویان لەژێر کاریگەری زەوقی فەڕەنسیدا بوون و ژمارەیەك لە هاوڕێ و دۆستی کتێب لە نێوانیاندا هەبوو، دەبینین کە هەوڵ و چالاکی کتێبخانە تایبەتییەکانی بۆ پێشکەوتنی کتێبخانەی گشتییەکان زۆرترە لە کەسانی دی.

## دامەزراندنی مۆزەخانە لە بەریتانیا:

جگە لە ئینگلتەردا، راستییەکی دیکە دەبینین، ئەویش ئەوەیە کە لە کتێبخانەی تایبەتی پاشا بەپێچەوانەی وڵاتانی دیکە، دەگۆڕا بۆ کتێبخانەیەکی میللی و نەتەوەیی. کتێبخانەی میللی مۆزەخانەی کاتێك دامەزراند کە پەرلەمان لە ساڵی ١٧٥٣دا بڕیاری کڕینی ئەو کتێب و دەستنووسانەی پەسەند کرد کە دوای مردنی پزیشك هانس سلۆن[٨٠] بەجێ مابوو. پاشان هەندێکی دیکە لە دەستنووسە گرنگەکانی بۆ زیادبوو، وەك کۆمەڵە کتێبەکانی کۆتۆن[٨١] و هارلی[٨٢]. بەم پێشەکییانە، مۆزەخانەی ناوبانگی بەریتانیا دامەزرا. دوای چەند ساڵێك، جۆرجی دووەم چەندین کۆمەڵە کتێبی لە کۆشکی پاشاییەوە بەدیاری بەخشی بەو شوێنە. سەرەڕای ئەوەی بەپێی یاسای زۆرەملێ دەبوو هەموو ئەو کتێبانەی کە لە ئینگلتەردا چاپ دەکرا نوسخەیەك بەو کتێبخانەیە بسپێرێت. لە ساڵی ١٧٥٩دا ئەم دامەزراوە نوێیە خرایە بەر دیدی هاووڵاتییان و لەژێ چاودێری ئەنجوومەنێکدا کە ٤٨ ئەندامی هەبوو. و نیوەی دەوڵەتی خۆی دیاری دەکرد. کارەکانی جێبەجێ دەکرا.

---

80- Hans Sloans.
81- Cotton.
82- Harley.

**کتێبخانەی هارلی:**

هارلی کۆنتی ئۆکسفۆرد ـ وەك پێشتر ناومان هێنا. کۆمەڵێکی گەورەی کتێب و نوسخە دەستنووسەکانی بەمیراتی لە باوکییەوە بۆ بەجێ ما. هەروەها چەندین کتێبی دیکەی بۆ پەیداکرد. بەجۆرێك کە کاتی مردنیدا ٧٦٠٠ نوسخەی دەستنووس و ٤٠٠,٠٠٠ وتار و بەڵگەنامە و ٥٠,٠٠٠ کتێبی چاپکا و ٤٠٠,٠٠٠ نامە و گوڤای دیکەی تێدابوو. ئەمەش کتێبخانەیەکی بێ هاوتابوو کە لەڕووی دەوڵەمەندییەوە لەگەڵ کتێبخانەی لاڤالێیردا لە فەڕەنسا کێبڕکێی دەکرد.

**دۆستان و لایەنگرانی چاپە سەرەتاییەکان:**[٨٣]

کتێبخانەی هارلی چەندین کتێبی چاپی جۆراوجۆری لەخۆگرتبوو کە لەلایەن کۆنترین چاپخانەی ئینگلیزی کاکستۆن[٨٤] و جێنشینەکانییەوە چاپکرابوون. لێرەوە ئەندازەی حەز و گرنگی دانی ئارەزوومەندان و دۆستانی کتێبمان بۆ چاپە سەرەتاییەکان دەردەکەوێت. ئەمەش بابەتێك بوو کە لەو رۆژگارەدا زۆرباو نەبوو. بێگومان یەکێك لە ئارەزوومەندانی کۆکردنەوەی کتێب قەشەی ئیلی[٨٥] بوو بەناوی جۆن مۆر[٨٦] سەرنجی رووەو چاپە سەرەتاییەکانی کتێبە پیست رەشەکان، راکێشرابوو.

جۆرجی یەکەم، کتێبەکانی ئەم خاوەن کتێبخانەیەی لە ساڵی ١٧١٥دا کڕی، هەتا وەکو بەدیاری بەزانکۆی کامبریج ببەخشێت. شایانی باسە کە دۆستانی کۆکردنەوەی چاپە سەرەتاییەکان تاوەکو دەیەکانی کۆتایی سەدەی هەژدەیەم ژمارەیان زیادی نەکرد. خاوەن کتێبخانە ئینگلیزییەکان جێگای دیاری خۆیان لەم بوارەدا تاوەکو هەنووکە پاراستووە.

**بەرگە ئینگلیزییەکان بەشێوازی هارلی:**

لە مێژووی بەرگسازی ئینگلیزیدا بەشێوەیەکی تایبەت هونەری بەرگ تێگرتنی کتێب، بەشێوازی هارلی ناوبراوە و ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بەرگانەی کە بۆ هارلی دروستکراون.

جوانکارییەکانی ئەم بەرگانە لە بەشی ناوەڕاستدا رووبەرێکی بچووکی هەیە و بەچوارچێوەی

83- In Cunabula.
84- Caxton.
85- Bishop of Ely.
86- John Moore.



پان و پێکهاتوو بە نەخشی گلایتۆن و گوڵی راستەقینە کە بەشێوەیەکی تایبەت وێنەکراون، دەورەدراون. ئەم بەرگانە گەرچی لەسەردەمی خۆیدا لە ئینگلتەرادا رەواجی پەیدا کرد، بەڵام شێوازەکەی بەبۆچوونی ئێمە قورسە و کاری زۆری دەوێت و ناتوانێت کێبڕکێ بکات لەگەڵ ئەو بەرگانەی کە لەسەدەمی هارلیدا لە سکوتلەندا دروستکراون و لە قەدی روەك و گەڵای بەرز و بڵند پێکهاتبوو لەهەردوو لاوە لە شێوەی جوانکارییەکانی گلابتۆندا بوو.

**دۆستان و ئارەزوومەندانی کتێب لە ئەڵمانیادا:**

کتێب دۆستی لە فەڕەنسادا هێندە گرنگ بوو کە لە ئینگلتەرا لاسایی کرایەوە، لەگەڵ هەموو ئەمانەدا، ئەمە تەنها لاسایی کردنەوە نەبوو، چونکە پەیوەندی کتێب دۆستی فەڕەنسی لەگەڵ کتێب دۆستی ئەڵمانیادا ئەم لاسایی کردنەوە بەهەمان شێوەبوو.

**فریدریکی دووەم:**

لە ئەڵمانیادا ژیار و ئەدەبیاتی فەڕەنسی عاشقێکی سەرشێتی هەبوو کە فریگی گەورەی هاوڕێی ولتەر بوو. کە لە پاڵ شارەزایی سەربازی دا، خوێنەرێکی ورە بەرز کە رووەو نووسەرێکی بەناوبانگ بوو، کتێبەکانی لە ٢٥٠ بەرگدا لە نێوان ساڵەکانی ١٧٨٧-١٧٨٩دا بڵاوکرایەوە. لەڕووی ژمارەوە لەگەورەترین کارە چاپکراوەکانی سەدەی هەژدەیەم بوو لە ئەڵمانیادا.

هەروەها لە شاری سان موسی[٨٧] و پۆتسدامیشدا[٨٨] چەندین کۆمەڵە کتێبی گەورە هەبوو، تەنانەت لە کاتی لەشکرکێشی سوپاکەیدا، کتێبخانە تایبەتییەکەشی لەگەڵ خۆیدا دەبرد. بەشێوەیەکی گشتی خۆشەویستترین کتێبەکان لە بۆچوونی ئەودا نووسراوە عەقڵییەکانی فەڕەنسی و ئەدەبیاتی فەڕەنسی بوو. جگە لەمانە، ئەو کتێبانەشی بەچاك دەزانی کە لە ئەندازەی ١/٨و١/١٢دابوو بەجۆرێك کەتا دەیتوانی لە ئەندازەی ١/٤ دووره پەرێزی دەکرد. وەکو فەڕەنسییەکان ئەو بەرگانەی پەسەند دەکرد کە لە پێستی مەراکێشی رەنگ سوور دروستکرابوون و لاکانی زێڕکاری بۆکرابوو.

87- Sans – Souci.
88- Post dom.

## ئارەزوومەندانی کتێب لە دێرسدێن:[٨٩]

بەپێچەوانەی بۆچوونەکانەوە، کاریگەری کتێب دۆستی فەرەنسا لە ئەڵمانیادا بەتایبەت لە ویلایەتەکانی باکوور و ئەو شارانەی کە لەژێر پەیمانی هانزدا بوو، هەستی پێدەکرا. گومانی تێدانییە ئەم کاریگەرییە لە رێگەی ئینگلتەراوە بۆ ئەم ناوچانە گوازرابوویەوە.

ئەم کاریگەرییە لەناوچەی ساکسۆنیش هەستی پێدەکرا، چونکە ئەم ناوچەیە هەر لەسەردەمی ئۆگۆستی هەڵبژێراوە هەرگیز بەشێوەیەکی تەواو پەیوەندی خۆی لەگەڵ داب و نەریتی فەرەنسەدا نەپچڕاندبوو. لە سەدەی هەژدەهەمدا ژمارەیەکی زۆر کتێبخانەی تایبەتی هەبوو. لێرەش هەروەك پاریس یەکێك لە شانازییەکان ئەوەیە کە ئەو کەسە کۆمەڵێك کتێب و کتێبخانەی هەبێت، لەناودارترین خاوەن کتێبخانەی ئەم سەردەمە درەخشانە کەسێك بوو بەناوی کۆنت هێنریچ ڤۆن برول[٩٠] کتێبەکانی گەیشتە ٦٢٠٠٠ بەرگ و دواجار ئەم کتێبانە گوازرانەوە بۆ کتێبخانەی کۆشك کە کتێبخانەی ساکسۆنی ئێستا دەکات.

هەروەها کتێبخانەیەکی دیکەی مێژوویی، بەنرخ و بەناوبانگ هەبوو کە دەگەڕایەوە بۆ یەکێك لە خاوەن کتێبخانە گەورەکانی ساکسۆنی کە ئەویش کتێبخانەی هێنی دوبونو[٩١]. زۆرتر ئەم کتێبخانەیە بەهۆی سیستەمی فەهرست و نووسینەوە گرنگییەکی زۆری هەبوو، نەك بەهۆی ژمارەی کتێبەکانییەوە. بونو بەیارمەتی بەڕێوەبەری کتێبخانەکەی جەی. ئێم. فرانك[٩٢] سیستەمێکی فەهرست نووسینی بۆ ئاسانکردنی سوود وەرگرتن لە کتێبەکانی دانابوو. ئەگەرچی سیستەمی فەهرست نووسینی بونو- فرانك لەوکاتەدا زۆر بەکەمی کاری پێدەکرا، بەڵام دوای ئەو سەردەمە بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ نموونەیەك بوو کە پەیڕەوی لێدەکرا، بەبەراوردکردنی کتێبخانەی برول لەگەڵ کتێبخانەی بونودا دەبێت بوترێت کە یەکەمیان تاڕادەیەك بەکتێبخانەیەکی گرانبەها لە قەڵەم دەدرێت و دامەزراندنی قەرزاری حەز و ئارەزووەکانی ئەم وەزیرە بوو، هەرچی بەرگەکانی بونو بەچوارچێوەی رازاوە و بەشێوازی رۆکوکو و بەشی ناوەراست بەنەخشەکانی رنوکی دەورەدراوە کە کارتێکراوە بەشێوازی فەرەنسی و بەشێوەیەکی زۆر گرانتر کاری تێدا کردووە.

89- Dresden.
90- Count Heinrich Von Bruhl
91- Henri de Bunau.
92- J.M. Franke.



## خاوەن کتێبخانە ئەسکەندەنافییەکان:

ئەگەرچی کتێب دۆستە دانیمارکی و سویدی و کتێب فرۆشەکانی وڵاتانی ئەسکەندەنافی کاریگەری کتێب دۆستی ئەڵمانییەکانیان بەسەرەوە بوو، بەڵام کاریگەری فەرەنساش بەئاشکرا دەبینن.

لەسەدەی هەژدەهەمدا لە دانیمارك چەندین خاوەن کتێبخانەی گەورە هەبوون، کە بەهۆی گەشتەکانیان بۆ ئەوروپا، پەیوەندیوان لەگەڵ کتێب دۆستە فەرەنسییەکاندا توندوتۆڵ کردبوو. گرنگترینیان کۆنت ئۆ تۆتۆت[٩٣] و کتێبەکانی لەکاتی مردنیدا لەساڵی ١٧٨٥ گەیشتە نزیکەی ١٣٨٠٠٠ بەرگ، وەسیەتی کردبوو کە نوسخە دەستنووسەکان ببەخشرێن بەکتێبخانەی پاشایەتی کۆپنهاگن.

بەڵام لە سوید، کۆشکی گۆستاڤی سێهەم بەتەواوی لەژێر کاریگەری فەرەنسادابوو، هونەردۆست و خاوەن کتێبخانەیەك بوو کە لەگەڵ گەورەترین خاوەن کتێبخانەکانی فەرەنسیدا کێبڕکێی دەکرد. ئەویش کۆنت گۆستاڤ تێسین[٩٤] بوو. لەگەڵ هەموو ئەمانەدا زۆرینەی کتێبخانەکانی ئەسکەندەنافییەکانی هێمایەکیان هەبوو کە لەگەڵ هێمای ئەو کتێبخانەی کە پێشتر ناومان هێنا جیاوازی هەبوو، کتێبخانەکانی وڵاتانی ئەسکەندەناڤیا زیاتر کتێبخانەی بوتومان بەبیر دەهێتەوە، هەتاوەکو کتێبخانە گرانبەهاکانی فەرەنسی هۆکارەکەشی راستییەکی زانستی بەهێزە کە پێکهاتەکەی لەسەر دامەزراوە. راستی ئەم بابەتە لە چۆنیەتی کتێبخانەی گەورەی تایبەتی مامۆستای زانا کریستیان بوتنێر[٩٥]دا دەردکەوێت کە خەڵکی گوتین گن بوو[٩٦] و بەهۆی زانستی فراوان و حەز و ئارەزوومەندی کۆکردنەوەی کتێب ئێمەی یادی مالیابیکی[٩٧] دەخاتەوە. ناوبراو ماڵی وەك ماڵی فلۆرۆنسی ناوبانگی هەیە. بەو پێیەی کە گۆتیێ رێکخەری کتێبخانەی مالیابیکی بوو دوای مردنی، دەڵێت: ئەم شاعیرە گەورەیە لەڕاستیدا خاوەنی کتێبخانە نەبوو، ئەو تەنها کۆمەڵێك کتێبی زانستی تایبەتی کۆکردەوە. ئەم کارەش کاتێك بوو کە ئەو کتێبە گشتییەکانی شارەکانی بەکاردەهێنا و بەهێزی دەکردن.

93- Otto Thott.
94- Gustave Tessin.
95- Chr. W. Buttner.
96- Gottingen.
97- Magliabecchi.

**کتێبخانە گشتییەکان و زانکۆکانی ئەڵمانیا:**

کتێبخانەی کۆشکی دێرسیدێن لەدەوروبەری کۆتایی سەدەی هەژدەیەمدا بەرووی هەمواندا کرایەوە، بەڵام ڕێکخستنی ناوخۆیی کتێبخانەکان، چ لە کتێبخانەی فەرمانڕەوایان و چ لە کتێبخانەی زانکۆکان لە ئاستی داواکارییدا نەبوو.

ئەرکی سەرپەرشتی کتێبخانەی زانکۆکان کارێکی لاوەکی بوو کە یەکێك لە مامۆستاکان لە ئەستۆی دەگرت. بەکەمی ڕێك دەکەوت کە ئەم مامۆستایانە زیاد لە ئاستی پێویست هەوڵ بدەن، تا ئەوەی کە زۆربەی کتێبخانەکانی زانکۆکان حاڵەتێکیان بەسەردا هات کە یادخەرەوەی بارودۆخی هەلومەرجی کتێبخانەی کڵێساکان بوو لە سەدەکانی ناوەڕاستدا زۆرکات یەکێك لە خوێندکاران لەکارە سادە و ئاسانەکاندا کۆمەکی بەڕێوەبەری قوتابخانەی دەکرد و بێگومان هەمان ئەو خوێندکارە هەموو کارەکانی ئەنجام دەدا.

**کتێبخانەی گوتینگن:[98]**

لە ئەڵمانیادا زانکۆیەك هەبوو بەناوی زانکۆی گوتینگن، کتێبخانەی ئەم زانکۆیە تا ماوەیەکی زۆر نموونەیەك بوو بۆ هەموو کتێبخانە ئەوروپییەکان.

کارمەندانی ئەم کتێبخانەیە هەروەك چۆن بەپێی بنەمایەکی دیاریکراو بۆ پێشکەوتن لە چالاکی دابوون، بەهەمان شێوە بەهاوکاری یەکتری هەوڵیان دەدا کارێك بکەن کە خوێندکاران ئاسانتر کتێبەکانیان دەست بکەوێت پاشان بە بەڕێوەبەرایەتی زانای گەورەی ڕۆمان ناس کریستیان گوتلیب هاینە[99] بەڕێوەبەری پێشووی کتێبخانەی کۆنت برول بوو، کتێبخانەکە پێشکەوت و گۆڕانکارییەکی دەست پێکرد کە کتێبخانەکانی دیکەی جیهان تەنها لە سەدەی نۆزدەهەمدا پێی گەیشتن. زۆری نەخایاند کە کێتبخانەی گوتینگن وەك یەکەمین کتێبخانەی لێکۆڵینەوەی ئەورووپی لێهات.

**گەشت کەرانی خاوەن کتێب:**

لە ساڵی ١٧٦٩دا کتێبخانەی گوتینگن بەدەستکەوتنی کتێبەکانی یۆهان فریدریك ڤۆن ئۆڤن باخ[100] کە لە کۆکردنەوەی کتێبدا سەرکەوتووبوو، دەوڵەمەندی ئەم کتێبخانەی زیادکرد.

98- Gottingen.
99- Christion Gottliab Heyne
100- Johunn Fredrich Von Offenbach



ئەم عاشق و دۆستی کتێبە، بەهۆی گەشتەکانی لەگەڵ براکەیدا زاخیارس کۆرنارد[101] کە لە کتێب دۆستیدا لەو پایەبەرزتر بوو، ئەم کتێبانەی بەدەست هێنابوو. ئەم دوو برایە بەبوونی فەهرستێك بۆ ئەو کتێبخانەی کە خوازیار بوون بیکڕن، بە وڵاتانی ئەڵمانیا و هۆڵەندا و ئینگلتەرا گەڕان، بەهۆی خوێندنەوەی یادەوەری گەشتەکانیانەوە دەردەکەوێت، کە بەتایبەتی زانیاری زۆریان دەربارەی چاپ و بڵاوکردنەوەی کتێبەکان کۆکردبێتەوە. ئەم گەشتانە دەتوانرێت بەگەشتی تایبەتی لێکۆڵینەوەی کتێب دابنرێت. گەشتی سۆزداری[102] ستێرن[103] و یۆریك[104] بەڵگەیە لەسەر ژیانی زانستی ئارەزوومەندانی کتێب و لە جیاکەرەوەکانی ئەم سەدەیەیە.

بەشێوەیەکی گشتی باشترین کڕیارانی کتێب بوون لە هۆڵەندادا. کتێب دۆستە ئەڵمانی و ئینگلیزی و ئەسکەندەناڤییەکان زۆرکات بۆ کڕینی کتێب دەهاتنە وڵاتی هۆڵەندا.

## بڵاوبوونەوەی کتێب لە سەدەی هەژدەهەمدا

کتێبە پەسەندکراوەکانی خەڵکان و ئیسانکلۆپیدیاکان (دائرە المعارف) لە ئەڵمانیادا کتێب و ئەدەبیات بە بەراوردکردن لەگەڵ فەڕەنسا و ئینگلتەرا زیاتر پەیوەندی بەچینی مامناوەندەوە هەبوو، بەجۆرێك کە حەز و ئارەزووی خوێندنەوەی کتێب لە نێو بەشە جیاوازەکانی خەڵکیدا بەردەوام لە فراوان بووندا بوو. دواتر هەوڵی پیتۆڵەکان بۆ بڵاوکردنەوەی ئەدەبیاتی فێربوون و فەرهەنگی خەڵکی بەپێشکەوتنێك گەشت کە تا ئەو کاتە نەبینرابوو.

**حەز و ئارەزووی خەڵکی بۆ بڵاوکردنەوەی کتێب لەم سەدەیەدا:**

ئەم حەز و پەرۆشییە، هۆکاری بەیەکگەیاندنی هەموو بزاوتە هزرییەکان بوو کە لە ئەورووپادا دەرکەوتبوو و تەنها تایبەت بە ئەڵمانییەکان نەبوو. لێ دوان بەسەر هۆکاری ئەم جۆرە بزاوتنە هزرییانە کارێکی پێویستە و گومانی تێدانییە لەم کاتەدا جوڵانەوەیەك بۆ ڕێکخستنی ژیانی زانستی بەدیهاتبوو. ژیانی زانستی خۆی ڕێنماییەکە و پێشاندەری ئەم

101- Zacharis Cornard.
102- Voyoge Serthimental.
103- Sterne.
104- Yorrick.

ڕێکخستنەیە. ڕێکخستنی ژیانی زانستی بەشێوەیەکی بەرچاو لە سەدەی حەڤدەهەمدا، لە نێوان وڵاتە گەورەکاندا دەستی پێکرد لەم کاتانەدا بوو کە یەکەمین ئەکادیمیای زانستی دامەزرێنرا و یەکەمین گۆڤاری زانستی بڵاوکرایەوە، لە پاریس بڵاوکراوەی زانایان[١٠٥] لە ساڵی ١٦٦٥دا بڵاوکرایەوە، لە لەندەن گۆڤاری (لێکۆڵینەوە فەلسەفییەکان)[١٠٦] بڵاوکرایەوە، ئەم دوو بڵاوکراوەیە بەبەردەوامی تا ئەمڕۆ بڵاودەکرێنەوە. لەلایب زیک گۆڤاری کارەکانی زانایان)[١٠٧] بڵاوبوویەوە.

زانایانی سەدەی هەژدەهەم هەموو زانستەکانی سەردەمیان لە زانستنمەی گەورەی ئەبجەدیدا کۆکردەوە و ئەمەش بەشێوەیەك بوو کە دۆزینەوەی بابەتەکان زۆر ئاسان بوو. دیدرۆت[١٠٨] و دالامبرێت[١٠٩] هاوڕێکانیان لە فەڕەنسا ئینسایکلۆپیدیای بەناوبانگی فەڕەنسایان لە ساڵی ١٧٥١ تا ساڵی ١٧٧٢ بەچاپ گەیاند. ئەم ئینسایکلۆپیدیایە (دائرة المعارف) یارمەتیدەری ڕووناك کردنەوەی چەمکەکانی شۆڕشی فەڕەنسابوو. دوای ئەمە کتێبێکی گەورەتر لە قەبارەدا بەناوی ئینسایکلۆپیدیای بابەتی[١١٠] لە نزیکەی ١٦٦ بەرگدا دانرا. دانەری ئەم کتێبە بڵاوکەری گەورە چارلس جۆزێف پانکۆك[١١١] بوو، ئەگەرچی ماوەیەکی زۆر پاش مردنی کاری بڵاوکردنەوەی تەواوکرا.

لە ئەڵمانیا گەورەترین بڵاوکەرەوەی لایبزیك ی . هـ . تسدلر[١١٢] یەکەمین ئینسایکلۆپیدیایی جیهانی لە ٦٤ بەرگی گەورەدا بەچاپ گەیاند و تا ئەمڕۆ نرخ و ڕێزی خۆی هەیە.

گۆڤارە ڕەخنەیی و ئەدەبییەکان بەرە بەرە زیادی کرد هەروەها ڕۆژ ژمێر و کتێبە گیرفانییەکان گرنگی زۆری پێدا، تەنانەت گرنگیدان بەکتێبی منداڵان دەستی پێکرد. لەو نموونانە کاری کامپێ[١١٣] بوو لە ڕێککردنەوەی ئەفسانەکانی ڕۆبینسۆن کروزۆ[١١٤]ی نووسینی

105- Journal des Savants.
106- Prilosophical Transactions>
107- Acta eruditorum.
108- Diderot.
109- D. Alembert.
110- Encyclopedie Methodique.
111- Ch. J. Panckoucke.
112- J. H. Zedler
113- Campe.
114- Rpbinson Crusoe.



دانیال دۆفۆ[١١٥] و ئاکامەکەی ئامادەکردنی باشترین کتێبەکان بوو بۆ منداڵان.
لە فەڕەنسا، بەتایبەت لە نیوەی دووەمی سەدەی هەژدەهەمدا ژمارەیەکی زۆر ڕۆژ ژمێر بەئەندازەی بچووك کەبەوێنەی بچووك هەڵکۆڵرابوو، بڵاوکرایەوە کارەکانی ف. م. کیڤیدۆ[١١٦] لەم بوارەدا هێمای چالاکییەکی بەرچاوبوو.

### کتێبە هونەرییە پەسەندکراوەکانی جەماوەر – کۆدۆویسکی:[١١٧]

لە ئەڵمانیا کتێبی گیرفانی و ڕۆژ ژمێرەکان لایەنگری زۆری هەبوو، بەتایبەت ئەو کتێبانەی کە بەوێنەی بچووك لەسەر مس کاری هەڵکۆڵینی بۆکرابوو و هونەرمەندانی ئەڵمانی لە دروستکردنیدا لاسایی هونەرمەندانی فەڕەنسییان کردبوویەوە. ئەگەرچی لەڕووی چۆنیەتییەوە جیاوازیشی هەبوو.

لەنێو ئەم هونەرمەندانەدا تەنها کەسێك هەبوو بەناوی دانیال کۆدۆویسکی کە توانی هێزی تایبەتی داهێنانی خۆی لەم بوارەدا دەربخات و لە هەندێ باری وێنەکانیدا دیمەنێ ژیانی بۆرجوازی ئەڵمانییەکان یان زمانی چینی مامناوەندی ئەڵمانیای وێنە دەکێشا، لەم ڕووەوە کۆدۆویسکی بەیەکەمین هونەرمەندی بەرجەستەی میللی لە هونەری وێنەکردنی ڤپن یت دا دادەنرێت لەو وێنە بچووکانەی کە بەشێوازی ڤین یت لەسەر ژیانی ڕۆژانەی خەڵکی کێشاوییەتی دەردەکەوێت کە چۆن بەم ناوبانگە گەیشتووە، ئەم ناوبانگە تاڕادەیەك بوو کتێبێکی وەك ئەفسانەکانی[١١٨] گلێرت[١١٩] کە لە سەرەتای چاپەوە بەتیراژێکی زۆر بڵاوکرایەوە، بەزیادکردنی ئەو وێنانەی کە کۆدۆویسکی بۆ ئەم کتێبەی دەکێشا، لە ناو خەڵکیدا زیاتر خۆشەویست بوو و زیاد لەجاران بڵاوبوویەوە و خوێنەری پەیداکرد بەهۆی ئەو وێنانەی کە بەشێوازی ڤین یت بۆ کتێبی هیرمان[١٢٠] و دۆرتێ[١٢١] لە گوتێی شاعیری ئامادەکردبوو، هەروەها کارەکانی لە ڕۆژمێردا بۆ بانوان لە ساڵی ١٧٩٩ و کتێبی مینادی بارن هیلم[١٢٢]ی

115- Daniel de Foe.
116- F.M. Quevedo.
117- Daniel Chodowiecki.
118- Fables.
119- Gellert.
120- Hermann.
121- Dorthée.
122- Minna de Barnhelm.

لیسینك(١٢٣) (١٧٧٠) وێنە بچووكەكانی دی كە گونجاوبوو بۆ ئەندازەی ڕۆژمێرەكان چەندین سەركەوتنی گەورەی بەدەست هێنا. كودوویتسكی كاری هەڵكۆڵینی هێماكانی خاوەنداری كتێبیشی دەكرد و چەندین داهێنانی لەم بوارەدا بەئەنجام گەیاند. لەنێو هەڵكۆڵەرانی دیكەی ئەڵمانیدا كە ناوبانگیان هەیە گیورگ فریدریك ئیشمید(١٢٤) و كتێبەكانی فریدریكی گەورەی وێنەسازی كرد. هەروەها دەبێت لەم بوارەدا ناوی ج و میل(١٢٥) و سی ج جایسێر(١٢٦) و ج. م. پرایسلەر(١٢٧) بهێنین. دواتر پرایسلەر ڕۆیشتە وڵاتی دانیمارك. هەموو ئەم هونەرمەندە هەڵكۆڵەرانە لەژێر كاریگەری بەرهەمە فەرەنسییەكاندا بوون بەتایبەت میل كە لە فەرەنسادا وانەی خوێندبوو.

لە سویسرا شاعیر و وێنەكێش سالمۆن گێسنەر(١٢٨) دەبینین كە وێنە بچووكەكانی شایەتی حەز و ئارەزووی ئەو دەدەن لەسەر دیمەنی سروشت و لە ناسكی جوانیدا هۆنراوە بەناوبانگەكانی هاوتا دەبێت لەگەڵیدا.

### ڕەونەقی كتێب لە ئەڵمانیا:

زۆربوونی ڕۆژانەی ئارەزووی كتێب خوێندنەوە ئاسانكاری نوێی بۆ بازرگانی كتێب فەراهەم كرد. بەرهەم هێنانی كتێب لە نیوەی دووەمی سەدەی هەژدەهەمدا زۆر زیادی كرد و ژمارەی نووسەران لەم چاخە زێڕینەی ئەدەبیاتی ئەڵمانیدا چەندین بەرامبەر زیادی كرد.

### بارودۆخی نووسەران:

لەم قۆناغەدا هێدی هێدی گرنگیدان بەمافەكانی نووسەران زۆر پەرەی سەند، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەدا هەمیشە پەیوەندی نێوان نووسەران و بڵاوكەرەوەكان گونجاو و باش نەبووە. تا ئەو ڕادەیەی لەنێو بڵاوكەرەوەكاندا وەها باو بوو كە نووسەریان لە قازانجی دووبارە چاپكردنەوەی كتێبەكانیان بێبەش دەكرد. هەندێ كاتیش دەبینرا، بۆ ئەوەی كتێبەكان دوور لە

123- Lessing/
124- George. Fr. Schmidt.
125- J.W.Meil.
126- C.G. Geyser.
127- J.M. Prtisler
128- Salomon Gessner.



دەستی بڵاوكەرەوەكان بەچاپ بگات هەندێ هەوڵ و كۆشش دراوە، بەجۆرێك بەشێك لە نووسەران خۆیان هەڵدەستان بەبڵاوكردنەوەی كتێبەكانیان وەك، لیسینگ، یان بەهۆی هاوڕێیەكانییەوە دامەزراوەی هەرەوەزیان بۆ بڵاوكردنەوەی كتێب دروست دەكرد، بۆ نموونە دامەزراوەی گشتی زانایان(١٢٩) كە كلۆپ ستوك(١٣٠) بوونیادی نابوو، ئەم هەلومەرجەی هەبوو.

### زیادبوونی نرخەكان:

بەشێوەیەكی گشتی زیادبوونی مووچەی نووسەران و جوانی چاپی كتێب كە دەستپێكی هونەری فەرەنسییەوە پلەبەپلە بەسەر هونەری ئەڵمانیدا گشتگیربوو، ئەمەش هۆكاری بەرزبوونەوەی نرخی كتێب بوو، بەجۆرێك لەسەرەتای سەدەی هەژدەهەمەوە نرخی لە چەند پڤینگی(١٣١) ئەڵمانییەوە بەرزبوویەوە بۆ ١٠ پڤینگ بۆ هەر پەڕەیەك و تەنانەت بە درێژایی قۆناغەكانی كۆتایی سەدەی هەژدەهەم ئەم برەش دووبارە ڕووی لە زیادبوون كرد.

### دژایەتی كردنی تەزویركردن و چاپی بێ مۆڵەت:

لەسەدەی هەژدەدا، ئەم نرخە بەرزانە كاریگەریی هەبوو لەسەر خراپ بەكارهێنانی نوێكردنەوەی كتێبەكان و بڵاوكردنەوەی كتێبە ئەڵمانییەكان بەشێوەیەكی نهێنی و بەتیراژی زۆر لە هۆڵەندا و سوید بەتایبەت لە ئوتریش دووبارە دەستی پێكردەوە، تا ئەوەی بازاڕی فرانكفۆرت گۆڕا بۆ بازاڕی كتێبە تەزویرەكان. بازرگانی گەورە فلیپ ئیراسام ڕایش(١٣٢) سەرەتا هێرشەكانی لەلایب زیكەوە ڕووەو ئەم بازاڕانە ئاڕاستەكرد و لەدەوروبەری ساڵی ١٧٦٠ هەوڵی دا كۆتایی بەم بارودۆخە نەخوازراوە بهێنێت تا ئەوەی لە ساڵی ١٧٧٣دا حكوومەتی ساكسۆنی بۆ لایەنگری ئەم پیاوە هاتە مەیدان. هۆكارێكی دیكە بۆ شۆڕشی ئەم بڵاوكەرەوەیە لە دژی ئەو بارودۆخە ئەوەبوو كەئەم حاڵەتە جوڵانەوەی تەزویركردنی كتێبی لە باشووری ئەڵمانیادا بەهێزتردەكرد، بەجۆرێك كە لە سوانیا و بافاریا و شارەكانی كەناری ڕووباری ڕاین هەموو كتێبە تەزویرەكانی باكووری ئەڵمانیا لە نزیكەی ساڵی ١٧٨٠دا فرۆشرابوون. بەڵام پارێزگاری

129- Gelehrtenrepublik.
130- Klopstock.
١٣١- Pfennig. پارەی كانزای ئەڵمانی دەكاتە ١/١٠٠ یەك مارك.
132- Philippus Erasm Reich.

کردن لە مافی نووسەر لە ئەڵمانیا لە ساڵی ١٧٩١ بەدواوە دەستی پێکرد ئەمەش کاتێك بو کە یاسای پروسی لەو کاتەدا وەك یەکەمین یاسای بڵاوکەرەوان جێبەجێ کرا. سزای تەزویرکەران تەنها پوچەڵ کردنەوەی پایە و بەرژەوەندییەکانیان نەبوو، بەڵکو دەکەوتنە بەر سزایەکی قورس. خێرا بەم شێوەیە زەمینەیەك رەخسا، بوو بە سەرمەشقێك بۆ بەشەکانی دیکەی ئەڵمانیاش.

**بازرگانیی کتێب:**

بازرگانی کتێب بە هێواشی پەرەی سەند، کاتێك باشووری ئەڵمانی خەڵکی ماوەیەکی زۆر خۆیان بەفرۆشتنی ئاڵوگۆڕەوە گرتبوو. بازرگانانی باکووری ئەڵمانیا و لەسەرویانەوە بازرگانی لایب زیك ئەم شێوازەیان واز لێهێنا و شێوازی ماڵەی کاش (نقد)یان بەکارهێنا و تا ئەوەی سەرەنجام لەدەوروبەری کۆتایی سەدەی هەژدەهەمدا بووە هۆی دامەزراندنی بازاڕی لایب زیك، پێشنیاری چاکسازی کە لەلایەن چارلس کریستیان هۆروات[133] و جی. جەی. گۆشین[134] گۆشین پێشنیارکرابوو بوو بەهۆی دروستبوونی دەستەلاتێك کە زۆر بوو بۆ بازرگانی کردن لە ئەڵمانیادا.

**پشکنینی سیاسی:**

لە گرنگترین تایبەتمەندییەکانی بازرگانی کتێب لە سەدەی هەژدەهەمدا پەرەسەندنی پشکنینی سیاسی بوو، پشکنینی ئایینی تارادەیەك بەشێوەیەکی نهێنی دەستی پێکرد، لە بەرامبەریدا پشکنینی سیاسی زیاد لەوەی کە پێشتر هەبوو، توندی بەخۆوە دی و نەمسا و بافاریا لە پێشەی ئەم بزاوتنەدا بوون، هەرچەندە لە کۆتایی سەدەی هەژدەهەمدا پێڕوس لەم ڕێگەیەدا بەو دوو شوێنە گەیشت، بەڵام وڵاتانی ئەسکەندەناڤیا لە پەیڕەوی کردنی ئەڵمانیادا بوون.

**بازرگانیی کتێب لە فەرەنسا:**

بازرگانی کتێب لە فەرەنسا لەچاو وڵاتانی دیکەدا ڕێکخستن و ئاسایشێکی باشتری هەبوو، لەسەردەمی لویسی پانزدەهەمدا بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری فرۆشیارانی کتێب بەڕێوەبەرێك دیاری کرا و یەکەمین کەس کە ئەم پۆستەی پێ ڕاسپێردرا، بەڕێوەبەری کتێبخانەی پاشایەتی

133- Charles Chr. Horwath.
134- G.J. Goschen.



قەشە بینۆن[135] بوو کە پێشتر باسیمان کردووە. دوای ئەو مالشێربس[136] وەزیری لویسی شانزدەهەم تایبەتمەندییەکانی بەڕێوەبەرێکی چاکی تێدابوو، توانی کارەکان درێژە پێبدا.

ئەنجوومەن لە ساڵی ١٧٧٧دا و لەسەردەمی وەزیری یەکێك لە جێنشینەکانی مالشێربس شەش بڕیارنامەی دەرکرد لەو بڕیارانە، پێدانی پلەی دە ساڵە بەکتێب فرۆشان یان ئەو نووسەرانەی مۆڵەتیان هەبوو خۆیان کتێبەکانیان بڵاوبکەنەوە.

ئەگەرچی ئەم یاسایە، لەگەڵ کاری بازرگانی دا نەگونجاو بوو، بەڵام لە ماوەیەکی کورتدا، بارودۆخێکی گونجاوی بۆ فرۆشیارانی کتێب لە فەرەنسادا فەراهەمکرد. باش بوونی بارودۆخەکە بەهۆی پارێزگاری کردن بوو لەمافی نووسەران و بڵاوکەرەوان کە لەرێگەی پێدانی پلە و پایەو بەرژەوەندییەوە ئەگەری خستنەگەڕی هەوڵ و کۆششی لە بواری ئەدەبیاتدا بۆ فەراهەم کردن، لەگەڵ هەموو ئەمانەدا هەندێك بازرگان لە شوێنی پردی نوێی پاریسدا هەبوون و جێ پێی کتێب فرۆشەکانیان لەق کردبوو.

**تەواوکاریی پیشەسازیی کتێب ـ چاپی کلێشەیی بۆ پەڕەیەکی تەواو:[137]**

لەم رۆژگارەدا بەهۆی زیادبوونی بڵاوکراوە لە بواری ئەدەبیاتدا زۆر بەکەمی ڕێکدەکەوت کە کتێبێك چەند جارێك چاپ نەکرێتەوە. لەبەرئەوە لە سەدەی هەژدەهەمدا خاوەن چاپخانەکان کەوتنە بیری ئەوەی کە شێوەی پیتە چینراوەکانی کتێبەکە دوای لە چاپدانی کتێبەکە بپارێزن، چونکە لە چاپکردنی زنجیرەیەکی تەواوی بەردەوامی کتێبەکان بەهەمان شێوە سوودی لێوەردەگیرا.

یەکەمین کەس کە ئەم جۆرە چاپی کلێشەیی[138] تاقی کردەوە زەرەنگەرێکی سکوتلەندی بوو بەناوی ولیام گێد[139] و ئەم هەوڵانەی لەم بوارەدا دەگەڕێتەوە بۆ دەوروبەری ساڵی ١٧٢٠ی زایینی ئەگەرچی هەوڵەکانی ئاکامێکی زۆر باشی نەبوو، بەڵام کاتێك لۆرد ستانهۆپ[140]، چەند

135- Bignan.
136- Malesherbes.
١٣٧- Stereotypie کارێکی کلێشەییە کە بۆ پیت چینی هەر پەرەیەکی کتێبەکە بەکاردێت و هەموو پیتەکان دەتوانرێت پێکەوە بەکاربهێنرێت ئەمەش بۆ دووبارە بەکارهێنان، کارەکان ئاسان دەکات.
138- Stereotype
139- William Ged.
140- Lord Stanhope.

چاكسازییەكی لە چاپی كلێشەییدا ئەنجامدا، نرخی ئەم كارە دەردەكەوت. لە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەمدا ژمارەیەك تەوراتی بەشێوازی كلێشەیی لە چاپخانەی زانكۆی كامبیرج دا چاپ كرد.

### دەزگای چاپی كانزایی:

هەروەها لۆرستانهۆپ لە ساڵی ١٨٠٠ دا یەكەمین دەزگای چاپی كانزایی دروست كرد كە جێگەی دەزگای دارینی كۆنی گرتەوە كە هەر لە سەردەمی گۆتەنبێرگەوە بەكاردەهێنرا.

## شێوازە كۆنەكان لە پیشەسازیی چاپدا

### كاردانەوە دژی شێوازی لویسی پانزەهەم لە فەرەنسادا:

ئەو قۆناغەی لە شێوازی لویسی پانزدەهەمدا لە جوانكاری كتێبدا هەموو ئەڵمانیا و ئەسكەندەناڤیای داگیركرد، كاریگەری لە زادگای خۆیدا لاوازبوو. هۆكەشی ئەوەبوو كە ئەم هونەر و پیشەیە بەفەرمانی لویسی شانزدەیەم گۆڕانكاری بەسەر هێنرا. پاشان شێوازی دوكولوریان شێوازی كۆن) كە نووسینێكی تێكەڵ پێداچووی هەبوو جێگەكەی بە نووسینی هونەری كۆن سپارد كە گۆشەتیژتری هەبوویاسا و كۆت و بەندێكی بەهێزتری هەبوو.

### ئیلهام وەرگرتن لە هونەری كۆنەوە:

هەوڵەكانی شاری هێركۆ لانیۆم[١٤١] و پۆمپی[١٤٢] و حەز و گرنگی دانی بەهونەری رۆمی بێداركردەوە و زۆری نەخایاند كە وێنەكانی پۆمپی و هەر وەك لە تابلۆ دیوارییەكانی شارە دۆزراوەكانەوە دەردەكەوێت، لە ئیتاڵیا و فەرەنسادا رەواجی پەیداكرد. پەراوێزەكان لە پێچ و خواری، گەڵاكانی كنگر و گەڵا و لق و پۆپی درەختی بی و قاپ و قاچاخ و جێ مۆمەكان وەك ئەگەرێكی جوانكاری بەردەوام دووبارە دەبوونەوە. هونەری سەردەمی كۆنی كلاسیك وەك سەردەمی رێنسانسدا پلەی یەكەمی بەدەست هێنا.

141- Herculaneum.
142- Pompei.



هەرچەندە رۆحی شێوازی روكوكو هێشتا هەر بەردەوام بوو. چەند كەسێك لە گەورەترین وێنەسازان وەك ماری لیێ و كۆشین دوای سەردانی ئیتاڵیا كەوتە ژێر كاریگەری ئەم هونەرە نوێیە و رویان كردە ئەم تێڕوانینە نوێیە بەتایبەت لە چاپی بەناوبانگی كتێبی نیلزكلیم[١٤٣] لە دانیمارك كە ئابێڵدگارد[١٤٤] وێنەكانی كێشابوو (١٧٨٩) تا ئەوەی كە هونەرمەندێكی گەورەی وەك موروی بچووك لە كۆتا رۆژەكانی ژیانی دا رووی كردە ئەم هونەرە كۆنە.

### بنەماڵەی دیدو و پیتە رۆمییەكان:

A l'Hymen sensible, aux Amours,
A la raison, à la folie:
Heureux qui sait régler toujours
Leur accord, leur douce harmonie!

شێوەی -١٦- پیتی دیدو رۆمی

لە پیتە چاپییەكانی رۆمیدا كە لەو سەردەمەدا دەردەكەوت هەمان شێوە و رێكخستنی شێوازی كلاسیكی تێدا بەرچاو دەكەوێت تا ئەوەی كە باشترینی

ئەم پیتانە جۆرێك لە نەبوونی جوانی و گوژان وەرنەگرتنی تێدابوو. هەتاوەكو لە پاریس بنەماڵەی دیدو كە چەندین چاپی گەورەیان لەو پیتانەوە وەرگرت و باشترین جۆری پیتی چاپی ئەو سەردەمەیان داهێنا. گەورەترین پیاوانی ئەم بنەماڵەیە فرانسوا - ئامبیرواس دیدۆ[١٤٥] بوو كە نەك تەنها بەهۆی پیتە رۆمییەكان كە لەسەر مس هەڵدەكۆڵرا، ناوبانگی دەركرد، بەڵكو بەهۆی ئەو سیستەمە نوێیە كە بۆ پێوانەی پیتەكان دایهێنا و ناوبانگێكی زۆرتری بەدەست هێنا.

لە سیستەمی دیدۆدا دەستەیەك پیتە چاپییەكان بەگوێرەی (پۆینت) ریزەكران كە درێژی هەر ٢٦٦٠ پیت دەگەیشتە یەك مەتر، ئەم سیستەمە فەرەنسییە جێگەی سیستەمی ئەڵمانیی گرتەوە كە تا ئەو كاتە بەكاردەهێنرا. لە ساڵی ١٧٨٩دا دەزگای چاپی دیدۆ درایە دەست پییێرێ كوڕی فرانسوا ئامیرواس. پییێر بەهۆی داهێنانی زنجیرەیەكی تەواو لە پیتی رۆمی نیو كلاسیك كە بەگەرمی پێشوازی لێكرا و ناوبانگی دەركرد. دەستەی دادوەری پێشەنگای نەتەوەیی كە لە ساڵی ١٨٠١دا رێكخرا رایگەیاند كە چاپە گەورەكانی كە لە ئەندازەی ٢/١دایە و بۆ كتێبەكانی ڤیرجیل و هۆراس[١٤٦] كراوە باشترین چاپكراوەكانی جیهانە ئەمە

143- Nils klim.
144- Abildgaard.
145- Francois- Ambroise Didot.
146- Horace.

دادوەرییەکی زۆر گرانبەها و دادپەروەرانە بوو، چونکە ئەم چاپانە بەراورد کرابوون بەچاپە باڵاکانی ئەو سەردەمەوە. هەرچەندە ئەم دادپەروەرییە لە سەدەکانی رابردوودا قەبووڵ دەکرا. هەروەها دۆستێکی زانای پێیر، ڤیرمین دیدۆ[١٤٧] بەهۆی چاپکردنی بەرهەمە کلاسیکییەکان لە ئەندازەی بچووك و هەرزاندا ناوبانگی دەرکرد. ئەم کتێبانە بەرێگەی کلێشەیی لە شێوەیەکی جواندا چاپ کرد. لەم رووەوە بەجۆرێك بوو کە لەگەڵ چاپەکانی ئیلزڤیری سەدەی هەڤدەیەم کێبڕکێی دەکرد.

لە یەکەمین ئەو کتێبانەی کە بەکلێشەیی چاپکران، کتێبی هۆنراوەی ڤێرجیل بوو لە ئەندازەی؟ دا و هەر نوسخەیەکی بەبڕی ٧٥ سانتم فرۆشرا.

**بۆدۆنی لە ئیتاڵیا:**

کاتێك کە لە فەڕەنسا گەورەکانی بنەماڵەی دیدۆ سەرقاڵی چالاکی بوون لە ئیتاڵیا چاپچییەك بەناوی جامبا تیستا بۆدۆنی[١٤٨] هەبوو کە بۆ شازادە پارما کاری دەکرد. ئەو پیتە رۆمییانەی کە بۆ دۆنی دروستی کرد لە ١٤٣ شێوە و ئەندازەی جیاوازدا بوون. پاپا رایسپارد بەچاپکردنی کتێبی شێوەی رەبانی[١٤٩] لە ١٥٥ زمانی جیاوازدا.
لە ماوەیەکی کورتدا پیتەکانی بۆدۆلی ناوبانگێکی جیهانیی دەرکرد و چەندین چاپخانەی جۆراوجۆر لە ئەورووپادا بەکاریان هێنا. ئەم پیتانە هەروەك زۆرێك لە پیتە چاپییەکانی ئەو سەردەمە وردەکاری و رێکخستنێکی لە ئاسا بەدەری لەخۆ گرتبوو. لەگەڵ ئەمەشدا جیاکەرەوەی تایبەتی ئەو نووسینە جیاوازییەکی ئاشکرابوو لە نێوان پیتە بڵند و ئیتالیکەکانی هەر نووسینێکدا دەبینرا.

**کاسلۆن[١٥٠] و باسکرڤیل[١٥١] لە ئینگلتەڕادا:**

پیتەکانی دیدۆ یان پیتەکانی دۆدنی نەیانتوانی بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ رەواجی خۆیان بپارێزن. ئەوەی گرنگی پێدرا هەندێك لە جۆری پیتەکان

147- Firmin- Didot.
148- Giamba ttista Bodoni.
149- Pater Noster.
150- Casoln.
151- Baskerville.






شێوەی -١٧- پیتی کاسلۆنی رۆمی

بوو کە بەدەستی خاوەن چاپخانەی ئینگلیزی جان باسکرڤیل دروستکرا. ئەم پیتانە زۆر رێکوپێك بوون و وەك پیتە ئیتالی و فەڕەنسییەکان دروست کرابوون، خەتێکی جوانی هەبوو و لەوانەیە هۆکاری ئەمە ئەوە بوویێت کە سەرەتا باسکرڤیل پیشەی، فێرکردنی خۆشنووسی بووە. بەڵام راستی ئەوەیە کە پایە بڵندتر لە هەموو ئەمانە پیتەکانی ولیام کاسلۆن بوو کە یەکێك بووە لە پێشەنگای باسکرڤیل. کالسۆن لە ساڵی ١٧٣٤دا بە ئیلهام وەرگرتن لە پیتە هۆڵەندییەکان کە لەسەردەمی بنەماڵەی پێلزڤیرەوە لە ئینگلتەرادا مابوویەوە لەو پیتە کلاسیکییانەی کە دواتر داهێنرا. جیاکەرەوەکەی لە جوانی و ناسکی و دووری لەهەر جۆرە وشکی و سەختییەکدا بوو. بەڵام ئەم پیتانە ئەوسەرکەوتنەی کە شایستەی بوو خێرا دەستی نەکەوت، ماوەیەکی خایاند تا ئەوەی کە لە ساڵی ١٨٤٤دا پلەی خۆی بەدەست هێنا. لەو کاتەوە تائێستا بەبەراورد لەگەڵ پیتەکانی جانسۆن پیتەکانی گارامون و پیتەکانی باسکرڤیل، لە چاپی کاتی ئێستاماندا پلەی یەکەمی خۆی پاراستووە و ئینگلتەرا بەهۆی ئەم پیتانە جێگایەگی دیاریکراوی لە بواری چاپدا بەدەست هێنا کە تەنها ئەمریکا بەو جێگایە دەگات. لەبەرئەوە ئینگلتەرا لە گۆڕان و پێشکەشی پیتە چاپییە رۆمییەکاندا رۆڵێکی گرنگی هەبوو و گومانی تێدا نییە کە چاپخانە ئینگلزییەکان لەم گۆڕانکارییەدا پشکێکی زۆری هەبوو. یەکێك لە کۆنترین چاپخانەکان، چاپخانەی یەکێك لە گەورەترین کتێب دۆستانی هۆراس والبول[١٥٢] بوو لە مۆڵکەکانی دا کە دەکەوێتە ستراوبێری هیل[١٥٣] بۆ چاپکردنی کتێبەکانی خۆی و کتێبەکانی ژمارەیەك لە نووسەرانی دیکە دایمەزراندبوو.

152- Horace Walpole.
153- Strawberry Hill.

## چاپخانەی بۆ مارشێ:[١٥٤]

کەرەستەکانی چاپی پاسکرفیل بە نووسەرێکی فەرەنسی بەناوی بۆمارشی فرۆشرا کە کۆمپانیەکی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانی وڵتەر دامەزراند بوو. بەدژایەتی کردنی کلێسا بۆ ئەمکارە، ئەم چاپخانەیە گوازرایەوە بۆ شاری بچووکی کیل[١٥٥] لە نزیك شاری ستراسبۆرگ. ئەم کۆمپانیایە لە ساڵی ١٧٨٥دا بەرهەمی فەیلەسووفی گەورەی فەرەنسی بەچاپێکی جوان و ناودار لە ٧٠ بەرگەدا چاپکرا و بڵاوبوویەوە.

## چاپی ئەڵمانی:

بەڵام لە ئەڵمانیا، ئەگەر بەکارهێنانی پیتە رۆمییەکان لە چاپکردنی کتێبە زانستییەکاندا وەلا بخەین، دەبێت بوترێت کە ئەم وڵاتە هەرگیز بەشێوەیەکی راستەقینە پیتە رۆمییەکانیانی قەبووڵ نەکردبوو. ئەو پیتانەی کە بەزۆری لە ئەڵمانیادا بەکاردەهێنرا و هەتا هەنووکە بەکاردەهێنرێت پیتە رەشە شکاوەکانە. لەبەرئەوە پیتی رۆمییەکان هەرچەندە لە ماوەیەکی دیاریکراودا بانگەوازی بۆ کرا، بەڵام چاپچی بە ناو بانگی لایب زیك جەی. جی ئیمانۆیل برانکیۆف[١٥٦] دامەزرێنەری کۆمپانیای بڵاوکردنەوەی موزیك بەگەرمی هەستا بەبەرگری کردن لە پیتە رەشە شکاوەکان و بەپیتی نەتەوەیی ئەڵمانی ناوی لێ نا، لەم کارەشدا سەرکەوتوو بوو.

## هەوڵدان بۆ لێکدانی پیتە رۆمییەکان لەگەڵ پیتە رەشە شکاوەکاندا:

لە نێو ئەو کەسانەی کە پشتگیری ئەم بۆچوونەی کرد چاپچییەك و هەڵکۆڵەرێك بوو بەناوی یۆهان. ف. لۆنگەر[١٥٧] کە هاوکاریی لەگەڵ دیدۆدا هەبوو، ئەو کەسێ بوو کە بەدوای هێنانی پیتەکانی دیدۆدا بوو بۆ ناوخۆی ئەڵمانیا و ئەم کارەش هێندە پێشکەوت کە نازناوی دیدۆی ئەڵمانیایان پێ بەخشی.

ئەو پیتانەی کە لۆنگەر لە ساڵی ١٧٩٣دا خستیە نێو بازاڕەوە، هەوڵدانێك بوو بۆ بەدیهێنانی شتێك لە نێوان پیتەکانی رۆمی و پیتە رەشە شکاوەکاندا، کە ئەمەش بەدەستکەوتێکی راپەڕینی نیو کلاسیك لە قەڵەم درا.

154- Beaumarchais.
155- Kehl
156- J . G.  Emmanuel Breit kopf.
157- Longer.



ئەم پیتانە شێوەی تاڕادەیەك گەورە و باونایی هەبوو. بێگومان ئۆنگەر لەم پێناوەدا کۆشش و ماندوبوونێکی زۆری بەکارهێنا، بەڵام لەو کاتەدا هەوڵەکانی بەو رادەیە سەرکەوتوو نەبوو، خەڵکی پێشوازی زۆریان لە پیتە رەشە شکاوەکان نەدەکرد. بەڵام دواتر بەکارهێنانی ئەم پیتانە لە ئەڵمانیادا زۆر بەربڵاوبوو و هەنووکەش ئەم پیتانە لە پشەسازی چاپدا سوودی لێوەردەگیرێت.

## بەرگ تێگرتنی کۆن:

ئاوڕدانەوە بۆ هونەر، کاریگەری لەسەر بەرگسازیش بەجێ هێشت. تەنانەت هەندێك لەو بەرگانەی کە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٧٧٠ هێڵی راست و پەراوێزی پێچاوپێچ و گەڵای کنگر و چەندین رەگەزی دیکەی کلاسیك دەبینین کە تێدا بەکارهاتووە. جوانکارییەکان تەنها بەیەك پەراوێزی بچووك سنووردارکراوە، لە حاڵێکدا کە بەشەکانی دیکەی بەسادەیی ماوەتەوە. بەواتایەکی دی پاشماوەی روپۆشی بەرگەکە بەسادەیی جێهێڵراوە، تەنانەت هێمای جوانی خاوەنداری کە لە ناوەڕاستی بەرگەکەدا دادەنرا، بەتێپەڕبوونی کات لەناوچوو.

بەرگسازی ئینگلیزی جێربن، کە بەتەنها کاری دەکرد، چەند گۆڕانکارییەکی لەم شێوازەدا دروستکرد. سەرەڕای تەواوکردنی بەرگە گرانبەهاکان، هەموو ژیانی کرد و شارەکان شایەتی شارەزایی هونەری ئەو دەدەن کە لە پیتی مەراکیشی رەنگی زەیتونی یان رەنگی ئاوی و یان لە چەرمی رووسی دروست دەکرا و نەخش و نیگارە رازاوەکانی لە جۆری نیو کلاسیك یا لە رۆژهەڵاتی بوو، لە هەندێك لەم بەرگانەدا جوانکارییەکان لە پەراوێزێکی باریکدا سنووردار کرابوو کە تێدا هێڵ و نووسینی جوان یان جوانکاری بچووك کە بەدرێژایی لاکانی درێژ دەبوویەوە بەکارهێنرابوو، جگە لەمانە لە هەموو گۆشەیەکیدا گوڵ و خونچەی بچووك هەبوو کە جگە لەمانە جوانکاری دیکە نەدەبینرا. ئەوەی کە لە بەرگەکانی پیندا، گرنگ بووە سوود وەرگرتن بوو لەکاریگەری جوانی پێست و چەرمی جوان و باڵا کە شکۆ و جوانی ئەم بەرگانەی زیاد دەکرد.

# کاریگەریی شۆڕشی فەڕەنسا

## لاسایی کردنەوەی شێوازی ڕۆمی:

شێوازی کلاسیکی بەرەبەرە لەناوچوو تا ئەوەی کە تەنها یەك نوسخەی شێوازی کۆن بەجێ ما و ئەو پایە بڵندییەی سەرەتای نەما کە هەمیشە لەگەڵ شێوازی نووسینی پانزدەهەمدا کێبڕکێی دەکرد. ئەم شێوازە جێگەکەی سپارد بەشێوەیەکی نوێ کە لە سەختی و وشکیدا وەك پیتە ڕۆمییە کلاسیکییەکان بوو، کە لە بارەیەوە دواین.

لەم کاتەدا کاردانەوەیەکی توندی شۆڕشی فەڕەنسا لە دژی جوانی خوازی سەدەی هەژدەهەمەوە دەرکەوت. شێوازێکی سەرتاپا ڕۆمی جێگەی جوانییەکی کەم وێنەی گرتەوە کە وەچەکانی پێشوو لەسەری خۆیانیان گرتبوویەوە. خەڵکی بەلاساییکردنەوەی هەموو کاروبارەکان بەتایبەت لە شێوە و جوانکاری و بیروباوەڕانەدا کە لە ڕۆما بەربڵاوبوو شانازییان دەکرد.

هێما جەنگییەکانی سەردەمی ڕۆمییەکان لەسەر بەرگەکان نەخش کرا، سەرەڕای ئەو جوانکارییانەی کە پێشتر باسکرا. تەنانەت هونەرمەندێکی گەورەی چەرخی زێڕینی نەخشە گلایتۆنییەکان وەك دیرۆم[158] ناچاربوو سەر نەوی بکات بۆ داواکارییەکانی ئەم قۆناغە نوێیە.

## بەرگ تێگرتن:

لە ماوەی شۆڕش و ساڵەکانی دوای شۆڕش، ناوەندی بەرگ تێگرتن بەبەراورد لەگەڵ ناوەندی پێشوودا، تارادەیەك لاوازبوو، چونکە چینی خانەدان و دەوڵەمەند و ئاغاکان لەناوچوون و کاغەز لە جێی پێستی بزن بەکار دەهێنرا. بەناچاری دەبوو بەرگەکان بەگوێرەی داخوازی خەڵکی ئاسایی دروست بکرێت. ئەوە هەمان ئەو سەردەمەیە کە بەرگسازی ناسراو بەناوی ئالیکسیس بیربرلدێل[159] توانی چەندین وێنەی هاورێك لەگەڵ خواستەکانی ئەو قۆناغەدا بکێشێت، جگە لەمەکاری جوانکاری بەیارمەتی وێنەکان شۆڕشێکی بۆ بەرگی مقەبا لە بەرگسازیدا دروستکرد، ئەم داهێنانە تا ئەمڕۆ ناوی بەزیندوویی هێشتوتەوە.

158- Derome.
159- Alexis Pierre Bradel



## شۆڕشی فەڕەنسا و کتێبخانەکان:

شۆڕشی فەڕەنسا تەنها کاریگەریی لەسەر هونەری کتێب ڕازاندنەوەی فەڕەنسی نەبوو، بەڵکو زاڵ بوو بەسەر چارەنووسی دۆستان و ئارەزوومەندانی کتێبی فەڕەنسیشدا. لە مانگی نۆڤەمبەری ساڵی ١٧٨٩ دەوڵەتی فەڕەنسا بڕیاری دەرکرد کە هەموو کتێبخانەکانی کڵێسا و پەرستگاکان بۆ دەوڵەت دەگەڕێتەوە و لە ساڵی ١٧٩٢دا دەستی گرت بەسەر کتێبخانەی کۆچەران دا.

## گشتی بوونی کتێبخانەکان:

لەو ساڵانەدا چەندین حکوومەتی جۆراوجۆری یەك لە دوای یەك هاتە سەر تەخت، بێگومان چەندین پلانیان هەبووە، کتێبخانەکان دەبوو تەواو بەگشتی بکرێن. هەروەك چۆن لە حکوومەتی کۆمۆنیستی سۆڤیەتدا بەم جۆرە بوو، دوای ئەوە کتێبخانەکان بوون بەکتێبخانە ٦ی میللی یان کتێبخانەی گشتی، بەڵام کوێت و بەندی ئەو سەردەمە (سەردەمی شۆڕش) کارپێکردنی ئەم بابەتەی دواخست، بەڵکو لەمە زیاتر، هۆکاری لەناوچوونی بەشێکی زۆر لە ملیۆنها کتێب بوو کە لە تاکەکانەوە بەدەستی دەوڵەت گەیشتبوو. مەحاڵە بتوانین بڕی ئەم زیانانە دیاری بکەین. لە قۆناغی یەکەمی شۆڕشدا کتێبخانەی خانەدان و کڵێساکان بەهۆی هێرشی خەڵکەوە بەتەواوی وێران بوون. ئەمەش هەروەك ئەو هێرشانە بوو کە لە دژی کتێبە کاسۆلیکەکان لەسەدەکانی ناوەڕاست لەکاتی جوڵانی چاکسازی ئایینیدا ئەنجامدرا.

## گەنجینە ئەدەبییەکان:

بەڵام ئەو کتێبانەی کە لەم وێرانکارییانە ڕزگاری بوو، بۆ گەنجینە کە لە سەرتاسەری وڵاتدا دروستکرابوون، گوازرایەوە. لە پاریسدا ژمارەی ئەم گەنجینانە لە ٩دانە کەمتر نەبوون. لەم گەنجینانەدا کتێب و دەستنووس و چاپکراوەکان کە بەڕێگەی جیاواز لە کتێبخانەکانی دیکە و کتێبخانەی دۆستان و لایەنگرانی کتێبەوە گوازرابوونەوە و کۆکرابوونەوە وەك گردۆڵەی گەورە لەسەریەك دانرابوون. ئەم گەنجینە ئەدەبییانە لەوکاتانەدا تارادەیەك کتێبی دەنارد بۆ ئەو کتێبخانە گشتییانەی کە بۆ هەمووان کرابوونەوە. لە نێوان ئەم کتێبخانانەدا کتێبخانەی ئەرسناڵ و مازارین[160] و کتێبخانەی تایبەتی پاشایەتی هەبوو کە هەر لەوکاتەوە بە کتێبخانەی میللی یان نەتەوەیی ناونرا و وەك کتێبخانەکانی دیکەی دەوڵەت خۆی سەرپەرشتیاری دەکرد.

160- Mazarin.

**کتێبخانەی میللی:**

کتێبخانەی میللی لەم کاتەدا نزیکەی ٣٠٠,٠٠٠ بەرگە کتێبی هەبوو، بەبێ حسابکردنی ئەو دەست نووسە زۆرانەی کە لە نێوانیاندا ٩٠٠٠ نوسخەی دەستنووس لە کڵێسای سان جێرمەن دپری[١٦١]ی بەناوبانگەوە بەدەست هاتبوو. لەبەر ئەم هۆیەیە کتێبخانەی میللی بوو بە ناوەندێك کە بەبەراورد لەگەڵ کتێبخانەکانی پێشووی فەڕەنسادا هاوتای نەبوو. ڕێکخستن و ڕێك کردنی ئەم کتێبانە بەو سیستەمەی کە ئەو کاتە کاری پێدەکرا کارەکان زۆر دژوار و سەخت بوون و نزیکەی سەدەیەکی خایاند، هەتا وەکو کتێبخانەی میللی بتوانێت ئەو کتێبخانەی کە لەسەردەمی شۆڕشەوە بەدەستی هێنابوو بەو سیستەمەی ڕێك بخات.

**پەرتەوازە بوونی کتێبی کتێبخانە تایبەتییەکان:**

حکوومەت لە ڕێگەی زیادکردنەوە، تەواوی ئەو کتێبانەی کە نەخرابوونە سەر کتێبخانە گشتییەکان، فرۆشتی. هەرچەندە ئەم مامەڵانە هەروەك گومان دەبرێت، لە خراپترین هەوڵ و مەرجدا ئەنجامدراوە، چونکە داواکاری زۆر کەمتربوو لە بڕی کاڵاکانی ناو بازاڕ، تەنانەت بەناچاری هەستان بەفرۆشتنی کتێبە زۆر نایابەکان بەنرخێکی زۆر هەرزان، بەم جۆرە بازرگانانی کتێب توانییان ئەو چەند کتێبخانەیە بەو کتێبانە دروست بکەن کە بەنرخێکی هەرزان کڕیبوویان و دواتر کە بارودۆخەکە ئارام بوو نرخەکان بەرزبوونەوە و بەقازانجی زۆر فراوان ئەوانەیان فرۆشت.

---

161- Saint - Germain – des - prés

# بەشی شەشەم

# سەدەی نۆزدەهەم و بیستەم

کاریگەری بەوێرانکەرەکانی شۆڕشی فەڕەنسا لەسەر جیهان بەرەو ئەڵمانیا کشا و پاشان بەدرێژایی جەنگەکانی ناپلیۆن ئەم کاریگەرییانە رووەو بەشە گرنگەکانی ئەورووپاش رێچکەی بەست.

**کتێب دۆستی ناپلیۆن:**

ناپلیۆنی ئیمپراتۆر تا ئەو رادەیە کتێب دۆست بوو کە تەنانەت لەجەنگەکانیدا وەك فریدریکی گەورە کتێبخانەیەکی تەواوی لەگەڵ خۆی دەبرد کە پێکهاتبوو لە ٣٠٠٠ بەرگ کتێب لە ئەندازەی ١/٨دا.

**کاریگەریی جەنگ:**

لەگەڵ ئەو وڵاتانەی کە جەنگی هەبوو، ناپلیۆن ژمارەیەکی زۆر کتێبی وەك دەستکەوتی جەنگی بۆ پاریس گواستەوە و ئاواتی ئەوەبوو کە فەڕەنسا نەك تەنها رابەرایەتی سیاسی بەڵکو رابەرایەتی فەرهەنگی ئەورووپاش لە ئەستۆ بگرێت. پاشان ئەم کتێبانەی بەکتێبخانەی میللی سپارد. لەو نموونانەی ناوی ئەو کتێبانە دەهێنن کە لە کەناری لای چەپی رووباری راینەوە دەستی کەوتبوو، هەمان ئەو ناوچانەی کە کتێبخانەی کڵێساکان بەهۆی سوپای سەرکەوتووی فەڕەنساوە لە ساڵی ١٧٩٤دا دەستی بەسەردا گیرا.

جان باتیستاموجیرارد[1] ئیندێکستی کە زانیاری زۆری دەربارەی پەرستگاکانی ئەو ناوچەیە هەبوو، ماوەیەکی زۆر لە بیری ئەوەدا بوو کە نوسخە دەستنووس و چاپکراوە نایابەکانیان لێ بکڕێت. کاتێك کە ئەو بەڕێوەبەری هونەری و کتێبداری ناوچەی راین بوو لە نێوان ساڵەکانی ١٨٠٢ تا ساڵی ١٨٠٥دا، زۆرێك لە کتێبە گرانبەهاکان کە زۆر بەوردی لە کتێبخانەکانی مێتز[2] و ترێڤیس[3] و ماینز و[4] شارەکانی دیکەدا گوڵبژێر کرابوون، بۆ شاری پاریسی گواستەوە. بەڵام پاشماوەکانی دیکەی ئەم چەند کتێبخانەیە فرۆشران و تەنها ژمارەیەکی کەمی بۆ ئەو خوێندنگا ناوەندییانەی کە لەو وڵاتە داگیرکراوەکاندا دامەزرابوون گوازرایەوە.

1- Jean Baptiste Mougerard
2- Metz
3- Treves
4- Mainz



سەربازانی فەڕەنسا چەندین کۆمەڵە کتێبی جۆراوجۆری کتێبخانەکانی پاشایەتی بروکسێل و سلۆریان و ڤاتیکان و کۆشکی جێنوا و ولڤن بۆتێل[5] و چەندینی دیکەیان بە شێوەی جۆراوجۆر فڕاند، بەڵام نەمساوییەکان پێش گەیشتنی فەڕەنسییەکان توانیان نایابترین و گرانبەهاترین نوسخەکان بگوازنەوە بۆ مەجەڕ و بۆ ماوەی هەشت ساڵ بەنهێنی شاردیانەوە تا ئەوکاتەی کە مەترسییەکان رەوینەوە.

**گەڕاندنەوەی کتێبە بەتاڵان براوەکان بۆ کتێبخانەکان:**

کاتێك کە ناپلیۆن شکستی هێنا لە ساڵی ١٨١٥دا، بەپێی رێکەوتننامەی جێنا، دەبوو بەشێك لە کتێبە دەست بەسەر داگیراوەکان بۆ کتێبخانەکانی خۆیان بگەڕێندرێنەوە، لە هەموو ئەو کتێبخانانەی کە ناومان هێنان.

چەندین کتێب بەهێمای ناپلیۆن، یان هێمای کتێبخانەی میللی فەڕەنسا دەبینین، سەرەڕای ئەوە، تەنها ژمارەیەکی کەم لەو کتێبانە گەڕێندرایەوە بۆ کتێبخانەی پارێزگای راین، بەجۆرێك کە تەنها لە نوسخە دەستنووسەکاندا بەلایەنی کەمەوە نزیکەی ٢٥٠٠ نوسخە نەگەڕێنرانەوە بۆ جێگاکانی خۆیان.

**هونەری کتێب رازاندنەوە لەسەردەمی ناپلیۆندا:**

رژێمی حکوومەتی ناپلیۆن لەو سەردەمەدا ئەو دەردەخات کە دەیویست ناوی فەڕەنسا بەتایبەت لەڕێی بڵاوکردنەوەی کتێبە رازاوە بەوێنە و تابلۆ جوانەکان لەسەرتاسەری جیهاندا بەرز بکاتەوە. لەگرنگترین نموونەکانی کتێبەکە لە میسردا و لە چاپخانەی نەتەوەیی لە ساڵی ١٨٠٩ تا ساڵی ١٨٢٨ چاپکراوە. سەرەڕای ئەم جوڵانەوەیە، زۆرێك لە مرۆڤەکان رووەو قەسابخانەی جەنگەکان راپێچ کرابوون، و ئەمەش بە شێوەیەکی گشتی هاورێك نەبوو لەگەڵ هەوڵە ئەدەبی و هونەرییەکاندا. رۆژگاری وێنەکێشانی ڤین بیت ماوەیەکی زۆربوو کە کۆتایی پێ هاتبوو. تا ئەو رادەیەی کە زۆربەیان بەهۆی تەنگدەستی و هەژارییەوە مردن، وەك ئۆگۆستین دوسان ئوبین[6].

5- Wolfen buttel
6- Augustin de Saint Aubin

بەڵام ئەو هۆنەرمەندانەی کە لە راسشان داڤیدو بوون عاشقی نموونە بەرزەکانی شێوەکاری بوون بەتایبەت لە بواری قارەمانێتی و جەنگدا و بە شێوەیەکی گشتی هونەرێکی بەشکۆ و سەنگینیان هەبوو.

بوونی هەندێك لە کەسە نایاب و گرنگەکان ئەم تێڕوانینە دەسەلمێنێت، وەك پییر پاول پرودۆل[٧] بەوێنە تایبەتەکانی لە کتێبی پاول و ڤێرجینی[٨] و داستانی نۆڤێل هیلواس[٩]دا و بۆ ئەوەی لە نێوان کاریگەری هونەری یۆنانی - رۆمی و لە بەرزبوونەوە هونەریی کە لە نووسراوەکانی جان جاك رۆسۆوە سەرچاوەی دەگرت، هاوئاهەنگییەك بدۆزێتەوە هەوڵێکی زۆری خستەگەڕ.

**کتێبخانەی ئینگلیزی لەسەردەمی ناپلیۆندا:**

هەرچەندە ئیمپراتۆری فەڕەنسا بە هیچ جۆرێك نەیتوانی حکوومەتەکەی تا ئینگلتەرا بەرفراوان بکات، بەڵام جەنگەکانی ناپلیۆن کاریگەرییەکی زۆری لەسەر هەلومەرج و بارودۆخی ئەم وڵاتە بەجێ هێشت.

**قەیرانی کەمبوونەوەی خوێنەر:**

گەورەترین هۆکاری کەمبوونەوەی خوێنەر لە ئینگلتەرادا، رێگری ئەم وڵاتە بوو لە هاتنە ناوەوەی هەرجۆرە کتێبێکی هۆڵەندی یان هەر جێگایەکی دی، ئەمەش بوو بەهۆی بەرزبوونەوەی نرخی کتێبەکان تا ئاستێکی زۆر بەرز، ئەو کتێبانەی کە لە هەندێك دۆستانی کتێبە بەجێمابوو خرابوویە بەردەست شارەزایانی گەورەی هونەری نرخ دانان وەك لای[١٠]، و سوتێبی[١١] و جی. و. نیکۆل[١٢] کینگ[١٣]، و ئیڤان[١٤] و ئەمەش هەڵێك بوو بۆ کێبڕکێ کردن لە نێوان راوچیانی کتێبە گرانبەهاکاندا.

7- Pierr P.prudhon
8- Paul and Virginie
9- Nouvelle Heloise
10- Leigh
11- Sotheby
12- G.W Nicol
13- King
14- Evans



**زیادکردنی (مزایدە) رۆکسبۆرگ:**[١٥]

لە زیادکردنی فرۆشتنی کۆمەڵە کتێبەکانی شازادە دو رۆکسبۆرگدا لە ساڵی ١٨١٢ پشێوییەکان گەیشتە لوتکەی توندوتیژی، ئەمەش کارێك بوو کە مارکسی دوبلاینفۆر[١٦]، کە یەکێکە لە گەورەترین دۆست و ئارەزوومەندانی کتێبی ئینگلیزی لەو سەردەمەدا، لە کێبڕکێیەکی قورسدا بۆ کڕینی کۆمەڵە کتێبەکانی بۆکاچیۆ کە چاپەکەی دەگەڕایەوە بۆ ساڵی ١٤٧١، توانی بەپێدانی بڕی ٢٢٦٠ لیرەی ئەستەرلینی، زاڵ بێت بەسەر کتێب دۆستێکی دیکەدا بەناوی لۆرد سپێنسەر[١٧] هەرچەندە لۆرد سپێنسەر توانی هەمان ئەم کتێبانەی دوای حەوت لە زیاد لە زیادکردنێکی دیدا بەکەمێك زیاتر لە ٨٠٠ لیرەی ئەستەرلینی بکڕێت، بەڵام زۆری نەخایاند بە شێوەیەکی گشتی نرخی کتێبەکان لە ساڵەکانی دواییدا گەیشتە ئاستێکی ئاسایی.

**کتێب دۆستە ئینگلیزییەکان لە سەدەی نۆزدەهەمدا:**

لەسەردەمی نۆزدەهەمدا ژمارەیەکی زۆر لە دەوڵەمەندان و ئارەزوومەندانی کۆکردنەوەی کتێب لەبازاڕەکاندا ئامادەبوون، سێرتۆماس فلیپس بەگەشتەکانی دا بۆ کیشوەری ئەورووپا، ٦٠,٠٠٠ نوسخەی دەستنووسی کۆکردەوە دەبوو بەگەورەترین خاوەنداری کتێبی دەستنووس لە هەموو جیهاندا. بەڵام دواتر کتێبە بەناوبانگەکانی لە زیادکردنە جۆراوجۆرەکاندا پەرتەوازبوون. مێژووی کتێب دۆستی ئەمە دەردەخات زۆرکات ئەو کتێبانەی کە وەچەیەك کۆی کردووەتەوە وەچەیەکی دی هاتووە و بۆچوون و تێڕوانینێکی جیاوازتری هەبووە و کتێبەکانی پەرتەوازە کردووە.

**کڕین و فرۆشە گەورەکانی کتێب:**

گەورەترین بڕی پارە کە لە زیادکردنە ئاشکراکانی کتێبدا لە ئینگلتەرا لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەمدا کۆکرایەوە، نزیکەی ٥٠,٠٠٠ لیرەی ئەستەرلینی بوو، ئەم زیادکردنە، لە نێوان ساڵەکانی ١٨٣٤-١٨٣٦دا بەبۆنەی فرۆشتنی میراتی ریچارد هیبەری[١٨] کتێب دۆستی گەورە و ئەو کەسەی کە چەندین کتێبخانەی لە شارەکاندا هەبوو، رێکخرا. هەروەها کۆمەڵە

15- Roxburgh
16- Marquis de Blan ford
17- Lord Spencer
18- Richard Heber

کتێبی ناوداری ساندەرلاند[19] لە نێوان ساڵەکانی ١٨٨١-١٨٨٣دا بەبڕە پارەیەکی زۆر کە نزیکەی ئەو بڕەی سەرەوە بوو فرۆشرا و ئەم کۆمەڵە کتێبانە لەلایەن چارلس کۆنتی ساندەرلاندەوە لە کۆتایی سەدەی حەڤدەهەمدا کۆکرابوویەوە.

گرنگترین کڕیارانی کتێب لەم زیادکردنانەدا بێرنارد کواریچ[20] بوو کە لە ئەڵمانیا لە دایك بووە و لە ساڵەکانی سەرەتای سەدەی نۆزدەهەمدا بوو بە ناپلیۆنی بازرگانی کتێبە کۆنەکان و تەنانەت کۆنترۆڵی بازاڕی کتێبی ئەورووپی لە زەمینەی کتێبە کۆنەکاندا بۆ چەند ساڵ لە دەستی ئەودا بوو.

لە نێو ئەو کۆمەڵە کتێبە گرانبەهایانەی کە بڕیاربوو لە ماوەیەکی کەمدا بخرێتە بازاڕەوە و پەرتەوازە بکرێت، کتێبەکانی کۆشکی هامیلتۆن بوو کە بۆ ولیام بیسکفۆرد[21] دەگەڕایەوە، کتێبەکانی شازادەی هامیلتۆن، کتێبەکانی کۆنت ئاشبێرنهام[22] و کتێبەکانی کتێبخانەی گەورەی هوت[23] بوو، لەم زیادکردنانە چەندەها کەس سوود و قازانجی زۆریان دەستکەوت.

## کۆمەڵە کتێبەکانی سپێنسەر:

کتێبخانەی لۆرد سپێنسەر کە پێشتر لێی دواین، لە چل هەزار بەرگ کتێب پێکهاتبوو و یەکێك بوو لە کتێبخانە گەورە و بەختەوەرەکان، چونکە لە ساڵی ١٨٩٢دا هاوسەری جۆن رایلاندس[24] کە یەکێك بوو لەو دەوڵەمەندانەی شاری مانچستەر، ئەم کتێبانەی کڕی. ئەم خانمە بێوەژنە ئەو کتێبخانەیەی بەمیرات لە هاوسەرەکەیەوە بۆ بەجێ مابوو و بەڕووی هەموو جەماوەردا ئاوەڵای کرد ئەم کتێبخانەیە لە ماوەیەکی کەمدا بەهۆی زیادبوونی ژمارەی کتێبەکانی کە بەهۆی کتێبەکانی لۆرد سپێنسەرەوە پەیدای کردبوو، پاشان چەندین کۆمەڵە نوسخەی دەستنووسی بۆ کڕی و هەروەها بەهێنانی کتێبەکانی کۆنت کراوفۆرد[25] گۆڕدرا بەیەکێك لە دەوڵەمەندترین کتێبخانەکانی ئینگلتەرا.

19- Sunderland
20- Bernard Quaritch
21- William Beckford
22- Ashburnham
23- Huth
24- John Rylands
25- Crowford



## دیبدین و یانەی رۆکسبۆرگ:

بەڕێوەبەری کتێبخانەی لۆرد سپێنسەر قەشەیەکی گوندشین بوو بەناوی تۆماس فرۆگناڵ دیبدین[26] لەم قەشەوە چەندین کتێب بەبەرگی گرانبەهاوە بەجێ ماوە کە دەربارەی کۆشکی ئالترۆپ[27]، و جێگای کتێبەکانی ئەم لۆردە و دەربارەی ئەو گەشتانەی کە بەفەرمانی ئاغاکانی بۆ کڕینی کتێب ئەنجامی داوە، دەدوێت، ئەم کتێبانە وەك کتێبەکانی خۆی بابەتی سەرنشینی کتێب دۆستی، و راپۆرت و ژیاننامەی تێکەڵ دەگرێتەخۆ، کە کەم تا زۆر جێگای متمانەیە و بە شێوازێکی دروستکراو ناڕێك و پێك نووسراوە، چەند نووسراوێکی (ئەدەبی) بۆ زیادکراوە.

ولیام دیبدینلە ئاکامی سەردانەکان و کۆبوونەوەکانی لەگەڵ دەوڵەمەندان و ناوداران گۆڕا بۆ کتێب دۆستێکی لەخۆبایی و خۆپەرست، بەڵام لە هەمانکاتدا فیداکارییە ئایینییەکانی سەبارەت بەکتێبە کۆن و نایابەکانی جێگەی رێز و پێزانینە. لە راستیدا ئەو یەکەمین تۆوی یانەی دۆستانی کتێبی چاند، ئەم یانەیە لە ساڵی ١٨١٢دا لە ژێر ناوی یانەی رۆکسبۆرگ لە ئینگلتەرا دامەزرا و بەیەکەمین یانەی لەم جۆرە دادەنرێت. ئامانج لە دروستکردنی ئەم یانەیە سەرەتا هێشتنەوەی یادگاری فرۆشتنی زیادکردنی کتێبە تایبەتەکانی رۆکسبۆرگ بوو، هەڵبەتە ئەم دامەزراوە پێش ئەوەی بەتەواوی هەڵبوەشێتەوە، ژمارەیەك کتێبی جوانی بڵاوکردەوە. لە هەمانکاتدا ئەم یانەیە لە دوای دا و پاش ماوەیەك لە جێی ئەوەی پەناگای کتێب دۆستان بێت گۆڕا بۆ پەناگای دۆستان و ئارەزوومەندانی خواردنە بەچێژ و باشەکان.

## کتێب دۆستی:

عاشق بوونی زۆری کتێب[28] لە ئینگلتەرا، لەسەردەمی دیبدین و بەدواوە هەمیشە زیادبوونێکی بەرچاوی بەخۆوە دیوە، بەجۆرێك زۆرێك لە کتێب دۆستە ئینگلتەراییەکان سەرمایەکانیان لەکڕینی نوسخە دەستنووسی و بەرگە تایبەتەکانیدا خەرج کرد. بۆ بەرهەم هێنانی ئەم کتێبانە لە سەدەکانی رابردوودا کتێب دۆستە بەناوبانگەکان پارە و دراوی زۆریان سەرف کردبوو. لەگەڵ هەموو ئەمانەدا تێبینی دەکەین کە ئینگلیزییەکان زیاد لە هەموو شتێك سەر مەشقی چاپە سەرەتایی و کتێبە کۆنەکانی شارەکانی خۆیان بوون.

26- Thomas Frognall Dibdin
27- Althorp
28- Biblomania

شانۆنامەکانی شکسپیر، لەچوارچێوەی بەناوبانگدا، لە ئەندازەی ١/٢دا لە ساڵی ١٦٢٣، ١٦٣٢، ١٦٨٥دا بڵاوکرایەوە. لە نیوەی سەدەی حەڤدەهەمی زایینیدا زۆر گرنگی پێ دەدرا و جێگای رێزبوو و ئێستاش خاوەن کتێبخانە گەورەکانی ئەمەریکاش بەبیروڕاو تێڕوانینەیان هەیە، هەروەها هەموو شتنامە کۆنەکان خاوەنی ئەم رێز و پێزانینە بوون.

سەرەڕای ئەوەی کە بەدرێژایی سەد ساڵ شانۆنامەکانی شکسپیر لە زیادکردنە ئاشکراکاندا بەچەند لیرەیەکی ئەستەرلینی دەکڕدران، بەڵام ئێستا ئەو شانۆنامانە بەسەدان پاوەند بەهای هەیە.

## پەرەسەندنی هەڵکۆڵین

**هەڵکۆڵین لەسەر بەرد:**

زۆرێك لە کتێبەکانی دیبدین رازابوویەوە بەوێنەی جوانکاری کە بە شێوازی هەڵکۆڵینی لەسەر بەرد چاپکرابوو، ئەم شێوازە جۆرێك لە چاپی وێنەبوو کە بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەمدا کاری پێکرا. لە پاڵ شێوازی هەڵکۆڵین لەسەر دار کە شێوازی نوێ و بەربڵاوبوو، بەپایەداری مایەوە. تابلۆی مسین سروشتی تاڕادەیەك نەرمتری هەیە لەبەر ئەو کاتێك چەندین نوسخەی جۆراوجۆری پێ چاپ بکرێت، زۆر بەڕوونی دەسووتێت، لەبەر ئەوە لەسەرەتادا تابلۆ بەردینە پتەوەکان بەکاردەهێنرا.

کە دەتوانرا ژمارەیەکی زۆر لە کتێبی لەبەر چاپ بگرێت، لەبەر ئەوە ئەو بەرهەمانەی کە نەدەتوانرا بەمس چاپکرێت بەم هۆیەوە چاپ و ئامادە دەکرا. بەڵام هەڵکۆڵینی سەر مس بەجۆرێك بڵاوبوویەوە کە هێندە پێویستی بە زەوق و ئارەزووی هونەری نەدەکرد و لەرزۆك بوو خەریك بوو کاریگەریشی لەسەر هونەر بەجێ بهێڵێت، بەم شێوازە بەتایبەت لە ئینگلتەرادا کاری پێدەکرا، هەرچەندە چەند ئەنجامێکی کەم بایەخ و گرانبەهای هەبوو، بەڵام دواتر هەڵکۆڵەران مسی گەلڤانیزەیان[٢٩] بەکارهێنا کە لەبەرد نەرم تر بوو و بەمەش کۆتایی بەسەردەمی هەڵکۆڵینی سەربەرد داهێنا.

29- Galvanisation





شێوەی ١٨ وێنەیەك کەکاری (ولیام بلیك) و بۆ پەڕەیەکی کتێبی (لیلکی دانا)ی کێشاوە(چاپی ١٩٠٦).

## بليك و هەڵكۆڵينى سەر مس:

لە نزيكى ئەو سەردەمەى كە وێنە هەڵكۆڵراوەكانى سەر بەرد لە كتێبە ئينگليزييەكاندا دەركەوت، وليام بليكى[٣٠] شاعير شێوازێكى تاقيكردەوە كە بەهۆى بووە تابلۆ مسييەكان بۆ چاپى بەرجەستە سوودى لێوەردەگيرا، بەم شێوازە داهێنانەكارييە توانى كتێبەكانى وەك نوسخە دەستنووسە رەنگينەكانى سەدەكانى ناوەڕاست بەرهەم بهێنێت. خۆى هەستا بە وێنەكردنى هەريەك لە پەڕەكانى كتێبەكەى كە هەموو لا و پەراوێز و ناوەڕۆكەكانى دەگرتەوە، ئەمەش بەگوێرەى ئەو شێوازەبوو كە شێوەكارە كۆنەكان بەكاريان دەهێنا (شێوەى ١٨).

## بويك و ڕاپەڕينى هەڵكۆڵينى وێنە لەسەر دار:

ئەو كارەى كە تۆماس بويك[٣١] لە كۆتايى سەدەى هەژدەهەمدا لە نيوكاسڵ پێى هەستا كاريگەرى زۆرى لەسەر پيشەى چاپ هەبوو. بەكارهێنانى هەڵكۆڵينى سەردارى بۆ وێنەى كتێبەكان زيندوو كردەوە، بەم جۆرە هەڵكۆڵين لەسەردار وەك شێوازێك لە شێوازەكانى وێنەكێشان سەرى هەڵدايەوە، پاش ئەوەى بۆ ماوەى دوو سەدە خۆى ماتدا بوو. بويك زۆرێك لە قوتابييەكانى لاساى رابردوويان نەكردەوە، بەڵكو هونەرى نوێيان لە هەڵكۆڵيندا بەديهێنا. لەو وێنە كۆنانەى لەسەردار هەڵكۆڵراوى تێبينى دەكەين كە هێڵە رەشەكان لە تايبەتمەندييە گرنگ و بەرجەستەكانى ئەم هونەرەيە، بەڵام لە هونەرى بويكدا هێڵى سپى رەگەزى سەرەكى وێنەكانە و باگراوندى وێنەكە لە ناو ئەو هێڵانەدا دەگۆڕێت و كاريگەرى سێبەرێكى روون و ئاشكرا دروست دەكات.

كاريگەرى جوانى ئەو وێنە سێبەردارانە لەو راستييەوە سەرچاوە دەگرێت كە لەسەر دارى پتەوى سنەوبەر هەڵكۆڵراون و لە هەڵكۆڵيندا وەك رابردوو قەڵەم تاشيان بەكارنەدەهێنا، بەڵكو سوود لە قەڵەمى هەڵكۆڵين وەردەگيرا، ئەم بابەتە مرۆڤى يادى هەڵكۆڵينى سەرمس ئەخستەوە، كە لەم سەردەمەدا وەلاخرابوو.

30- Williom Blake
31- Thomas Bewich



## هونەرى بويك:

بويك شێوەكارێكى هەڵكەوتووبوو، بەتايبەت لە كێشانى وێنەى ئاژەڵاندا شارەزايى زۆرى هەبوو. سەرنج راكێشترين كارەكانى هەندێ تابلۆى گرنگى شێردەر و باڵندەكان كە پڕە لە شێوەى هەمەڕەنگ، هەروەها لەڕووى وردەكارى روبيناى دەرەكى ئاژەڵان و تواناى تێگەيشتنى سروشتى ئاژەڵان وێنەكانى لە ئاستێكى باڵادايە.

لەگەڵ هەموو ئەمانەدا لێهاتنى خۆى بەتايبەتى دەرخستووە لە وێنە بچووك و كەم قەبارەكاندا كە بە شێوازى ڤين يتە و كتێبەكانى بەم جۆرە وێنانە رازاندووەتەوە. لە هەندێك لە وێنەكانيدا تەنز ئاسا و بەشێوازى ديكێنز ژيانى خەڵكى و ئاژەڵان دەخاتە بەرچاو.



(شێوەى ١٩)

## وێنەى هەڵكۆڵراوەكان لەسەر دار لە دەرەوەى ئينگلتەرادا:

كاريگەرى قوتابخانەى بويك لە هونەرى هەڵكۆڵينى سەرداردا تەنها بە وڵاتى ئينگلتەرا سنووردار نەكرابوو، هونەرمەندە ئينگليزييەكان ئەم هونەرەيان بۆ كيشوەرى ئەورووپا و ئەمەريكا گواستەوە، تاوەكو ئەوەى كە ئەم هونەرە كەسێكى ديار و نوێنەرێكى بەرجەستەى وەك وليام جەى. لينتۆن[٣٢]ى بەجيهان ناساند.

32- William J. Linton

**وێنەی هەڵکۆڵراوی سەر دار لە فەڕەنسا:**

هەندێ لـە هونەرمەنـدانی فەڕەنـسی بەتایبـەت پـاپیلۆن[٣٣] بەدرێـژایی سـەدەی هەژدەهـەم بەردەوام بوو لە هەڵکۆڵینی سەرداردا بەتایبـەت لـە جوانکـاری گـوڵ و خونـچەداو جوانکارییـە بچووك و وردەکان لە کۆتایی بەشەکانی کتێبەکەدا[٣٤] دادەنرا. چالاکی راستەقینەی ئـەم شـێوازە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کاریگەرییانەی کە ئینگلس بەدیهێنا لە دەوروبەری ساڵی ١٨٣٠ی زایینیدا.

تۆنی جۆهانتۆن[٣٥] لە گەورەترین دۆستان و لایەنگرانی هەڵکۆڵینی سـەرداره لـەم قۆناغـەدا، هونەرمەندێك بوو کە بەخەیاڵی قووڵ و شارەزای هونەری بەرچاو چەندین بەرهـەمی هێنایـەبوون، تەنانـەت سـەرەڕای جیـاوازی ئاسـتی هونـەری ئـەم بەرهەمانـە، بـەڵام پایـە بـەرزتربوون لـە بەرهەمەکانی دیکەی ئەو سەردەمە.

لە پاڵ تۆنیدا هونەرمەندانی وەك دامێر[٣٦] و گاڤارنی[٣٧] (شێوەی ٢٠) رافێت[٣٨] هەبوون کە تەنها لەسەر بەرد وێنەیان دەکێشا، هەروەها لە نێویاندا ژیگۆ[٣٩] ئەو وێنـە بـچووکانەی کـە بـۆ چاپی ١٨٣٥ی کتێبی (جیل بلاس دوسـانتیلان)[٤٠]ی دروسـتکردبوو و هـەروەها میـسیۆنێر[٤١] (شـێوەی - ٢١) بەوێنـە باڵاکـانی لـە کتـێبی داسـتانەکانی رێمـس[٤٢] لـە نووسـینی کۆنـت شێڤینی[٤٣](١٨٥٨) ناوبانگی پەیداکرد.

بەڵام تیزاب، لە ساڵی ١٨٤٠ تا ساڵی ١٨٦٠ لە وێنەکێشانی کتێبدا بـەکارهێنرا ئەمـەش کاتێك بوو کە هەڵکۆڵینی سەرمس لەسەدەی پێشووتردا بەربڵاوبووە.

لەو کەسانەی کە لەم شێوازەدا زۆر باڵادەست بوون سێلێستن نانتویـل[٤٤] بـوو کـە بەتایبـەت ژمارەیەك وێنەی لە تابلۆکانی دەستپێکی کتێبدا دروستکرد کە لە جوانترین و سەرنج راکێـشترین وێنە رۆمانتیکییەکان بوون. سەرەڕای هەموو ئەم هەوڵانە و تەنانەت سـەرەڕای ئـەو پلـە و پایـە

---

33- Papillon
34- Culs - de- Lampe
35- Tony Johannot
36- Daumier
37- Gavarni
38- Raffet
39- Gigoux
40- Gilblas de Sartillane
41- Meissonier
42- Reims
43- chevigne
44- Celestin nauteuil



گەورەی کە وێنەکێشانی سەر بەرد بەدەسـتی هێنـابوو - وەك لـە دواییـدا بـاس دەکرێـت بـەڵام بڵاوبوونەوەو کارپێکردنی هەڵکۆڵینی سەردار هێشتا بۆ ماوەیەکی زۆر مایـەوە و کـاری پێکـرا و مایەوە، لەلایەن هونەرمەند گۆستاڤ دۆرێ[٤٥] بەکاری هونەری گەورە هەر لە رابێلی[٤٦] تا تەورات و هەر لە دانتی تا ئێدگار ئالان پۆی[٤٧] واتە تا نزیکەی ساڵی ١٨٧٠ لەسەر ئـەمکارە بـەردەوام بوو. ئەم هونەرمەندە هەڵکۆڵینی سەرداری سێبەرداری بەباش دەزانـی، واتـە ئـەو دارەی کـە بـۆ وێنە بچووکە رەش و سـپییەکان بـەس نـەبوو، گونجـاوترین رەنگـی سـپێبەداری بـۆ ئـەم دارانـە بەکاردەهێنا، لەمجۆرە وێنانەدا سەرەڕای ئەوەی لەڕووی ئەزموونەوە شارەزایی زۆری نـەبوو، بـەڵام چەندین سەرکەوتنی بەدەست هێنا و وێنەی داستانەکانی سەرنج[٤٨]ی بالزاك (١٨٥٨) لە باشترین وێنەکانی ئەو قۆناغەیە، هەروەها دەشتوانرێت چـاپی ((دۆن کیـشۆت))[٤٩] لـە سـاڵی ١٨٦٣داو چاپی ((تەوراتی گەورەی وێنەدار)) کە بـۆ یەکـەمین جـار لـە سـاڵی ١٨٦٦دا بـە ٢٢٠ وێنـەی هەڵکۆڵراو لەسەردار بڵاوکرایەوە، بۆ کارەکانی زیاد بکرێت.

**وێنەی هەڵکۆڵراو لەسەر دار لە ئەڵمانیا:**

لە ئەڵمانیادا هەڵکۆڵین لەسەردار زیندووترو شەکاوەتر بوو لە شوێنەکانی تر. بەڵام لێرەش بـۆ ماوەی زۆر نەمایەوە تا کۆتایی سەدەی هەژدەهەم کاری پێکرا، هەروەها لەم وڵاتـەدا قوتابخانـەی بویك بوونی هەبوو و رۆڵێکی گرنگ و گیـانێکی بـەهێزی تێـدا گەشـابوویەوە، و هـۆی ئەمـەش ناردنی چـەندین لاوی پـسپۆڕ بـوو لـە هونـەردا لـە ئینگلتـەراوە بـۆ لایـب زیـك بەمەبەسـتی وانەگوتنەوەی بنەماکانی ئەم هونەرە.

زۆری نەخایاند کە هەڵکۆڵینی سەردار لە درسدێن شێوەیەکی داهێنانکارییانەی لـە خـۆگرت، ئەمەش لە زۆرێك لە وێنەکانی هونەرمەنـدانی وەك: شـنورڤۆن کـارلۆس فیلـد[٥٠] و رێتێـل[٥١]و رێختەر[٥٢]دا بەتەواوی دەردەکەوێت. رێختەر لە ناو هەموو چینە کۆمەڵایەتییەکاندا ناوبـانگێکی زۆری بەدەست هێنا، ئەم ناوبانگە بەهۆی وێنەکێشانی فراوان بوو لەسـەر ژیـانی گـشتی خـەڵکی

---

45- Gustave Dore
46- Robelais
47- Edgar Allan Poe
48- Contes drolaques
49- Don Quichotte
50- Schnorr von Carolsfeld
51- Rethel
52- Richter

ئاسایی و ئەو وێنانەی کە بۆ داستانی پەرییەکانی کێشا بوو. وێنەکانی ڕێختەر لەگەڵ ئەو گیانە بۆرژوازییەی کە لە وێنەکانی کۆدۆ ویسکی[٥٣]دا خۆی دەنواند و بەهۆی هەڵکۆڵینی سەر مسەوە دروستکرابوو، پەیوەندییەکی نزیکی هەبوو، هەروەها ئالفرێد ریتێل بەو وێنانەی کە بۆ کتێبی (سەمای مەرگ)ی[٥٤] کێشابوو ناوبانگی دەرکرد.

هونەرمەند ئاد. مێنزیل[٥٥] بەهۆی وێنە تایبەتەکانی بۆکێنی (فریدریکی گەورە) لە نووسینی کۆگلەر[٥٦] کە تێدا باسی نەبەرد و دەستکەوتەکانی ئەو پادشایەی دەکرد، ناوبانگی زۆری پەیداکرد. هەروەها بەهۆی ئەو جوانکارییانەی کە بۆ چاپە گەورە و گرانبەهای کتێبەکانی ئەم پادشایەی ئەنجامدابوو، پلە و پایەیەکی گەورەی بەدەست هێنا. یەکێك لە باشتری هەڵکۆڵەرانی سەردار کەکاریان بۆ ئەم پادشایە کرد بریتییە لە ئی. کریچ مار.[٥٧]

گرنگترین ڕەگەز کە وێنەی هەڵکۆڵراوی سەرداری ئەڵمانی جیادەکاتەوە، جا ئەگەر لەلایب زیك و درسیدین بێت یان لە میونیخ کە ئەو کاتانە قوتابخانەی هونەری تایبەتیان تێدا کرابوویەوە، ئەوەیە کە هەموویان نووسینێکی هونەری تەواو دەردەخەن و بە شێوەیەکی گشتی لە هونەری هەڵکۆڵینی سەدەی شازدەهەمەوە نزیکە. لەبەر ئەوە دەبینین لەگەڵ بەرهەمە فەرەنسییەکاندا کە بەشێوەیەکی گشتی ئازادی زۆرتریان هەبووە لە بەکارهێنانی نووسینی هونەریدا، جیاوازی زۆری هەیە.



شێوەی ٢٠- وێنەیەکی هەڵکۆڵراو لەسەردار کاری گاڤارانی (سەدەی ١٩)

53- Chodo wiecki
54- Donse Macabre
55- Ad. Menzel
56- Cugler
57- E. Kretzschmar



### چاپی بەردی:[٥٨]

لەم کاتەدا، ماوەیەکی درێژ تێپەڕی کردبوو بەسەر پەیدابوونی شێوازی نوێدا کە تایبەت بوو بەچاپی وێنە لە ئەڵمانیادا، ئەو شێوازەش وێنەدارکردنی کتێب بوو بە ڕێگەی چاپی بەردی. ئەم شێوازە دەگەڕێتەوە بۆ شاعیر و شانۆنامەنووس ئالویس سێنفلێدەر[٥٩]، لە نێوان ساڵەکانی ١٧٩٨و ١٧٩٩دا هەوڵێکی زۆری خستەگەڕ بۆ چاپکردنی نووسراوە تایبەتەکانی خۆی. لەم شێوازەدا، ناوەڕۆکی نووسین لەسەر بەردێکی رووتەخت کە بەگیراوەیەکی چەسپی داپۆشرابوو دەنەخشێنرا و قەڵەمێکی ڕۆنی کە لە سابوون و مۆم و گەچ دروستکرابوو بەکاردەهێنرا کاتێك کە ئاو و مەرەکەب بەهۆی دارێکەوە (تیرۆك) بەسەر بەردەکەدا دەدرا، تەنها بەشە نەخشراوەکان مەرەکەبەکەی لەخۆ دەگرت، بەشەکانی دیکەی بەردەکە کە چەور بوو ئاوەکەی رادەکێشا و مەرەکەبەکەی لادەبرد. بەم ڕێگەیە شێوازێکی نوێ بۆ چاپکردنی کتێبە هەمەڕەنگ و تێکەڵەکان لە وێنەو لە نووسین دۆزرایەوە. شێوازێك نە چاپی بەرجەستەی هەڵکۆڵینی سەرداربوو نەچاپی بەشە هەڵکۆڵراوی (چاپی چاڵ) سەرمس بوو، بەڵکو چاپێکی رووتەخت[٦٠] بوو. لەگەڵ ئەمەشدا، ئەم شێوازە بۆ شێوەکار چەند دژوارییەکی لەگەڵ بوو، چونکە بۆ سوود وەرگرتن لەبەرد لەجیێی کاغەز، وێنەکێش ناچاربوو کە وێنەکان بەشێوەی هەڵگەڕاوە بکێشێت سەرەڕای ئەمە شێوازەکە بە شێوەیەکی تایبەت بەکارهێنرا لە چاپکردنی پەڕە تاك و سەربەخۆکان و هەروەها لە چاپکردنی وێنەکانیشدا رەواجی پەیداکرد.

### چاپی بەردی لە فەڕەنسا:

بەنێو کتێبە فەڕەنسییەکاندا کە لە چاخی یەکەمی وێنەسازی کتێبدا بە ڕێگەی چاپی بەردی پەیدابوو، زنجیرەیەك کتێبی گەورەبوو کە بەگەشت وێنەدار و رۆمانتیکییەکان بۆ فەڕەنسای دێرین[٦١] ناسرابوو. ئەم زنجیرەیە لە ٢٠ بەرگدا و بەدرێژایی نیو سەدە لەژێر چاودێری بارون تایلۆرو[٦٢] چارلس نودێر[٦٣]دا چاپکرا. هەروەها لەو نموونانەی داستانی

58- Lithogrophie
59- Aloys Senefelder
60- Impression aplat
61- Voyage Pittoresques et romantique sdan's L, Ancienne france
62- Baron Taylor
63- Charles Nodier

فاوست[٦٤]ی گوتێیە[٦٥] کە بەوێنەکانی هونەرمەندی شێوەکار ئوجین دولاکرواس[٦٦] رازابووینەوە و نیشانەیەکی هونەری تایبەت بەکاریگەرییە خراپ و سەیرەکان.



وێنەیەکی چاپی کە لەلایەن تۆنی جۆهانوتەوە Tony Johannot
لەسەر مس حەڤدەهەمدا لەسەر بەرد وێنەکشراو

64- Faust
65- Goethe
66- Eugene Delacroix



لەو کەسانەی کە رەگەزی کۆمیدی و تەنزیان هێنایە بواری چاپی بەردییەوە، دومێر[٦٧]ی وێنەکێش بوو. و تابلۆ بەناوبانگەکانی لە گۆڤاری کاریکاتێری شاری ڤاریدا[٦٨] بڵاوبووبووەوە. کاڤارنی[٦٩] گرنگی بەوێنەکردنی دابونەریتەکانی رۆژگاری خۆی دەدا، و چارلێت[٧٠] چەند وێنەی لە یادگارییەکانی یەکەمین ئیمپراتۆری فەرەنسا هەبوو، هەروەهاش هێنری مونێر[٧١] لە نموونەی ئەو وێنەکێشانە بوو.

## شێوازەکانی وێنەگرتن:

پێشینەی چاپی بەردی زۆر دوور و درێژتر بوو لەو ماوەی کە توێژەرەوان بەسوود وەرگرتن لە دوو شت بۆیان دەرکەوتبوو، ئەوانیش: وێنەی هەڵگەڕاوە کە سەربەخۆ و بەبێ پێویستی وێنەکردن بەسەر بەرد ئەنجام دەدرا، یان بەکارهێنانی وێنە بۆ گواستنەوەی نەخشەکان بۆ سەر بەردەکە، سەرەڕای هەموو ئەمانە ئەم شێوازە لە پیشەسازی نوێی کتێبدا جێی خۆی دەکردەوە.

## هەڵکۆڵین بەوێنەوە:

چاپی کلێشەیی و هەڵکۆڵین بەسوود وەرگرتن لە سێبەری شتەکان لە ژێر تیشکی هەتاودا، پێشی چاپی بەردی دایەوە، هەڵکۆڵینی کلێشەکان جارێک یان چەندەها جار ئەنجام دەدرا لەبەرئەوە دەتوانرا بەرەنگی تەواو و نیوە رەنگەوە لەسەرووی وێنەکان دەرکەوێت.

بەتایبەت فەرەنسییەکان دەستیان بەزنجیرەیەك چاکسازی و دۆزینەوە گەیشتبوو و بەدرێژایی دوو سێیەکی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەم وێنەی هەڵکۆڵراویان لە هونەری چاپی وێنەکاندا بەکارهێنا، هەرچەندە جی. مایسن باخ[٧٢]، لە شاری میونیخ یەکەمین کەس بوو کە لە نێوان ساڵەکانی ١٨٨٠و ١٨٩٠دا توانی وێنە هەڵکۆڵرا و وێنە سێبەردارەکان بەکاربهێنێت و زۆری نەخایاند کە دواتر ئەم شێوازە لە ئەمەریکا بەتایبەت لەلایەن ماکس لیڤی[٧٣]ەوە لە شاری فلادیلفیا چاکسازی بەسەرداهات.

67- Daumier
68- Chorivori
69- Gavarni
70- Charlet
71- Hanri Monnier
72- G.Meisenbach
73- Max Levy

لە نێوان شێوازەکانی دیکەدا، بۆ چاپکردنی وێنە بەڕێگەی وێنە هەڵکۆڵراوەکان، هەڵکۆڵینی نووسینەکان[٧٤] لە چاپکردنی هەندێك کتێب و گۆڤاردا بەکارهێنرا، هەروەها شێوازی کلێشەسازی خاڵ خاڵ[٧٥] (نزم دار) یان هەڵکۆڵین بەوێنەی وێنە و[٧٦] وێنەی چاپی تیشکی[٧٧] و وێنەی چاپی ڕەنگاوڕەنگ[٧٨] ڕەواجی پەیداکرد.

## کتێب دۆستی و هونەری بەرگ تێگرتن لە فەڕەنسا و لە سەدەی نۆزدەهەمدا

### جوڵانەوەی مێژوویی لە کتێب دۆستیدا:

کاتێك کە حەز و خولیاکان بۆ کتێبە فەڕەنسییەکان دوای ناهەموارییەکانی شۆڕش و جەنگەکانی ناپلیۆن گەڕایەوە بارودۆخی سروشتی خۆی. ڕێنیشاندەری کتێب دۆستانی فەڕەنسا کتێبێك لە ژێر ناونیشانی یاسانامەی کتێب فرۆش کە جاك چارلس برونێی زانا و بازرگان نووسیبووی، ئەم کتێبە لە ساڵی ١٨١٠دا کەوتە بازاڕەوە چەندین جار لە چاپە گەورەکاندا بڵاوبوویەوە و بەجۆرێك لە جۆرەکانی کەتەلۆك لە قەڵەم دەدرێت.

### کتێبی برۆنێ[٧٩] و کاریگەرییەکەی:

بۆ یەکەمین جار. بەچاپکردنی ئەم کتێبە باسێکی دوور و درێژی ئەو کتێبانەی کە شایستەی هەڵبژاردن بوو و نرخی کتێبە نایابەکان و لەگەڵ نرخە تایبەتییەکانی سەردەمی چاپە سەرەتاییەکان تا سەردەمی چاپەکانی سەدەی هەژدەهەم دەستکەوت. ئەم کتێبە لە باسکردنی هەر کتێبێکدا ڕەتکردنەوەی مێژوویی سەبارەت بەو کتێبانە دەخاتەڕوو بەدرێژایی سەردەمەکان و ئەو نرخانە دیاری دەکات کە لە رابردوودا و لە زیادکردنە ئاشکرا و بەناوبانگەکاندا هەیانبووە.

74- Photogravureau Trait
75- Similigravure
76- Heliogravure
77- phototypie
78- phototyp ochromie
79- Brunet



کتێبی برۆنێ زۆر ڕێزی لێگیرا. لەم کتێبەدا، لە کتێبە کۆنەکانەوە دەستی پێکردووە، ئاماژەشی بەگواستنەوەی کتێبێك لە خاوەنێکەوە بۆ خاوەنێکی دی کردووە، جگە لەو بابەتانە دەربارەی چاپی نووسەرە گەورەکانی ئەڵمانیا و ئینگلتەرا دواوە، باسی چاپە ڕەسەنەکانی ئەدەبیاتی کلاسیکی هێناوەتە مەیدان. بەکوردی دەبێت بڵێین برۆنێ لە فەڕەنسا هەستا بەچاپکردنی نامەیەك کە لە هەمانکاتدا دیدین لە ئینگلتەرادا پێی هەستابوو. بەو جیاوازییەی کە کتێبەکەی برۆنێ بەکەتەلۆکێکی گرنگ هەژماردەکرا و یارمەتی یەکگرتووبوونی کۆمەڵە کتێبە فەڕەنسییەکان و هەروەها یارمەتی جێگیرکردنی بەهای هەندێك لە کتێبە دیارەکانی کتێب دۆستانیدا لەو کاتەدا.

### چارلس نودیێ:

چارلس نودێی نووسەریش لەم ڕێگایەدا ئەسپی خۆی تاودا، ماوەیەك بەڕێوەبەری کتێبخانەی ئارسینال بوو[٨٠]، کە ئێمەی یادی دیبدین و عەشقی فراوانی بۆ کتێب دەخستەوە، جگە لەمە نودیێ کەسایەتییەکی بەتوانا و هەستیاربوو. لە بەناوبانگترین نووسراوەکانی داستانی (کتێب دۆست)[٨١] کە تیایدا تەنزێکی لە ئاسا بەدەری سەرنج ڕاکێش دەبینرێت، ئەو وەك برونێ باوەڕی وەها بوو کە لە کۆکردنەوەی کتێبدا دەبێت تێڕوانینێکی مێژوویی هەبێت و بۆ ساڵانێکی زۆر حەز لێ بوون و خولیا بوونی کتێبی لە فەڕەنسادا زیندووکردەوە و لە پەرەسەندنی ئەم بابەتەش لە وڵاتانی دیکەدا ڕۆڵێکی گرنگی هەبوو.

### حەزکردنی لە بەرگە کۆنەکان:

لە نێو ئاکامە دیارەکانی ئەم تێڕوانینەدا، حەزکردن بوو لە بەرگە کۆنەکان، لە سەرەتادا شێوازەکە ئاڵوویر بوو بەئاڵوگۆڕکردنی بەرگە کۆنەکان، بەبەرگە نوێیەکان، بەڵام دواتر، خەڵکانی ئەو سەردەمە بەنرخی ئەم کارەیان زانی، ئەوان تێگەیشتن ئەو بەرگانەی کە تاڕادەیەك خراپ دەبێت و کۆنە ئەگەر لەگەڵ کتێبدا بێت، باشتر لەبەرگە نوێیەکانی کتێبەکە ڕاگر دەکات، بەمەش بووە هۆی ئەوەی کە بەرگەکانی گرۆلێی و هاوشێوەکانی لە بەرگە کۆنەکانی

80- Arsenal
81- Bibliomane

دیکەدا، بە شێوەیەکی بەرفراوان بڵاوبێتەوە. بەلێکۆڵینەوەی هێماکانی خاوەندارێتی و شێوازی رنوك دەتوانرێت رەچەڵەکی کتێبەکان بناسرێتەوە.

**ئارەزوومەندان و شارەزایانی کتێبی فەڕەنسی:**

ئەو کەسانەی دی کە هاوبەشی نودیێ بوون لە پەرۆش و حەزلێکردنی کتێبدا، بریتین لە: پاول پینۆن[٨٢] کە لە بواری کتێب پسپۆربوو و بەم کارەی بژێوی خۆی پەیدا دەکرد. خاوەنی کتێبی (زانستی کتێبەکان)[٨٣] (١٨٢٣) جۆزیف تیکنەر[٨٤] بازرگانی کتێب و دانەری گۆڤاری (دۆستانی کتێب)[٨٥] لە ساڵی ١٨٣٤دا بڵاوی کردەوە و نودیێ کاری نووسینی بۆ ئەنجام دەدا، کەسێکی دی کە لەگەڵ نودیێدا بەشداربوو لەو بابەتەدا پاول لاکردا کە ناسراوە بەجاکوبی کتێب دۆست[٨٦] و چەندینی دی...

لە نێو کتێب دۆستە هاوچەرخەکانی نودیێدا، شانۆنامەنووسێك هەیە بەناوی جی دوبیکسیر کورت[٨٧] دەستیکرد بەچاپکردنی شانۆنامە و بڵاوکراوەکانی سەردەمی شۆڕشی فەڕەنسا و لەلایەن دۆستانی کتێبەوە زۆر بەرگەرمی پێشوازی لێکرا. هەروەها دامەزرێنەری رێکخراوێکی ناسراوبوو بەناوی رێکخراوی فەڕەنسییەکانی کتێب دۆست. نەریتی وەهابوو کە کتێبەکان دەستەواژەیەکی دەستنووسی نووسەرەکانی بۆدا بێت. دواتر ئەم نەریتە لەلایەن دۆستانی کتێبەوە پەیڕەوی کرا و ئەمەش نرخی کتێبەکانیانی زیاد کرد. لە فەڕەنساش خاوەن کتێبخانەیەکی کتێب دۆست لەسەردەمی شۆڕشدا هەبوو. کە ئەویش کۆنت دولابیدۆییێر[٨٨]ە و توانی زیاد لە سەد هەزار بەرگی کتێب کۆبکاتەوە، کتێب فرۆشێکی دیکە بەناوی جاك ئاناتول فرانسوا تیبولت[٨٩] هەبوو (ناوی راستەقینەی ئاناتۆل فرانس[٩٠] بوو) فەهرستێکی بۆ ئەم کتێبانە دانا و بەخشی بەکتێبخانەی میللی.

---

82- Peignot
83- Manuel de Bibliographie
84- Joseph Techener
85- Buletin Bibliophile
86- Bibliophile Jacob
87- G.de pixerecourt
88- Conte de la Bedoyere
89- Thibault
90- Anatole France



هەروەها پێویستە لەسەردەمی نودیێدا ناوی دوو خاوەن کتێبخانەی گەورەی دیکە بهێنین کە لەدایکبووی فەڕەنسا نەبوون، هەرچەندە هەموو ژیانیشیان لە فەڕەنسادا بەسەربرد، ئەوانیش، کۆنتی سکوتلەندی ماك کارتی[٩١]، یۆنانی ئاوریشم سازی یۆنانی پیمانیز[٩٢] بوون نرخی کۆمەڵە کتێبەکانی یەکەمیان نزیکەی چوار سەد و هەشت هەزار فرانك و نرخی دووەمیان گەیشتە نزیکەی حەوت سەد و بیست و پێنج هەزار فرانك ئەم دوو کتێبخانەیە بەهۆی لەخۆگرتنی نوسخە نایابەکان و ئەو چاپانەی کە لەسەر پێست و چاپە سەرەتاییەکانی بەرگە نایابەکان چەندین جیاکەرەوەی باڵای دیکەی هەبوو.

گەورەترین خاوەن کتێبخانەی فەڕەنسی کە لەوانی دیکە زیاتر لە ئێمە نزیکترە و لەو جۆرە کەسانەیە کە نەك تەنها گرنگی بەئەدەبیاتی کۆن و پێشینانی کردووە، بەڵکو گرنگیشی بەئەدەبیاتی سەردەمی خۆی داوە ئەویش شازادە دو مال[٩٣]ە، و کتێبخانە بەشکۆکەکەی تا ئەمڕۆ لە کۆشکی شانتیدا بەپایەداری ماوەتەوە، هەروەها ل کۆنکێت[٩٤] یەکێکە لە بڵاوکەرەوە گەورەکانی چاپە باڵاکان لە دەوروبەری ساڵەکانی ١٨٨٠ تا ساڵی ١٨٩٠ی زایینی. زانا و چاپخانەدار ئامبیرواس- فیرمان دبدۆت[٩٥] وەك پێشتر باسمان کرد و نووسەر و کتێبخانەدار جول جانین[٩٦] و هەروەها ئی پاێلت[٩٧] کە چەندین ساڵ سەرۆکی کۆمەڵەی دۆستانی کتێب بوو و بارون دو لارۆش لاکارێك[٩٨] سۆری بەرگە کۆنەکان، و کۆنت دو لینیرۆل[٩٩] و بارۆن بیشۆن[١٠٠] و بارۆن دو روجیلد[١٠١]....

لێرەدا پێویستە بەتایبەت یادی هینری برالدی[١٠٢] بکەینەوە کە لە ساڵی ١٩٣١دا کۆچی دوایی کرد و کۆتا نوێنەری ئەم کۆمەڵە کتێب دۆست و ئارەزوومەندی کتێبەیە و تەنانەت هێنری پاڵنەری چالاکیان بوو.

---

91- Mac Carthy
92- N. Yemeniz
93- Duc d, Aumale
94- L. Conquet
95- Anbroise-Firman Didot
96- Jules Janin
97- E .Paillet
98- Baron da la Roche lacarelle
99- Conte de Lignerolles
100- Baron Pichon
101- James de Roths child
102- Henri Beraldi

بیرالدی نووسەرێکی زانا و هەستیار بوو، دوای خۆی بەرهەمێکی گەورەی بەجێهێشتووە کە لە نیشانەی لێهاتن و شارەزایی لە هونەری کتێب رازاندنەوەدا. وێنە هەڵکۆڵراوەکان و کتێبەکان: بەرگتێگرتن لە سەدەی هەژدەهەم و بەرگتێگرتن لە سەدەی نۆزدەهەم و چەندین پێشنیار بۆ یەکێك لە دۆستانی کتێب و کەسانی دیکە لەم بەرهەمەدا بەرچاو دەکەوێت.

چەندین راپۆرت و پەیوەندی زیندوو و بەهێزی لە گۆڤارەکاندا چاپکرا. هەستەکانی بەخەبەر هێنا و کاریگەری تێکردن بزووتنەوەیەکی راستەقینەی لە بواری کتێبدا بەدیهێنا.

بەڕەچاوکردنی ئەوەی کە گیانێکی بەجۆش و تێڕوانینێکی نوێی بۆ کتێب دۆستی هەبوو، دژایەتی ئەندێشەی کتێب دۆستی و جوانی گەرایی رابردووی دەکرد. لەسەر ئەم بانگەشەیەی نەوەستا و بەبەرگری کردن لە کاری هەڵکۆڵینی سەردار لە دژی هەڵکۆڵینی سێبەردار ئیکتیفای نەکرد، بەڵکو خۆی سەرپەرشتی بڵاوکراوەکانی لە ئەستۆ گرت، و هونەرمەندی گەورە ئۆگوست لوپەر[١٠٣]ی کێشایە نێو مەیدانی وێنەسازی کتێب، لە هەمان کاتدا ئەو پێشەواو پەیامبەر و باوك و زۆرێك لە کۆمەڵ و رێکخراوە چالاکەکانی کتێب دۆستی فەرەنسی بوو.

بەهەرحاڵ، خولیا و ئارەزووی کتێب لە فەرەنسادا لەکاتی جەنگ دا لە ساڵی ١٩١٤ تا ساڵی ١٩١٨ گەشەکردنی فراوانی بەخۆوەدی، تاوەکو ئەوەی رێکخراوەکانی دۆستانی کتێب، زۆر زیادی کرد ئەمڕۆ لەم بوارەدا سستمی رێکخراوی چالاك هەیە، وە بەپێشکەوتنی کاتیش، عەشقی کتێب دۆستی پێ بەپێ لەگەڵ فراوانبوونی زانستدا بەرفراوان دەبێت، و دەڵێی گەیشتووە بەکۆتا ئاستی تەواوی خۆی.

## قۆناغی زێڕینی کتێب فرۆشییە بچووکەکانی کتێبە کۆنەکان[١٠٤]

کتێب دۆستان لەسەردەمی نودێیدا باشترین جۆری کتێبە کۆنەکانیان لەلای کتێب فرۆشە بچووکەکان دەستکەوت، و نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەیەم بەقۆناغی زێڕینی کتێب دۆستی لە قەڵەم دەدرێت. هەر لەو کاتانەدا بوو کە مامۆستای ئەدەبیاتی لاتینی ئاشانتریٚ[١٠٥] هاتە

103- August Lepere
104- Bouquinistes
105- Achaintre



ڕیزی ئەمانەوە، ئەو کاتەی کە لە راستیدا چەندین کتێبی نایاب لە سندووقەکانیاندا دۆزرایەوە تەنانەت لە هەندێك لەم سندووقانەدا کتێبی خەونەکانی پولی فیل[١٠٦] بە دەستکەوت. و ئەم کاڵا بەنرخەیان لەگەڵ وێنە هەڵکۆڵراوەکانی سەرداردا کە دەگەڕایەوە بۆ سەردەمی راپەڕینی نوێی ئەورووپا، بەبڕی سێ سەد سەنت کڕرا. ئێستا ئەم رووداوە وەك خەونێکە و لێرەدا ئەو کاریگەرییانەی کە لە گەشتە رۆژانەکانی نووێیدا هەبووە لە کەنارەکانی رووباری سندا و کاریگەری لەسەر هەستی رۆمانیکی ئەو هەبوو، بەجوانی و بەئاشکرای دەرکی پێ دەکرێت.

### یاسادانانی بازرگانیی کتێب:

جێگیرکردنی ئازاری پیشەسازییەکان لەسەردەمی شۆڕشدا، بوو بەهۆی باشبوونی بارودۆخی بازرگانی کتێب. قۆناغی سەندیکاکانی پیشەکانیش کە تا ئەو کاتە درێژەی بەچاپ و بازرگانی کتێب دەدا کۆتایی پێهات. دوا بەدوای ئەم هەموو کەسێك دەیتوانی کە ئەم دوو پیشەی هەبێت. بەڵام لە ساڵی ١٨١٠دا بڕیارنامەیەك دەرکرا کە بەگوێرەی ئەو یاسایە، کار و پیشەی چاپ پێویستی بەهەبوونی مۆڵەت بۆ خواردنی سوگندێکی تایبەتە. لەوکاتەدا ژمارەی خاوەن چاپخانەکانی پاریس گەیشتە شەست کەس، بەڵام ئەم ژمارەیە پاش ماوەیەکی کەم بوو بەهەشتاکەس، دواتر لە ساڵی ١٨٧١دا شەپۆلێکی نوێی ئازادی تەواوی ئەم کۆت و بەندانەی لەناوبرد. بەڵام لە ساڵی ١٨٨١ کە یاسای چاپکراوەکان دەرکرا، هەندێ کۆت و بەندی نوێ پەیدابوو و پاشان یاسا و پەیڕەوێکی ئیجباری بەجۆرێکی وا دەرکرا و دواجار لەو یاسایەی لە ساڵیٚ ١٩٢٥ دەرکرابوو پەیڕەوی دەکرا و ئێستاش پەیڕەوی دەکرێت.

### ئارەزووە نوێیەکان لە بەرگتێگرتندا:

جوڵانەوەی رۆمانتیکی لەسەردەمێ نودێیەوە، هاوڕێ لەگەڵ خولیا و هەموو ئەو شتانەی کە دەدرێتە پاڵ سەدەکانی ناوەڕاست، دزەی کردە نێو کتێب دۆستییەوە هەروەها هەموو روخساری ژیانی عەقڵی گرتەوە کە ئەم راپەڕینە ئەدەبییە لە خۆی گرتبوو.

### بەرگتێگرتن بە شێوازی ئیمپراتۆری:

شێوازی کلاسیکی هەروەك جۆن لەسەردەمی ناپلیۆندا لە ریزی سەرەوەدا بوو. ئەم تایبەتمەندییەی شێوازی ئیمپراتۆری هەمان ئارەزووی رەگەزە کۆنەکانی جوانکاری بوو.

106- Le Songe de poliphile

هەروەها شێوەکانی لە کارەکانی بەرگگرتنی هونەریدا دەبینین. لەگەڵ ئەوەدا برایانی بوزریان[107]، کە بەرگسازانی گەورەی ناپلیۆن بوون، لە هەندێ بواری کەمدا نەبێت ئەم جوانکارییانە بەکارنەدەهێنرا.

**بەرگتێگرتن بە شێوازی سەردەمی گەڕاوەی پاشایەتی:[108]**

بەڕووخانی ناپلیۆن، شێوازی ئیمپراتۆری لەناوچوو و سەرەتا شێوازی سەردەمی گەڕاوەی پاشایەتی جێگەکەی گرتەوە، و لەوکاتەدا جوزیف - توڤانین[109] هاوسەردەمی نودێی و باشترین بەرگسازەکانی، ژمارەیەك بەرگی هونەری زۆر گرانبەهای دروستکرد، گەرچی سەرەتا جوانکارییەکانی چوارچێوەو بەشی ناوەوەی گرتەوە، بەڵام شێوەی دیاریکراو یان شێوەی گوڵ و ئەمەش تاڕادەیەك کارێکی تەواوبوو. بەڵام لەڕووی لایەنە هونەرییەکانەوە پێویستە ئاماژە بکەین بەبەکارهێنانی جوانکاری نوێ بەرێگەی فشار (تابلۆی بەردین) چاپ کراوە، ئەگەر جوانکارییەکە رەنگدار یان بێ رەنگ بوویێت و هەندێ کات شێوازی جوانکاری سێ لایەنەمان پێکەوە دەست دەکەوێت.

**بەرگتێگرتنی رۆمانتیکی بەشێوازی کاتدرالی:**

دوای پەیدابوونی چیرۆکی (پشت کوڕەکەی نۆتەردام) پاریس[110] لە نووسینی فیکتۆر هۆگۆ، شێوازی گوتیکی ناوەند پلە بەپلە بوو بەگەورەترین سەرمەشق.

هەروەها تەلارسازانی ئەم سەردەمە، ئازادبوون لەوەی کە کۆشك و خانووەکان بەسەبکی گوتیك دروست بکەن، دارتاشان و هونەرمەندان لە توانایاندا بوو لەسەر بنەمای گوتیك کاربکەن. بەرگسازەکانیش شێوازی گوتیکیان لە جوانکاری کتێبەکاندا بەکاردەهێنا، تا ئەو رادەیەی کە هەموو روپۆشی بەرگەکە بەجوانکاری پڕ دەکرایەوە و لە شێوەی چوارچێوە و تۆڕی پەنجەرەکاندا بوو؛ هەروەها ئەم رازاندنەوانە لە وردەکاری تەلارسازی بەربڵاوی سەدەکانی ناوەڕاستدا دەردەکەوێت.

لە راستیدا، ئەم جوانکارییانە بەناوی شێوازی کاتدبرالی ناونراوە، جوزیف (تۆڤینین)یش حەزی لەم کارە کردبوو.

ئەم جۆرە جوانکارییانە بەرجەستە بوون، وەك بەرگەکانی سەدەکانی ناوەڕاست بەو رێگەیەی کە جوانکارییەکان سەرەتا لەسەر تابلۆیەکی بەردین هەڵدەکۆڵرا، هەروەها جوانکارییە بەرجەستەکانی

107- Bozerian
108- Restauration
109- Joseph Thouvenin
110- Notre Dame de Paris



توڤینین بەشارەزاییەکی کە ئاسا بەدەر ئەنجامدرابوو، لەگەڵ ئەمدا هەردوو بەرگساز پورگۆلد[111] ( و سیمێر[112] ئەم جوانکارییانەیان بە شێوەیەکی زۆر سەرنج راکێش بەکارهێنا.

**گەڕانەوە بۆ شێوازی کۆن:**

لەم کاتەدا شێوازی ئیمپراتۆری، پێ بەپێ لەگەڵ شێوازی کاندرالی دا سوودی لێوەرگیرا، گەرچی ئەم جوڵانەوەیە تەنها لە ماوەیەکی کەمدا دەرکەوت و پاش ماوەیەك درەوشانەوەی رۆژ بەرۆژی بەرگە کۆنەکان هۆکاری پەیڕەویکردن بوو لە شێوازی گرولیێ و نانفار[113] و لوگاسکون[114] و شێوازەکانی دی و زۆرکات بەشارەزاییەکی نکۆڵی نەکراوە دروست دەکرا. هەروەها هەوڵێکی مێژوویی بۆ زیندووکردنەوەی جوانکارییەکانی سەردەمی لویسی یانزەهەم خرایەگەڕ و شێوەی نوێی ئەم شێوازە لە نێوان ساڵەکانی ١٨٤٠و ١٨٥٠ لە ژمارەیەکی زۆر لە کتێبەکانی فەرەنسا و شوێنەکانی دیکەدا دەرکەوت. بەڵام لە بەرگی کتێبەکانی ئەڵمانیاو وڵاتانی ئەسکەندەنافیادا، زۆرتر شێوازی جوانکاری روکوکو[115] پەیڕەوی کرا سەرەڕای ئەوەی لەسەر روپۆشی دەرەکی بەرگەکانی لەسەر بەرگێکی نەرم بوویێت.

بەشێکی زۆر لە بەرگە هونەرییەکان، کە لە سەدەی نۆزدەهەمدا ئەنجام درا هێمای تەقلید و شوێنکەوتنی لەگەڵ بوو، بەجۆرێك زۆر بەکەمی داهێنانی نوێی تێدا بەدی دەکرێت. بۆ نموونە بەرگسازی گەورە بوزۆنێت[116] بۆ بەرگ تێگرتن شێوازێکی تایبەتی بەدیهێنا. هونەری جوانکارییەکەی لەو هێڵە ئەدیبانەدا خۆی دەبینێتەوە کە بەوردکارییەکی تەواو لەسەر رووی بەرگەکان بەناسکترین شێوە، و بەشارەزاییەکی زۆر چاپکراوە. تراوتنر[117]ی بەرگسازی قوتابی ئەو بوو و پەیڕەوی شێوازەکەی کرد و توانی دووبارە ئەم شێوازە بخاتەوە گەڕ و شکۆی رابردووی بگەڕێنێتەوە، و زۆری نەمابوو لە زیڕکاری و جوانکاریدا پێشی مامۆستاکەی بکەوێت.

111- Purgold
112- Simor
113- Fon Fares
114- Le Gascon
115- Rococo
116- Bauzonnet
117- Trautz

## بەرگتێگرتنی هاوچەرخ:

سوود وەرگرتن لە شێوازی سەردەمی رابردوو بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ ئەو هەلەی رەخساند بۆ بەرگسازان کە بگەڕێنەوە بۆ بەرگی کاشی شێوە و شێوە بەخشین بەبەرگەکان، ئەم شێوازانە لە نزیکەی ساڵی ١٨٧٠دا زۆرترین درەوشانەوەی هەبوو، بەهۆی ئەم شێوازە، روخسارێکی جوان بەرووپۆشی بەرگەکە دەدرا.

لە نێو مامۆستایانی هونەری بەرگسازیدا دەبێت ناوی ماریۆس - میشێل[118] و لیۆن گروێل[119] بهێنین. یەکەمیان جێگایەکی گەورەی لە مێژووی بەرگسازی فەرەنسی سەدەی نۆزدەهەمدا هەیە، ئەو سەردەمەی کە هونەری رازاندنەوە لە جوانکاری گوڵ و خونچەوە سەرچاوەی دەگرت، هەروەها دەیتوانی بەرگەکان بە شێوازی کاشی و جوانکاری ئاوی ئاڵتون دروست بکات. بەجۆرێك لەم بوارەدا پێشکەوت کە لەوە دەچوو لەسەردەمی راپەڕینی نوێی ئەورووپاوە بەجێ ماوە. لە پاڵ جیاکەرەوەی لە داهێناندا ناسراوە بەهاوئاهەنگی کردن و گونجاندنی جوانکاری و هێڵە گونجاوەکان لەگەڵ بابەتی کتێبەکەدا.

میشیل لە ساڵی ١٨٨٠ دەستیکرد بەبەرگگرتنی زنجیرەیەك کتێب کە یەکەمیان (داستانی فاوست)ە بەجوانکاری لەلایەن دولاکرواوە، و دوای ئەمە (داستانی چوار کوڕی ئایمۆن)ە[120] و لە بەناوبانگترین بەرگەکانی بەرگێکە کە بەهۆیەوە کتێبەکانی پاڕانەوە[121] رازاوەتەوە، پاشان لە ساڵی ١٨٩٠- دەستیکرد بە بەرگتێگرتنە گەورە و نوێیەکان و کارەکانی بەکتێبی (بەپێچەوانەوە)[122] لە نووسینی هویس مان[123] دەستپێکرد، یەکێك لە جوانترین بەرگەکان کتێبێکە بەناوی سروودی سروودەکان[124] لە وەرگێڕانی ئێرنست رینان[125] ئەم کتێبە بەشێك بوو لە کتێبەکانی شازادە مالبۆرۆ[126] هەروەها دانانی کتێبی: (مێژووی بەرگسازی فەرەنسی لە داهێنانی چاپەوە تا کۆتای سەدەی هەژدەهەم) دەدرێتە پاڵ ماریۆس میشیل - لە هونەری خۆیدا زانابوو..

---

118- Marius Michel
119- Leon Gruelle
120- Quatre Fils Aymon
121- Livresd, offices
122- A Rebours
123- Huys man
124- Cantiques des Cantqiues
125- Ernest Renan
126- Malborough



بەڵام بەرگەکانی لیۆن گروێل کە تا ئەمڕۆ کورەکەی درێژە بە شێوازەکەی دەدا بەهۆی توندوتۆڵی و درەوشانەوەی زێڕکاری ناوبانگی دەرکرد. بەجۆرێك کە ئەو لەریزی بەرگی میرسیر[127]ی کوڕیدا دادەنرێت.

بەڵام بەرگسازە هاوچەرخەکانی دیکەی فەرەنسی بریتین لە: دورو[128] و شامبۆل[129] و کاپی[130] و... کە هەموویان لاساییکەر و شارەزا بوون لە بەرگەکانی مامۆستایانی پێش لە خۆیاندا.

بەڵام لە ئەڵمانیادا، ئۆتۆ هوپ[131]ی شێوەکار لە بەناوبانگترین شێوەکارانی هەڵکۆڵراوە بە شێوازی سەردەمی راپەڕینی ئەڵمانی، بەڵام جوانکاری هەڵکۆڵراو لە فەرەنسا گرنگترین هەڵبژاردەکانی ئەم هونەرە ئۆجیست لیبەری هەڵکۆڵەری سەردار یان تێزاب و تیۆفیل ستینلین[132] بوون کە لە دوایدا لێی دەدوێن.

دەتوانین کۆمەڵێکی دی لەبەرگەکان بۆ ئەم ستایلە زیاد بکەین کە بەبەرگەکانی گویا[133] ناودەبرێت. ئەم بەرگانە لە فەرەنسا دەوروبەری ساڵی ١٨٨٠ بەدیهات و بەرگسازان بە شێوازێکی تارادەیەك دژوار هەوڵیان دەدا روویەکی لێکچوون لە نێوان جوانکاریی بەرگ و پەیام و ناوەڕۆکی کتێبەکە بخەنەروو. ئەم شێوازە بەرگسازیی رووەو شێوەکار یان وێنەکێش بوون راپێچ دەکرد و لە هەموو وڵاتەکاندا پەیڕەوی کرا. هەرچەندە زۆرکات ئاکامێکی ترسناکی لێ دەکەوتەوە، چونکە لەم شێوازەدا رەچاوی دیاردەی رووناکبینی نەدەکرا. ناودارترین هونەرمەندانی ئەم ستایلە لە فەرەنسادا مونێر[134] و کیفەر[135] و کوزان و پێتین[136] و مێرسێر بوون.

ئاشکرایە کە بەرگە ئینگلیزییەکان لە نیوەی سەدەی نۆزدەهەمدا کارتێکراوبوو بەنموونە فەرەنسییەکان. ئەم کاریگەرییە تاوەکو دوای نیوەی سەدەی نۆزدەهەمیش بەردەوام بوو، ئەم

---

127- Mercier
128- Duru
129- Chombolle
130- Cape
131- Otto Hupp
132- Theophils Steinlen
133- Reliures Parlantes
134- Maunier
135- Kieffer
136- Petit

کاریگەرییە بەتایبەت لە بەرگەکانی بەرگسازی داهێنەری فەرەنسی رۆبەرت - ریڤێر[١٣٧] و هاوکارە ئەڵمانییەکەی جوزێف زاندرۆفدا[١٣٨] بەرچاو دەکەوێت. لەگەڵ هەموو ئەمانەدا ناسینەوەی ئەم بەرگە ئینگلیزییانە ئاسانە. بەرگە ئینگلیزییەکان ئاڵۆزتر و کاغەزی روپۆشەکەی تونودوتۆڵتر و رێزکارییەکەی سوورتر دەردەکەوێت.

## بە پیشەسازی بوونی کتێب و کاردانەوەی هونەری

### سەرکەوتنی ئامێرە کارەباییەکان لە بەرهەم هێنانی کتێبدا:

لە نێوان تایبەتمەندییەکانی مێژووی کتێب لە سەدەی نۆزدەهەمدا، پێشکەوتنی بەرهەم هێنانی بەرچاوی کتێبە ئەدەبییەکان بوو. بۆ نموونە کاتێک بەرهەمی ساڵانەی ئەڵمانیا لە دەوروبەری ساڵی ١٨٠٠دا، گەیشتە نزیکەی ٣٣٠٠ کتێبی چاپی، بەبازدانێکی ئەدەبی لە نیوەی سەدەی نۆزدەهەمدا گەیشتە ١٠,٠٠٠ دانە و لە کۆتایی ئەم سەدەدا ئەم ژمارەیە زیادی کرد بۆ ٢٥٠٠٠ دانەی کتێب.

### بەکارهێنانی ئامێر:

ئەم پێشکەوتنە گرنگە لە بەرهەمهێنانی کتێبدا بەهۆی بەکارهێنانی شێوازی هونەری نوێ وگۆڕانی شێوازی دەستی بۆ شێوازی سوود وەرگرتن بوو لەئامێرەکان؛ هەروەها لە هەموو بوارەکانی دیکەی پیشەسازیدا ئەم گۆڕانکارییە روویدا. پێشکەوتنی سەرەکی بەداهێنانی ئامێری کاغەز دروستکردنی دەستیپێکرد، ئەم داهێنانە دەدەنە پاڵ رۆبەرتی فەرەنسی لە ساڵی ١٧٩٩ زایینیدا، هەروەها داهێنانی ئامێری پرێس لەلایەن فرێدریك گوینگ[١٣٩]ی ئەڵمانی لەساڵی ١٨١٠دا، ئەم داهێنانەش جێگای پرێسە دەستییە کۆنەکانی گرتەوە، بەهۆی ئەم ئامێرەوە و پاش زنجیرەیەك چاکسازی خاوەن چاپخانەکان توانییان ژمارەیەك زۆر لە نوسخەی کتێب لە کورتترین ماوەدا چاپ بکەن. لە دەوروبەری ساڵی ١٨٥٠دا لە نیۆیۆرك یەکەمین

137- Robert Riviere
138- Joseph Zaehnsdorf
139- Frederic Konig



ئامێری چاپی لولەکی دروستکرا، ئەم ئامێرە دواتر مارینۆنی[١٤٠] لە فەرەنسا چاکسازی بەسەرداهێنا.

### ئامێرەکانی پیت چنین:

ئامێرەکانی پیت چنین پێشکەوتنێکی نوێی لە پیشەسازی کتێبدا بەدیهێنا. تاقیکردنەوە سەرەتاییەکانی ئەم بابەتە دەگەڕێتەوە بۆ پیاوێکی دانیمارکی بەناوی کر. سۆرێنسین[١٤١]، گەرچی ئەو نموونەی کە سەرکەوتوو بوو لەم بوارەدا، ئامێری لاینوتایپ[١٤٢]، بوو کە سەعاتچی ئەڵمانی ئوتمار مێرگن تالیر[١٤٣] لە دەوروبەری ساڵی ١٨٨٥دا دروستی کردبوو. ئەم ئامێرەی کۆکردنەوەی پیتەکان، هەروەکو ئەو ئامێرانەی کە دواتر دروست کران، وەك ئامێری مۆنۆلاین[١٤٤] و تایپۆگراف و[١٤٥] ئامێرەکانی دیکەی هاوشێوەی ئەمانە بەجۆرێك دروستکرابوون کە دەتوانرا لەیەك کاتدا پیتەکان بڕژێت و لەیەك نووسیندا کۆیان بکاتەوە. کۆکردنەوەی پیتەکان بەهۆی پەنجەدانان لەسەر دوگمەیەك ئەنجام دەدرا. هەروەك چۆن ئەم دیاردەیە لە ئامێرە ئاساییەکانی تایپدا بەدی دەکرێت.

بەهۆی ئامێری لانیۆتایپەوە کە هەر نووسینێك لە کۆمەڵێکی سەربەخۆدا کۆدەکاتەوە، دەتوانرێت کاری چاپکردن ئەنجام بدرێت لە سێیەك یان چواریەکی ئەو ماوەیەی کە لە شێوازی کۆکردنەوەی پیتەکان بەهۆی دەستەوە بەسەر دەبرا.

لەبەر ئەم هۆیە، لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە ئامێری پیت چنین بەناوی مۆنۆتاپییەوە[١٤٦] کە پێشتر لەکاتی باسکردنی پیتەکانی گارامۆندا (لاپەڕە ) لێی دواین جیاوازە لە ئامێری لاینۆتایپ کە بەهۆیەوە دەتوانرێت نووسینی چاپکراوی ئامێری هەروەك پیت چنینی دەستی پیت بەپیت کۆبکرێتەوە.

ئەم پێشکەوتنە گەورەیە رەنگی دایەوە لە شێوازە پیشەسازییەکاندا بەتایبەت لە چاپکراوە هەرزان و تیراژ زۆرەکاندا و ئەو چاپانەی کە ئەنجامدانی کاتی زۆری نەدەویست و هەروەها ئەو

140- Marinoni
141- Chr. Sorensen
142- Linotype
143- Ottomar Mergenthaler
144- Monoline
145- Typograph
146- Mono type.

کتێبانەی کە زۆرکات چاپکردنی بەکەرەستەیەك دەکرا بەناوی ئامێری چاپی دوودیوی[١٤٧]، بەڵام لەو چاپە جوانانەی کە پێویستی بەگرنگیدانێکی تایبەت هەبوو، ئەو کتێبانەی کە بەتایبەت بۆ هاوڕێ و دۆستانی کتێب چاپ دەکرا، هەمیشە شێوازی پیت چنینی دەستی بەکارهێنراوە، و نوسخە ئامادە و ڕێکخراوەکان بەهۆی کەرەستەیەکەوە بەئەنجام دەگەیشت بەناوی کەرەستەی چاپی یەك دیوی کە تیایدا تەنها دەتوانرا یەك دیوی کاغەزەکە لەچاپ بدرێت.

لە پاڵ ئەم دوو شێوازەدا جۆری سێهەم و گرنگی ئامێری چاپ دەرکەوت کە بۆ چاپکردنی کتێبە ژمارە زۆرەکانی وەك کتێبی خوێندن و شانۆنامە بەربڵاوەکان بەکاردەهێنرا. مەبەستمان لەم ئامێرە ئامێری لولەکی خولاوەیە[١٤٨] کە لە چاپکردنی گۆڤارەکانیشدا بەکاردەهێنرا.

بەکارهێنانی ئامێرە جۆراوجۆرەکانی پرێس و کەرەستەکانی پیت چنین، گۆڕانکارییەکی تەواوی لەچاپدا بەدیهێنا. هەروەها دیاردەیەکی نوێی بەسەر چاپخانەکانی ئێستادا سەپاند وەك کارخانەیەکی لێکرد کە لە پێشدا بەم شێوەیە نەبوو.

**بڵاوکراوە دەورییەکان:**

سەرکەوتنی شێوازە پیشەسازییە نوێیەکان لە چاپکردنی بڵاوکراوە دەورییەکاندا کە لەوکاتەدا زۆر بڵاودەکرایەوە بایەخێکی تایبەتی هەبوو. چونکە دەوروبەری ساڵی ١٨٨٠دا نەك تەنها ڕۆژنامەکان سوودیان لەم داهێنانانە وەرگرت، بەڵکو ئەم بابەتە گۆڤارە هەفتانەکان و چەندین جۆر گۆڤاری دیکەی لەخۆگرت و هەروەها سوودیان لەو پێشکەوتنە خێرایانە وەرگرت کە لە بواری چاپدا بەدیهاتبوو و لە چاپکردنیاندا بەکارهێنرا.

گرنگی ئەم بابەتە کاتێك ئاشکرابوو کە گواستنەوەی چاپی وێنەکان لە شێوازە هێواشەکانی وەك هەڵکۆڵینی سەردار و چاپی بەردین، بۆ هەڵکۆڵین بەوێنەی هەڵکۆڵراوەوە وەك پێشتر باسکرا و ئەم کارەش لە ماوەی چەند کاتژمێرێکدا ئەنجام دەدرا- پەیدابوو. هەڵکۆڵەرانی سەردار باشترین هەلیان بۆ کارکردن لە گۆڤارەکاندا بەدەست هێنا وەك:

Illustriete zeitung

Illustrated London News, Magazin Pittoresque Le monde Illustre & I'llustration.

147- Machines a retiration
148- Rotatives.



ئەم گۆڤارانە ژمارەیەکی زۆر وێنەی جوانی هەڵکۆڵراوی سەرداری تێدایە لە پاڵ هەندێك وێنەی کەم بایەخی دیکەدا.

**کاردانەوە دژی بەکارهێنانی ئامێر – ولیام مۆریس:**

سەرکەوتنی ئامێرەکان لە بواری بەرهەم هێنانی کتێب، زیانی لە چۆنیەتی کارەکان گەیاند چونکە خێرایی ڕۆژ بەڕۆژی بەردەوام بەرهەم هێنانی کتێب ترسێك بوو کە هەستی جوانی ناسینی وێنەکێش و خاوەن چاپخانەکانی بریندارکرد و کاردانەوەیەکی توند لە دژی ئەم پشێوییە لە چارەکی کۆتایی سەدەی نۆزدەدا دەرکەوت.

ئەم کاردانەوەیە لەلایەن هونەرمەندانی ئینگلیزییەوە بوو کە دەگەڕانەوە بۆ گرووپی پێش رافائیل[١٤٩] و لە دەوری وێنەکێشانی وەك بورنێ جۆنس[١٥٠] و د.ج. روسیتی[١٥١] کۆبوونەوە. لە چالاکترین ئەندامەکانی ئەم گرووپە ولیام موریس بوو، ئەم کەسێتییە ناونیشانی وێنەکێش و تەلارساز و شاعیر و وروژێنەری کۆمەڵایەتیی لەگەڵدابوو.

لێهاتن و چالاکی ماندوونەناسانەی ئەو بوو بەهۆی ئەوەی کە لە دژی هێرشی وێنەکێشانی پێش رافائیل رابەرایەتی رۆحانی و عەمەلی لە ئەستۆ بگرێت. ئەوان بڕیاریان دابوو شێوازە سەرەکییەکانی وێنەکێشان زیندوو بکەنەوە و ئەو تایبەتمەندییەی کە باشترین بەرهەمەکانی رابردووی دیاری دەکرد دووبارە بیخەنەوەگەڕ.

**گەڕانەوە بۆ شێوازە جوانەکانی کۆن:**

ئارەزووی جەماوەری بۆ گەڕانەوە بۆ شێوازە کۆنەکان لە هەموو پیشەکان دا و زیندووکردنەوەی شێوازە جوانەکان کە شاکاری کەڵە هونەرمەندەکان بەوە دەناسرایەوە و هەروەها لە تەواوی ئەو شتانەی کە پەیوەندی بەژیانی رۆژانەوە هەبوو، پەیدابوو. لێرەدا تێڕوانینی شێوازی رۆمانتیکی وەك هونەری ناوەند پێ دەکەین.

موریس و هاوکارانی سەرقاڵی بوون بەکەلوپەلی ناوماڵ و فەرش و چنراوەکان و وێنەکێشانی سەرشووشەکان و هەموو ئەو شتانەی کە پەیوەندی بە جوانکاری ناوماڵەوە هەبوو.

149- Preraphaelistes
150- Bnrue jones
151- D.G. Rossetti

ئەم هونەرمەندانە هەموو شێوازی پێستە کۆنەکان لە هەموو بوارە جۆراوجۆرەکاندا فێربوون و سەرچاوەی ئیلهامیان هەروەك ولیام بلیك و گرووپەك لە هونەرمەندانی ڕۆمانتیکی دیکە شێوازی گۆتیك بوو. تەنها، موریس لە دوایدا لە بواری کتێبدا خۆی سەرقاڵ کرد.

## کتێب ڕازاندنەوەی مۆریس:

مۆریس لە چاپخانەی چیس ویك[152] کە لەچاکترین چاپخانەکانی شاری لەندەن بوو چاودێری چاپکردنی ژمارەیەك کتێبی دەکرد پاشان لە ساڵی ١٨٩٠ لە زەوی و زارەکانیدا- موڵکەکانی کێلم سکۆت[153] لە کەنار ڕووباری تایمز- چاپخانەیەکی تایبەتی دامەزراند کە هەمان چاپخانەی بەناوبانگی کێلمسکوتە. لەم چاپخانەیەدا نزیکەی ٤٠ کتێبی بەچاپ گەیاند.

ئێستا ئەم کتێبانە وەك جاران لەلایەن هاوڕێ یان کتێب دۆستانەوە زۆر گرنگیی پێدەدرێت. موریس نموونەکانی لە ڕابردووەوە وەرگرتبوو، هەروەها بارودۆخەکە لە بوارەکانی دیکەدا بەهەمان شێوە بوو. تەنانەت پیتە ڕۆمییەکانیشی کە ناسرابوو بەپیتی ئاڵتونی لەلایەکەوە لە شێوازی نیکۆلاجۆنسۆن و لەلایەکی دیکەوە لە جۆری گۆتیك (شێوازی چوسێر[154] و ترۆی[155]) هاوشێوەی نموونەکانی قۆناغی سەرەتای چاپ، هەڵهێنجرابوو. لە جوانی ڕیشدا گەڕایەوە بۆ هەمان ئەو سەرچاوانەی کە پەڕەکان بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش دەرازێنرایەوە. لاکانی لە لق و پۆپی دارمێو پێك دێت و لەسەردار هەڵکۆڵراوە و ئەو پیتە ڕۆمانییانەی کە لە کتێبە چاپییەکاندا بەکاری هێناوە، هەمووی کارتێکراوە بەهونەری هەڵکۆڵینی سەرداری سەردەمی ئالدومانوچی[156]. بەڵام سەرنج ڕاکێشترین بەرهەمەکانی، چاپی گەورەی چوسێد بوو کە وێنەکانی بورنێ جۆنس کێشابووی لە کتێبی هونەری مۆریسدا کە پیتی گەورە و ڕازاندنەوەی باڵای هەیە، توندوتۆڵی و ڕێگایەك بەرچاو دەکەوێت کە کاریگەرییەکی جوانکاری و بەهێزی هەیە. سەرەڕای پشت بەستن بەدەستکەوتنەکانی سەردەمانی ڕابردوو، بەرهەمەکانی لە ڕیزی بەرهەمە وەرگیراوەکان دانانرێت. بێگومان

152- Chiswick.
153- Kelmscott manor.
154- Chaucer
155- Troy
156- Aldo Monucci



کارەکانی بەدرێژای چالاکی و جموجۆڵەکانی تۆوی شێوازێکی ئاڵۆزی لەگەڵدا کە زۆرێك لە پەیڕەوی کەران و لاسایی کەرەوانی نەیاندەتوانی لێی بەدووربن.

## هاوکارانی مۆریس لە ئینگلتەرا:

چەندین ساڵ پێش مۆریس دەست بداتە بڵاوکردنەوەی کتێب، کاردانەوەیەك لە دژی ئەو پیتە باریکانەی کە دوور بوو لە داهێنان، ڕوویدا. زۆری نەخایاند پیتە ڕۆمییەکان بەشێوازی کاسلۆن[157] دووبارە لە چاپخانەیەکدا بەناوی چیس ویك - وەك باسکرا - بەکارهێنرا هەروەها دکتۆر دانیل دووبارە پیتەکانی قەشە فیل[158]ی بەکارهێنا کە دەگەڕایەوە بۆ سەدەی حەڤدەهەم و بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ ئەم پیتانە فەرامۆش کرابوون. مۆریس تا ئەو کاتەی کە زنجیرەیەکی تەواو لە چاپی تایبەت دەست نەکەوت و چەندین کتێب لەو جۆرە بڵاونەبوویەوە کە هەموویان دەرخەری زەوقێکی ئاڵۆز و هاوئاهەنگ بوو لەگەڵ شێوازی کۆندا، هەڵنەستا بەکردنەوەی چاپخانەکەی. سەرەڕای ئەو کتێبە جۆراوجۆرانەی کە لەلایەن چارلس ریکێتەوە[159] لە چاپخانەی ڤەیل[160] و جۆن هورن بی[161] لە چاپخانەی ئاشێندین[162] و کوبن ساندرسون[163] ئیمری واڵکەر[164] و لە چاپخانەی دۆڤس[165]... بەم شێوازە چاپکران، و هەموویان ئەو خاڵە جیاکەرەوەیان هەبوو کە گەڕابوونەوە بۆ شێوە چاپییەکانی خاوەن چاپخانەکانی قۆناغی ڕێنسانس، و هەموویان ئیلهامیان لەو بنەمایانە وەرگرتبوو کە مۆریس بەمەبەستی دۆزینەوەی کاریگەرییەکی جوانکاری لە پیتچنیندا هەوڵی دابوو. چالاکی ئەم چاپخانە تایبەتانە و لەو ساڵە دیاریکراوانەدا سنووردار بوو بەچاپخانە گەورەکان، و کاریگەرییەکی نکۆڵی نەکراوی لەسەر پێشکەوتنی چاپ لە وڵاتی ئینگلتەرا بەجێ هێشت.

157- Caslon
158- Fell
159- Charles Rickett
160- Vale
161- John Hornby
162- Ashendene
163- Cobden Sanderson
164- Emry Wolker
165 Doves

**چاپی هونەری لە ئەمەریکا:**

لەگەڵ هەموو ئەمانەدا لەم رۆژگارەی ئێمەدا ئەمریکا لە بواری چاپدا گەیشتووەتە ئاستی وڵاتەکانی دیکە، ئینگلیزەکان لە ساڵی ١٦٣٠دا پیشەسازی چاپیان گەیاندە کەنارەکانی دیکەی زەریای ئەتڵەسی. لە سەدەی هەژدەهەمدا، یەکێك لە باشترین نوێنەرەکانی ئەم پیشەیە لە ئینگلتەرادا کەسێك بوو بەناوی بینجامین فرانکلین و ماوەیەك لە ئینگلتەرادا کاری کرد و، پاشان بۆ ماوەیەکی دووردرێژ لە فیلادلفیا نیشتەجێ بوو. چاپی ئەمریکی تەنها لەم ساڵانەی دواییدا تایبەتمەندییەکی دیاریکراوی دەستکەوت، بەتایبەت لەکاتی دەرکەوتنی ئەو پیتانەی کە بەداهێنانی فریدریك و گودی[١٦٦] و بروس راجێرس[١٦٧] لە پیتەی رۆمی جۆنسۆن و قاڵبەکانی دیکە گوازرایەوە.

**بەرگە هونەرییەکانی ساندەرسۆن:**

ئەندامێکی دیکەی رێکخراوی مۆریس کوبدن ساندەرسۆن بو کە دامەزرێنەری چاپخانەی دۆڤس بوو - وەك لێی دواین - کاری ساندەرسۆن تەنها چاپکردن نەبوو، بەڵکو بەتایبەت بەهۆی بەرگە هونەرییەکانییەوە ناوبانگی دەرکرد کە لە کارخانەکەیدا کە ناسراوبوو کە کارخانەی بەرگسازی دۆڤس لە هامەرسمیس[١٦٨] نزیك شاری لەندەن دروست دەکرا. جوانکاری بەرگەکانی دافر پشتی بەستبوو بەبنەما جوانکارییانەی کە بەرگسازی رابردوو رەچاویان دەکرد. بەدەستی خۆی جوانکارییەکانی وێنە دەکێشا و هەمیشە میانڕەوی لەکارەکانیدا دیاربوو. لەبەرئەوە تارادەیەکی زۆر لە هاووڵاتی خۆی رۆجەر پاین[١٦٩] دەچێت. ساندەرسۆن لە بواری کتێبسازی ئینگلیزیدا ناوبانگی دەرکرد کە شان بەشان بوو لەگەڵ ناوبانگی ولیام مۆریس لە بواری چاپدا. ژمارەیەك لە قوتابییەکانی وەك دۆگلا کۆکرێل[١٧٠] چەندین داهێنانی سەرکەوتوویان خوڵقاند کە پەیامی باڵای شێواز و نەمری ئەومان بەبیر دەهێنێتەوە.

166- Frederic.W. Goudy
167- Bruce Rogers
168- Hommersmith
169- Roger Payne
170- Douglas Cockerell



## کتێب رازاندنەوەی هاوچەرخ لە ئەورووپادا

**جوڵانەوەی نوێیەکان و کتێب رازاندنەوە لە ئەڵمانیا:**

زۆری نەخایاند کاریگەری ئەو جوڵانەوەی کە مۆریس دەستی پێکردبوو بە ئاشکرا لە هەموو ئەورووپادا وەدەرکەوت. ئەم کاریگەرییە لە بەلجیکا و فەرەنسادا دەبینین. بەڵام لە ئەڵمانیا زۆر رونتر ئەم کاریگەرییە هەست پێ دەکەین.

**پەرەسەندنی چاپ:**

ئەڵمانییەکان لە ساڵانی ١٨٨٠ تا ١٨٩٠ پەیڕەوی ئەو شێوازەیان دەکرد کە لەسەردەمی رێنسانس و سەدەی شانزدەدا رەواجی هەبوو. ئەو پیتانەی کە زۆرکات سوودی لێوەردەگیرا پیتەکانی شواباخ[١٧١]بوو. مەبەست لەمەدا ئەمەبوو کە نیگایەکی ئەڵمانی و کۆن بەکتێبەکان ببەخشن.

بەڵام ئەو پیتانەی کە بە شێوەیەکی گشتی بەربڵاوبوو پیتێکی شکا و بێ گیان بوو کە کەمتر داهێنانی هونەری تێدا بەدی دەکرا. ئەم پیتانە بەچوارچێوە و جوانکاری شێوە گوڵی هەبوو کە بایەخێکی هێندەی نەبوو و چی دی زۆر بەکارنەدەهێنرا.

لەگەڵ هەموو ئەمانەدا، لە ساڵی ١٨٩٥ بەرەبەرە کاریگەری ئینگلیزی دەرکەوت و سوود وەرگرتن لەو پیتە پتەوانەی کە لە قاڵبێکی کۆندا دادەڕێژرا زیادی کرد. جگە لەوەی کە لە پیت چنینی دوو لەیەکەوە بۆ پیت چنینی پێکەوە نوساو و تەسکتر کە زۆر بەپتەوی دەکەوتە بەرچاو، راگوێزران.

**وێنەسازی:**

لە نێو وێنەکێشاندا دەبێت ناوی جۆزێف ساتلار[١٧٢] بهێنین کە بەهۆی هاوبەشی کردن لەگەڵ کەسانی دیکەدا لە چاپکردنی پڕ بایەخی کتێبی سروودی نیبلونگن[١٧٣] (ساڵی ١٩٠٠) ناوی دەرکرد و هەروەها پێویستیشە ناوی میکلیۆر لێختەر[١٧٤] بهێنین. ئەم دوو کەسە وەك مرویس کارتێکراوبوون بەهونەری میانڕەوی. لێختەر پێش هەر شتێك بەهۆی وێنەکانی کە بۆ

171- Schwabach
172- Joseph Sattlor
173- Chant de Nibelungen
174- Melchior Lechter

کتێبی خەزێنەی هەژاران[١٧٥] لە نووسینی مێتەرلینك[١٧٦] کێشابووی ناوبانگی دەرکردبوو. کارەکانی نموونەیەکە لە جولآنەوەی کتێب رازاندنەوەی ئەڵمانی رووەو کاریگەری پڕ بایەخ گۆڤاری هونەری بەناوی پان[١٧٧] کە لە ساڵی ١٨٩٥دا دەرچوو و ماکس کلینگەر[١٧٨] و کۆمەڵێك هونەرمەندی لاو بەشدارییان تێدا دەکرد، هەروەها بەهۆی خزمەتکردنی بەجولآنەوەی نوێی پیشەسازی کتێبی ئەڵمانی ناوبانگی دەرکرد. بەڵام لەنێو بڵاوکەرەوەکاندا گۆڤاری ئێنسێل[١٧٩] بوو بەهۆی پەرەسەندنی ئیوگێن دیتریکس[١٨٠]و رێکخراوی ئیسێل. و سوای کیلینگەر - هونەرمەندی ئەفسانەیی، ت. ت. هاینە[١٨١]ش بۆ گرۆی یان دەگەڕێتەوە، و لەکارەکانی کۆمەڵێك وێنەی سەر بەرگەکان بەی دەکرێت، کە خاوەنی بەهایەکی هونەری بەنرخە، و لە هاوئاهەنگی بەتینی نێوان ئەو و هونەری نوێ وێنەکێشانی سەر دیوارەکان جەخت دەکاتەوە و ئاشکرای دەکات.

ناوبردنی بەناوبانگترین هونەرمەندی کتێب کە بەهەمەڕەنگی و زۆری بەرهەمەکانی لە ئەڵمانیادا بەناوبانگ بوو واتە، ماکس سلیڤۆکت[١٨٢] کارێکی پێویستە، ئەم کەسایەتییە بەتایبەت کاری وێنەکێشانی ئەنجامدا بۆ زنجیرەیەك کتێبی گەورە کە بەهۆی دوو بڵاوکەرەوە بەناوی پاول و برونۆ کلاسیرێر و[١٨٣] بڵاوکرایەوە و ئەم کارانەش لەسەر بەرد یان بەهۆی ئۆکسیدی سوتێنەرەکانەوە بەئەنجام دەگەیشت. ئەم وێنانە بەهۆی کاریگەری بەهێز و هاندانی بینەر بۆ بیرکردنەوە، لە ریزی باشترین داهێنانەکانی چاپی ئەڵمانیا دادەنرێت. بەهۆی هەڵکەوتن و لێهاتوویی زۆری گەیشتە ئەو ئاستەی کە توانی کتێبەکانی گوتێ و داستانەکانی کریم[١٨٤] و چیرۆکە هیندییەکان یان داستانە پۆلیسییەکانی کوپەر[١٨٥] وێنە بکات.

---

175- Le Tresor des Humbles
176- Maeter linck
177- Pan
178- Max Klinger
179- Insel
180- Eugen Dietrichs
181- Th. Th. Heine
181- Max Slevogt
182- Paul & Bruno Classirer
184- Grimm
185- Cooper



بەڵام ماکس لیبەرمان[١٨٦] کە ئەویش شێوەکارێکی قوتابخانەی ئیمپرسیونیزم و هاوسەردەمی سلیڤۆکت بوو، توانی ئەوپەڕی لێهاتوویی خۆی بخاتەگەڕ بۆ وێنەکردنی کتێبەکانی گوتێ و هاینە و کتێبی ((داستانە کورتەکان))[١٨٧] لە دانانی کلایست[١٨٨]. بەڵام شیلەر بۆ کتێبەکانی شێوەکارێکی لێهاتوو و لەسەر خۆی دۆزییەوە ئەویش هونەرمەندی وێنەکێش هانس ماید[١٨٩]ەو بەتایبەتی توانا شارەزایی خۆی لە وێنەکانی چاپی سەر بەردی کتێبی ((والینشتان))[١٩٠]دا پیشاندا.

**هونەرمەندە خاوەن چاپخانە هاوچەرخەکان:**

لە سەرەتای سەدەی نوێدا، چەندین چالاکی لە بواری چاپ و داهێنانی پیتی نوێ دەستی پێکرد و پێشانگای نێودەولەتی پاریس کە لە ساڵی ١٩٠٠دا کرایەوە و کۆبوونەوەی جەژنی ٥٠٠ ساڵەی گوتێنبەرگ، لەم بوارەدا و لە ئەڵمانیا زیاد لەهەر شوێنێکی دیکە کاریگەری خۆی بەجێهێشت لەنێو ئەو هونەرمەندانەی کە تەواوی توانای خۆیان بۆ ئەم بوارە تەرخانکردبوو هونەرمەندان ئوتۆهوپ وەك پێشتر لێی دواین - و پیتەر بارێنس[١٩١] و ئوتوییێکمان[١٩٢]و ڤ. ه. ئیمێك[١٩٣]، هایزیك[١٩٤] و ف. و. کلوکێنس[١٩٥] بوون. ا. ر. وایس[١٩٦] و والتەر تیمان[١٩٧]کە هەردووکیان بەشێوازی ئیمپراتۆری ئەڵمانی و بەپیتی کۆن کاریان دەکرد، هەروەها پۆشێلی[١٩٨] بڵاوکەرەوە لە شاری لایب زیك و رودۆلف کوخ[١٩٩] کە لەوانەیە لەڕووی داهێنانەوە لە ئەوانی دیکە پایەی بڵندتر بووبێت، دەتوانرێت زیاد بکرێتە سەر ئەو ناوانەی سەرەوە.

---

186- Max Lieberman
187- Kleine Schriften
188- Kleist
189- Hans Meid
190- Wallenstein
191- Peter Behrens
192- Otto Eckmann
193- F. H. Ehmeke
194- Heinrich Jost
195- F.W. Kleukens
196- E.R.Weiss
197- Walter Tiemann
198- Poeschel
199- Rudolf Kock

شایەنی باسە تەنها ژمارەیەکی کەم لەم پیتە رۆمی و شکاوانە، کە ئەو هونەرمەندانەی سەرەوە بەکاریان هێنا و ئەو پیتانەی کە بۆ مەبەستی برەودانی پیتە گەورەکان هێنرایەکایەوە، توانییان لە پیتەکانی دیکە باڵاتربن. ئەگەرچی لەلایەکی دیکەوە شایەنی لەم جۆرە گرنگی پێی دانە نەبوو، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی باڵایی هونەری ئەڵمانی لە بواری کتێب و تێڕوانینی توند بۆ بەکارهێنانی رەنگە نوێکان شایەتحاڵی ئەم بابەتەن. لە ساڵەکانی دواتردا ژمارەیەکی زۆر لە چاپخانە تایبەتەکان درەوشانەوەیەکی فراوانیان بەخۆوە دی، و لە نێوانیاندا چاپخانەی کراناك[٢٠٠] لە وایمار[٢٠١]، و چاپخانەی برێمەر[٢٠٢] لە میونیخ و چاپخانەی جونیپیرۆس[٢٠٣] لە شتوتگارت[٢٠٤] و چاپخانەی راتیو[٢٠٥] لە دارمستات و[٢٠٦] و چاپخانەکانی رۆدۆلفینی[٢٠٧] لە شاری کلونکەر و چاپخانەی روپرێخت[٢٠٨] بوو. ئەم چاپخانانە لە بەرامبەر هونەرمەندانی کتێبی ئەڵمانیدا رووبەڕووی چەند کێشەیەك بوونەوە، کە گرێ کوێرەکانی ئەم کێشانە بەدەست و پەنجەی ئەم هونەرمەندانە دەکرانەوە.

ئەم شێوازە نوێیە لەکاتێکی تارادەیەك نزیکدا گەشەی کرد، و شێوازێك بوو کە ناسراوبوو بەچاپی بنچینەیی[٢٠٩]. و بەهۆی هاوڕێبوون لەگەڵ هونەری زێڕکاریدا و لە بواری چاپی ئەڵمانیدا پێشکەوتنێکی خێرای بەخۆوە دی. بەڵام تایبەتمەندییەکانی بەم شێوازە سنووردارکرابوو لەلایەکەوە بەرەنگ کردنی کاغەزەکە بەهەمان گرنگی رەنگی سەرەکی نەخش و وێنەکان و لەلایەکی دیکەوە ئەو پێیانە بەکاردەهێنرا کە لە چاپی بازرگانیدا بوو بەکارێکی ئاسایی.

**هونەری بەرگسازیی نوێ:**

زۆرێك لەو هونەرمەندانەی کە پێشتر ناومان هێنا، چالاکیشیان لە بواری بەرگسازیدا خستبوویە گەڕ، و هەروەها توانییان هونەری بەرگسازی ئەڵمانی لەو قەیرانە رزگار بکەن کە بەدرێژی بەشێکی زۆری سەدەی نۆزدەهەم بەسەریدا سەپابوو.

200- Cranach
201- Wiemer
202- Bremer
203- Juniperus
204- Stuttgart
205- Ratio
206- Darmsta
207- Rudolfini
208- Rupprecht
209- Typography.



هونەرمەندانی وەك وایس ویمان و ئیمیل و هۆگۆ شتاینەر - پراگ[٢١٠] و ئێریك گرونەر[٢١١] لە وێنەکێشانی زۆرێك لە کتێبەکاندا رۆڵیان گێڕا. جگە لە کتێبی بڵاوکەرەوەکان، کە لە سەردەمی ئێمەدا زۆر بەکاردەهێنرێن، یان ئەو کتێبە گرانبەهایانەی کە بەپێی داوا و بەشارەزاییەکی زۆر بەلێهاتنێکی فراوانی بەرگسازانی وەك پاول کریستێن[٢١٢] فرانز وایسی[٢١٣] و و. کۆلین[٢١٤] و پاول ئادەم[٢١٥] و چارلس سۆنتاگ[٢١٦] و ئێرنست دروفنەر[٢١٧] و ئیگناس وایملەر[٢١٨] لە شاری لایب زیك و جێگاکانی دیکە دروست دەکران لەگەڵ هەموو ئەمانەدا ناتوانرێت بوترێت کە هونەری بەرگ تێگرتنی ئەڵمانی تا ئەوکاتە بەهیچ ئاکامێك گەشتبێت کە بتوانرێت لەگەڵ ئاکامی بوارەکانی دیکەی هونەری رازاندنەوەی کتێبی ئەڵمانیدا بەراورد بکرێت.

**کتێب رازاندنەوە لە وڵاتانی ئەسکەندەنافیا و ئینگلتەرا:**

لە ساڵی ١٨٨٠دا بەرهەمی کتێب لە وڵاتەکانی ئەسکەندەنافیا پێشکەوتنێکی زۆری بەخۆوەدی. و رابەرایەتی ئەم جوڵانەوەیە لەژێر دەستی هونەرمەندی هەڵکۆڵەری داری دانیمارکی ف. هێندرێکسن[٢١٩] و لە سویدیش لەژێر دەستی و. ناکرسۆن[٢٢٠] بوو. لەم دوو وڵاتەدا، وەکو ئەڵمانیا زیاتر رەچاوی پیت چنین دەکرا تاوەکو خودی پیتەکان و زۆرکات پیت چنین کێبڕکێی وێنەکێشانی دەکرد.

وڵاتانی ئەسکەندەنافیا ساڵانێکی دوورودرێژ هەموو کەلوپەل و مەوادی سەرەتایی چاپیان لە ئەڵمانیا دەکڕی. لە ساڵانی دواتردا ئەم وڵاتانە چەندی پیتیان لە وڵاتانی دیکەدا بەکارهێنرا.

210- Hugo Steiner – prag
211- Erick Gruner
212- Paul Kersten
213- Franz Weisse
214- W. Collin
215- Paul Adum
216- Charles Sontag
217- Ernest Drofner
218- Ignaz Wiemler
219- F.Hendriksen
220- W. Zachrisson

دەتوانین وێنەسازانی وەك - سوای سكۆڤگارد و تێگنەر[٢٢١] كە پێشتر ناومان هێنا - ڤالدیمار ئەندرسۆن[٢٢٢] و ئاكسێل نیاگارد[٢٢٣] زیاد بكەین سەرناوی وێنەكێشانی دانیماركی. لە سوید هونەرمەند، ئاك كوملیان[٢٢٤] و یەنگ بێرگ[٢٢٥] بەباشترین هونەرمەندانی كتێب لە قەڵەم دەدرێن. گەورەترین هونەرمەند لە نەرویج. وارین شول[٢٢٦]ە كە ناوبانگی بەهۆی ئەو وێنانەوەیە كە بۆ كتێبە شیعرییەكانی كۆن[٢٢٧] وێنەكردبوو.

لە دانیمارك بەهۆی ئەو هاوكارییە بەتینەوەیە كە لە نێوان مامۆستایانی ئەم هونەرەدا و دەستەیەك لە ناودارترین هونەرمەندانی جوانكاری وەك بێندیسبۆل[٢٢٨] ویواكسیم سكۆڤگارد و هانس تنگەر هەبوو، ئەم هونەرە جیادەكرایەوە. بەرگسازی دانیماركی بەهۆی ئەم كاریگەرییە دوو لایەنە گەشتە ئەو رادەیەی كە سەرنجی بیانییەكانی بەرەو لای خۆی راكێشا؛ هەروەها كارەكانی بەرگسازی سویدی گۆستاڤ هێدبێرگ[٢٢٩] هەمان بارودۆخی هەبوو. لە ئینگلتەراش لە ساڵەكانی كۆتاییدا هونەرمەندان كەوتنە هونەری شێوەكاری، بەڵام بەگوێرەی وڵاتانی دیكە لە ئاستێكی كەمتردا بوو. بەڵام ئەوان بەپێچەوانەی ئەوانەی كە باسمان كرد پرۆژەی چاپی پوختەیان بۆ كتێبەكان زۆر جوان و بەتین كرد.

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا ئەمە نەبوویە هۆی رێگری لە دەركەوتنی چەندین هونەرمەندی ناوداری ئینگلیزی وەك ئۆبری برێد سلێی[٢٣٠] ئەو هونەرمەندەی كە هونەرەكەی رەنگدانەوەی ئەندێشە نادیار و ناكاوەكانی بوو كە پێی ناسرابوو. لە نێو وێنەكانیدا چەند وێنەیەك هەیە كە بۆ رۆمانی ((سالومە)) كە لە ئۆسكار وایڵد[٢٣١] دروست كراوە و هەروەها لە نێو شێوەكاراندا. و نیكۆلسۆن[٢٣٢] هەیە كە وێنەسازی كتێبی ((نموونەی لەندەن))[٢٣٣]ە و لە ساڵی ١٨٩٨دا بڵاوكرایەوە و چەندین كتێبی دیكە هەیە كە بۆ ئەو دەگەڕێتەوە.

---

221- Skovgaard, Tegner
222- Valdemar Andersen
223- Axel Nygaard
224- Akke Kumlien
225- Young Berg
226- Werenshiold
227- Sagas
228- Th. Bindes Boll
229- Gustav Hed berg
230- Aubrey Beardsley
231- Oscar Wilde
232- W. Nicholson



**كتێب رازاندنەوە لە فەرەنسا:**

كتێبە هونەرییەكان لە نزیكەی ساڵی ١٨٨٠دا لە فەرەنسا پێشوازییەكی گەرمی لێكرا هەروەك ئەوەی كە ئەمڕۆ لە كتێبە وێنەدارەكان دەكرێت. لەبەر ئەمە ئەم كتێبانە رەونەقێكی زۆری هەبوو.

ئەم رەوتە هێشتا تاوەكو رۆژگاری ئەمڕۆ درێژەی هەیە، بەجۆرێك كە وێنەكان تەنها بەكتێبە كۆنەكانەوە نەبەستراوەتەوە، بەڵكو دزەشی كردووە بۆ كتێبە هاوچەرخە ئەدەبییەكان. لەسەردەمی ئێمەدا كتێبەكان لە شێوەیەكی كورت و گشتگیردا كە رۆحی ئەدەبی و شێوازە هونەرییەكان لە خۆ دەگرێت دەخرێتەڕوو.

لەگەڵ هەموو ئەمانەدا، ئەو دیاردەیەی كە ئەم هونەرەی تێدا ئاشكرا دەبێت، دیمەنێكی هەمەڕەنگی هەیە تاڕادەیەك كە زۆركات دیاریكردنی ئاماژە گشتییەكانی جەماوەر دژوار دەبێت. تێبینی دەكەین هەر لێرە و تاوەكو دواتریش لێكۆڵینەوە لە هونەری كتێبی هاوچەرخدا بۆمان دژوارو قورس دەبێت. چەندین بەربەست هەیە كە دەبێتە هۆی ئەوەی كە لێكۆڵینەوە لەم بوارەدا زۆر وتەمان نەبێت. لەبەرئەمە ئەگەر ئەم بەشە لە مێژووی كتێب ئاڵۆزتر دەردەكەوێت لە بەشەكانی دیكە، بەتایبەت سەبارەت بەسەردەمە كۆن و رابردووەكان، هۆكاری ئەمەش ئەوەیە كە بەرهەم هێنانی كتێب لەم پێنج ساڵەی كۆتاییدا زۆر فراوانە و، ئەو بایەخە تایبەتەی كە ئەم بەرهەمانە بۆ لایەنگران و دۆستانی كتێبی ئەم سەردەمەیان هەبوو لەم بوارەدا كاریگەر بووە. بەشێك لەو كتێبانەی كە لەم ماوەدا بڵاوبوونەوە دەبوو لە ریزی كتێبە لاسایی كراوەكاندا دابنرێن وەك ئەو كتێبانەی كە جواست[٢٣٤] بڵاوی كردەوە و ئەو كتێبانەی كە ٣٠ وێنەی هەڵكۆڵراو بەتیزاب رازابوویەوە و ئەو كتێبانەی كە جۆری بیركردنەوەی سەردەمی هەژدەهەمی لەگەڵ دابوو.

**چاپەكانی ئیدوارد پێلیتان:[٢٣٥]**

لە بەرامبەر ئەم بەرهەمانەدا، دواتر لە ساڵی ١٨٩٦ بڵاوكەرەوەیەك بەناوی ئیدوارد بێلیتان پەیدابوو، كە چالاكییەكانی كاریگەرییەكی ئاشكرای هەبوو لەسەر ئاوەڵاكردنی گۆڕەپانێكی فراوانی بەرهەمی هونەری لەبەردەم گرووپەكی زۆر لە وێنەسازان و وێنەكێشاندا. لەنموونەی ئەوانە دانیال ڤێرج[٢٣٦] و ئی. گراسێ[٢٣٧] و ئەی لورو[٢٣٨]. و هەروەها هەڵكۆڵەرانی

---

233- London types
234- Jououst
235- Edouard Pelletan
236- Danial Vuerge

سەرداری وەك كلیمانت- بالانجێر[٢٣٩] و فرۆمان[٢٤٠] و كوڕەكەی فلۆریان[٢٤١] و براكەی و بیریشون و نۆبێرت[٢٤٢] دوپلێسی[٢٤٣] و جولیان تینار[٢٤٤] ناویان هەبوو. ئیدوار پێلیتان هەمیشە ئەزموونی بەردەوامی هەبوو، لە نێوان ناوەڕۆكی وێنەكاندا ڕێكخستنێكی دروست دەكرد. بەپێی بەرنامەیەك كە دەیگوت ((وێنەكردنی كتێب، ڕاڤەیەكە بۆ ناوەڕۆك و جوانكارییەكە بۆ كتێب)) كاری دەكرد. ئەم بڵاوكەرەوەیە وەك مامۆستاكەی ئۆگۆست كۆنت، كەسێتییەكی ڕۆشنبیر و ئارەزوومەندی نوجیك و ڕێكخستن بوو. بەبزاوتنێكی كلاسیكی و شوێن پێ هەڵگرتنی شێوازە نوێیەكان كاری دەكرد و بۆ چاپكردنی كتێبەكان ماندوو نەناسانە ئەم شێوازانەی لەگەڵ شێوازە كۆنەكان بەتەواوی ڕێكدەخست. لە هەگبەی كارەكانیدا كە لەساڵی ١٩١٢دا كۆتایی پێهات وەك بڵاوكەرێك توانی نزیكەی هەفتا كتێب و تابلۆ بڵاوبكاتەوە، كە هەموویان لەوپەڕی جوانی و توندوتۆڵی بەرهەمی هونەری دابوون. سەرەڕای ئەوەی، بەیارمەتی ناخی ڕەخنەگری و بیردۆزی تایبەتی خۆیەوە، لە چەمكی تەعبیری پیشە چاپییەكانەوە، چەند نموونەیەكی نوێی لە پیتەكان دروستكرد كە پێشەكییەك بوو بۆ پێشكەوتنێكی زۆر كە لە كۆتایی سەدەی ڕابردوودا لە بواری چاپدا ناسراوە. بیروڕاكانی رووەو دەرەوەی فەڕەنسا ڕێچكەی بەست و هاوڕێیانی هاوچەرخی كتێب وەك بنچینەیەك پەسەندیان كرد.

لەبەرئەوە پێویستە، قبووڵی بكەین كە ئەم بڵاوكەرەوەیە لە بواری كتێبی هونەری فەڕەنسی هاوچەرخدا پشكێكی فراوانی هەبووە. زاوا و جێنشینی ئەو ڕێنێ هێلو[٢٤٥] پەیڕەوی كرد و چەندین كتێبی پەخش كرد كە لایەنی هونەری چاپ بەزەقی دیاربوو؛ بەتایبەت كۆمەڵە كتێبە فەڕەنسییە كۆنەكان، و كتێبەكانی ئمیل ڤێرهارین[٢٤٦] و كتێبی چەژنە تاقەت ووروژێنەكان[٢٤٧]

---

237- E. Grasset
238- A. Leroux
239- Clement – Bellenger
240- Froment
241- Florian
242- Aubert
243- Duplessis
244- Julien Tinayre
245- Rene Helleu
246- Emile Verhaeren
247- Fetes Galantes



لە دانانی فێرلێن[٢٤٨] هەروەك جۆن دواتر بەشداری كرد لە بڵاوكردنەوەی كتێبی مێژوویی مانون لێكسو و شێمالیێری گرێو[٢٤٩] لەگەڵ هاوبەشەكەی ر. سێرجێنت[٢٥٠]دا. لە وێنەسازییەكەیدا سوودی لە لێهاتنی گەورەی شێوەكانی سەربر چارلس كیرەن وەرگرتووە.

هەروەها پێویستە ئاماژە بكرێت بەچاپی بڵاوكەرانی وەك لاونێت[٢٥١] و كونكێ[٢٥٢] و فیرۆد[٢٥٣] و كالمان لێڤی[٢٥٤] و كەسانی دیكە كە لە وێنەكردنی كتێبەكانیاندا سوودیان لە بەهرەی هونەرمەندانی وەك پاول ئاڤریل[٢٥٥]، لالوز[٢٥٦]، ئوریس لالوار[٢٥٧]، ڕۆشگروس[٢٥٨]، روباودی[٢٥٩]، دیلۆر[٢٦٠]، روبیدا[٢٦١]، ڕۆدو[٢٦٢]، پیرۆ[٢٦٣]، دێتێ[٢٦٤]چاكومێلی[٢٦٥]، وەرگرتووە كە لە هەموو جۆرەكانی شێوەكانیدا بەرجەستەبوون. لێرەدا پێویستە ناوی چاكترین هونەرمەندانی سەردەمی پێلیتان بهێنن وەك دانیال ڤیریج لە ئیسپانیا هاتە دونیاوە و لەكارەكانیدا هێمای لێهاتن كاریگەری گویا[٢٦٦] بەرچاو دەكەوێت، لە نێو وێنەكانیدا وێنەی كتێبەكانی ڤیكتۆر هۆگۆ و كتێبە مێژووییەكانی میشلێ[٢٦٧] زۆر بەبایەخن، دواتر داستانی ((هاوڕێی ڕێكوپێكی))[٢٦٨] لە دانانی ج. ج تاراود[٢٦٩]ی وێنەسازی كرد، هەروەها ئوجێن - گراسێت[٢٧٠] لە دایك بووی شاری لۆزان لە كتێب ڕازاندنەوەدا بەناوبانگ بوو.

---

248- Verlaine
249- Histoire de Manon lescaut et due chevalier des Grieux.
250- R. Sergent
251- Launette
252- Conquet
253- Ferroud
254- Calman levy
255- Paul Avril
256- Lalauze
257- Maurice Laloir
258- Rochegrosse
259- Robaudi
260- Delort
261- Robida
262- Roudaux
263- Peraux
264- Dete
265- Giacomelli
266- Goya
267- Michelet
268- L'Amidel'ordre

لە بوارەکانی دیکەی هونەری جوانکاریشدا بەهۆی هێزی خەیاڵکردن و جوانی شێوەکان ناوی دەرکرد. لە جوانترین وێنەکانی وێنەی داستانی حاکمی یەهودا[٢٧١]یە لە نووسینی ئاناتۆل فرانس هەروەها داستانی چوار کوڕەکەی ئایمۆن[٢٧٢]یشی وێنەکرد. لە هونەرمەندانی دیکەی ئەم هونەرە جۆرج ژانیۆتە[٢٧٣] لە دایك و باوکێکی فەڕەنسی لە شاری جێنوا لە دایك بوو. ئەو نەك تەنها وێنەکێش بوو، بەڵکو شێوەکارو هەڵکۆڵەریش بوو، وێنەکانی بۆ داستانی ((ئادۆلف)) لە نووسینی بینیامین کۆنستانت[٢٧٤] و شانۆنامەی ((دوژمنی خەڵکی))[٢٧٥] لە دانانی مولێر (شێوەی ٢٢) و داستانی ((جووتیاران)).[٢٧٦] لە نووسینی بالزاك و داستانی پەیوەندییە ترسناکەکان[٢٧٧]ی شودێرلۆس دی لاکلۆس[٢٧٨] لە جوانترین داهێنانەکانی لە قەڵەم دەدرێت.



شێوەی ٢١ وێنەیەکی بچووك کاری جۆرج ژانیۆت لە بەڕەیەکی کتێبی مەکری مرۆڤ لە دانانی مولێر

تیۆفیل ستێنلین[٢٧٩] لە دایك بووی شاری لۆزان هونەرمەندێکی دیکەی لەم جۆرەیە، چەندین وێنەی هەبوو کە لەڕووی رووبیناو پێشان دانی خەڵکی و دڵسۆزی فراوان بۆ بێنەوایانی کۆمەڵگا و پسپۆری لە وێنەکردنی ئەواندا جیادەکرایەوە. لە وێنەکردنی چەندین رۆژنامەدا بەتایبەت جیل بلاس[٢٨٠] بەشداری دەکرد، و ژمارەیەکی زۆر لە

269- J.J. Tharaud
270- Eugene Grasset
271- Le procurateur de Judee
272- Quatre Fils d'Aymon
273- Gorges jeanniot
274- Benjamin Constant
275- Misanthrope
276- Les Paysans
277- Les Liaisons Dangereuses
278- Choderlos de Laclos
279- Theophile Steinlen
280- Gil Blas



نەغمەکانی بروئانت[٢٨١]ی بڵاوکردەوە و بەهۆی ئەم شێوازەوە کەسێتی خۆی ئاشکرا کرد. لە نێوان ساڵەکانی ١٨٩٠و ١٩٠٠ کەسێتییەکانی شەقامەکانی پاریس هاوڕێ لەگەڵ دیمەنە سروشتییەکان لە کتێبی ((سروودی هەژاران))[٢٨٢] لە نووسینی جان ریشپین[٢٨٣] و داستانی کران کوبیل[٢٨٤] لە دانانی ئاناتۆل فرانس، وێنەکرد کە ئەمەی دواییان لە یەکێك لە باشترین کارەکانی دێتە هەژمار. ئۆگۆست لورو هونەرمەندێکی گەورەی دیکەیە و بەشێوازی شێوەکارە گەورەکانی سەدەی نۆزدەهەم کاری دەکرد. ئەو کە قوتابیی هونەرمەند بۆنات[٢٨٥] بوو، خەڵاتی گەورەی رۆمی لە ساڵی ١٨٩٤دا بەدەست هێنا. وێنەکانی شایەتی هەستێکی بەهێز دەدەن لە رەگەزی وێناکردنی شێوەکاندا. و بەسیفەتێکی تایبەتی داستانی میوانخانەی شاژنە بێدوك[٢٨٦] لە نووسینی ئاناتۆل فرانس و داستانی ((جەژنەکانی - کۆرینتیۆس[٢٨٧] ( لە دانانی خۆی، و داستانی ((ئوجینێ گراندێت))[٢٨٨] لە دانانی بالزاك، و داستانی ((بۆڤارد و پیکۆشنت))[٢٨٩] لە نووسینی فلابێرت[٢٩٠]، داستانی (( ژنە سەرۆکی دی کاسترۆ[٢٩١] لە نووسینی ستاندال[٢٩٢] و داستانی سافۆ لە دانانی دودێت[٢٩٣]ی وێنەکرد و هەروەها لە نموونەی ئەم هونەرمەندانە جۆرج رۆشگرۆس[٢٩٤] بوو و لە گرنگترین کارەکانی وێنەکانی داستانی ((لێ بوگراڤی))[٢٩٥] لە نووسینی ڤیکتۆر هۆگۆ و دوو داستانی ((هیردۆیاس و سالامبۆ))[٢٩٦] لە دانانی گۆستاڤ فلاوبێرت. هەروەها دوا وێنەکانی بۆ کتێبی ((ئۆدیسێ))[٢٩٧] بوو لە نووسینی هۆمیرۆس و

281- Chansons de Bruant
282- La Chanson de Gueux
283- tean Richepin
284- Crainque bille
285- Bonnat
286- Le Rotisserie dela Reine Pedauque
287- Les Noces Corinthiennes
288- Eugenie Grondet
289- Bauvrard ot Pecuchet
290- Flaubert
291- Abbesse de Castro
292- Standahl
293- Daudet
294- Georges Rochegrosse
295- Les Burgraves
296- Herodias, Salammbo
297- L'odyssee

وەرگێڕانی لوکۆنت دولیلە[٢٩٨]. ئالبێرت رۆبیدا[٢٩٩] هونەرمەندێکی دیکەیە کە کتێبەکانی شکسپیر و رابلێی بەچەندەها وێنە رازاندەوە کە لە زیرەکی و هۆشدا، بەڵکو لە لایەنی گاڵتەجاڕیدا دەست رەنگین بوو. هەروەها وێنەکانی بۆ کتێبی ((فەرەنسای کۆن))[٣٠٠] کە ناوەڕۆکەکەشی هەر خۆی نووسی، هەروەها وێنەکانی کتێبی ((سەدەی بیستەم))[٣٠١] بریتین لەکارە گەورەکانی ئەم هونەرمەندە. موریس لولوار کە قوتابیی هاوڕێکەی ئەلیکساندەر لویس لولوار[٣٠٢]بوو کە ئەمیش شێوەکارێکی زۆر هەڵکەوتووبوو، لەنێو وێنەکانیدا کە بە زەوقێکی زۆر وردو ئاراستەیەکی تەواوەوە ئەنجامی دەدا، وێنەکانی ئەم کتێبانەی خوارەوە: رۆبینسۆن کرۆزوێ لە دانانی دانیال دۆفۆ و مانون لیسکۆ لە نووسینی قەشە پرێڤوست[٣٠٣] و پاول و ڤێرجینی[٣٠٤] و لە بەرهەمی بێرناردن دوسان بیرێ[٣٠٥] و سێ چەکدار[٣٠٦] و خاتوو دوو مۆسورو[٣٠٧] لە نووسینی ئەلیکساندەر دوما. ((هیکتۆر جاکومیای))یش لەو هونەرمەندانەیە کە وێنەکێش و هەڵکۆڵەر و شێوەکاربوو. ئەم هونەرمەندە لە دایك و باوکێکی بێگانە لە دایك بوو و بەهۆی وێنەکێشانی باڵندەکان، ناسرا، لەنموونەی ئەوانە وێنەکانی هەردوو کتێبی باڵندە و کتێبی مێردەکان لە دانانی میشلە بوو. دوو کتێبی دیکە: باڵندەکانی ئێمە[٣٠٨] لە نووسینی ئاندرێ تورێت[٣٠٩] و باڵندە رەشەی سپی[٣١٠] لە نووسینی ئالفرێد دو موسێت[٣١١] هەروەها پێویستە ئەو رەوشەی کە هونەرمەندی گەورە ئوگۆست لوپەر گێڕای لەیادمان نەچێت کە هێنری برالدی[٣١٢] لە نوێکردنەوەی هەڵکۆڵینی سەرداردا لە کۆتایی سەدەی نۆزدەدا لەمەوە ئیلهامی وەرگرت. چەندەها کتێبی لەم سەردەمەدا وێنەکرد وەك؛ کتێبی ((دیمەنەکانی

298- Le Conte delisle
299- Albert Robida
300- la vieille France
301- Levigntieme Siecle
302- Alexander Louis Leloir
303- Prevost
304- Paulet Virginie
305- Bernardin de Saint Pierre
306- Les Trois Mousquetaires
307- La Dame de Monsoreau
308- Nos Oiseaux
309- Andre Theuriet
310- Merle Blanc
311- Alfred de Musset
312- Henri Beraldi



پاریس[٣١٣] لە دانانی گۆدو[٣١٤]و کتێبی سەگی ئاوی و سان سێڤرین[٣١٥] لە نووسینی هویس مانس[٣١٦] و کتێبی ستایشی شیتی[٣١٧] لە نووسینی ئیراسم[٣١٨]، نموونەکانی لەم جۆرە کارانە کاریگەرییەکی بەرچاوی هەبوو لەسەر شێوەکارانی ئەو سەردەمە.

**چاپی بەردی:**

هەروەها ڤۆلارد[٣١٩]ی بەهۆی ئەو کتێبە جوانانەی کە چاپی کرد پلە و پایەیەکی گرنگی بەدەست هێنا، لە نێو وێنەکێشانی ئەم کتێبانەدا دەبێت باسی ئەو وێنە جوان و هۆشمەندانە بکەین کە لەلایەن هونەرمەندێکی پایەبەرزبووە بەناوی پێر بۆنارد[٣٢٠] لەسەر بەرد وێنەکێشرا. لە چاکترین کارە چاپییەکانی ڤولارد کتێبی ((دافنیس و کلۆئێ))[٣٢١] لە ساڵی ١٩٠٢دا و (کتێبێکی دیکەیە بەناوی ((بە شێوەیەکی تەریب))[٣٢٢] لە نووسینی ڤیرلن. چاپی بەردی لەوکاتەوە درێژەی کێشا و قۆناغێکی گرنگ و دیاریکراوی لە وێنەسازیدا تێپەڕاند. هەڵکۆڵین بەهۆی تیزابیشەوە هەمان بارودۆخی هەبوو، بەتایبەت فلیسین رۆچت[٣٢٣]ی بەلجیکی لە زنجیرەیەك وێنەی بچووکدا و هەندێك وێنەکانی دەستپێکی کتێب کە هەندێ کات وێنەی پۆلیسی لەخۆ دەگرت، سوودی لەم شێوازە وەرگرت، شێوازێك لە تا ئێستا بایەخی هونەری خۆی پاراستووە.

پاشان لە دەوروبەری ساڵی ١٩١٠دا چاپەکانی فرانسوا بێرنوارد[٣٢٤] دەرکەوت کە خاوەنی چاپخانەیەکی زیرەك و دەست رەنگین بوو رەنگەکانی بەحەز و زەوقی خۆی بەکاردەهێنا.

313- Paysage Parisiens
314- Goudeau
315- La Bievre et Saint Severin
316- Huysmans
317- L,Eloge de la Folie
318- Erasime
319- Vollard
320- Pierre Bonnard
321- Duphins et Chloe
322- Parallelement
323- Felicien Raps.
324- Francois Bernouard.

**هێمای خاوەندارێتی:**

لە مەیدانی فراوانی کتێبدا، بەشێکی دیکەی ئەم پیشە هونەرییە رەونەقی پەیداکرد، کە ئەویش هێمای خاوەندارێتی بوو. چۆنیەتی هونەری هێماکانی خاوەندارێتی بەدرێژایی پشێوی رۆژگارەکانی راپەڕین و شۆڕش رووی لە دابەزین کرد. ئەم بابەتە دوای رژێمی جوانی گەڕانی بوو کە پێش ئەوە خۆی بەسەر کتێبخانەکانی فەرەنسی دا سەپاندبوو.

گەڕانەوە و حەز لێکردنی هێماکانی خاوەندارێتی کە بە شێوازێکی هونەری دروست دەکرا، تەنها لە ساڵی ١٨٦٠ تاوەکو دەوروبەری ساڵی ١٨٧٠ هەستی پێکرا و ئەویش لە نێو هەندێ گرۆی سنووردراری دۆستانی کتێبدا دەبینرا، بەڵام هێمای خاوەندارێتی لەم سەدەی ئێستادا تەنها لە فەرەنسا و هەندێ وڵاتی دیکەدا بەربڵاوی و رەواجی پەیداکرد، و بێگومان ئەگەر ئەم تێڕوانینە لە رۆژگاری ئێمەدا وەك سەدەی هەژدەهەم ئاسایی بووەتەوە. بەڵام بەپێچەوانەی ئەو شتەی کە باوە لەم سەردەمەدا - ئەو خاوەن کتێب و کتێبخانانەی کە زۆرتر لە چینە خانەدانەکان بوون و شێوازی، فوکسی یان بەکاردەهێنا دەبینین کە شێوەی رنوکییە بەکارهاتووەکان لە هێماکانی خاوەندارێتیدا تەنها لە ماوەیەکی کورتدا کاری پێکرا و لەم هێمایانەدا چەندین وێنەی هەمەڕەنگ و جۆراوجۆر دەبینرا، بۆ نموونە دیمەنەکانی ناو کتێبخانەکانی، دیمەنە سروشتییەکان وێنەی کەسایەتییە کتێب دۆستەکانی و کەسانی دی، بێگومان تایبەتمەندی ئەم هونەرە لە فەرەنسادا شێوەیەکی هێمایی یان رەمزی هەبوو کە ئەمەش پەیوەندیی هەبوو بەدروشمەکانی خاوەنی کتێب، و ناو، ناوەندی لە چاپدا، یان هەندێ لە تایبەتمەندییەکانی ئەو شارەی کە خاوەن کتێبەکە (نووسەر) نیشتەجێی بوو، یان ئەوشارەی کە تیایدا گەشەی کردبوو. لە نموونە باڵاکانی ئەم جۆرە هێمای خاوەندارێتییە، هێمای تایبەتی ئیدوارد مانێ[٣٢٥]ی شێوەکار، هێمای فلیکس - براکمۆنتە[٣٢٦] کە خودای هێرمس[٣٢٧] پیشان دەدات، و لەسەرو نەخشی ئەم خاوەندەدا وشەی مانێ و لەژێریدا رستەی هەمیشە زیندوو باد[٣٢٨] دەخوێنییەوە، کە یارییەکی زیرەکانەیە بەناوی مانێ وە.

325- Edouord Manet
326- Felix Bracquemont
327- Hermes
328- Et Manebit



لەوکاتەدا نموونەیەکی دیکە لە هێمای خاوەندارێتی کتێب هەبوو کە فیکتۆر هۆگۆ بەکاری دەهێنا و تیایدا ئاگولس بۆڤین[٣٢٩]ی هونەرمەند، بەشی کەناری کاندرالی نۆتەردام دوپارێی کە پیرە لەکاریگەری هونەری و جوانکاری وێنەکردووە؛ بەپێچەوانەی بەشێکی زۆر لە هێماکانی خاوەندارێتی کتێبە ئینگلیزی و ئەڵمانییەکان، بە شێوەیەکی گشتی دەبینین هێماکانی خاوەندارێتی کتێبە فەرەنسییەکان قەبارەیەکی بچووکتریان هەبووە. ئەم کاریگەرییەش دەگەڕێتەوە بۆ هێنری برالدی دامەزرێنەری کۆمەڵەی هاوڕێیان و دۆستانی کتێب لە پاریس کە گوتبووی: ((بەها و پلە و پایەی عاشقی کتێب لەگەڵ قەبارەی هێمای خاوەندارێتی کتێبدا، پەیوەندییەکی پێچەوانەیی هەیە).

**پیشەسازیی چاپ:**

لە سەدەی بیستمدا لە فەرەنسا هەروەك ئەڵمانیا، هەوڵێکی زۆر بۆ دروستکردنی پیتە جوانکارییەکان خرایەگەڕ، لە پێشەنگەکانی ئەم بوارە، پێویستە ناوی ب. ج پینۆت[٣٣٠] و کوڕەکەی بهێنین، زۆرێك لەم پیتە نوێیانە بەشێوازی پیتەکانی سەردەمە کۆنەکان نەخێشنرابوو. هەرچەندە هەندێ گۆڕانکاری جۆراوجۆری تێدا ئەنجام دەدرا، بۆ نموونە ئەم جۆرە گۆڕانکارییانە بە شێوەیەکی جوان لەو پیتانەدا دەبینین کە بۆ کوشین دەگەڕێتەوە و لە دەرەوەی فەرەنسا - بەتایبەت لە شارەکانی سوید بە شێوەیەکی فراوان بەکاردەهێنرا، هەروەها ئەو پیتانەی کە بۆ گارامۆن دەگەڕێتەوە هەروەك پێشتر لێی دواین - ئەم گۆڕانکارییانەی بەجوانی تێدا دەبینین. جۆرێکی دیکە لە پیت هەبوو کە بەتەواوی لەگەڵ نموونەکانی سەرەوەدا جیاوازی هەبوو، بە شێوەیەکی تایبەت هەمان جۆری ئەو پیتە ناودارانەبوو کە ئوجێت گراستی[٣٣١] وێنەی کردبوو، و یان هاوشێوەی ئەو پیتانەی کە ئادۆلف جیرالدۆن[٣٣٢] بۆ دامەزراوەی دیبێرنی[٣٣٣] دروستی کردبوو.

329- Aglaus Bouvenne
330- B.G. Peignot & Fils
331- Eugene Grasset
332- Adolphe Giraldon
333- Deberny

## وێنەسازیی ئێستای فەڕەنسا:

ئێستا سەرکەوتنی نووسەرە هونەرییەکانی فەڕەنسا، بە شێوەیەکی تایبەت، دەگەڕێتەوە بۆ بەرهەم هێنانی پەڕەکان بە شێوازێکی نوێ و باشتر کە هەموو هەلومەرجێکی جوانکاری پەڕەکان لەخۆ دەگرێت. جوزێف هێمارد[٣٣٤] بەوێنەسازی کردنی رەنگاوڕەنگی کتێبەکەی و سوود وەرگرتن لە شێوازێکی تازە، ناسراو بەشێوازی نموونە وەرگرتن (ستێنسیل)[٣٣٥] ئەم بابەتەی سەلماندووە.

بەکارهێنانی رەنگەکان، تەنها تایبەت نییە بەداهێنانە کۆمیدییەکانی هێما دەرەوەی چونکە لە فەڕەنسا چەندین هونەرمەندی دیکە هەبوو کە وێنە و شێوەکانیان بە تێزاب هەڵکۆڵیبوو. بەڵکو دەتوانرێت لەمە زیاتر بوترێت، شێوازی رەنگ کردنی ناوبراو بەجیاکەرەوەکانی هونەری کتێب رازاندنەوەی نوێی فەڕەنسی لە قەڵەم دەدرێت. تایبەتمەندییەکی دیکە کە ئەم هونەرە لە فەڕەنسادا هەیبوو، هەروەك وتمان بەکارهێنانێکی بەربڵاوە لە شێوازە سەرەکییەکانی چاپی وێنەکان، وەك هەڵکۆڵین بەتێزاب و چاپی بەردی و هەڵکۆڵین لەسەر دار.

لە کۆتاییدا پێویستە ئاماژە بکرێت بەزۆری بەرهەم هێنانی کتێبە باڵاکان و زۆری ژمارەی ئەو هونەرمەندانەی کە ناویان لە چاپە هونەرییەکاندا هاتووە. بڵاوبوونەوەی فراوانی کتێبە هونەرییەکان لەم ساڵانەی دواییدا، بووە بەهۆی دیاریکردنی پسپۆڕی هەر هونەرمەندێك لە بوارێکی دیاریکراوی هونەریدا. بێگومان لەکۆتاییدا گەشتە ئەو ئاستەی کە هاوشێوەکەی تەنها لە چەرخی زێڕینی کتێب لەسەدەی هەژدەهەمدا دەبینین دواتر دوو هونەرمەندی گەورە هێرمان پاول[٣٣٦] و کارلگل[٣٣٧] ناوبانگیان دەرکرد و تواناکانیان هەر لەیەکەمین بەرهەمەکانیانییەوە دەرکەوت. هەوڵەکانی ئەم دوو هونەرمەندە - بۆ رێکخستنی ناوەڕۆك و وێنە هەڵکۆڵراوەکانی سەردار - بایەخ و بەهایەکی زۆری بەدەست هێنا. دەتوانین ئەم دوو هونەرمەندە بەیەکەمین پێشەنگای هونەری کتێب رازاندنەوەی دوای قۆناغی جەنگ دابنێین. وەها هەلومەرجێکیان بۆ رێك کەوت بەهاوکاری لۆن پیشۆن[٣٣٨]، ئەو کەسەی کە وێنەکانیانی بڵاو دەکردەوە هەر خۆی

334- Joseph Hemard

٣٣٥- Stencil- بەپەڕەیەکی نەخشێنراو بەپیت یان وێنە شتێکیان نەخش دەکرد.

336- Hermann Paul
337- Carlegle
338- Leon Pichon



هەڵکۆڵەر و چاپەچی بوو. ئەگەر لەو کاتانە لێکۆڵینەوە، لەو چاپە نموونەیانەی کتێبی هونەری فەڕەنسیدا بەنزیکەی لە ساڵی ١٩١٦سدا تێڕوانینێك بەرچاو دەکەوێت، پێش ئەوەی پێشۆن وەك هەڵکۆڵەرێکی جوانکاری ناوبانگ دەربکات، وەك وێنەکێشانی جوانکاری کۆتایی بەشەکان[٣٣٩] و هەروەها وێنەکانی ڤین یت کە کتێبەکانی پێ رازاندەوە، دەبینین بەرەبەرە لە جوانکاری بەردەوام رادەوەستێت، بۆ ئەوەی تەنها یەك چاپچی بێت و بتوانێت خۆی لە زۆرێك لە کاریگەرییە جوانکارییەکان رزگار بکات. ناچار بوو کە لە جیاوازی هونەری، شێوازێك کە لە نێوان رەنگی رەش و سپیدا هەبوو سوود وەربگرێت.

زۆربەی کتێبە بەناوبانگەکانی بەم جۆرە: ((سوودی زیندانی ریدینگ))[٣٤٠] لە نووسینی ئۆسکار ڤایلد کە دارگنیس[٣٤١] وێنەکانی لەسەر دار هەڵکۆڵیبوو، هەروەها داستانی عەشقە گوندییەکانی دافینس و کلوئی[٣٤٢] لە دانانی لۆتگوس[٣٤٣] و کارلێژ وێنەکانی لەسەر دار هەڵکۆڵیبوو، داستانی کارگانتوا[٣٤٤] لە نووسینی رابلێ و کتێبەکانی فرانسوا ڤیلۆن[٣٤٥] لە وێنە سەرەکییەکانی هێرمان پاول لەسەردار وێنەی کردبوو هەروەها پێویستە لە نێو وێنەسازانی نوێی کتێبی فەڕەنسیدا کە ژمارەیان زۆر زۆرە، ناوی چەند کەسێکیان بهێنین وەك: میهۆت[٣٤٦]، جۆرج رۆولت[٣٤٧]، لویس جۆو[٣٤٨]، دینی مۆنت[٣٤٩]، هێرمن داڤید[٣٥٠]، راوول دونوێر دوسیگۆنداك[٣٥١] ، شاس لابۆرد[٣٥٢] ، کابورور[٣٥٣]، ج بوخا[٣٥٤]، دوفی[٣٥٥]، پییێر

339- Culs. de- lampe
340- La ballada de Geole de Reading
341- Dargnes
342- Les Amours Pastorales de Daphnis et chloe
343- Longus
344- Gargantua
345- Francais Villon
346- Mehaut
347- Geeorges Rouault
348- Louis jou
349- Dignimont
350- Hermine David
351- Dunoyer de Segonzac
352- Chase Laborde
353- Laboureur
354- G. Bofa
355- Raoul Dufy

فالکیٚ[٣٥٦]، پییێر لاپارد[٣٥٧] ئیمێل بێرنارد، لوك ئالبێرت مۆرو[٣٥٨]، جان مارشـاند[٣٥٩] ئـەی روبێـل، ئـالفرێرلاتور[٣٦٠]، رۆبــەرت بۆنفیــل[٣٦١]، ڤالمینــك[٣٦٢]، ســیریا[٣٦٣]، پاســین[٣٦٤]، بارتۆندمان[٣٦٥]، سـیلڤاین[٣٦٦]، سـۆڤاژ[٣٦٧]، ڤێرنانـد - سـیمۆن[٣٦٨]، رافائیـل درِوارد[٣٦٩]، ڤێرلـیس[٣٧٠]، ئـەلبێرت دوکـاریس[٣٧١] و تیـدی لێگرانـدی[٣٧٢] مەجـەڕی لەتەمەنـدا لـە هەموویان بچووکتر بوون.

هەریەك لەم هونەرمەندانە و ئەوانەی دیکەی کە بەهۆی زۆری ناوەکانەوە نەتوانرا ناویـان بهێنین، لەسنووری پسپۆرییاندا توانییان رۆح و پەیامی کتێب کە هەموو ئەم هونەرمەندانـە تەواوی توانیان لەم بـوارەدا خـستبوویەگەڕ وێنەبیکێـشن. زۆرینـەیان خوازیـاربوون ژیـانی راستەقینەی هاوچەرخ بەروانگە جیاوازەکانییەوە لە کۆمەڵگا مامناوەندییەکانـدا بخەنـەڕوو لەو نموونانە کاری هەردوو هونەرمەند هێرمین داڤید و لابـورو کـە شـارێکی گـەورە و نـویٚ پیشان دەدات، گەرچی هێرمین داڤید بەشـێوازێکی شەخـسی و روونـی خـۆی، لـە باشـترین نوێنەرانی بزووتنەوەی رۆمانتیکی نـوێی هاوچـەرخە. گـرنگترین داهێنانـەکانی وێنەسـازی کتێبی لوگراند مۆلینە[٣٧٣] لە نووسینی ئالەین مۆرنییـەر[٣٧٤] و کتـێبی جـوانی[٣٧٥] جـان

356- Pierre Falke
357- Pierre Laprade
358- Luc Albert Moreau
359- Jean Marchand
360- Alfred Latour
361- Robert Bonfils
362- Vlaminck
363- Ceria
364- Pascin
365- Bartold Mahn
366- sylvian
367- Sauvage
368- Fernand Simeon
369- Raphael Drouart
370- Verles
371- Albert Dearis
372- Eddy Leqrand
373- Le Grand Meaulnes
374- Alain Fournier
375- Bella



گیریـدۆ[٣٧٦]. بـەڵام لابـورور هونەرمەنـدێکی خـەیاڵی بـوو بەهـەڵکۆڵین بەشـێوازی خـاڵی وشك[٣٧٧] سەرقاڵ بوو چەندین وێنەی هەمـەڕەنگی هـەبوو کـە هەریەکـەیان لەگـەڵ ئـەوی دیکەدا جیاوازیی هەبوو، باشترین وێنـەکانی لـە کتـێبی سـاتەکانی بـیٚ دەنگـی کۆلۆنێـل برامبیل لە نووسینی موروا[٣٧٨] و داستانی گەیشت لەگەڵ جوبرەئیلـدا[٣٧٩] لـە دانـانی جـان گیریدۆ و داستانی خەونەکانی ژنێك[٣٨٠] لە نووسینی گۆدۆمونت[٣٨١]دا دەبیـنین و هـەروەها دونوییێر دوسیگونزاك سەرەتا بەهۆی وێنە زۆر باشەکانی کە بەڕێکی پیـشان دەدا ناوبـانگی دەرکرد و لێهاتنی لە داستانی خاچەکانی دارستان[٣٨٢] و داستانی مەیخانەی ژنی جـوان[٣٨٣] یان داستانی مورِوی گوی[٣٨٤] لە نووسینی دۆرجێلیس[٣٨٥]دا لە ساڵی ١٩٢٠ دەرکـەوت بـە شێوەیەك کە لە وێنەکێشان و شێوەکاریدا لەگەڵ هەندێك لە شێوەکارە نوێیـەکان لـە ریـزی گەورەترین هونەرمەندانی هونەری کلاسیکی رەسەندا دادەنرێت.

شانس لابۆردیش لەو هونەرمەندانەیە کە لە وێنەکردنی کچانی ئارەزوو باز و قەرج و ژیانی سەر شەقامەکاندا دەستێکی باڵای هەبوو هـەروەها دینیمۆنـت[٣٨٦] کـە لـە دوای وێنـەکردنی داستانی کۆلۆنێل شابێرت[٣٨٧] لە نووسینی بالزاك لە سـاڵی ١٩٢٤دا، لـە وێنـەکردنی نـۆژەن کردنی پاریسی دارِووخاو و شارە گەورەکاندا پسپۆڕی وەرگرت. هەروەها بۆ نموونە لە وێنـەکانی داستانی ماسیۆن تیلیـر[٣٨٨] و داسـتانی بەنـدە[٣٨٩] لـە نووسـینی گـوی دو موپاسـان[٣٩٠] و داستانی بیٚ تاوانەکان[٣٩١] لە دانانی فرانسیس کارکۆ[٣٩٢] شارەزای خۆی خستەڕوو.

376- Jean Giraudoux
٣٧٧- Pointe - Seche، هەڵکۆڵینێکی زۆر ورد و جوان سەرەتا لەسەر مس و پاشان دەخرێتە سەر پەڕەی کتێب.
378- Maurois
379- La Promenade avec Gabrielle
380- Lesonged, une Femne
381- Remy de Gourmont
382- Le Croix de Bois
383- Le Caboret de la Belle Femme
384- La Boule de Guy
385- Dargeles
386- Dignimont
387- Calonel Chabert
388- Maison Tellier
389- Leport
390- Guy de Maupassant
391- Les Innocents

هەروەها پێویستە بە شێوەیەکی جیا ناوی ئەو وێنەکێش و شێوەکار و هەڵکۆڵەرانە بهێنین کە لە دوایدا بوو بەخاوەن چاپخانە پێشەنگیان هونەرمەند شمیتە[٣٩٣] کە چەندین پەڕەی لەوپەڕی جوانیدا وێنەکرد و چاپ و هەڵکۆڵینیشی خۆی ئەنجامیدا. هەروەها جاك بالتراند[٣٩٤]، لویس جو، دارانیس[٣٩٥]، دیسلیێنیر[٣٩٦] لە نموونەی ئەو هونەرمەندان. کتێب دۆستی هاوچەرخ، قەرزای ئەم پێنج هونەرمەندەیە. چونکە چەندین کتێبی سەرنج راکێشیان بڵاوکردووەتەوە.

جۆرێك کتێبی هونەری نوێی هاوچەرخ دەبینین کە بایەخێکی زۆری هەیە. زانستی ((تایس))[٣٩٧] لە نووسینی ئاناتۆل فرانس لەم جۆرانەیە لویس - جو ئەم کتێبەی بۆ نووسەر بەژمارەیەکی زۆر وێنەی هەڵکۆڵراو لەسەردار، وێنەسازی کردووە و بە شێوەیەکی رەنگاوڕەنگ چاپکراوە.

هەروەها لویس بۆ چەندین کتێبی دیکەی بەتایبەت کتێبی ئینجیلی مەتتا[٣٩٨] و ((داستانی عەشق)) لە نووسینی ئەی سواریس[٣٩٩] و کتێبی ((چەندین پارچە شیعر بۆ هێلین))[٤٠٠] لە دانانی پ رونسار و یەکێك لە داستانەکانی بوکاچیۆ و داستانی پسی سێ (ئاوێنە)[٤٠١] لە نووسینی لافونتێنی وێنەکردووە کۆمەڵە کارەکانی ئەم هونەرمەندانە، ئەندێشەیەکی ورد لە هونەری کتێب رازاندنەوەی فەرەنسی دەدات بە دەستەوە.

ئاشکرایە کە رەونەقی هەریەك لە کتێبە هونەرییەکان، یان کتێبە - باڵاکان، و نیمچە باڵاکان دوای جەنگ تاڕادەیەکی زۆر دەگەڕێتەوە بۆ توانا و لێهاتنی هونەرمەندانی. هەروەها کارێکی نارەواشە کە بڵاوکەرەوکان لە بوارە جیاوازەکاندا یارمەتییان داون، بەهاوبەشی ئەوان نەزانین هەندێك لەم بڵاوکەرەوانە بریتین لە: بلێزۆت[٤٠٢]، کامل بلۆك[٤٠٣]،

392- Francis Carco
393- Schmidt
394- Jacques Baltrand
395- Daragnes
396- Desligneres
397- Thias
398- L, Evangile Selon Saint- Mathieu
399- A. Suares
400- Sonnets Pour Helene, P.Ronsard
401- Psyche
402- Blaizot
403- Comille Bloch



کارتریت[٤٠٤]، جۆرج گرێس[٤٠٥]، شامپیۆن[٤٠٦]، لیۆن بیشۆن[٤٠٧] ئیمایل پاول[٤٠٨]، گراسێت، هاسان[٤٠٩]، هێلو[٤١٠] سیرجان، بلون، دێڤامبێز[٤١١]، کیفەر[٤١٢]، مۆرنەی[٤١٣]، رێی [٤١٤]، لارۆسێرێ[٤١٥]، لاباندرول[٤١٦]، کەسانی دیکە، هەروەها تەواوی خاوەن چاپخانەکانی سەردەمی پلێتان. کە پێشتر ناومان هێنا و کەسانێك کە هێشتا زیندوون.

## هونەری بەرگ تێگرتن:

بەڵام لە بواری بەرگ تێگرتندا مامۆستا فەرەنسییەکان لەم رۆژگارەدا درێژە دەست بەبەرگ سازی بەشێوازی کاشی، و بەرگی - هەڵکۆڵراو. زۆرکات لەیەك بەرگدا، زۆرێك لە رەنگەکان بەکارهاتوون و بەرگەکان بەزەوقێکی سەرکەوتوو هەروەها وێنەیەکی بەرجەستە ئەنجام دراوە و کاریگەرییەکی تەواو سەرکەوتووی هەبووە بەڵام بنەماکانی جوانکاری، دوای قۆناغی ((بەرتێگرتنی))[٤١٧] کۆتایی نەهات، و لە پاڵیدا شێوەی جوانکاری هەمەرەنگ و بێ شماری لەخۆگرت، سەرەتا وێنە سروشتییەکان، وەك گەڵای درەخت، یان گوڵ بوو لە ماریۆس میشیل[٤١٨] لەوپەڕی جوانیدا وێنەی دەکردن. یان شێوە دەریاییەکان، کە لەلایەن رۆبەرت بونفیس وێنەکێشان و رازاندنەوەی لە هەردوو دیوی بەرگەکەدا بۆ دەکرد. جوانکاری هەندەسییەکان، وەك جوانکارییەکانی بیتر لە گرەین[٤١٩] دیمەنێکی قەشەنگی دەبەخشی

404- Carteret
405- Georges Cres
406- Chompion
407- Leonpichon
408- Emile Paul
409- Hasan
410- Helleu
411- Devambez
412- Kieffer
413- Mornay
414- Rey
415- La Roseraie
416- La Banderole
417- Reliue Parlante
418- Maruis Michel
419- Pierre Legeain

بەبەرگەکان، دەتوانرێت لیۆن گروێل[420]یش کە لە بەرگ تێگرتنی کۆندا شارەزایی هەبوو، لە ڕیزی یەکەمی بەرگسازە هونەرمەندەکاندا دابنرێت.

**کتێب رازاندنەوە لە وڵاتەکانی دیکەی ئەورووپادا:**

لە هەموو ئەورووپادا پێداوچوونەوەیەکی هەمەلایەنە لە هونەری کتێب رازاندنەوەدا روویدا، تەنانەت لەو وڵاتانەشدا کە تازە دامەزرابوون، وەك وڵاتی چیك و سلۆڤاکی، بەڵام لە هۆڵەنداو بەلجیك و ئیتاڵیا و ئیسپانیا و نەمسا و پۆڵۆنیا، تێبینی دەکەین هەر وڵاتێك بۆ بەرهەمە هونەرییەکان شێوازێکی تایبەت بە خۆی هەیە، بەتایبەت ئەوەی کە پەیوەندی بە وێنەسازییەوە هەبوو. لە رووسیاش پێش راپەڕین بازرگانی کتێب لەژێر دەستەڵاتی فەرەنسا و ئینگلتەرادابوو و هونەرمەندانی رووسی وەك باکست[421] کە لەو شێوەکاریدا دەستێکی باڵای هەبوو، گەیشتبوونە پلەیەکی بەرزی شارەزایی لەم بوارەدا.

لە ساڵەکانی دواتردا ئەم وڵاتە لە بواری کتێب رازاندنەوەدا پێشکەوتنێکی زۆری بەخوودی، بەجۆرێك هیچ وڵاتێکی ئەورووپی لەڕووی گرنگی دان بەهەڵکۆڵینی سەردار. وەك ئامرازێك بۆ وێنەکێشان نەیتوانی بگاتە ئاستی رووسیا. ئەم جۆرە هەڵکۆڵینە هەلێکی بۆ کارکردن لە بواری کتێبی منداڵاندا فەراهەم کرد. ئەو کێشانەی کە بەشێك لە گەورەترین مامۆستایانی هونەری نوێی روسی بەوێنەی جوان و سەرنجراکێش ئەو کتێبانەیان رازاندووەتەوە، و تەنها ژمارەیەکی کەمیان ناسراوە و ئەوانی دیکەی هەر بەنەناسراوی ماوەتەوە.

**پێشانگای نێودەوڵەتی بۆ کتێبە وێنەدارەکان:**

زۆرێك لە نەتەوەکان هەر لەکاتی پێشانگای هونەرە جوانەکان کە بەچەندین تایبەتمەندی جۆراوجۆر لە ساڵی ١٩٢٥ لە پاریس کرایەوە، پەڕە چاپکراو بەرگەکانیان خستەڕوو کە نیشانەی بەرهەمەکانیان بوو. بەڵام لەبەر ئەوەی بۆ هاوڕێیان و دۆستانی کتێب ئەستەم بوو کە لەیەك کاتدا سەردانی چەندین کتێبخانە و پێشانگا بکەن و لێکۆڵینەوە و بەراوردی ورد لە نێوان ئەم پێشانگایانەدا بەئەنجام بگەیەنن و هەموویان لەم بابەتە دڵگران بوون، لەبەر ئەوە

420- Leon Gruel
421- Baxt



بڕیاردرا کە زۆربەی کتێبە نێودەوڵەتییەکان کە بەدرێژایی بیست ساڵی رابردوو بڵاوبووبوونەوە لەیەك شوێندا کۆبکرێنەوە.

کاربەدەستانی پیشەسازی کتێب لە ئەڵمانیا لە ساڵی ١٩٧٢ وە بە سەرۆکایەتی م. هۆگۆ ستینەر[422] پراگ وەڵامی ئەم خواستانەی دایەوە. هەستان بەبانهگێشت کردنی هاوکارە دەرەکییەکانی خۆیان کە هاوکات لەگەڵ پێشکەشکردنی هەڵبژاردە کارەکانیان لەڕووی نووسین و چاپ و وێنەو بەرگەوە بۆ مۆزەخانەی هونەرە جوانەکان لە پێشانگای لایپ زیکدا بەشدارییان کرد.

فەرەنسی بەبانگهێشت کراوەکان، خوازیاری پێکهێنانی لەم جۆرە پێشانگایانە بوون و داوایان کرد هەر سێ ساڵ جارێك لە پایتەختەکانی وڵاتێکی ئەورووپیدا بکرێتەوە. ئامانجیان خستنەڕووی هەلێکی گونجاوە بۆ هەر وڵاتێك بۆ ئەوەی باشترین بەرهەمەکانی کە مۆرکی تایبەتی و نیشتمانی خۆی پێوەوەیە بخرێتەڕوو. ئەنجوومەنی کتێبی فەرەنسی کە مۆریس دێنس[423] سەرۆکایەتیی دەکرد، لە ساڵی ١٩٣١دا توانی بیست وڵاتی وەك فەرەنسا پەسەند بکات و باشترین بەرهەمەکانیان لە بوارە جیاوازەکانی پیشەسازی چاپدا وەدەست بخات.

ئەم پێشانگا نێو دەوڵەتییانەی کتێبە هونەرییەکان، بەجوانترین پێشانگاکانی ئەندێشە و شێوازە هونەرییەکان لە قەڵەم دەدرێت، کە هەل دەڕەخسێنێت بۆ هەموو نەتەوە جۆراوجۆرەکان تاوەکو بتوانن ژیار و فەرهەنگی خۆیان بخەنەڕوو بۆ ئەوەی لە نێوانیاندا بەرهەمە نایابەکان هەڵبژێردرێن.

## پەرەسەندنی کتێبخانەکان

**تێڕوانینی بۆ کتێبخانە – بابەتە فەرهەنگی نوێیەکان:**

لە لێکۆڵینەوەی هۆکاری راستەقینەی ئەو گۆڕانکارییە گەورەی کە بەدرێژایی سەد ساڵی رابردوو لە بواری بەرهەمە ئەدەبییەکاندا روویدا. یەکەمین هۆکار بۆ ئەمە فراوانبوونی لێکۆڵینەوە زانستی و پسپۆڕییە فراوانەکانە کە رۆژبەرۆژ زیاددەکات و بووەتە هۆی پەیدابوونی کۆمەڵێکی زۆر لە گۆڤاری زانستی، هۆکارێکی دی پێشکەوتنی دیموکراسییە، کە لە نێو

422- Hugo- Steiner-Pag
423- Maurice Denis

هەموو چینەکانی خەڵکیدا تێڕوانینێکی نوێ و پەرۆشی بۆ خوێندنەوەی کتێب و فێربوون بەدیهێناوە. ئەم دیاردەیە بەتایبەت لە وڵاتە گەورەکانی ئەوروپا و ئەمەریکادا دەردەکەوێت. هەموو لایەنەکانی ئەم پێشکەوتنە، بە شێوەیەکی سەرەکی بەدرەوشانەوەی رۆژبەرۆژی کتێبخانەکان لە قەڵەم دەدرێت.

### دەوڵەمەندیی کتێبخانەکان:

ئەم درەوشانەوەیە تەنها لە پێشکەوتنی ژمارەی کتێبەکاندا نەبوو و شۆڕش لە دەوڵەمەندکردنی کتێبخانەکانی پاریسدا لەڕووی ژمارەی کتێبەکانەوە، رۆڵێکی گرنگی هەبوو. گەنجینەکانی کتێبی ئەدەبی[٤٢٤] کتێبخانەی میللی لەسەردەمی بەڕێوەبەری هۆشیاری کتێب ناس(ڤان پرات[٤٢٥])دا پڕ بوو لە کتێب. بەدرێژایی هەموو ئەو ساڵانە هیچ فەهرستێك دروست نەکرا، تەنها لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم دانەبێت. سەرکەوتن لەم کارەدا دەگەڕێتەوە بۆ لیۆپۆلد دولیل[٤٢٦]ی بەڕێوەبەری ئەم کتێبخانەیە.

### پانیتسی و کتێبخانەی چالاك:

پێشکەوتنی کتێبخانە نێونەتەوەیی و کتێبخانەکانی دیکە بەجۆرێك لە دروستکردنی ورەیەکی نوێ بۆ زیندووکردنەوەی چالاکی دەرەکی و ناوەکی لە دەوروبەری نیوەی سەدەدا کاریگەربوو، هێندە لە فراوانکردنی ژمارەی کتێبدا کاریگەری نەبوو و هێدی هێدی بیروبۆچوونێکی نوێ پەیدابوو کە دەری دەخات کتێبخانەکانیش وەك دامەزراوێکی دەوڵەتی دەبێت خاوەنی چەندین کۆت و بەند و گرێبەست بێت. لە پێشەنگەکانی ئەم بوارە، یەکێکە لە بەڕێوەبەرە هۆشیارەکانی مۆزەخانەی بەریتانی، کەسێکی ئیتاڵییە بەناوی ئانتۆنی پانیتسی[٤٢٧] لەو بەرنامەی کە بۆ ئەم کتێبخانەی ڕێکخستبوو، تێدا هاتووە کە پەیامی کتێبخانە تەنها لە کڕینی کتێب و مۆزەخانە دروستکردندا کۆنابێتەوە، بەڵکو ئامانجی دروستکردنی ناوەندێکی زیندووە، بەمەبەستی فراوانکردنی فەرهەنگی گشتی جەماوەرە لێرەدا خۆمان لەبەردەم بیروبۆچوونی ئەمڕۆدا دەبینین سەبارەت بەکتێبخانەکان، کە پێش هەر شتێك، سوود وەرگرتنی

424- Depots Litteraires
425- Von Praet
426- Leopold Delisle
427- Anthony Panizzi



زانستییانەیە لە کتێبخانەکان و کتێبەکانی دەبێت بەتەواوی بۆ ئامانجێکی زانستی، یان بەواتایەکی فراوانتر، وەك ئامرازێك بۆ فراوانکردنی فەرهەنگ بەکاربهێنرێت.

### ڕێکخستنی کتێبخانە نوێیەکان – کارەکانی پانتیسی:

ئەم جۆرە تێڕوانینە، پێداچوونەوەی هەموو بوارەکانی دەویست، وەك ڕێکخستنی دامەزراوەی کتێبخانەی بەزیندوو هێشتنەوەی، ئامادەکردنی بینا و تەلاری کتێبخانەکان، پەیداکردنی هەلی گونجاو، کڕینی کتێب و چەندین شتی دیکە. لەگرنگترین کارەکانی پانتیسی بەهاوکاری کردنی ریچارد گارنیت[٤٢٨] بڵاوکردنەوەی فەهرستێك بوو بۆ کتێبخانەی مۆزەخانەی بەریتانیا. ئەم کارە تەوزیمی بوو و یەکێك لە ئەرکەکانی کتێبخانە لە قەڵەم دەدرا و لە ئاکامدا فەهرستێکی سەد بەرگی لە ئەندازەی ٢/١دا ئامادەکرا.
هاوشێوەی ئەم کارە گرنگ و پێویستە لە ساڵی ١٨٩٧دا لە پاریس بەئەنجام گەیەنرا، فەهرستی کتێبە چاپییەکانی کتێبخانەی میللی پاریس بڵاوکرایەوە. ئەم فەهرستە زیاتر لەسەد بەرگ لە ئەندازەی ٨/١دا بوو، بەڵام تا ئێستا بەنیوە ناچڵی ماوەتەوە.

هەروەها لە پاشماوە پڕ بایەخەکانی پاتینسی دروستکردنی هۆڵێکی نوێ بوو لە مۆزەخانەی بەریتانیدا بۆ خوێندنەوە کە سەد شوێنی تایبەتی خوێندنەوەی لەخۆ دەگرت و کتێبخانەیەکی سەرچاوەی گرنگیشی دامەزراند و لە چوار دەوری کتێبخانەکەدا چەندین گەنجینەی دروستکرد. نەخشەی گەنجینەکان بەجۆرێك دروستکران کە خوێنەران بتوانن بەئاسانترین شێوە کتێبەکان بدۆزنەوە و دەستیان پێی بگات.

ئەم گەنجینانە قەفەسی کورت و جوڵانی هەیە، بەجۆرێك بەبێ بەکارهێنانی پەیژەی دەستی دەتوانرێت دەست بگەیەنرێتە ڕووی سەرەوەی ئەم قەفەسانە، گەنجینەکان لە نێوان ساڵانی ١٨٥٤ تا ١٨٥٧ دروستکراوە و چەندین هۆڵی گەورەی تێدایە و بەسیستەمێك دروستکراون کە تاوەکو ئێستا سوودیان لێوەردەگیرێت. زۆری نەخایاند ئەم گەنجینانە بوون بەنموونە و سەرمەشق بۆ کتێبخانە نوێیەکان و پەیڕەوی ئەم شێوازەیان کرد.

پێشکەوتنێکی ئەدەبی گەورە بەدرێژایی سەدەی رابردوو روویدا و کاری کردە سەر شێوەی نامە و دەرەوەی کتێبخانەکان. دوای جێگیرکردنی سیستەمی گەنجینەکان، ئەو ئامانجەی کە دوای کەوتبوون و فراوانکردنی بەڕێوەبەری ناوەوەی کتێبخانەکان بوو بە شێوەیەکی زۆر سوود،

429- Richard Garnett

ئەو شێوازەی کە لە رابردوودا بەکاردەهێنرا و دووری نێوان قەفەسەکانیان بەلایەنی کەمەوە لە مەتر و نیوێك زیاتر دادەنا هێدی هێدی ئەم ئەندازەیە لە جێگەکانی دیکەدا کەمی دەکرد و شێوەیەکی ناهاوڕێك و گۆڕاوی دەدایە کتێبخانەکان، و تا لە کۆتاییدا ئەندازەی پانایی ڕێرەوەکانی نێوان قەفەسەکان گەیشتووەیە(٩٠) سانتیمەتر.

لێرەدا جیاوازی نێوان کتێبخانە نوێیەکان و کتێبخانە کۆنەکانمان بۆ دەردەکەوێت لەڕووی سوود وەرگرتنی گونجاو لە شوێنە بەتاڵ و زیادەکان لەناو بینای کتێبخانەکەدا، کتێبخانە نوێیەکان ئەو جوانییە هونەرییەی کتێبخانە کۆنەکانیان نییە، جگە لەوەی کە بەپێچەوانەوە دیمەنێك لە دیمەنە سەرەتاییەکان پیشان دەدات کە رەسەنی کارەکان دەخاتەڕوو و ئەمڕۆ لە هونەری تەلارسازیدا تێبینی دەکەین و پەیڕەوی دەکرێت.

## فراوانکردنی کتێبخانەی میللی پاریس:

زۆری نەخایاند کە ئەندێشەکەی پانتیسی لەلایەن زۆربەی وڵاتەکانەوە کاری پێکرا و لەوانەش وڵاتی فەڕەنسا. لە ساڵی ١٨٦٠ دا دەستکرایە فراوانکردنی کتێبخانەی نەتەوەیی پاریس و لە ساڵی ١٨٦٨دا هۆڵێکی خوێندنەوەی نوێ و بەشکۆی بۆ دروست کرا. ئەم هۆڵە لەلایەن ئەندازیاری گەورە هێنری لابرۆستە[٤٢٩]وە سەرپەرشتی کرا، کە لەوکاتەدا بەتازەیی لەکاری تەلارسازی کتێبخانەی سان جێنڤێڤ[٤٣٠] تەواو بوو بوو. ئەم هۆڵە ستون و پایەی ئاستی جوان و تۆ گومەزەی تێدایە و دیمەنێکی بەشکۆ و دڵڕفێنی پێ دەخشێت، و بەگوێرەی سەردەمی خۆی بەبینایەکی پتەو و توندۆڵ و نەخشەیەکی تەواو نوێ لە قەڵەم دەدرێت.

## کتێبخانەکانی ئەڵمانیا:

بۆ ماوەیەکی دووردرێژ کتێبخانەی زانکۆی گوتینگن[٤٣١] لە ئەڵمانیا نموونەیەك بوو بۆ لاساییکردنەوە. چونکە پێش کۆتایی سەدەی نۆزدە توانی بۆچوونە رابینینەکانی خەڵکی بۆ کتێبخانەیەکی نوێ بەراورد بکات و بەڕێوەبەرێتی چارلس دزیاتر کوس[٤٣٢] لە ساڵی ١٨٨٠ تا

429- Henri- Lobrouste
430- Saint- Genevieve
431- Gottingen
432- Charles Dziatzkos



ساڵی ١٨٩٠ توانی ناوبانگ و پلەوپایەی خۆی بپارێزێت. لێرە و لەوێ یاسا و پەیماننامەی نوێ پەیدابوو، گەرچی زۆرێك لەم کتێبخانانە کارتێکراوبوون بەسیستەمی سەردەمە رابردووەکان.

## کاریگەریی ئالتۆف:[٤٣٣]

ئەم کاریگەرییەی ئێستا، دوای ساڵی ١٨٧٠ دەستی پێکرد، کاتێك کە حکومەتە ولایەتییەکان لە روسیا بەڕێوەبەرایەتی ئالتهۆڤ ئەرکەکانیان بەرامبەر بەکتێبخانەکان دیاریکرد، وەك بەرزکردنەوەی زێڕو پلەوپایە و دانانی پۆستی بەڕێوەبەرێتی کتێبخانە و بەرنامە فێرکارییە تایبەتەکانی کتێبخانە.

لە نێو ئەو پرۆژانەی کە ئاتهۆڤ گرنگی پێدەدا و شایەنی باس کردنە، دانانی فەهرستێکی گشتی بوو، بۆ کتێبخانەکانی هەرێمی پروس، نەخشە سەرەکییەکەی لەلایەن کتێبدارە (بەڕێوەبەر) نوێیەکانەوە کێشراوە، ئەم کتێبخانەیە زیاد لە نیوملیۆن کتێبی هەیە و لە ساڵی ١٩٣١دا بۆ کتێبە کۆبوونەوەکان فەهرستێکی ئامادەکرد.

لە ئەڵمانیا بۆ یەکەمین جار سیستەمی گەنجینەکانی کتێب لەلایەن پاتینییەوە ئەنجام درا بۆ تۆکمەکردنی بینا نوێیەکانی کتێبخانەی زانکۆی هال[٤٣٤] لە نێوان ساڵەکانی ١٨٧٨-١٨٨٠دا و لەوکاتەدا ئۆتۆ هارت ویگ[٤٣٥] بەچالاکییەکی بەرچاو بەڕێوەبەرێتی ئەو شوێنەی گرتە ئەستۆ.

پاشان رێکخستنی کتێبخانەکانی هەرێمییەکانی ئەڵمانیا و زانکۆکان پلە بەپلە لەسەرتاسەری ئەڵمانیادا دووبارە دەستی پێکرد، بەبێ ئەوەی وەك فەڕەنسای پێش شۆڕش یان وەك ئیتاڵیا لەم ساڵانەی دواییدا ناوەندێکی بەهێز دروست بکات.

## کتێبخانە میللییەکان لە وڵاتانی ئینگلیزی ساکسۆنی:

لەم وڵاتانەدا دەستەڵاتی ئەڵمانیا لە بوارێکی تایبەتدا لەلایەنی کتێبخانە میللییەکانە نابینین چونکە ئەم کارتێکردنە لەو شارانەدا بەرچاو ناکەوێت کە بەزمانی ئینگلیزی دەدوێن و پێشکەوتنی کتێبخانەکان لەم وڵاتانەی ئینگلیزی ساکسۆندا زیاترە لە پێشکەوتنی وڵاتەکانی

433- Althoff
434- Halle
435- Otto Hart wig

دیکە، بەجۆرێك بەیەکێك لەگەورەترین سەرکەوتنەکانی شارستانی لە قەڵەم دەدرێت کە زانایەکی ئینگلیزی بتوانێت شانازی پێوە بکات.

**دەستێوەردانی دەوڵەت:**

ئەم پێشکەوتنە لە ئینگلتەرادا، وەك ئەمریکا لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەمدا دەستی پێکرد و چەند یاسایەك دانرا کە دەوڵەت بتوانێت بودجەیەکی تایبەت بۆ بینای کتێبخانە گشتییەکان تەرخان بکات و وەك یارمەتی، بەڵکو خواستەکانی خوێنەرە ئاساییەکانی پێ بەراورد بکرێت. شاری مانجستەری ئینگلتەری رابەرایەتی کردنی ئەم جوڵانەوەی لە ئەستۆ گرت، تا ئەوەی کتێبخانەی گشتی ئەم شارە پیشەسازییە گەورەیە کە ناسرابوو بە کتێبخانەی گشتی ئازاد[436] لەگرنگترین و چالاکترین کتێبخانەکانی ئینگلتەرابوو، لە بەئەمانەت دانی کتێبەکانیدا کە ژمارەیان نزیکەی سێ ملیۆن بەرگ بوو، پێشڕەو بوو.

بەڵام لە ئەمەریکا گرنگترین هەنگاوە سەرەتاییەکان لە شاری بۆستن[437] دەستی پێکرد پاشان کتێبخانە گشتییەکان لە شارەکانی ئەمەریکادا زیاتر لە شارەکانی ئەورووپا بەهۆکاری شارستانییەت هەژمار دەکرا و تارادەیەك ئەم بابەتە دەگەڕێتەوە بۆ بەشێکی گەورەی ئەرکەکان کە لە ئەورووپادا بۆ خوێندنگەکان دانرابوون و لە ئەمریکاشدا کتێبخانەکان بەم جۆرەی لێهات ئەم بابەتەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو گرنگیدانە کۆمەڵایەتییەی کە ئەمریکاییەکان بەتایبەتی لە شارە گەورەکاندا بۆ کتێبخانەکانیان دانابوو.

**هاوڕێیان و پارێزەرانی کتێب لە ئەمریکا:**

لە ئەمریکادا بەردەوام بڕە پارەیەکی زۆر بۆ کتێبخانەکان تەرخان دەکرا، و ئێستاش بەئەندازەی ئەو بڕەیە نەك تەنها لەلایەن دەوڵەت و شارەوانییەکانەوە بەڵکو لەلایەن کەسانی خێرخوازەوە دابین دەکرێت. پارێزەرانی کتێب لە جیهانی نوێی ئەمرۆدا کەسایەتی ناسراون. لە خاڵێکدا لە جیهانی کۆندا لەم جۆرە کەسانە زۆر کەم بوون. لە نموونەی ئەو کەسانە لە پلەی یەکەمدا ئاندرۆکارنیگییە[438] کە بەدرێژایی ژیانی بەخێرخوازی لەکاتی پێویستدا نزیکەی

---

436- Freepublic Library
437- Boston
438- Andrew Carngie

هەزار کتێبخانەی دامەزراند و بەتەنهایی ملیۆنەها دۆلاری بۆ کتێبخانەکانی سەر بەشاری نیویۆرک کردە دیاری.

ئەوەی توانای ئەمریکییەکان لە گرنگیدانی تەواو بەکتێبخانە گشتییەکان ئاشکرا دەکات ئەوەیە کە ژمارەیەکی زۆر لە دۆستانی کتێبی ئەمریکی دەرگای کتێبخانە تایبەتییەکانی خۆیانیان بۆ جەماوەر ئاوەڵا کرد یاخود ئەو کۆمەڵە کتێبیانەیان بەخشی بەکتێبخانە گشتییەکان، لەبەرئەوە لە کتێبخانەی زانکۆکاندا زۆر کۆمەڵە کتێبی تایبەت دەبینرێت، هەروەها چەندین کتێبخانە هەیە کە قەرزاری بەخشندەیی کەسانی دەوڵەمەندە، لە نموونەی ئەوانە کۆمەڵە کتێبی ئەدەبی ئایسلەندی بەناوبانگە کە ویلارد فیسك[٤٣٩] بەدیاری بەخشی بەزانکۆی کۆرنێل[٤٤٠]، و ئێستا زانکۆی هاروارد کتێبخانەیەکی هەیە کە دەگەڕێتەوە بۆ دەوڵەمەندی ئەمریکی هاری ئیلکینز وادنێر[٤٤١]. ئەو کتێبەکانی دیکینز[٤٤٢]و بەتایبەت ستێڤنسۆن[٤٤٣]ی کۆکردەوە و لە ساڵی ١٩١٢ لەکاتی گەڕانەوەی لە شاری لەندەن و لە زیادکردنی هوت[٤٤٤]دا چەندین کتێبی جوانی کڕیبوو، بەڵام لە رووداوی کەشتی تایتانیکدا[٤٤٥]دا نوقم بوو.

هەروەها زۆرێك لە ملیۆنێرەکانی دیکەی ئەمریکایی بەتایبەت پێربۆنت مۆرگان[٤٤٦] برەوی بەم کارەدا، هەروەها وایدنێر گرنگیدا بەزیادکردنی زانستییەکانی ئەورووپا. ئەمان بەهۆی ئیمکاناتی نەبڕاوەیان توانییان سەرکەون بەسەر بەرامبەر ئەورووپییەکاندا و دەستیان گیربێت لە ژمارەیەکی زۆر کتێبی نایاب و رەوانەی وڵاتەکەیان بکەن. وەك نوسخە دەست نووسەکان یان چاپە سەرەتاییەکان یاخود بەرگە گرانبەها مێژووییەکان. بەنموونەی ئەم کارانە ئەمەیە کە پیاوێکی پیشەوەر بەناوی رۆبێرت هو[٤٤٧] پێی هەستا و کۆمەڵێکی تەواوی لە چاپەکانی پەیداکرد و زۆربەیان بەشێوازی گرولێی بەرگ گیرابوون، هەروەها دەڵێن هێنری ئی. هەتینگ تۆن[٤٤٨] بەڕێوەبەری هێڵی

439- Willard Fiske
440- Cornell
441- Harry Elkins Widener
442- Dickens
443- Stevenson
444- Huth
445- Titanic
446- Pierpont Morgan
447- Robert Hoe
448- HenrryE. Huntington



شەمەندەفەر بەدرێژایی دە ساڵ چەندەها کتێبی بەبڕی شەش ملیۆن – دولار کڕی و لە کاتی مردنیدا لە ساڵی ١٩٢٦ بەگەورەترین خاوەن کتێبی ئەمەریکی لە قەڵەم دەدرا.

### کتێبخانە مەزنەکانی ئەمەریکا:

گەورەترین کتێبخانەی ئەمەریکا کتێبخانەی کۆنگرەیە لە واشنتۆن، سەرەتا ئەم کتێبخانەیە تایبەت بوو بەئەندامانی پەرلەمان، هەنگاو بەهەنگاو پێشکەوت تاوەکو دواجار بوو بەکتێبخانەی میللی ویلایەتە یەکگرتووەکان و ئێستا بڕی سێ ملیۆن کتێب لە خۆ دەگرێت[٤٤٩]و بە مەزنترین کتێبخانەکانی جیهاندا دادەنرێت.

لەگەڵ هەموو ئەمانەدا، لە ژمارەی ئەو کتێبانەی کە ئەمانەت دەدرێت ناتوانێت لەگەڵ کتێبە بەئەمانەت دراوەکانی کتێبخانەی گشتی نیویۆرکدا کێبڕکێ بکات. کتێبخانەی نیویۆرك گەورەترین تەلاری ئەو شارەی لەژێر دەستدایە جگە لەو هۆڵ و بینایانەی کە بۆ خوێندنەوە دانراون، زیاد لە هەزار و سەد شوێن و چل و هەشت بەش و نزیکی چوارسەد گەنجینەی بۆ کێتبە بەئەمانەت دراوەکان هەیە لە هەموو ناوچەکانی ئەو شارەدا ژمارەی ئەو کتێبانەی کە لەم دامەزراوە گەورەیەوە بەئەمانەت دەدرێت، دەگاتە نزیکەی بیست ملیۆن. هەموو کتێبخانە مەزنەکانی دیکەی ئەمریکاش هەمان بارودۆخیان هەیە.

### رێکخستنی زانستی کتێبخانەکان:

ئاسانکاری بەئەمانەتدانی ئەم بڕە زۆرەی کتێب، بەهۆی پەرەسەندنی فراوانی ئامراز و کەرەستە فەنییەکانەوە بوو، رێکخەرانی کتێبخانەکان پەنایان برد بۆ هەموو لایەنە فەنییەکان و شێوازێکی عەمەلیان دانا کە لە هەموو وڵاتانی دیکەدا سوودی لێوەرگیرا و بوو بەهۆی ئامادەکردنی شێوەیەکی یەك رەنگ و ورد و یەکگرتوو بۆ هەموو کتێبخانە جیاوازەکان و رێکخستنی کتێبخانەکان و شێوازی بەڕێوەبردن و دیاریکردن و فەهرست نووسینی کتێبەکان و فەراهەم کردنی هەلومەرجی گونجاو بۆ بەئەمانەت دان و فراوانکردنی چالاکی کتێبخانەکان بۆ شوێنە دووردەستەکان.

٤٤٩- ئەم ژمارە دەگەڕێتەوە بۆ ٧٠ ساڵ پێش ئێستا، ئەمڕۆ زیاد لە ٢٦ ملیۆن بەرگ کتێبی تێدایە.

ناودارترین داهێنەرانی ئەم شێوازە فەنییە، ملویل دیڤیی و چارلز ئی. کارتەر بوون. ئێستا ئەم شێوازە لە زۆرێك لە خوێندنگا کتێبدارییەکاندا بۆ فێربوونی کتێبداری دەوترێتەوە. لەگەڵ ئەمەشدا ئەم شێوازە فەنییانە نەیتوانی کەمی فەرهەنگی گشتی کتێبدارانی ئەمریکی بەتەواوی چارەسەر بکات. هەروەها ئەم شێوازە فەنییانە نەیتوانی بەشێوازێکی ئەزموونی کە لە کتێبخانە مەزنەکانەوە سەرچاوەی گرتبوو، پایەبەرزتربێت.

لەبەر ئەوە سەرەڕای هەموو ئەمانە ئەم ویژە نەیتوانی بەر لەو تیشکە بگرێت کە کتێبخانەکانی ئەمەریکایی ڕووناك کردبوویەوە. جگە لەوە دەبێت ئاماژە بەوە بکەین کە وڵاتە گەورە ئەورووپییەکان لەم سەردەمانەی دوایدا بۆ ڕێکخستن و گەشەی کتێبخانەکانی خۆیان سوود و کۆمەکیان لە ئەمەریکا وەرگرتبوو.

## گەشەسەندنی بازرگانیی کتێب

### بارودۆخی گشتی بڵاوکراوە هاوچەرخەکان:

گەشەسەندنی فراوانی لە بواری کتێبە چاپکراوەکاندا و گرنگی دانی پێویست بنچینەی ڕەونەقی بەرچاو گەشەی خێرای کتێبخانەکانی ئەم سەردەمانەی دوایی بوو و بێگومان ئەمەش کاریگەری زۆری لەسەر بازرگانی کتێب هەبوو.

### پسپۆڕی:

لەوکاتانەدا پسپۆڕییەك هاتەکایەوە کە فراوانبوونی پلەبەپلە بوو، بۆ نموونە دەتوانرێت بەم جۆرە ڕاڤە بکرێت: چۆنە کە وا هەندێك بڵاوکەر و کتێب فرۆشەکان کتێبە پزیشکییەکان بەباش دەزانن و هەندێکی دی ئارەزووی کتێبەکانی یاسا دەکەن و ژمارەیەکی تر بڵاوکردنەوەی کتێبە هونەرییەکانیان پێ خۆشە، و تەنانەت تێبینی دەکەین کە لە بەشێکی زۆری گەنجینە گەورەکانی کتێبە کۆنەکانیش بە شێوەیەکی پسپۆڕییانە جیاکراونەتەوە.

ئەم پسپۆڕییە بە شێوەیەکی تایبەت لە ئەڵمانیا و ڕەواجی هەبوو و جگە لەم بارە هەندێك جیاوازی دەبینین لە نێوان سەمای سەپاو لە ئەڵمانیا وڵاتانی ئەسکەندەنافی لەلایەك و هاوشێوەکانیان لە وڵاتی ئینگلیزی ساکسۆنی وڵاتانی لاتین لەلایەکی دیکەوە.



### ڕێکخستنی شوێنە بازرگانییەکانی کتێب:

بازرگانی کتێبی ئەڵمانیا هەروەها باسمان کرد، بەش بەش بوون و کەمی کاری هاوبەشی لە رابردوو و سەدەی هەژدەهەمدا بەرگە گرت کە ڕێگری سەرکەوتنی ئابڕوومەندانەبوو بەربەرەکانی کردنی تەزویرکاریدا. لە بازرگانی کتێبدا گیانی پێکەوەبوونی کۆمەڵایەتی تا کاتی یەکگرتنی ئیمپراتۆرییەتی ئەڵمانیا لە ساڵی ١٨١٥دا نەناسرابوو و لە دوایدا ئەم گیانە بەخەبەر هاتووە و ئاکامەکەی دروستبوونی بازاڕی لایب زیك بوو لە ساڵی ١٨٢٥دا.

لەگەڵ ئەمەدا لەو قۆناغەدا زەمینەی پەیدابوونی یاسایەك کە لە بەرامبەر تەزویرکاریدا رابوەستێت و پشتگیری مافی بڵاوکەرەوەکان بکات هیچ پێشکەوتنێك بەدی نەکرا و قۆناغەکانی سەرەتای سەدەی نۆزدەهەمیش دا کە پڕبوو لە دانوستان و هەوڵدان لەم بوارەدا هەربەم جۆرە تێپەڕیبوو.

لەنێو ئەو کەسایەتییانەی کە ماوەیەکی زۆر لەم بوارەدا، بواری دابینکردنی مافەکانی نووسەران و بڵاوکەرەوان هەوڵەکانی خستەگەڕ پێویستە ناوی فریدریك پێرێس[٤٥٠] بهێنین کە لەلایەن هاووڵاتییەکانییەوە زۆر ڕێزی لێدەگیرا، چونکە ئەم لە بەرامبەر ستیلای ناپلیۆنی بێگانەدا چەند بیرۆکەیەکی هەموو کەسێکی دی ف. ئەی برۆکهاوس[٤٥١] کە پاش سەرقاڵ بوون بەپیشەی قوماش چنینەوە، دەستی کرد بەبەشی بڵاکردنەوە و بوو بەیەکێك لە گرنگترین بڵاوکەرەوانی وڵاتی ئەڵمانیا.

### یاسای تایبەتی مافەکانی نووسەران:

دواجار یەکێتی بازرگان و کارمەندان بەهەوڵێکی زۆر یاسایەکی جێگیریان بۆ داکۆکی کردن لە مافەکانی نووسەران دامەزراند. ئەم هەوڵە کە لەلایەن وڵاتی ئەڵمانیاوە دەست پێکرا. بەیەکەمین ڕووداوی وڵات دادەنرێت لەم زەمینەیەدا و لە ساڵی ١٨٨٦دا ڕاگەیەنرا.

شایەنی باسە کە کۆنگرەی نەتەوەی فەڕەنسا لە ساڵی ١٧٩٣ی زایینییەوە یاسایەکی چەسپاند کە مافی نووسەری لە ریزی مافەکانی خاوەنداریتی دا دادەنا. یاسای تاوانی ناپلیۆن لەسەر ئەم شێوازە دەڕۆیشت و بۆ تەزویرچییان سزایەکی دیاری کرد کە تا ئەمڕۆش بەبەهێزی ماوەتەوە.

یەکەمین بەڵێن نامەی ئەدەبی نێوان وڵاتی فەڕەنسا و وڵاتانی ئەسکەندەنافی لە ساڵی ١٨٤٠دا

450- Friedrich Perthes
451- F.A. Brockhaus

بەسترا. ئەم بەڵێننامەیە تۆوی یەکەمی بەڵێننامەی بێرن بوو. بەتێپەڕبوونی ماوەیەك بەسەر بەڵێننامەی بێرندا، ئەم پەیمانە چەندین جار چاکسازیی بەسەر داهات. بەنزیکەی ئێستا هەموو وڵاتانی پێشکەوتوو پەیوەستن بەو پەیماننامەوە؛ بەجۆرێك هەر نووسەرێکی خەڵکی ئەم وڵاتانە، هەمان مافی پشتگیری خاوەندارێتی ئەدەبی وڵاتی خۆی هەیە لەناو ئەو وڵاتانەدا.

دواتر لە فەرەنسا کۆمەڵەی ئەدیبان[٤٥٢] دامەزرا و چەندەها نوێنەری لە دەرەوەی وڵات هەبوو. بەجۆرێك نووسراوەکانی ئەندامانی تەنها لە ڕێگەی پێدانی بڕێك پارە بەنووسەران دەتوانرا بگوازرێنەوە.

**ئازادیی بڵاوکراوەکان:**

بەڵام لە زەمینەی سانسۆری سەر بڵاوکراوەکاندا، نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەم پێشەکییەك بوو کەمبوونەوەی پشکنین و ئەمەش لەکاتێکدا ڕوویدا کە ئارەزووی ئازادی هەمیشە بەردەوام و ڕووی لە زیادبوون کردبوو و لە ساڵی ١٨٢٨دا بەڕاگەیاندنی ئازادی بڵاوکراوەکان و نەهێشتنی سانسۆری چاپکراوە و بڵاوکراوەکان. ئازادییان بۆ خۆیان مسۆگەر کرد.

**ڕێکخستنی بازرگانیی کتێب:**

شێوازی کۆنی بازرگانی کتێب کە لە بازاڕەکاندا هەبوو بەرەبەرە لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەمدا گرنگی لە دەستدا، چونکە فرۆشتنی کتێب لە هەموو کاتێکدا ئەنجام دەدرا و بەئاسانی لە بازاڕەکان دەستدەکەوت و ئەمەش بەهۆی چاکبوونی هۆکارەکانی پەیوەندی هاوبەش بوو لە نێوان بڵاوکەرەوە و نووسەرەکاندا.

**بازرگانیی کتێب لە ئەڵمانیا:**

لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەمدا بەپشتگیری کردنی یەکێتی بازرگان و کارمەندانی ئەڵمانی ڕێکخستنی بازرگانی نوێی کتێبی ئەڵمانی ڕەخسا. ئەم یەکێتییە فەهرستێکی زۆر سەرنجراکێشی بۆ بازرگانی کتێب ئامادەکرد، هەروەها فەهرستی نیوساڵی و پێنج ساڵیشی ئامادەکرد. ئەم فەهرستانە لە وردی و زۆرییەوە، پایە بەرزتر بوون لە هاوشێوەکانی لە وڵاتانی دیکەدا.

452- Societe des Gens de Lettres



بازرگانی کتێب لە ئەڵمانیا سیستەمێکی وردەکارتری هەبوو، لایب زیك و ناوەندێکی گرنگی ئەڵمانیا، سیستەمێکی زۆر بەهێزی هەبوو، ئەم ناوەندە شوێنگەی یەکێتی بڵاوکەرەوان و نوێنەرانی کتێب فرۆشانی ئەڵمانی و ناوەندی بڵاوکردنەوەی گۆڤار و پیشەییەکان بوو کە گرنگترینیان گۆڤارەکانی یەکێتی بازرگان و کارمەندان بوو، لە هەموو ڕۆژەکانی کارکردندا بڵاودەبوویەوە و هەموو کتێبە ئەڵمانییەکانی بەخوێنەران دەناساند.

هەروەها سەردەمێکی گرنگ بۆ بڵاوکردنەوەی کتێب پەیدابوو نەك تەنها لە ناوەندە گرنگەکانی وەك لایب زیك و بەرلین و شتوتگارت[٤٥٣] و میونیخ و بەڵکو ژمارەیەکی زۆری ناوەندی بڵاوکردنەوە لە شارەکانی پارێزگا بچووکەکانیشدا بەتایبەت لەو شارانەی کە زانکۆی تێدابوو پەیدابوو وەك توبینگن[٤٥٤] و هیدلبێرگ[٤٥٥] و گوتینگن[٤٥٦] و شێوەکانی دیکە.

لە نێو بڵاوکەرە دیارە ئەڵمانییەکاندا، جگە لەوانەی کە ناومان هێنان، ژمارەیەکیان شێوازەکانیان لەگەڵ یەکدیدا جیاوازی هەبوو؛ لە نموونەی ئەوانە لە بەرلیندا والتۆرد و گروتەر و هاوبەشەکانی[٤٥٧]، ئوربان[٤٥٨]، شوراتزن بێرگ[٤٥٩]، یولیوس شپرێنگەر[٤٦٠]، برونۆ کاسێر[٤٦١]، و س. فیشەر[٤٦٢] بوون. لە شاری لایب زیك بڵاوکەرەوانی وەك کارل و هێرسمان[٤٦٣]، و ب. ج تبوبنەر[٤٦٤] و ر. ئۆلدینبێرگ[٤٦٥]، و لە شاری یەنا[٤٦٦] گۆستاڤ ڤیشەر و کۆهلەر[٤٦٧] و چەندینی دیکە لەم بوارەدا دەرکەوتن هەموو بڵاوکەرەوە ئەڵمانییەکان، ئەوانەی لەلایەنێك بایەخیان هەبوو، بەڵام بەلایب زیکدا شوێنی نیشتەجێیان نەبوو، گەنجینەی ئەمانەتیان بۆ بڵاوکراوەکانیان لەلای فرۆشیارە تایبەتەکانی خۆیان لەو شارەدا هەبوو. هەروەها بازرگانە ئەڵمانییەکان لە شارەکانی

453- Stuttgart
454- Tubingen
455- Heidlberg
456- Gottingen
457- Walterde Gruter & co
458- Urban
459- Schwartzenberg
460- Julius Springer
461- BrunoCassirer
462- S. Fischer
463- Karl W. Hiersemann
464- B G. Teubner
465- R. Oldenbourg
466- Iena
467- Gustav Fischer & Koehler

دیکەدا جگە لەلایب زیك لەگەڵ بازرگانە بێگانەکاندا پەیوەندییان هەبوو بۆ زیادکردنی فرۆشیار بۆ ئەوەی کتێبەکان لەکاتی بڵاوکردنەوەدا بکڕن بەجۆرێك کە زۆربەیان مامەڵەی کتێبەکانیان بەوان دەسپارد.

ئەم ناوەندی و رێکخستنی بازرگانی کتێبە لە لایب زیك، بڵاوکردنەوەی فراوانی کتێبە ئەڵمانییەکانی ئاسان دەکرد. ئەم بنەما جێگیرکراوەی سەودا و مامەڵەی کتێبە لە ئەڵمانیا بە شێوەیەکی تایبەت گەشەی سەند، ئەم شێوازە ناسراوبوو بەسیستەمی مەرجی و بەپێی ئەم سیستەمە ژمارەیەکی دیاریکراوی چاپکراوە نوێیەکان دەدرا بە فرۆشیارە گەورە و کتێب فرۆشە بچووکەکان، بەو مەرجەی ئەگەر نەتوانرا بیفرۆشن. لە ماوەیەکی دیاریکراودا بیگەڕێننەوە. بەڵام لە جێی نوسخە فرۆشراوەکان کرێیەکی جێگیر دەدرا بەفرۆشیار و بەداشکانێکی دیاریکراو کتێبەکان دەفرۆشران.

شایانی باسە کە ماوەی گەڕانەوە، پێش جەنگەکانی ساڵەکانی ١٩١٤-١٩١٨ ماوەیەکی دوورودرێژ بووە، لە حاڵێکدا کە ئێستا، ئەم ماوەیە لە سێ مانگ زیاتر تێپەڕ ناکات. جگە لەوە گەڕاندنەوەی کتێبە مەرجدارەکان بۆ بڵاوکەرەوە، بەرەچاوکردنی تەواوبوونی کاتی فرۆشتنی، بەپێویستییەك لە قەڵەم دەدرا.

بەڵام مافە دوابەدواکان ناسراو بەپەیمانی نوێکراوە، هەرسێ مانگ جارێك نوێ دەکرایەوە و لە فەرەنسادا ئەم شێوازە بەربڵاوبوو، بەڵام لە ئەڵمانیا زۆرکاری پێنەدەکرا.

لەم شارانەدا کۆمەڵێکی تایبەت لە فرۆشیارانی کتێب بەناوی یەکێتی بازرگانانی بچووکی ئەڵمانی هەبوو. ئەم یەکێتییە تەنها لەگەڵ کتێب فرۆشاندا هەڵسوکەوتی دەکرد. نوێنەرانی لە نێو کتێب فرۆشە بچووك و گەڕۆکەکاندا هەڵدەبژێردران. بەگشتی ژمارەیەکی زۆری نوسخەکان و هەندێ کات هەموو نوسخەکانی چاپی یەك کتێبیان دەکڕی، هەروەها هەندێ کات ئەو نووسراوانەیان دەکڕێ کە بۆ فرۆشتنی رۆژانە بەردەوام چاپ دەکرا. لەم رێگەیەوە بەنرخێکی هەرزان دەستیان دەکەوت و بەم جۆرە رێگەیان پێی دەدرا ئەو مەرجانەی کە بریکاری بڵاوکەرەوەکان بۆ نوێنەرەکانیان دیاریکردبوو پەسەند بکەن. ئەم فرۆشیارە بچووکانە تەنها لە ناوەندە گەورەکانی وەك لایب زیك و برلین و شتوتگارت دا هەبوون. لە گرنگترینیان کۆمپانیای کوهلر و[٤٦٨] ڤولکمار ئەی. ج[٤٦٩] و هاوبەشەکانی بوو کە بە فەهرستی کتێب و کتێبە تایبەتەکانی زانستی کتێب داری بەناوبانگ بوون.

---

468- Koehler
469- Volckmar a. G. & Co



**بازرگانیی کتێب لە فەرەنسا:**

لەو گەورەترین بڵاوکەرەوە فەرەنسییەکان لە سەدەی نۆزدەهەمدا، جگە لەو کەسانەی کە ناومان هێنا، کەسێکی تر هەیە بەناوی ج.ج لیوڤەر[٤٧٠] لە کۆمەڵە کتێبێکی بەناوی زنجیرە کتێبە کلاسیکییەکانی فەرەنسا[٤٧١]ی لە ٧٣ بەرگدا بڵاوکردەوە، هەروەها پانکۆکی کوڕ[٤٧٢] سەرکەوتنێکی گەورەی بەدەست هێنا لە بڵاوکردنەوەی کتێبی سەرکەوتن و فتوحاتە فەرەنسییەکان[٤٧٣] بڵاوکەرێکی دی رێنوارە کە پیاوێکی زۆر رۆشنبیربوو، بەچاپکردنی زنجیرەیەکی تایبەت کتێبی خوێندن ناوی دەرکرد. هەروەها ئۆتۆلۆرێنز[٤٧٤] فەهرستە بەناوبانگەکەی بەناوی کەتەلۆگی کتێبدار[٤٧٥] بەدوای کتێبی ج. م کورارد[٤٧٦]دا بەناوی (فەرەنسای ئەدەبی)[٤٧٧] بڵاوکردەوە، و لەسەرەتا بەهەمان ناونیشان لەلایەن لواندرێ - بۆرکولوت[٤٧٨]ەوە چاپکرا و بەیەکێك لە سەرنج راکێشترین فەهرستی کتێبە فەرەنسییەکان هەژمار دەکرێت. هەروەها لە نموونەی بڵاوکەرە رۆمانتیکییەکان رێندوێل - کورمەر هەن[٤٧٩] و بەدوای ئەمانیشدا هێتزل،[٤٨٠] هاشت[٤٨١]، و لۆمەر[٤٨٢] دێن.

هەروەها لە نموونەی ئەوان فیرمین دیدۆت[٤٨٣]، پلۆن[٤٨٤]، کالمان، - ئیڤی[٤٨٥] شارپانتێر[٤٨٦]، و جێنشیلەکەی فاسکوێل[٤٨٧]، چەندین کەسی دیکە بوون. لە پاڵ ئەم بڵاوکەرەوانەدا ژمارەیەکی دیکەی بڵاوکەرەوان ناوبانگیان دەرکرد وەك لارۆس[٤٨٨]، و ئارمان کۆلپ[٤٨٩] ئەو کتێبە

---

470- J. J. Lefevre
471- Collection de Classiques Francais
472- Panckouke Fils
473- Victoires et Conquetes des Francais
474- Otto Lorenz
475- Catalogue de La librarie
476- J. M. Querard
477- Le France Litteraire
478- Louandre - Bourquelot
479- Renduel – Curmer
480- Hetzel
481- Hachette
482- Lemerre
483- Firmin Didot
484- Plon
485- Calmann – Levy
486- Charpentier
487- Fasquelle
488- Larousse

پەروەردەییانـەی بڵاودەکـردەوە کـە زانـستی جۆراوجـۆری پـەروەردەیی لـەخۆ دەگرێـت، ئێـستا دەرهاوێشتەکانی ئەم چالاکییانە بەرفراوانییەکی زۆری بەخۆوە بینیوە.

هەروەها ژمارەیەکی زۆر لە فەڕەنسییە پسپۆڕەکان لە پیـشەسازی و بازرگـانی کتێبـدا لەگـەڵ ئەواندا بوون و لەژێر بەڕێوەبەرایەتی یەکێتییەك دا بوون بەناوی. فەرمانگەی بازرگانی کتێـب[٤٩٠] و لە ساڵی ١٨٤٧دا لە فەرەنسا دامەزرا. زۆربەی ئەم یەکێتییانە لەو فەرمانگـە نـاوبراوەی سـەرەوە پەیامێك یان بەڵێننامەیەکیان بۆ خۆیان وەردەگرت. گرنگترینیان دو یەکێتی بوو: یەکێتی بڵاوکەران و یەکێتی بازرگـانی کتێـب. ئـەم ئەنجوومەنـە بڵاوکـراوەی هەفتانـەی خـۆی بـەناوی کتێبناسـی فەڕەنسا[٤٩١] بڵاودەکردەوە، لەم بڵاوکراوەیەدا کتێبە نوێیەکان ئاگاداری بۆ دەکرا و دەردەکەوێت ئەم بڵاوکرایەوە بە تەنها بۆ هێنانەدی پێویستییەکانی ئەوکاتەی بازرگانی کتێبی فەڕەنسی بەس نەبوو.

بەپێچەوانەی ئەوەی لە ئەڵمانیا روویدا، دەبیـنین هـەر بڵاوکـەرەوە فەڕەنـسییەکان لـە شـاری پاریسدا شوێنگەیەکیان هەبوو و خۆیان هەڵدەستان بەفرۆشتنی کتێبەکان بەکتێب فرۆشـەکان. ئـەو فرۆشتنەش یان لەڕێی فرۆشتنی راستەوخۆ ئەنجام دەدرا یان لە رێگەی پێـدانی تەئمیناتـەوە ئـەنجام دەدرا، و ئەم سیستەمی پێدانە وەك فرۆشتنی مەرجداربوو لە ئەڵمانیادا.

هەروەها نەریتی بەخشینی نوسخەیەك کتێب بەکتێب فرۆشەکان لە ئەنجامی فرۆشتنی سـیازدە کتێب هاتە فەڕەنساوە، هەروەها چەندین بریکاری دیکەی فرۆشتنی کتێب لە پاریسدادەرکەوتن کـە هەموویان نیشتەجێی ئەو شارە بوون، گەرچی ژمارەیان سنووردرابوو، بەڵام ئەرکیان بریتی بـوو لـە کۆکردنەوەی داواکارییەکانی کتێب فرۆشەکان بۆ ژمارەیەکی زۆر لـە بڵاوکـەرەوان ئەمـەش کرێـی گواستنەوەی نامە و هەندێك لە فرۆشە بچووکەکان و بەمـەش کرێـی بریکارەکـان زیـادی دەکـرد. هەروەها هەندێك جار بریکارەکان کتێبیان لەسەر حسابی کتێب فرۆشەکان دەکـڕی. لـە فەڕەنـسادا هیچ سیستەمێکی هاوشێوەی سیستەمی ئەڵمانی ناسراو بەفرۆشتنی ناوەندی[٤٩٢] نەبوو.

بەڵام ئەو حیـسابە قیـستییانەی کـە بڵاوکـەرە فەڕەنـسییەکان بـۆ بریکـار و کتێبفرۆشـە بچووکەکانیان دەکردەوە بە شێوەیەکی گشتی ماوەیەکی کورت و لە نێوان سێ تا شەش مانگ دابوو.

489- Armann Colin
490- Cercle de la Libraire
491- Bibliographie de la France
492- Barsortimente



**بازرگانیی کتێب لە ئینگلتەڕا:**

مامەڵەی کتێب فرۆشەکانی ئینگلتەڕا تەنها لە رێگەی حیسابی جێگیرەوە ئەنجام دەدرا. لەگەڵ هەموو ئەمانەدا دەیانتوانی کتێبە خوازراوەکانیان لە بڵاوکەرەوان یـان نوێنـەرەکانیان داوا بکـەن، دەبوو لە ماوەیەکی کەمدا ئەگەر ئەو کتێبانە نەفرۆشران، بگەڕێنرێنەوە. بەڵام ئەو نوسخانەی کە لە پێش چاپدا داواکرابوون، زۆر بەهەرزان دەفرۆشرا.

بـەناوبانگترین بڵاوکـەرەوانی ئینگلتـەرا بـریتین لـە، لانـگ مـانس[٤٩٣]، مـورای[٤٩٤]، مـاك میلان[٤٩٥]، ستانلی ئەن وین[٤٩٦] کە بەسیستەمی فرۆشتنی کورت خایەن مامەڵەیان دەکـرد. ئـەم بڵاوکەرەوانە بەگوێرەی سیـستەمی مامەڵـەی کـورت خایـەن کتێبـەکانیان بەبازرگانـە گـەورەکان دەفرۆشت، بەڵام ئەو کتێبانەی کە نەیاندەتوانی بەم شـێوازە بیفرۆشـن، بـەنرخێکی هـەرزانتر دەدرا بەبازرگان و بیرکارەکانی دیکە لە سەر قاڵی فرۆشتنی کتێبە نەفرۆشراوەکان بوون. تاڕادەیـەکی زۆر ئەم شێوازە، یارمەتی درەوشانەوەی بازرگانی کتێبی ئینگلیزی دا، چونکە نەیاندەتوانی لە کۆتـایی ساڵدا کتێبە نەفرۆشراوەکان بۆ بڵاوکەرەوەکان بگەڕێننەوە. بازرگانانی فەڕەنسی و ئەڵمانیش هەمان ئەم کارەیان ئەنجامدا، بەڵام بازرگانی کتێب بە رەچاوکردنی گرنگی بەزۆرەکەی، لە نێوان ئینگلتەرا و موستەعمەرەکانیدا زۆرتر لە رێگەی دەستەیەکەوە بەناوی تەواوی کتێب فرۆشـەکانی[٤٩٧] ئـەنجام دەدرا و لە نموونەی ئەوانە سیمپکین و مارشال و هاوبەشەکانیان[٤٩٨] بوو.

**بازرگانیی کتێب لە وڵاتانی ئەسکەندەنافیا:**

رێکخستنی بازرگانی کتێب لـە دانیمـارك و سـوید لـەڕووی بەرفراوانییـەوە، تاڕادەیـەك لـە سیستەمی ئەڵمانی دەچوو. لەگەڵ ئەمانەدا هەندێك تایبەتمەندی سـەرنج راکـێش لـەم شـێوازەدا بەرچاو دەکـەوێت. لـە دانیمـارك بڵاوکـەرەوان بـۆ هـەر کتێبفرۆشـییەکی نـوێ کـە دادەمـەزرا حسابێکیان دەکردەوە.

لە سوید بڵاوکەرەوان لەم هەلومەرجەیاندا خوازیاری دڵنیایی بوون و بەتەئمین کردنیان تەواوی دڵنیایی پێویست بۆ مامەڵەکانی داهاتوویان پێ دەدرا. جگە لەمە رازی نـەبوون بەهـەرزانکردنی

493- Longsmans
494- Murray
495- Macmillan
496- Stanley Unwin
497- Wholesale Booksllers.
498- Simpkin. Marshal & co.

نرخی کتێبەکانیان مەگەر ئەم هەرزانکردنە لەلایەن بازرگان و بریکارەکانی یەکێتییەکەیانەوە بڕیار بدرایە. فرۆشیارەك دەبوو بەشداری بکەن لە یەکێك لە دەستەکانی بەرپرسان لە بەرامبەر بڵاوکەرەوان و هەندێك لە مەرجەکانی ئەندامێتی پەسەند بکەن.

لە نەرویجدا دەبینین، یاسای بازرگانی سەخت بووە، چونکە هەموو کتێبفرۆشێکی نوێ کە خوازیاربوو حیسابێك لەلای بڵاوکەرەوان بکاتەوە، پێویست بوو بەشداری بکات لە یەکێتی کتێبفرۆشاندا دەبوو بۆ ماوەیەك لە فرۆشگایەکی کتێبدا کاری بکردایە و هەموو داخوازییەکان لەلایەن نوسینگەی یەکێتی بڵاوکەرەوانەوە لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکرا، هەروەها هەر خوازیارێك کە دەیویست بەشداری بکات لێکۆڵینەوەی هونەری لەسەر ئەنجام دەدرا و هەروەها ئەو شوێنەی کە دەیویست بازرگانی تیادا بکات لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکرا و ئەو کارەش لەبەر هۆی دورکەوتنەوەبوو لە کێبڕکێیەکی زیانبەخش، هەروەها بازرگانی کتێب دەبوو بارستەیەکی هەبێت بۆ ئەوەی لەهەر بارێکی تایبەتدا، کار و پایەکەی پارێزراوبێت. بەسانایی تێدەگەین لەم جۆرە یاسایانە لە وڵاتانی ئەسکەندەناڤیادا کاری پێدەکرا.

## بازرگانیی کتێب لە بەلجیکا و هۆڵەندا:

بازرگانی کتێب لە بەلجیکا بەبازرگانی ئازاد لە قەڵەم دەدرا لەم وڵاتەدا تەنها لیستێك لەناوی کتێب فرۆش و بریکارەکان هەبوو کە لەلایەن یەکێتییەکەیانەوە دانرابوون. تەنها ئەوان مافی هەرزان کردنی کتێبیان هەبوو لەلای بڵاوکەرەوەکان، بەڵام مەجبور نەبوون هەموو ئەو کتێبانەی کە بڵاویان دەکردەوە بەوان بسپێرن.

لە هۆڵەندا یەکێتی بڵاوکەرەوان و دەستەیەك بەناوی کۆمەڵەی کتێب فرۆشان هەبوو، ئەم کۆمەڵە لیستی ناوی ئەو کتێب فرۆش بریکارانەی لابوو کە بە تەنها ئەمان دەیانتوانی کتێب هەرزان بکەن لەلای بڵاوکەرە بەڵێندەرەکان لەسەر بنەمای یاساکانی یەکێتییەکەیان، و هەرکاتێك ڕەزامەندی یەکێتی کتێب فرۆشانیان بەدەست نەهێنایە، نەیاندەتوانی هیچ حیسابێك لەلای بازرگانێکی نوێ بکەنەوە، لەلایەکی دیکەوە ئەگەر کتێب فرۆشێك بیوایە بەجێنشینی کتێب فرۆشێکی دیکە، سەرەتا دەبوو هەموو قەرزەکانی پێشووی بداتەوە، جگە لەمە هیچ خوازیارێك بۆی نەبوو دەست بەپیشەی کتێب فرۆشتن بکات، مەگەر ئەوەی بۆ چەند ساڵێك پێشینەی ئەم کارەی هەبێت لە یەکێك لە کتێب فرۆشییە باوەڕ پێکراوەکاندا. دواجار بەمەرج دانراوە کە کتێبەکان وەك کالایەك ئەمانەت بەبازرگانێك بسپێردرێت، مەگەر ئەوەی کە بڵاوکەرەوەکانیان لەلایەن یەکێتییەوە دانیان پێدانرابێت.



## بازرگانیی کتێب لە ئەمەریکا:

بڵاوکەرەوانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە فرۆشتنی کتێبدا بەکتێب فرۆشەکان، تەنها بەپێی سیستەمی حیسابی جێگیر کاریان دەکرد، و هەروەك هاوکارەکانیان لە ئینگلتەرادا کاریان دەکرد، بەڵام شێوازی فرۆشتنی مەرجدار یان سپاردنی کاتی ڕەواجی نەبوو، دامەزراوە بازرگانییە بچووکەکان هەڵدەستان بەفرۆشتنی زۆرینەی ئەم کتێبانە و کۆمپانیای هەواڵی ئەمریکی[٤٩٩] لە گرنگترینی ئەوانەیە.

## فرۆشیارە گەڕۆکەکان:

گرنگی ئەم شێوازە بەرە بەرە لە بازرگانی کتێبدا زیادی کرد، پێش و لە سەرەتای کاردا، تەنها کتێبە ئایینییەکانیان دەفرۆشت، بەڵام پاش ماوەیەك دوای بەکارهێنانی ئەم شێوازە، لە فەرمانگەی کۆمپانیاکانی کتێبدا بە شێوەیەکی هاوئاهەنگ چەندین هەنگاوی کاریگەر نرا، ئەم شێوازە لە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەم لە ئینگلتەرادا و لە پڕ لەلایەن جی. ئەی پارتەوە[٥٠٠] لە بیرۆسلاو[٥٠١] ئەنجام درا. ئەم شێوازە لەم ڕۆژگارەی ئێستاماندا بە شێوەیەکی بەرفراوان لە چەندین وڵاتی ئەورووپادا بەکاردەهێنرێت. ئەمە لەکاتێك دابوو کە شێوازی ((پێدانی قیستی)) ناسراو بەشێوازی قیست بەربڵاوبوو.

جەنگی جیهانی یەکەم و ساڵەکانی دوایی ئەو جەنگی جیهانی یەکەم هەروەك جەنگە گەورەکانی رابردوو، بایەخێکی زۆری لە پیشەسازی کتێبدا هەبوو، چونکە وڵاتە شەڕکەرەکان گوتارە چاپکراوەکانیان وەك چەکێك لە دژی دوژمنانیان بەکاردەهێنا، کە تاوەکو ئەوکاتە ئەم شێوازە نەناسراوبوو. لەو سەردەمانەدا کتێبخانەکان ڕۆژگارێکی پڕ لە کێشەیان تێپەڕاند و لە رەونەق و بایەخی کتێبخانەکانی کەم کردەوە.

## قەیرانی کتێب لە وڵاتە شەڕخوازەکاندا:

بێگومان لەو کاتانەدا دیاردەیەکی کۆن کە دیاردەی بەتاڵان بردنی کتێبەکان بوو وەك دەستکەوتێکی جەنگ دەردەکەوت. سوتانی کتێبخانەکانی لۆڤین[٥٠٢] و دانکێرك[٥٠٣] و لیل و

499- Amarican News Company
500- J.A. Barth
501- Breslau.
502- Louvain
503- Dunkerque

نانسی[٥٠٤] کە بەهۆی داگیرکاری ئەڵمانییەکان یان بەهۆی دەرچوونیان روویدا حاڵەتێکی تەنها نەبوو، پاش ماوەیەك، قەیرانی ئابووری بوو بەهەڕەشەکی لەناکاو. پچڕانی پەیوەندی فەرهەنگی نێوان وڵاتەکان روویدا و چارەنووسێکی نەخوازراوی دروست کرد. لە ئەڵمانیادا، پێش هاتنە ناو جەنگ، دروستکردنی پایە بەهێزەکانی کتێبخانەی پروسی نوێ لە شاری بەرلین دەستی پێکرد، تەنانەت لە ساڵەکانی سەرەتای جەنگدا، دوا کارەکانی دروستکردنی کتێبخانەی نەتەوەیی ئەڵمانیا لە شاری لایب زیك رووخێنرا. ئەمەش هەمان ئەو کتێبخانەی ئەڵمانی[٥٠٦] بوو کە لەژێر چاودێری یەکێتی بازاڕ و بەهۆی بەخشینی بڵاوکەرەوانەوە کەوتە سەر پێ. لەگەڵ ئەمانەدا، بەهۆی دابەزینی زۆری نرخی مارك کتێبخانەکان دوچاری چەندین دژواری گەورە بوونەوە، هەمان رووداو بە شێوەیەکی فراوان بەسەر کتێبخانەکانی وڵاتی نەمساش داهات.

**رەونەقی کتێب لە وڵاتە بێ لایەنەکاندا:**

کاتێك بەراورد دەکەین دەبینین کە کاتی جەنگ چاخێکی زێڕین بووە بۆ وڵاتە بێ لایەنەکان، چونکە بەرهەم هێنانی کتێب زیادی کرد و کتێبخانەکان سوودیان لە کڕینی نەقدی وەرگرت، جگە لەمەش لەلایەن حکومەتەوە یارمەتی دەدران و بەم شێوەیە توانییان بەهۆی وڵاتانی شەڕکەرەوە بەتایبەت ئەڵمانیا و نەمسا کە چەندین کتێبخانەی گەورەی تایبەتیان بۆ فرۆشتن دانابوو، چەندەها مامەڵەی پڕ لە قازانجیان دەستکەوێت.

**گەڕانەوەی هاوسەنگی لە دوای جەنگدا:**

لە وڵاتانی بێ لایەندا دوای تەواوبوونی جەنگ دووبارە چەندین چالاکی بەرفراوانتر دەستی پێکرد. ئەمەش کاتێك بوو کە کتێبخانە ئەڵمانییەکان لەو رۆژگارەدا بەهۆی یەکێتی زانستی ئەڵمانییەوە[٥٠٧] بەرە بەرە هێز و توانای بۆ گەڕایەوە.

ئەم دامەزراوەیە دەستەیەکی رەسمی بەمەبەستی ئاڵوگۆڕکردن لەگەڵ وڵاتە بێگانەکان دروستکرد.

504- Lille 505- Nancy
506- Deutsehe Bucherei
507- Notgemeinschaft der deutschen



**گەشەکردنی کتێبخانە نەتەوەییەکان (میللییەکان):**

ئەو بزاوتنە دیموکراسی بەهێزەی کە بەهۆی جەنگەوە دروست بوو، بەهەمان ئەو گورج و گۆڵییەی کە ئەمەریکا هەبوو، بوو بەهۆی گەشەسەندنی زۆری کتێبخانە میللییەکان.

ئەم بابەتە زۆر بەڕوونی لە وڵاتەکانی چیك و سلۆڤاکیدا دەردەکەوێت. پێشنیازی ئەمەریکییەکان بۆ دروست کردنی قوتابخانەی کتێبداری لەلایەن کتێبدارە ئەمەریکییەکانەوە لە پاریس زۆر سوودبەخش بوو. ئەم قوتابخانەیە لە ژاپۆن و پاشان لە چین دامەزرا.

لە هەموو شارەکانی فەڕەنسا هەر لە کۆنەوە دەبینین کتێبخانە گشتییەکان سیستەمی بەئەمانەتدانی دەرەوەیان بەکارهێناوە، لەهەر ناوچەیەك لە ناوچەکانی شاری پاریس بەلایەنی کەمەوە کتێبخانەیەکی هەبووەو ئەمەش بەپێچەوانەی کتێبخانەکانی دەوڵەتی و زانکۆیی بووە. کاتێکی زۆر بەسەر رێکخستنی کتێبخانەکاندا تێپەڕیوە و بۆ یەکەمین جار ئەم رووداوە لە فەڕەنسا بینراوە. بۆ پێداچوونەوە بەسیستەمی کتێبخانەکان لە فەڕەنسا و وڵاتەکانی دیکە جگە لەم ساڵانەی دوایی هیچ هەوڵێك نەخراوەتەگەڕ.

شۆڕشی رووسیا بوو بەهۆی دەست بەسەرداگرتنی ژمارەیەکی زۆر لە کتێبخانە تایبەتە گرانبەهاکان لەلایەن حکومەتەوە، پێش ئەمە، لە شۆڕشیشدا هەر بەم جۆرە کرابوو. لەسەردەمی دامەزرانی کۆماری رووسیای شورەوی، لینینگراد، پایتەختی کۆنی رووسیا، بەناوەندی کتێبخانەکان لە قەڵەم دەدرا، و پاشان بوو بەناوەندی ژیانی عەقڵی رووسیا. بۆ کتێبخانەی لینین کە لە بنەڕەتدا مۆزەخانەیەك بوو بەناوی رۆمیانتزیف[٥٠٨] بینایەکی گەورە دروستکرا کە توانای گرتنی نۆ ملیۆن بەرگی کتێبی هەبوو، هۆڵەکانی خوێندنەوەی حەوت تا نۆ هەزار خوێنەری تێدا جێ دەبوویەوە.

**کتێبخانە پسپۆڕییەکان:**

لە گەورەترین تایبەتمەندییەکانی گەشەی کتێبخانەکان لەم ساڵانەی دواییدا، پەیدابوونی جوڵانەوەیەك بوو بۆ دیاریکردنی شێوازە جۆراوجۆرەکانی بەرهەم هێنانی کتێب کە زیاد لە رابردوو پەرەی سەندووە، جگە لە دروست بوونی یەکێتییەك بۆ هەموو کتێبخانەی شارەکان، لە جوڵانەوانەدا پەیوەندییەکی بەتینی هەبووە لەگەڵ ئەو بارودۆخەدا کە زیادبوونی زۆری ژمارەی کتێبخانە پسپۆڕییەکانی بەدیهێناوە. ئەوەی کاردەکاتە سەر ئەم جوڵانەوەیە، کێشە ئابوورییەکان کە تاوەکو ئێستا ئەو دامەزراوانە رووبەڕووی دەبنەوە.

508- Roumiantsev

بەپێی داوای کۆمەڵەی نێودەوڵەتی، چەند پەیوەندییەك لە نێوان وڵاتە جیاوازەکاندا دروست بوو بەمەبەستی ئاڵوگۆڕی بەئەمانەت دانی کتێبە ئەدەبی و زانستییەکان، ئەمەش زیاتر لە نێوان هەندێك لە وڵاتەکاندا چەندین نوسینگە دامەزرا بەمەبەستی ئاڵوگۆڕی زانیاری سوودمەند و رۆشنبیرانە لە هەموو بوارەکاندا.

**ئایندەی کتێب – ئارەزووی هاوئاهەنگی لە نێوان هونەر و پیشەسازیدا:**

بێگومان ژیانی خێرا و ئاڵۆزی ئێستا کاریگەری خۆی لەسەر کتێب بەجێهێشتووە، ئەم جۆرە ژیانە بووە بەهۆی دابەزینی زۆری بازاڕی کتێب و پێش ئەم و بە شێوەیەکی گشتی لەم بوارەدا یارمەتیدەر بوو.

ئەو کەرستانەی چاکسازی و وەبەرهێنان لەڕووی چەندێتییەوە خرایەگەڕ بازاڕی جیهانی پڕکرد لە چاپکراوەکان، جۆرێك جوڵانەوەی پیشەسازی دروستکردنی کتێبدا سەرکەوتنێکی گەورەی بەدەست هێنا.

گەڕانەوە بۆ شێوازی بەرهەم هێنانی کۆنی کتێب و بەکاردانەوەیەك موریس[٥٠٩] و قوتابخانەکەی بۆ ماوەیەکی کەم دەستی دایە بوو بەکارێکی مەحاڵ.

هەروەها یەکێکی دی لە نیشانەکانی ئەم سەردەمە لاری نەبوون بوو لە نێوان هەوڵەکاندا لە بواری کتێبی هونەری و ئەو ئامێرانەی کە ئەمڕۆ لە دروستکردنی کتێبدا سوودی لێوەردەگیرێت و هەروەها پەی بردنی خەڵك بۆ مەحاڵ بوونی لەم بوارەدا بەینی بوونی ئامێرەکانی یەکێکی دیکەیە لە نیشانەکانی ئەم سەردەمە. لە ئاکامدا مەبەستی گەیشتن بەچاکترین بەرهەمە هونەرییەکان، دەرکەوت دەبێت درێژە بدرێت بەبەکارهێنانی ئامێرەکان. دەتوانرێ بوترێت لەم زەمینەیەدا هەموو تواناکان کەوتنە کێبڕکێ و ئەم بابەتەش بۆ گەیشتنە بەئامانجە هەمیشەییەکانی هونەر. هەرکە ئەم پشێوی و ئاڵۆزییانە کۆتایی پێ بێت دەبێت بەگەورەترین پلەی درەوشانەوە دەگات و خواستنەکانی ئێستامان بەراورد بێت. زانایانی سەدەی بیستەم و کاربەدەستانی پیشەسازی ئامێرەکان[٥١٠] دان بەمەدا دەنێن کە بەردەوام سەرکەوتنی شێوازە ئامێرییەکان دەبێتە نموونەیەکی تەواو و بەرجەستە بۆ پیشەسازی کتێب.

---

509- Morris
510- Machinisme